حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان

کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی زمانی کوردی

# شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا
# (کرمانجی ناوەڕاست)
# (١٩١٤-١٩٤٥ز)

نامەیەکە

ئارام عومەر عەلی

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی زمانی کوردیی زانکۆی گەرمیانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

بەسەرپەرشتی

پ.د. فازیل مەجید مەحمود

١٤٣٨ کۆچی ٢٧١٦ کوردی ٢٠١٦ زایینی

## پێشەکەشە...

- بە ئەو کەسەی بە مەبەستی چاکە وشەیەکی فێرکردووم و لەمەودواش فێرم دەکات.
- بە ئەو بەڕێزانەی عەزێتیان لە گەڵ کێشاوم، بە تایبەتی (دایک و باوک)م.
- بە کوردستان هاوڕێی ژیانم
- بە جگەر گۆشەکانم (ژیار و محەمەد و ئیمان و ئیڤان و باران) .
- بە مامۆستا ئاری خەیاتی هاوڕێم و خانەوادەکەی.
- بە ئەو کەسانەی بە گیانی خۆیان پارێزگاری لە کوردستان دەکەن.

## پێشەکەشە...

- ڕێز و سوپاسی بێپایانم بۆ:
- سەۆکایەتی زانکۆی گەرمیان کە بواریان بۆ ڕەخساندم بۆ خوێندن.
- سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە، کە هاوکارم بوون لە بواری خوێندنەکەمدا
- ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە دڵسۆزانە بە تەنگ سەرکەوتنی خوێندنەکەمانەوە وون.
- مامۆستای بەڕێز (پ.د. فازیل مەجید مەحمود) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی لە ئەستۆ گرت.
- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە کۆرسەکانی خوێندندا وانەیان پێ وتینەوە.
- هەموو بەڕێزێک کە لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکاریکردووم و بە تەنگ سەرخستنی کارەکەمەوە بووە.

# ناوەرۆك


| بابەتەكان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ١ - ٣ |
| بەشی یەكەم | ٤ - ٦٨ |
| تەوەری یەكەم/ زاراوەو چەمك و پێناسەو مەبەستەكانی شیعری بۆنە | ٥ - ٣٥ |
| ١. بۆنە لەڕووی فەرهەنگ و زاراوەوە | ٥ |
| ٢. چەمك و پێناسەی شیعری بۆنە | ٦ |
| ٣. شاعیرو شیعری بۆنە | ٩ |
| ٤. شیعری بۆنە لە ڕوانگەی بۆچوونی شاعیران و ڕەخنەگرانەوە | ١٢ |
| ٥. مەبەستەكانی شیعری بۆنە | ٢٧ |
| تەوەری دووەم/ مێژووی سەرهەڵدانی شیعری بۆنە | ٣٦ - ٥٣ |
| ١- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبی جیهانیدا | ٣٦ |
| ٢- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لەئەدەبی عەرەبی و فارسیدا | ٤١ |
| ٣- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبی كوردیدا | ٤٦ |
| تەوەری سێیەم/ پەیوەندی نێوان شیعر و كۆمەڵگا | ٥٤ - ٦٨ |
| ١- شیعر و ئاین و ئایدۆلۆژیا | ٥٤ |
| ٢- شیعرو لایەنی كۆمەڵایەتی | ٦٠ |
| ٣- شیعرو نەتەوە و نیشتمان | ٦٥ |
| بەشی دووەم/ ڕەگەز و شێوازی شیعری بۆنە | ٦٩ - ١٢٠ |
| تەوەرەی یەكەم/ ڕەگەزەكانی شیعری بۆنە | ٧٠ - ٨٥ |
| ١- سۆز | ٧٠ |
| ٢- ئەندێشە | ٧٤ |
| ٣- بیر | ٨٠ |
| ٤- تاقیكردنەوە(ئەزموون) | ٨٢ |
| تەوەرەی دووەم/ شیعری بۆنە لە ڕووی شێوازەوە | ٨٦ - ١١٦ |
| ١- ئاواز(مۆسیقا) | ٨٨ |
| أ- ئاوازی دەرەوەی شیعر | ٩٠ |
| یەكەم: كێش | ٩١ |

| | |
|---|---|
| دووەم: سەروا | ٩٦ |
| ب- ئاوازی ناوەوەی شیعر (ڕیتم) | ١٠٣ |
| ٢- زمانی شیعری | ١٠٧ |
| ٣- وێنەی شیعری | ١١٢ |
| تەوەری سێیەم/ جۆرەکانی شیعری بۆنە لە ڕووی ناوەرۆکەوە | ١١٧ - ١٢٠ |
| بەشی سێیەم/ شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥ز) | ١٢١ - ١٩٩ |
| تەوەری یەکەم/ شیعری بۆنە ئاینییەکان | ١٢٤ |
| تەوەری دووەم/ شیعری بۆنە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان | ١٣١ |
| تەوەری سێیەم/ شیعری بۆنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسییەکان | ١٧٣ |
| تەوەری چوارەم/ شیعری بۆنە سروشتییەکان | ١٩٦ |
| ئەنجام | ٢٠١ - ٢٠٢ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٣ |
| ملخص البحث | ٢١٢ |
| **Abstract** | ٢١٣ |

# پێشەکی

خەبات و بەرخودانی نەتەوایەتی و سۆزو خۆ شەوی ستنی نی شتمان و ڕووداوە سیا سی و کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیری و سرو شتییەکان وەك هەر کایەیەکی تری ژیان ڕەنگدانەوەیان لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی هەبووە و ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیە لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانیدا لە قۆناغەکانی گەشەو بەرەو پێشچوونی شیعری کوردیدا بووەتە هۆکاری پەیدابوونی جۆرێك لە شیعر، کە بە شیعری بۆنە دەنا سرێتەوە، ئا شکرایە هە ست و سۆز و هەڵچوونی شاعیر پر سێکی گرنگە بۆ لە دایکبوون و هاتنەکایەی دەقی شیعری، ئەو ڕووداو و کارە سات و بۆنەو یادانەی لە دەوروبەری شاعیردا هەن، ناتوانێت لێیان دابڕاو بێت، بەمەش ئەو بابەتانە کاریگەریی لە سەر دەروونی جێدەهێڵن، بۆ زۆرێکیان شیعر دەنوو سێت و لە هەندێ بۆنەو مونا سەباتی ئاینی و نەتەوەیی و سیا سی و کۆمەڵایەتی...هتد، هەڵوێستی خۆی بە شیعر نیشاندەدات.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

گرنگترین هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هە ستمان بە بوونی شیعر گەلێکی زۆر کرد، کە بۆ بۆنە جۆراوجۆرەکان نوو سراون و بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو لە پێشتردا ئاماژەیان پێنەکراوە، وەك چۆن لە ئەدەبی گەلانی تردا ئەم بابەتە جۆرێك لە بایەخی تایبەتی پێدراوەو گفتوگۆ و ڕاو سەرنجی زۆری لەسەر وتراوە، بەتایبەت لە ئەدەبی عەرەبیدا، بەڵام لە ئەدەبی کورد یدا دەرک مان بەو جۆرە پۆلێن کاری و گرنگی یە نەکرد، بۆ یە بەپێویستمان زانی لە چوار چێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا ئاماژەیەکی پێویست بە شیعری بۆنەکان بدەین، لەگەڵ ئەوە شدا لێکۆڵینەوەکە ئەو ئەنجامانەش گەڵاڵە دەکات، کە شیعری بۆنە لە قۆناغەکانی خەباتی میللەتی کورددا گرنگی خۆی هەبووە و تیی شك دەخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵ و ئەرکی شیعر بەگشتی و ئەم جۆرەی شیعر بەتایبەتی دەستنیشان دەکەن.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە ڕێڕەوێکی زان ستی بگرێتەبەر، بەپێوی ستمان زانی پ شت بە ڕێبازی (وە سفی - شیکاری) ببە ستین، تا بتوانین لەو ڕێگەیەوە سیمایەکی ئەکادیمییانە بە ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە ببەخشین و هاوکات بەپێی پێوەرە زانستییەکان کارەکە بگەیەنینە ئەنجامی خۆی.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لە پێناو ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەین، پێوی ستمان بەوە هەبوو، هەر لە سەرەتاوە سنوورێك بۆ لێکۆڵینەوەکەمان دە ستنی شان بکەین، بۆ ئەوەش سنووری لێکۆڵینەوەکەمان، تەنها ئەو نموونە شیعرییانە دەگرێتەوە، کە لە ساڵانی نێوان(١٩١٤-١٩٤٥ز) لە زاری (کرمانجی ناوەڕاست)دا بۆ بۆنەیەك نووسراون.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەش وەك هەموو لێکۆڵینەوەیەکی تری زانستی بێ كێشەو گرفت نەبووە، یەك لەو گرفتانەی کە لە کاتی کارکردن هاتە پێشمان، نا ڕوونی مێژووی نووسینی هەندێ لەو شیعرانە بوون، کە لەلایەن شاعیرانەوە بۆ بۆنەیەك نوو سراون، بەڵام خۆ شبەختانە پاش گەڕان و سۆراغکردن، توانیومانە تاڕادەیەك ئەو گرفتانە تێبپەڕێنین.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کە بەپێی ڕێڕەوی نووسین لە کۆتای لێکۆڵینەوەکەدا دێن، لێکۆڵینەوەکەمان لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەریەك لەو بەشانەش بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش بوون.

بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەمدا چەمك و پێناسەی شیعری بۆنەو پەیوەندی نێوان شیعری بۆنەو شاعیران و هەروەها بۆچوونی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرو شاعیران لە بارەی شیعری بۆنەوە خراوەتە ڕوو، کە هەڵ سەنگاندنی گرنگی و بایەخی شیعری بۆنەو باشی ئەو جۆرەی شیعرە لەگەڵ بوونی هەندێ ڕای جیاوازو سەرنج لە سەر لاوازییەکانی ئەم جۆرەی شیعر لە ڕوانگەی بۆچوونی هەندێك لەو ڕەخنەگرانەوە، لە تەوەرەی دووەمدا بەشێوەیەکی پێویست مێژووی سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردیدا بە پێی قۆناغەکانی دەرکەوتنی ئەم جۆرەی شیعر باسیان لێوەکراوە. لە تەوەرەی سێیەمی هەمان بەشدا بە تێروتەسەلی باس لە پەیوەندی نێوان شیعرو کۆمەڵگا لە ڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەوە کراوە و تیشك خراوەتەسەر لایەنە بەهێزەکانی ئەو جۆرە پەیوەندییە لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

بەشی دووەمی ئەم نامەیە ڕەگەزو شێوازو ناوەرۆکی شیعری بۆنە لە سێ تەوەردا باس دەکات، کە لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی بابەتی باس لە ڕەگەزەکانی شیعری بۆنە کراوە، بەتایبەت ئەو ڕەگەزانەی، کە لە شیعردا جۆرە سیمایەکی هونەری جوان بە دەق دەبەخشن. هەر چی تەوەرەی دووەمیشە باس لە شێوازی شیعری بۆنە کراوە، ئەویش خۆی لە باسی (مۆسیقاو زمانی شیعری و وێنەی شیعری) شیعری بۆنەدا دەبینێتەوە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا تیشك خراوەتە سەر ناوەرۆکی شیعری کوردی و پەیوەندی ئەو جۆرانەی شیعر بە بۆنەو ڕووداوەکانەوە، پاشان باسی ڕۆڵی شیعری لیریك کراوە لە بەرفراوانی گرتنەخۆی شیعری بۆنەدا.

بەشی سێیەم کە مەیدانی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، بە شێوەیەکی فراوان شیعری بۆنەو نموونەکانی شیعری بۆنەی لە سالانی نێوان (١٩١٤-١٩٤٥ز) تۆمارکردووە، کە لە چوار تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە. لە تەوەرەی یەکەمدا شیعری بۆنە ئاینییەکان و لە تەوەرەی دووەمدا شیعری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسییەکان لە خۆدەگرێ، تەوەرەیەکی گرنگ و پڕ بایەخەو بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانەی بۆ ئەو بۆنانە هۆنراونەتەوە تۆمارکراون. تەوەرەی سێیەم شیعری بۆنەی کۆمەڵایەتی و

ڕۆشنبیری و کەسییەکان لە خۆی دەگرێت، هەرچی سەبارەت بە تەوەرەی چوارەمیشە، باس لەو ڕووداوە سروشتییانە کراوە، کە شاعیران لەو قۆناغەدا شیعریان لەبارەوە نووسیوە.

ماوەتەوە بڵێین بە شێوەیەکی گ شتی و لە ژێر ناوی ( شیعری بۆنە) لە ئەدەبی کوردیدا تەنها دوو لێکۆڵینەوەی چەند لاپەڕەیی بەرچاو دەکەون، کە ئەوانیش:

بابەتێکی (گۆران)ی شاعیرە، بەناونیـ شانی (مەولەوی و شیعری مونا سەبات)، ئەم بابەتەی گۆران لە ڕۆژنامەی(هەولێر) ژمارەکانی (٧و٨و١٠)ی ساڵی یەکەم لە کانونی یەکەمی ١٩٥١ز بڵاوکراوەتەوە و دووبارە لە ژێر ناوی (لە بەرهەمەکانی دوێنێمان) لە گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٣١)ی ت شرینی دووەم ساڵی (١٩٧٥ز) بڵاوکراوەتەوە، ئێمە وەك سەرچاوە سوودمان لێ بینیوە.

بابەتی دووەم نوو سینێکی (محەمەدی مەلاکەریم)ە، بەناونیـ شانی (گۆران و شیعری مونا سەبەت)، لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢٩)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٧٥ز) بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم:

## زاراوەو چەمك و پێناسەو مەبەستەکانی شیعری بۆنە

## تەوەرەی دووەم:

## مێژووی سەرهەڵدانی شیعری بۆنە

## تەوەرەی سێیەم:

## پەیوەندی نێوان شیعر و کۆمەڵگا

## تەوەرەی یەکەم/ زاراوەو چەمك و پێناسەو مەبەستەکانی شیعری بۆنە:

### ١- بۆنە لە ڕووی فەرهەنگ و زاراوەوە:

بۆنەکان گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، چ بۆ تاك بێت یان کۆمەڵ، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەست و سۆزو هەڵچوونی دەروونی هەریەکە لەو مرۆڤانەوە هەیە، کە لەگەڵ بۆنەکاندا نزیکایەتی و وابەستەییەکی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحییان هەیە، ئەمەش لە بۆنەیەکی نیشتمانیدا بێت، کە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر پەیوەندیی سۆزداری و چارەنووسێکی هاوبەش پێکەوە گرێیان دەدات، یان بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، بەهەمان شێوە یان بۆنەیەکی کەسی بێت، کە چەند مرۆڤێك تێیدا بەشدارن و گرنگی و بایەخی هەیە و بەژیانی چەند مرۆڤێکەوە بەستراوە.

هەر و شەو زاراوەو چەمکێك بەکۆمەڵێك زمان و تێڕوانینی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ڕاڤە دەکرێت و ماناو مەبە ستێکی دەدرێتە پاڵ، یان بڵێین لە هەر زمانێکدا بۆ چەمك و مەبە ستێك زاراوەیەك بەکاردەهێنرێت و ناوێکی لێ دەنرێت بۆ نا سینەوە و پێنا سەکردنی، بۆنە یان مونا سەبەش چەمکێکی فراوانە بۆ ئەو ڕووداو و کارە سات و ئاهەنگی خۆ شی و مەرا سیمی پر سەگێرییانە بەکاردەهێنرێت، کە لەناو هەر گەل و میلەتێکدا هەیە، ئەڵبەتە لە ناو هەر گەل و میلەت و نەتەوەیەکیشدا نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بۆنەو موناسەباتانەدا، لێرەوە ئێمە تیشك دەخەینە سەر واتای فەرهەنگی زاراوەکە لە چەند زمانێکی جیاوازدا: بۆنە لەفەرهەنگەکاندا بەچەند شێوازێك خراوەتە ڕوو. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکە لەوانە:

بۆنە لە زمانی ئینگلیزی "Occasion"[١]، لە زمانی عەرەبیدا (مناســـبة)"[٢] و هەروەها بۆنە (منا سبات)ی پێدەوترێ. لە بەرامبەر و شەی (Occasion) ئینگلیزیدا: ١- بۆنە ٢- دەرفەت ٣- ڕووداوێکی تایبەت ٤- ڕێو ڕەسمی تایبەت"[٣] بەکارهێنراوە. یان دەوترێ: بۆنە، هۆی شت: بەبۆنەی تۆوە هاتم"[٤]، یان (Occasion: a particular time when something happens) بۆ نە: کاتێکی تایبەتە کە هەندێك شت تێیدا ڕوودەدات"[٥]، بۆنە: کاتێکە کە ڕێگە بە ڕوودانی هەندێك شت دەدات"[٦]. (Occasion: an important event, ceremony, or celebration) بۆنە: (ڕووداوێك، هەلێك یان ئاهەنگێکی گرنگە)[٧].(( Occasion- مناسبة- بۆنە))[٨]، مناسەبە: ((بۆنە، هۆ، ڕووداوێك، مەبەستێك))[٩].

---

[١]- سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، کوردی–ئینگلیزی،چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣ ل٢٥.

[٢]– عەبدوڵڵا جەبار، فەرهەنگی شارا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما،سلێمانی٢٠٠٧،ل٦٩١ .

[٣]- سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد، ئینگلیزی–کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی،٢٠٠٩ل٣٢١.

[٤]– شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠ ل١٣٦.

[٥]- http://www.merriam-webster.com/ Merriam-Webster Dictionary, ٢٠١٥, version ٣,١,١

[٦]- http://www.merriam-webster.com.... ٣,١,١

[٧]- Optical Reader, Version ٢,١١,٢,١

[٨]- Rebin Ali, Rebin Dictionary, Version ٢,١, ٢٠١٥

[٩]- رزگار کریم، فەرهەنگی دەریا" عەرەبی  کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارەت،٢٠٠٦، ل١٣٤٩ .

## ٢-چەمك و پێناسەی شیعری بۆنە:

بۆنە لە شیعردا، هەر شیعرێکە کە ئەهۆنرێتەوە، یان ئەوترێ لە بۆنەیەکی دیاری کراودا، کە لە هەست و سۆزێکەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك ئەو ئاهەنگانەی بۆ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یا مێژووی یا ئەدەبی سازدەکرێن.

یان دەڵێن، ( شیعری مونا سەبات): ((هۆنراوەیەکە دەنوو سرێت، یان دەوترێت لە بۆنەیەکی دیاریکراودا، ئاهەنگ گێرانە بۆ بیرەوەری ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان ئەدەبی))[10].

شیعری بۆنە بە هەر شیعرێك ئەوترێ، کە پەیوە ستە بە بۆنەیەکی ئاینی، نیـ شتمانی، نەتەوەیی، ڕۆ شنبیری، زانـ ستی، سرو شتی، کە سیی. لەگەڵ ئەوە شدا شیعرەکان تۆماردەکرێن و وەك بەرهەمێکی زیندوو لە دیوانی شاعیر و لاپەرەکانی مێژوودا دەمێننەوە، (( شیعری بۆنە نیـ شتمانی و نەتەوەیی و هەتا ڕۆ شنبیرییەکانیش، وەك هەڵوێـ ست و وەفاداری دەدرێنەوە پاڵ خاوەنەکانیان، بەتایبەت ئەو شیعرانەی بۆنەیەکی شۆڕشگێری و نیشتیمانین و سەردەمانێك وەك مەشخەڵی شۆڕشەکان تینیان داوە بە ئازادی گەل و سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکان و وریاکردنەوەی خەڵکی لەتەڵەکە و پیلانی دوژمنان و خەڵکیان هانداوە بۆ ڕاپەڕین یان هۆکارێك بوون بۆ هێشتنەوەی ئەو بۆنانە بەزیندووی لە دڵی میللەت و زۆرجار بوونەتە کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگ))[11].

شیعری بۆنە وەك هەر جۆرێکی تری شیعر ئەرك و ڕۆڵی خۆی هەیەو پەیوەندی بە سۆزو هەڵچوون و هەژاندن و وروژاندنی دەروونی شاعیرەوە هەیە، شیعری بۆنە پێنا سەیەکی ڕا ستەقینەی ڕووداوەکانە، بەتایبەت ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو دەوترێن و زەمینەی سەرهەڵدانی ڕووداوێکی ئەوتۆن، کە بەپێی جۆری مونا سەبەتەکە، واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاینی و نیـ شتمانی و ڕۆ شنبیری و کە سییەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، دەتوانرێ بە شێوەیەکی گـ شتی بگوترێ، هەموو دەقێکی ئەدەبی پاڵنەرو هۆکارێك هەبووە بۆ لەدایکبوون و سەرهەڵدانی، لەوەدا بە شێکی بەر چاوی شیعری شاعیران لە ناو هەموو میللەتاندا، زادەی ڕووداو و کارە سات و بۆنەی خۆش و ناخۆ شن، کە لەڕەوتی مێژووی ڕووداوەکاندا تۆمارێکیان هەیە، وابەستەن بە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە بەگشتی.

بۆچوونی ئەرستۆ لەمەڕ ڕۆڵی شاعیر لە هۆنینەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا بە جۆرێکە شاعیر بە داهێنەر لەقەڵەم دەدات و دەڵێت: شاعیر((داهێنەری پلانەکەیە نەك تەنیا هۆنینەوەکە. ئەگەر لە سەر ڕووداوێکی مێژوویش شیعر بهۆنێتەوە، بە شاعیر دادەنرێت، ئەو بەتەنیا لەم مامەڵەکردنەیدا لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا دەبێت بە شاعیر))[12].

لەو بۆ چوونەی ئەر ستۆوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە مامەڵەی شاعیر لەگەڵ ڕووداوەکان نەك کەموکورتی نییە، بەڵکو جۆرێك لە سیفەتی داهێنەری بە شاعیر دەبەخـ شێ، کەواتە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و بۆنەی سەرهەڵدانی شیعر گرنگی خۆی هەیە.

---

[10]- أحمد مختار عبدالحميد عمر(د)، معجم اللغة العربية المعاصرة، ج٢، ط١، عالم المكتب،٢٠٠٨م ص١٢٠٦

[11]- نجاة الماجد، آخر تحديث : ٤ فبراير ٢٠١٥ http://mawdoo٣.com

[12]– ئەریستۆ، شیعر، وەرگێڕانی محەمەد کەمال(د)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٩

**محمد عبدالفتاح كه بەشاعیری بۆنەكان ناسراوە لە ئەدەبی عەرەبیدا، لەبارەی شیعری بۆنەوە دەڵێ: (( شیعر بریتییە لە شیعری بۆنە، شیعری بۆنە پۆلین دەكات بۆ دوو جۆر، بە شێكیان ئەو شیعرانەن بۆ بۆنەیەكی گشتی نووسراون و جۆری دووەم ئەو شیعرانەن تایبەتن بە بۆنەیەكی كەسی و كەسییەتی شاعیری تێدا دەردەكەوێت))[١٣].**

**د. أحمد مختار دەڵێت: (( شیعری بۆنە یەكێكە لە مەبە ستەكانی شیعر، نموونەی لە یادو بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە وەك هاوسەرگیریو پیرۆزبایی بە بۆنەی لەدایكبوونەوە))[١٤].**

**لە شیعری بۆنەدا جەختدەكرێتەوە لەوەی هەموو ئەو ئەزموونانەی كە بە ڕوونی هەوێنی لەدایكبوون و سەرهەڵدانی دەقێكی شیعرین و مونا سەبەیەكی دیاریكراو بزوێنەرو داینەمۆی سەرهەڵدانییەتی، هاندەری شاعیرن و هە ستی دەجوڵێنن و دەیهەژێنن، چونكە (( شیعری ڕا ستەقینە ڕا ستەوخۆ لە هە ستی كە سێكەوە هەڵدەقوڵێت، بایەخەكانی شی لەلایەن چییەتی سۆزە دەربڕاوەكەوە دیاریدەكرێن))[١٥] و شاعیریش تاكێكی دابڕاو نییە لە كۆمەڵ و شیعرەكانی شی زۆرجار ڕەنگپێدەرەوەی واقیعی سیاسی و نەتەوایەتی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتین، د. محمد فازیل مستەفا، لەم بارەیەوە تایبەت بە شیعرەكانی پێرەمێرد دەڵێت: ((پیرەمێرد توانیویەتی و شیارانەو هونەرمەندانە شیعر بكاتە ڕەنگپێدەرەوەی مەبە ستە سیا سی و نیـ شتمانی و نەتەوایەتی و كۆمەڵایەتییەكان و بۆنەكانی ژیانی ڕۆژانە، ئەم چەشنە ئاڕاستەكردنەی شیعریش بەرەو ئەو مەبەستانە نەبۆتە هۆی ئەوەی دووریبخاتەوە لە مامەڵەیەكی جوانكاریانە لەگەڵ شیعردا))[١٦]، چونكە شیعری بۆنەش وەك هەر دەق و مەبە ست و جۆرێكی تری شیعری پەیوەندی بە تواناو لێهاتووی هونەری شاعیرەوە هەیەو مامەڵەی هونەریانەی لەگەڵدا دەكرێت، ئەمە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە دەوەستێتەوە، كە لایەنی ئێستاتیكی شیعری بۆنەیان پێ بەرز نییە، ئەوەتا لە بارەی ڕەنگینی خامەی مەولەویی شاعیری گەورەی كوردەوە لە شیعری بۆنەدا، ئەنوەر قادر محمد دەڵێت: ((خامەی ڕەنگینی مەولەوی، لەم مەیدانە شدا هونەرێكی بەرزو كارامەییەكی باڵا دەستانەی نواندووەو گیانێكی نەمری بەبەر ئەم بابەتەدا كردووە))[١٧]، ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەكرێتەوە بۆ بەرزی ئەم جۆرە شیعرە، تواناو لێهاتووی شاعیرەكەیە وەك دەڵێت:((ڕا ستییەكە شی هەروایە مەولەوی لەو ڕووداو و بۆنانە گەلێ تابلۆی بەنرخی بۆ كێ شاوین))[١٨]. لەگەڵ ئەوە شدا دەبینین زۆر لە شاعیران شیعری بۆنەیان بەكارهێناوە بۆ پـ شتیوانی خەباتی نەتەوەیی و داكۆكی لە مافی كۆمەڵایەتی هاونیشتمانیان و شیوەن و لاوانەوەی سەركردەو ڕۆڵە قارەمانەكانی وڵات و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی پادشاو سوڵتان و داگیركەران**

---

[١٣]- دەروانرێتە، محمد عبالفتاح/ شعر المناسبات هو الاهم. =http://www.farfesh.com/Display.asp?catID

[١٤]– أحمد مختار عبد الحميد عمر(د)، معجم اللغة العربية المعاصرة، ج١،عالم الكتب، الطبعة: الأولى،٢٠٠٨م،ص٣٩٤.

[١٥]- لی مۆرگان، بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی ساماڵ ئەحمەدی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٤،ل٦٧.

[١٦]– محمد فازیل مستەفا(د)، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی كوردیدا،چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١١،ل١٦١ .

[١٧]– ئەنوەر قادر محەمەد، لیریكای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی،چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠١١، ل١٧٥.

[١٨]– هەمان سەرچاوە...ل١٧٦.

شیعری بۆنه هه ستی  شاعیر نیـ شاندەدات بەرامبەر بە ڕووداو و بابەتەکانی بۆنە تایبەتی و گـ شتییەکانی ژیانی خەڵکی لەو کۆمەڵگایەیی کە  شاعیریش تاکێکی زیندووی ڕۆ شنبیری خاوەن ئیرادەو هەڵوێست و سۆزە تیایدا، لەبەر ئەو پەیامە زیندوو نەمرەی لە ناخی شیعردایە، جوانترین و بەرزترین دەقی ئەدەبی بۆنە لە شیعردا سەرهەڵدەدات، چونکە  شیعر تێکەڵییەکی بێ سنوری لەگەڵ ئەزموونی ژیان و بەها مرۆڤایەتییەکاندا هەیە.

لە بارەی خاسیەت و سیما مرۆڤایەتییەکەی شیعرەوە، د. دڵشاد علی دەڵێ: ((ئەوەیە کە هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانە و ئەو هە  ست و تێڕوانینینە مرۆڤایەتییانە بوونە بنەڕەتێك لە بنەڕەتە گرنگەکانی، تەنانەت خا  سییەتێکی هەرە دیاری ڕێبازە کلا  سیکییە ئەوروپییەکە خا  سییەتی گەڕانە بەدوای ڕا  ستییەکانی دەروونی مرۆڤایەتییداو بەلا  شیانەوە ئەو ڕا  ستییانە بۆ خۆیان هەڵێنجراوی تاقیکردنەوە خودی و کەسییەکانی شاعیرن، وەك ئەوەی شکستهێنانی (مۆلێر) لە ژیانی خێزانیدا بووە هۆی ئەوەی کە سەرکەوتووانە باس لە پیاوی هەڵخەڵەتێنراو بکات و زۆری ئافرەتانی ژیانی (راسین)یش وای لێکردووە، کە قوڵتر باس لە خۆشەویستی و دڵداری بکا))[19]، بە تێڕوانینێك لەو بۆچوونەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕا ستییەی کە  شیعر لە کلا سیکییەتدا بەجۆریکی بەر چاو ڕەنگپێدەرەوەی واقیع بووە، ((کەواتە شاعیرانی سەر بەم ڕێبازی کلاسیکییە ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئەرکی نیـ  شتمانی و کۆمەڵایەتی ومرۆڤ پەروەریدا ئاڕا  ستەکردووە))[20]، ئەمەیە وادەکات بگەینە ئەو بۆ چوونەی بڵێین  شیعر پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ لێك نزیك ئەکاتەوە، بەجۆرێك ((ئەزموونەکان ئەهێنێتەوە یادمان بە  چالاکیو  شادومانیو  سەختیو ڕێگەی جوان. شیعر... ئێمە نزیکتر ئەکاتەوە لە خۆمانو لە کۆمەڵگاکەمان))[21]. هەر چەندە لە ڕۆمانتیکدا  شیعر خودییە و بابەتی نییە، وەك ئەوەی لە کلاسیکدا دەبینرێ، ((لە گەڵ ئەوەشدا لە کێشەو بەها کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان دانەبڕاوە،...هەر ئەم    چە   شنە مامەڵەکردنەی ڕۆمانتیکییەکان بووە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییدا بەو ڕادەیەی "بەرهەمەکانیان بە ئاوێنەی جیهان و تابلۆیەکی سەردەم ناوبرێن"))[22].

لە پێناسەو تێگەیشتن لە چەمکی شیعری بۆنە دەگەینە ئەو ڕاستییەی بڵێین، شیعری بۆنە زۆر جار دەبێتە ئامراز و کەرە ستەی بەرجە ستەکردن و خـ ستنە ڕووی بە شێك لە ڕووداو کارە ساتە تاڵ و ناخۆ  شەکانی ژیانی میللەتێك لەگەڵ دەرخـ  ستنی کلتوورو   شێوازی دەربڕینی خۆ  شی و   شادی و غەمبارییەکانیان لە بۆنەو یاد و ئاهەنگ و پرسەو شادی و شیوەنەکاندا، بە جۆریك کە لە تاقیکردنەوەو ئەزموونی ژیانی  شاعیر و دەوروبەرەکەیدا دەبینرێت و ڕەنگدانەوەی ئەم حاڵەتەش هۆکاری دەرکەوتنی ئەو جۆرەی شیعرە، کە بە شیعری بۆنە ناسراوە .

---

[19]- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی(١٩٢٠–١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٠،ل١٨.

[20]- هەمان سەرچاوە ،ل٢٠.

[21]- JAY PARINI, The Wadsworth Anthology of Poetry, Webcam, Ltd: First, ٢٠٠٦,p٢٧

[22]- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر... ،ل٢١.

## ٣-شاعیر و شیعری بۆنە:

**هەندێ جار ڕێکدەکەوێ شیعری بۆنە لە ئەنجامی داواو خواستی خەڵکی دەنووسرێت، وەك یادی لەدایکبوون و مردن و شایی و شین و ستایش و چەند حاڵەتێکی تری کۆمەڵایەتی، کە دوور و نزیك سۆزێکی ڕاستگۆیانەی شاعیر بەشدار نییە لە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئەو شیعرانەدا، شاعیر ناچار یان ڕووگیردەکرێت، کە لەبۆنەو ڕووداو و مونا سەبەتێکی وەهادا هە ستی خۆی لە شیعرێکدا دەرببڕێت، یان جاری وا هەیە، شاعیر لە پێناوی بەرژەوەندییەکدا شیعر لە بۆنەیەکدا دەنوو سێت وەك ئەوەی لە لای شاعیرانی عەرەب باوبووە لە سەردەمێکدا و بەردەوام لە لای هەندێ لە شاعیرانیان، ستایشی میر و پا شاو مەلیك و گەورەکانیان کردووە، یان مردووەکانیان لاواندۆتەوە یا هەجووی نەیارەکانیان کردوون لە پێناو شاباش و بەرژەوەندی و دە ستکەوتێکی مادی یان پلەو پایەو پۆ ست، زۆر لە دە سەڵاتداران لە پێناوی مانەوەی دە سەڵاتیان لەدەرباریاندا شاعیریان هەبووە، لە سەردەمی جاهیلی لای عەرەب زۆر لە تیرەو خێڵەکان شاعیریان هەبووە، بۆنەکانیان بۆ بەرزو پیرۆز ڕاگرتوون، (( شاعیر زمانحاڵی خێڵەکەی بووە و بەرگری لێکردووە و بەشانازییەوە ستایشی کردووە))[٢٣]، هەربۆیە شاعیری جاهیلی بە بەرگریکارو زمانحاڵ و بانگە شەکاری سەرۆك و پاڵەوانانی هۆزەکەی خۆی دادەنرا، ئەمە هۆکاربوو بۆ ئەوەی پلەو پایەی شیعر بەجۆرێك بێت، کە ئەگەر لە ناو هەر خێڵێکدا شاعیرێك هەڵبکەوتایە خێڵەکانی تر دە چوون بۆ پیرۆزبایی لێ کردنیان، هەروەها لە سەردەمی ئومەوییدا ((بۆ سەقامگیری دە سەڵاتیان و بەردەوامبوونیان، شوێنی تایبەتیان بۆ شاعیرانی لێهاتوو و چاك دادەناو خەڵات و دیاری بێ ژماریشیان پێدەدان...بەتایبەتی لە سەردەمی(عەبدولەلیکی کوری مەروان) کە خۆ شی شاعیرێکی باش بوو، لە سەردەمی ئەو توانرا بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی دەسەڵات و دەستەمۆکردنی خەڵکی زیاتر پەرە پێ بدەن))[٢٤]. بەڵام وەك جۆرێك لە ناچاری لە سەردەمی حوکمڕانی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا شاعیرانی عەرەبیش ڕوویان بۆ لای میللەت وەر چەرخاندووە. طاهر سـلیمان حمودە، دەربارەی ئەو سەردەمە دەڵێت: (( شاعیران لەو سەردەمەدا بێبەش بوون لەو پێ شوازیو گرنگی پێدانەی کە پێ شینەکانیان هەیانبوو، چونکە گەورەکانو پیاوانی دەوڵەت لەو سەردەمەدا تورك بوونو هە ستیان نەئەجولا بۆ هۆنراوەی عەرەبی، سەرەڕای ئەوەی کە زمانی دەوڵەتو زمانی زانست زمانی عەرەبی بووە. لەبەرئەوەی کە سێك لە شاعیرەکان نابینین پەیوەندی بە دەوڵەتو سوڵتانەکانەوە کردبێت، بەڵکو تێکەڵی خەڵکیان کردووە))[٢٥]. ئەمەش وەك دیارە لەو قۆناغەدا جۆرێك لە ناچاری تێدایە، کە دەسەڵات سۆزی بۆ شاعیرانی عەرەب نەنواندووە نەك ئەوەی شاعیر خۆی مەبە ستی بووبێت، پشت لە ستایشی دەسەڵات بکات و لێی دوورکەوێتەوە. بەڵام ئەم ڕایەش بەگ شتگیری ڕا ست دەرنا چێت، کە هەموو شاعیران ببە سترێنەوە بە خۆ شوێ ستنی دە سەڵات، بەڵکو دوو ئاڕا ستە هەبووە، بۆیە هەر لە با سی شیعری ئەو قۆناغەدا دەڵێت:**

---

[٢٣]– ابراهیم احمد شوان(د)، سۆفیگەری لەشیعرە کوردیەکانی مەحویدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١،ل١٩١ .

[٢٤]- علی صالح میران، پەیوەندی نێوان ئاین و ئەدەب، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی،٢٠١٠،ل٩٥.

[٢٥] - طاهر سليمان حمودة،جلال الدين السيوطى عصره وحياتة وأثاره وجهودة فى الدرس اللغوى،ط ١، المكتب الاسلامى، بيروت،١٩٨٩، ص٨٣.

((دەکرێت شیعری ئەو ماوەیە بکەین بەدوو بەشەوە، یەکەمیان: شیعری بۆنە(موناسەبات) کە ئاڕاستەی دواندنی دە سەڵاتداران‌و کۆمەڵ لەخۆدەگرێت، وە دووەمیان: شیعری خۆیی(ذاتی) کە شاعیر هە ستی خۆی دەردەبڕێت.))[٢٦].

ئەگەر سەرنجێك بدەین دەبینین دان بەو ڕا ستیەدا دەنرێت، شیعری بۆنە لەو قۆناغەدا لە بە شێکیدا دوورەپەرێز نەبووە لە دە سەڵات، ئەوەتا د. ئیح سان عباس لە کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی لای عەرەب دەڵێت: ((هۆنراوەی مونا سەبات دەبێت پاڵفتەکرابێت، چونکە ئاڕا ستەی خاوەن پلەو پایەکان دەکرێت، وە دەبێت شاعیر بزانێت چ ڤ سەیەك گونجاو نییە بۆ هەر پلەو پایەیەك))[٢٧]. وەك دەبینین ئەمە بۆچوونێکی درو ست نییە بۆ پێنا سەی شیعری مونا سەبات، چونکە زۆر نموونە لەبەردە ستدان لە دیوانی شاعیراندا، کە شیعری بۆنەن و بۆ بەڕەنگاری و دەرخ ستنی کەموکورتی دە سەڵاتداران و خاوەن پلەو پایەکان نوو سراون، بەڵام ڕەنگە بۆ شیعری عەرەبی لەو قۆناغانەدا پێنا سەیەکی نزیك بێت لە ڕا ستییەوە، ئەوەتا نزار قەبانیش لە بارەی شیعری عەرەبییەوە دەنوو سێ، ((هەرکاتێ مرۆڤی عەرەب مەزن بووبێ، شیعری مەزنی نوو سیوە، کاتێ کە داکەوتووە و نزم بووە، شیعری نزمی نوو سیوە))[٢٨]، ئەوەش ڕاستە، کە بگووترێ ئەم بۆچوونە گشتگیر نییە بۆ هەموو شیعری عەرەبی، چونکە، ((شیعریەت و حە سا سییەتی شیعری نا سنامەی ڕا ستەقینەی هەر شیعرێکی زیندوو و نەمرەو هەر شیعرێکی ڕە سەنیش بگری خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤ پەروەری لەخۆدەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە، کە ببێ بە دەهۆڵ و زوڕنای هیچ دەسەڵات و دۆزێك))[٢٩].

مایەی شانازییە نموونەی ئەو شیعرانەی بۆ شاباش و پارەو پلەو پایە وتراون لە لای شاعیرانی کورد زۆر کەمە یان نەبووە، واتە چەمکی شیعری بۆنە لای کورد فۆرم و شێوازێکی درو ستی هەبووە و ستایش لە شیعری بۆنەدا دووربووە لەجۆری ئەو ستاي شانەی لای عەرەب بەکارهێنراون. وەك دەوترێ:(( شیعری کوردی لە و ڕۆژەوە کە بووە، زو بدەو گەو هەری فەلا سەفەی خە ڵك و ژ یان بووە،...شیعری کوردیش لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا ئیمرۆ چەند خا سیەتی خۆی هەیە، گەورەترینیان ئەوەیە کە لە باوە شی کۆ شکی میرو سوڵتاندا لەدایك نەبووەو خانی وتەنی (خاس نەزەر)یان نەداوەتێ ڕویان لەخەڵك بووە و دەنگی خۆشی و ناخۆشی، خۆشەویستی و ڕقی ئەوان بووە...ئەوە هیوای شاعیری کورد بووە))[٣٠]. شیعری کوردی((تۆماری مێژووی پڕ لە سەرفرازی و خەباتێتی، شانامەی شەهیدان و بەڵگەی دەستی تێکۆشەرانێتی...هەروەکو جاران بۆ مەرگی جوانان و ناڵەی هەژاران دەگری و بە گەشەی شار ستانی و پێ شە سازی شاد دەبێت...نەدەنگی، نە ڕەنگی نەوە ستاوە لە گەڵ ژیاندا))[٣١]، ئەوە ڕۆڵی

---

[٢٦] - طاهر سليمان حمودة،جلال الدين السيوطى عصره وحياتة...ص٨٣.

[٢٧] - احسان عباس(د)، تاريخ النقد الادبى عند العرب،ط٤ دارالثقافة، بيروت- لبنان،١٩٨٣، ص٤٥٥.

[٢٨] – نزار قەبانی، شیعر چییە؟، وەرگێڕانی حەسەن ئەیوب زادە،٢٠٠٨، ل٣ WWW.pertwk.com.

[٢٩] - حەمەکەریم عارف، دەربارەی شیعرو شاعیری(مەحەکی شیعر) WWW.pertwk.com-ktebxana/node٢٠٠٧.

[٣٠] – عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)، وتاری دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد لە کردنەوەی میهرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا، یەکێتی نوسەرانی کورد، گۆڤاری نووسەری کورد،ژمارە(٥) خولی دووەم تشرینی دووەم ساڵی ١٩٨٠،ل١١.

[٣١] – هەمان سەرچاوە..،ل١٢و١٣و١٤.

شیعری کوردی و شاعیرانی کورد بووە، لە بۆنەو ڕووداو و کارە سات و یادەکاندا، بەڕوونی دیارە شیعر پێناسەی واقیعی حاڵی کوردو هەست و نەستی شاعیران بووە، چونکە((شیعر شێوەی دەربڕین بووە لە هەست و نەستی دەروونی مرۆڤەکان))[٣٢]، لای شاعیری کورد ئەگەر ستایش و پیاهەڵدانێکیش هەبووبێ لە بۆنەیەکدا ستایـ شی میرو دە سەڵاتێك کرابێت پاڵنەرو هۆی لەدایکبوونی هە ست و سۆزێکی ڕا ستەقینەبووە و دوور بووە لە قازانج و سوودی کە سی و تەنها دەربڕینی خۆ شەویـ ستی ئەو بووە بۆ گەل و نەتەوەکەی وەك دەبینین ((لەناوەرۆکی هەڵبە ستە دێرینە کوردییەکان سۆزی ویـ ستەمەنی و ئارەزوو بەرپابووە، چونکە ئەوەی ئەم هەڵبەستانە بخوێنێتەوەو سەرنج لەدەرفەتی ئەو ڕووداوانە بدات کە بەو بۆنانەوە وتراون و شێوازەکانیان شیبکاتەوە بڕوا دەهێنێ بەوەی ئەم هەڵبە ستانە، هۆنراوەی کۆمەڵایەتین و زۆربەیان لەبەر هیچ هۆیەکی کەسی ئەنجام نەدراون))[٣٣]. لەبارەی ڕاستگۆیی لە دەربڕین و وەڵامی درو ستی سۆزدا، محمد مجذوب دەڵێت: ((شیعر وەك ئەوەی من لێی تێ ئەگەم ئەزموونێکی دەروونی ڕا ستگۆیانەو وێنەیەکی وردە بۆ ئەو ئەزموونە، ئەنجامی وەڵامدانەوەی سۆزو بیرە بۆ کارتێکەرە دەرەکییەکان لە دەربڕینێکی زمانەوانی وردا خراوەتەڕوو. ئێمە کە لەم جیهانەدا ئەژین بە شتی زۆر دەورە دراوین لە گیاندارو بێ گیان، وە ئەو ژیانەی کە تیاماندا هاتووەتە دی، پاڵمان پێوەدەنێت بۆ کاریگەربوون بەو شتانە چ بە ئەرێنی وە چ بە نەرێنی، تەنها ئەوەمان لەسەرە کە هەستی ڕاستگۆمان بۆ سەر پەڕاو بگوازینەوە))[٣٤].

شاعیر شیعر بۆ هەر بابەتێك و لەهەر بۆنەیەکدا بنوو سێ و هەر چە شنێکی شیعر بێت ((ئەو زمانەیە کە گوزار شت ئەکات لە دەربڕینی کە سی...بەڕێگەیەکی قووڵو ڕا ست، ئەم زمانە ئاماژە ئەکات بە ئاڵۆزییەکانی ئەزموونی مرۆڤ بە چەن و شەیەك کە گونجاوە لەگەڵ ئەو ئاڵۆزیانەدا، وە هەروەها بەنرخ ئەکرێت بە هەندێ تەکنیك‌و گفتوگۆ کە ئەگونجێ لەگەڵ هونەری شیعردا))[٣٥]. شیعری بۆنە لەوەوە سەر چاوە دەگرێ، شاعیرەکان زانیاری ڕووداوەکان ئەهێنن، دەربارەی ژیانی خۆمان بەدەنگێکی زوڵاڵ و بە زمانێکی شیعری کە بەتازەیی ئەمێنێتەوە، بۆمان ئەهۆننەوە، کە زۆر جار دەبێتە کەرەستەی مێژوو، لەبەر گرنگی بۆنەو بابەتاکانیان، بەڵام هەندێك بۆنە ئەو تایبەتمەندییەی نییە، بۆیە بەنەمانی بۆنەکە دەقە شیعرییەکەش بەسەر دەچێت.

مەرجیش نییە، لە بۆنەکاندا هە ست و سۆز و کاردانەوەی شاعیران وەك یەك بووبێت و بۆ هەموو بۆنەیەك پێویستیکردبێت، شیعر بنوو سن، شیعر پەیوەندی بە هەڵچوونەکانی شاعیرەوە هەیە، چونکە(( شیعر تەرجومانی دڵە، چی بە دڵابێت لە ئێش و ئازارو دەردو خەفەت و هیواو نائومێدی، گومان و باوەڕو ترس و بێ باکی و خراپی و چاکیمان بە کەلیماتی ڕێك و پێك لە شێوەیەکی دڵگیرا بۆ دەردەخات...شیعر وێنەیەکی ژیانە لە حەقیقەتی ئەزەلییەوە وەرگیراوە))[٣٦].

---

[٣٢]- محمەمەد وەسمان، فەلسەفەی سۆفیگەری، چاپی دووەم، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ وبلاوکردنەوە،هەولێر،٢٠١٤،ل٣٤٢.

[٣٣] – کامل حسن عزیز البصیر(د)، ڕەخنە سازی (مێژوو و پەیڕەوی کردن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد ١٩٨٣، ل١٧٥.

[٣٤]- دیوان شعر للأستاذ محمد مجذوب، مجلة الرسالة، ع٧٧٢ ، ١٩٤٨ ص٥٦، أخر تعدیل الصحیفة، ٢٠١٥.

[٣٥]- JAY PARINI, The Wadsworth Anthology of Poetry, Webcam, Ltd: First, ٢٠٠٦,p٢٦

[٣٦]- سیاپۆش، ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان، هەردوو ژمارەی(٢٣٥–٢٣٦)ساڵی حەوتەم١٩٣٢.

## ٤- شیعری بۆنە لە ڕوانگەی بۆچوونی شاعیران و ڕەخنەگرانەوە:

شیعر بە هەموو جۆرو مەبە ستەکانییەوە پەیوەندی بە هە ست و ڕادەی سۆز و هەڵ چوون و کاریگەربوونی شاعیرەوە هەیە بە بابەتی شیعرەکەوە، بەتایبەتیش ئەمە لە شیعری بۆنەدا زۆر بەڕوونی بەر چاو دەکەوێت. شاعیری مۆدێرنی ئەمەریکی "والآس ستێڤنس"(١٨٧٩- ١٩٥٥ز) دەڵێت: ((بابەتی شاعیرێك هە ستو سۆزی ئەوە لە جیهاندا))[٣٧]، ئەمە ڕا ستە، بەڵام کاتێك شاعیرانیش بابەتەکە لەگەڵ پێداوی ستییە خێراکانی ژیانیان و واقیعدا دەگونجێنن، چاو بەباروودۆخی دەوروبەریاندا دەخ شێنن تابتوانن جەختبکەنەوە لە سەر بیرو هە ست و سۆزوخەیاڵیان، سەرەڕای ئەمە ڕەخنەگران جیاوازییان هەیە لەپۆلێنکردن و پێنا سەکردنی شیعری بۆنەداو پر سیاری ئەوەیان لا درو ست بووە: ئایا ئەم جۆرە شیعرە ئەدرێتە پاڵ ئەدەب؟ ئایا ئەمە بە شیعر لەقەڵەم دەدرێت یان هەڵبە ستە؟ ئەم پر سیارانە گفتوگۆی زۆری لە سەرکراوە، بۆ چوونێکی تاڕادەیەك گ شتگیر هەیە کە شیعری بۆنەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانیان بە گرنگ و بایەخدار لەقەڵەم داوە.

لەبارەی ئەم جۆرەی شیعرەوە ئەدیب و شاعیرو ڕەخنەگران بوونەتە دوو بەرە:

بەرەی یەکەم وای ئەبینن، کە هۆکاری لەدایکبوون و سەرهەڵدانی شیعر هەموو بۆنەیە، بۆنەکانیش ئەبنە هۆی زۆری بەرهەم، ئەگەر بەرهەمیش زۆر بوو ئەوا هەڵبژاردنی چۆنێتی لە چەندێتی ئاسان ئەبێت، پاشان هەموو بۆنەیەك بوارو فرەیی قسەکردن بەهێز دەکات، بەمەش بەرهەمی ئەدەبی بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی زۆر دەبێت، بە تایبەت بە هۆی خەڵات کردنەوە. هەر چی بەرەی دووەمە ڕای وایە (( شیعری بۆنە ڕەگەزەکانی کورت کراوەتەوە لە چەند مە سەلەیەکی تە سکدا کە پەیوە ستن بە کات وجێگاوە، ئەم جۆرە لە شیعر لە خۆوە نایەت و شتێك نییە لە بەرهەمەکانی خەیاڵ بێت. بۆیە ئەم بەرەیە ڕای وایە، کە ئەم جۆرە لە شیعر پەیوەندی بە ئەدەبەوە نییە، بۆیە پێوی ستە ڕەتبکرێتەوە، ئەگەرچی خاوەنەکانیان لەگەورە بانگەوازکەرانی شیعری بۆنەکان بن))[٣٨].

شاعیری ئەڵمانی (گوتە) بەرگری لەم جۆرە هۆنراوانە دەکات و وای دادەنێ، کە شیعری بۆنەکان گەورەترین و بەرزترین جۆری شیعرن، ئەمەشی لە کتێبەکەیدا (شیعرو ڕاستی) دوپاتیکردووەتەوە، کە دەڵێت: ((بێگومان شیعری بۆنە ڕەسەنترە لە جۆرەکانی تری شیعر))[٣٩].

شاعیری فەلەستینی عمر أبوالهیجاء دەڵێ : ((هێشتا شیعری بۆنەکان لە بازنەی گرنگیپێدانی ڕەخنەگران و ڕۆ شنبیران دایە،... کۆمەڵێك لە ڕەخنەگران و گرنگیپێدەران...کردویانەتە ناونی شانێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی سیا سی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیریی ئەو سەدەیەی کە شیعرەکەی تێدا وتراوە))[٤٠].

---

٣٧- JAY PARINI,.... ٢٠٠٦,p٤١

٣٨- نجاة الماجد، آخر تحديث : ٤ فبراير ٢٠١٥ http://mawdoo٣.com

٣٩- هەمان سەرچاوە.

٤٠- ادباء- شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جريدة الدستور يومية سياسية عربية مستقلة تصدر عن الشركة الاردنية للصحافة والنشر: . الأربعاء، ٢٦ نوفمبر/تشرين الثاني، ٢٠١٤. عدد١٧٤١١ http://addustour.com

گۆڤاری (بانگەوازی هەق) لە سەروتاری ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٥٩)دا, نوو سەرەکەی باس لە (گەنجی زیندوو) لە شیعری بۆنەکان دەکات، ((بەو ئەنجامە گەیی شتووە، کە ئەوە شیعرێکی ڕەوایە، وە جۆرێکە لە شیعر کە دەربڕی ڕووداوەکانی ژیانە ... وە ڕای (عبدالعلی المنونی) بە دوور نازانێ لە بارەی (گە نجی زیندوو) کە ڕازی نییە، بەو و تانەی کە ئەوترێ سە بارەت بە شاعیری بۆ نە کان و دوورخ ستنەوەیان لە کۆمەڵ ئەدیبان))[41]. ئەمە مانای زیندوویەتی شیعری بۆنە لە کرۆکی گۆڕانکارییەکاندا بەدەر دەخا. شاعیرو چیرۆکنوو سی عێراقی عباس خضـــر* دەڵێت: ((لە ژمارەی پێ شووتری گۆڤاری ریـ سالەدا لەکاتی ڤ سەکردن لە سەر ڤە سیدەی (موکب الابطال)ی مامۆ ستا (علی محمود طه) وتم (دوای ئەوە شاعیری گەورەمان بە پاڵەوانێتیەك لە شیعرداو ڤەسیدەکەی کارێکی نایابە کە دەبێت ئەو شاعیرانە سەیری بکەن کە لە کۆمەڵگە ڕادەکەنو خۆیان دەپێ چنەوە بە سەر سۆزی شەخ سیو خەیاڵاتی دوور لە ئاڵۆزی ژیانی (مضـــطرب الحياة)....هتد، هاوڕێیەکەم ئەوەی خوێندبوویەوەو پێی وتم ئایا تۆ بانگەشەی شیعری موناسەبات دەکەیت؟))[42].

بە پێچەوانەی ئەو بۆ چوونانەی کە شیعری بۆنە پە سەند دەکەن و لەگەڵ بوونی ئەو ڕایانەدا توێژەرو ڕەخنەگری فەلە ستینی د. م. سعد محمد زیاد پێی وایە ((هۆنراوەی بۆنەکان لای شاعیر لە ئەزمونێکی زیندووەوە سەرچاوە ناگرێت و ناتوانێ وەڵامی بۆ هەڵچوونە ئەندێشەییەکانی هەبێت))[43].

لە دیوانی محمد مجذوبدا چەند ڤە سیدەیەك هەیە، کە بۆ بۆنە(منا سبات) نوو سراوەو ڤەسیدەیەکی تریش کە گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکات بۆ خەڵکی و تێڕوانینی بۆ ژیان، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێ: ((من حەزم لە شیعری بۆنە نییە، چونکە وەك بازرگانی وایە، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ درۆکردنو فێڵو چەوا شەکردن))[44]. لە سەر بۆ چوونی خۆی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((هۆنراوەی بۆنە (مناسبات) پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت، کە جەماوەرو ستایش کراوەکە لە خۆی ڕازی بکاتو ڕوپامایی بکات))[45].

سەبارەت بەو ڕەخنەگرانەی شیعری بۆنەکان ڕەتدەکەنەوە، شاعیرو نووسەری سعودی، نەجات ماجد دەڵێت: ((لەبەرئەوەیە شاعیر زیادەڕەوی لە بەرهەمەکەیدا دەکات و زۆر دادەبەزێت بە بەڵگەی ئەوەی هەمان شاعیر کاتێك هەمان بۆنە دێتەوە، هەمان شیعر بە هەمان کێش و سەرواوە ئەڵێتەوە. ئەوانەی کە شیعری بۆنەکان ڕەتدەکەنەوە دان بەو شاعیرەدا نانێن، کە شیعرێك ئەنووسێ بۆ پیاهەڵدانی

---

[41] - دەڕوانرێ تە. مجلـــة «دعـــوة الحق»مجلـــة شـــهرية تعنـــى بالدراســـات الإســـلامية و بشـــؤون الثقافـــة والفكـــر أسســـت سنة١٩٥٩

http://www.habous.gov.ma/daou-atalhaq/itemlist/category

*- عەباس خضـــر شاعیر و رۆ مانوس، لە ١٩٧٣ز لە بە غداد لە دا يك بووە، پاش دوو ساڵ لە دە سگیرکردنی لە نەوەدەکانی سەدەی را بردووە، عیراق بەجێ یدەهێڵێت و لە کۆ مەڵێك وڵا تی عەرەبی و ئەورووپی ژ یان بە سەر دە بات و لە ساڵی ٢٠٠٠ ز لە ئەلمانیا نیـ شتەجێی بە شداری کۆ مەڵێك فیستڤاڵی جیهانی کردووە لە دەرەوە و ناوەوەی ئەڵمانیا وە لە ساڵی ٢٠١٠ز یەوە ئەندامی ڕێکخراوی قەڵەمی نێودەوڵەتییە

دەڕوانرێتە: http://www.abbaskhider.com/seiten٢/new.htm

[42]- عباس خضر، مجلة الرسالة ع٨٢٣ ، ص٤٦، أخر تعديل الصحيفة، ٢٠١٥

[43]- مسعد محمد زياد(د)، ارشيف:١١٣٢٠، الكتاب: أرشيف منتدى الفصيح-٣، تم تحميله في: ديسمبر ٢٠١٠ م،http://www.alfaseeh.com

[44] - ديوان شعر للأستاذ محمد مجذوب.... ص٥٦.

٤٥– هەمان سەرچاوە...ص٥٦.

که سێك له بەرامبەر دە ستکەوتنی برێك ئاڵتوون (ماڵ و پارە) یان کارێك, بەڵکو وا ئەبینن، که ئەم جۆرە له شیعر بێرێزی کردنە بە شیعرو شاعیران، چونکە لەم جۆرە شیعرەدا بە مردنی بۆنەکە شیعرەکەش ئەمرێت و لەبیر ئەچێتەوە))[٤٦]، هەروەها بۆچوونێکی تر هەیە، که لاوازبوونی شیعری بۆنە دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆری بەرهەمی شاعیران له بۆنەکاندا ((هۆنراوەی بۆنە وای لێهات، که خەریکبوو زاڵ ببێت بە سەر هەموو دیاردە شیعرییە هونەرییەکانی تر، دکتۆر (طـه حســین) وێنەی ئەم دیاردەیەی کێ شاوە بە شێوازێکی گاڵتە ئامێز که خاڵی نییە له زیادەڕەوی، بەڵام زۆر دوورنییە له ڕا ستییەوە، دەڵێت: شیعر له سایەی شاعیرەکانو تەمبەڵی عەقڵیانەوە بووەتە هونەرێکی نمایشکردن (فناً عرضیاً) تەنها بۆ کات بە سەربردنو (اللهو) جوانکاریو زەخرەفەیە))[٤٧] ، ئەو گ شتگیریەی له بۆ چوونی ناوبراواندا هەیە، بە ڕەخنەیەکی درو ست و واقیعی و هونەری نابینین، چونکە گومانی تێدا نییە، ڕەتکردنەوەی شیعری بۆنە بەو جۆرە بۆ هەندێك لەو شیعرانە دەگەڕێتەوە، که لەپێناوی دەستخستنی پلەو پایەو پارەو خەڵات دەنوو سرێن، که لای شاعیرانی عەرەب زۆر بووە، بەڵام له ئەدەبی کوردیدا زۆر ستایشی بەرزو جوانمان هەیە، له سۆزێکی ڕا ستەقینەو پاك و بێ مەبە ستەوە سەر چاوەی گرتووە، لێهاتووی شاعیرانمان دەردەخەن و دەکرێنە بەڵگە بۆ وەڵامی ئەو بۆ چوونە نازانستییە. لێرە نموونەی شیعرێکی ستایش دەنوو سین، که بۆبۆنەیەکی که سی وتراوە، ((له ساڵی ١٢٩٦ کۆ چی، هاوڕێیەکی "حەریق"ی که بە حەزرەتی شێخ له دیوانەکەیدا ناوی هاتووە له سەفەری حەج دەگەڕێتەوە، بەم بۆنەیەوە "حەریق" غەزەلێکی ناسك و جوانی هۆنیوەتەوە، ئەم دێڕە نموونەیەکە لەو شیعرە))[٤٨]

**مـوژدەبێ بۆ بولبـولی دڵ گــوڵ لـــه بـاغـان هـاتـــەوە**

**قومری عومری خۆی سەرف کا سەروی بۆستان هاتـەوە...** دیوانی حەریق،ل٨٨

ئەگەر ڕەتکردنەوەی شیعرێکی ستایش و پیاهەڵدان و هەتا هەندێ له بۆنە کەسییەکان گونجاو بێت، ئەوا بۆ شیعری بۆنەی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو ڕەتکردنەوە ناپەسەندی زۆری تیدایە، ئێمە له ئەدەبی کوردی چاودەگێڕین بە شیعری شاعیراندا، دەبینین شیعری بۆنەکان بابەتی بە پێزو دەقی نایاب و بەکەڵکن، هەم له ڕووی ناوەرۆك و هەم له ڕووی شێوازەوە. زۆریان کەڵکی ئەوە دەگرن، وەك کەرە ستەیەکی مێژوویش سوودیان لێببینرێ. چونکە((ئەو شاعیرانە...بە هۆنراوەکانیان بەشداریان کردووە له تۆمارکردنی هەندێ ڕووداوی جیهانی گەورە...خەباتیان کردووە له پێناو کۆمەڵگە...خەباتیان کردووە له پێناو نیشتیمانو ڕزگارکردنی له دەسەڵاتی کۆشكو کۆتو زنجیری داگیرکەر...کاتێك هۆنراوەیان وەك چەکێك بەکارهێناوە له شەڕی خەبات گێڕاندا))[٤٩]. ئەرکی شیعریش هەمیشە له کۆمەڵگای چەو ساوەو ژێر دەستدا چەکێکی بەهێزی خەبات بووە، له بۆنەکاندا مە شخەڵی زیندوو ڕاگرتن و پیرۆزکردنی یادەکان بووە، (( شیعرەکان زۆربەی جار بابەتێکی تایبەتیان هەیە، که لەگەڵ کۆمەڵەیەکی گەورەتریشدا دەگونجێن، بۆ نموونە شاعیرێك لەوانەیە بەباشی شیعرێك بنووسێت

---

٤٦- نجاة الماجد،... ٢٠١٥.

٤٧- أحمد عبد المقصود هيكل، تطور الأدب الحديث في مصر،ط ٦،دارالمعارف،١٩٩٤، ص١٤٣.

٤٨- دەروانرێتە، سەيد نەجمەدین ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی٢٠١٢،ل٨٨ .

٤٩- أحمد عبد المقصود هيكل، تطور الأدب.... ص١٣٥.

**دەربارەی شەڕێکی دیاریکراو لەناو جەنگێکی تایبەتدا، ئەو شیعرە لەوانەیە پۆلێن بکرێت وەکو شیعرێکی جەنگی یان تەنانەت شیعرێکی دژی جەنگ (ئاشتیخوازانە) ))[٥٠]،**

**لە شیعری بۆنەدا پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان هەڵوێستی شاعیرو بۆنەکاندا هەیە، (د. یحیی عطیە القا سم عبابنە) دەڵێت: ((مەبەستم لە شیعری بۆنەکان ئەو شیعرانەیە کە ئەوتریّ بۆ بۆنە تایبەتی و گشتییەکان، هەڵوێستەکانی ژیان داخوازی وتنی ئەو شیعرەیە، شاعیر بۆنەیەکی دیاریکراو ئەفۆزێتەوە تا ئەوەی مەبەستییەتی بیڵێ، لە تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی نوێدا ڕێچکەیەکی توند هەیە بۆ دژایەتیکردنی شیعری بۆنەکان لە سۆنگەی تێڕوانینێکی خۆ بەگەورە گرتنەوە بۆ ئەو دەقانەی بۆ بۆنەکان دەنووسریّ، ئەم تیڕوانینە لەوانەیە یەکەمجار لە ڕێچکە شکڵیەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت...زاڵ بووە بە سەر تێڕوانین و ناوەرۆکدا))[٥١]. ئەمەش وایکردووە، کە ڕەخنەگران بە ڕێژەوە دەڕواننە ڕێچکەو لێکۆڵینەوە لە فۆرم بە بیّ گوێدانە پەیوەندی نێوان دەقەکەو پێکهاتە مانایيەکانی. بەو شێوەیە لێکۆڵەر کە دەیەوێت لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆك و تێڕوانین بکات، توو شی کەموکورتی دەبێت. هەروەها دەڵێت: ((مەبەستم نییە، لێرەدا لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە هونەرییەکان پشتگوێ بخەم لە سەر حسابی ناوەرۆك یان ئەو بۆنەیەی شیعرەکەی بۆ نووسراوە، ئەم دوو لایەنە پێکەوە گرێدراون و ناکرێت جەخت لە سەر یەکێکیان بکرێتەوەو ئەویدی پشتگوێ بخرێت، بەڵام بە بۆچوونی من ڕێچکەی داهێنەرە نوێیەکان بۆ پشتگوێخستنی لایەنی بۆنە لە سەر حسابی لێوردبوونەوە وایکردووە، کە کۆمەڵێك دەقی شیعری جوان لە دایك بێت))[٥٢].**

**خاڵێکی گرنگ کە ئاماژەی پیّ بکەین، ئەوەیە کە لە ڕاستیدا بۆنە بریتی نییە لە جیاکەرەوە لە نێوان شیعرو وتاردا، بەو واتایەی کە بۆنە تەنها بۆ وتاربێت و شیعر نەتوانێت بۆنە بکاتە هەوێنی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی و شاعیر زاتی ئەوەی نەبیّ دەقێکی شیعری بۆ بۆنەیەك بنووسیّ، ئەوەی پێوانەی باشی و لاوازی شیعرە، بۆنە و نەبوونی بۆنە نییە ((مەرج نییە شیعری باش ئەوەبێت کە خاڵی بێت لە مونا سەبە، ئەگەر وابوایە ئەوا شیعری شاعیرە گەورە عەرەبە کۆنەکان دوو چاری لەناو چوون دەبوو، وا بووایە شەوقی نەدەکرا بە ئەمیری شیعر لە کاتێکدا کە ئەو تۆمەتبارە لەلایەن (العقاد)و شاعیرە گەنجەکان بەوەی کە بۆنە، شیعری (شوقی) خراپ کردووە، پاشان (العقاد)و هاوڕێکانی لە ساڵانی دواتردا لەو بڕیارە پاشگەز دەبنەوە، لەکاتی کێبڕکێ ئەدەبیەکانیدا بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بڕیار بدات، کە بۆ مێژوو ماوەتەوە لە شیعری ( شوقی)و (حافظ)داو دەڵێت: دوژمنایەتی (الخصومات) لە سەر ئەو دوو شاعیرە لە بیّ ئەزموونی لاوەکان بووە))[٥٣].**

**شاعیرو لێکۆڵەری گەورەی ئەردەنی** عبد الله محمد رضـــوان (١٩٤٩- ٢٠١٥) **: دوو بۆچوونی هەیە لەبارەی شیعری بۆنە یان بڵێین جیاوازی دەکات لە نێوان شیعری بۆنەکاندا دەڵێت:**

[٥٠]- **دەروانرێتە:** JAY PARINI, Book’s name: The Wadsworth Anthology of ........, ٢٠٠٦,p٤٤

[٥١]- ادباء- شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم،..: عدد١٧٤١١.

[٥٢]- **هەمان سەرچاوە .**

[٥٣] - علي علي مصطفى صبح، المذاهب الأدبية في الشعر الحديث لجنوب المملكة العربية السعودية، ط١، تهامة ، جدة-المملكة العربية السعودية١٩٨٤، ص١٣٢.

((رۆحەكان ئەحەوێنەوە بەو   شيعرانەی كە بۆ بۆنە نیـ شتمانييەكان ئەوترێن جا   شيعرەكان ڕەتكردنەوەو ناڕەزايی دەربڕين بن يان پیاهەڵدان...بە  شێوەی نەرێنی وەك ئەوەی وڵاتێ توو  شی دە  ستدرێژييەك بووبێت و كۆمەڵێك   شاعير ڕەتكردنەوەو ناڕەزايی خۆيان تۆمار كردبێت، يان ئەرێنی بێت وەك ئاهەنگ گێڕان بۆ ڕۆژی نیـ  شتمانی، لەم جۆرە بۆنانەدا كە تايبەتن بە نیـ  شتمان،   شيعر ئەهۆنرێتەوەو خزمەت دەكات))[٥٤].

بۆ چوونی ناوبراو دەربارەی جۆرەكانی تری شيعری بۆنە ((شێوازی شيعری دان پێدانراو كە لە شاعيرێكەوە بۆ   شاعيرێكی تر جياوازيی هەيە و جياوازييەكەش دياری دەكرێت بە پێوەری توانای وەڵامدانەوەی خێراو ڕاستەوخۆ بۆ هەر بۆنەو ڕووداوێك))[٥٥].

ئەوەی بە تێڕوانينی (عبد الله رضـــوان) گرنگە، توانای دەربڕين و تەكنيكی داڕ  شتنی شيعرەكەيە لەلايەن شاعيرەوە كە چەندە دەتوانێ لە گەڵ بۆنەكەدا بتوێتەوە و ڕۆڵ ببينێ لەدەرخستنی تاقيكردنەوەيەكی كە سی كە  سۆزی ڕا  ستەقينەی لە پ شتەوە بێت، گرنگ لێهاتوويی  شاعيرەكەيە لە تواندنەوەی بۆنەكە و گۆڕانی بۆ بابەتێكی خودی بە   شێوەيەك بەناوی خۆيەوە پێ  شكە  شی دەكات و ئامادەيی خۆيی زۆر بە ڕوونی لەناو شيعرەكەدا دەبينرێت. ئەزموونی ڕاستگۆيانەو خەمی دڵسۆزانە لە لايەن مرۆڤەكان لە كاتی هەڵوێ  ستێكی دياری كراو و بۆنەيەكدا دێتەكايەوە، ئەوكاتە بۆنەكە   سۆز و هە ست و هەڵ چوونەكان دەبزوێنێت، ڕەخنەگرو نوو سەری  سعودی (علي علي مصـــطفى صـــبح) دەڵێت: ((من نازانم   چۆن   شاعير دەتوانێت قە  سيدەيەك بڵێت بەبێ پاڵنەرێك يان مونا  سەبەيەكی بزوێنەر، ئەگەر نا   چۆن ئەو هەڵ چوونە دێتەدی كە  سۆزەكان گەرم دەكات، هە  ستەكان دەبزوێنێت، لەبەر ئەوە دەبينم قـ سەكانی (الرفاعی) دوورە لە ڕا ستييەوە كاتێك كە دەڵێت: " شيعری مونا سەبات هەر چەندە تۆمارێكی بە ڕووداوەكان داوەو ناوی خاوەنەكەی هێناوە، بەڵام ڕەگەزەكانی هەڵچوون تيايدا ناگاتە ئا  ستی يەكەمی   چاوەڕوانكراو))[٥٦]،   شيعری بۆنە هەمان بارودۆخی بۆنەكە ڕە  چاو دەكات، ((دەكرێت لەڕووی دەروونييەوە   شاعير ئامادە نەبێت، كاتێك كە بۆنەكەی بە   سەردا دێت، دەكرێت بۆنەيەك بە سەر  شاعيردا بێتو داوای ئەوەی لێ بكات كە  شيعرێك بۆ ئاهەنگێك بڵێت لەكاتێكدا خۆی خەفەتبار بێت و لەگەڵ ئەوەدا هەر دەبێت وەڵام بداتەوە))[٥٧].

گۆرانی  شاعيريش لە توێژينەوەيەكيدا لە بارەی (مەولەوی و  شيعری مونا سەبات)* بۆ چوونی لەمەڕ شيعری موناسەبات دەنووسيت و دەڵێ:(( شيعری موناسەبات لەئەدەبی هەموو نەتەوەيەكا هەيە، بەڵام نەك بەو زۆرييەی كە لە ئەدەبی ئێمەو گەلەكانی دراو  سێمانا بەر   چاو دەكەوێ))[٥٨]. هەر لەو

---

[٥٤]- ادباء- شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جريدة الدستور...: عدد١٧٤١١

[٥٥]- هەمان سەرچاوە...

[٥٦]- علي علي مصطفى صبح، المذاهب الأدبية في الشعر الحديث ...١٩٨٤، ص١٣٢

[٥٧]- هەمان سەرچاوە... ص١٣٢.

*- ئەم بابەتەی گۆرانی شاعير لە ڕۆژنامەی(هەولێر) ژمارەكانی (٧و٨ و١٠)ی ساڵی يەكەم لە كانونی يەكەمی ١٩٥١ بلاوكراوەتەوە و دووبارە لە ژێر ناوی (لەبەرهەمەكانی دوێنێمان) لە گۆڤاری بەيان ، ژمارە ٣١ی تشرينی دووەم ساڵی ١٩٧٥ بلاوكراوەتەوە ئێمە وەك سەرچاوە بەكارمانهێناوە.

[٥٨]- گۆران، مەولەوی و شيعری موناسەبات، گۆڤاری بەيان ، ژمارە ٣١ی تشرينی دووەم ساڵی ١٩٧٥، ل١.

بارەیەوە دەڵێت: (( دە ستوری گ شتیش لەم پێناوەدا ئەوەیە ، لە مونا سەبات، ڕەنگە بتوانین هی بابەتی دڵداری لێ دەرکەی، شیعری گەلێ پێپیلکە لە قوللە زێڕینەکەی ئەهێنێتە خوارەوە، تا ئەیگەیەنێتە شوێنێك کەلەگەڵ ڤ سەی ڕە شۆکی سەر زمانی ڕۆژانەمان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەمێنێ))[٥٩]، ئەگەر بۆ چوونی مامۆ ستا محەمەدی مەلا کەریم لە سەر جوانی شیعری بۆنە(مونا سەبات) بخەینە ڕوو، کە لەبارەی شیعری (موناسەباتی گۆران)ەوە ئاماژەی پێکردووە، دەردەکەوێت، شیعری بۆنە نەك هەر ناگاتە ئا ستی ڤ سەی ڕە شۆکی، بەڵکو پایەیەکی بەرزی هونەری هەیە، دەکرێ وەك نەزەرێك لە سەر ئەو بۆ چوونەی گۆران وەربیگرین، وەك دەڵێت: ((گۆران لەگەڵ ئەوە شا کە سەرامەدی شیعری جوانی پەر ستی بووەو بە شی زۆرو هەرە جوانتری شیعری... بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە، کوردایەتییەکی بەدەرەتان بەر بەرەڵڵا شی کردووەو هەندێ لە شیعرە زێدە جوانەکانی بۆ ئەم بابەتە وتووە))[٦٠]، هەر ئەم تێڕوانینەی محەمەدی مەلا کەریم، وەڵامێکیـ شە بۆ ئەو بۆ چوونەی محمود زامدار، کە دەڵێت: ((بەڵێ گەر بەوردی سەیری سەرتاپای ئەدەبی خۆمان و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتییش دراوسێکانمان بکەین، هەر بەجارێ لەم دیاردەیە ئەحەپەسێین و دۆش...لایشم وایە هەر ئەم ترس وبیم و لێپر سینەوە شیعرییەش وای لە (گۆران) کردووە، بەزۆری خۆی لە م چە شنە شیعرە دوور ڕاگرێ و ب سڵەمێتەوە، چونکە زۆر کەم ڕێك ئەکەوێ و ڕێی تێ ئە چێ ئەم جۆرە شیعرانە - بەدەگمەن نەبێ- ڕا ستگۆیی و دە سترۆیی و شاعیریەتیی تێدا ڕەنگبداتەوە))[٦١]، باش دەبێت لێرەدا هەڵوێ ستەیەك لە سەر ئەو تێڕوانینینە گ شتگیرەی محمود زامدار بکەین بۆ ڕەتکردنەوە و گومانی ناڕا ستگۆیی شیعری بۆنە لەلای ناوبراو، ڕا ستە شیعری مونا سەبات لە ناو ئەدەبی کوردیدا زۆرەو ناتوانرێت هەموویان بە شیعر بەرزی هونەریی و خاوەن شێوازی ئێ ستاتیکی جوان مەزەندە بکرێ، بەڵام شیعری بۆنە وەك هەرجۆرێکی تری شیعر دەکرێ دەقێك هەبێ کرچ و کاڵ بێت و دەقیـ شمان هەبێت بەرزو پڕبایەخی هونەری بێت، ئەگەر چاوێك بە شیعری بۆنەی کوردیدا بگێڕین لای شاعیرانمان زۆر باش لەو ڕا ستییە دەگەین، کە شیعری بۆنە نەتەوەیی و نیـ شتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیرییەکان پانتاییەکی فراوانی شیعری کوردیان داگیرکردووەو بە شی هەرە زۆریـ شیان لە نموونەی دەقی سەرکەوتوون و بەو دەقانە ئەژمێرێن، کە زیندویەتیان تیدایەو نامرن، مەگەر تەنها ئەو بۆ چوونە بۆ شیعری کە سی ڕا ستبگەڕێ، چونکە شیعری بۆنە کە بۆ هەندێ بابەتی کەسی یا تایبەتی دەنووسرێ، زۆرجار ئەوشیعرە ((تەمەنی کورتەو بە کۆتایی هاتنی بۆنەکە تەمەنی کۆتایی دێت و لایەنە هونەرییەکانی لاواز دەبن))[٦٢].

ئەوەتا گۆرانی شاعیر لە درێژەی با سەکەیدا، ئاوەها باس لەبەرزی شیعرە بۆنەکانی مەولەوی دەکا: ((لەزۆر زمانا جار جارێك بەهرەداری وا هەڵکەوتووە لەباتی ئەوەی نرخی بدیعی شیعری موناسەبات نزم کاتەوە، موناسەباتی ئەوەندە هەڵبڕیوە، گەیاندویەتە ئەو ئاسمانە بەرزو جوانە کە پەری

---

[٥٩]- هەمان سەرچاوە.. ل١.

[٦٠]- محەمەدی مەلاکەریم، گۆران و شیعری موناسەبەت، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥، ل٥.

[٦١]- مەحمود زامدار، باسکەمەلەیەك لەنێو زەریای شیعری مەولەویدا، میهرەجانی شیعری مەولەوی، کتێبی ژمارە(١) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، چاپخانەی زەمان بغداد،١٩٨٩،ل٢٠٦ .

[٦٢]- ادباء- شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم،...: عدد١٧٤١١.

شیعر ئەتوانێ تیا بژی و ماوە بدۆزێتەوە بۆ پەڕ بازی بە شاپەڕە نەخ شینەکانی...بەڵام بۆتەی وە ستاکارانەی مەولەوی هەرگیز شتێکی تیا نەتواوەتەوە، کە ڕەوا نەبێت لە قاڵبی بێ گەردو ساغی شیعری ڕا ستەقینەدا داڕێژرابێ، بەمانای سەرەوە بۆ کوڕی کوێخای جاف- کوڕی مەحموودی یاروەیس- شیوەننامەیەکی درێژی داناوە...لەهەڵبە ستە هەڵبژاردەکانی ئەوە، هەروەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەننامەیە لەسەرپاکی ئەدەبی کوردیدا))[٦٣]. وەك لەو بۆچوونەی گۆرانی شاعیرەوە دیارە، سەرکەوتنی شیعری بۆنەی بە توانای شاعیرەوە بە ستۆتەوە، ئەوەی بۆ مەولەوی ڕا ست و گونجاوە بۆ شاعیرێکی تریش هەمان توانای هەبێ ڕاست و دروست دێتە بەرچاو. ئەوەتا جگە لە پەیامێکی سۆزداری لە شیعری مونا سەباتی مەولەویدا، ئەنوەر قادر محەمەد، فراوانتر بۆ بابەتی شیعری بۆنەی شیوەن و لاواندنەوە دە چێت و دەنوو سێت: ((ئەم بابەتە لای مەولەوی دە چێتە چوار چێوەی فەلـ سەفیەوە، شاعیر لەم شیعرانەیدا، دەیەوێ بەهۆی هێزی عەقڵەوە، پەی بە تەلیـ سمی ژیان و مردن ببات و سنوری نێوانیان بکێ شێ و لە بەیار نەگەیـ شتنی ئەبەدی بگات...بەپێ چەوانەی لاواندنەوەو شیننامەکانی سەدەکانی ناوەڕا ست، کە زیاتر بۆ پیاوی گەورەو دە سەڵاتداران دەوتران، لە ڕۆژگاری دواتردا، پیاهەڵدان و لاواندنەوەی کەسوکارو هاورێ و دۆست بوونەتە بابەتی لیریکی))[٦٤].

ئەگەر لە بابەتی شین و لاواندنەوەش دەر چین، مەولەوی و گۆران و شاعیرانی تری کوردی بە نموونە وەربگرین، تێکستی زۆر نایاب و جوانیان هەیە کە بۆ بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی و کەسییەکان بە شێوەی ستایش و شانازی و داشۆرین و سەرزەنشت و وەسف دەریان بڕیوە، توانای شاعیرانی کورد بەگ شتی و مەولەوی بە نموونە لەو پەڕی کارامەیی و لێهاتوویدا بووە و ئەگەر بەرهەمێکیش هەندێ کاڵوکر چی پێوە دیاربووبێ مانای لاوازی شیعری بۆنە نییە، ئەگەر شیعرێك بۆ بابەتی دڵداری و وەسفی سرو شتیش وترابێ و لایەنی هونەرییەکەی لاوازبووبێت بە شیعرێکی ناکامڵ ئەژمار دەکرێ، لە کاتێکیشدا بە موناسەبەیەکیش نەوترابێت.

مەولەوی ((دوو تابلۆی شایی کوردی زۆر کارامانە بۆ کێ شاوین، کە هەموو جوانی سرو شت و مرۆڤ و دەنگ و ڕەنگ و بۆن وبەرامەیان تێدا دەدرەو شێتەوەو لەبەر چاوی خوێنەردا شاییەکی ڕا ستەقینە سازدەبێ ، سەیر لەوەدایە کە مەولەوی لەو دوو شاییەدا نەبووەو هەر بەنامە ئاگاداریان کردووە. یەکێکیان شایی مەحموود پا شایی جاف بووەو هەرلە وەڵامی ئەمیـ شدا ئەم شیعرەی نووسیوە))[٦٥].

**مـــــــــوبارەکت بۆ***

**مـــــــــوبارەکــــت بـــۆ بــــــەزمی نـــەو وەخـیـــرْ**
**توخوا تەنخـوای من خــاس خــــــاس بکەر سەیر**

---

[٦٣]-گۆران، مەولەوی و شیعری موناسەبات،...، ل١.

[٦٤]- ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد...ل١٤٨.

[٦٥]- هەمان سەرچاوە...ل١٧٩.

**سێر کەر تەماشای ئەو جەمین جامان**

**وە خوسووس ئازیز شای نەونەمامان**

**وەختی ئامۆشۆی ئاماو لواشەن**

**تەرزەکەی وە بەرز دەورەی سەماشەن**[٦٦]

محمود زامدار لە بابەتەکەیدا ئاماژەیەکی گرنگ دەردەخات، کە گۆرانی شاعیر وەك پێوانە دەستنیشانی کردووە بۆ سەرکەوتووی شیعری بۆنە، کە دەڵێ: ((هەمدیس ئەیڵێمەوە گۆرانی مامۆستا مەرجی بۆ ئەم جۆرە شیعرە داناوە، یەکەمیان بلیمەتی و لێهاتووی و (بۆتەی وە ستاکارانە)و، دووەمیان ڕەوایی ئەو موناسەبەتە لەلای خودی شاعیرو قەناعەتی شاعیردا.))[٦٧]، بە بۆ چوونی ئێمە ئەم پێوانەیە سەلماندنێکی ڕاست و دروستە، ئەگەر چاوێك بە دیوانی شاعیرانی کورددا بگێڕین، دەبینین زۆربەی هەرە زۆری ئەو تێکستە شیعریانە لە تاقیکردنەوەی شیعری شاعیرەوە هەڵقوڵاون و بە دیقەتدان لە بۆنەو موناسەبەکانیان دەگەینە ئەو ڕاستییەی بەشێکی زۆری شیعری موناسەباتی کوردی، بە پێوەری ئەو دووخاڵەی دەستنیشانکراون، دەکرێت ناوبنرێن شیعری باش و بەپێز و بەرزی هونەری، ناشتوانرێت نکولی بکرێ لە بوونی هەندێ شیعری لاواز کە شاعیران بۆ بۆنەیەك وتوویانە، بۆیە دەتوانرێت پێوەری سۆزی ڕاستەقینەو دەستکردیش بکرێتە یەکێکی تر لەمەرجەکانی سەرکەوتووی شیعر بەگشتی و شیعری بۆنە بەتایبەتی، هەر لەبابەتی شیعرەکانی گۆراندا دەتوانین چەند نموونەیەکی شیعری بۆنە بنووسین کە بلیمەتی و لێهاتووی و سۆزی ڕاستەقینەی گۆران نیشان دەدات، فایەق حامید ئەسعەد دەڵێ: ((ڕەفیق چالاك ئەمەی بۆ من گێڕایەوە: ڕۆژێك دوای ئەوەی کارەکەمان لە ئێستگە* تەواوکرد، چووین بۆ قەراغی دەریا و لە گازینۆیەك دانیشتین، کچێك لەوانەی گازینۆکە، هاتەلامان و لێی پرسین، چیتان ئەوێ؟ گۆران پێی وتم: ڕەفیق مەشغوڵیکە، منیش بە پرسیار دامگرتەوە... گۆرانیش پار چە کاغەزێکی دەرهێناو جاربەجار سەیری کچەکەی دەکرد و دەینووسی، دوای کەمێك، داواکەمان بە کچەکە وت و ڕۆیشت، دواتر گۆران وتی: ئەمە چیبوو؟! حۆری بوو!! دیارە دوای ڕۆژێك گۆران شیعرەکە تەواو دەکات کە ئەو شیعرەش دەقی (جوانی بێناو) بوو))[٦٨]. کەواتە ئەم شیعرەی گۆران بە بۆنەی سەرنج ڕاکێشانی ئەو کچە جوانەوە نووسیویەتی، کە ڕەنگە ئەو کچەی نەدیبا نەیتوانییایە ئەو دەقە بنووسێ:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!**

**دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەستنیم ڕەوتەنیم ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم**

**هی ئەوەی نیگارێك لە یادم کێشراوە شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە ''**[٦٩]

---

* مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ مەحمود بەگی جاف نوسیوە بە بۆنەی شایی و زەماوەندی ژنهێنانەوە...دەڕوانرێتە دیوانی مەولەوی ل٤٣٦.

[٦٦]- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،١٣٨٩ك ھ ل٤٣٦.

[٦٧]- مەحمود زامدار، باسکەمەلەیەك لەنێو زەریای شیعری مەولەویدا...ل٢٠٩.

*- مەبەست لە ئیستگەی کوردی یافایە لە فەلەستین، کە گۆران و رەفیق چالاك تا ساڵی ١٩٤٥ز کاریان تیاکردووە.

٦٨ـ سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣،ل٩١.

[٦٩]- محەمەدی مەلاکریم، دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ،تاران،١٣٩٣، ل٦٥.

**جا ئەمە نموونەی شیعری بۆنە بێت ئەبێ لەکوێی ئەم دەقەدا زاتی ئەوە بکەین، بڵێین شیعری بۆنە لاوازە، هۆگری کوڕێ شی دەڵێت: ((ئافرەتێك لە دوکانێکدا لە حەیفا شتی کڕیوە، شیعری بۆ نوو سیوە ئافرەتێکیش قسەی لەگەڵ کردووە، شیعری بە سەردا هەڵداوە بەناوی (بۆک چێکی بێگانە) گوایە دیوانی شاعیرێکی ئینگلیزی داوەتە دەستی، بۆیە وەسفی دەکات))[٧٠].**

**گۆرانی شاعیر ((کوژرانی هەڵۆبەگی خۆپیی شاندەری تازە زاواو لە سێدارەدانی مەحموود جەودەتی پێ شمەرگەی بزوتنەوەیەکی بەزیوو لە ناخەوە ئەیبزووێنن و بۆ ئەویان پار چە شیعری ئازاری( شەهید) پێ شکەش ئەکاو بۆ ئەمیان پار چە شیعری (لاوانەوەی سەرەڕێ)کە هەتا هەتایە هەردووکیان بە ئاسمانی ئەدەبی سیاسیی کوردەوە وەك جووتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار ئەگەشێنەوە))[٧١]، کەچی دەبینین ((لە ژیانی گۆرانا کارەساتی سەرو نوخون کردنەوەی لە جارێ زیاتری حوکوومەتی شێخ مەحموود ئەقەومێ و ئەو تەمایەی خەڵك بەو حوکوومەتەیان هەبوو هەمووی ئە چێتە ژێر گڵ و لەو هەموو هیواو ئاواتە لە مافێکی نیوەو ناتەواوی ڕۆ شنبیری بەولاوە هیچ نامێنێ، گۆران وەك هی چی شی بەربای گوێ نەکەوتبێ وا ورتەی لە دەم دەرنایەت و هەڵوێ ستی خۆی ناخاتە چوار چێوەی تاقە چوارینێکەوە، یا ڕوداوێکی مەزنی وەك دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ڕووئەدا...گۆران لە عا ستی ئەم ڕووداوەدا بێدەنگ ئەبێ و دێرێکی بۆ نانوو سێ))[٧٢]. محەمەدی مەلاکەریم بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە، ((بۆ هاتنی شیعر لای شاعیری ڕا ستەقینە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەم شێوە لێکدانەوەوە نییە، چونکە شیعر وتارێك نییە، ڕۆژنامەچییەك دەست بداتە قەڵەم و بینووسێ))[٧٣].**

**لەبارەی ئەو تێڕوانینەی کە شیعری بۆنە بە کەرە ستەی گرنگی لێکۆڵینەوەی مێژوویی خەباتی سیا سی و نەتەوایەتی و ڕۆ شنبیری ...هتد دەزانرێت مامۆ ستا مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس لە بارەی شیعرێکی بۆنەی (نالی)یەوە کە بۆ مردنی سلێمان پا شای بابانی وتووە، دەڵێت: ((ئەم پار چە شیعرە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە تاقە پار چە شیعرێکی نالییە ئیشارەتی بە مێژووی ڕووداوێك تێدا کردبێ))[٧٤]، لەبەر ئەوەی مێژووی کورد پڕ یەتی لە ڕووداوی خۆش و ناخۆش و کارە سات و گۆڕانکاری و شۆڕش و ڕاپەڕین دژی داگیرکارییەکانی کورد ستان و شاعیرانی کوردیش هەمی شە بە گیانبەختکردن و نەبەردی و قەڵەمەکانیان پێ شرەوی گەل و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بوون و هەمی شە مامۆ ستای وریاکردنەوەی گەل بوون لە دژی زوڵم و ستەمی داگیرکاران و چەو ساندنەوەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩٤٥) کە ساڵانی پڕ ڕووداوە لە مێژووی کورددا، شاعیران لە بۆنەو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا شیعری بەرزو نایابیان نوو سیوە، کە زۆربەیان کەرەستەی گرنگن بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە. شاعیران، ((شیعر دەنووسن لە بەرئەوەی ئەوان هۆکارێکی کاریگەریان هەیە بۆ نووسین بۆ ئاهەنگگێڕان**

---

[٧٠]- سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی....، ل٩٢.

[٧١]- محەمەدی مەلاکەریم، گۆران و شیعری موناسەبەت، گۆڤاری بەیان ، ... ، ل٦.

[٧٢]- هەمان سەرچاوە... ل٥.

[٧٣]- هەمان سەرچاوە.....ل٦.

[٧٤]- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپی دوەم،انتشاراتی کوردستان، سنندج،١٣٧٩،ك ه، ل٣٨٢.

بەهۆی سەرکەوتنێکی سەربازییەوە یان شیوەنکردن بۆ شکستێك، بۆ لە بیرنەکردنی خزمێك یان هاوڕێیەك، بۆ ڕاگەیاندنی خۆشەویستی خۆیان، بۆ پیاهەڵدانی هاوڵاتیان یان خێزان، بۆ جنێودان بەکەسێك کە پێیان بێزارن، بۆ سەرزەنشتکردنی کۆمەڵگا یان ناڕەزایی دەربڕین لە بارەی نادادپەروەرییەکەوە، بۆ تێبینی کردن دەربارەی سروشتی ژیان و مردن، یان بۆ وەڵامدانەوەی جیهانی سروشتی، لە خۆشی و نائومێدیدا))[٧٥].

شیعر بەگشتی و شیعری بۆنە بەتایبەتی گەشە بە چالاکی و بیرو باوەڕو هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵ دەدات و زۆرجار ئاراستەی تاك و کۆمەڵ دەکا بۆ بەرخۆدان و شۆڕش و خۆشویستنی وڵات و هاوکاریکردنی لێقەوماوان و دژایەتیکردنی نەریت و چەوتییەکانی کۆمەڵگا، شیعر دەبێتە مەشخەڵی ڕاپەڕینەکان، چونکە شیعر زۆرجار هەگبەی ڕووداوەکانەو لە بۆنەو موناسەبەتەکاندا حزووری هەیە. زانینی موناسەبەتی نووسینی شیعر جگە لەوەی چێژی زیاد دەکات، وەك تۆمارێکی مێژوویش دەوری هەیە، بەتایبەت لە لای کورد کە بەدرێژای مێژوو میللەتیکی خاك دابەشکراو چەوساوەیە، زۆرجار داگیرکەران بواریان بۆ تۆماری ڕووداوەکانمان نەهێشتووەتەوە، بۆیە ئەگەر سەیری قۆناغەکانی ژیانی میللەتی کورد لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩٤٥) بکەین، دەبینین پڕیەتی لە کارەسات و ڕووداو شۆڕش و ڕاپەرین. لەو قۆناغەدا دەبینین شیعر ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە لەم بوارەدا بەتایبەت شیعری بۆنە، بۆیە ((نەزانینی موناسەبە لە شیعری کوردیدا، گەلێ تام و چێژی ماناو هەستی ناسکی بیری شاعیرانمان لەکیس دەدا، وە گەلێ ڕووداوی مێژوویی بەتاریکی بە بێ تروسکە دەهێڵێتەوە، کە ئەگەر موناسەبەکە بەباشی تۆمار بکرێ بەڕووناکترین شێوە ئەو ڕووداوە ئەزانرێ))[٧٦].

لە لایەکی تریشەوە جوانکاری لایەنی هونەری و تەکنیکی بەرز لە شیعردا پەیوەندی بە جۆری شیعرەوە نییە، هێندەی پەیوەندی بە تواناو سەلیقەو لێهاتوویی شاعیرەوە هەیە لە دەربڕین و سنعەتکاریدا، بۆیە ڕۆشنبیری و توانای زانستی شاعیریش دەوری هەیە لە بەرهەمهێنانی دەقی جوان و سەرکەوتوو، لەم بارەیەوە ئەمین فەیزی تواناو گەورەیی (نالی)ئاوا باس دەکا: ((زەکای نالی ئینکاری ناکرێ، لاکین ئەوەندە سەنایعی لەفزیی ئیستعمال کردووە، پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە))[٧٧]، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە چەند شاعیری کورد هەیە لە بارەی سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموود و کارەسات و ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە شیعری بۆنەیان نووسیوەو هەریەکەیان بە زمان و شێوازێکی تایبەت تەعبیریان لە سۆز و هەڵچوونەکانیان کردووە، ئەوەی گرنگە شاعیرەکان تا چەندە دەتوانن هاوسەنگییەك لە نێوان لایەنی جوانکاری و واتا لە شیعرەکانیاندا بکەن، چونکە ((دوو ڕێچکە هەن بۆ دەربڕین یەکەمیان لایەنی جوانکاری (بدیعی)ە، کە...کاریگەریی هەبوو لە زیادکردنی جۆری نوێ کە شاعیرو نووسەرەکان دواتر سووربوون لەسەری...لە

---

[٧٥]- دەروانرێتە JAY PARINI ........, ٢٠٠٦,p٤١

[٧٦]- دەڕوانرێتە:محەمەد علی قەرەداغی، دەوری زانینی موناسەبە لەڕاستکردنەوەی مەعنای شیعری کلاسیکی دا، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٣٢ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٧٥، ل٢٥.

[٧٧]- ئەمین فەیزی، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٨٢، ل٢٦ .

مونا سەباتەكان. بەلاْم لايەنەكەی تر بريتييە لە واتاكان كە بەڕوونی لە  شيعری ميلليدا دەردەكەوێت‌و لە گرنگيدان بەبيرو و وێنەگرتنی  سۆزو هە ستەكاندا خۆی دەنوێنێت، كە خەلْكی كاردانەوەيان دەبێت لەگەلْيان كاردانەوەيەكی ڕاستگۆيانە))[78].

لەئەنجامی بەپیرەوە چوونی شاعیران بۆ ئەو داوایانەی ئاڕاستەیان دەكرێ و ئەوانیش شیعر بۆ بۆنەیەك دەنوو سن و زۆرجار  شیعری لاوازیش دەنوو سن،  شاعیرێكی وەك  گۆرانی هێناوەتە  سەر ئەو ڕایەی ((بە شیعر وتنی وای ئەوت  شیعر كردن))[79]، بەلاْم لەگەلْ ئەوانە  شدا گۆران لەئا ست دەربڕینی  سۆزی ڕا ستەقینەی خۆیدا بووە و  شیعری لەناخەوە بۆ هەندێ ڕووداو و كارە سات وتووە، ((كەس پێی نەوتبوو (لاوكی  سور بۆ كۆريايی ئازا) بلْێ))[80]، ئەوەتا ((گۆران وەك  شاعیرێكی خاوەن بڕوا... بەقولْی بڕوای بەيەكێتی خەبات و بەرژەوەندی تێكۆ  شانی ميللەتان و   چارەنوو  سيان هەبوو))[81].خۆی لەو بارەيەوە لەسالْی (١٩٥١)دا دەلْێت: ((بەدوو  چاوی زەق ئەبينم  چەقۆ خراوەتە گۆشتی نەتەوەيەكی ئازای ئازاد، تەنيا لەبەر ئەوەی چۆن خۆی ئەيەوێ وا ئەژی، پاسەوانە ڕاستەقينەكانی ديموكراتيش بە هەموو دلْڕەقييەك ئەلْێن: ئێمە    چۆنمان ئەوێت ئەبێ وابژيت!...ئەمجا ئەگەر بە بۆنەی بە  سەرهاتی داماوی كۆرياوە فرمێسكێكی دلْسۆزانە بە سەر برينی ئەوانيش و خۆشمانا برێژم باوەڕناكەم كەس بتوانێ زاتی ڕێ لێ گرتنم بە دلاْبهێنێ))[82].

جاری وا هەیە، بۆنەیەك فەرز دەكرێت بە سەر  شاعیردا یان تەكلیف دەكرێت لە حالْەتێكدا، كە ئەو لە ڕووی ویژدانیەوە ئامادەنییە بۆ بابەتی  بۆنەكە ئەوە  شی دانانە (هەلْبە  ستە) یان وەك ئەوەی گۆرانی   شاعیر دەلْێت:   شیعركردنە. بەپێی خوێندنەوەو   چاوگێڕانمان بە دیوانی   شاعیرانی كورددا دەتوانین پێ لەو ڕاستییە بنێین، هەندێك شیعری بۆنە هەن دەچنە خانەی هەلْبەست و شیعركردنەوە، لەگەلْ ئەوەشدا ئەو ڕاستییەش دەخەینەڕوو، كە ژمارەی ئەو جۆرە هەلْبەستانە كەمن و شیعری بۆنەی بەپێزو سەركەوتووی خاوەن تەكنیكی هونەری دیوانی شاعیرەكانمانی ڕازاندۆتەوەو شاعیرەكانمان لەكاتی نووسین و وتنیدا لەڕووی ویژدانیو دەروونییەوە ئامادە بوون بۆ ئەو موناسەبەیەی كە شیعرەكەیان بۆ نووسیوە، بۆ نموونە: شیوەن و لاواندنەوە بۆ شەهیدانی شەشی ئەیلولی سالْی ١٩٣٠ و شەهیدانی باكووری كورد ستان لە (١٩٢٥ز) و لاواندنەوەی شاعیران بۆ مردنی شاعیرانی هاوڕێیان و ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەی ڕۆشنبیری و سروشتی وتراون، هەروەها ئەو شیعرانەی بۆ شۆڕشەكانی شێخ مەحموود و سەركەوتنەكانی و خەلْكی ڕاپەڕیو و بۆنەكانی ئاهەنگی نەورۆز و    چەندان بۆنەی تر وتراون، كە لە بە  شەكانی دواتر نموونەیان بۆ دەهێنینەوە ، هەموو ئەمانە ئەوە نی  شاندەدەن، كە    شاعیران توانیویانە وێنەی ئەو واقیعانە بەشیعرەكانیان بكێشن و لەگەلْ ناسۆر و خۆشییەكانی خەلْكیدا بەشداربن، بەلاْم هەر شاعیرێك بە پێی سەلیقەو توانای دەربڕین و لێهاتووی خۆیەوە، چونكە شیعری بۆنەو هەرشیعرێكی تر پەیوەستە

---

[78]- طاهر سليمان حمودة،جلال الدين السيوطي ...، ص٨٣.

[79]- محەمەدی مەلاكەریم، گۆران و شیعری موناسەبەت ، ... ل٨.

[80]- هەمان سەرچاوە... ل٨ .

[81]- حەمە حەمە ئەمین قادر"كاكەی فەللاح"، كاروانی شیعری نوێی كوری، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی حسام، بەغداد، ١٩٨٠، ل٥٩.

[82]- محەمەدی مەلاكریم، دیوانی گۆران، سەرجەم....ل١٨٤.

**بەسۆزو هەڵچوون و کاردانەوەی هەر شاعیرێك، بەو شێوەیەی کە لێی تێدەگاو خوێندنەوەی بۆی هەیە و بەپێی ئا ستی تێگە شتن و لێهاتووی و زانیاری خۆی بۆنەکە دەخاتە قاڵبێکی هونەرییەوە، بۆیە دەبینین (( شاعیرێك هۆنراوەیەکی هەیە دەربارەی بابەتێکە، شاعیرێکی تر ناتوانێ دەقاودەق هەمان شیعر دەربارەی هەمان بابەت بنووسێ. لە هەر حاڵەتێکی لەم جۆرەدا تایبەتمەندیی هەر دانەرەو دەوری خۆی دەبینێ، یان بەوتەی شاعیری سویدی (بێرتێل مالمبێرگ) تەنیا لە دەربڕیندا بەزمانی خۆی، لە بەکارهێنانی دە سەلاتی هونەری خۆیدا، لە تاف و تەوژمی ڕەنگ و پەیوەندی هونەرمەندانەی خۆیدا بیری شاعیرێك لە واقیعدا هی خۆیەتی))[٨٣]. ئێمە بۆ تێگە شتن و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە، شیعری دوو شاعیرمان وەك نموونە وەرگرتووە، کە لەسەر بۆنەی ئەنفال نووسیویانە، تا ئاسۆی دەربڕین و چێژی هونەری و تابلۆی ڕووداوەکان لە دیدی هەردوو شاعیرەوە ببینین و ب سەلمێت هەرکەس بە زمانێك گوزارشت لەهەست وسۆزو هەڵچوونەکانی و هەروەها توانای شاعیریەتی خۆی دەکات.**

**محەمەد ڕە سول هاوار لە دووره وڵاتیدا و حە سیب قەرەداغی لە سەردەمی بەعس و لە ژێر چەپۆکی ئەو دە سەڵاتە داپڵۆ سێنەرەدا، هەریەکەو شیعرێکی درێژیان بۆ ئەو بۆنەیە نوو سیوە و ئاوا باسیان لە خەم و سۆزو هەڵچوونی خۆیان کردووە.**

**تێبینی: ((هۆنراوەی (شەوێکی تر)ی حەسیب قەرەداغی لە (١٩٨٨/١١/٧) دانراوە و لەساڵی ١٩٨٩ لە ژمارە(٧٣)ی گۆڤاری کارواندا بڵاوکراوەتەوە))[٨٤]، لەو کاتەی ڕژێمی بەعس لەو پەڕی دەسەڵاتیدا بووە، بۆیە شاعیر پەنای بردۆتە بەر ڕەمز، چونکە نەیتوانیوە خۆی لەو ئازارو ژانە گەورەیەیی نەتەوەکەی بەدوور بگرێت، ئەگەر وردبینەوە لەو سۆزو هەڵ چوونەی شاعیر بۆ ئەو بۆنە نیـ شتمانییە دەریبڕیوە دەبینین ستەمکاری بەعـ سیش نەیتوانیوە دەنگی ناخی کپکاتەوەو توانای شیعری لاوازکات بۆ ئەو بۆنەیە، ڕەنگە ئەمە وەڵامێك بێت بۆ ئەوانەی شیعری بۆنە بەلاوازو زیاد لەقەلەم دەدەن.**

**شەوێکی تر**

**دیسانەوە هاودەردەکەم واپێم نایە شەوێکی تر**

**جامی خەمم هەتا لێوە**

**ئەی ڕابەری غەمبارەکان.. ئەمە جامی خەمی منە**

**خەمی کەسی پێ مەپێوە**

لەبەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ....

**ئەی جامی خەم کە شەو دابێ هەر بە پڕی دەتخۆمەوە**

**سەوزەی مەزەم مەی ئالوودە، من سەوزەی خۆم ناشۆمەوە**

**من لە ڕەنگی جوانی تۆدا تالاوی ژین ڕادەماڵم**

[٨٣]- پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی٢٠١٠،ل٢٩.

[٨٤]- دەڕوانرێتە: رەئووف عوسمان(د)، ئاسۆیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الوقف الحديثة، بغداد،٢٠١١، ل٨٣.

**ئەی جامی خەم شێوەی شەمم لە تۆدایە**

**هەموو شەوێ بێرە ماڵم**

شیعرەکەی (محەمەد رەسول هاوار) لە ئاوارەیدا نووسراوەو وەك خۆی دەڵێت ((بەیادی ئەو دوو شیعرەی نالی و سالمەوە لەم دووره ولاتەوە کە هەواڵی ئەو تاوانە گەورەیە دەبیـ سرا، خۆمم پێ نەگیراو ...بەم چەند دێڕە هەستی خۆمم وەك باسێکی مێژووی بەم شیعرە تۆمارکردووە))[85]. نموونەیەك لە شیعرەکەی

**لالە نالی گوێم بۆ شل کە وەك سالمی ساحێبقڕان**

**چۆن جەوری دەوری عوسمانی لەدڵیا بوو بوو بە ژان**

**با منیش نەختێك ڕووداو بەسەرهاتی ئەم ڕۆژانە**

**کە هەریەکەی تاوانێکی تابڵێی ئێجگار گرانـە**

**بە دەست و پەنجەی لەرزۆك و سستم بە شێکی تۆمارکەم**

**بەم هۆنراوە خوارو خێچە لە هەندێکت ئاگادار کەم**

**نازانم چۆن دەست پێ بکەم کامیان سەرەتای دێڕم بێ**

**کامیان دوا دێڕو کۆتای شیعری نارێك و گێرم بێ**

لەبەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ....

**ئیمڕۆ سەراپای کوردستان قەســـابخانەیە ...زیندانە**

**نرخی خوێنی مبللەتی کورد وەکوو تۆڵەکە هەرزانە**

دەبینین سرو شتی لەدایکبوونی هەردوو دەقەکە جۆرێك لە تایبەتمەندییان تێدایە، نەبوونی نەفەسی ئازادیی دەربڕین لە شیعرەکەی (حەسیب قەرەداغی) و غەریبی و دڵتەنگی و دوورە ولاتی لە شیعرەکەی (محەمەد ڕەسول هاوار) دا هەردوکیان ئەو کارەساتەیان لە نیگای حاڵەتی دەروونی خۆیانەوە خوێندۆتەوە، ئەمەش مانای وایە، بۆنە و ڕووداو کارەسات هەوێنی لەدایکبوونی شیعرەو سنور بەندیش ناناسێت و بەربەستەکانیش ڕێگر نابن و پێیان کپ ناکرێتەوە.

لەبارەی کارەساتی هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) فەرهاد شاکەلی لە سۆللەنتوونا لە سوید لە غەریبی و ئاوارەیدا پاش دووساڵ لە یادی (٣/١٦) لە ساڵی ١٩٩٠ دەنووسێت:

ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە شیعرەکەی بەناوی (کەوشەنی مەرگ)

**تەواوی سۆزی شەوانی دڵتەنگیمە بە یادت**

**دەچوومە کەوشەنی سووری مەرگەوە**

**پڕوشەی تیشکی ڕۆژ ڕەنگتم دەهێنا**

**دەمدا لە برینی ئەم خاکە بێدەنگە. ئەم ولاتە**

[85]- عوسمان دەشتی(د) و سدیق سالح، دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٧،ل٤٩٢

**بەسرودی مەرگ نەبیّ، بەهیچ تاری کرژی دڵی**

**ناکەوێتە لەرینەوە....." [٨٦]**

له هه‌مان بۆنه‌دا و هەر لە ئاوارەیی دا(محەمەد رە سول هاوار) لە شیعرێکی درێژیدا بە ناوی(کارەساتی هەڵەبجە، هێرۆشیمای کوردستان)ئاوا هەستی خۆی دەردەبڕێ، دەڵێ:

**ئەو کوردەی کەتاوانی وا**

**لەبیری خۆی دەباتەوە**

**یا هەوڵئەدا ئەم تاوانە**

**بۆ سوودی تەکیەی شێخەکەی**

**لە ناو مێشکی جەماوەرا**

**بە زمانی لووس بشواتەوە**

**وەك پیاو کوژەکانی ڕژێم**

**تاوانبارو بیّ ویژدانە...." [٨٧]**

لە کۆتایدا دەبێت ئەوە بگوترێ، ئیمرۆ با سی شیعری بۆنە بۆتە کێ شەیەك کە هەندێك لە نوو سەرو ڕەخنەگرەکان وروژاندویانە، وەگەر نا، ((مە سەلەکە شیعری بۆنەو غەیری بۆنە نییە، بەڵکو شیعری ڕا ستگۆیانەو دژی زۆر لە خۆکردنە، هەر وەکو هەریەکەیان لە شیعری مونا سەباتو لە غەیری موناسەباتیشدا هەیە، چەند شاعیر هەن باسی شیعری خۆشەویستی دەکەن، کەچی تەنها وشەیە! ڕاستە زۆر لەو کە سانەی کە لە سەر سفرەی شیعر قـ سە دەکەن، ساختەی زۆر دەکەن لە مونا سەباتدا، بەڵام کەسی زیرەك ڕاستو ساختە لەیەکتر جیادەکاتەوە، هەمووی ڕەفز ناکات)) [٨٨].

خوای گەورەش فەرموو یەتی: (فَأَمَّا الزبدُ فيذهبُ جُفاءً وأما ما ينفعُ الناسَ فيمكُثُ في الأرض)«رعد أيه١٧. واتە: ((کەف و کوڵ دەڕواو نامێنێتەوە, بەڵام ئەوەی کە سوود بە خەڵکی ئەگەیەنێ ئەوە دەمێنێتەوە)) [٨٩].

لە ئەنجامدا دەتوانین بگەینە ئەو ڕایەیی کە شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا لە چوار چێوەی ڕەخنەی ڕەخنەگرانی عەرەبەوە هەڵنا سەنگێنرێ، چونکە هەم سرو شتی سەرهەڵدانی بۆنەکان و هەم ناوەرۆکی بۆنەکان لەلای هەردوو نەتەوەکە جیاوازن، ئێمە هەمیـ شە نەتەوەیەکی خاك داگیرکراوبووین، بێگومان ئەو حاڵەتە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر تەواوی کایەکانی ژیان بە ئەدەبیـ شەوە، بۆ نموونە ئەو ستایـ شە کە سیانەی لەلای شاعیرانی عەرەبەوە کراوە، بە شی هەرە زۆریان بۆ خەڵات و شاباش و پلەو پۆ ست بووە، بەڵام لەلای شاعیرانی کورد ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە، مەبە ستیـ شمان لە هێنانەوەی شیعر

---

[٨٦]- فەرهاد شاکەلی، بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٩،ل٢١٠.

[٨٧]- عوسمان دەشتی(د) و سدیق ساڵح، دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار،...، ل٤٨٧.

[٨٨]- عباس خضر، مجلة الرسالة .. ص٤٦، أخر تعديل الصحيفة، ٢٠١٥.

[٨٩]- دەڕوانرێتە:عوسمان عەبدوالعەزیز محەمەد، تەفسیری قورئانی پیرۆز، بەرگی حەوت، جزمی ١٣چاپی یەکەم، هەولێر١٩٩٧ ،ل٤٧ .

لای  شاعیرانی عەرەب بەنموونەو بەراورد کردن بە  شیعری  شاعیرانی کورد بۆ دوو هۆکاری دیار دەگەڕێتەوە:

١- ئەو پۆلێن کارییەی بۆ  شیعری بۆنە کراوە بەو  سەربەخۆییەو ئەو هەموو هەڵ  سەنگاندن و بۆچوونانەی لەمەڕ شیعری بۆنە دەربڕاون، تەنها لە ئەدەبی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت، کە مافی خۆی پێدراوە وەك  شیعر و مەبە ستی  شیعریی، وەگەرنا بۆ چوونمان لەمەڕ هەندێ لە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکان لەبارەی شیعری بۆنەوە خستۆتەڕوو.

٢- پەیوە ست بە ئێمەی میللەتی کورد،  شاعیرانی عەرەب و ئەدەب و ڕۆ شنبیری عەرەبی کاریگەریی زۆری بە  سەر  شیعرو ئەدەبیاتی کوردییەوە هەیە بە حوکمی ئاینی و دراو  سێیەتی. ((زۆربەی شاعیرانی دێرینی نەتەوەکەمان، بەهۆی وەرگرتنی زانیاری سەردەمەکانیان...فێری زمانی عەرەبی بووینەو...بەهۆی زانینی زمانی عەرەبییەوە  چوونەتە قوڵای  شیعری عەرەبی، لەگەڵ خوێندنە ئاینییەکانیـ شدا(زانـ ستی عەرووزی فەراهیدی)یان خوێندووە،  شیعریان پێ هۆنیوەتەوەو بەناو دیوانی  شاعیرانی عەرەبیـ شدا گەڕاون))[٩٠]. ئەوەتا لەبارەی نوێگەری لە  شیعری کوردیدا، باس لەو کاریگەرییە دەکرێت بە سەر  شیعری  شاعیرانمانەوە هەیە، ((بایەخدانی پیرەمێرد و بانگە شەی بۆ  شیعری(عـ صری) ئاکامی کاریگەربوونی بووە بە  شیعری عەرەبی ئەو  سەردەمە بەگـ شتی و تێڕوانینەکانی زەهاوی بە تایبەتی، ئەوەتا پیرەمێرد دەربارەی شیعری(عصری) دەڵێ: (ئەم بەینە کە هاتمەوە ئاوڕم دایەوە  چوار لام پڕبوو لە  شاعیر، ئەم کوڕە منداڵەو  شیعری پیرە، بەڵام لە کەمەندی قافیەدا ئەسیرە، ئەمەوێ شیعری سەربەست و عەسری بنووسن)دیارە گومان لەوە ناکرێ کە پیرەمێرد نەك هەر ئاگای لەبەرهەمەکانی(زەهاوی و ڕە  سافی)یش بووە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆشی بە(زەهاوی)وە هەبووە، بۆیە شیوەنێکی شیعری بۆکۆچی دوای زەهاوی دەگێڕێ))[٩١].

لە١٩٣٧/٣/٢٧ لە بەغداد کۆڕێکی ماتەمینی بۆ  چلەی( جەمیل  صدقی زەهاوی)  سازکراوەو پیرەمێردیش بەو بۆنەیەوە بەم شیعرە بەشداری لەو کۆڕەدا کردووە، کە دواتر لە ڕۆژنامەی(ژیان) ژمارە(٥١٩)ی ساڵی ١٩٣٧دا بڵاوی کردۆتەوە:

**سەد ساڵی تر بپرسی: جەمیل سدقی والـــەکوێ؟**
**دەنگی بڵندی خۆی، لەهەموو شیعرێ دێتە گــوێ**
**ناڵێم کە هەیکەلێکـــی بێـــ وێـــــنەی مردووە**
**دیـــوانی شیعری چاکترە، ناودارە، زیـــندووە..."[٩٢]**

## ٥- مەبەستەکانی شیعری بۆنە:

تێڕوانینی ئەفلاتون لە بارەی  شیعرەوە جیاوازبوو (( شیعری پەیوەست کرد بە هێزێك لە دەرەوەی سروشتی ئادەمیزاد کاتێ سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعری بە (ئیلهام و  سروش)ەوە گرێدا، بەڵام ئەرستۆ

[٩٠]- عەلی حەمە ساڵح میران، پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب....،ل١١٢.
[٩١]- محەمەد فازیل مستەفا(د)، دەنگی پیرەمێرد،..ل١٨.
[٩٢]- فائق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زەمان، بەغداد،١٩٩٠،ل٢٩٢.

**ئەمەی بەتەواوەتی ڕەتکردەوەو وتی، هاندەری مرۆڤ بۆ وتنی شیعر پەیوە ستە بە سرو شتی ئادەمیزادەوە... شیعرو سرو شتی مرۆڤی بە پەیوە ستێکی بەتین بەیەکەوە بە ستەوە، واتە شیعری بە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی دانا، ئەمەش گەلێ ئەنجامی گرنگی لێ دیتە ئاراوە))[٩٣] ئەوەی مەبە ستی ئێمەیە ئەو پەیوەستەی شیعرە بە سروشتی مرۆڤەوە کە سەرچاوەیە بۆ بەرجەستە بوونی حاڵەتی دەربڕین و هەڵ چوون و سۆزەکانی مرۆڤ لە ژیانیدا، شاعیریش مرۆڤێکی چاوکراوەو خاوەن هە ستی بەتینەو**

**شیعریش زۆرجار دوانگەو ڕوانگەی هەموو ئاڵۆزی و بیرو سۆزو ڕق و خۆ شی و ناخۆ شییەکانی دەروونییەتی، گومانی تێدانییە مەبە ستەکانی شیعریش ڕەنگپێدەرەوەی هەموو ئەو حاڵەتانەن کە ئاماژەی پێکرا (شیوەن و لاواندنەوە) کاردانەوەی حاڵەتی غەمبارییە (داشۆرین) ڕق و هەڵچوونی شاعیرە بەرامبەر ناتەواوییەکان ( ستایش) نیـ شاندانی ڕەزامەندی و پیاهەڵدانە لە سۆزێکی ڕا ستەقینەوە یان هەندێ جار بۆ بەرژەوەندی و مەبە ستێك...هتد، دیارە ئەو مەبە ستانەی لە شیعری بۆنەدا بەکاردێن هەموویان لە ئەزموونی شیعریی و نیشاندانی هەڵوێست و دەربڕینی سۆزی شاعیرە بۆ ئەو بۆنەو ڕووداو و کارەساتانەی هەستی شاعیر ئەجوولێنن جا بۆنەکە ئاینی یا نیشتمانی یا کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یان کە سی و سرو شتی بێت، هەڵدەگرێ چۆن لە بۆنەیەکدا ستای شی ڕۆڵی قارەمانێك دەکرێ ئاوەهاش سەرزەن شتی کەمتەرخەمییەکان بکرێ، دەکرێ هەجوی دوژمنانی تیابێت و لەهەمانکاتدا وە سفی سرو شتی و ڕەو شتی مرۆڤەکان و ناو چەو شارو گوندەکان بکرێ. لەئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەبدا ((د. شوکرییە ڕە سول سیانزە مەبە ستی شیعری دە ستنیشان کردووە))[٩٤]. لە کتێبی العمدە فی محا سن الـ شعر وأدابە دا هاتووە کە: ((زۆرترین مەبە ستەکانی شیعر پێنجن: خۆ شەوی ستی، وە سف، دا شۆرین، شانازی، ستایش کردن، وە هەروەها لێکچوونو خوا ستن لە ناو ستایش کردندان))[٩٥]. ئەوەی ئێمە لێیان دەدوێین ئەو مەبەستانەن کە لە شیعری بۆنەدا هەن و لەبارەیانەوە شیعر نووسراوە.**

**یەکەم: ستایش:**

**لە (( سەدەی پێنجەم و چوارەمی پێش مە سیح فیلۆک سینۆس philoxenos (٤٣٥-٣٨٠)ی شاعیری دەربار لە کۆ شك و سەرای دیۆنیـ سیۆ سی گەورەی خوێنرێژ دەژیا. ئەم شاعیرە داهێنەری پیاهەڵدان بوو لە ئەدەبی گریکی کۆن))[٩٦].**

**ستایش بریتییە لە ((باس و پیاهەڵدانی کەسایەتییەت یان تیرەو هۆزێك یان پادشاو میرێك بە شێوازێکی باڵا...یان وا تێدەگەین زیادەڕۆیی و گەورەو بـ چووك تێیدایە، یا باس و پیاهەڵگوتنەکان و ڕەوشتی باسکراو وەکو یەکنو یەکسانن لەکردنی کاری چاکەو پیاوەتی))[٩٧] یان ((بە شیعرێك دەووترێ**

---

[٩٣]- دەڕوانرێتە: شکری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی/ د سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٠،ل٣٧.

[٩٤]- دەڕوانرێتە: شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر١٩٨٩،ل٢٩.

[٩٥]- أبو علی الحسن بن رشيق القيرواني الأزدي، العمدة في محاسن الشعر وآدابه، تحقيق/ محمد محيي الدين عبد الحميد، جزء١ الطبعة: الخامسة، دار الجيل، ١٩٨١م، ص١٢٠.

[٩٦]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم،چاپی دووەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠١٠،ل١٦٢.

[٩٧]- يحيى حمزة علي بن إبراهيم، الطراز لأسرار البلاغة وعلوم حقائق الإعجاز، جزء٣،ط١، المكتبة العنصرية - بيروت١٤٢٣ هـ، ص٤٩.

که بەمەبەستی ستایشکردن و گەورە نواندنی کەسێکی تایبەت چ لە ژیاندا بێت یان لە ڕابردوودا ژیابێت دەنووسرێت، پیاهەڵدان بۆ گەورە پیاوانی ئاینیەکان، پادشاو پلەدارە دەست ڕۆشتووەکانی ناو دەرباری شاهانە دەنووسرا))[98]. یان دەوترێ ((ئەو هونەرە شیعریەیە کە باسی کردەوە باشەکانی کەسێك دەکات، یان ستایشی شتێك یان واتایەك لە واتاکان یان شتەکان دەکات))[99]. ئەم مەبەستەش یەکێکە لە مەبەستە دیارەکانی شیعری کوردی و بەدەگمەن شاعیرێك دەبینرێ، لەم جۆرە مەبە ستەی لە شیعردا بەکارنەهێنابێ، بەتایبەتی لە بۆنەکاندا بۆ نموونە: بەبۆنەی کۆ چی دوایی (ڕەفیق حیلمی)یەوە گۆرانی شاعیر لە سۆزێکی بەکوڵ و خۆشەویستییەکی بەتیندا لە شیعری (ئاوابوونێك)ستایشی ڕەنج کێشان و ڕۆڵی مامۆستای کۆچکردوو دەکات، لە کۆتای ئەو شیعرەدا دەڵێ:

**لەپاش ماندووبوونی مـــەردانەی مەیدان      با لــە کــۆشی دایکا بنوێ پاڵەوان!**

**بەڵام ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش،      تا ئەو ڕۆژەی گڵ ئەمانخاتە باوەش،**

**چاوی تاسەی بەشوێنا هـــــەر ئـەگێڕین      لەئاسمانا، چونکە جێی چۆڵ ئەبینین** دیوانی گۆران،ل٢٥١

هەروەها بەبۆنەی مەرگی (بێکەس)ەوە لە شیعری(هاوڕێم بێکەس!) زۆر بە شێوازێکی هونەری بەرز ستایشی ڕۆڵی بێکەس دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کورددا لەبەشێکی شیعرەکەدا دەڵێ:

**کـــام پیاوماقووڵ، کام گەورە      کە بەرزی جێی ژوور هەورە،**

**وێنەی ئــەو جـــــــوامێر بوو!      بــــەرامبەر دوژمن شێربوو**

هەروەها دەڵێت:

**بێکەس بـــوو وەك پـــاڵەوان      پەنجـــەی لە چاوی چەقان**

**پەنجـــەی تیژی سـەرزەنشت      داخی دڵی خۆی پێ ڕشت!**      دیوانی گۆران، ل٩٣

سەبارەت بە ستایشی ئاینی، ((ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە ئاوڕ لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە، هەوڵی دە ستنیە شانکردنی سەرەتای ئەم بابەتە بدەین، ئەوا گومان لەوە ناکەین کە هەمان پەیوەندی نێوان سرووده ئاینییەکان و بابەتی ستایش و پیاهەڵدان، لە سەرەتای ژیانی کوردەواریدا درووست بووە و لای میللەتانی تر چۆن بووە، لای ئێمەش هەر بەو جۆرە بووە))[100].

سەید ئەحمەدی نەقیب(١٨٦٣-١٩١٠) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، بە بۆنەی یادی شەوڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) (ئیسراو میعراج) شیعرێکی نوو سیوەو ستای شی گەورەیی پێغەمبەرو بە سەرهاتی ئەو شەوە دەکات، لە بەشێك لەو شیعرەدا دەڵێت:

**بوراقی بەرق ڕەفتاری کــە بـــۆ هێنا ســـواری بـــوو      گــەیشتە "مسجد الاقصی" ئەوەندە نەصی قورئانە**

**کە تەشریفی دەچوو بۆ ئاسمان مژدەی دەدا جوبریل      لــەدەوری شەمعی ڕوخساری مەلائیك بوونە پەروانە**

لەکۆتایدا دەڵێت:

---

[98]- أدبيات فارسی، ردەهاو موضوعات– درون مایەها https://fa.wikipedia.org/wiki

[99]- أحمد مختار عبد الحميد عمر(د)، معجم اللغة العربية المعاصرة، جزء٢... ص١٢٠٦.

[100]- شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی .... ،ل٣٦.

**گـــــولّی گــــولّزاری ئیحسانه حەبیبی شاهی یەزدانە دووری تیجـــانی شاهانه(خلیل الحق)سوبحانە''**[101]

هەروەها دەوترێ (( ستایش بریتییە لە دەرخ ستنی گ شت ئاکامە جوان و سەرنج ڕاکێ شەکان لەکە سێکداو ستای شکردنی،...ئەو سۆزەی کە دەبێتە پالّ پێوەنەرێك بۆ ستایش یان جۆرێکە لە خۆنزیکخ ستنەوە یا قازانج یا بۆ ڕێزگرتنە...لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرێکی دیاری کراونییە، کە بۆ پارە شیعری نوو سیبێ))[102]، بەلاّم ئەگەر سەیری کلا سیکی ئەوروپی بکەین، دەبینین شیعرەکانیان لە خزمەتی چینی دەرەبەگدا بووە و ستای شی دەرەبەگیان کردووە، لەلای شاعیرانی عەرەبیش هەمان حالّەت بەدی دەکرێ و بەزۆری ستای شی پیاوانی دە سەلاّت و میرو پاد شاکانیان کردووە، بۆیە لەو کاتەدا(( شاعیر تە سلیمی ئایدۆلۆژیاو دە سەلاّت دەبێت و خۆیی و شیعری خۆی هەڕاج دەکات و وەکو کەسێکی چاو لە دەست و دەسەندەخۆری دەسەلاّت، ملکەچ و مەلوول و نا چار لەبەر قاپی دەسەلاّتداران دەوە ستێ، تا دە سەلاّت کالاّ شیعرییەکەی پە سەند بکا))[103] ، کە چی دەبینین لای شاعیرانی کورد((ئەو چوارچێوەیە حەرام و قەدەغەیە))[104].

## دووەم: شیوەن و لاواندنەوە:

لە فەرهەنگی خالّدا، لاواندنەوە بریتییە لە((بەسەر مردوودا هەلگوتن بەدەم گریانەوە))[105]. یان لاواندنەوە بریتییە لە گریان بۆ مردوو و دەرخستنی لایەنە باش و چاکەکانی مردووەکە.

لەمەڕ شیعری شیوەن و لاواندنەوە زۆر پێناسە وتراوە ((شیعری لاواندنەوە(Elegy poetry) شیعر یان گۆرانی خەمبارە کە تیایدا خەمو خەفەت دەردەبڕێت بۆ کە سێك کە مردووە، و شەی (elegy) کە و شەیەکی لاتینییە لە و شەی (Elegeion – Elegeia)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە وەك گۆرانییە لاواندنەوەکەی ئێلیگۆس لە سالّی ١٥٠١ز))[106]. شیعری لاواندنەوە یان شیعری پیاهەلّدان بە کۆ چکردوودا هۆنراوەیەکی وتراوە بە سەر کۆ چکردوودا، کە لە هۆنراوەکەدا هەموو چاکەو نی شانەی پیاوەتیو ڕەو شتی بەرزو ئازایەتیو نەبەردی کە سی کۆ چکردوو دەخاتەڕوو و گریان بۆ کە سەکە لە هۆنراوەکەدا گرنگیو بەرزی کۆ چکردوو دەردەخات لە دلّی شاعیرداو هۆگریو خۆ شەوی ستی ئەو کاریگەرییانەی لە هەستو سۆزو بیرکردنەوەو بیرەوەری شاعیردا دروستدەکات.

شیوەن و لاواندنەوە بۆ مردن و چۆنیەتی مردن و ستای شی کۆ چکردوو، هەروەها دەربڕینی غەم و دلّتەنگی و مەینەتە. بە جۆرێکی بەر چاو شیعری لاواندنەوە شیعری وەفایە، ئەو هۆنراوەیە کە لە ناخی شاعیردایەو لە دە ستدان ئەیوروژێنێت، ناڕەحەتییەکان جوانتری ئەکات، چ ناڕەحەتییەك

---

[101] - عوسمان عومەر سەنگاوی، پێغەمبەر(η) لەدلّی شاعیرانی کورددا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی پەیڤ،٢٠٠٢، ل٧٣و٧٨.

[102] - شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ....، ل٣٥.

[103] - حەمەکەریم عارف، دەربارەی شیعرو شاعیری(شیعر کوژی) ٢٠٠٧. کۆمەلّە وتارێك.

[104] - فەرهاد پیربالّ، رێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٩، ل٤٧ .

[105] - دەڕوانرێتە، شێخ محمدی خالّ، فەرهەنگی خالّ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٥، ل٤٢٥ .

[106] - Angela Ester hammer, Romantic poetry, Amsterdam, Philadelphia, John Benjamin publishing company, page ١٩٨ https://books.google.iq/books

**سەختترە لە لەدەستدانی خۆشەویست. ئەم جۆرەی شیعر بە جوانترین هۆنراوە دادەنرێن بۆ پیاهەڵدانی مردوو. لەگەڵ ئەوە شدا شیعری شیوەن بریتییە لە پیاگوتنەوەو یادکردنی سیفاتی با شەی مردووەکە، وێناکردنی بارودۆخ دوای لەدە ستدانی لە نێوان ستایش و لاواندنەوە، ئەوەی وەك جیاوازی هە ستی پێ دەکرێ: ((پیاهەڵدانی مردوو، بریتییە لە ستایش کردنی کۆ چکردوو و جیاوازی لەگەڵ (مدح) واتە ستایش کراو ئەوەیە کە ئەوترێت ئەو (مردووەکە) ئەمە کردارو ڕەو شتی بوو، بەڵام لە ستاي شدا تا ڕادەیەك بەراوردی ئازایی و دلێری و نەبەردی و سیفەتی جوانە، پێوي ستە ئاگاداربیت لە (پیاهەڵدانی مردوو) کە لە مردووەکەدا باسی دەکەین))[107].**

**لە کلا سیکدا لاواندنەوە زیاتر بۆ خۆ شەوي ستان و نزیکانی شاعیر بوو، بۆیە((کەمینەیەکی شیعری لاواندنەوە لە کلاسیکدا بەکارهاتووە بۆ لاواندنەوەی مەرگی کەسێك، دەکرێت بڵێین زۆرینەشی شیعری خۆ شەوي ستی بوون، بەڵام لە ساڵانی دواتردا شیعری لاواندنەوە ڕووی جیاوازی پەیداکرد، لە ئێ ستادا تایبەتە بە مەرگی کە سێکی گرنگی شاعیرەوە کە لێوەی نزیکەو پەیوەندییەکی کە سی یان نەتەوەیی بە شاعیرەوە هەیە. بۆ هەندێ شاعیریش شیعری لاواندنەوە شیعری لەدە ست دانە، کە دەکرێت بە چەند ڕێگایەکی جیاواز ئازارەکەی دەربڕێت))[108].**

**ئەم جۆرە شیعرە لە لای عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا پانتاییەکی فراوانی شیعری گرتبووەوە، لەئەدەبی ((عەرەبی چەندین نموونەی شیعری لاواندنەوە دەبینرێ، بەتایبەت لە سەردەمی جاهیلیەکان))[109]. هەروەها دەبینین، ((بە شێکی هەرە گەورەی شیعری فار سی تا ئەمرۆش بریتییە لە لاواندنەوەو پیاهەڵدان))[110]**

**لەئەدەبی کوردي شدا لەگەڵ هەردوو زاراوەی شیوەن و لاواندنەوە زاراوەی ((ماتەمنامە))[111] بۆ هەمان مەبە ست بەکار هاتووە. بەم پێیە هەردوو زاراوەی شیوەن و لاواندنەوە لە ڕووی فەرهەنگی هەمان واتایان هەیەو لە شیعریشدا(( شیعری (شیوەن)یش وەکو شیعری لاواندنەوە بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتووە...هەردوکیان بە شیعرێك ئەوترێن بۆ مردوو نوو سرابن))[112]. هەر چەندە، ئا شنا جەلال لە نامەی ما ستەرەکەیدا (( چەند خاڵێکی وەك جیاوازی نێوان شیعری شیوەن و شیعری لاواندنەوە نوو سیوە))[113] ، بەڵام ئەوەی خاڵی جەوهەری بێت بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرەی شیعر، تەنها ئەوەندەیە کە لە شیوەندا زیاتر گریانی ناخی شاعیر دەردەبڕێت بەهۆی ئەو و شەو دە ستەواژانەی بەکارهاتوون، زیاتر لە سۆزی گەرمی گریانەوە نزیکن، بەڵام لە لاواندنەوەدا زۆرجار لە پێش گریانەوە،**

---

[107]- أبو هلال الحسن بعبد الله العسكري، الصناعتين، تحقيق/ علي محمد البجاوي ومحمد أبو الفضل إبراهيم، ط١، المكتبة العنصرية – بيروت، ١٤١٩ه، ص١٣١

[108]- JAY PARINI, The Wadsworth Anthology of ........, ٢٠٠٦,p٤٤

[109]- ئاشنا جلال رفيق، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١ز ل٧

[110]- مرثيه و مديحه چيست؟... شعر نو.. خواص و عوام أز نگاه ناسر خسرو(فارسی) پايگاه تربت جام بازيبينی شده در ٢٣ نوامير٢٠١١ www.cloob.com/c/shere_no/٦٢١١٤٨٥٤

[111]- دەڕوانرێتە: مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم....، ل١٩٨.

[112]- ئاشنا جلال رفيق، لاواندنەوە لە شیعری کوردی ... ل١١ .

[113]- دەڕوانرێتە: هەمان سەرچاوە...ل١٢.

**پیاهەڵدان زیاتر زەق دەكرێتەوە بۆ ئەو بابەتەی لاواندنەوەكەی بۆ كراوە، كە مەرج نییە تەنها مردوو بێت، یان تەنها مرۆڤ بێت، هەروەك چۆن شیعری شیوەنیش تەنها تایبەت نییە بەمرۆڤ (واتە تەنها بۆ مرۆڤ ناوترێ)، ئەوەتا لە بارەی شیعری شیوەنی دیلانی شاعیرەوە، عبدوڵلا ئاگرین دەڵێ:((لە شیعری شیوەندا هەستی ناسكی دەروونی وەك پورە هەنگێكی وروژاو باوەش بە سروشتی خاكەكەیا ئەكا))[114].**

**دیلانی شاعیر بە بۆنەی مردنی دۆست و هاورێیانییەوە چەندین شیوەن و لاواندنەوەی هەیە، كە بریتین لە وە سف و ستایش و پیاهەڵدانی زۆر بەرزو جوان. بۆ نموونە بەبۆنەی كۆ چی دوای بێخودی شاعیرەوە پارچە شیعرێكی جوانی بەشێوەی موستەزاد هۆنیوەتەوەو لەبەشێكیدا دەڵێ:**

**فـریشتــە تـك تـك دڵــۆپی چاوی   وەكــو مرواری**
**ئەبارێنە سەر جۆگـــەی زووخـــاوی   بۆ كــوردەواری**
**ئەزانی مەلـــی نـــوكتەو گوفتوگۆ   كۆچی كردووە**
**دەزگاو ترازووی(ئەدەب) ئەڵێ ڕۆ   بێخـود مردووە...** دیوانی دیلان، ل١٨٨

**هێمن(١٩٢١-١٩٨٦) شاعیر لە شیعری ( شینی گۆران)دا ڕایدەگەیەنێ هەموو كورد بۆ مەرگی گۆران شین دەگێڕن و پاشان دێتە سەر پیاهەڵدان و وەسفی گەورەیی گۆران بەم جۆرە:**
**لەبەشیكی شیعرەكەیدا دەڵێ:**

**هـــــەر لـە هەولێرەوە هەتا پاوە**
**نەتەوەی كورد پەشێوە، تاساوە**
**جا چلۆن دڵ بەخەم نەبین، نەگرین؟**
**جا چـــلۆن كۆڕی شینی بۆ نەگرین؟**
**شـاعیرێك بوو بەنرخ و بێ وێنە**
**بیری ڕۆشن بوو چەشنی ئاوێنە**
**شـــاعیرێك بوو بەجەرگ و هەڵكەوتوو**
**پێشڕەوی گەل بوو نەك لەگەل كەوتوو...**[115]

## سێیەم: شیعری داشۆرین

**شیعری دا شۆرین: بەواتای گاڵتەو تانەو توانج و جنێودانە، ((لە سەدەی دووەمی پێش مە سیح جۆڤێناڵ(Juvenal) (دەورووبەری ١٤٠ ی پێش مە سیح) خەریكی چارە سەركردنی دەردی كۆمەڵایەتی و خوو و ڕەو شتی خراپی ئادەمیزادی سەردەمی خۆی بوو، بۆ ئەم مەبە ستە هونەری جنێو و دا شۆرین(هەجوو)ی بەكار هێنا، واتە بە جنێو تیماری ئەو دەردە كۆمەڵایەتییانەی دەكرد))[116]. هەروەها ((دكتۆر (جۆن جە مپ john jump)، كتێبی(Barle sque)ی لە ساڵی (١٩٧٢)دا نوو سی كە**

---

[114] - عبدوڵلا ئاگرین(د)، دیوانی شیعر(محەمەد ساڵح دیلان)، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٢.
[115] - وریا حەبیب، دیوانی هێمن موكریانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٧٠٨ كوردی، ل١٩٨.
[116] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم،....، ل١٦٣.

به شێوەیەکی زنجیرەیی ڕەخنەیی بوو، لەو کاتەدا مەبه ستی دا شۆرین له ئا ستی یەکەمدا بوو لەناو گفتوگۆ ڕەخنەیەکاندا، ئەمەش وەك شێوازێکی ناوازە نەك وەك ناوبانگی خراپ. لەڕا ستیدا (جەمپ) ئەم زاراوەیەی خ ستۆتە ناو (کتێبەك)ەکەی، کە زیاتر له و شەیەکی جۆریو ڕەگەزییە له شێوەی دا شۆریندا. بەردەوام بوونی ئەدەبی دا شۆرین بەتایبەت له سەدەی نۆزدەدا درێژەی کێشایە ناو سەدەی بیستیش، بەڵام بە وشەو زاراوەی نەیارانەوە))[١١٧]

لەئەدەبی عەرەبیدا دا شۆرین (جنێودان): ((یەکێکە له مەبه سته شیعرییەکانی عەرەبی لە سەردەمی نەفامییەوە تا سەردەمی نوێ، ئەو کارەیە کە هێرش دەکاتە سەر بەرامبەرەکەی بە جنێوو ق سەی نا شیرینو گاڵتەجاڕی...هەندێ جار جنێودانەکان سیا سین بەمەبه ستی ق سە وتنە بە کاربەدەستانو بەرپرسان))[١١٨].

لەئەدەبی کوردیشدا هەر چەندە پێش شێخ ڕەزا شاعیرمان هەبووە، ئەم جۆرە شیعرەی وتووە، ((بەڵام ئەگەر بابەتێك هەبووبێت و پێی بووترێ شیعری دا شۆرین، دەتوانین شێخ ڕەزا تاڵەبانی بە شاعیرێکی بەرزی ئەو بابەتە دانێین و شێخ ڕەزا ئەدەبی کوردی لەم بابەتە کە شیعری دا شۆرینە بێبەش نەکردووە))[١١٩]. لەو ساتە بەدواوە هەندێ لە شاعیران شیعری دا شۆرین دەنوو سن، ئەم جۆرە لە شیعر پێچەوانەی پیاهەڵدانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە شاعیر ئەیەوێت ڕقو توڕەیی خۆی بەسەر کەسێکی تردا بڕێژێت. پیاهەڵدان لە سەر هە ستی سەر سوڕمانو ڕێزگرتنەو با سی لایەنە با شەکان دەکات، بەڵام داشۆرین با سی کەسێکی تر بەشێوەیەکی نا شیرینو قسە پێ وتن، باسی عەیبو ناتەواوییەکانی دەکات. ئامانجی هاوبە شی نموونەیی لە دا شۆریندا ئەوەیە تاکەکانو کۆمەڵگا هەردووکیان ئەگرێتەوە. هەندێ جار ڕێکدەکەوێ، شاعیر لە شیعرێکدا مەبە ستی پیاهەڵدان و داشۆرین کۆدەکاتەوە، وەك ((لەم شیعرەی شێخ ڕەزادا هە ستی پێ دەکەین، کە شێخ ڕەزا جارێك داوای کەڵە شێرێك لە نەقیب زادە( سەید نووری نەقیب) دەکا بۆی نانێرێ، و لەو وەختە هەواڵ بە شێخ ڕەزا دەدرێ کە (حە سەنی مەحموود ئاغا) کەڵە شێرێکی چاو کوێرو دوو مری شکی حازر کردووە ئەیەوێ بینێرێ بۆ شێخ ڕەزا، شیخ ڕەزاش شیعرێك بەو بۆنەیەوە ئەنوو سێ و بە شانوباڵی کەڵە شێر و حە سەن ئاغای مەحموود ئاغادا هەڵدەداو هەجووی سەید نوری دەکا))[١٢٠]

ئەو بە هەیبەت کـــەڵەشێرە کە بـــەهەڵمەت شێرە

کەرەمــت کــــــــردووە بـیســــــتوومــە دەسا بینێرە

دوو مـــــریشکی لەگەڵدا کە فریشـــــکی نەکەوێ

خرتی چــەند ساڵیە ئەڵبەت بە مریشـــــکان فێرە

بارەکــەڵڵا حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغـا

---

[١١٧] - Siman Dentith, Parody professor, Second edition, Routledge, ٢٩ west ٣٥th street New York, ٢٠٠٠, page ٨
https://books.google.iq/books?

[١١٨] - أحمد مختار عبد الحميد عمر(د)، معجم اللغة العربية المعاصرة، جزء٣، ط ١، عالم الكتب، ٢٠٠٨، ص٢٣٣٩.

[١١٩] - شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ....، ل٤٨.

[١٢٠] - دەڕوانرێتە، شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی، کوردستان، ٢٠١٣، ل٩٩.

**کەفـــی فەیبازە، دڵـــــی واسیعـــە، چاوی تێرە**

**ئەم هەموو شیعرە کەناردم کەڵەشێرێکی نەنارد**

**جــــــەدی ئەغلایە نەقیب زادەیە خۆی بێ خێرە**

**شاعیری کورد (میرزا خەلیل،١٨٦٣-١٩٢٣)ز، لەگەڕەکی مو سەڵلای شاری کەرکوك لە دایکبووە و لەگەڵ شێخ ڕەزادا لە سەردەمێکدا ژیاون، شیعری دا شۆرینی هەبووەو شەڕە شیعریان لەگەڵ یەکتری کردووە. یەکێك لە هەجووەکانی شاعیر کە سەرنج ڕاکێ شە بەبۆنەی شکاندنی دە ستی مانگاکەیەوە لە لایەن حەمەی گاوان نووسیویەتی و بەم شیعرە هەجووی دەکا:**

**دەك حەمەی گاوان تەن لوخت عوریان بای**

**پەرێ لـــــــوقمەی نان گـــەدای شاران بای**

**تینگ تامـــــەزرۆ ڕســـــوای جـــــــیهان بای**

**سۆچـــــیا و ڕووســــــیای سەقرو نیران بای**

**بۆچ وەقـــــــــەست شکنای دەست مانگاوباز**

**دەك دەس بـــــــڕیا بای وەکارد و میـقراز**[121]

## چوارەم: وەسف

**شاعیری لاتینی((تیرینتیوسTerentius(دەورووبەری ١٩٠-١٥٩ی پیش مە سیح) لە قرتاجە ژیاوە، لەوە سفی خوو و ڕەو شتی ئادەمیزاد سەرکەوتوو بووە، شیعری تەنیا بۆ ئەم مەبە ستە بەکارهێناوە))**[122]**. وە سف ((بریتییە لە وە سفکردنی هەرکەس و شتێك، کە لە دەوروبەری نزیك یان دووری شاعیرن، بە هۆیەك لە هۆیەکان بەڕەوای دەزانێ وە سفیان بکات، ئەمەش شێوازێکی دەربڕینی جوانە...مەرجی شی ئەوەیە، وە سفەکە بۆ شتەکان ناڕا ستەوخۆ بێت نەك پیاهەڵدانی ڕا ستەوخۆ))**[123]**، کۆمەڵێك جوانی هەن، کە سەر چاوەی وە سفن لە شیعری شاعیراندا، ئەوانیش جوانی سرو شت جوانی دیمەنی مرۆڤەکان بەتایبەت لەش و لاری ئافرەتان و جوانی دە ستکرد، ((ڕەهەندی جوانی دە ستکرد: مەبە ست لە جوانی ژینگەی دەستکردە، کە سەراپای ڕواڵەتی دیمەنی شار بەهەموو پێکهاتەکانییەوە، لە شەقام وخانوو...کۆلان و خانووی تازە لە خۆدەگرێ))**[124]**.**

**مەلا محەمەدی مەلا عبدالرحیمی چروستانی(١٨٩٠-١٩٦٣)ز لە ساڵی ١٩٣٢ بە بۆنەی هاتنی بەهارو ڕۆژی نەورۆزەوە شیعرێکی جوانی بەناوی (بەهار نامە)داناوە پڕە لەوە سفی دیمەنی جوان و ڕازاوەی بەهار لە بەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:**

[121] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، ل٥٧٢.

[122] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم... ،ل١٦٣.

[123] - ئیدریس عەبدوڵلا(د). جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٢٨.

[124] - سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی....، ل١٨٢.

چ ڕۆژێکە کـــە دنیـــا پـــڕ لـــە نـــــوورە     چ فەسڵێکە کە سەحرا سەوزو سوورە
ئـــــەمـــە نـــەورۆزە وا عـــالـــەم ســـەراسەر     بە بـوونی ئەو دەماغی بوو (معطر)
ئەمە تەشریفی جەژنی نـــەو بـــــەهـــــارە     کە بێ ڕۆح و بەڕۆح پڕ بەرگ و بارە
لە هــــــەر لایێ تـــەماشـــاکەی گوڵووکە     ســـــەراپا ئاڵ و والا چەشنی بووکە... "[125]

زۆر جار بابەتی وە سف و دڵداری لەبەر نزیکی دەربڕینەکان لە وە سفی دولبەردا وادەکات هیچ شیعرێکی دڵداری نییە، خاڵی بێت لە وە سفی یار، ئەوەتا دکتۆر مارف خەزنەدار لە پێنا سەی وە سفدا دەڵێ: ((وە سف بۆ مەبە ستی وێنەگرتنی دوولبەر لە ڕووی جوانی ئەندامی لە شییەوە بەکار دەهێنرێ، هەروەها با سکردنی و کێشانی دیمەنی سرو شت جێگەیەکی دیاری لە هونەری وەسفدا هەیە، جگە لەوە وەسف خەریکی هەموو ڕووداوەکانی سروشتیشە، وەکو ئاژەڵ و زیندەوەرو ڕووەك و ....هتد))[126].

موفتی پێنجوینی(١٨٨١-١٩٥٢)ز لە   شیعرێکیدا کە بەبۆنەی دەر  چوونی گۆڤاری هەلالەوە نووسیویەتی وەسفی ئەو گۆڤارە بەم جۆرە دەکات و دەڵێ:

**وێنـەی ڕەزی هـــەنگورە چ شیرینـــە لـە پاشا**
**خۆ دیوتە هەوەڵ چەندە کە ترش و ڕەق و تاڵە**
**ئـــــــەم تازە هـــەلاڵە لەنەزەر فیکری ئەدیبان**
**تۆپێکی قەوی جەرگی هەموو قەومی کەماڵە**[127]

## پێنجەم: سەرزەنشت،

سەرزەن  شت: دەربڕینی پە  شیمانیو ئیدانەکردنی کاری خراپە. یان دەوترێ  بریتییە لە ((لۆمەکردنی هەرکەس و  شتێك کە لە دەوروبەری نزیك یان دووری  شاعیرن و بە هۆیەك لە هۆیەکان بەڕەوای دەزانێ لۆمەیان بکات))[128]. سەرزەنشت پەیوەندی بەسکالا لە حاڵی خراپی کۆمەڵگاو سەردەمەوە هەیە، ئەمەش لە هۆنراوەکاندا زۆر دەبینرێت.  سەرزەن  شت هەمی  شە بۆ بەئاگاهێنانەوە و دوور کەوتنەوەیە لە ناتەواوییەکان بەگشتی، سەرزەنشت دوو جۆری هەیە، جۆری یەکەمیان سەرزەنشتکردنی نەف  سی خۆیی، جۆری دووەم  سەرزەن  شتکردنی ناتەواوی و کەم و کورتییەکانی کۆمەڵ و خەڵکی و دەوروبەرو دۆ  ست و برادەرانە، دیارە   شاعیریش وەك هەر مرۆڤێکی تر ئەم حاڵەتە بە  شیعر دەردەبڕێت. سەرزەنشتی دەوروبەر هەندێ جار قاڵبی گلەیی وەردەگرێت لە هەڵسوکەوتێکی بەرامبەر، کە چاوەڕێ ناکرێ لێی بوەشێتەوە، یان چاوەڕێ ناکرێ کارێکی وا ئەنجام بدات.

---

[125] - عبدالرحيم عبدالله چرۆستانی و صالح عبدالله چرۆستانی، دیوانی چرۆستانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٥، ل١٢٨.
[126] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم...،ل١٩٧.
[127] - ئومێد ئاشناو عەبدالکریم موفتی، دیوانی موفتی پێنجوینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشركةالعراقية للطباعة والنشر)،بەغداد١٩٩٠،ل٨١.
[128] - ئیدریس عەبدوڵلا(د). جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی،.... ، ل١٢٩.

ئه سیری(١٨٩٥-١٩٦٢ز) سەرزەنشتی هاوڕێیەکی دەکات کە لایەنگری تورکەکان بووە، لەو سەردەمەدا کەسێك لایەنگری تورکی کردبێ پێی وتراوە(جل خوار) بەشێك لەو شیعرەی بەو بۆنەوە نووسیویەتی:

چەنــــدە پێــــتم وت کــوڕە وازبهێنە لەم جــــلخواری یە
ئاخرو ئەنجامی جلـــــخواری وەهـــا ملـــــخـــواری یـە
ئـــەو نـــەخۆشـــەی دائیمەن دەتگوت زەریفە سیحــەتی
ڕۆژی ئـــەووەڵ پێم گـــوتی بـاوەڕکە دەردی کاری یە
دەست و پێی خۆت بەستەوە تا بووی پەرێشان و ڕەزیل
فائیدەت چی بوو بڵێ توخـــوا ئـــە لـــەم ئێنکاری یە...[١٢٩]

**شەشەم: شانازی:**

شانازی: ((هونەرێکی شیعری لیریکییە و شاعیر شانازی بە خۆی یان بەکارو سیفەتە چاکەکانی خێڵەکەی یان نەتەوەکەیەوە دەکات))[١٣٠]. شانازی کردن، دوو جۆری هەیە شانازی کە سی و شانازیکردن بەنەتەوەوە،(( شانازی کردن بەخۆو خەڵکی دیکە هونەرێکە لەمەبە ستە گرنگەکانی ئەدەبی کلا سیکی کوردی، شانازی کردن لای شاعیران لە خۆیانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە باب و باپیر و هۆزو عەشیرەت و میللەت و نەتەوە))[١٣١]. لە بارەی جۆری شانازی کردن د، شوکریە ئاوا با سی شانازی کە سی و شانازی نەتەوەیی دەکا: (( شانازی کەسیی واتە سەربەست بوونی تاکی، لە پێوەندەکانی کۆمەڵگا و چەسپاندنی خودی...هاندەرێکی تریش هەیە کەوا لە نوو سەر دەکات شانازی بکات بە کۆمەڵگاکەیەوە...سەرهەڵدانی ئەم شیعرە هەر لە کۆنەوە لە ژێر سایەی ئاینیدا سەری هەڵداوە...لە وێنەی سۆزی ڕا ستەڤینەی ئادەمیزاددا ئەم بابەتە درووست بووە))[١٣٢].

شێخ نوری شێخ ساڵح، لە ساڵی ١٩٥٨ لەیادی دە ساڵەی کۆ چی دوای بێکە سی شاعیردا، بەو بۆنەیەوە شیعری (بۆ بێکەس)دەنوو سیت، کە پڕە لە شانازی کردن بە هەڵوێ ستی جوامێرانەی بێکەس کاتێك ڕووبەڕووی(ئەدمۆنس) وە ستایەوەو ئازایانە شیعری (بیـ ست و حەوت ساڵە)ی بەرەو ڕوو خوێندەوە، ئەمەش بەشێکە لەو شیعرە:

بێکـــەس ئەناسن چەند فیداکاربوو بۆ نیشتمانی کە چـــەند بەکـــاربـوو
بۆ سەعادەتی قەومی کورد بێکەس سەرشۆڕی و بەزین لای عەیبو عاربوو... دیوانی شێخ نوری، ل٢٥١

## تەوەرەی دووەم: مێژووی سەر هەڵدانی شیعری بۆنە

### ١- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبی جیهانیدا

[١٢٩] - ئیسماعیل ئیبراهیم(د) ، شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،٢٠٠٨، ل٦٤.

[١٣٠] - د. شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ....، ل٣٠.

[١٣١] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، ل١٠٧.

[١٣٢] - شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ....، ل٣٠و٣١.

**شیعر ئاوێتە بوونە لەگەڵ ژیان، هە ستکردنە بە جوانییەکانی دەورووبەر، درو ستکردنی جوانیش لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد لە سەر ڕووی زەوی بوونی هەبووە لە سروو شت و ڕووداوەکاندا بەدی کراوە، شیعر((گیانی نەمری کلتوری نەتەوەییە، دیوانی هەموو گەلێکە...تۆمارگەی ڕابردوویەتی))[١٣٣]، بەڵام لەبەر ئەوەی کەرە ستەی تۆمارکردن نەبووە، ئەو بابەتانەی لەبارەی بۆنەو ڕووداو و کارە سات و شادی و غەمبارییەکانەوە دەوتران بەردە ست نین، لەکاتێکدا دەبینین((ئەم جۆرە ئەدەبە مێژوویەکی دێرینی هەیەو ڕەگ و ڕیـ شاڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروت و ڕێ و ڕەسمە ئاینی و ئەفـ سانەییانەی...لە شار ستانییەتە کۆنەکاندا پێڕەوی لێ کراوە))[١٣٤]، لەگەڵ ئەوە شدا تۆمارنەکراون و نەماون تا ئەو کاتەی نوو سینی هیرۆگلیفی ((لە وڵاتی میـ سر لە ساڵی (٣٠٠٠)ی پێش مە سیح کەوتە پۆپەو ئەو پەڕی پێشکەوتن))[١٣٥].**

**ڕووداو و بۆنەی خۆش و ناخۆش هەر لەسەرەتای ژیانەوە بەرەو ڕووی ئادەمیزاد بۆتەوەو هەریەکە لە مرۆڤەکان بەجۆرێك ئەو هە ستەیان دەربڕیوە، شاعیران سۆزدارانەتر تەعبیریان لە بۆ چوونەکانی خۆیان کردووە،((کۆنترین شیعرێك کە مێژوو ئاگاداری بێ، ئەو شیعرەیە کە نزیکەی(٢٩٠٠) ساڵ پێش مەسیح، شاعیری سۆمەری(دینجیری دامو) بۆ (ئینتهاب)ی خواژنی لیگش دەلاوێنێتەوەو دەڵێ :**

**داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شار و گەنجینەکان**

**داخی گران! گیانم دەتوێتەوە لە حەژمەت شارەکەم جەرسو...**

**تاکۆتایی ئەڵێ: ئەی گەورە ژنی شاری وەك بیابان و پڕ ترس کەی دەگەڕێیتەوە!))[١٣٦]. شاعیر بەهیوایە خواژنی لیگش بگەڕێتەوەو داگیرکەران دوورخاتەوەو منداڵان لە ژیانی هەژاری ڕزگارکات و بەختیاری لەدەستچوو بێنێتەوە.**

**لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی پێش زاین یۆنان لە هەلومەرجێکی پڕ ئاژاوەو ناسەقامگیردا دەژیا، دواتر ((لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧٠٠-٥٠٠)ی پێش زاین، شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی یۆنان گۆڕانی تەواوی بە سەردا دێت))[١٣٧]، لەبواری ئەدەبیاتدا ((یەکەم جار کاهین و پیاوە ئاینییەکان قاپی ئەدەبیان کردۆتەوە، هاتوون سروودی جەنگ و چیرۆکی پاڵەوانان و بیروباوەڕی ئاینییان خستۆتە قاڵبی شیعر))[١٣٨] دواتر((سەردەمی پاڵەوانی تەقریبەن فەرامۆش دەکرێت و...جێگە بۆ دەربڕینی سۆز و هەستی شەخسی چۆڵ دەکرێت...لەم سەردەمەدا هۆزانی لیریکی دەبێ بەتاقە فۆرمی ئەدەبی باو، چونکە لەبارترین قاڵبە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونی شاعیران))[١٣٩]، لە مەڕ ڕووداو و بۆنەو یادو کارەساتی تازیەباری و شیوەن و لاواندنەوەکان،((هەرچەندە لەوەیە یەکەمین شیوەننامە لە قاڵبی لاوانەوەو تازیەباریدا بووبێ،**

---

[١٣٣]- نووری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٤، ل٩.

[١٣٤]- عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١) ساڵی٢٠١٤،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٣٠.

[١٣٥]- دەڕوانرێتە ، مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم....، ل١٥٥.

[١٣٦]- هەمان سەرچاوە...ل١٥٥.

[١٣٧]- بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف،بەرگی ١، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٨، ل٦٥.

[١٣٨]- عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،١٣٩١ك.هـ ،ل١٠٩.

[١٣٩]- بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف،بەرگی ١...،٢٠٠٨، ل٦٦.

بەڵام ئەم زاراوەیە، لە بنەڕەتدا دەلالەتی لەو شیعرانە نەکردووە، کە بۆ یادی مەرگی دۆستێك گوترابن، بە پێ چەوانەوە، لەوەیە ناوەرۆکی جۆراوجۆری وەکو کەرب و کینە، نەفرەت و یا تەنانەت ڤیان و ئەویندارێ شی لە خۆ گرتبێ))[140]. ئەدەب بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی دابڕاو نییە لە کۆمەڵ و بەردەوام لەگەڵ غەم و شادی و ویست و داخوازییەکانیان دەژی، لە سەرەتاوە شیعرو شاعیران زیاتر بایەخیان بە خێزانە ناودارەکان داوە و بە سەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی ئەوانیان دەگێڕایەوە، (( شاعیرەکان هەرچ بە سەرهاتێکی تراجیدییان ببیٰ ستایە دەیانکرد بە شیعر، لەم سەردەمەدا شیعرە تراجیدییەکان بەسەرهاتی کەسانی نێو خێزانە ناودارەکان وەکو"ئەلکەمێون، ئۆدیب، ئۆریستۆس، میلیاگەر، تیاستیس، تێلەفۆس و کە سانی دیکە دەکەن بە پاڵەوانی گێڕانەوەکانیان))[141]، لە یۆنانی کۆندا: ((ژانری ode(قەسیدە)* هەبووە،...لەکۆندا بەو گۆرانیانەیان دەوت، کە ناوەرۆکێکی ڕەسمی هەبوو(کۆڕ) دەیگوت، دواتر ناوەکەی بوو بەناوی ئەو شیعرانەی کە بۆ نەمرکردن و پیرۆزبایی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ بەتایبەتی سەرکەوتنی جەنگی، یان بۆ ڤارەمانێك دەگوتران))[142].

لە یۆنانی کۆندا جۆرە شیعرێکی لیریکی هەبووپێی دەوترا (میلیك) کە ((لەگەڵ چەنگ و سێتارو تەمورەوە دەخوێنرایەوە، ئەم جۆرە شیعرە... بابەتی هەمەڕەنگی لە خۆ گرتووە، گرنگترین شیعری لیریکی میلیك(مۆنۆدی و کۆڕاڵ)ە.

١- مۆنۆدی(تاك بێژ) بەو شیعرە غەمناکە دەگوترا، کە یەك کەس بەئاوازەوە دەیگوت، سایفۆ، گەورەترین شاعیری هۆزانی لیریکی، لە جۆری مۆنۆدییە، شیعری زۆری هەیە و هەندێك لە شیعرەکانی بریتین لە گۆرانی (موبارەك بێ زەماوەند)، (ماڵاوایی لە دۆ ستان)، ( ستایێ شی جوانی کیژان)، و چەند غەزەلێکی عاشقانە.

٢- کۆڕاڵ: غەزەلی کۆڕاڵ یەکەمجار لە ئە سپارتە و لە سەردە ستی تالیتاس (لە دەوروبەری(٦٧٥)ی پێش زاین ژیاوە) دامەزراوە... شیعری لیریکی کۆڕاڵ جۆری هەیە، گۆرانی شابا شی زەماوەند، سەرکەوتن نامە، تازیەنامە، سرودی پاڕانەوە لەبەر دیونوو سوس، واتە گۆرانی(دیتورامب)* بەناوبانگترین شاعیرانی شیعری لیریکی کۆڕاڵ بریتین لە (ئاریون، سیمونیدس و...پیندار) کە شیعر بەجدی و بەهەند دەگریٰ، جەژن و بۆنە مەزهەبی و ئایینییەکان ناوەرۆکی سەرەکی شیعری ئەون))[143].

سەرەتای هەستکردن بە شیعری بۆنە لە یۆنان ((لە نووسینەکانی (ستاتیوس)ەوە بەدی دەکرێت کە خاوەنی کتێبی (The baid)و کتێبی تەواو نەکراوی (Achilleid)ە، هەروەها لەگەڵ ئەوە شدا کۆکەرەوەی شیعرە بۆنەییەکانە لە کتێبێکدا بەناوی (Silvae)، کە پێکهاتووە لە کورتە شیعری شەش بڕگەیی (Hexameter)و تایبەتن بە بۆنەکانی ژیانی پلە باڵاکان لە کۆمەڵگادا، وەك سوپاس گوزاریو

[140] - هەمان سەرچاوە..، ل٦٦.

[141] - ئەریستۆ، شیعر، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال.... ، ل٣٤.

*- Ode وشەیەکی یۆنانییەو لەسەرەتادا بۆ مانای شیعرێك کە بۆ گۆرانی بشێ بەکارهاتووە.

[142] - پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی....، ل٦٢.

* دیوتورامب، گۆرانییەکی دەستەجەمعییە کە یۆنانییەکان لە جەژنەکانی خوای شەرابدا بەکۆمەڵ و کۆرس گوتوویانە.

[143] - بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان،بەرگی ١...،، ل٦٧و٦٩.

ڕێزگرتنو پە سەندکردنی ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان بە پارێزراوی، کە ئەمەش ژیانی ئەو سەردەمەی نوو سەر دەردەخاتو سەرەکیترین زانیارییە لە سەر بایۆگرافی ( ستاتیوس) خۆی))[١٤٤]. عەلائەدین سەجادیش لە بارەی شیعری یۆنانی کۆنەوە دەڵێ: ((یۆنانی کۆن (کە هۆمیروو سی شاعیر با سی ئەکا) جەژنە پیرۆزەکانیان بە کۆبوونەوەی سەماو گۆرانی و لا سایی درو ست ئەکرد، ئەمانە هەموو گەلێ بەرزتربوون لەو دەورە کە ئادەمیزاد دەشتەکی و کێوی بوو))[١٤٥]. هۆمیرۆس دوو شاکاری گەورەی ئەدەبی هەیە (ئیلیادە و ئۆدیسە) کە ئیلیادەی لە سەدەی نۆیەمی پێش زاین داناوەو ((بریتییە لە (٢٤) سروود و شازدە هەزار دێڕە شیعر، بە شێ لە ڕووداوەکانی جەنگی تەروادە دەگێڕێتەوە، کە لە نێوان گریگ و تەروادییەکانا ڕووی داوە))[١٤٦]. یەکێك لەو مەبەستانەی شیعری بۆنە کە زۆر بڵاوە و لە ئەدەبی یۆنانیدا بایەخێکی زۆری پێ دراوەو یەکێکە لە ژانرەکانی شیعری لیریك ئەویش شیوەن و لاواندنەوەیە، کە کۆمەڵێك شاعیر هەن لە((ئەدەبی یۆنانیدا، ئەرخلوکس و سارفۆ و سیموندس بە شیوەنگێڕان بەناوبانگن))[١٤٧].

شیعری بۆنە بۆ یەکەم جار ((لای (سارفۆ و پیندار) دەرکەوتو دواتریش (ڤێرجیلو هۆراسیش) دە ستیان دایە، بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕا ست و سەدەکانی ڕاپەڕین (Renaissance). ئەو شاعیرانە شیعری بۆنەیان بەکاردەهێنا بۆ وتنی ڕاستیەکان بەرامبەر بە پاشاو دارو دەستەکەی بەزمانێکی شیعریو بە بەکارهێنانی شیعر لەبۆنەکاندا))[١٤٨].

لەئەدەبیاتی ڕۆمانیدا ((تاوەکو پێش سەردەمی لیویوس ئەدەبیاتی ئیتالیا بریتی بوو لە وێردو دوعاو ئاوازی جەژن و هۆزانیی تەنز ئامێز...تا پێش ساڵی(٢٧)ی پێش زاین، بەدەگمەن بەرهەمێکی لاتینی ، چ هۆزان و چ لە پەخشان بەرچاو دەکەوێ کە کاریگەریی ئەدەبیاتی یۆنانی پێوە دیار نەبێ))[١٤٩]. لە گەڵ ئەوەشدا ڕۆمانییەکان توانیویانە سوودی زۆر لەم لا سایکردنەوەی ئەدەبی یۆنان وەرگرن و قۆناغی باشی پێشکەوتنی پێ ببڕن، شیعری بۆنە لای ((ڕۆمانییەکان، زیاتر وەك شیعری سوپاس گوزاری بووە بۆ (ئیمپڕاتۆر دۆمیشتیان) لە کاتی بانگهێشتکردنی شاعیرەکان بۆ نانی ئێوارە لە سەر خوانە گەورەکەی خۆی لە ناو پاڵا سەکەیدا))[١٥٠]. دواتر کۆمەڵێك شاعیری لیریکی بەناوبانگ سەریان هەڵدا کە شیعری بۆنەیان دەنووسی، لەوانە ((کاتولوس(گایوس ڤالیریوس کاتولوس(٨٤-٥٤) پێش زاین) ئەم شاعیرە لە ژێر کاریگەریی گەورە شاعیرانی یۆنانیدا بووە و دوو جۆر شیعری نووسیوە (شیعری درێژ و شیعری

---

١٤٤- United states of America , Bryan Stharkis Harsio, The Edinburgh companion to ancient Greece and Rome, ٢٢ george square, Edinburgh, Edinburgh University press,٢٠٠٦,page٣٢٧ https://books.google.iq/books?

١٤٥- عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی...، ل١١٢.

١٤٦- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم...، ل١٥٩.

١٤٧- رەئووف عوسمان(د)، ئاسۆیەك بۆ ڕەخنەی...، ل٢١١.

١٤٨- J hn Wiely and Sons- A companion to literary poem production- North America,United States-٢٠١٢ page٣٤

١٤٩- بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، بەرگی ١...، ل١٣٨.

١٥٠- Peter J. Aicher, Rome Alive: A Source-Guide to the Ancient City: Bolchazy-Craducci, publisher: LTD, United States of America, ٢٠٠٤

کورت) شیعره درێژەکانی کاتولوس بریتیین لە دوو شیعری شایی و زەماوەند و شیعرێکی غەزەل و...پێنج شینامە هەرچی سەبارەت بە شیعرە کورتەکانیشی نزیکەی (٦٥) غەزەلە کە لە چوار گرووپدا ڕیزبەندی دەکرێن، لەوانە شینامەکان، ناوادارترینیان شیوەنێکە بۆ براکەی))[١٥١].

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی شیعری بۆنەیان نوو سیوە، ڤیرجیل(٧٠- ١٩)ی پێش زاین، ((بە یەکێك لە گەورە شاعیرانی ڕۆمی دادەنرێت...لاواندنەوەیەکی شوانکاریی نوو سیوە، کە (موپ سوس بۆ مەرگی دافنیس) دەلاوێنێتەوە))[١٥٢].

هۆراس شاعیرو ڕەخنەگری بەناوبانگی ڕۆمانی (٦٥- ٨)ی پێش زاین، یەکێك لەبەرهەمە گرنگەکانی ( سروودی سەرکەوتن)ە ئەم (( سرووده بەبۆنەی ئەو جەژنە گەورە نەتەوەییەوە کە ئوگو ستوس ڕایگەیاندبوو لە ساڵی(١٧) ی پێش زایندا گوتراوە و بەو مەبە ستە دانراوە کە کۆر سی کورو کچ بە کۆمەڵ و وەکو کۆراڵ بیڵێن. هۆراس لەم سروودانەدا ستایشێکی زۆری ئوگوستوس و ڕۆم دەکات))[١٥٣].

لەئەدەبی چینیشدا شیعری بۆنە بایەخی هەیە و شاعیریان بەلاوە پایەدارە، ((لەسەردەمی خانەدانی تانگ(٦٠٠- ٩٠٧ ز)کە یەکێکە لە سەردەمە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی چین و لەو سەردەمەدا شاعیری بەناوبانگی چینی پو چو-ئی(٧٧٢-٨٤٦ ز) بەزمانێکی سادەو ڕەوان شیعرەکانی دەهۆنییەوە و کۆمەڵێك شیعری بۆ بۆنەکان نوو سیوە،... جەماوەریترین شیعری (پو چو-ئی) شیعرە سۆزداری و وە سفییەکانی ئەون(کیژی عودژەن) وە سفی جوانی کیژێکە کە بە گۆرانییە خەمین و جوانەکانی خۆی گوهداران دەخاتە گریان.(خەتای جاویدانی) وەسفێکی پڕ هەست و سۆزە سەبارەت بە گەیشتنە دەسەڵاتی (یانگ کوئەیی- فەئی)...مەرگی یانگ و پەیامێکی خەمین کە لە جیهانی ڕوحانەوە دەبینرێ، هەندێ شیعری جوانی دیکەی پو چو-ئی بریتین لە بیرەوەری زەنگانی زێڕین، دەربارەی ک چەکەی خۆیەتی کە لە سێ ساڵیدا مرد، خەڵفی حەیزەران، تەماشای دروێنەکەر))[١٥٤].

لە دانیمارك ((شیعری بۆنە تەنها دوای پێنج ساڵ لە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەو گۆڤار دەرکەوتو وەك ئەدەبێکی فراوان هاتەکایەوە بەناوەرۆکێکی پسپۆڕانەوە، یەکێك لە نموونەکانی شیعری بۆنە بریتییە لە کتێبی ( شانۆیی دانیمارکی)ی هۆڵ بێرگو هەروەها شیعرە ئەڵمانییەکەی (جۆهان ئەڵریچ)و چەندەها نموونەی تر. لەو سەردەمەدا شیعری بۆنە چەندین جۆری جیاوازی شیعری لە خۆگرتبوو، وەك شیعر بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری، شیعر بۆ پرسەو ناخۆشیو ....هتد))[١٥٥].

---

[١٥١] - بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان،بەرگی ١...، ل١٤٩.

[١٥٢] - دەڕوانرێتە :هەمان سەرچاوە..ل١٦٣.

[١٥٣] - هەمان سەرچاوە ...، ل١٦٩.

[١٥٤] - دەڕوانرێتە :هەمان سەرچاوە.. ل٢١٠.

[١٥٥] - Swen Hakon Rossel, A history of Danish literature- Lincoln, London, University of Nabraska press, ١٩٩٢, Page١٣٩

لە ئەوروپا، نموونەی دیاری ئەدەبی ئینگلیزی (جۆن درایدن)ە کە ((لە بۆنەکاندا شیعری نووسیوەو کۆتا شیعری بۆنەی بریتییە لە (بۆ هاوڕێی ئازیزم کۆن گریڤ) لە ناو دەقە کۆمیدییەکەیدا بەناوی (Doulde Dealer) کە لە ساڵی (١٦٩٩)دا نووسیویەتی واتە ساڵێك پێش مردنی))[١٥٦].

ئەلیساندرۆ مانزونی(١٧٨٥-١٨٧٣ ز) شاعیری بەناوبانگی ئیتاڵی، یەکەم هۆنراوەی لیریکیی لە ساڵی (١٨٠٦)ز هەندێ شیعری بێ قافیەی ((دەربارەی بەرەڤانی لە دایکی و ئا شقە مردووەکەی دایکی نوو سی...لە فا سیڵەی (١٨١٢-١٨٢٢) دا پێنج سروودی ئاینی بەبۆنەی جەژنەکانی کڵێ ساوە نوو سی: جەژنی مژدە، ئادڤێنت، پا سیون، ڕابوونی پاش مەرگی عی سا، جەژنی پەنجامیینە... بەناوبانگترین شیعری مانزونی، هۆزانی پێنجەمی مای سە، کە لاواندنەوەیەکی دلگیرەو لە ساڵی (١٨٢١)دا بە بۆنەی مردنی ناپلیۆنەوە گوتراوە))[١٥٧]. هەروەها شاعیری گەورەی سەردەمی ژیانەوە(ڕێنیسانس) ((جان کۆ چانوو سکی دوو کتێبی بڵاوکردەوە لە سەر شیعری بۆنە، ئەمەش لە دوای نوو سەرە ئەنا سێرۆنییەکانی* یۆنانەوە))[١٥٨]. هەروەها (( سێلما لاگێرلۆفی ماریاکایی سویدی یەکێك بووە لە نوو سەرە دیارەکانی شیعری بۆنە لە ئەوروپا، کە زۆرینەی شیعرەکانی تایبەت بوون بۆ بۆنەو ساڵیادو ئاهەنگەکان))[١٥٩]. بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا لە سەدەی شانزە بەدواوە شیعری بۆنە لەفۆرم و ناوەرۆکێکی تایبەتدا مەییوە،((بەنموونە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا لەڕابردوودا چەند نموونەی شیعری ماتەمنامەی ناودار هەبووە، لەوانە ماتەمنامەی تێنی سۆن))[١٦٠]

لە ئەدەبیاتی ڕووسیشدا بەهەمان شێوە شیعری بۆنە جێگەی بایەخی شاعیرەکان بووە و یەکێك لەو شاعیرانەی شیعری بۆنەی هەبووە میخائیل یوریڤیچ لیرمانتوف(١٨١٤- ١٨٤١ی ز) ئەم شاعیرە لە (( ساڵی١٨٣٧دا بە بەیتی توند و ئاگرینی مەرگی شاعیرێك، کە بۆ مەرگی پۆ شکینی گوت، بە توندی هێر شی کردە سەر ئەنجوومەنانی دەربایی لەبەر بەڕەوا زانین و چاوپۆ شی کردن لە کو شتنەکەی))[١٦١]، هەروەها ((لە شیعری میللی ڕوو سی شدا شێوازی لاواندنەوە بەکار هاتوو و لە ئەدەبیاتی کۆنی ڕوو سیدا چەندین دەقی لاواندنەوە بەرچاو دەکەون وەکو لاواندنەوەکەی شاژنی مۆسکۆ))[١٦٢]

## ٢- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا:

**شیعری بۆنە لە ئەدەبی عەرەبیدا:**

---

[١٥٦]- David Daiches, Critical History of English Literature, Second edition, Heredia marg, Ballad Estate, Mumbai,١٩٦٠, page٥٦

[١٥٧]- بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف،بەرگی ٢، چاپخانەی خانی دهۆك٢٠٠٨، ل٤٩.

*- ئەناسێرۆنیەکان/ لایەنگرانی شاعیری گەورەی یۆنانی (ئەناسێرۆن)ن کە زیاتر شیعرەکانی لەبارەی سۆزو ڕێزو خۆشەویستین و لەو بۆنانەدا شیعری نوسیووە.

[١٥٨]- Sandra Sider, Handbook to Life in Renaissance Europe, First edition, Oxford New York, ٢٠٠٥, page١١٣

[١٥٩]- Theo d'. Hae, Literature for Europe?, Netherland, ٢٠٠٩, page٣٢٥

[١٦٠]- عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١ی...، ل ١٣١.

[١٦١]- بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان،بەرگی ٢...، ل٣٩١.

[١٦٢]- ئاشنا جلال رفیق، لاواندنەوە لەشیعری کوردی....، ل١٦.

لەبارەی ئەدەبیاتی عەرەبییەوە، دکتۆر کامیل بە سیر دەڵێ:((مێژوو نوو سەکانی هۆنراوەی عەرەبی نەیان توانیوە سەرەتایەکی مێژووی سەردەمی پەیدابوون و لە دایك بوونی هۆنراوەی عەرەبی دە ستنیشان بکەن، هۆی ئەم نەتوانینەش لەوەوە هاتووە: نەتەوەی عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا کە سەردەمی پێش پەیدابوونی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە بەدەگمەن هۆنراوەی شاعیرەکانی تۆمارکردووە))[١٦٣]، بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغی سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی شیعری عەرەبی هەندێ لە توێژەران بۆ چوونیان وایە کە، ((هۆنراوەی عەرەبی لە سەرەتای پەیدابوونیدا بە هۆنراوەی ڕەجەز دەستی پێکردووە. هۆنراوەی ڕەجەزیش چەشنێکی سادەیە لە هۆنراوەی عەرەبی ... ناوەرۆکەکەی بەزۆری گۆرانی ئیشکردنەو یابەتەکانی بۆ خەمڕەوێنی و هیلاکی دەرکردن دەهۆنرێتەوە...دوابەدوای رەجەز هونەری قەصیدەی عەرەبی لەدایك بوو...مێژووی سامانی هونەری رەجەزو قەصیدەی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیدا لە سەدو پەنجا ساڵی پێش پەیدابوونی ئاینی ئیسلام تێ ناپەڕێ))[١٦٤]، لەگەڵ ئەوەی رەجەز شیعری بۆنەو کارکردن بووە، سەرهەڵدانی قەصیدەی عەرەبیش لەو سەردەمە خاڵی نەبووە لە باسکردن و گێڕانەوەی بۆنەو ڕووداو و کارەساتەکان، شاعیر لە بۆنەکاندا دەنگی بەرزو سۆزی گەرمی خێڵەکەی بووە، ((عەرەبەکان لە سەردەمی جاهیلیدا خاوەن بەهرەیەکی مەزن بوون لە هۆنینەوەی شیعردا، بابەتەکانی ئەو سەردەمەش بەزۆری بریتی بوون لە دڵداری و وەسف و ستایش و دلێری و لاواندنەوەو داشۆرین))[١٦٥]، لەسەردەمی جاهیلیدا(( شاعیر دەبووایە خزمەتی هۆزەکەی و باس لە کێشەو سەرکەوتنی هۆزەکەی بکاو زمانحاڵ و نوێنەریان بێت لە کۆبوونەوەو ئاهەنگەکاندا...شاعیران بە وێنەگرتنی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە عەرەب تیایدا دەژیا، جوانترین دەقی شیعرییان داهێناوە))[١٦٦].

قەسیدەی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلی دەبوو سێ مەبەستی سەرەکی لە خۆیدا کۆبکاتەوە، سەرەتا باسی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانیان و دواتر بۆ وەسف و دڵداری و پاشتر باس لەو بۆنەو مناسەبات و مەبەستە سەرەکییەی کە قەسیدەکەی بۆ دەنووسرا، بۆیە، (( شاعیران بۆ ڕازاندنەوەی قەسیدەکانیان سەرەتا بە گریان لەسەر پاشماوەو شوێنەواری بە جێماو ئینجا بۆ وەسفی گەشتی بیابان و ئەسپ و یان حوشترەکانیان...ئینجا چوونەسەر مەبەستی سەرەکی قەسیدەکە، جا مەبەستەکە هەر بابەتێك بێت لە ستایش، داشۆرین، شانازی، لاواندنەوە، شەڕو شۆڕو هاندان))[١٦٧].

دەبینین زۆرترین شیعری عەرەبی لە سەردەمی جاهیلی بۆ بۆنە بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری ناوەرۆکی شیعری سەردەمی جاهیلی بریتی بووە لە باسکردنی بۆنەی خۆش و ناخۆش بە تایبەت لاواندنەوە، کە ((لە سەردەمی جاهیلیدا پلەو پایەیەکی دیاری هەبووە و بەرز نرخێندراوە یان بەشیوەیەکی گشتی شیعری فەخر و مەدح و ماتەمنامە(مەرسیە) وەکو سێ مەبەستی سەرەکی شیعری

[١٦٣] - کامیل حسن بصیر(د)، ڕەخنەسازی" مێژوو...، ل٣٢.

[١٦٤] هەمان سەرچاوە.. ل٣٣.

[١٦٥] - ابراهیم احمد شوان(د)، سۆفیگەری...،ل١٩١.

[١٦٦] - نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر...، ل٢٦.

[١٦٧] - هەمان سەرچاوە.. ل٢٦.

کۆنی عەرەبی لەیەك چوار چێوەی گ شتیدا کۆدەکرێنەوە، لە بابەتەکانی تر زیاتر بە چاوی ڕێزەوە سەیرکراون بە شێکی گەورە لە شیعرو دیوانی شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و کلا سیکی عەرەب پێکدەهێنن))[168]. ئەم جۆرە شیعرە هەر لەو سەردەمەوە زۆر لە شاعیرانی پێ بەناوبانگ بووە بەتایبەت شاعیرە ئافرەتەکانی عەرەب، نموونە (تماضـر بنت عمرو) نا سراو بوو بە (خنســاء )، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەتینی بەوەوە هەیە، کە بابەتی شینگێڕی و لاواندنەوە زیاتر پێ شەو کاری ئافرەتانە، لەبارەی کاریگەریی زیاتری شیوەن و لاوانەوە لای نوو سەر و شاعیرە ژنەکان، شاعیری ئینگلیزی ((ولیام وردس ورث١٧٧٠-_١٨٥٠) لە ناو کتێبە شیعر یە لاوا ند نەوە کە یدا بە ناوی (Effusion) Extempore جەختی کردۆتە سەر قور سیو ناڕەحەتی ژیانی ژن، چونکە لە((ڕووی هە ستیشەوە ژن لەناو شیعری لاواندنەوەدا دە سەڵاتیان بە سەرداگرتووەو شیعرەکانیان وەك لاواندنەوە نوو سیوە))[169]. ئەوەتا وەك دەبینین ((ژنە شاعیری دیارو ناوداری عەرەب (خنســـاء ) کە لە ساڵی (٢٤) ی کۆ چیدا مردووە، هەموو دیوانەکەی لەو شیعرە شینگێڕیانە پێکهاتووە کە لە سوێی مەرگی هەردوو براکەیدا هۆنیونییەتەوە))[170].

لە سەردەمی جاهیلی مەبە ستی گرنگ و دیار لە هۆنراوەکانیان بۆ هاندانی جەنگاوەران لە شەڕو زیندوو ڕاگرتنی بۆنەو مو نا سە باتی خێڵە کانیان و هەجووکردنی دوژمنانیان و شا نازی کردن بە سەرکەوتن و پاڵەوانی هۆزو تیرەکانیان، تا ئەو ڕادەیەیی شیعرە لاواندنەوەکانیـ شیان، جگەلە دەرخ ستنی خەم و نا سۆرو ناڕەحەتییەکانی دڵی شاعیرو کە سوکاری مردووەکە ئەرکی: ((وروژاندنی هۆزی بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی پاڵەوانەکان لە دوژمن و هاندانی ڕۆڵەکانیان بۆ چوونە شەڕو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان پێ بینراوە))[171]. دیارە تێڕوانین بۆ بابەتی شیعر و شاعیران و مەبە ستی شیعرو ناوەرۆکی شیعرەکانیان بە هاتنی ئاینی ئیسلام چووە قۆناغێکی تر، چونکە سەرهەڵدانی ئیسلام واتە سەرهەڵدانی بیرێکی نوێ، کە هەڵگری پەیام و بانگەوازێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری بوو، خوێندنەوەی تازەی بۆ سەرجەم واتاو دەلالەت و مەبە ستەکانی ژیان هەبوو، ئاینێکی گ شتگیرو هەمەلایەن بوو، لە سەر بن چینەی باوەڕ بوون بەتەنهایی خوای گەورەو مل کە چکردن بۆ فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو قەدەغەکراوانەی بە پێی بنەماکانی ئیسلام دیاری دەکرێن، هاتنی ئاینی ئیـ سلام بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێکی نوێ بوو، کە بە شێوەیەکی گ شتگیر لە سەر سەرجەم کایەو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا ڤ سەو ڕا سپاردە و ئاڕا ستەی هەبوو، تا کۆمەڵگایەکی ئا سوودە و نموونەیی وەك ئەوەی پەیامی ئاینەکە دەیەوێ درو ست بکات، ئاینی ئیـ سلام بانگەوازی دەکرد بۆ یەکـ سانی مرۆڤەکان و توندووتۆڵکردنی پەیوەندی نێوانیان، نەهێـ شتنی دووبەرەکی نێوان خێڵەکان و کاڵکردنەوەی ڕیـ شەی دەمارگیری و درو ستکردنی برایەتی و خوێندنەوەی

[168] - عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١ی...، ل ١٣٠.

[169] - Angela Ester hammer, Romantic poetry, Amsterdam, Philadelphia, John benjamin publishing company, page١٩٨

[170] - عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری ...، ل ١٣٠.

[171] - نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر...، ل٢٧.

تازه بۆ ژیان و حەتمیەتی مردن و زیندووبوونەوە، ئەمانە هەموو گۆڕانی گەورەیان لە سەرجەم بوارەکاندا دروستکرد و ئەدەب و شیعریش یەکێك بوون لەو بوارە زیندووانەی پەیامی تایبەتی لە بارەیانەوە هاتەخوارەوە: ((هەرکە ئیسلام لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا سەری هەڵدا بارو زروفێکی نوێ هاتە ئاراوە و زۆر نەریت و ڕەوشتی جاهیلی ڕەتکردەوەو هەندێکیشی وەکو خۆی هێشتەوە، هەندێکیشی دەستکاری کرد و وای لێکرد کە لەگەڵ پرۆگرامی ئیسلامدا بگونجێت لەو سەردەمەدا شیعر باوبوو لە گوڕی خۆی نەکەوتبوو))[172]، لە بەر ئەوەی شیعر ڕۆڵی گەورەی دەبینی و شوێنی تایبەتی هەبوو لەو سەردەمەدا، هەر کە قورئان هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر، نەیارەکانی بۆ ئاسایکردنەوەو کەمکردنەوەی سەنگی پەیامە پیرۆزەکەی لەوەی کە دەقێکی ئاسمانی نییەو پەیوەندی بە خوداوە نییە، وایان ڕاگەیاند کە ئەوەی موحەمەد (ﷺ) بانگەوازی بۆدەکات و دەڵێ: قورئانە، ئەوە شیعرەو موحەمەدیش شاعیرە، خوای گەورەش ئاوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە {وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ} (یس ئایەتی٦٩) ، خوای گەورە بە ئایەتەکانی سورەتی (الشعراء) شاعیرانی پۆلێن کرد- { وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ (٢٢٤)أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ (٢٢٥)وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ (٢٢٦)إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانْتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا ۗ وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ(٢٢٧) }

ئاشکرایە ئیسلام ((هەموو جۆرە شیعرێکی سەردەمی نەفامی ڕەتنەکردۆتەوە و جاڕی شەڕی لەگەڵ تێکڕای شاعیرانی جاهیلی نەداوە، ئیسلام بە ڕێزەوە نۆڕیویەتە ئەو شاعیرە جاهیلیانەی کە داوای ڕەوشت و رەفتاری بەرزی مرۆڤایەتیان دەکرد، بەنموونە پێغەمبەر (ﷺ) تابلێی شیعرەکانی(ئومەییەی کوری ئەبوسەڵت و نابیغەو ئەبوکەبیری هەزلی و تورفەی کوری عەبدە)ی بە دڵ بووە، لەکاتێکدا هەر چواریشیان بێ باوەڕبوون))[173]. شیعری سەردەمی ئیسلام، ئەرکی بانگەشەی ئاینی کەوتە ئەستۆ: ((کەواتە دەتوانین بڵێین شیعر لەسەردەمی ئیسلامەتیدا ئەرکی چاکسازی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی پێ بینراوە))[174]. لێرەدا دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە شیعری بۆنە بەتایبەت شیعری شیوەن ولاواندنەوە لە سەردەم و قۆناغی یەکەمی ئیسلامەتی ڕووی لە کزی کرد، ئەویش ((لە سۆنگەی ئەوەی زیاد پێ لەسەر دەمارگیری هۆزایەتی دادەگرێ و هاندەرە بۆ شەڕو شۆڕو تۆڵە سەندنەوە))[175].

لە کاتێك پێغەمبەر(د.خ)کۆچیکرد بۆ مەدینە، لە پێشوازیدا ژنان و گەنجانی ئەو شارە بەو بۆنەیەوە هۆنراوەی ((طَلَعَ الْبَدْرُ عَلَيْنَا - مِنْ ثَنِيَّاتِ الْوَدَاعْ - وَجَبَ الشُّكْرُ عَلَيْنَا - مَا دَعَا لِلَّهِ دَاعْ))[176]یان دەوتەوە.

لە سەردەمی پێغەمبەردا شیعری بۆنە وەك شانازی و ستایش بۆ سەرکەوتنی باوەڕداران لە جەنگەکاندا دەوتران، هەروەها شیعر بۆ هاندانی خەڵکی بۆ هاتنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەوترا: ((ئەگەر لە دیوانەکەی(حسان کوڕی سابت) وردببینەوە، ئەو ڕاستیەمان بۆ بەدەر دەکەوێ کە (حسان)

---

[172]- ابراهیم احمد شوان(د)، سۆفیگەری...ل١٩٠.

[173]- إدريس الناقوري(د)، قضية الإسلام والشعر،ط١، الدار البيضاء، دار النشر المغربية، ١٩٨٢.ص٣٢.

[174]- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر...، ل٢٨.

[175]- عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری...، ل ١٣١.

[176]- أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي، البداية والنهاية، المحقق: علي شيري، جزء٢، ط١، دار إحياء التراث العربي، ١٩٨٨ م، ص٢٤١.

پێ بە پێ شیعری لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی ئەم گۆڕانکاریانەدا گوتووە))[177]. و لەلایەنی ((دا شۆرینەوە جگە لە واتا کۆنەکانی سەردەمی جاهیلی هەندێ واتای نوێی ئیسلامیش پاڵپشتی کرد وەکو تاوانبارکردنی بتپەرستەکان بە کوفرو...تر ساندنیان بە سزای خوا، بەڵام لەلایەنی لاواندنەوەوە گۆڕانی زۆر بنەڕەتی بەسەردا هات و کەوتە چوار چێوەیەکی ئیسلامییەوە))[178]. لە پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)، ((شیعری(الحزن)یش هاتەکایەوە، کەبریتی بوو لە لاواندنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) دوای مردنی))[179]. عومەری کوری خەتابیش یەکێك بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر، زۆر حەزی لە شیعر بوو: ((گرنگی بە ڕەخنەو گێڕانەوەی شیعر دەدا، بگرە لە هەر بۆنەیەك و گفتوگۆیەکدا(عومەر)(ر.خ) شیعرێکی دەربارەی دەگوت)) ئەوەتا لەبۆنەی: ((رزگار کردنی (مەککە)دا ئەم شیعرەی خۆی خوێندەوە: الم تر أن الله أظهر دینه ، على كل دین ذلك حائد))[180]. علی کوڕی ابی تالبیش شیعر دۆست و ڕەخنەگری سەردەمی خۆی بوو، شیعریشی دەهۆنیەوە، بۆ نموونە لەکاتی دروستکردنی یەکەم مزگەوت لە مەدینە دەیگوت: ((لایستوى من یعمر المساجد ، یدأب فية قائیما و قاعیدا، ومن یرى عن الغبار حائد))[181].

لە سەردەمی ئەمەوییەکانیشدا شیعری بۆنە گرنگی هەبوو و لە پێناوی بەهێزکردنی دەسەڵات و مانەوەیاندا بایەخیان بە شیعرو شاعیران زۆر داوە، هانییان دەدان بۆنووسینی شیعر لە بۆنەکاندا، لە سەردەمی عەباسییەکاندا شاعیری زۆر بەتوانا پەیدابوون و بەسەر دووبەرەدا دابەش بووبوون، بەشێکیان لە شاعیرانی دەرباری دەسەڵات بوون و ئەوانی تر بەرهەڵستکاربوون: ((شاعیرانی عەباسی لە جەنگەکانی ڕۆمدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، کە بە شیعرە ئاگرینەکانیان هانی موسڵمانیان دەداو سەرکەوتنەکانی موسڵمانانیان بەشێوەیەکی جوان بە شیعرەکانیان دەڕازاندەوە، لە پێشەوەی هەموویان شاعیری گەورە ئەبولعەتاهیە))[182] هەر لەو سەردەمەدا دەبینین، ((ئیبن رۆمی لە سەردەمی عەباسییەکاندا بەکوڵ شیوەن بۆ شاری بەسرە دەکات))[183]. لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکان و دوای ئەوانیش بەردەوام شیعری بۆنە نووسراوە و وەك یەکێکیش لە مەبەستەکانی شیعری بۆنە کە بەردەوامی هەیە، ستایش و پیاهەڵدانە لە بۆنە ئاینییەکانی وەك مەولودنامەی پێغەمبەرو مناسەبەتەکانی تر.

**شیعری بۆنە لە ئەدەبی فارسیدا:**

یەکەمین شاعیرانی فارسی زمان ((مەبەست لە پارسی دەری و بەرامبەر فارسی میانەیە لەسەردەمی (یعقوب لیث صفاری) دەرکەوتن، هەر چەندە نموونەکان لە شیعر بەزمانی فارسی دەری،

[177] - علی صالح میران، پەیوەندی نێوان...ل٢٦.
[178] - ابراهیم احمد شوان(د)، سۆفیگەری...ل١٩٥.
[179] - هەمان سەرچاوە...ل١٩٤.
[180] - علی صالح میران، پەیوەندی نێوان ...ل٣١.
[181] - هەمان سەرچاوە...ل٣٢.
[182] - هەمان سەرچاوە...ل٩٦.
[183] - ڕەئووف عوسمان(د)، ئاسۆیەك بۆ ڕەخنە...، ل٢١١ .

له پێش ئەم سەردەمەوە بوونی هەبووە))[184]. هەندێ لە شیعرەکانی بۆنەی خۆشبەختی مرۆڤ باسدەکا: شیوەن و لاواندنەوە لەو سەردەمەدا ((لەئەدەبیاتی فار سیدا زیاتر لە ژێر کاریگەریی ماتەمنامەی سەرایانی عەرەبدا بووە و هەر لە دەورانی سەرەتای ئەدەبیاتی فار سی دەرییەوە، ئەم بابەتە شیعرییە بەدی دەکرێت، لەو ناوەدا (ڕۆدەکی شاعیر لە ساڵی(٢٤٤-٣٢٩) کۆچی ژیاوە) بە سەرامەدی شاعیرانی فارس لەقەڵەم دەدرێت کەلەو بابەتە شیعریان داناوە، لەو بوارەدا ئەو شیعری ماتەمنامەیەی کەوا (فەرخی سیستانی کەلە (٤٢٩)ی کۆچی دا مردووە) بۆمەرگی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی گوتویەتی بە بەهێزترین بابەتی شیعری ماتەمنامە دەناسرێت، لەئەدەبی فارسیدا))[185].

بە شێکی هەرە گەورەی شیعری فار سی بریتییە لە لاواندنەوەو پیاهەڵدان لە بۆنەکاندا، قەصیدەی فار سی قاڵبی تایبەت بووە بە پیاهەڵدان، گەورەترین ستایش نوو سە سەرەتاییە فار سەکان لەسەردەمی غەزنەوییەکاندا (٩٦٣-١١٨٧ز) ژیاون. شیعری فارسی بەتایبەت لە شیعری (لیریکی)دا هەر لە کۆنەوە بەرز ڕاگرتنی بۆنەکان بوونی هەبووە، بەدەربڕینی سادە هەستەکانیان دەربڕیووە، هەر لەم بابەتانەدا ((لەسەدەکانی حەوتەمو هەشتەمدا شاعیرانێکی وەك (خواجەو و سەلمانو بەتایبەت حافز) توانیویانە خاڵی زۆر ورد لە وشەکانیاندا بگونجێننو خوێنەرەکەیان تووشی سەرسوڕمان بکەن، وە ئەم توانا جادووییەیە کە هۆکارێکی گرنگە تا شوێن پێ هەڵگرانی ئەوان بە تایبەتی شەیدایانی حافز، ڕێڕەوی ئەو لەو شێوازەدا بگرنە بەر))[186]، گرنگی شیعری بۆنە لە ئەدەبیاتی فار سیدا بە جۆرێك بەردەوامی هەبووە، کە سەرهەڵدانی جۆرێکی تربوو وەك بۆنەیەکی ئاینی ، ((لە شیعری ماتەمنامە لەئەدەبی فار سی... کە لە تازیەباری ئیمامانی شیعەو ئەندامانی ئالی بەیتی پێغەمبەرەوە گوتراون و بە ماتەمنامەی مەزهەبی دەنا سرێت، ئەمە لایەنێکی گەورە لە شیعری فار سی دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی پێك دەهێنێت، سەر چاوەکان ئاماژە بۆ شیعرێکی تەرکیب بەندی (موحتە شەمی کا شانی لە ساڵی٩٩٦ی کۆ چی مردووە)دەکەن...کە بۆ شین و ماتەمی دوانزە ئیمامەکانی شیعە هۆنراوەتەوە))[187]. شایەنی ئاماژە پێ کردنە، ئەوەی کە تائێستاش لەئەدەبی فار سیدا بەر چاو دەکەوێ، ئەو گرنگییە لە ڕادەبەدەرەی ئەدەبیات و شیعری فار سییە بە بۆنە و یادی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. بەردەوام شاعیرانیان شیعر بۆ ئەو بۆنانە دەنووسن بە تایبەت شیوەن و لاوانەوەی ئیمامەکانیان و گێرانی کۆڕو مەرا سیمی جەماوەری گەورەی ساڵانە، کە وەك نەریت و کلتورێکی مەزهەبی پیرۆز سەیردەکرێ لە بۆنەکاندا.

## ٣- سەرهەڵدانی شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا:

### أ- بۆنە لە شیعری فۆلکلۆردا:

[184]- سیروس شمیسا(د) ، انواع أدبی، ویراش سوم، چاپ نهم، انتشارات فردوس، تهران١٣٨١.ص٤٣.

[185]- عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری ...، ل ١٣١.

[186]- قربانی- کتابخانه تخصصی أدبیات- تأریخ ادبیات فارسی، سه شنبه ٢٦ اردیبهشت١٣٩١هـ.ش.

[187]- عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری...، ل ١٣١.

فۆلكلۆر،(folklore)گۆرانی میللی: ((گۆرانییەكی باوی ناو خەڵكییە پ شتاو پ شت دەیڵێنەوەو دەیپارێزن و كەس نازانێ كێ دایناون، هەروەها ئەو گۆرانییەی شە كە گوزار شت لە ڕا ستەقینەو ژیانی خەڵكی دەكات، بۆیە بەناو خەڵكیدا بڵاو دەبێتەوەو لە هەموو بۆنەیەكدا دەیڵێنەوە))[١٨٨].

گۆرانی فۆلكلۆری : ئەو گۆرانییەیە كە گەل خاوەنییەتی نەك كە سێكی دیار هەر گەلیش دانەریەتی و دەیڵێتەوە، یان دەوترێ: ((ڕەفتاری نەتەوەو هەڵسوكەوت و بۆنەو ڕووداوەكانو چیرۆكو سەرگوزشتەو وتە كاریگەرییەكانی كە لەبەركراونو دەگوازرێتەوە دەماو دەم، ئەو تۆمارە نووسراوانەش دەگرێتەوە لە ئەدەبو شارەزایی دە ستیو ڕەفتارو هەڵ سوكەوتی نەتەوەكان. فۆلكلۆری لە هۆنراوەدا ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو خو ڕەفتارو هەڵسوكەوتەیە، كە لە بۆنەو غەیری بۆنەكاندا دەبینرێ.))[١٨٩].

گۆرانی كۆنترین جۆرە لە ئەدەبی فۆلكلۆر، ((هەر وەك بە شێكی دیاری هۆنراوەی لیریكە، ئەم هونەرە زۆر لە كۆنەوە پەیدابووە))[١٩٠] زیاتر بە سەرزارییەو لە ناو ڕۆڵەكانی نەتەوەیەكدا دەماودەم و قۆناغ بە قۆناغ دەگوێزرێتەوە، ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری پێشینەكانە كە لە كاتی ڕووداوی خۆش و ناخۆشدا هەستی خۆیان دەربڕیووە، خاوەنی دیار نییە و گەل خاوەنییەتی، لەبەر ئەوەی شیعری فۆلكلۆر و میللی پەیوە ستییەكی زۆری بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵكی سادەو ساكارەوە هەبووە و پەیوەندی توندوتۆڵی بەهەڵ سوكەوت و بابەت و ڕووداوەكانی ژیانیانەوە هەیەو لە خۆ شی و ناخۆ شییەكانیان و كارو چالاكی ڕۆژانەیان بە شداربووە، ڕۆژهەڵاتنا سی ئەرمەنی ئەبۆڤیان لەبارەی شیعری فۆلكلۆری كوردی لای كوردەكان دەڵی: ((هەموو كوردێك تەنانەت پیرەمێردە نەخوێندەوارەكانیش گیانی شاعیرانە وا لە ناخی دەروونیاندا، هەموویان لە گۆرانی وتندا خاوەنی توانان، زۆر بە سادەیی ، لە سەر خۆ گۆرانی دەڵێن))[١٩١]. لەبەر ئەوەی شیعر پەیوەندی بە سۆزو هەستی مرۆڤەكانەوە هەیە، بۆیە هاوبەشی شین و شایی و یاری و هەڵ چوونی دەروون و هەژاندنی سۆزەكانیان بووە:(( چەندەها بۆنەو مەبە ستی جۆراوجۆر هەن بۆ وتنی شیعرە فۆلكلۆرییەكان كە هەریەكەو لە شوێن و كاتی خۆیدا گرنگایەتی و ڕۆڵی هە ستیاری خۆی بینیوە، ئەو شیعرانە توانیویانە لایەنێك لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك پڕ بكەنەوەو قۆناغ بە قۆناغ كاریگەریی خۆیان هەبێ))[١٩٢] بە شی هەرە زۆری گۆرانی و شیعری فۆلكلۆری بە بۆنەو مونا سەبەتێكەوە وتراون ئەوەتا د.عزەدین مستەفا لە پاش با سكردنی ئەو گۆرانیانەی بۆ ئیشكردن دەوترێن، دەڵێ:((ئەو گۆرانیانە دێن، كە پەیوەندی یان بەڕەو شت و عادەتەوە هەیە، یا بە بۆنەو مونا سەبەتەوە ئەوترێن))[١٩٣]، لەوانە بە منالّدا هەڵگوتن وجەژنی لەدایكبوونی منداڵ، یاری و گۆرانی دیلانێ، دڵداری و گۆرانی بەهارو نەورۆز، شین ولاواندنەوەو شایی و هەڵپەركێ.

---

[١٨٨] - جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن"ئینگلیزی–عەرەبی– كوردی، چاپی یەكەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦ ل٢٧٠.

[١٨٩] - عبدالله عثمان فدا، أرشيف منتدى الفصيح – ٣ صفحة٨٠٢١، السبت, ١٠ تشرين٢/نوفمبر ٢٠١٢

http://www.mojtamai.com/book/almaktabah/book٢٦/home/٩٢/٤-c٨٠٢١-٣—١٧٤٨٤/١٩

[١٩٠] - عیزەدین مستەفا رەسووڵ(د)، لیكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر٢٠١٠، ل٦٥

[١٩١] - هەمان سەرچاوە.. ل١٣.

[١٩٢] - عەدنان عبدالرحمن تەها، شیعری فۆلكلۆری كوردی لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا،نامەی ماستەر،كۆلیجی زمان زانكۆی سلێمانی،٢٠٠٩،ل٩٨.

[١٩٣] - عیزەدین مستەفا رەسووڵ(د)، لیكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی،...، ل٦٧ .

بۆنەی شیوەن و لاواندنەوە:

دیاردەی مردن و لەدەستچوونی خۆشەویستان و وێران بوونی خاك و وڵات و لەدەست دانی شتی بەنرخ و کارە سات و بۆنەی ناخۆش، وا دەکەن مرۆڤەکان شین بگێڕن و بە لاواندنەوە هە ست و سۆزی گەرمیان بۆ ئەو بۆنەیە دەربڕن، دیاردەی شینگێڕان پەیوەندی بە هە ستی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام لەلای ئافرەتان زیاتر بەدی دەکرێ، ((لە شیعری فۆلکلۆریش دەبینرێت کە بەگ شتی بێژەرو خۆ شخوانی ئەم جۆرە بۆنەیە بەزۆری ئافرەتانن))[194]. ئەمەش نموونەیەکی شیوەن و لاوانەوە لە شیعری فۆلکلۆردا:

**رەحیم گیان گـــوتم بووکت بۆ دێنم    تازیی (رەحمان)ی بەتـۆ دەشکێنم**

**خـــەبەریـــان هێنا رەحـیم کوژاروە    لـە کووچەی(سـەعدی) درێژکراوە**

ئەمەش نموونەیەکی تری شیعری فۆلکلۆرییە و بە بۆنەی شیوەنی مردووە وە وتراوە:

**((خەم تۆ برامی خـــــەم تۆ برامی    خەم کاروان سەرای شەو مەنزڵگامی))[195]**

بۆنەی شایی و هەڵپەڕکێ:

بەزمی خۆ شی و هەڵپەڕکێ لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەمیشەو هەردەم دە ستە جەمعی بووە و خەڵکی بە سادەی و دڵخۆ شی بە شداری بۆنەی شایی و هەڵپەڕکێی یەکتریان کردووە، وەك دەگێڕنەوە لە ناو کوردەواریدا حەوت شەو حەوت ڕۆژ بۆ شایی و بوك گوا ستنەوە هەڵپەڕیون.لەهەموو ناوچەکان و بەهەموو شێوە زارەکان شیعری فۆلکلۆری بۆ شایی و ئاهەنگی بووك گواستنەوە وتراوە، ئەم شیعرە یەکێکە لەو نموونانە:

**((هەی داد و بێ داد کەی وەها بووە**

**هــەر تەبیب بۆ لای دەردەدار چووە**

**ئـــەی وەی لەرزانە دیدەم لەرزانە**

**لــــــەرزانـەکانت لەرزم لێ دێنێ**

**قەسیە بە جارێ ڕیشەم دەربێنێ))[196]**

ئەم پار چەی شیعرەی خوارەوە لە کرمانجی خوارووودا لە کاتی (گوا ستنەوەی بووك) بەو بۆنەیەوە بەگۆرانی دەوترا، کە عادەت بوو، زاوا بەهیواشی چەند جارێك داری لە سەری بووکەکە دەدا:

**ئەرێ زاوا لە بوکێ مەدە    بوکێ دانـەبەزیوە**

**بۆ لەماڵە خۆت دەخەی    ئەو زریوەو قرِیوە[197]**

## ب-بۆنە لە شیعری شاعیراندا:

بۆ دەرخ ستنی ڕەوتی مێژوویی شیعری بۆنە لە شیعری شاعیراندا پێوی ستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نووسراوی کوردی، ئێمەی کورد ((مێژوومان چەشنە ڕێڕەوێکی هەیە وای

[194]- عەدنان عبدالرحمن تەها، شیعری فۆلکلۆری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر...، ل١١٠.

[195]- عیزەدین مستەفا رەسووڵ(د)، لیکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،...، ل٨٢.

[196]- فاروق حەفید زادە، هەڵبژاردە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٢، ل٣٥.

[197]- هەمان سەرچاوە...ل٤٩.

**کردووه، له زۆر سەردەمدا شاعیر و نوو سەری کورد، بەزمانی تر بنوو سن- له سەردەمی دەوڵەتی یەکگرتووی موسڵماناندا- واته لەسەردەمی ئەمەویی وعەباسیدا- کوردیش، وەك شاعیرو زانایی میللەتانی مو سڵمانی ناعەرەب، زمانی عەرەبییان کردبوو بە زمانی نوو سین وخوێندن و دەربڕینی هه ست و دا چه سپاندنی کەڵ چەری خۆیان، پاش ئەو سەردەمەش شاعیرو زاناو نوو سەرمان هەیە کە بە زمانی فار سی وتورکی نوو سیویانه))[١٩٨]، بەڵام لەگەڵ ئەوە شدا کورد کەم تا زۆرێك بەهەر بایەخێك بووبێت، توانیویەتی بەڵگەی مێژوویی لەبارەی ئەدەبەکەیەوە دە ست بخات، هەر چەندە میللەتانی تر بەتایبەت فارس تەنگیان پێ هەڵچنیوون، بەڵام سووربوون و بەردەوامی لە سەر بەرهەڵستیکردنی ئەو بۆچوونانە جۆرێك لە درو ستی و پارێزگاری بۆ ئەدەبەکەمان هاتۆتە بوون و بۆتە مێژوویەك بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبیمان، عەلائەدین سەجادی لەبا سی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: ((کورد یەکێکە لەو قەومانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کۆن و تازەدا شوێن هەوارو شوێن ئاگردانێکی لەو سەر زەوییەدا بۆخۆی داگیر کردووەو تیایا ستارەی گرتووە، کارە ساتی ڕۆژگار وەکو ئەدەبی قەومەکانی تری درو ست کردووە))[١٩٩]، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((ئەگەر ئەو شتانەی کە هۆی پێ شکەوتنن و بە سەر ئەدەبی قەومەکانی تردا هاتوون، بە سەر ئەدەبی کوردیدا بهاتنایە، هیچ قەڵەم و زمانێك گومانی لەوەدا نەئەما، کە ئەمیش تا ئێ ستە یەکێ لە ئەدەبە بەرزەکانی عالەم ئەبوو، لەگەڵ ئەوەش ئێ ستە کە سەیری لق و پۆ پە کانی بکرێ کەڵکی ئەوە ئەگرێ کە ناوی بهێنرێتە ( ناو) ناوا نەوە))[٢٠٠]. لێرەدا ئەوەی ز یاتر مەبەستمانە و قسەی لەبارەوە دەکەین، ئەدەبی نووسراوە بەتایبەتی شیعر، چونکە ئەدەبی سەرزارەکی میللی و فۆلکلۆری وەك سامانێکی نەتەوایەتی دیارەو لەناو هەموو میللەتانا لەباو و باپیران و هەر لەکۆنەوە سەری هەڵداوە، بەڵام سەبارەت بە ئەدەبی نوو سراوی کوردی و بەتایبەتی تر شیعر لە سەر چاوەکاندا چەند بۆ چوونێك هەیە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین بەپێی هەبوونی بەڵگەی دروست لەو بارەوە چونکە: ((تێکستی باوەڕپێکراوی شیعری بە زمانی کوردی سەرەتاو سەردەمی شیعری کوردیمان بۆ دیاری دەکا))[٢٠١]، لەم بارەیەوە صدیق بۆرەکەیی لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا (مێژووی وێژەی کوردی) بەم جۆرە و بەپێی هێنانەوەی نموونەی شیعری، سەرەتای شیعری کوردی دەباتەوە بۆ سەدەی دووەم و سێیەمی کۆ چی، دەڵێت:((زۆربەی هۆنەرانی کوردەواری لەم سەردەمەدا سەریان هەڵداوەو بە زاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوەو بەیادگار بۆ نەتەوەکەیان بەجێ یان هێشتووە.ئەو هۆنەرانەی کە لە سەدەی دووهەم و سێهەمی کۆچی دا ژیاون و ناونیشان و هۆنراوەیان بە جێ ماوە، بریتین لە: بالوولی ماهی، بابە لۆرەی لوڕ ستانی، بابەحاتەمی لوڕ ستانی، بابە نجوومی لوڕ ستانی))[٢٠٢]، بەپێی بۆ چوونەکانی صدیق بۆرەکەی، نموونەی شیعری بۆ هەریەکەیان هێناوەتەوە و بەجۆرێك نی شانیداوە کە مێژووی شیعری ئەو شاعیرانە پێش بابەتاهیری هەمەدانی کەوتوون. بەڵام**

[١٩٨] - عیزەدین مستەفا رەسولّ(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١١ز.ل٣٦.

[١٩٩] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩١ك.هـ ل١١٧.

[٢٠٠] - هەمان سەرچاوە.. ل ١١٨.

[٢٠١] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠، ل١٨١

[٢٠٢] – صدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز، بانە، ١٣٧٠ ك. هـ، ل٤٧

**لەبەر ئەوە بەپێی سەر چاوەکانی (مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەججادی) و (مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار) و (مێژووی ئەدەبی کوردی، عیزەدین مـ ستەفا ڕە سول)، هەموویان سەرەتای شیعری کوردی لە بەرهەمەکانی (بابە تاهیری هەمەدانی)یەوە دە ستپێدەکەن، ئەوەتا د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ((دووبەیتەکانی بابە تاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن بە شێوەیەکی گ شتی))[٢٠٣]، هەروەها لەم بارەیەوە د.عیزەدین مـ ستەفا ڕە سول بۆ چوونی مامۆ ستا سەججادی پە سەند دەکات و دەڵێت: ((لەم بارەیەوە بە وتەی ئەو دە ستپێکردن فەرزبوون لەبەر ئەوەیە، کە ئەو سەر چاوەیە یەکەم سەر چاوەی گەورەی کوردییە، کە بابەتایەری خستبێتە ناو چوار چێوەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە و بەیەکەم شاعیری کوردی نوو سی دانابێ))[٢٠٤]، هەروەها لە کتێبی دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی دا هاتووە،((کۆنترین دەقی شیعری بە جێماومان چوارینەکانی(باباتاهیری هەمەدانی)یە کە لە سەردەمی چوارەمی کۆ چی دا ژیاوە))[٢٠٥] کەواتە بە شێوەیەکی گ شتی ئەو ڕایە پە سەند دەکرێت، کە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی بە سەرەتای شیعری کوردی ئەژمار دەکات، بۆیە ئێمەش لە توێژینەوەکەمان لە هەموو ئەو گومانانە خۆ دوور دەگرین و وەك سەر چاوە بۆ شیعری بۆنە لە بەرهەمەکانی بابا تاهیر((٩٣٧-١٠١٠ز))[٢٠٦]ەوە دەست پێ دەکەین.**

**ئەگەر وەك یەکەم دەقی شیعری بۆ شیعری بۆنە لە ئەدەبی نوو سراوی کوردیدا، سەرنجی چوارینەکانی باباتاهیر بدەین، دەتوانی دوو چوارینەی بۆ ئەو مەبە ستە وەك نموونە وەربگرین، کە بە بۆچوونی ئێمە تەنها ئەو دوو چوارینەیە ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە، کە بۆ مەبەست و بۆنەو ڕووداوێك وترابن، کە یەکێکیان لەبارەی هاتنی شاخو شێن بۆ هەمەدان و بوونی بە میوانی باباتاهیرەوەیە، کە لەچوارینەیەکدا باس لەو میواندارییە دەکات و دەڵێ،**

**شام بی وە میهمان، شام بی وە میهمان**
**عـــالینیـان عالـــی شام بی وە میهمان**
**چــــەنی نهصــــــــد بـاش قـەلەندەران**
**بـابـاتـــاهـــیر بیم مـــیردی هـــەمـــدان** [٢٠٧]

**واتاکەی:( شام بوو بە میوان، منی بەرزو بڵند شام بوو بە میوان، نۆ سەد کەس لە قەلەندەران میوانم بوون، من باباتاهیری میری هەمەدان بووم). بەم پێیە شیعری بۆنەی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری نوو سراودا بەدەر کەوتووە، بەڵام زۆر بە فراوانی نییە، تا لە قۆناغەکانی دواتردا لە دیوانی شاعیراندا بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ دەکەین، بۆ ئەو مەبەستە بە پێی مێژووی ژیان و بەرهەمی شاعیران چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو، تا دەگەینە ئەو ساڵانەی بۆ سنوری توێژینەوەکەمان**

---

[٢٠٣]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم،.... ل١٨١.

[٢٠٤]- عیزەدین مستەفا رەسولّ(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم٢٠١١ ل٥٨.

[٢٠٥]- هیمداد حوسێن(د)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم،چاپخانەی باز،هەولێر،٢٠١٠، ل٤٥٣.

[٢٠٦]- دەڕوانرێتە مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم... ل٢٠٥.

[٢٠٧]- هەمان سەرچاوە.. ل٢١١.

**دەستنیشانمان کردووە واتە (١٩١٤-١٩٤٥)، کە بەبۆ چوونی ئێمە شیعری بۆنە لەو ساڵانەدا زۆر بەفراوانی هە ست بە بوونی دەکرێت، ئەویش پەیوەندی بە هەبوونی هەموو ئەو ڕووداو بۆنەو منا سەباتانەوە هەیە، کە لەو ساڵانەدا بەدیار کەوتوون و کاریگەرییان لەسەر تاقیکردنەوە و هەست و سۆزی شاعیران هەبووە و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.**

**بێسارانی(١٦٤٢-١٧٠١ز) ناوی مستەفا کوڕی مەلا قوتبەددین لە دێی بێساران لەدایك بوو، یەکێکە لە شاعیرە پایە بەرزەکانی کورد، ((ئەڵێن لە تافی جوانیدا کاتێ لە پایگەڵانا فەقێ بووە , خەریکی خوێندن بووە دڵی چووە لە ئامینەی کچی شێخ موحەمەدی پایگەڵانی...ڕۆژێك ئە چێتە سەربانی مزگەوت بۆ ئەوەی یارەکەی لە حەو شەی ماڵی باوکیا ببینێ، دارتوویەکی گەورە لە حەو شەکەدا دەبێت و ناهێڵێ بیسارانی بەو ئاواتە بگات، ئەویش لەو بۆنەدا ئەم هۆنراوە ئەهۆنێتەوە))[٢٠٨]:**

**چـــــڵێ نــە پــەنــا، چڵێ نە پەنا**

**چڵێ چوون ڕەقیب مـدران نەپەنا**

**هۆر ئامان مدران نەڕووی تەمەنا**

**مەر باد قودرەت بـــدووروۆش فەنا**

**ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧ز) شاعیرو بیرمەند و فەیلە سوف خاوەنی شاکاری ئەدەبی بەناوبانگ(مەم و زین) بۆ چەند بۆنەیەکی جۆراوجۆر شیعری نووسیوە، یەك لەوانە:**

بۆنەی نەتەوایەتی(نەورۆز)ە

**کـــــیژو کـــوڕ و لاو و کــۆنە ساڵان     باپیرو نـــەنك لەگەڵ مناڵان**

**جێژنی هەرە زل بوو جێژنی نەورۆز     تا پێوە بنووسێ جێژنی پیرۆز[٢٠٩]**

شایی و زەماوەند

**وە سفی شایی و زەماوەند لە دەقی مەم و زیندا دەبینرێ بەم جۆرە، خانی ئەم نەریتە بە شتێکی تایبەتی دەزانێ لە نێوان ئەو دوو خۆشەویستەدا:**

**((هەندەك ژ وەرا بین رجـاچی**

**هەندەك ژ مەرا بین دوعاچی**

**بەلکە کربت خودێ موقەدەر**

**وە سەلامەو وەبیت مویەسەر))[٢١٠]**

**ڕەنجووری(١٧٥٠-١٨٠٩ز) مەلا عومەری کوری خالید بەگی زەنگەنەیە، یەکێکە لەو شاعیرانەی بۆ چەند بۆنەیەك شیعری نوو سیوە، کە بریتین لە بۆنەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی، یەکێ لەبەرهەمە شیعرییەکانی ڕەنجوری قە سیدەیەکی درێژە کە بە بۆنەی بڵاوبونەوەی نەخۆ شی ڕ شانەوە لە کەرکوك نووسیویەتی، لە ساڵی(١٧٩٩ز)ئەمەش بەشیکە لەو قەسیدە:**

[٢٠٨] - دەڕوانرێتە، صدیق صفی زادە، دیوانی بێسارانی،چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان سنە١٣٩٢ك هـ ل٩.

[٢٠٩] - ئەحمەدی خانی، مەم و زین، هەژار" کردوویەن بە موکریانی"، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی ٢٠١٠،ل٢٢.

[٢١٠] - عیزەدین مستەفا، ئەحمەدی خانی"شاعیرو بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی ،٢٠٠٨، ل١٧٧.

**((هەیبەتێ پەی خـــەڵق نسانای بێ چوون**

**مـــوانـــان نـــامش بە وەبا و تاعوون**

**چینێ چوون سوپای شـــکەست ئاوەردە**

**کەس نەزەر وەحاڵ هیچ کەس نەکەردە))[211]**

لە شیعرێکی شدا ڕەنجوری، وەلی دیوانە(١٧٤٥-١٨٠١ز)ی شاعیر دەلاوێنێتەو و ئەم شیعرە بەبۆنەی کۆ چی دوایی ناوبراو دەنووسێ:

**سەردەن کـوورەی گەرم دەروون ئاهم**

**قـــەلاخین جـە دوود جەرگ سـیاهم**

**پەی چێش پەرێ مەرگ میرزای زەمانە**

**مەنشوور نەعـــالەم (وەلـــی دێوانە)[212]**

لە ڕووی ناوەرۆکەوە بەرهەمی شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە ناو چەی سلێمانی، باسکردنە لە ئاریشەو کێشەو خۆشی و ناسۆرەکانی کۆمەڵ و باسی خاك و نیشتمان و ئاینیش بایەخی زۆری پێ دراوە، هەروەها کێ شەو دژایەتییەکانی تورك و عەجەم بەرامبەر بەکورد، ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیراندا هەیە، لەگەڵ ئەو نامە شیعریانەی شاعیران لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان کردووە، بایەخی تایبەتیان هەیە لەم بوارەدا، لیرەدا چەند شاعیرێك بە نموونە وەردەگرین.

نالی(١٨٠٠-١٨٥٦ز) شیعرێکی وە سفی هەیە، لەکاتی مە شقدا سوپای میرنشینی بابان دەبینێ و قیافەو جل و بەرگ و ڕێکی و بەژن و باڵایان سەرنجی نالی ڕادەکێ شن و ئەم شیعرەیان بۆ دەنوو سێ، هەر چەندە لە دیوانەکەیدا نوو سراوە، ئەم پار چە شیعرەی لە بارەی خولامە تایبەتییەکانی دەرباری بابانەوە وتووە، بەڵام ئەمین فەیزی دەڵێت: ((ئەو تاقمە مومتازە عە سکەری حکومەتی بابانە کە لە زەمانی ئەحمەد پا شادا تنظیم و تەنـ سیق کراون))[213]. هەروەها مارف خەزنەداریش ((هەمان بۆ چوونی ئەمین فەیزی بە دروست وەردەگرێ))[214].

**ئـــەم تـــاقمە مـــومتازە کـــەوا خاسەیی شاهن ئاشووبی دڵی مەمـــــلەکەت و قەلبی سوپاهن**

**سەف سەف دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن حەڵقە کە دەبەستن وەکو خـــەرمانەیی ماهن[215]**

سالم(١٨٠٥-١٨٦٩ز) یەکێکە لەو شاعیرانەی چەند دەقێکی شیعری هەیە، کە لەبۆنەو مناسەبەتدا وتراون، نموونەیەك لە شیعری بۆنەی لێرەدا دەخەینەڕوو، کە شین و شەپۆڕ دەکات بۆ کارە ساتی لە ناوچوونی سەربەخۆیی میرنشینی بابان و داگیرکردنی سلێمانی

**((ئەهلی بابان گریە کەن بۆ خانەدان و ئاغەتان**

**نیمی مەحبووس، نیمی مەقتوول نیمەیی مەنفی کران**

---

[211]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠، ل١٤٩.

[212]- هەمان سەرچاوە.... ل١٦٧.

[213]- ئەمین فەیزی، ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد...ل٥٥.

[214]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم،...،ل١٤٣.

[215]- مەلا عبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی...، ل٣٥١.

**ئاگــــری نەگبەت لە خەرمەنهایی تالیع کەوتووە**

**شەمعی دەوڵەت هەر تەرەف دەکرا هەموو خامۆش کران))**[٢١٦]

شیعری بەناوبانگی (گڵ ـکۆی تازە لەیلی) ئەحمەدبەگی کۆماسی (١٧٩٨-١٨٧٨ز) و لێکۆڵینەوە لەو تێکستە سنوری خاکی کورد ستانی بڕیوەو ((لە سەرەتای سەدەی بیستەم کوردناسی ڕووس ڤلادیمێر مینۆر سکی تەواوی تێک ستی ئەم شیعرەی دە ستکەوت لە پا شا لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەك بلاوی کردەوە...مینۆڕسکی دەڵێ: هەستی ساکارە، بەڵام بەهێزە خەیاڵی ناوەوەی بە ڕاستگۆیی دەردەبڕێ))[٢١٧]. شاعیر لاواندنەوەی لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەی کردووە، کە ماوەیەکی کەم خێزانی بووە:

**گڵکۆی تازەی لەیل گلکۆی تازەی لەیل**

**ئاوریشـــم وەسەر گـــڵکـۆی تازەی لەیل**

**نەپـایەی مـــەزار ئـــەو لـــەیل پـڕ مەیل**

**جـە دیدەم واران ئەسرینان چوون سـەیل**

لەباسی مەولەوی(١٨٠٦-١٨٨٢ز)ی شاعیردا دەتوانین بڵێین یەکەمین شاعیرە تا سەردەمی خۆی کە شیعری بۆنەو مونا سەباتی بەو فراوانییە نوو سیوە، ((یەکێك لە خا سیەتە تایبەتییەکانی شیعری مەولەوی، جۆراوجۆری و هەمە چە شنیی بابەتەکانییەتی. مەولەوی (٣١) شیعری هەیە، کە بۆ ڕووداوەکانی ژیان و بۆنەو مونا سەباتە شەخ سی و کۆمەڵایەتییەکان وتوونی...خامەی مەولەوی لەم مەیدانە شدا هونەرێکی بەرزو کارامەییەکی باڵادە ستانەی نواندووە و گیانی نەمری بەبەر ئەم بابەتەدا کردووە))[٢١٨]. لەگەڵ ئەوانە شدا (٢٨) شیوەن و لاواندنەوەی هەیە، کە(٨) غەزەلیان بۆ کۆ چی دوایی عەنبەرخاتوونی خێزانی وتراوە، کە بە بۆ چوونی (ئەنوەر قادر) ئەو شیعرانەی بۆ لاواندنەوە نوو سیونی ئەوەندە بەرزن ((دە چنە چوار چیوەی لیریکای فەلسەفییەوە))[٢١٩]. تەنها دووپار چە شیعری بۆنەی لێرەدا دەخەینەڕوو. مەولەوی(٧) قە سیدەی هەیە بۆ لاواندنەوەی(عەبدولڕەحمانی کوری یارەویسی) وتووە، ئەمەش بەشێکی یەکێك لە قەسیدەکانییەتی.

**هەوارگـــــە ماتەم، گوزەرگە بێ ڕەنگ شۆنەکەم پڕ خەم، سەیرانگە دڵ تەنگ**

**خۆیشان ڕ ـەرێشان، پەڵاس نە گەردەن توخوا بازەش ـ ـان چوون تۆش ـ ـا مەردەن** دیوانی مەولەوی، ل٣٩٧

مەولەوی چەندساڵێك پێش مردنی بینای چاوی لەدەستداوە، بەو بۆنەوە ئەم شیعرەی نووسیوە.

**بینایی دیـــــدەم تـــۆ وەسڵامەت**

**دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت** دیوانی مەولەوی، ل٩٦.

---

[٢١٦]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم،.. ل١٩٢.

[٢١٧]- هەمان سەرچاوە... ل٤١٥.

[٢١٨]- ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد"مەولەوی"... ل١٧٥.

[٢١٩]- دەڕوانرێتە: هەمان سەرچاوە... ل١٤٨.

حەریق(١٨٥١- ١٩٠٧ز) شاعیری ڕێبواری ڕێگەی سۆفییەتی و خاوەنی دڵێکی بە خرۆش و مامۆ ستای هۆنراوەی جوان، شیعری عیرفانی و سۆفییەتی بە شێکی زۆری دیوانەکەی پێك دەهێنن و شیعری بۆنەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کەسی هەیە، حەریق(ناوی مەلا ساڵحەو بە مەبەستی مەلایەتی و دەرس گوتنەوە دە چێت بۆ دێی (قاراوا) لە ناو چەی بۆکان، لەوێ بە هۆی چوارینەیەکەوە لە لایەن ( ساڵح خانی ئیعزا مولێ موڵك ئاغای قاراوا)وە ڕێ شی دەتا شێ، ئەم ڕووداوە زۆرکاریگەریی لە سەر دڵ و دەروونی حەریق جێ دەهێڵێ و خەمی خۆی لە شیعرێکدا دەردەبڕێ و دەڵێ:

**شـــادی بێگـــــانەیـــە، خزمم غـــەمە گەر مردیشم**

**ئەوە واریس لە حیســـابی حـــــەق و گۆڕ و کەفنم**

**گەنجی فیکرم کە لە نێو کونجی غـەما دیوە ئەوە**

**موڵکی شادیم هەیە تا ســـاکینی بــــەیتولـحەزەنم** دیوانی حەریق، ل١١

هەروەها جارێك داوای گوێ درێژێ ئەکا لە (مەلا ئەحمەدی لا سوور) ئەویش بەهانە دێنێتەوەو نایداتێ، حەریقیش بەو بۆنەیەوە هەجوویەکی دەکات و ئەڵێ:

**لەعـــــوزرا بـــوو، مـــەلا بـــۆیە جـــوابی دا وتی: نادەم**

**ولاخ دەس ناکەوێ، عەیبی نییە، چش گەرمنیش پیادەم** دیوانی حەریق، ل٤٩

شێخ ڕەزا(١٨٣٧-١٩١٠ز) شیعرەکانی ((بە قەوارە بچووکن و بە ناوەرۆك گەورەن، کەم شاعیر وەك ئەو دەبینرێ لە گ شت مەبە ست و بابەتەکانی کلا سیکی وتبێ))[٢٢٠]. بەڵام شیعری دا شۆرین(هەجو)ی ئەوەندە زۆرە ناوبانگی پێ دەرکردووە، دیارە زۆربەی هەجووەکانیـ شی لە بۆنەو مونا سەبەتێکدا وتووە. جارێکیان چەند شاعیرێکی کەرکوکی ئە چن بۆ لای شێخ ڕەزا...کۆڕێك ئەگرن لە ناو خۆیانا بۆ شیعر وتن، شیخ ڕەزا شیعرەکانیان پەسەند ناکاو دەڵێ:

**چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**

**بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حـوجرەدا** دیوانی شیخ ڕەزا، ل٢١

لە ساڵی (١٨٧٩ز) عە شیرەتی ئاکۆیان تالان دەکرێ و موراد ئاغاو موحەمەد ئاغا دەگیرێن و بەند دەکرێن، لە بەندیخانەی کەرکوك موراد ئاغا دەمرێت و شێخ ئەم شیعرە بەو بۆنەوە دەنووسێ:

**بە نامەردی شەهیدیان کرد وەکو حـــەمزە و عومەر، دوژمن**

**موراد ئاغا کە ڕۆژی جـــەنگ و دەعوا قــــەهرەمانێ بـــوو**

**کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لە پێ خست گەردنی بشکێ**

**چ زێبا سوورەتێ، یـــا ڕەب چ شـــیرین نـــەوجـەوانێ بوو!** دیوانی شێخ ڕەزا، ل ٩١

## تەوەرەی سێیەم/ پەیوەندی نێوان شیعر و کۆمەڵگا:

### ١- شیعر و ئاین و ئایدۆلۆژیا:

---

[٢٢٠]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم،... ل٣٠٣

**شیعر شێوازێکی گفتوگۆکردنە لە نێوان مرۆڤەکاندا، هۆکارێکی بەهێزە بۆ کاریگەری دانان لە سەر دەروون و ویژدان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو ئامانج و تێڕوانینێکی دیاریکراو، ئەگەر ئەمە سروشتی شیعر بێت بە شێوەیەکی گ شتی، ئەوا شیعری ئاینی کاریگەریی بەهێزترو دامەرزاوترو قوڵتری هەیە، چونکە ئەم جۆرە شیعرە فیترەتی مرۆڤ ئەدوێنێ، لەگەڵ عەقڵێکی تێگەی شتوو دەدوێت، بە ئامانجی درو ستکردنی گەلێکی بەهێزو یەکگرتوو، کە کە سایەتی جیاوازیی هەیەو توانای خۆڕاگری هەیە بەرامبەر ململانێکانی ژیان لەسەر بنەمایەکی ئاینی کە چاکسازیی مرۆڤایەتی بەرهەم دەهێنێت.**

**ئایدۆلۆژیا بەگ شتی((کۆمەڵە بیرووڕایەکە پێداوی ستی و خوا ستە کۆمەلایەتییەکانی تاکەکەس، تاقم، چین یان کلتورێك ئەنوێنێتەوە، ئایدۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی پیشەیی و تایبەت بەو کۆمەڵە باوەڕو بیرۆکە دەرهەستانە ئەگوترێت، کە لە گوتاری سیاسیدا بە تایبەت بەکار ئەبردرێ))[٢٢١]**

**لە سەردەمی نوێدا ستراتیژییەتی دەق و ڕەخنەگرتن جیاوازن، سەر چاوەکانی شیان جیاوازە، ئەمەش بە هۆی بوونی ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە، پا شان بە هۆی دەرکەوتنی شۆڕ شی پەیوەندییە مەعریفییەکان، بە تایبەت ڕاگەیاندن، لەم بارەیەوە (د. عبد الرحیم مرا شدە) دەڵێت: (( شیعری بۆنە، زیاتر لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی، ئە چێتە بازنەی دەقی ئایدۆلۆژییەوە، ڕا ستە زۆرجار بۆنەکە ئاینی، کۆمەلایەتی، میللیە، بەلام زۆربەی جار ئەمە لە لایەن دە سەلات و سەرۆکەوە بەڕێوە دەبرێت یان ئایدۆلۆژیاو بیرێك بەڕێوەی دەبا، بەئاڕا ستەی ڕەواجدان بە حاڵەت و بیرو بۆ چوونێکی دیاریکراو، لە بەرامبەریشدا تێڕوانینی شاعیرانیش گۆڕاوە، فیکرو بۆچوونەکان جیاوازن و ئەو مەودایەش کە شاعیران کاری تێدا دەکەن جیاوازە، لێرەوە مە سەلەیەك دێتە کایەوە، کە ڕەواج بە شاعیرێکی دیاریکراو دەدرێت بە پێی وابەستەییەکەی بە فیکرو بۆچوونێك یان دەسەلاتێکی دیاریکراوەوە، هەروەك ئەو بابەتانەی کە شکڵی بۆنەکان وەردەگرن))[٢٢٢]. ئەو پەیوەندییەی شیعرو ئاین و ئایدۆلۆژیا پێکەوە گرێ دەدات، ئەو ڕەو شت و ئاکار و بیربۆ چوونەیە کە شاعیر وەك باگراوندێکی فیکری وەری دەگرێت، یان لە سەری پەروەردە کراوەو ڕەنگدانەوەی لە ژیانیدا دەبێت و شیعریش بەرهەمی ئەو کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەرە، بۆیە دەگوترێ زۆرجار پەیامی دیاریکراو لە پشتی شیعرو بەرهەمی نووسەرەوە هەیە، ئەمەیە کە لای زۆرێك لە نوو سەران و شاعیران جۆرێك لە ئیلتزام بەدی دەکرێت. بۆیە زۆرێك لە شاعیران و ئەدیبان هەرگیز ئامادە نین، مۆرکی ئاینی و نەتەوایەتی بە سەر بەرهەم و بابەتەکانیانەوە وەلانێن و دەستبەرداری فیکرو بیروباوەڕو بۆچوونەکانیان ببن.**

**ئاین و ئایدۆلۆژیا، دوو چەمکی گرێدراون بە ژیانی مرۆڤەکانەوە و بۆیە نوو سەران هیچ کات ناتوانن بەتەواوەتی لە بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆژی و بە شێك لە دابونەریت و کلتوری کۆمەلایەتی خۆیان دابڕن، ئەمەیە وا دەکات، شاملۆ بڵێ:((شیعر نەك بەشێ لە ژیان بەڵکو خودی ژیانە))[٢٢٣].**

---

[٢٢١]- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس،٢٠٠٤،ل١٦.

[٢٢٢]- عبد الرحیم مراشدة(د) ، شعر المناسبات بعیدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جریدة الدستور یومیة سیاسیة عربیة مستقلة تصدر عن الشركة الاردنیة للصحافة والنشر:ادباء- الأربعاء، ٢٦ نوفمبر/تشرین الثاني، ٢٠١٤ . http://addustour.com

[٢٢٣]- کەریم حیکمەتی، خەسارەکانی شیعری کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٠)، ٢٠٠٦، ل١٢٠.

ئیسلام وەك ئاینی زۆرینەی ناو چەکە ئەم پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دروستکردووە، قورئانی پیرۆز وەك سەرچاوەی یەکەمی ئەو پەیامە، جێگایەکی زۆر تایبەتی لە ژیانی موسڵماناندا هەیەو شاعیرانی کۆن و نوێ هەمیشەو بەردەوام سوودیان لە فەزای قورئانی پیرۆز وەرگرتووە ، بۆیە لە بۆنە ئاینییەکاندا هەست و سۆزی خۆیان دەربڕیوە و بە چەندین شێوە وەك تێهەڵکێش و ئیقتباسی ناوەرۆکی ئایەت و فەرموودەکان، شیعری ئاینیان هۆنیوەتەوە.

ئەتوانین ئەمە لە شیعری شاعیرانی کورددا زۆر بەڕوونی و بەربڵاوی ببینین، هەر بۆ نموونە پیرەمێردی شاعیر وەك خوانا سێك لە چەندین دێری شیعریدا ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئاینی لە شیعرەکانیدا دەبینرێ، پیرەمێرد خۆی خوێندەواری ئاینی تەواوی هەبووە، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە کە ئەم جۆرە خوێندەوارییە لای ئەو ببێ بە کەرەستە بۆ هەندێك شیعری. لەگەڵ ئەوەشدا وەك موسڵمانێ هەمیشە لەخەمی بیروباوەڕو شوێنە ئاینییەکاندا بووە، پیرەمێرد لە ساڵی (١٩٤١) چووەتە خورماڵ سەردانی مزگەوتی گەورەی خورماڵی کردووە کە دەبینێت زۆر پەرپووتەو لێی ناپرسرێتەوەو هەموو داهاتی زەوی و زاری ئەو ناوچەیە دەچێتە گیرفانی شێخانی بیارەو هیچی بۆ مزگەوت و ماڵی خوا سەرف ناکرێت، بەو بۆنەیەوە بەم پارچە شیعرە بێزاری و توڕەیی خۆی لەو حاڵە دەردەبڕێت:

**چوومە مزگەوتی خورماڵ بەگریان**

**ئاخ ڕۆژی ڕەش و وێران و عوریان**

**تەهلیلە بوە بە چەك و کەوان**

**ڕیزی بەستووە ئەسپێ ی مریدان**

**هەر ماڵی خوایەو ئەبرێ بەتاڵان**

**ئاساری کۆنی اسلام ڕووخاوە**

**بە جاڵجاڵۆکە مینبەر تەنراوە**

**امامی میحراب کوولەکەی ئاوە**

**پێخەفی کۆنی تیا هەڵچنراوە**

**خەڵك لەبەر بێگار هاتوونە ئامان**

**دەوری أصحابان سێ مزگەوت کران**

**یەکێك لە(نگڵ) دووەم لە (کرمان)**

**سێ یەم لە خورماڵ سەرچاوەی کوردان....** پیرەمێردی نەمر، ل٣١٩.

گەلی کورد بەزۆری و بە شێوەیەکی گشتی بە گەلێکی موسڵمان دەژمێردرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی مەزهەبیشەوە زۆرێك لە کوردەکان لە ڕووی بیروباوەڕی ئاینییەوە موسڵمانی سونین، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم هەندێك لە ئاین و پێکهاتەی تری تیدایە، لەلایەکی ترەوە هەر لە کۆنەوە تائێستا یەکێك لەو بابەتانەی گرنگانەی ڕۆڵی گەورەی هەبووە ، لە جیهانی شیعردا بابەتی بوونی خودایە، کە (بریتییە لە باوەڕهێنان بە بوونی خودایەکی تاك و تەنهاو خوڵقێنەر) ئاینی ئیسلام زۆر بە توندی داکۆکی لە سەر بیروباوەڕی تاك و تەنهایی خودا دەکاتەوە.

ئەدەبی کوردی(( سەری دەرهێناوەو بەئەدەبی ئاینی و مەزهەبی وگیانی سۆفیزم دە ستی پێ کرد، ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەو ئەدەبە بە هەموو شێوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی پەیدابوو و پەرەی سەند))[٢٢٤]، ژمارەی ئەو شاعیرانەی شیعری ئاینی شێوەی گۆرانیان نوو سیوە، گەلێ زۆرن، ئەم شاعیرانە نوێنەری هەموو مەزهەبە مو سڵمانییەکانن ((کۆنترین شاعیرێك بە شێوەی گورانی شیعری دانابێ مەلا پەرێ شانە(نیوەی دووەمی سەدەی چواردەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پانزدەم) بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە ئاینییەو شەقڵی شیعری ئیسلامی تەواوی پێوە دیارە. مەلا پەرێشان شیعری نییە لە چوارچێوەی ئاین بەدەر بێ))[٢٢٥].

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیعری ئاینی لەئەنجامی کاریگەری چەند هۆکارێکەوە بوو، ((لەوانەش ئایەتەکانی قورئان لەبارەی وە سفکردنی خۆ شی بەهە شت و ناخۆ شی دۆزەخ و چۆنیەتی با سکردنی مردن و جیهانبینی دوای مردن و بەکەم زانینی ژیانی جیهان و... سەرای رامانی شاعیران لە ژیانی پێغەمبەرو یارانی...هۆی چە سپاندنی شیعری ئاینی وەکو مەبە ستێکی شیعری سەربەخۆ توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ))[٢٢٦]، بە گشتی شیعری بۆنەی ئاینی لە سۆزی ئاینییانەی شاعیرانەوە سەر چاوە دەگرێ، یەکێکی تر لەو بوارانەی شیعری ئاینی ستایشە پێغەمبەرییەکانە، کە ((بریتییە لە ستایشکردنی پێغەمبەری ئی سلام(د.خ) لەبارەی گەورەیی و موعجیزات))[٢٢٧]ەوە. بێگومان شیعر بەبێ وێنەی شیعری درو ست نابێ، لە شیعری ئاینی شدا بۆ درو ستکردنی وێنەی هونەری لە لایەنی ئاینییەوە پەنا بۆ سەر چاوەکانی ئاین دەبرێت، کە ((بریتین لە چیرۆك و رووداوەکانی ناو کتێبە ئاسمانییەکان، لە گەڵ وتەی پێغەمبەران و ژیان و بە سەرهاتیان کە زۆر جار شاعیر وەریان دەگرێ و وێنەی هونەرییان لێ دێنێتە ئاراوە))[٢٢٨]، لە لای شاعیرانی کورد، پابەند بوونی ئاینی وای کردووە، جۆری کاریگەریی ئاینی زیاتر بەدەربکەوێ، زۆرجار بە شێوەی دەقئاوێزان ئەم دیاردە بەدی دەکەین لە شیعرەکانیاندا. تێکەڵاو بوون و بەیەکدا چوونی شیعری زۆربەی شاعیران، ((لەگەڵ رۆ شنبیری ئاینیدایە، بەتایبەت قورئانی پیرۆز، چونکە رێژەکە زاڵ و زیاترە لە هەموو کتێبە ئایینیە ئاسمانییەکانی دیکەو ئەمەیش کارێکی ئاساییە))[٢٢٩]، بۆ ئەو شاعیرانەی شارەزاییان لەگەڵ ئاینی ئی سلام و بەهاو پیرۆزییەکانیدا هەیە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم حاڵەتە لەلای شاعیران هەموو دەبینرێت، بەتایبەت شاعیرانی کلا سیکی کە زۆربەیان یان مەلا بوون یان خوێندەواری حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان بوون و شارەزای باشیان لە زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئاینی ئیسلام هەبووە.

---

[٢٢٤]- مارف خەزنەدار(د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی "المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة" بغداد، ١٩٨٤ل٩٣.

[٢٢٥]- هەمان سەرچاوە... ل١٠٩.

[٢٢٦]- ابراهيم أحمد شوان(د)، سۆفیگەری ....، ل١٩٤.

[٢٢٧]- هەمان سەرچاوە..ل١٩٧.

[٢٢٨]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا"١٩٧٠-١٩٩١"، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٤، ل٣٤٧.

[٢٢٩]- شنۆ محەمەد مەحموود(د)، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٦٢.

زێوەری شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرە خواناسانەی شیعری بۆ بۆنەی ئاینی و بۆنەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ..هتد، نوو سیوە لە شیعرێکیدا بە ناوی (جەژنی مەولود)، بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) ستایشی مانگی مەولود و پێغەمبەر(ﷺ) دەکات و لە بەشێکیدا دەڵێ:

**ماهی ولادەتی شـــەھ و سوڵتانـــەکان نییە**

**ماهی ولادەتی شەهـــی ئیقلیمی حیکمەتە**

**ماهی برووزی مەقدەمـــی پاکی (محمد)ە**

**چەژنی مووەححیدینە نیشانەی سەعادەتە**[٢٣٠]

لایەنێکی لاواز بۆ هەندێ لە شاعیران کاتێك دە چنە ژێرباری ئایدۆلۆژیایەك تو شی دووڕیانی لایەنگری بێ شەرت و چوونی ئەو بیرو ئایدۆلۆژیایە دەبن و دەبێت شیعریان بەوی ست و خوا ستی دە سەڵاتدارانی خاوەن ئایدۆلۆژیا بێت، یان دەبنە تەرەفی نەیارو هەموو هەڵ چوونەکانیان جۆرێك لە لایەنداری و دژایەتی تێدایە بەرامبەر دە سەڵات، هەندێ لە ئەدیب و نوو سەران، ((ئەوەندەی چوونەتە پاڵ سیاسەتمەدارو دەسەڵاتداران و ئەرکی ( سیاسەت  ئایدۆلۆژیا)یان لە ئەستۆ گرتووەو کەوتوونەتە ژێر باری گرانی ئایدۆلۆژیا دوور بوو نە لە مەبە ست و ئیازی تایبەتی خۆیان، تا وای لێ هاتووە بەرهەمەکانیان چۆڕاوگەو وی ست و مەبە ستی دە سەڵاتداران بووە و بۆ چوونی ڕا ستەقینەی ئەدیب و نوو سەرانی تێدا بەکار نەهاتووە...هەر لەبەر ئەمەش بووە شیعر وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆی لەدە ست داوە، هە ندێ لە بیر یاران لە شیعرو و تارە کانیان کەوتوو نە تە ناڕەزایی دەربڕین))[٢٣١]. ئەڵبە تە پابەندی(ئیلتزام) لە نێوان ئاین و ئایدۆلۆژیادا تاڕادەیەکی بەر چاو، جیاوازی هەیە. پابەندی ئاینی پەیوەندی بە لایەنی فیترەتی ئین سانەکانەوە هەیە، گوێڕایەڵی بۆ بەرنامەی خالقی مرۆڤەکان، واتە ئیلتزامی ئاینی وابە ستەی یا ساکانی حەڵاڵ و حەرامە کە بە دە ستوورێکی ئیلاهی ڕێکخراوە، جیاواز لەگەڵ پەیوە ستی بە ئایدۆلۆژیایەکی دنیایی کە دە سەڵاتێك لە پ شتیەوە هەیە زۆر جار پێوەری بەرژەوەندی ڕۆڵی تێدا دەبینێ، بۆیە ئەدەب بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی هەندێ جار وەزیفەی خۆی لە دە ست دەدات و دەبێتە پارێزەری دە سەڵات، بەڵام بۆ هەندێ شاعیران پێچەوانەکە شی ڕا ستە، شاعیری ڕا ستگۆو حەقبێژی وا مان هە یە، هەمیـ شە لە بەرەی داخوازی مافی ڕەوادا یەو ئە گەر بیرو ڕاو ئایدۆلۆژیایەکیش ئاڕا ستەی بکات بۆ شوێنی درو ست و گونجاوی خۆی دەڕوا وەك دەبینین: ((یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرپابوونی شۆڕ شی ئی سپانیا لە ساڵی(١٩٣٦) شیعرە کاریگەرەکانی ( سپندر ولی لویس و ئۆدین) بوون کە توانیان خەڵکی و شیار بکەنەوە لەو نەهامەتییەی دەرهەق بە خەڵکی لە ژێر سایەیی حوکمڕانی ئەوسای ئەسپانیا ئەنجام دەدرا))[٢٣٢]، ئەمە گرنگی و بایەخی شیعرە کاتێك بە شێوەی دروست ئاڕاستە دەکرێ.

---

[٢٣٠]- مەحموود زێوەر، دیوانی زێوەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢١٠.

[٢٣١]- علی صالح میران، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاین...،ل٩٩.

[٢٣٢]- علی صالح میران، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاین...،ل١٠١.

**هەندێ نموونەی شیعری بۆنەی ئاینی لای شاعیرانی کورد**

مەحوی(١٨٣١-١٩٠٦ز)شاعیری خواناس و خاوەن هەستێکی بەهێزی موسڵمانێتی، پانتاییەکی زۆری دیوانەکەی لە بابەت شیعری ئاینی و سۆفیگەرییەوەیە، شیعری بۆ کۆمەڵێك بۆنەی ئاینی و کۆمەڵایەتی نووسیوە و  شانازی بە نەتەوەو زمانی کوردییەوە کردووە. لەشیعرێکی دەربارەی عەقیدە باس لە بۆنەی (ئیسراو میعراج) شەو ڕەوی پێغەمبەر(د.خ)دەکا:

**میعراجـــــی سابیته به نصوص و بەخەو نەبوو**

**تەشریفی ئەو بە جیسمی شەریفە سواری زین**

**بۆ ئەنبـیا لە مـــەســـجیدی ئەقصـا بوە ئیمام**

**نۆبەی عورووجە یەعنی لە تـۆ قـوبە تێپەڕین**

**تا سیدرە جوبرەئیلە ئەمین، ئیکــە ڕەفرەفـــە**

**خدمەتچیی ئەم ئەمانەتە تـا ڕەببی عالەمین...**[٢٣٣]

شاهۆ(١٨٨٢-١٩٧١)ی  شاعیر، نا سراو بەمەلا حە سەنی قازی، لەگەڵ ئەوەی مەلابووە، قەزاوەتی کردووە، شارەزای با شی لەبارەی ئاین و زانستی ئاینییەوە هەبووە، شیعری ئاینی بە شێك لە دیوانەکەی پێکدەهێنن، لە کاتی هێر  شی داگیرکەران لە جەنگی دووەمی جیهانی و تاڵانکردن و ڕوخاندنی ماڵی خەڵکی هەژار، بەهەست و سۆزێکی ئاینییەوە لەو بۆنەیەدا شیعری(کۆمەڵێکی تازە) دەنووسێت و دەڵێ:

**کۆمەڵێکی تازە پەیدابوون دژی (ئـــاین و دین)     خوێن مژی (ئالی پەیەمبەر) خوێن خواری موسلیمین**

**دوور لە چاکەو نالەبارو فیتنەو و شووم و تەرەس     ڕووڕەشی دیوانی (یەزدان) دۆستی شەیتانی لـەعین**

لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ:

**ئیدیعایان وایە ئیسلامن کەچی بێسوچ و مـــاف     ئەچنە سەر خێزانی خەڵقی بۆ (خراپەو سەربڕین)**

**تەپ ئەکوتنە سەر منالٚ و ماڵی  دیهاتی هـەژار     (ماڵ ئەڕوخێنن) بە سەریانا بە تۆپی ئاگرین...**[٢٣٤]

لەکاتێکدا مەعا شی مەلا زۆر کەمبوو، گرانی و  شەڕی دووەمی جیهانیش بە سەردا هاتووە و لەو بۆنەیەدا، مەلا محەمەدی چروستانی شاعیر کە خۆیشی مەلا دەبێت لە هەستێکی ئاینییەوە ئەم شیعرە دەهۆنێتەوە، ئەمە بەشێکە لە شیعرەکەی:

**ئەی مەلا بوونی تۆ وەك تانە لە چاوا بوونە**

**ژینی تـــــۆ بـــۆیە لە زوخـاوو ڕەشاوا بوونە**

**هەر خەسیسێ لە برەودایە لـــــەبـاوا بوونە**

**کاروباری ئەمەلت تـا دێ لە ســـــاوا بوونە**

**ڕۆژی بەختی تۆ لە گیران و لە ئاوا بوونە...**    دیوانی چروستانی، ل١٣٥

---

[٢٣٣]- مەلا عبدالکریمی مدرس ومحمدی مەلا کەریم،دیوانی مەحوی،  چاپی دووەم چاپخانەی دارأفاق عربیە، سلیمانی ١٩٨٤ل٣٨١ .

[٢٣٤]- محەمەد ئەمین کاردۆخی، دیوانی شاهۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاکام،  ٢٠١٢، ل١٤٢.

له(١٩٥٨/٣/٢١) بەبۆنەی پێکەوە هاتنی ڕۆژی هەینی و یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان و یەکەم ڕۆژی بەهارو نەورۆزەوە ( چرو ستانی) شیعرێکی جوانی لەژێر ناوی(ڕۆژی (نابغە) هەڵکەوتوو) لەهە ستێکی ئاینی و نیشتمانییەوە هۆنیوەتەوە، ئەمەش چەند دێڕێکە لەشیعرەکەی:

**لە مێژە چەرخی گەردوون خول دەخوات و ڕۆژو شەو دێنێ**

**پشـــــوو نـــادا بـــە گێتی کـــارەســـاتی تـــازە دەنـوێنێ**

**نەمان دی ڕۆژێ وەك بیست و یەکی ئاداری پەنجاو هـەشت**

**بە چوار قۆڵی دوو جـــــەژنی دینی یو دوو عـــادەتی بێنێ.....** دیوانی چروستانی، ل١٤٠

سەفوەت(١٩٠٦-١٩٦٣ز) شاعیرو مەلاو زاناو وەرگێر، کە سایەتییەکی ڕۆ شنبیری سەردەمی خۆی لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و کۆمەڵێکی شیعری ئاینی هەیەو لەو شیعرانە بۆ ستایشی پێغەمبەر نووسراون، لە یەکێك لەو شیعرانەی بۆ بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لە ساڵی (١٩٥٧) نووسیویەتی دەڵێ:

**بە جـــــەژنی مـــەولیدی زاتیٚ ئـــەنازم**

**لەسایەی لـوتفی ئـــەودا ســـەرفـــرازم**

**نـــەوەك ئەو لـوتفە تەنیا بۆ من و بەس**

**نیگـــاهێکـــی نـــەجاتە بۆ هەموو کەس**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**بــــــارێنە خـــــووا بـــارانی ڕەحمەت**

**لەسەر خۆی و سەحابەو ئال و ئوممەت"[٢٣٥]**

لە یادی میعراجی پێغەمبەر(ﷺ)دا بەو بۆنەیەوە (سەفوەت) ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

**لە کـەعبەوە چووی بە شەو تاکو بەیتولـــــموقـەددەس**

**وەك ڕۆینی مانگی چواردەی شەو لە تار و زەڵـــــــەم**

**بۆ قـــــابەقەوسەین بڵند بوویت وا هـــــەتا پـــایـــــەیە**

**کە قەسدی نەکراو نەزانراوە بە هیچ وەخـــــت و دەم**

**پێغەمبەران پێش خۆیان ختسی لـــــە بەیتولـــــقودس**

**بە جەشنی پێشخستنی گـــــەورە لە باقیی خـــــەدەم.....** دیوانی سەفوەت، ل١٢٤

## ٢- شیعر و لایەنی کۆمەڵایەتی:

شیعر دوو لایەنی هەیە هونەری و کۆمەڵایەتی، ((ئەویش لەمەدا جیاوازی نییە، لەگەڵ هەر شتێکی تری کاروبارەکانی تری ژیاندا، قە سیدەی شیعریش پێش هەموو شتێك پار چەیەکی

[٢٣٥]- عیزەدین مستەفا ڕەسول(د)، دیوانی سەفوەت، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٤، ل١٣٥و ١٣٧.

هونەرییە، بەڵام بەدانەپاڵی ئەویش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەیە، کە لەناو خەڵکدا دروست دەبێت لە پەیوەندی هاوکاری و ململانێ))[٢٣٦].

شیعری کۆمەڵایەتی هەمیـ ـشە وەك بە ـشێك لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەی لە دەوروبەری مرۆڤەکان ڕوودەدات ((لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵەوە سەر چاوە دەگرێت و شاعیریش خۆی بە بە شێك لە کۆمەڵ و گیروگرفتەکانی دادەنێت و هەندێك جار هەوڵی چارە سەرکردنیان دەدات، لە سەرەتای ژیانەوە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هەر هەبووە، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا درێژەی کێـ ـشاوە و هەوڵی چارە سەرکردنیـ ـشی هەر بەردەوام دراوە، لە سەرەتای سەدەی بیـ ستەمدا، ئەم دیاردانە لە شیعری کۆمەڵایەتیدا باسی لێوەکراوەو ئاماژەی پێکراوە))[٢٣٧].

کۆمەڵ واتە خەڵك و کاری ئەدەبی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە هەمیـ ـشە کۆمەڵ لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئامادەیی هەیە.((ئەدەب بۆ خۆی خاوەنی دیدێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد، کە ئەدەب بە چەمکێکی کۆمەڵگاوە پەیوەست بێت، پێزانینی ئەم لایەنەی ئەدەبیش وای کرد، کە زانایانی سۆسۆلۆژیاش درك بەم بایەخ و گرنگییەی ئەدەب و جەماوەر بکەن و لەو باوەڕەدان هەموو ئیـلهام و داهێـنانـێك و هەموو بەر هەمێکی هو نەری دە گەڕێـتەوە بۆ کۆ مەڵ))[٢٣٨]، زا نا یانی تێۆری ڕەنگدانەوەش جەخت لە سەر((دەلالەتی کۆمەڵایەتی کارە ئەدەبی و هونەرییەکان و پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەکەنەوە))[٢٣٩]، دەبینین کاتێك شاعیرێك باس لە دیاردەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵ دەکات، مەبە ستیەتی ئەو بابەتە بخاتە ڕوو و لایەنە نابا شەکانی باس بکات و ڕەخنەی ئاڕا ستە بکات، زۆرجار چارە سەریـ ـشی بۆ دیاری بکات، هەروەها کاتێك شاعیر هاو شانی تاکەکانی تری کۆمەڵ، لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بە شدار دەبێت خۆ شی بێت یان ناخۆ شی، ڕووداو و کارە سات و مردن بێت یان بۆنەی شایی و ئاهەنگگێڕان یا کێشەی ژنان و هەژاران و چەوساندنەوە و دواکەوتووی کۆمەڵ، هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت، ئەو بۆنە کۆمەڵایەتییانە دەخاتە چوارچێوەی دەقی شیعری و بەمەش شیعری بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لەدایك دەبێت و((بابەتەکانی لە ناوجەرگەی کۆمەڵەوە رێ چکە دەگرن و پێکەوە ئاوێتە دەبن و لەیەکتر جیانابنەوە))[٢٤٠]. شاعیر و ڕەخنەگری ئەردەنی مەهدی نە صیر ئەڵێ: (( شاعیری سەردەمیش کوڕی ژینگەکەیەتی و زۆرجار لەژێر باری یاساو مەرجەکانیدایەو لێی یاخی دەبێ و لە ڕێی وەڵامدانەوەی ئەو ڕۆحە شاراوەیەی کە هەیەتی و ئەگەڕێ بە دوای کە شێکدا کە بتوانێ تەعبیری لێ بکا...شاعیری سەردەمیش ناتوانێ خۆی بە دوور بگرێ لە ڕووداو و بۆنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەکەی، پێویستە بە ڕۆحێکی شیعری دەری ببڕێ، نەك تەنها وێنەیەکی بێ گیانی فۆتۆگرافی بۆ بکێشێ، شاعیرە گەورەکانی ئەم سەردەمەش لەگەڵ کێشەو بۆنەکانی کۆمەڵگاکانیاندا بوون و بە شیعری جوان و مرۆیی

---

[٢٣٦]- عەلی وەردی(د)، ئەفسانەی ئەدەبی باڵا، وەرگێڕانی کامیل مەحمود، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٠.

[٢٣٧]- شنۆ محەمەد محمود، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٧٨.

[٢٣٨]- ئاوارە کەمال سالح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢،ل١٨.

[٢٣٩]- شکری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب،...، ل٩١.

[٢٤٠]- شنۆ محەمەد محمود، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە....، ل٧٨.

گەورە دەریان بڕیوە))[٢٤١]، لە ئەنجامی ئەو پەیوەستییەی شیعر و ئەدەب بەلایەنی کۆمەڵایەتی و گرنگی ڕووداوەکانی ناو دەقی شیعری و ئەو ڕەنگدانەوە واقیعییەی لە ئەدەبدا بە دیدەکرێ بۆ توێژینەوەی مێژوویی، د. عەلی وەردی دەڵێ: ((لە ڕا ستیدا ئێمە دەتوانین بۆ لێکۆڵینەوە سوود لە شیعر وەربگرین، مەبە ستم لە مێژوو، لێرەدا مەبە ستم لە مێژووی گەلانە نەك مێژووی سوڵتانەکان، بۆ مێژووی سوڵتانەکان شیعر سوودێکی زۆرمان پێ ناگەیەنێت، چونکە ئەو واقیعەمان بۆ وێنا دەکات، کە خۆی ئارەزووی دەکات و بەمەش حەقیقەتمان لێ ون دەکات، بەڵام لە مێژووی گەلاندا شیعر وێنای بەها کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەکات کە باڵادە ستە بە سەر خەڵکدا))[٢٤٢]، و هەموو تاکێکیش لە((ڕێگای بەشداریکردنی کۆمەڵایەتییەوە وێنەیەکی خۆی بەدەست دێنێ))[٢٤٣].

زۆرێك لە بابەتی ئەدەبی و مەبەستی شیعری، ((زادەی ژیانی کۆمەڵایەتین و بێگومان سروشتی کۆمەڵایەتییان هەیە. ستایش و شیوەنیش خاوەنی ئامانجێکی کۆمەڵایەتین و مەبە ستیان ئەوەیە کە لە نێو چین و تو ێژە جیاوازە کانی کۆ مە ڵدا ڕەواج پە یدابکەن، لێکۆڵینەوەی گۆڕان و پێ شکەوتنی شار ستانییەتەکانیش کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چۆنیەتی دەرکەوتنی شیعرو ئەدەبیات پێ شاندەدەن، ئەو میللەت و نەتەوانەی، کە لە ڕەوتی گۆڕانی ژیانی جووتیارییەوە پێگە شتوون، شیعرو ئەدەبیاتیشیان لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە هێشتا لە قۆناغی شوانکارەییدان جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو میللەتانەی لە قۆناغی بازرگانیدان، لەگەڵ ئەومیللەتانەی لە قۆناغی پێ شکەوتوودان وەك یەك نین))[٢٤٤]. زۆربەی بیروڕاکان لە سەر بوونی پەیوەندیی توندوتۆڵن لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا، ((کێ بیروڕاکانی ئەفلاتوون و ئەر ستۆو تۆمای ئەکوینی و مادام دی ستایل و مارکس ڕەتدەکاتەوە، کە باس لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بابەتی دیاریکراو دەکەن))[٢٤٥].

شیعر لە ناوەرۆکدا تاکە کەسییەو پەیوە ستە بە ڕۆحە باڵاکانی گەلان و نەتەوەکان، بۆیە شیعر دەربڕی بەها باڵاکانی مرۆڤەو بەتەنها دەربڕینێکی کاتی نییە بۆ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئاهەنگ گێڕانێك ((لەگەڵ ئەوەشدا لە خوێندەوەماندا بۆ شیعری کۆن تێبینی ئەوە دەکەین، کە بەشێکی زۆری شیعری ڕا ستەقینە، بابەتەکەی لە چیرۆکێکەوە هاتووە کە بۆ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیا سی یان ئایینی نوو سراوە))[٢٤٦]. واتە شیعر((دابڕاو نییە لە واقع و کۆمەڵەو دەوروبەری، هەندێ جار دەق کەرە ستەکانی و بابەتەکەی لە واقعە کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەردەگرێت، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە بەردەوامە دەگەڕێتەوە، کە شاعیران بە ژینگەو کۆمەڵەکەیانەوە لە هەموو بارێکدا و لە هەموو کارەساتی خۆ شی و ناخۆ شی و نەهامەتیدا ئەو شیعرەی درو ستکردووە))[٢٤٧]. ئەمە جۆرێك لە واقعییەتی

---

[٢٤١]- مهدي نصير، شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جريدة الدستور يومية سياسية عربية مستقلة تصدر عن الشركة الاردنية للصحافة والنشر:ادباء- الأربعاء، ٢٦ نوفمبر/تشرين الثاني، ٢٠١٤. /١٧٤١١/http://addustour.com

[٢٤٢]- عەلی وەردی(د)، ئەفسانەی ئەدەبی باڵا،...، ل١٢٣.

[٢٤٣]- مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی ڕێبوار سیوەلی و ئەوانی تر، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٧، ل١٠٧.

[٢٤٤]- هیمداد حوسێن(د)، دەروەزەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی... ، ل٢٣.

[٢٤٥]- کەمال مەعروف(د)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی،٢٠١٢، ل٣٣.

[٢٤٦]- مهدي نصير، شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جريدة الدستور..../تشرين الثاني، ٢٠١٤

[٢٤٧]- شنۆ محەمەد مەحموود(د)، دەق ئاوێزان،لە شیعری...، ل ١٤٧.

ڕووداوەکانی ناو بەرهەمی شیعری دەخاتەڕوو، چونکە لە نێوان کاری واقیعی و ئەو پابەندییەی لەلای نوو سەر دێتە ئاراوە، وادەکات، نزیکییەك لە نێوانیاندا هەبێ، چونکە: ((کاری واقعی ئەوەیە کە وێنەی ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەکێ شێ کە بە حەقیقەت ڕوویانداوە و ئیلتیزامیش بریتییە لەوەی کە داوا لە نوو سەر بکرێت وێنەی ڕووداو و کێ شە کۆمەڵایەتییەکان بکێ شێ، واتە ئەدەبەکەی بوە ستێتە سەر وێنەکێشانی غەمە کۆمەڵایەتییەکان))[248].

کەواتە: ئەدەب بە شێوەیەکی گ شتی هەر لە سەردەمی لە دایکبوون و سەرهەڵدانییەوە ((وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی چوێندراوە، لە کۆمەڵگای سادە هەندێ جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی بکەین لە نێوان شیعرو مەرا سیمی ئاینی یان کۆمەڵایەتی، یا شیعر و ئەف سانە...لە هەمان کات، ئەدەب وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەی هەیە بەو مانایەیی سوود و بایەخێك دەگەیەنێ، ئەمەش هەر پێوەندی بە تاکە کە سەوە نییە، گ شت کۆمەڵگا دەگرێتەوە...ڕا ستە نوو سەرێك تاقیکردنەوەو ڕوانینی خۆی بۆ ژیان بەگ شتی دەکاتە سەر چاوەی ئەدەبەکەی، بەڵام نا شێ و درو ست نییە و لەگەڵ هەقیقەت ناگونجێ، بڵێین ئەمە هەموو ژیانە، یان ژیانی سەردەمێکە بە هەموو ئاڵۆزی و قورسایی خۆی))[249].

شاعیر و نوو سەر ناتوانن دابڕاوبن لە ژینگەو دەورووبەر، (( شاعیر ڕەگی لە ژینگەو سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکەی سادەو ساکاربێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە سادەو ساکاردەبێت، خۆ ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە ئاڵۆزبێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێ و یەکپار چە نا سەقامگیری دەروونی و ڕۆحی بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆز و تەمومژاوی و قورس دەبێت))[250].

ئەو ڕا ستیەش دەبێ ئاماژە پێبکرێ، کە هەموو بۆ چوونەکان لە مەڕ پەیوەندی شیعرو ئەدەب و لایەنی کۆمەڵایەتی چوون یەك نین، هەموو لەسەر ئەوە کۆك نین شیعر دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەو واقیعە ببێ، کە تیایدا لە دایك دەبێ، دوو بۆ چوون لەم بارەوە دەردەکەوێت: ((گروپێك پێیانوایە، کە هونەرو ئەدەبیات تەنیا ئامێری پرووپاگەندەیە، بەپێی ئەم بۆ چوونە، ئەرکی هونەر لەوەدا کورتدەبێتەوە کە لە ململانێی هاو چەرخ و لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا هەڵ سووڕاوانە دەور بگێڕێت و خاوەن هەڵوێ ست بێت، لە وەها دۆخێکدا، هونەر دەبێت ب چێتە خزمەت بزافێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و پ شتیوانی لێ بکات...گروپی دووەم پێیانوایە، کە هونەرو ئەدەب بۆ خۆیان ئامانجن، یانی پەیوەندییان بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە))[251]. بەڵام ئەوەی زیاتر پ شتیوانی لێ دەکرێ، ئەو بۆ چوونەیە کە واقعیی کۆمەڵایەتی و سیا سی و ئابووری و ڕۆ شنبیری ڕۆڵی کاریگەر و بەر چاوی لە سەر گە شە کردنی بیروبۆچوون و ڕۆشنبیری تاکی نووسەرو شاعیر هەیە و هەر ئەمەش وادەکات، هەمان کاریگەریی لەسەر بەرهەم درو ست ببێ ((ئەو ژینگەیەی کە شاعیری تێدا دەژی، ئەو ڕیالیتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و

[248]- شکری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب...، ل٨٣.

[249]- موحسین ئەحمەد عومەر(د)، ئەدەب و کۆمەڵگا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٥)، ٥/٢/٢٠٠٦، ل١١٨.

[250]- حەمەکەریم عارف، دەربارەی شیعرو شاعیری، ٢٠٠٧ WWW.partwk.com

[251]- تیۆدۆر ئەدۆرنۆو کۆمەڵێك نوسەری تر، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، وەرگێڕانی هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤١.

**سیا سییەی کە تێیدا فیکری شاعیر گە شەی کردووە، ئەو فاکتەرە سەرەکیانەن کە جگە لە حاڵەتە دەروونییەکانی ناوەوەی شاعیر، بڕیار دەدەن لە درو ستکردنی وتاری شیعری یان بە واتایەکی تر لە داڕشتنی پەیامی شیعریدا))[٢٥٢].**

**بێکەس(١٩٠٥- ١٩٤٨ز) دەڵێ: ((تەمە سیلێك کرا بۆ مەنفەعەتی مەکتەبەکانی سلێمانی، لەو حەفلەیەدا چەند شیعرێکم خوێندەوە، لەدوای ئەوە نزیکەی(٢٠)ڕۆژ تەوقیف کرام، بەهەزار حاڵ ڕزگارم بوو، دەڵێ: کە لە حەپسخانە دەرچووم ئەو شیعرە(توشی لافاوی عیلم بووم...)م بەو بۆنەوە نووسی))[٢٥٣]:**

**تووشـــی لافـــاوی عیلم بـــــووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم**
**سواری واپۆڕی جەهـــل بووم و بەنــــــاویـــا تێپـــەڕیم**
**سەد شوکر ئۆخەی نـەجـــــاتم بـوو لەباسی عیلم و فەن**
**نامگرن جارێکی تـر بـۆیـــە لـــە کــــــەیفاهەڵــپەڕیم**
**گەرچی تا ئێستا وتـــوومـــە: تێبگــــەن زوو پێ بگـــەن**
**بەو قسانەم قەتعیەن بـــاوەڕ مەکەن، سەگ بووم وەڕیـم...**

**یەکێك لەو بابەتە کۆمەڵایەتییەی شاعیران هەمیـ شە بۆ چوونی تایبەتییان لە بارەوە هەبووە، مەسەلەی ئافرەتان و ڕۆشنبیرکردنیان بووە ((ڕوناکبیرانی کوردیش لە کوردستانەوە بەتایبەت شاعیران بەڕا ستەوخۆ داوایان کرد ئافرەتانی کورد...ڕوو لە خوێندگاکان بکەن، ڕەنگە با شترین نموونەی ئەم جۆرە شیعرانە ئەوەی پیرەمێردی نەمر بێت، کە خوازیاری ئەوەیە کچان ئاڕاستەی خوێندن بکرێن))[٢٥٤].**

**لەئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕایەیی کە دیاردەی شیعری کۆمەڵایەتی دەرخ ستنی ئێش و ئازارو خۆ شی و شادی کۆمەڵ و ناخۆ شییەکانی تاك و میللەت و گەلە بەگ شتی، شیعر وەك کەرە ستەیەکی زیندووی جوڵاو لەو کات و سەردەمەدا سەرهەڵدەدا و لە ئەنجامدا لەگەڵ تەواوی کایەکان تێکەڵ دەبێت و شیعر لە مناڵدانی ئەو ڕووداو بۆنەو کارەسات و شایی و شیوەن و ناسۆرو خۆشییەکاندا لەدایك دەبێ و سۆز و هەستی خوێنەر دەوروژێنێ جا یان شادیان دەکات و دەیانخاتە پێکەنین یان ماتەمباریان دەکات بۆیە بەم پێیە ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر((وێنەگرتنی ئێش و ئازاری خەڵکە بەگشتی کە هەموو میللەت پێی کاریگەر دەبن و هەروەها بریتییە لە شۆڕبوونەوەی شاعیر بۆ ناخ و قوڵایی کۆمەڵگاکەی کە تیایدا دەبێتە نوێنەری هیواکان و ئازار و هەستەکانی))[٢٥٥].**

---

[٢٥٢]- فازیل کەریم ئەحمەد و نووسەرانی تر، خەیاڵ و ڕۆح"چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٤،ل٢١٦.

[٢٥٣]- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی فایەق بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨، ل ١٦٤.

[٢٥٤]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(د)، ڕووداوەکانی کوردستان لەئاوێنەی ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠، ل٣٢.

[٢٥٥]- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە...، ل١٥٤.

*- لە مێژووی ئەدەبی کوردی مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم، لاپەرە(٤٧٥) دا مێژووی لەدایکبوون و مردنی شاعیر بەو جۆرە دیاری کراوە، بەڵام لە دیوانی (ئەحمەد مختارجاف)دا هاتووەکە لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی کەرێکەوتی هەردوو ساڵی(١٨٩٨–١٨٩٩ز) دەگرێتەوە لە دایکبووە و لە (١٩٣٤ز)ی کوژراوە، دەڕوانرێتە: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئەدیب، بەغداد، ١٩٨٦.

**هەندێ نموونەی شیعری بۆنەی شیعر و لایەنی کۆمەڵایەتی:**

ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨-١٩٣٥) * لە شیعرێکی بۆنەی کۆمەڵایەتیدا کە بەبۆنەی ژنهێنانی حەسەن فەهمی بەگی عەلی بەگی خوشکەزایەوە نووسیویەتی دەڵێت :

**ئەی حەسەن ئەم کاغەزەم تەبریکی عەیش و شادی یە**

**پڕ لە مـــەعنایـە ئەگـــەر چـی بـۆ مـوبارەك بـادی یە**

**کەیفە، بەزمە، دەنـگی ســازە، نــاڵیی عـوود و نـەیە**

**جـــەژنـە ئــەمڕۆ مــاچ و مـوچە، مەوسیمی ئازادی یە...**[٢٥٦]

مەلا مـ ستەفای کوڕی مەلا ڕە سوڵ(١٨٨٥-١٩٧٥ز) نا سراو بەعا صی شاعیرێکی باوەڕدارو نیـشتمانپەروەربووە، بەبۆنەی کۆ چی دوای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٣٩٢کۆ چی دەقێکی شیعری بۆ ستایش و شیوەنی ناوبراو دەنووسیت کە ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**لەناو زومرەی مەلەك ئیمڕۆ عەجەب گریان و غەوغا بوو**

**کــــە نـــــوری دیدەیی زەهرا بە وێنەی زوهرە ئاوا بــوو**

**دڵۆپەی چاوەیی ئاسمان هەناسەی ساردی غەمخــواران**

**بەهـــاریان کـــــــردەوە زستان فەلەك میزانی گۆڕابوو**[٢٥٧]

بێزاری شاعیر( سید شێخ محێدین)(١٩٠٧-١٩٦٤ز) لە شیعری دا شۆڕیندا دە ستێکی باڵای هەبووە، لەساڵی ١٩٣٨ موتەسەریفی سلێمانی پیاوێکی تورکی دڵڕەق دەبێت بەرامبەر خەڵکی شارو بەتایبەت باری ڕۆ شنبیری ئەو ڕۆژگارە، یەکێك لە کارە خراپەکانی داخـ ستنی ڕۆژنامەکەی پیرەمێردە، کە خەڵکی سلێمانی پەست و تورە دەکات و (بێزار)ی شاعیریش لەو بۆنەیەدا بەم شیعرە هەجووی ناوبراو دەکات:

**پێی بڵێن بێدەنگ بیێ، ئەتکی ئەکەن ئەو گوێ لەقە**

**کـــورد(لرن) کافر(لرن) پاماڵ ئەکەن ناموسی ئەو**

**بـــا بزانیێ مـــەردە کــــورد. ئیتر نـەکا ئەم ناحەقە**

**سەقڵی سواغدا بە سڵقاو ژێر خـۆی پرکـــــرد لـە گوو**

**حەقنەیەك لازم نەبوو، وێستا کە چـــاوی هـــــەر زەق...**[٢٥٨]

## ٣- شیعر و نەتەوە و نیشتمان:

هە ستی نەتەوایەتی و نیـ شتمان خۆ شویـ ستن حاڵەتێکی جۆ شگرتووی دەروونی ڕەهای تاکە، کە لەناوەوەی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، هەستێکی مەزن و گەورە خواستنە بۆ بەرزڕاگرتنی نیشتمان.

چەمکی نە تەوە، گوزار شتە لە پێکەوە بوونی کۆ مە ڵە خەڵکێك کە ز مان و کلتور و بیرو باوەڕو بەرژەوەندی و خاکیان هاوبە شە، کارلتۆن هیس دەڵێ: ((نەتەوە، کۆمەڵێکی سەربەخۆی سیا سییە کە بیروباوەڕ و کلتوورێکی هاوبە شی هەیە، یان بوبگی دەڵێ: گەل کۆمەڵە خەڵکێکە کە خاك و ئاو و خوێن،

---

[٢٥٦] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئەدیب، بەغداد، ١٩٨٦.ل١٥٩.

[٢٥٧] - عەزیز گەردی، دیوانی عاصی، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر،٢٠٠٨، ل٢٣٤.

[٢٥٨] - مارف ناسراو، دیوانی بێزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٧،ل٧و٨.

**یان زمان یان کلتورو مێژوو پێکەوە گرێیان دەدەن))[٢٥٩]، سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوایەتی وەك بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، ((جان جاك رۆسۆ بەیەکەمین هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی دادەنرێ، چونکە پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە دەبێ چین و توێژ و تیرەو هۆزەکانی گەل یەك بگرن))[٢٦٠]. لە پێناسەیەکی تردا هاتووە کە((گوزارشتێکی سیاسییە مەبەست لێی ئەوەیە کە تاکەکان هەست بکەن سەر بە یەك نەتەوەن، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە دۆستایەتییان بۆ یەك نەتەوە هەبێت و شانازی بە ڕۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوەوە بکەن لە زۆربەی کاتەکاندا، واتە حەزکردن بە سەربەخۆیی نیشتمان))[٢٦١]. لە بارەی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، عەبدوڵڵا ئاگرین دەڵێ: (( شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆن و بەرامی خاك و خۆڵی وڵاتی لێ بەرز دەبێتەوە، دەنگی ڕەسەنایەتی هەستە پیرۆزەکەی ڕۆڵانی نەتەوەیە و بە دنیای ئەگەیەنێ و هەوێنی پاکێتی و دڵسۆزی تیا ئەژی))[٢٦٢].**

**ئەم هەستە کاتێك بوون و کیانی نەتەوە و نیشتمان مەترسی دەرەکی و ناوخۆیی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەو کات هەر تاکێك هەڵوێستی لە ئاست بوون و شوێن و کاریگەریی دەردەکەوێت، بۆ پاراستن و بەرگریکردن، ئەم دیاردە جاری وایە زیادەڕۆیی تێدا دەبێت و گیانی ئەم بەرزڕاگرتنە دەبێتە خۆ گەورەکردن و لوت بەرزی بەسەر نەتەوەکانی تردا.**

**شاعیری عێراقی (عبدالقادر ڕشید ناصری ١٩٢٠ - ١٩٦٢ ز) دەڵێت: ((هۆنراوەی نەتەوەیی ئەوەیە کە کۆمەڵگە بازاڕی بێت و لە ناڕەحەتیەکانیدا پشت لە کۆمەڵ نەکات، هەروەك (علی طه) ئەمەی کردووە لە کاتێکدا هاتووەتە ناو گەل بەهەستی خۆی گۆرانی چڕیوە، لە جوانترین هۆنراوەکانیدا بۆ بۆنەی نەتەوایەتی بووە . کە ئەم هۆنراوە پێی دەوترێت هۆنراوەی بۆنەکان))[٢٦٣].**

**ئێمە ئەگەر باسی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی لای شاعیران بکەین، ئەوە بێگومان ئەبێ لەوەوە دەست پێبکەین، ئەوەی کە زیاتر لە زۆرێك لە چینەکانی کۆمەڵ ئەو هەست و سۆزەیان تیدا لەدایك دەبێت شاعیرانن، بە پێوەری ئەوەی چینێکی ڕۆشنبیرو چاوکراوەی کۆمەڵن و شیعریش پەیامی لە دایکبووی ئەو باگراوندە ڕۆشنبیرییەیە کە شاعیران خاوەنداری دەکەن، بۆیە پەیامی شیعر لە مەسەلەی نیشتمانپەروەریدا جگە لە هۆشیارکردنەوە، ئەرکی پاراستنی زمان و پێشەنگی خەباتی گەلە بەتایبەت بۆ میللەتێکی وەکو کورد، شیعر حزووری لە هەموو بۆنە نیشتمانی و سیاسی و نەتەوایەتییەکاندا هەیە، لە ناو نەتەوەی کورددا پەیامی نەتەوایەتی لە شیعری شاعیرانماندا بە ئاشکرا بەدی دەکەین و ئەتوانین پێشەنگایەتی ئەم کاروانە لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا ببینینەوە.**

**خانی کوڕی سەدەی حەڤدەهەمەو ئەو سەدەیەش (( سەدەیەکی پڕ لە کێشەی تیژە لە نێوان میرنشینەکانی کورد و هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانیدا کە دەیانویست کوردستان داگیربکەن،**

[٢٥٩]- عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە ترازووی ئیسلامدا، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٨، ل٧٦

[٢٦٠]- هەمان سەرچاوە... ل٧٧.

[٢٦١]- عبدالطیف أحمد مصطفی، الفرقة الاسلامیة و غیرها، ط٢، مطبعة الامان، ٢٠١١، ل ٢٠٥.

[٢٦٢]- محەمەد فازیل مستەفا(د)، دەنگی پیرەمێرد.... ل١١٨

[٢٦٣]- عبدالقادر رشید ناصری، مجلة الرسالة، عدد٩٦٩،ص٤٢ https://ar.wikisource.org/wiki

سوود له داگیرکراویی بگرن))[٢٦٤]. کێشەی نەتەوەیی و ئامانج و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد، ((له لای خانی هەر خەوی   شاعیرێك و ئاواتێك نییه بۆ ڕزگاربوون له داگیرکردنی عوسمانی و فارس، بەڵکو بینینێکی زانستی ئەو مەسەلەیەیه که لەگەڵ واقیع و توانای سەردەمدا ڕێك دەکەوێت...خانی گەوهەری مەسەلەی کورد لەسەردەمی خۆیدا بەزاڵ بوونی دوو ئیمپراتۆری فارس و عوسمانی لەهەندێك بەشی کوردستان و هەوڵدانی له ناودانی دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورددا دەبینی...ئەگەر کوردستان یەکگرتوو بوایه بەڕای خانی هیچ زاڵبوونیان به خۆیانەوه نەدەدی))[٢٦٥].

وەك دەبینین   شیعر له خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا ڕۆڵی بەر  چاوی هەبووه((له نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەم بەو لاوه تادوا ساڵانی سەدەی بیستەم شیعری کوردی له خەباتی نەتەوایەتی ئەو   سەردەمانه له مێژووی میللەتی کورددا دەوری دیاری هەبوو، مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی دوو شاعیری گەورەی کوردمان بۆ دەور دەکاتەوه، یەکەمیان ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٦) و دووەمیان حاجی قادری کۆیی(١٨١٥-١٨٩٧)، ئه ما نه داهێ نەری لا یەنی بەر هەمی ئەدەبی خه باتی نه تەوا یەتی ونیـ شتمانپەروەری و کوردایەتی ڕۆژگاری خۆیانن))[٢٦٦] شیعرلەو سەردەمانەو تا ئێ ستاش له ئەدەبی کوردیدا هاو  شانی خەباتی نەتەوایەتی   چەکێکی کاریگەربووه و زامنی پارا ستنی زمان و کلتورو ڕۆ شنبیری کوردی له ئه ستۆ بووه، ((ئەو هۆیانەی کوردیان له تواندنەوه پارا ست زۆرن، دیاره لێرەدا ئێمه مەبەستمان ڕوونکردنەوەی هۆیەکی یەکجار گرنگه ئەویش ئەدەبی کوردییه، بەسەرهاتی سیاسی و ژ یانی کۆ مەڵا یەتی بوو نه هۆی ئەوەی ئەدەب دەورێکی گرنگی له ما نەوەی کورددا هەبێ ، ئەدەب ئاوێنەیەك بوو ڕەنگی خەباتی کوردی تێدا دەبینرا، ڕووناکییەك بوو ڕێی ژیانی ڕۆ  شن دەکردەوه، له دژی دەست تێوەردانی دەرەوه و ڕوونکردنەوەی ئەدگاره نەتەوەییەکانی کورد دەوەستا))[٢٦٧].

وەك  چۆن کورد ستان دوو چاری حاڵەتی  چەو سانەوه بووه له لایەن داگیرکارانەوه، بەدرێژایی مێژووی پار  چەکردن و دابه  شکردنی له دوای جەنگی   چاڵدێران له ساڵی١٥١٤ز((لەپاش  سەرکەوتنی عوسمانلییەکان...لەو ماوه کورد ستان بوو به دوو بەش، به شێکی کەوته ژێر ده سەڵاتی سەفەوییەکان و به   شەکەی تری لەژێر ده  سەڵاتی عوسمانلییەکان بوو))[٢٦٨]و دواتر له دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابه شکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ست له لایەن هاوپەیمانەکانەوه، کورد ستانیش یەکێك بوو لەو ناو چانەی دابەشکرا. ئەم دابەشکاری و پارچەبوونەی کوردستان و ناسۆرییەکانی لەشیعری شاعیران ڕەنگی دایەوه:

حاجی  قادری کۆیی(١٨١٥-١٨٩٧) لەقۆ ناغ و   سەردەمی(قو تا بخا نەی   شیعری  با بان)بووه و خا سیەتەکانی ئەو قوتابخانەیەش به سەر  شیعری حاجی تا له کۆیەو کورد ستانی عیراق و ئێران بوو، ده سەپێندرا، بەڵام ((کاتێ که  چووه  شاری ئه ستەنبوڵ و بیرو باوەڕی کوردایەتی لەلا پەروەردە بوو،

---

[٢٦٤] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)، ئەحمەدی خانی...، ل٧٤.

[٢٦٥] - هەمان سەرچاوه...ل١٠٧.

[٢٦٦] - مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لەپیناو مافی نەتەوایەتی لەئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژماره(١٤٦)، ٢٠٠٩/٧/٥،ل٦٨.

[٢٦٧] - هەمان سەرچاوه...ل٦٩.

[٢٦٨] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم...، ل٣٠.

ورده ورده ڕێبازی شیعری گۆڕا...حاجی دەستی لە باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو هەڵگرت و کەوتە سەر چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد و کۆمەڵایەتی میللەتەکەی))[٢٦٩].

**لەڕۆما کەوتـــە بـەرچاوم کەسێکی هـــائیم و حەیران**
**بەهەیبەت تێگەیم کــــوردە بـــە شێوە ئەهلی کوردستان**
**کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای**
**لەکام لاوە هاتووی؟گریا!گوتی:بـــابـــان!گـــوتم بابان؟....** حاجی قادری کۆیی، ل١٠٠

لە ساڵی (١٩٤٧) چوار ئەفسەرەکەی کورد پاش هەرەسهێنانی کۆماری مەهاباد گیران و ڕادەستی ڕژێمی پاشایەتی عێراق کران و لە سێدارەدران، بە بۆنەی هێنانەوەی تەرمی دوان لەو ئەفسەرانە بۆ شاری سلێمانی بێکەسی شاعیر و نیشتمانپەروەر شیعری(قەومی کورد)ی نووسیوە:

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**
**میللـــەتێکی قـــــارەمــانن هـــەر ئـەبێ سەربەست بژین**
**میللەتێ لاوی لە ڕێگـــەی ســــەربەخـــۆیی نیشتمــــان**
**بێتە بەر سێدارە بێ تـرس، دەم بـــــەخـەندەو پێکەنین**
**قەومی وا نامرێ، ئـەژی بـــا دوژمنی هەر شــــەق بـەرێ**
**ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە، خــــاوەنــی عەزمی مەتین...** دیوانی بێکەس، ل٨٢

هەڵوێستی شاعیرانی کورد هەمیشە مایەیی سەر بڵندییە، هیچ کاتێ نەبووە لە ڕیزی خەباتی نیشتمانی بەدوور بووبن، بەڵکو بە گیان و قەڵەمەکانیشیان لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا بوون و زۆر بەکەمی ستایشی دەسەڵات و سەرۆکەکانیان کردووە، مەگەر سەرکردەیەك لە ڕیزی نیشتماندا بووبێ، وەگەر نا بەپێچەوانەوە ڕەخنەشیان لە کەمووکورتی دەسەڵات گرتووە، بێکەس یەکێکە لە شاعیرە چاونەترس و ئازاکانی میللەتی کورد بە شیعرەکانی هەردەم بەرەو ڕووی ناحەزانی کورد وەستاوەتەوەو شیعرە پڕ لە شەهامەت و بوێریەکەی (بیست و حەوت ساڵە)ی کە وەك ناپاڵمێك بەڕووی (ئەدمۆنز) تەقاندیەوە، شاهیدی گەورەیی و بەهێزی و دلێری بێکەس و شاعیرانی تری کوردە.

**بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی**
**بە فـــــڕوفیشـــــــاڵ ئەم خەڵەتێنی**
**ڕۆژی نەوعێکم هـــــــەڵ ئەپەڕێنی**
**کە ئیشت نەمـــــا وازم لێ دێنی...** دیوانی بێکەس، ل٧٨

لەبەر ئەوەی ڕەمزی سەربەرزی شاعیران ئەوەیە کە لەهەموو کات و قۆناغێکدا شاعیر پەیوەندی خۆی بە نیشتمان و خاکەکەیەوە پاراستووە، لە ژێر چەکمەی هەر دەسەڵاتێکدا بووبێ، نەیتوانیوە ئەو خۆشەویستییە بشارێتەوە، هەر ئەمەش خاڵی جەوهەری بووە و وای کردووە بەردەوام لە هەموو

---

[٢٦٩]- دەروانرێتە: سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی،چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠ك.هـ، ل٢٧.

**قۆناغ و سەردەمێکدا گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە شیعری کوردیدا و لەلای شاعیرانی کورد بایەخی گرنگ و زۆری هەبووە.**

**دەبینین شاعیران بەتایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابە شکردنی خاکی کورد ستان گرنگی زیاتریان بە لایەنی شیعری نەتەوایەتی و نیشتمانی داوە، عەلائەدین سەجادی لە بارەی شیعری نیـ شتمانی پیرەمێردی شاعیرەوە دەڵێت: ((پیرەمێرد لە با سی شیعری نیـ شتمانی و لاواندنەوەی نیـ شتمانییەوە، پێغەمبەری ئەو مەیدانەی سەدەی بیـ ستەمی کوردە))[270]. هەر لەم بارەیەوە محەمەد ڕە سوڵ هاوار دەڵێ: (( شیعرە نیـ شتمانییەکانی هەمووی لە هە ستێکی پاك و دەروونێکی خاوێنەوە هەڵقوڵاون، خۆ شەوی ستی نیـ شتمانەکەی بە جۆرێك لە دڵیا جێگیربووە زۆرجار کە لە بابەتێکی تریش شیعری وتبێ دواییەکەی چەند دێڕێکی نیـ شتمانی تێهەڵکێش کردووە))[271]. پیرەمێرد ئەوەنە پەرۆش ئەبێ بۆ نیشتمان دوای ئاوارەیی بۆ ماوەی(٢٥) ساڵ لە کاتی گەڕانەوەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ کوردستان ئەم شیعرە پڕ لە سۆزە لەو بۆنەدا دەنووسێ:**

**ئەوا ڕوومکردە تۆ ئەی دایکــی موشفق بیست و پێنج ساڵە**
**لـــە غـــوربەتدا بەیــــادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە**
**بەیانیدا، نەســـــیم لای تــــۆوە هــات، بۆنی وەتەن پێوە**
**ئەوا نووسرایەوە پیرانـــــە، ســـــەر عومرم لـــــەسەر نـــوێوە...**　　　پیرەمێردی نەمر، ل٦٧

**لەو سەردە ما نەدا شیعر وەك((مـ ید یاو کە ناڵێکی ئەدەبی لە بارو گو نجاو بە کار هێنراوە، شاعیران...بارودۆخی سیاسی و ڕووداوی مێژوویی و بەسەرهات و دابونەریت و کەلتووری نەتەوایەتییان بە شیعر نووسیوەتەوە، یەکێك لەو تەوەرە سەرەکییانە هەست و سۆزی نەتەوایەتی بووە))[272].**

---

[270] - عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی....ل٤٥٧.

[271] - محەمەد رسول (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ألعاني) بەغداد،١٩٧٠، ل٩٧.

[272] - حەمەنووری عومەر کاکی(د)، شکستی میرنشینی بابان لە شیعری "سالم"دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە٣ی ساڵی ٢٠١٤، ل٤١.

# بەشی دووەم: ڕەگەزو شێوازو ناوەرۆکی شیعری بۆنە

## تەوەرەی یەکەم:
## ڕەگەزەکانی شیعری بۆنە

## تەوەرەی دووەم:
## شیعری بۆنە لە ڕووی شێوازەوە

## تەوەرەی سێیەم:
## جۆرەکانی شیعری بۆنە لە ڕووی ناوەرۆکەوە

## تەوەرەی یەکەم/ ڕەگەزەکانی شیعری بۆنە:

شیعر لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت، ڕەگەزەکان لە شیعردا بە جۆرێك تێکدەئالێن و ئاوێتەی یەکدی دەبن، کە دەبنە هۆکاری ڕازاندنەوەی شیعرو لە ڕووی هونەرییەوە وا دەکەن شیعر لە دەق و نووسراوەکانی تر جیاوازبێت، ئەوەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو، ڕەگەزەکانی شیعرە بەگشتی و لە باسی ئەو ڕەگەزانەشدا ئاماژە بەوە دەکەین، هەریەکە لەو ڕەگەزانە لەشیعری بۆنەدا جۆرە سیمایەکی تەکنیکی و هونەری جوان بەدەق دەبەخشن و تا ڕادەیەك تایبەتمەندی خۆیان هەیە، چونکە ڕووداو و بۆنەش بەشێکی گەورەی بنیاتی شیعر پێکدەهێنن، بۆنە لە شیعردا زادەی هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانی خودی و کەسی شاعیر و دەورووبەردا ڕوودەدەن، شیعر بۆ خۆی ئەزموونی ژیانی شاعیر و دەورووبەرەو سۆزێك دەیوروژێنێ و بە بیرێکی گونجاو دادەرێژرێت و بە ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرانە لە شێوازێکی گونجاودا دەڕازێنرێتەوە، هەروەك د. کامیل بەسیر دەڵێت: ((تێکستی وێژەیی لەیەکەم هەنگاوی لە دایك بوونییەوە سۆزو هەڵچوونێکە لە دڵی وێژەردا، ئەم سۆزو هەڵچوونە وێژەرەکە ڕادەکێشێ بۆ بیرۆکەیەکی تایبەتی بەهۆی بەرپابوونییەوە، ئەمجا ئەو وێژەرە پەنا دەباتەبەر دەربڕینی و شەو ڕستە بەزمانی ئەندێشەو دەستدەکا بەدەربڕین لەو بیرۆکەو هەڵچوون و سۆزە بە شێوازێکی تایبەتی گونجاو کە بە بەرهەمەکە دەوترێ تێکستی وێژەیی))[٢٧٣].

هەر ئەمەیە وادەکات، بەپێویستی بزانین لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئاماژە بەو ڕەگەزانە بکەین کە بنیادی هونەری شیعر پێکدەهێنن، چونکە بیرو هەموو لایەنەکانی سۆزو هەستو نەستو خەیاڵ لە قاڵبێکی تایبەتدا وێنەیەکی هونەری جوان بە شیعر دەدەن، شیعری بۆنەش لەم جوانییە بێبەش نابێت.

### ١ - سۆز:

لەزانستی دەروونیدا، سۆز ((بارێکی دەروونی یەو لایەنێکی ژیانی مرۆڤەو بریتییە لەو کۆمەڵە هەڵچوونانەی کە لە هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤدا هەستی پێ دەکرێت، جا کە هەڵبەستیش لە هەموو جۆرەکانی تری هۆنراوە زیاتر پەیوەندی بەخودی شاعیرو دەروونی شاعیرەوە هەبێت، ئەوا تاقیکردنەوەکان بۆ خۆیان بەرپاکەری( سۆز)ی شاعیر دەبن))[٢٧٤]. یان دەوترێ (( سۆز ئەو هەڵچوونو کاردانەوە دەروونییەیە کە شاعیر بەهۆی ڕووداوێکەوە لە خۆیدا هەستی پێدەکاتو دەیەوێت، لەو هەستو سۆزەی خۆیدا خوێنەر یان گوێگر، لەگەڵ خۆی بەشداری و هاوبەش بکات))[٢٧٥].

سۆز لەجیهانی هەستدا وەك دەریایەکە، کاتێ لەناکاو دەستبەهەڵکشان و داکشان دەکات، شەپۆلە دژوارەکانی ئەوەندە بەخێرایی بەرەو کەناری ڕۆح دەچن، سەراپای دەروون پڕدەکەن لە وزە. سۆز، وەك ئەو خۆرە وایە، کە لە ئاسمانەوە دەڕوانێتە زەوی و هەموو بنجو بنەوانێکی ڕووناك دەکاتەوە و تیشکی گەرمای بەناخی شتەکاندا ڕەت دەکات و میهرەبانی لێ هەڵدەوەرێ (د. وەحیدی صوبحی)

---

[٢٧٣]- کامل حسن بصیر(د)، ڕەخنەسازی...، ل١٤٥.

[٢٧٤]- دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٤٣.

[٢٧٥]- محمد رضا شفیعی کدکندی(د)، صور خیال در شیعری فارسی، انتشارات آگا، چاپ ٩،تهران ١٣٨٣، ل ٢٤.

لەبارەی  سۆزەوە دەڵێ: ((وێنە بەبێ  سۆزی گەرم ناتوانێت کاریگەریی لەنێو دەروونی خوێنەر بەجێ بهێڵێت. وەك چۆن سۆز ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە لە هەمان کاتدا گوزارشت کارێکی حەقیقەتەکانی نێو دەقە شیعرییەکەشە، بەواتایەکی دیکە، ئەگەر گیانی سۆز لە دەقە شیعرییەکان بسەنرێتەوە، ئەوە گیانی دەقەکە دەکەوێتە گیانەڵاوە))[٢٧٦]. یان  سۆز((ئەو هێزە  سیحرییەیە کە لە هە  ست و نە  ست و ناخ و دەروونی مرۆڤەوە، بە هۆی کۆمەڵێ هۆکاری کاریگەرو وروژێنەر دروست دەبێ و لە چاوگەیەکی قووڵ و ڕاستەوە هەڵدەڕێژرێ و بە توندی مرۆڤ دەتەزێنێ یان دەیخاتە جۆش و خرۆشەوە))[٢٧٧].

ڕۆمانتیکییەکان ((هە  ست و  سۆزیان لە  سەرووی عەقڵەوە دەبینی و بە با  شتر و جوانتریان دەزانی،  هەروەها مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەو ماتەمین کە دواتر ئەم خەم و پەژارە و ماتەمینە باڵی کێشا بەسەر هەموو ئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا و بووە یەکێك لە نیشانەکانی تەنیایی و گۆ شەگیری و ڕە شبینی و خا سیەتی دیاری ڕۆمانتیکەکان))[٢٧٨]. هەر بۆیە لەلای ڕۆمانـ سییەکان  سۆز دنیایەکی تایبەت و  سەربەخۆی هەیە، (( سۆز لە  شیعری ڕۆمانـ سیزمدا لە گوزار شتکردنی  شتەکان و وێنەگرتنی بیرو هزرەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ و جووڵەو زیندویەتی پێ دەبەخ  شێ، لەم ڕێبازەدا بە پێ چەوانەی کلا سیکییەکان ڕۆڵی هۆش کەم دەبێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە  سۆز لای ئەوان بنەمای سەرەکی شیعر بووە، بۆیە دەبینین ڕۆمانتیکییەکان هەوڵی ئازادکردنی هە ست و  سۆزیان ئەداو جوانییان لە دیمەنە  سرو شتییەکان و ژیانی  ساکاری دێهاتەکاندا دەبینی))[٢٧٩]، هەروەها لەبارەی  سۆز و کاریگەرییەکانی لە شیعری تازەدا، گۆرانی شاعیر دەیەوێت سۆز تەنها لە سنوری داخوازییە کەسییەکاندا بەکار نەهێنرێت، سۆز پەیامی جوانکردنی ژیانی لێ بەئەنجام بێت و دووربێت لە ڕەشبینی بۆیە دەڵێت:
(( سۆزی  شیعری تازە نابێ کە  سی بێت و تەنیا بە  شوێن بەرژەوەندی بوێژ خۆیا بـ سوڕێتەوە، نابێ هە  ستەکانی خەم و خەفەت بە جۆرێك بن ژیان لەبەر   چاوی مرۆڤ بکەن بە دۆزەخی ئازار و بێ هیوایی))[٢٨٠].

سۆز هێندە کاریگەریی لەسەر خوێنەر هەیە، بەجۆرێك ((ئەو دەقەی کە سۆزی کەمی تێدابێت خوێنەر هەریەك جار دەیخوێنێتەوە بۆ جارێکی تر ئارەزوو ناکات چاو بەو دەقەدا بخشێنێتەوە، چونکە هیچ تاموو  چێژێکی پێنەبەخشیوەو گەرای لە نێو دڵو دەروونی هەڵنەڕشتووەو تێنوێتی پێنەشکاوە تا کەڕەتێکی تر تینووبێتەوەو حەز بکات، بەرەو کانیاوی  سۆزی ئەم دەقە هەنگاو بنێت. جگە لەوە  سۆز هەستێکی مرۆڤایەتییە، ئەو هەستە نییە پەیوەندی بەجەستەی مرۆڤەوە هەبێ، بەڵام هەست کردنێکی دوورو درێژە، لەگەڵ ئەقڵو   سۆزی مرۆڤدا   شوێنی خۆی کردۆتەوە وەك کانیاوێك لەناخی دڵو دەروونەوە هەڵ دەقوڵێت))[٢٨١]، بۆ ئەو شیعرانەی لە بۆنەیەکدا  لەسەر خواستێکی دەرەکی لە دایك دەبن

---

[٢٧٦]- تاریق سالْح، وێنەی هونەری لە هەندێ شیعری گۆران دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٩٩)، ٢٠١٣/١٢/٥،ل٦٣.

[٢٧٧]- ڕزگار عومەر فەتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٣، ل١٥١.

[٢٧٨]- فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان...، ل٦٢.

[٢٧٩]- ڕزگار عومەر فەتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری...، ل١٥١.

[٢٨٠]- سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە....، ل١٢٨.

[٢٨١]- هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٩، ل٦٧.

و سۆزی ڕاستەقینەو هەڵچوونێکی ڕاستگۆیانەی شاعیریان لە پشتەوە نییە، یان ستایشێکی دەسەڵات و سوڵتانەکانەو سۆز پاڵنەر نییە بۆ سەرهەڵدانی و هۆکارو پاڵنەر شتگەلێکی ترە، لەو شیعرانەدا، وێنەکان بێ هێزو کرچ و کاڵن، لەناخەوە بەسۆزێکی بەکوڵ لەدایك نەبوون. بۆیە بەناتەواوی لەدایك دەبن، دیارە ((هەموو مرۆڤێك سۆزی هەیەو بەبینینی دیمەنەکان دەوروژێتو سۆزی دەبزوێت، بەڵام سۆز هەموو یەك شێوە نییە، بەڵکو جیاوازی هەیە، لە نێوان سۆزی مرۆڤێکی ئاساییو شاعیرێکدا، تەنانەت جیاوازی هەیە لە نێوان سۆزی شاعیرێكو شاعیرێکی تردا( سۆزی وێژەیی کاریگەرترە لە سۆزی ئا سایی، چونکە سۆزی وێژەیی کاریگەریی لە سەر دەروونی خوێنەر هەیە) ڕۆدە چێتە نێو ما سولکەو دەمارەکانی دڵو گرژو خاویان دەکاتەوە، تا سەو مەیلو گەرمو گوڕی ڕا چەنینو خەموو شادی بەخوێنەر دەبەخ شێت. (سۆز  العاطفة) کلێەو گرێکە ئەکەوێتە دڵو ڕای ئە چڵەکێنێت، یاخود سەر چاوەیەکی ڕوونە لە ناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێت))[٢٨٢].

سۆز و هەڵ چوونەکان پەیوەندی بە باری دەروونی کە سەکانەوە هەیە، بۆیە لە کە سێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەوەش پەیوەندی بە سرو شتی ژیان و شوێنی ژیان و ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەوە هەیە دەوروبەری کە سەکەیان داوە و بوونەتە دیاردەو حاڵەتێکی بەردەوام، یان جۆری ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی سەرهەڵدەدەن لە کارە سات و ڕووداوی سرو شتی و سەربازی و....هتد. هەر ئەم سۆزو هەڵچوونەشە لای شاعیر وادەکا دەقی شیعری لە دایك ببێ(ۆردز ورث) دەڵێ: ((شیعر لافاوێکی بەهێزی ڕا ستەوخۆی سۆزەکانە))[٢٨٣]، هەر سۆز وادەکا، شاعیر بە تێڕوانینی جیاواز خوێندنەوەی بارودۆخ و ڕووداوەکان بکات، چونکە پەیوەندی بە ڕادەی ئەو سۆز و هەڵچوون و کاریگەرییانەوە هەیە، کە لە سەر دەروونی شاعیر بەجێی دەهێڵێت و زیندویەتی بە دەقەکەی دەبەخشێ، ئەمەش لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر یەکدەگرێتەوە بۆ دەربڕین و توانای هونەری و ڕازاندنەوەی شیعرەکە، زۆرجار دەبینین شیعرێك لە پەیامێك و وتارێك کاریگەریی زیاتری هەیە، چونکە سۆزێکی ڕاستگۆیانە دەیجوڵێنێت.

لایەنێکی تر کە کاریگەریی لەسەر سۆزو هەڵچوونەکان هەیە، لایەنی ڕۆشنبیری و گرنگی ئاستی ڕووداوەکانە. سۆز بە شێوەیەکی ڕەها کاریگەریی بە سەر هەموو تاکێکەوە هەیە، ئاشکرایە هیچ کە سێك نییە لە ڕەفتارو ئا ستی هەڵچوون و هە ستو سۆزی لە کە سێکی تر بچێت، با شاعیریش بێت، هەروەك چۆن پەیامی سۆزداری شیعربێت یان پەخشان یان وتارێك، کاریگەرییەکەی لەسەر جەماوەری خوێنەرو گوێگر ڕێژەییەو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، دەبینین (( شیعری سۆزداری کاریگەریی بە سەر هەموو کە سێکەوە دەبێت، بەتایبەتی ئەو کە سانەی کە بابەتی شیعرەکە لەگەڵ ژیانو بە سەرهات و دەردە دڵەکانیاندا بگونجێت و یەکانگیر بێتەوە))[٢٨٤]، بەڵام دیسانەوە ڕادەی ئەو کاریگەرییە هەر جیاوازی تێدایە، یان لە کارە سات و ڕووداوێکی مرۆڤایەتیدا شیعرێك بۆ بۆنەیەك دەنوو سرێ کاریگەریی لە سەر سۆزو هە ستی خوێنەرو گوێگر بە جێدەهێڵێت، هەندێ جار تاڕادەی گریاندن، بەهەمان شێوە لە

[٢٨٢] - هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...ل٦٨.

[٢٨٣] - ڕزگار عومەر فەتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد ... ، ل١٥١.

[٢٨٤] - دەروانرێتە: هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٧٠.

بۆنەیەکی شایی و خۆشی و شادیدا سۆز خەڵکی دەخاتە پێکەنین و هەڵپەڕکێ، کەواتە سۆز لەبەرهەمی ئەدەبیدا وێ ستگەی کاریگەریی و هێز و پێزی جوانی دەفە. لەگەڵ ئەوانە شدا بۆ گوزار شتکردن لە دەربڕینی سۆز ((جیاوازی زۆرە لە نێوان کە سێك خەمو خەفەتەکەی بە فرمێسك دەربڕیوەو کە سێکی تر دانیـ شێت گۆرانیەك بنوو سێت یان پار چە سیمفۆنیەك دابنێت، بۆ ئەوەی ئەم خەمو خەفەتە دەربڕێت، حاڵەتی یەکەمیان دەربڕینی سرو شتییە، بەڵام هی دووەمیان دەربڕینی دەروونییە. کە تێیدا سۆز وێنەیەکی هونەری بۆ بەرجە ستەکردنی خۆی بەدە ست هێناوە، دیارە هەموو کە سێك هە ستو سۆزی هەیە، بەڵام کە سی هونەرمەند لەپاڵ فرمێسك ڕ شتنیش زۆرجار سۆزەکەی سەردەکاتو دەگاتە ڕادەی وروژاندنو داڕشتنی شیعر))[٢٨٥].

دەقی شیعری بریتییە لە شارۆی هەڵچوونی شاعیر بەرەو ئامانج و ئاراستەیەکی دیار، کە ڕەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، هونەریش وەك ئەرکێك لای خۆیەوە بەهەمان شێواز و ناوەرۆکەوە بۆ خوێنەرو گوێگری دەگوێزێتەوە، ئەم حاڵەتە زۆر بەڕوونی لە شیعری بۆنەدا بەدیار دەکەوێت، بۆیە سۆز وا دەکات، هەمان کاریگەریی کە لەسەر دەقنووس دروست بووە، لەسەر خوێنەرو گوێگریش ڕەنگدانەوەی هەبێ، لە خۆشەویستی، ڕقلێبوونەوە، ڕازیبوون، خەمو خۆشی یان هەر شتێکی تر.

سۆز لەدەروونـدا ڕا ستی و کاریگەریی دەیوروژێنێ، بۆیە :((پەیامێکە، کە ڕا ستییەکانی ژیانمان بۆ دەگوێزێتەوە، واتە مرۆڤی شاعیر چۆن هە ست بەو ڕووداوانە دەکات بەهەمان شێوە دەیانگوێزێتەوە، ئەو هە ستانەی کە تێکەڵ بە کە سێتی خۆیو سرو شتی دەروونیو ئەو خوونەریتە جیاوازانەی کردووە، کە هەڵیگرتوون))[٢٨٦]. هەروەها(( سۆز لەخۆیەوە درو ست نابێت، بەڵکو چەند وروژێنەرێکی ئەکتیڤ هەیە لە چۆنێتیی گەڵاڵەبوونو دەرکەوتنیدا))[٢٨٧].

گۆرانی شاعیری هە ست نا سك یەکێکە لەو شاعیرانەی سۆزو عاتیفە هێندە بە سەریدا زاڵە، بەئاشکرا لە زۆربەی وێنە شیعرییەکانی و لە دەقە شیعرییەکانیدا سۆزێکی ناسك و گەرم بەدی دەکرێت بۆ(یادی پیرەمێردی بوێژ) ئاوا هەست و سۆزی دەروونی دەردەبڕێت و لە بەشێکی ئەو شیعرەیدا بۆ ئەو بۆنەیە نووسیویەتی دەڵێ:

**پاش بەهارێ،**
**کاتێك: ڕۆژی لای نیوەڕۆ**
**دەرزی داخی لێ ئەبارێ،**
**ڕێبوار تك تك ئەتوێتەوە..**
**لەو کاتەدا گوڵی هێرۆ**
**لەناکاو ئەشەکێتەوە،**
**سرنجێك ئەگرێتە ڕێ و بان**

[٢٨٥]- هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٦٨.
[٢٨٦]- ئازاد عەبدولواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش،خانەقین سکوڵی زمان/ بەشی زمانی کوردی، ساڵی خوێندن"٢٠١٤-٢٠١٥".
[٢٨٧]- هەمان سەرچاوە

**فێنك وەك ئاو، وەك بای كوێستان!**

**هێرۆم بۆیە لا پەسەندە:**

**لەسەر ڕەگێكی قووڵ بەندە**

**بەسەر درِكی ژینا زاڵە،**

**تا ئەمرێ، سەر لقی ئاڵە** دیوانی گۆران ل٢٥٤

سۆزی وێژەیش بەوە دەنا سێنرێ، كە ((هێزێكە لە دەروونی خوێنەری وێژەدا بەهۆی خوێندنەوەی تێك ستی وێژەیی بەرپا دەبێت و پەیوەندییەكی ویژدانی و بیری لە نێوانی ئەو خوێنەرەو دانەری تێكستە وێژەییەكەدا بنیات دەنێ))[٢٨٨].

كاكەی فەلاح لە شیوەنێكیدا بۆ مەرگی هیوای خوشكەزای بە سۆزێكی گەرم بەشێك لە چیرۆكی ژیان و مردنی دەخاتەڕوو، ئەیەوێ غەمەكەی لەسەر شان سووك ببێ، ئەمە بەشێكە لەشیعرەكەی:

**گوێ شل بكا بۆ شـــــیوەنی گـــەرم وگـــــــورِی ڕۆڵــە ڕۆ**

**دایك و باوك و خوشك بەتۆ ڕەنج بـــابردووی ڕەنـــجەڕۆ**

**ئاخ كۆستی تۆ، وەك گولله كە، چزا بــــەســـــەر دڵـمانا**

**كولانەوەی زامی نـــاسـۆر هەر ئـــەژی لە گـــــــەڵـمـانا** دیوانی كاكەی فلاح، ل٢٣٣.

## ٢- ئەندێشە:

شمسی قەیسی رازی لە كتێبی (المعجم فی معایر ا شعار العجم) لە پێناسەی شیعردا دەنووسیت ((بزانە كە شیعر لە بنەمای زماندا زانستە، دەربڕینی واتاو گومان و ڕاستیو هۆكاری ڕاستییە، لە ڕووی زاراوەییەوە قسەیەكی خەیاڵاوی ڕێكو پێكی واتاییو یەكسانو پیتی كۆتاییان وەك یەكە))[٢٨٩]

ئەندێشە ئەو هێزە ئەفسوناوییەیە كە توانای جیاكردنەوەی دەقی ئەدەبی هەیە لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە، لەبارەی گرنگی ئەندێشەوە لە بابەتی ئەدەبیدا شۆپنهاوەر دەڵێت: ((ئەندێشە یەكێكە لەو كەرەستانەی هەرگیز هونەرمەند لێی تێر نابێت، چونكە ئەگەر بەیارمەتی ئەندێشە نەبێت هونەرمەند ناتوانێت بۆ چوونی و تێڕوانینی بۆ بابەتو ڕووداوەكان لەوێنەی بەهێزو زیندوودا بەرجەستە بكات))[٢٩٠]، یان دەوترێ ((خەیاڵ ئەوەیە كە شاعیر بەخەیاڵی ئەتوانێت باسی هەموو لایەنەكانی ژیانی بكاتو سۆزەكانی دەروونو بارەكانی بخاتەڕوو))[٢٩١]، لەناو دەقی ئەدەبی بەتایبەت لە شیعردا ئەوەی ئەركی ڕازاندنەوەی دەربڕینی و شەو كەرەستەو ڕەگەزەكانی تری لەئەستۆ گرتووە، ئەو ئەندێشەیە كە هەستی جوانی و ناسكی بە دەقەكە دەبەخشێ، بۆیە ((دەبێ خەیاڵ لە تێكستی ئەدەبیدا هەستپێكراو

---

[٢٨٨]- كامل حسن بصیر(د)، ڕەخنەسازی...، ل١٧٢.

[٢٨٩]- شمس قیس رازی، المعجم فی معاییر أشعار العجم، انتشارات زوار،١٣٧٣، ص١٦٩.

[٢٩٠]- محەممەد كۆردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا،چاپی یەكەم، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی٢٠٠٦، ل٤٢.

[٢٩١]- مسعد محمد زیاد(د)، ارشیف : ١١٣٢٠، .... http://www.alfaseeh.com

**بێت))[٢٩٢]، لەبەر ئەوەیە بە گەوهەرو ڕەگەزی گرنگی شیعر لەقەڵەم دەدرێت و لە درو ستکردنی وێنەی هونەریدا ڕۆڵی گەورەی هەیە هەر لەوبارەوە وتراوە: ((ئەندێ شە گەوهەری سەرەکیو ڕەگەزی نەگۆڕی شیعرە، بابەتێکە کە لە وزەی خەیاڵ کردنەوە بەرهەم دێت))[٢٩٣].**

**ئەندێشە لای شاعیران و فەیلەسوفان و ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ بایەخی زۆری پێدراوە: ((سوکرات دەڵێت: (ئەندێ شە جۆرێکە لە شێتیی باڵا) و (ئەر ستۆتالیس)، ئەندێ شەی بەرز ڕاگرت، کە توانای کۆکردنەوەی وێنەکانی هەیە...ئەندێ شە لای (ئیبن عەرەبی) تیۆرێکی تەواوەو...دەڵێت: ئەوەی پلەو پایەی ئەندێشە نەزانێت بەتەواوی نەزانە...بەشێکی گەورەی داهێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەکاری واتە ئەو شێوازەی بە ئەندێشە دروستکراوەتەوە، بۆنموونە وێنەی شیعری، ئەندێشەی توخمەکانی لەبەر هە ستەوە وەردەگرێت، چ ڕا ستەوخۆبێت یان ناڕا ستەوخۆبێت))[٢٩٤]. زۆرجار لە جیهانی ئەدەب و دەقی شیعریدا شاعیر و نوو سەر واقیع بە ئەندێ شە دەردەبڕن و وێنەکانی واقیع ڕا ستەوخۆو پڕاوپڕ ناگوازنەوە، تا بتوانن لایەنی هونەری کارەکەیان بەرز ڕاگرن و خۆیان لەلا ساییکردنەوەی دەقاودەقی سرو شت و واقیع بپارێزن، بۆئەوەی بتوانن چێژی زیاتر بە دەقەکەیان ببەخ شن، کە بێگومان پەیامی دەق پێش سوود، چێژە یان چێژو سوودە پێکەوە، بۆیە لەم پێناوەدا لە جیهانی ئەندێ شەدا واقیعێکی نوێ دەخوڵقێنن، کە دووربێت لە وێنەگرتنەوەی فۆتۆگرافیانە.**

**شاتۆبریان(١٧٦٨-١٨٤٨)بەهێزی ئەندێشە توانیویە ئافرەتێك بخوڵقێنێت و شەیدای بێت. لەم بارەیەوە دەڵێت:((ئەندێ شە کڵپەگرتووەکەم و شەرم و گۆ شەگیریم لە خەڵك، هۆیەك بوو بۆئەوەی تەنیا بم و تێکەڵ خەڵك نەبم، لەو کاتەیدا پێوی ستم بە خۆ شەوی ستی ڕا ستەقینەبوو بەهۆی هێزی پێداوی ستی و داخوازی جە ستەم، نازانم گەر لە مێژووی دڵ و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەس هەبووبێت بەم ئەزموونەدا چووبێت! بۆخۆم بەئەندێشە ئافرەتێکم ئەفراند))[٢٩٥].**

**ئەندێ شە ((لەبواری ئەدەبدا بەگ شتی و شیعریش بەتایبەتی شوێنێکی گرنگی هەیەو یەکێ لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شیعرییەتە))[٢٩٦]، و ئەندێ شە ((بەزاندنی ئەم یا سایانەیە کە مرۆڤ بە خەیاڵ بەرەو جیهانێکی تر دەڕواو مەبە ستەکانی تیا بنیاد دەنێت، بۆیە ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەکەوێتە خەیاڵکردنەوە لەو دونیایە دادەبڕێتو بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات و لەو دونیایەش بەئارەزووەکانی دەگاتو نەخشە بۆ ژیان دەکێشێتو هەست بەوە ناکات، ئێستا لە کوێیەو لەکوێ وەستاوە کاتێك بەهۆش خۆی هاتەوە، ئیتر خەیاڵەکەش دەپ چڕێت. ئەو شتەی لە واقیعدا نەکرێتو بوونی شی نەبێت، مرۆڤ بەخەیاڵ پێی دەگات، کەواتە مرۆڤ لەبوونی خۆی حەز بە خەیاڵ کردن دەکات))[٢٩٧].**

---

[٢٩٢] - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل٢٧.

[٢٩٣] - محمد رضا شفیعی کدکندی(د)، صور خیال...، ل١٨ .

[٢٩٤] - دەڕوانرێتە: محەمەد وەسمان، فەلسەفەی سۆفیگەری...، ل٣٥٠.

[٢٩٥] - هەمان سەرچاوە...ل٣٥٠.

[٢٩٦] - ئەحمەدی مەلا، شیعر تەنیا هەر بنەمایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٤.

[٢٩٧] - هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٥٤.

د. شوكریە ڕەسول لەبارەی ڕۆڵی ڕەگەزی ئەندێشە لەشیعردا دەڵێ: ((ئەگەر ئەندێشە نەبێت بەیان و ئەدەب ئەوەستێ، چونکە گەر ئەندێشەکە نەچێ پەیکەری بۆ دروست بکا، پاشان وشەکان دەری ببڕن، وشە بەتەنها ناتوانێ بچێ ئەو گوزارانە بێنێت و بە شێوەیەکی کاریگەر بیانخاتە ڕوو))[298]، هەروەها بەم جۆرە پێناسەی شیعر دەکا: ((شیعر بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە، کە بە ترپەو ئاواز تاقیکردنەوەکانی خۆی وەکو مرۆڤێکی ئەندامی ناو کۆمەڵگایەك لە دوو توێ ی چەند وشەو ڕستەیەکی پڕ واتاو خەیاڵێکی فراواندا تۆمار دەکات))[299]. هەڤاڵ ئەبوبەکریش ئاوا لەبارەی ئەو پەیامە نەمرەی کە ئەندێ شە بە شیعری دەبەخ شێ، دەڵێ: ((خەیاڵ بنەمایەکی تری دەقی شیعرییە، شیعر بەرەو ئەندێشەو بیرکردنەوەو وێناکردنی هەموو ئەو خواست و ئارەزوو بیرانەمان دەبات کە زۆر جار لە دنیای واقیعدا بەدییان ناکەین، شیعر لە ڕێی خەیاڵەوە بەرەو واقیعی نەستمان دەبات، یان بەشێوەیەکی تر لە ڕێی بنەمای خەیاڵەوە شاعیر بڤەکانی نە ست دەخاتە واقیعەوە، بۆیە تەڕی و پاراویی و زیندویی و سەوزیی هەمیشە لە شیعردا دەدرەوشێنەوەو جۆرێك لە نەمری پێدەبەخشێ))[300].

ئەوە ڕوون و ئا شکرایە کە ((خەیاڵ هێزێکی گەورەیە لە ناو شیعرو شیعری با شیش بەهێزی خەیاڵو قووەتی درو ست بوونی دەنا سرێتەوە))[301]، شیعر لەئەنجامی خولقاندنی ئەندێشەوە لەناوەوەی دەقەکەدا هەموو ئەو هە ست و نە ستانەی شاعیر دەڕازێنێتەوەو دەربڕینەکانی لە زمانی ئا سایی دوور دەخاتەوە، چونکە شیعر((کلێ شەیەکە بۆ ڕۆحی ڕامانەکانی ناوەوەی مرۆڤ و وروژاندنەکانی خودی شاعیر، لە ڕێگەی کارتێکردنە هەستییەکانەوە، لە بۆتەی زمانێکی چڕو ڕەنگیندا بەرجەستە دەبێت))[302].

کولیردج(١٧٧٢-١٨٣٤) دەڵێت: ((خەیاڵ بەرهەم هێنەو شتی تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێت لەو کاتەی کەوا یا ساکانی شی زۆر بەهێزن لەگە شەکردن و بەرهەم هێناندا...لەکاری هۆنراوەدا، ئەندێ شە ڕۆڵێکی گەلێك گرنگ دەبینێت، هەر بەهۆی ئەندێ شەوە، گەلێ بەرهەمی نا سك و نایاب لەلای هۆنەران لەدایك دەبن، خوێنەرانیش چێژ لەو ئەندێشەیە وەردەگرن و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان دەکات بەرەو خەیالاتیان دەبات، چونکە مرۆڤ ئارەزوو لەخەیاڵ کردن دەکات، شیعری خەیالاویش هۆکارێکە بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە))[303].

کۆلیردج وای بۆ دە چێت کە خەیاڵ ((بیر خستنەوەی شتێك نییە، کە پێش ئەو کاتە هە ستمان پێ کردبێ و دەرچووبێ لە گشت پەیوەندێکی کات و شوێن و گشت پەیوەندییەکانی و پەیوەستییەکانی،

[298] - شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ....،ل١١.

[299] - هەمان سەرچاوە...ل٢٥.

[300] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە "ژیان و ژین"دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٨.

[301] - هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٥٧.

[302] - فازیل کەریم ئەحمەد و نووسەرانی تر، خەیاڵ و رۆح"چەند تێڕوانینێك...، ل١٩٢.

[303] - هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٥٤.

هەروەها كۆكردنەوەی ئەو پاژانەش نییە لە پێشدا هەستی پێ كرابێ بۆ پێكهێنانی شتێك، كە هەستی پێ نەكرێت، بەڵام لە واقیعدا خەیاڵ داهێنانێكی تازەیە))[٣٠٤].

لەڕۆماذ سییەتدا چەمكی ڕەتكردنەوەی واقیع و پەنابردنە بەر خەیاڵ كاری لە سەر دەكرێت، ((لە خەیاڵدا چەندین جیهانی جوان و هێمن دەكێشێت، كە هاوكاری و برایەتی و دادو یەكسانی تیایدا بەر قەرارەو لێبوردن هەیە...بۆیە بەنا چارییەوە پەنا وەبەر خەیاڵ دەبەن، كە ئەلتەرناتیڤی واقیعە))[٣٠٥]. بەم پێیە ڕۆماذ سیەت لە جیهانی خەیاڵدا هەموو جوانییەكان دەبینێت و ئەو خۆ شیانەی شاعیر لە جیهانی واقیعدا ناتوانێ پێیان بگات، لەڕێگەی خەیاڵەوە بەو ئاوات و ئامانجانە دەگاو ساتێك لەگەڵ چێژی ئەو خەیاڵانەدا دەژی و دەیخاتە چوارچێوەی تێكستێكی شیعری وخوێنەریش زیاتر چێژ لەو دەقانە دەبینێت، كە بەخەیاڵ ڕازێنراونەتەوە، چونكە خەیاڵ ئەو جیهانەیە بێ ناڕەحەتی و ماندووبوون هەموو كەس ئە سپی بیری خۆی تیا تاو دەدات و ساتێك لە جەنجاڵییەكانی واقیع بەدوور دەبێت و چێژ وەردەگرێ. د.عادل گەرمیانی لەو بارەیەوە دەڵێ: ((ئەندێ شە بنەمایەكی گرنگی پێكەوەنانی چێژی دەقە، كەوا بە هۆیەوە دەق كاریگەریی خۆی بەسەر خوێنەرەكەیدا دەنوێنێ))[٣٠٦].

لە بارەی جۆرەكانی ئەندێ شەوە، كۆلیردج وای دەبینێ خەیاڵ دوو جۆرەو دەڵێ: ((من وای دەبینم، كە خەیاڵ یا سەرەكییە یان لاوەكییە، بەبۆ چوونی من خەیاڵی سەرەكی ئەو هێزە چالاكەیە یا سەرەكییەیە، كە وادەكات، كە درككردنی مرۆڤ مومكن بێت... خەیاڵی لاوەكی سەدای خەیاڵی سەرەكییە... خەیاڵی سەرەكی ئەوەیە، كە هەموو خەڵك هەیانەو تیایا هاوبەشن، بەڵام خەیاڵی لاوەكی خەیاڵی شیعرییە، كە تەنیا شاعیران هەیانە، خەیاڵی سەرەكی ئەو هێزەیە كەوا لە خەڵك دەكات، كە درك بە شتەكان بكەن واتە ڕێگایەكە بۆ گەشتن بە زانیاری و حەقیقەت،...بەڵام خەیاڵی لاوەكی یاخود شیعری گرنگی بە پاژەكانی شتی درك پێكراو نادات...خەیاڵی لاوەكی دەبێت ئامادە نەبێ(غائب بێ) واتە شاعیر وێنەی شتەكەمان دەداتێ وەك چۆن بۆی دە چێ یان دەیبینێ یاخود لە شێوەیەك لە شێوەكان مەزە ندەی دە كات))[٣٠٧]. هەروە ها دەوترێ ئە ندێ شەی لاوەكی(( تای بە تە بە شاعیرە هەڵكەوتووەكان...لەبەرئەوەی هێزی درو ست كردنی شیعری تێدا بەدیار دەكەوێت، ئەم جۆرە لەلای كانت بەخەیاڵی ئێ ستاتیكی ناو دەبرێت.... لێهاتوویی و داهێنەری شاعیرەكە دەخاتە ڕوو، كۆلیردج جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوەو دەڵێت: شیعر بەرهەمی ئەندێشەی نا سەرەكییە، بەم جۆرە دەردەكەوێت كە خەیاڵ ڕەگەزێكی سەرەكی شیعرەو یەكێك لە نهێنییەكانی شیعریش وێنەی شیعرییە، كە لە سەر بنـ چینەی خەیاڵ بنیات دەنرێت))[٣٠٨]. لەبارەی ئەوەی كە خەیاڵ جە ستەی شیعر و بابەتەكانی تری هونەر دەخوڵقێنێ و پێزیان دەداتێ دەوترێ: خەیاڵ یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكان لە پێكهاتەی

---

[٣٠٤] - شكری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب،....ل٥٥.

[٣٠٥] - هیمداد حوسێن(د)، ڕێبازە ئەدەبییەكان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤، ل٩٧.

[٣٠٦] - عادل گەرمیانی(د)، پێناسەكانی ئەدەب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٨١"٥/٦/٢٠١٢، ل١٠٧.

[٣٠٧] - شكری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب،....ل٥٧.

[٣٠٨] - هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ...، ل٥٩.

شیعردا، بەڵام ئایا ئەوەندە کارایە کە شیعر بەبێ وی درو ست نەبێ؟ د. سەلاح قنـ سوە دەڵێ:((بەڵێ تێڕوانینی هونەری کاری خەیاڵە، بۆ بەرهەمهێنانی بابەتەکانی و شیعرو تەواوی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە بابەتەکانی خۆیان لە خەیاڵ وەردەگرن و بەخەیاڵیش لێیان دەدوێن))[٣٠٩].

لە ڕوویەکی ترەوە بەپێی بۆ چوونی سایکۆلۆژی ستەکان، خەیاڵ بۆ (( سێ جۆر دابەش دەکرێت))[٣١٠]، کە بریتین لە:

١- خەیاڵی داهێنانکار: ئەو جۆرەیە، کە چەند وێنەیەکی نوێ لە هەستی خوێنەردا پێکدەهێنێت، ڕەگەزەکانی لە یادەوەریی ئەدەبیدایە، هەرچەندە لە سنوورێکی مادیدایە، بەڵام واقیعی دەرەوە پیشان نادات، بەڵکو بە شیوەیەکی تازەتر پێشکەشی دەکات.

٢- خە یاڵی پێکهێنراو (درو ستکراو): لە دەقی ئەدەبیدا، جۆرە خە یاڵێکە لەنێوان شـتە لێک چووەکاندا هەیە، گەر لە یەك چوار چێوەی سۆزدا بێت، یان لە حاڵەتێکی دەروونیی هاوشێوەدا بێت.

٣- خەیاڵی ڕوونکاری، یان ڕاڤەیی: ئەم جۆرە لە خەیاڵ وەسفی شتەکانی دەرەوەو دەوروبەر ناکات، بەڵکو هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدات، وەك ئەوەی شاعیرێك سرووشت لەمرۆڤێکدا بەرجەستە بکات، یان لە ک چێکی جواندا بینوێنێ، یان بەپێ چەوانەوە جوانی و سرو شت و وە سفی ئافرەت لە سروشتدا ببینێ یان بەرجەستەی بکات.

بەڵام د. کامیل بە سیر ئاوا با سی ئەندێ شە دەکات و جۆرەکانی دە ستنیـ شان دەکا ((ئەندێ شە...ڕەگەزێکی ئێجگار گرنگە لە ڕەگەزەکانی وێژە، چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکییە ئادەمیزادیانە لە زانـ ست جودا دەکرێتەوە، لەبارەی جۆری ئەندێ شەوە دەڵێت: ڕەخنە سازەکانی هاوچەرخمان بە چەشنێکی گشتی دوو جۆر لە ئەندێشە دەستنیشان دەکەن))[٣١١].

**یەکەم: ئەندێشەی داهێنراو یاخود ئەندێشەی خوڵقێنراو:**

ئەم جۆرە لە ئەندێ شە بەوە دە ست نیـ شان دەکرێ، کە هێزێکی قووڵ و بەتەوژمە وێژەر بە هۆیەوە لە ڕەوان کردنگەکەی و تۆمارگای یادگارە تایبەتییەکانییەوە وێنەی هونەری تازەی وا سازدەکا، کە وەکو خۆیان بەر چاوی خوێنەران نەکەوتبێت و لەهەمانکاتدا لەگەڵ ڕا ستییەکانی ژیاندا گونجابن و بە پێچەوانەی شوێنەوارە هەست پێکراوەکانی ئەم جیهانەمان نەبێ.

**دووەم: ئەندێشەی سادەو پێکهێنراو:**

ئەو ئەندێ شەیەیە کە ڕووکە شانە وێنەی هونەری هە ست پێکراوی ئا شنا لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە دەکاتەوەو هە ستیاری خاوەن ئەم ئەندێ شەیە هیچ بەرهەمێکی تازە پێ شکەش ناکات، بەڵکو لە فەرهەنگ و سەرچاوە بەربڵاوەکانەوە وەکو کلێشە لێکچواندن و خوازەو خواستەو درکە دروست دەکات.

---

[٣٠٩]- سەنگەر قادر و هیمداد حسین، بوونی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا(شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی بەنموونە)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە(٥٠)ساڵی ٢٠١١، ل ١٩٩.

[٣١٠]- ئازاد عەبدلواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان...ساڵی خوێندن"٢٠١٤-٢٠١٥".

[٣١١]- دەڕوانرێتە: کامل حسن البصیر، ڕەخنە سازی ...، لاپەرەکانی١٥٦ و١٥٩و١٦١.

یەکێك لەو ئاماژانەی لە شیعردا بەڕوونی دەبینرێ، پەیوەندی توندوو تۆڵی نێوان ئەف سانەو شیعرە، حەمەکەریم عارف لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە دەڵێ: ((ئەفسانەو شیعر پەیوەندییەکی یەجگار توندیان لە نێواندایە و بێ یەکدی هەڵناکەن و دووڕووی یەك پارچە دراون...هەڵبەتە ئامرازی پێکهاتەی هەردووکیان (ئەف سانەو شیعر) خەیاڵە، جا ئەم بەکارهێنانە هاوبە شەی خەیاڵ زمانێکی هاوبە شی لە نێوا ندا درو ست کردووە، ئەویش ز مانێکی با ڵداری هێ مایی و دوور لە شەرح و شرۆ ڤەو ڕوونکردنەوەیە))[٣١٢].

گرنگی خە یا ڵە کە دەتوانێ بەهۆی کاریگەریيە کانیيەوە لە واقیع و لە ڕابردوو مان دوور بخاتەوەو هەمیـ شە لە ناو واقیع و ڕابردوودا بۆ ئایندەمان بگەڕێ، بۆیە هەر شاعیر ێك توانای خەیاڵکردنی نەبێ و هۆش و بیری تەی نەکات بە گوزەراوەکان و ئەوەی ئێـ ستا هەیە توانای پێـ شبینی کردنی نابێ و شیعریش جە ستەیەکی بێ گیان دەردە چێت. خەیاڵ لەداهێنانی بیری تازەو وێنەی شیعریدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ: ((خەیاڵ پێکهێنەرێکی گرنگی نێو بۆتەی شیعرییە، لە داهێنانی بیری تازەو خولقاندنی وێنەی هونەری دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیەو سنووری شتەکان دەبەزێنێ))[٣١٣].

سوارەی ئیلیخانی زادە(١٩٣٧-١٩٧٧ز) شاعیرێکی نوێ خوازی کوردە، هەر چەندە تەمەنێکی کورت ژیاوە، بەڵام خزمەتی باشی بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، لە شیعرێکی بۆنەدا کە بۆ مەرگی گۆرانی شاعیری نوو سیوە، بە ئەندێ شەیەکی بەرز و بە تێهەڵکێ شی دێرێکی شیعری گۆران و مامەڵکردنێکی جوان لەگەڵ وشەی شیعرەکەی گۆراندا هەستی خۆی بۆ ئەو کۆچەی گۆران دەردەبڕێت.

گۆران دەڵێت:

**گیـــانی من بـــۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**

**کـــە لـــە ژێر سێبەری تـــووترکا خامۆشە!** دیوانی گۆران ل٦٥

سوارە دەڵێت:

**((حەیف نەماوی تەماشاکەی، کوردستان چەندە جوان و خۆشە!**

**ئێستا لـــەبن(تـــوترکی ســـوور) وەنـــەوشە بۆتۆ پەرۆشە!**

**ئەوسا کێ بە (سیحری نەغمە) لەگـــەڵ ڕۆحـــم سکاڵاکا؟!**

**وشکا ڕووی سووتاوی زەوقم، پڕ گوڵی ئـــاڵ و واڵاکـــا؟!**

**کێ بەزمانی ئاشنای دڵ باش لـــەگـــەڵ گیـــانم بدوێ؟!**

**خۆزگا! گوڵی ڕەشی نیسان لە ســـەحـــرای ژیـــانم بڕوێ**

سوارە وا هە ست دەکا، لە دوای ئەم مەرگە ئیتر کۆمەڵێ لە دیاردەو گیانلەبەرەکانی سرو شت لە خۆشی و ژیان دەوەستن و هیچ شتێك ناتوانێ برینی هەڵقرچاوی شاعیر ساڕێژبکات))[٣١٤].

---

[٣١٢]- حەمەکەریم عارف، دەربارەی شیعرو شاعیری(هەزار توێی شیعری نوێخوازی)٢٠٠٧ WWW.pertwk.com-ktebxana/nod.

[٣١٣]- تاریق سالح،.... گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٩٩)، ٢٠١٣/١٢/٥،ل٦٤.

[٣١٤]- شنۆ محەمەد محمود، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە....، ل٥٢.

## ٣- بیر:

بیر بریتییە: ((لەو واتایەی کە دەق دەگرێتەخۆی جا ئەو دەقە شیعر بێ یا پەخشان، دیارە واتاش گرنگییەکی گەورەی هەیە لەناو دەقدا هەر چەند واتا بە پێزبێ دەقەکە بە پێزتر دەبێ، بە پێچەوانەشەوە هەر چەند واتاکە لاواز بێت، ئاستی دەقەکەش لە گەڵیا نزم دەبێتەوە))[٣١٥].

شاعیری بلیمەت ئەوەیە کە بەهەمموو بیرکردنەوەیەك بیربکاتەوەو بەهەمموو هەستکردنێك هەست بکات، واتە ((شاعیر دەبێت هەم بیربکاتەوەو هەم هەستی هەبێت))[٣١٦].

بیر ((لە هەموو شاکارە ئەدەبییەکاندا بەهای تایبەتیی خۆی هەیە، دەقی ئەدەبی سۆزو خەیاڵو بیرۆکەو گوزارشتەو چەندین جۆری پووختی هەیە، وەك شیعر، کە سۆز ئامانجەکەیەتیو بیرۆکە سەرچاوەی پشت پێبەستراو و پاڵپشتێتی، هەروەها جۆری گشتی هەیە، کە بیرۆکە تیایدا پێشکەوتووەو شوێنی سۆزی گرتۆتەوە، وەك پەخشان، چونکە بیرۆکە ئامانجی یەکەمێتیو سۆزیش هۆکارێکە جوانی بە حەقیقەت دەبەخشێتو سیفەتێکی ئەدەبی جوان پاڵپشت بە داڕشتنەکەی دەدات))[٣١٧].

ڕەگەزی بیر نابێت لە شیعردا زۆر زەق بکرێتەوە، چونکە چێژی شیعر لاواز دەکات، لەگەڵ ئەوە شدا نابێت لێی دابڕێت بەهەمان شێوە هەر کەموکورتییەك لە بیردا، شیعر لە گرنگی خۆی دوور دەخاتەوە، بۆیە زاڵکردنی هەریەکە لەڕەگەزەکان نەك تەنها بیر دەبێتە هۆی جۆرێك لە لاسەنگی، بۆیە پێویستە ڕەگەزەکان هەموویان لە شیعردا هاو سەنگ بن و بیرو سۆز و ئەندێشە تێکەڵ بە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بکرێت و جیهانێکی جوان بۆ شیعر فەراهەم بکرێت، هەربۆیە ڕەهاکردنی هەر ڕەگەزێك بەتەنها جوانی دەقی شیعری دەشێوێنێ و بەتایبەت ئەگەر بیر لە ناو ڕەگەزەکانی تری شیعردا زاڵ بکرێ، ئەوا شیعر بەهای ئێستاتیکی لەدەست دەدات. هەروەك دەوترێت: ((بیر تیشکێکە بە عەقڵی شاعیردا دێت، ئەگەر نەخشەی بۆ دانەڕێژێتو بەرز نەبێتەوە بەرەو خەیاڵو پێکهاتەکانی تری وێنەی هونەری بەشداری تێدا نەکەن، ئەوا وەك هەموو ئەو بیرانەی لێدێت، کە ڕۆژانە بە نێو مێشکی کەسانی ئاساییدا دێتو نابن بە شیعر))[٣١٨].

بنیاتی شیعر بیرو ئەندێشەو سۆزی شاعیرە، شاعیر لەڕێی شیعرەوە بیرێك بەرجەستە دەکات، واتە شیعر بەبێ ڕەگەزی بیر نابێت، بیرو باوەڕو ئایدۆلۆژیایەك لە پشتی شیعرەوە هەبێت دەیکاتە خاوەن پەیام وکرۆك، بیر لە شیعردا وەك هەر ڕەگەزێکی تر گرنگەو خۆشی بەخوێنەری شیعر دەبەخشێ، جا ئەو بیرە لە قاڵب و وێنەیەکی هونەری جوان و ڕازاوەدا نیشان دەدات، زۆر جار خوێنەر زیاتر بەرەو بیرەکە ڕادەکێشێت وا دەکات، زیاتر بەدوایدا بگەڕێت، تا بگاتە مەبەست. چونکە هیچ شیعرێك بێ مەبەست و ئامانجێك نییەو ئەوەشی پێ شەنگی ئامانج و مەبەستی شیعر دەکات بیرە. سەبارەت بە بیر لە دەقی ئەدەبیدا دەوترێ : ((ناکرێ دەقێکی ئەدەبی بەبێ بنەمای هزری وێنا بکرێ،

---

[٣١٥]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری...، ل٨٣.

[٣١٦]- مسعد محمد زیاد(د)، ارشیف : ١١٣٢٠، .... http://www.alfaseeh.com

[٣١٧]- ئازاد عەبدلواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان...ساڵی خوێندن"٢٠١٤-٢٠١٥".

[٣١٨]- هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ...، ل٤٨.

چونکە ئەگەر دەقێکی ئەدەبی بێ مانا یان بیرۆکەیەکی جوان بوو، ئەوا سەرەڕای گرنگیی بیرۆکە لە کاری ئەدەبیدا، دەقەکە دەبێتە وڕێنە))[٣١٩].

بیروبۆ چوون یان بلێین بیروباوەڕو ئایۆلۆژیا لە هەموو بابەت و کایەکاندا داینەمۆن و بزوێنەرن، شیعریش ئەو بالادە ستییەی بیروباوەڕ لە سەری کەم نییەو هەموو شیعرێك پێوی ستی بەو بزوێنەرە هەیە تابیخاتە جولەو زیندویەتی پێ ببەخ شێ، بیر لە شیعردا جەوهەری سەرەکییە، هەڵبەتە شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە باش بیر دەکاتەوە، تابتوانێ بەزمانێ شیعر بنووسێ، کە لە چوار چێوەی ئەو بابەتانە بسووڕێتەوە کە بابەتی ڕۆژن، هەر چەندە هەندێك بەلایانەوە وایە، کە شیعر تەنها هەر لایەنی ئێستاتیکایە و هیچی تر، بەڵام هەندێك جار شیعر دەبێت ڕێگای چارەسەر بۆ دواکەوتووییەکانی کۆمەڵ بدۆزێتەوەو تیە شك بخاتە سەر جوانییەکانی ژیانو بیری نوێو ئاڕا ستەی نوێ لە مێ شکی خوێنەراندا بچێنێت.

شاعیر هەمیشە بەبیری بەرزو جوان وێنەی بەرزو ڕازاوە پێکدەهێنێ، چونکە وێنەی شیعری بەرهەمی بیری فراوان و ئەندێشەیە، هەروەها ئەو شێوەیە کە سۆزی شاعیر تێیدا دەخرێتەڕوو، شاعیر لەو ڕێگەیەوە بەرجەستەی بیرو ڕاکانی دەکاتو پەیامی خۆی دەخاتەڕوو، کە دەیەوێت بیگەیەنێت.

بیر وەك (( چرۆی درەختێکی تازە پ شکوتووەو خەندەی ئایندەیەكو داهاتوویەکی پڕ گەڵای سەوزو بەری جوانی پێوەیە، ئەگەر ئەم چرۆیە پەروەردە نەکرێت، ئەوا هەر زوو دەچێتەوە ناو قاوغی خۆی و زەرد هەڵدەگەڕێتو و شك دەبێتەوە، بۆیە ئەم چرۆیە پێوی ستی بە ئاوو خۆراکی ئامادەکراو هەیە، ئەم ئاوو خۆراکەش سۆزو ئەندێ شەو پێکهاتەکانی تری وێنەی هونەرییە...هەموو شیعرێك لە پێکهاتەیدا بیری تێدایە کە چوارچێوەی شیعرەکە پیشان دەداتو دەبێتە بابەتی شیعرەکە))[٣٢٠].

ئەوەی لە کاری ئەدەبی بەگ شتی و شیعر بەتایبەتیدا قسەی کۆتاییە، ئەوەیە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بەبێ بیر نابێت: ((بیر بۆ لەدایکبوونی شیعر سەر چاوەی سەرەکییە، چونکە کاتێ مرۆڤ دەگەڕێتەوە دواوەی خۆی و ساتێك بە نێو ژیانی ڕابردووی خۆیدا گوزەردەکات، بیر لەو شتانە دەکاتەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەخۆ شی و ناخۆ شی بە سەری بردوون، ئیدی لەوێوە ڕێگە بەخەیاڵی دەدات بێتە مەلێکی باڵڕەنگین و خۆشی ببێ بە گەردوونێکی ئارام))[٣٢١].

بیر ((هەوێنی هەموو ژانرێکی (ئەدەب)ییە، چونکە هەر ئەو بیرە، چیرۆکنووسێ ئەتوانێ بیکات بەهەوێن بۆ نوو سینی چیرۆکێك، لە هەمان کاتدا لەلای شاعیرێك دەبێتە تۆوی سەرهەڵدانی شیعرێك (وێنەکێش)ێك دەتوانێت بیکات بە تابلۆیەك تا ئەو ڕادەیەی ڕازاندنەوەو دەربڕینی پەیامەکە لەلای هەریەکێکیان بە جۆرێك سەرهەڵدەدات))[٣٢٢]، سەرکەوتووی بەرهەم پەیوەندی بەتوانای هەریەکەیانەوە هەیە، کە تا چ ڕادەیەك دەتوانن بەرهەمێکی با شی لێ بەدە ست بهێنن، زۆرجار بیرێکی بەهێز دەکەوێتە

---

[٣١٩]- ئازاد عەبدلواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان...ساڵی خوێندن"٢٠١٤–٢٠١٥".

[٣٢٠]- هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە...، ل٤٨.

[٣٢١]- تاریق ساڵح،...گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٩٩)، ٢٠١٣/١٢/٥،ل٦٢.

[٣٢٢]- دەرواانرێتە: هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری ...، ل٤٨.

**قاڵبی بابەتێکی سادەوە شیعر بێت یان هەر بەرهەمێکی تری هونەری بۆیە دەوترێ: ((هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن پەیامی خۆیەتی، ئەو پەیامەش بە بەرجە ستەکردنی بیری دەقنووس دادەنرێت. هەموو نووسەرێکی دەق خاوەن جۆرە بیرکردنەوەو بۆ چوونی تایبەتی خۆیەتی...زۆر جار بیری نووسەری دەق ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بیروباوەڕی سەردەمی نووسەرەکەیە))[٣٢٣]. یەکێك لەو شتانەی لە دەربڕینی بیردا پێویستە ڕاستی بیرو بۆ چوونەو دەبێت لە پەیامی دەقەکەدا هەست بەبوونی بکرێت، چونکە لای خوێنەرو گوێگر کاریگەریی بە جێدەهێڵێت: ((ڕا ستگۆیی بیرو بۆ چوون لە ڕازیبوونی خوێنەرە، بەو واتایانەی کە بیرۆکەیەك لە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە، بەو مەرجەی ئەو بیرۆکانە ڕاستگۆبن لە هەستو نەستدا))[٣٢٤]. یەکێك لەو چەمکانەی بیر کە زۆر لە دەقی شیعریدا ڕەنگ دەداتەوە، بیری نەتەوایەتی و ئاینییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شیعری شاعیرانی کورددا، بەتایبەت لە شیعری بۆنەدا بەئاسانی هەست بە بوونی دەکرێت.**

## ٤- تاقیکردنەوە(ئەزموون):

**گشت ڕووداوو کارەسات و ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی ژیانە، هەموو بیرو بۆ چوونێکە، هەموو جووڵەو بزاوتنێکە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، شاعیریش وەك تاکێك لەو ئەزموونانەدا بەشدارە.**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر ئاوا باس لە تاقیکردنەوە دەکات: ((ئەزموونی شاعیر لەگەڵ دەوروبەرو کارتێکردنی ڕووداو لە شاعیرو بەرجەستەکردنی ئەم هاوکێشەیە لە دەقی شیعرییدا، تایبەتمەندییەکی تری شیعرە، بۆیە بەپێی چەمکە هاو چەرخەکانی هۆنراوەی ئەوروپایی شیعر تەنها لە هە ستەوە سەر چاوە ناگرێت، بەڵکو وابە ستەی تاقیکردنەوەو ئەزمونی شاعیر دەبێت، لەم ڕووەوە (ریلکە)دەڵێت: هۆنراوە تەنها بریتی نییە لە هەست وەك خەڵکی بۆی دەچن، بەڵکو تاقیکردنەوەیە، پێویستە مرۆڤ بۆ نووسینی تاکە بەیتێك شاران و خەڵکی جیاوازو شتی جیاواز ببینێت و شارەزای گیانلەبەرو پۆلی مەلان بێت و توانای ئەوەی هەبێت بیری بەرەو ڕۆژانی منالی بەرێتەوە))[٣٢٥].**

**ئەزموون و تاقیکردنەوە لە دیدی ڕەخنەگراندا جیاوازی هەیە. ((دیارترین کێ شە دەربارەی تاقیکردنەوە لە ڕەخنەی هاو چەرخدا ئەو کێ شەیەیە کە دەربارەی سیما خودی و مرۆڤایەتییەکەی بەرپاکراوە. بەلای هەندێ ڕەخنەگرەوە*مەرجە تاقیکردنەوەکان کە سی بن و ڕا ستەوخۆ ڕووبەڕووی شاعیر بووبنەوەو شاعیر لەناویاندا ژیابێ، هەندێکی تریش بۆ ئەوە دە چن، کە شاعیر دەتوانێ تاقیکردنەوەی کەسانی تریش وەربگرێ و لە هەڵبەستەکانیدا ڕەنگیان بڕێژێ))[٣٢٦].**

[٣٢٣]- عادل گەرمیانی(د)، پێناسەکانی ئەدەب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٨١)ی٥/٦/٢٠١٢، ل١٠٨.

[٣٢٤]- ئازاد عەبدلواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان...ساڵی خوێندن"٢٠١٤–٢٠١٥".

[٣٢٥]- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە.....ل٤٩.

*- سەبارەت بەو ڕەخنەگرانەی پیان وایە دەبێ تاقیکردنەوەکان خودی و کەسی بن، هۆراس دەڵێ: ((ئەگەر ویستت فرمێسکم پێ بڕێژی دەبێ لە پێشدا خۆت هەست بە گەزینی ئازار بکەیت، تەنیا ئەو کاتەش چەرمەسەرییەکانت خەمبارم ئەکەن)) دەڕوانرێتە:هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە– حەمید عزیز، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٠٥، ل٢١

[٣٢٦]- دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە....، ل٤٣.

تۆوی ئەزموونی شیعری دە شێت فاکتەری ناوخۆیی یان دەرەکی بێت، شاعیر هەروەك چۆن لەگەڵ ئەزموونە کە سییەکانی خۆیدا دەژی ئاوەهاش کە سێکی دابڕاو نییە لە دەورووبەر و دەتوانێت ئەو تاقیکردنەوە مرۆڤایەتییانەی دەورووبەریش لە هە ست و سۆزی خۆیدا ئاوێتە بکاو ڕەنگی کە سی پێ بدات و لە دەقی شیعریدا دەریببڕێت، د. دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بەگشتی هەروەك چۆن تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی شاعیری ڕە سەن، ڕا ستەوخۆ پەیوەندی بە خوێنەرو گوێگرەوە دەبێت، بەو پێیەش هەلگری شەقڵی تایبەتی گەلەکەی و بەها مرۆڤایەتییەکانە هەر بەو جۆرەش تاقیکردنەوە مرۆڤایەتییەکان لە خودی خۆیدا دەتوێنێتەوەو ڕەنگی کە سێتی خۆی دەبەخ شێت پێیان، بەم ڕەنگەش تاقیکردنەوەکان بابەتی هەڵبەست ئەنجام دەدەن و بیری بەرهەمەکە گەلاڵە دەکەن))[٣٢٧].

ئەوەی ئەزموونە لە ژیانی شاعیردا ئەو واقیعەیە کە دەگوزەرێت و شاعیر و دەورووبەر ئاڕاستەی تاڵی و شیرینی و خۆ شی و ناخۆ شییەکانی ژیان دەکات، بەرهەمی ئەو واقیعەیە زۆر جار چارەنوو سی مرۆڤەکان دە ستنی شان دەکات، شاعیریش لەو ئەزموونانە دەدوێت، کە هە ست و سۆزی دەوروژێنن. بۆنەش بە شێکە لەو ئەزموونانەو لەئەنجامی ئەو هە ست و سۆزە وروژاوەی شاعیر لەبۆنەیەکدا شیعری بۆنە لەدایك دەبێ.

شاعیر ناتوانێت خۆی لە واقیع دوورە پەرێز بگرێ، چونکە شاعیر وەك تاکێك بەشێکە لە گشت، ڕا ستە شاعیر لە هە ست و هەڵچوونەکانی دەروونی خۆی دەدوێت، بەڵام ((مە شاعیرەکانی شی لە واقیعی کۆمەلگاوە سەر چاوە دەگرن. هەر کە سێ گە شت بەناو...ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکدا بکات، تەنانەت بگەڕێتەوە بۆلای کۆنترین شاعیریش ئەوە دەبینێ، کە کۆنترین شاعیریش هەر چەندە شیعرەکانی خەیالاوی بن، ئەوە ناچار بووە، گەڕاوەتەوە سەر واقیع، نەیتوانیوە دەست بەرداری واقیع بێت. سەبارەت بە ئەرکی شیعر (ئەلیوت) لەو بڕوایەدایە، کە دیارترین ئەرکەکانی شیعر وروژاندنی چێژەو دەبێت سەرباری ئەو چێژەش شاعیر ئامانجێکی تری هەبێت، ئەو ئامانجەش تایبەت نەبێت بەخودی خۆی، بەڵکو بۆ کۆمەڵو خوا ستەکانی کۆمەڵ بێت، بەڵام ئەگەر تایبەتیش بێت بەخۆی ئەوا خۆ شی تاکێکی ناو کۆمەڵگایەو وەك لقە ڕووبارێك دەڕژێتە ناو دەریا چەی کۆمەڵگاوە، چونکە واقیعی ژیانی تاکە کەسێك لەهەمان کاتیش واقیعی ژیانی دەیان تاکە کەسی ترە))[٣٢٨].

دیلانی شاعیر لە بارەی پەیامی شیعرەوە بۆ چوونی وابووە، کە ((پەیامی شیعر یان ڕا ستتر ڕێڕەوی شیعر ئەبێ بریتی بێ لە ئاوێ نە یەك بۆ دەرخ ستنی ئازارە کانی گەل، نی شا ندانی دەردە سەرییەکانی، ئا شکرا کردنی دوژمنەکانی، هەڵ سەنگاندنی دۆ ستەکانی، ئەبێ ئاوێنەیەك بێ بۆ هاندان و بۆ خەباتکردن، بۆ بەگژ داگیرکەرا چوون))[٣٢٩]، دەبینین هەموو ئەو خوا ستانەی بیروبۆ چوونی دیلان نیشاندەدەن هەمان ئەو پەیامانەن شیعری بۆنەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی وەك ئەرك لەئەستۆی گرتووە و لە ئەزموونەکانی شاعیرو دەورووبەرەوە دەخرێتەڕوو، لێرەشدا خستنە ڕووی تاقیکردنەوە لە

---

[٣٢٧]- دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە....، ل٤٣.

[٣٢٨]- هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە.... ل٦١.

[٣٢٩]- دڵشاد عەلی(د)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٥.

شیعردا پەیوەستە بە توانای هونەری شاعیرو هەرئەو توانایەشە کە پێزو هێز بە شیعرێك دەبەخشێ، چونکە زۆر جار دەکرێت، تاقیکردنەوەو ئەزموونێك هی دەورووبەر بێت و دوو شاعیر بێن لە دوو دەقی شیعریدا تەوزیفی بکەن و هەریەکەیان بە جۆرێك بیروڕاو سۆزی لە سەر دەربڕێ. کەواتە ((داهێنانی هونەری بە پلەی یەکەم بۆ سرو شتی نوو سەرو توانا هونەرییەکانی و ڕادەی زاڵ بوونی لە سەر ئەزموونەکەی و توانای لەسەر ڕەگەزە هونەرییەکان دەگەڕێتەوە))[٣٣٠].

لێرەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە ئەزموونی شیعری پەیوە ستە بە هەموو ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش، خودی و کە سی بێت و پەیوەندی بەژیانی نوو سەرەوە هەبێت یا لە دەورووبەریدا بێ. سەرچاوەی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی شیعرو بابەتی تری ئەدەبییە و زیاتر لە شیعردا چڕدەبێتەوە و بە ئاشکرا لە هەڵسەنگاندنی دەقی شیعریدا وەك ڕەگەزێکی بەرچاو پێویستە هەست بە بوونی بکرێت. (دلا سل ابر کرومبی) دەڵێ: (( تاقیکردنەوە بە مانای هەوڵدان نایەت، بەڵکو ئەو ڕووداو و کارە سات و هزرو هە ستانە دەگرێتەوە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە. کەواتە ئەو ڕووداوانە لە ژیانی شاعیردا ڕوودەدەن، خۆش بێت یان ناخۆش، هە ستی شاعیر دەوروژێنێ و کار لە دەروونی دەکات، هەر لێرەوە ڕەگەزی تاقیکردنەوە لەشیعردا تایبەتمەندی خۆی دەبێت))[٣٣١].

دەبینین چەمکی ئەزموون لە شیعردا زۆر نزیك دەبێتەوە لەو پێنا سەیەی بۆ شیعری بۆنە لە ڕووی چەمك و زاراوەوە کراوە یان بەڕوونتر دەتوانین بڵێن چۆن شیعری بۆنە بە شیوەیەکی گ شتی ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتی و سیا سی و نەتەوەیی و سرو شتی و کە سییە کە لەهە ستی وروژاوی شاعیرەوە سەر چاوە دەگرێت و دەبێتە ئەزموونێکی خودی لە ژیانیدا، ئەزموونەکەش هەمان حاڵەت دەردەخات وەك چەمك و واتا و بەرهەمەکەی پێ دەوڵەمەند دەبێ و بەو پێیە ((هەرئەزموونێکیش وێنەیەکی نوێ بخاتە ڕوو، بە سەر چاوەیەکی خودی لەقەڵەم دەدرێت))[٣٣٢]، هەموو ئەمانە دەبنە تاقیکردنەوە لای شاعیر. ئەوەی لە دەورووبەردا دەیبینێ تۆوی سەرهەڵدانی دەقە شیعرییەکەیەتی و لەگەڵ ئەوە شدا دەتوانین بڵێن ((ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوەکان دەبێتە هەڵگری کە سێتی شاعیر و ڕەنگپێدەرەوەی موعانات و گوزارشت لە خۆشی و شادی دەکات، ئەم جۆرە گوزارشتکردنەش بێگومان کار لە دەروونی خوێنەریش دەکات و لە ناخەوە دەیوروژێنێ))[٣٣٣].

بەم پێیە ئەزموون و تاقیکردنەوە چەمکێکی شێوازی شیعرەو ڕەگەزێکە لە بنیاتی شیعردا، کە ڕەنگپێدەرەوەی کە سییەتی خودی نوو سەرەکە و دەوروبەرەکەیەتی و لە بەرهەمەکەیدا بەرجە ستەی دەکات.

---

[٣٣٠]- شکری عزیز الماضی(د)، تیۆری ئەدەب،...، ل٦٨.

[٣٣١]- ڕێزان ساڵح مەولود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٩٩.

[٣٣٢]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری...، ل٢٧٩.

[٣٣٣]- ڕێزان ساڵح مەولود، ئەندێشەی شیعریی...، ل١٠٠.

له کاتی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحموود بۆ شاری سلێمانی، دیلان لەو بۆنەدا شیعر دەڵێ، تاقیکردنەوەی کە سی و ئەزموونی تاڵی گەلی کورد و مە سەلەو خەمە گەورەکەی میللەتەکەی لە شیعرێکدا بەرجەستەدەکا و لەبەشێکیدا دەڵێ:

**بـــــەرانـــان دیارە قورگــــــت گیراوە**

**چـــاوت لــیخنی خـــوڕی گــــریـــانە**

**ســـەرت چــــەپۆکی کۆچی بێ وادەی**

**شێــخ خـــولی داوە ســـستی فـــــغانە**

**بـــــــەڵام بەرانـــــان گـــوێم لێ ڕاگرە**

**من کوردم کـــوردیش گـــەلە، ئینسانە**

**هــــــەزار ئـــــەوەنـــدە بخـــــرێتە بینی**

**دەســـتی گـــەردوون و چنگی زەمانە...** دیوانی دیلان، ل٢٧.

کاکەی فەلاح (١٩٢٨-١٩٩٠)یش ، لە شیعرێکدا(بۆ شارە جوانە مەرگەکە) کە بەبۆنەی کارە ساتی کیمیایی بارانی هەڵەبجەوە نوو سیویەتی، باس لە حاڵی میللەتی کورد دەکات، کە چۆن بە کۆمەڵ لەناودەبرین، شاعیر لە دەربڕینی حاڵی کەسییەوە بۆ ئەزموونی دەورووبەر دەچێ :

لەبەشێکی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**ئەبێ بۆ کورد قڕان بگرین**

**بۆ شاری خامۆشان بگرین**

**لەپڕ بگرین**

**بەخوڕ بگرین**[٣٣٤]

دڵداری شاعیر(١٩١٨-١٩٤٨) یەکێکە لەو شاعیرانەی وێنەی واقیعی دەورووبەری لە شیعرەکانیدا کێشاوەو تاقیکردنەوەی خودی و دەورووبەری بەهەستی کەسی خۆی خستۆتەڕوو. شیعری(نامەیەك بۆ دڵزار) نیو شاندانی وێنەیەکی واقعی حاڵی کەم دە ستی خۆی و حاڵی هاوڕێکەی کە دڵزاری شاعیرە دەخاتەڕوو، ئەویش بەوبۆنەوە نامەیەکی شیعری بۆ وەڵامی نامەکەی (دڵزار)دەنێرێتەوە، کە داوای قەرزی لێ کردووە، لەبەشێکیدا دەڵێت:

**ئەڵێی شەش سەدو کسوور قەرزاری ئـــــایا بۆ پــــــارە زۆر گیـانە هاری؟**

**زرنگ و هـــۆری درهـــــەم و پـــارە بۆ من خەیـــاڵی خەونی بـــــــەهارە**

**درهەم بزانێ لە جێ ێی من هــەم بەگوڕ ڕا ئەکا لەم چــەم بۆ ئەو چەم...**[٣٣٥]

---

[٣٣٤]- بنەماڵەی شاعیر، دیوانی کاکەی فەلاح، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٥٣.

[٣٣٥]- کوردستان موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١، ل٧٥.

## تەوەرەی دووەم/ شیعری بۆنە لە ڕووی شێوازەوە:

ئا شکرایە کە شیعری بۆنە بە شێکە لە شیعرو تایبەتمەندییەکانی، لە ڕووی شێوازەوە لە جۆرەکانی تری شیعر جیانابێتەوە، هەر لەبەر ئەمەش کە باس لە شێواز دەکەین، بەگشتی باسی دەکەین و شیعری بۆنە تایبەتمەندی جیا نییە لە شیعر بەگ شتی، بەڵام دیارە شیعری بۆنە پەیوەندییەکی گرنگی بە هەڵ چوونی دەروون و سۆزی شاعیرەوە هەیە، کاتێك لە بۆنە خۆش و ناخۆ شەکان یان لە ڕووداو و کارە ساتەکاندا، ئەوەی پەیوەندی بە خودی شاعیرو دەورووبەرەکەیەوە هەیەو هە ستی دەبزوێنن، بەزمانێك و شێوازێك ئەم هە ستەی دەردەبڕێت، جیاواز لە دەربڕینی کە سانی ئا سایی، بەلای ئەر ستۆوە (( شێواز جۆرەکانی شیعر لەیەك جیادەکاتەوە، هەروەها دەڵێ شیعر زمان و کێش و ئیقاعە))[٣٣٦]. لە بارەی جۆری سۆز و پەیوەندی بەدەربڕینەوە (بالی) وای دەبینێ: ((کە پەیوەندی هە یە لە نێوان دەربڕین و بیرو سۆز، ئەو شێوازەش لەدەربڕین، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە زمانی ئاخاوتندا پێشکەش دەکرێت، ئەوە ئا شکرا دەکات کە پەیوەندییەکی شێوازگەری لە نێوان شێوازو ئەو حاڵەتە عاتیفییەی غەمباربوون، یا سەر سامی، یا دڵخۆ شی هەیە))[٣٣٧]. دەوترێ (( شیعر هونەرێکی زمانییەو دەربڕینی بەهۆی دەنگە و چەشە لێ وەرگرتنی بەبیستنە، ڕیتم و کێشیش دەوری سەرەکییان تێدا هەیە))[٣٣٨].

شێوازیش ئەو ڕێگا تایبەتەیە کە شاعیر یان نو سەر دەتوانێت ((لە داڕ شتنی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە بیرەکانی پێدەردەبڕێت و بە پێی بابەت و نووسەر دەگۆڕێت))[٣٣٩]، ئەمەیە وادەکات لە باسی شێوازی شیعری بۆنەدا، هەموو ڕەگەزە کاریگەرەکانی شێوازی دەربڕین و نوو سینی دەقێکی شیعری سەرکەوتوو بخەینە ڕوو. بۆیە لێرەدا باس لە ئاوازی شیعری و وێنەی شیعری و زمانی شیعری دەکەین، چونکە ((پێکهاتەو ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی هەرتێکستێکی شیعری بریتییە لە زمان و ئاواز و وێنە))[٣٤٠]، کە سەرچاوەی بوونیان زمانە، بەڵام جیاواز لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە.

ڕەخنە سازانی یۆنانی لە ئەنجامی ئەو ڕکابەری و کێبەرکێیەی لە نێوان فەل سەفەو شیعردا هەبوو، کاریان لە سەر ئەوە کرد، کە گرنگی و بایەخی شیعر بـ سەلمێنن، تا شیعریش ڕۆڵی خۆی پێبدرێت، وەك دەردەکەوێت لە سەرەتادا زیاتر توێژینەوەو هەڵ سەنگاندنیان لە ڕووی شێواز و لایەنی ئێ ستاتیکی شیعرەوە بووە، لەیۆنانی کۆندا لەبەر ئەو گرنگی و بایەخەی بە شیعر و شاعیران دەدرا، فەیلەسوفەکان بێ ئەوەی پەیڕەوی یا سای هۆشمەندی و لۆجیك بکەن، ((هونەری هەڵبە ست و هۆنراوەیان بە کارێکی بێ کەڵك تەما شاکرد، بەڵام کۆمەڵێك لە ڕەخنە سازان وەڵامی ئەو فەیلە سوفانەیان دایەوەو هۆنراوەیان وەکو هونەرێکی میتافۆری لێکدایەوەو بەرگریان لە وێژەرەکان کرد...بۆیە دەستیان کرد بە شیکردنەوەی هۆیەکانی جوانی هۆنراوە، لە ئەنجامدا ئەم جوانییەیان لە مۆ سیقای هۆنراوەدا بەدی هێناو ئاوازەکانی

---

[٣٣٦] - دەڕوانرێتە: ئەرستۆ، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی عەزیزگەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١١، ل١١٨و ١٣٠.

[٣٣٧] - ئیدریس عەبدوڵڵا(د)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٧.

[٣٣٨] - عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٧٥.

[٣٣٩] - فازیل مەجید مەحمود(د)، سروشت لە شیعری گۆران دا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١٥.

[٣٤٠] - عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٢، ل٣٥و٤٦.

**کێ شیان لێکدایەوەو بە سەر چەند چە شنێکدا دابە شیان کردو پەیوەندی هەر چە شنێکیان بە واتاو بابەتێکەوە دە ستنی شان کرد، هەروەها ئەو جوانییەیان لەزماندا بەدی کردو سەلماندیان کە زمانی هۆنراوە، لە زمانی ڕۆژانە بە ڕێك و پێکی و و شەی میتافۆڕی و وێنەی هونەری جیادەبێتەوە))[341]. ئەمە سەبارەت بە شێوازی شیعرو گرنگی و بایەخی لایەنەکانی ئاوازو زمان و وێنەی شیعری. ئێمە توێژینەوەکەمان لەبارەی شیعری بۆنەیە لە نێوان سالآنی هەردوو جەنگی جیهانی بۆیە پێمان با شە تیشکێك بخەینەسەر شێوە و ناوەرۆکی شیعری کوردی لەو ماوەیەدا.**

**لە ماوەی سالآنی نێوان (١٩١٤ - ١٩٤٥)ز ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، شیعری کوردی و ((بەگ شتی ئەدەبی کوردی ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی زیاتر چووە ناو ژیانەوە، وێنەی ڕاستەقینەی ڕەنگرێژ کرد، هەروەها کەوتە گەڕان بەشوێن هەستی دەروونی ناوەوەی ئادەمیزاد...ئەدەبی کوردی نوێ لەماوەی گۆڕانیدا بە دوو پلەی دیار تێپەڕبوو: یەکەمیان قۆناغی گۆڕانی ناوەڕۆك بووە، شێوە و قالّبی کلا سیکی وەك خۆی مایەوە، وەك ئەوەی کە ڕ ستەی کۆن بەکارئەهێنرا، بەلأم ئەوەی تازەبوو لەو شیعرەدا ئەوەبوو ناوەرۆکی تازە کەوتە ناوەوە، واتە قالّبە کۆنەکان بۆ ناوەرۆکی نوێ بەکار دەهێنران. جوانترین و بەرزترین نموونەی ئەم شیعرە نوێیە بەرهەمی نوێنەرانی نەوەی کۆنی شاعیرانی کوردی هاو چەرخ بووە، وەکو هی: ئەحمەد حەمدی ساحێبقران و ئەحمەد موختار جاف و عەلی کەمالی باپیر و هی دیکە))[342]. هەروەها قۆناغی گۆڕانکاری دووەم،((پلەی دووەمی گۆڕانی شیعری کوردی لە بینای بنچینەیی شیعردا بوو: لە ڕوخ سار و ناوەرۆك، لە هەموو کەرە ستەکانی شیعر، لە زمانی کوردی پەتی و ڕەوانبێژی و کێ شی سیلابی خۆمالّی و قافیەی ڕەنگاوڕەنگ. شیعری نەوەی شاعیرانی تازەی کورد وەکو: نووری شێخ سالّح و عەبدولاّ گۆران و ڕە شید نەجیب و بێکەس و دلّدار و هی دیکە، نموونەی ئەدگاری شیعری کوردی نوێی ئەم قۆناغە بوون. کەچی بەرهەمی نوێ لە شاعیرانی دیکەی کورد گەلێك تێکەلأوە، یاخود لە چەند پلە و قۆناغێکی جیاواز پێکهاتووە، ڕەنگدانەوەی کۆمەلّێك قوتابخانە و بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجییەتی جیاوازە، ئەمە لە شاعیرێکی وەکو پیرەمێرد و هی تر دەردەکەوێ))[343]. هەر لەو قۆناغەدا دوو ڕێ چکەی جیاوازی کێش بەدی دەکرێت، ڕێ چکەی یەکەمیان ئەو شاعیرانە بوون، کە لە سەر پەیڕەوی شاعیرە پێ شینەکان بوون و لە سەروا شدا قالّبەکانی شیعری کلا سیکی کوردییان بەکاردەهێنا (غەزەل، قە سیدە، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، چوارین، .....هتد) ڕێ چکەی دووەمیش ئەوانە بوون بەرەو تازەکردنەوەی شیعری کوردی ڕۆ شتن و بەناوەرۆکی تازە قالّبە کۆنەکانیان بەکاردەهێنا، لەگەلّ ئەوە شدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، هەر لەو شاعیرانەی لە نێوان سالأنی(١٩١٤-١٩٤٥) دا شیعریان نوو سیوە، هەندێکیان پابەند بوون بە ڕێ چکە وکێش و قالّبی شیعری کلا سیکی کوردی و بە شێکی تریان بەقۆناغی شیعری کلا سیکدا ڕۆ شتوون و شیعریان نوو سیوە لەو قۆناغەداو دواتر لەگەلّ گۆڕانکارییەکاندا هەولّی تازەکردنەوەی شیعری کوردیان داوە بەتایبەت لە ڕووی**

---

[341]- کامل حسن عزیز البصیر(د)، زانستی ئاوەلّواتا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد،١٩٨١،ل١٢.

[342]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠١٠،ل٢١.

[343]- هەمان سەرچاوە...ل٢١.

شێوازەوە سەرکەوتوو بوون، نموونەی شیعری ئەو قۆناغە پڕە لە شیعری بۆنە کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی و نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان. پێمان گونجاوە لێرەدا باس لە شێوەی شیعری کوردی بکەین و نموونەی بەپێی قۆناغەکە بۆ بخەینە بەردەست.

## ١- ئاواز(مۆسیقا)ی شیعری:

جۆرێك لە ئاواز پێکهاتەیەکی ئێ ستاتیکییەو ئەوەیە کە لە شیعردا تایبەتمەندی ئاهەنگی هەبێ و خاوەن کاریگەریی بێت لە ڕووی جوانی دەق و دەربڕین و گوزار شتکردن، ئاوازی شیعری دەوری گرنگی هەیە لە هەژاندن و بزواندنی هە ستی مرۆڤەکان، بەلای ئەفلاتۆنەوە ((هۆنراوە لقێکی ئاوازەو نەغمەو و شەو ترپە سێ بنەڕەتی گرنگی هۆنراوەن و پێویستە لەگەڵ یەکدا بگونجێن))[٣٤٤] بۆ چوونی ئەر ستۆش لەو بارەیەوە وایە، کە مۆ سیقا ((پایەیەکی بەرزو سەرەکی لە تراجیدیا دا هەیە))[٣٤٥]. شیعر تا ئاوازی بەهێزی تێدا بێت دەتوانێت کاریگەریی زیاتر درو ست بکات. چونکە ئاوازو ڕیتم ئەو هێزەن توانای جوڵاندنی هە ست و سۆزی خوێنەرو گوێگریان هەیەو هەر ئەوانیش دەتوانن ببنە یەکێك لەو پێوەرانەی دە ستنیشانی جۆری ئەو کاریگەرییە بکەن کە دەقی شیعری بەرپای دەکات. مۆ سیقا پێکهاتەیەکی زمانییە: ((بەڵام نەك زمانی پیت و و شە، بەڵکو زمانی ئاوازو پلەکانی پەیژەی مۆسیقا...زمانی مۆسیقا نەك تەنیا سۆزو هەست و دەروون وناخی مرۆڤ دەدوێنێ، بەڵکو دەیهەژێنێ و دەربڕی خۆ شی و ناخۆ شی و هێمنی و توڕەیی و هەر نەریت و ڕەفتارو بیرکردنەوەیەکییەتی))[٣٤٦]. لە بارەی ئەو لایەنە ئێ ستاتیکییەی مۆ سیقا لە شیعردا دەیخولقێنێ، هەڤاڵ ئەبوبەکر دەڵێ:((ئاوازی دەق، یان مۆسیقای دەق، یان تۆنی دەق لە شیعردا، جوانیی و کاریگەریی دەق بەرجەستە دەکەن...مۆسیقا لە شیعردا دەقی شیعری ڕووەو داهێنانی هونەری دەبات))[٣٤٧]. لەبا سی کاریگەریی مۆ سیقا لە شیعردا، د.ابراهیم أنیس دەڵێ: ((شیعر مۆسیقی نەبێ، کاریگەریی نابێ و لای گوێگر لاواز دەبێ، چونکە مۆسیقا لایەنێکی گرنگە لە شیعرا))[٣٤٨]، لە لایەکی تریـ شەوە، ((پەیوەندییەکی تایبەتیش لە نێوان مۆ سیقاو شیعردا هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شیعر هونەرێکی زمانییەو دەربڕینی بە هۆی دەنگەوەیەو چێژ لێوەرگرتنی بە هۆی بیـ ستنەوەیە، ئەمانەش هەموو لە مۆ سیقادا جێیاندەبێتەوە، بەتایبەتی کە دەنگ ئاواز بەرهەم دەهێنێت))[٣٤٩].

لە بارەی پەیوەندی پتەوی نێوان مۆ سیقاو هۆنراوە دەوترێ:((مایە(مادە)ی هۆنراوە و شەکانە، مایەی وێنە ڕەنگەکەیە، مایەی سازو ئاواز دەنگەکەیە، و شە گەڵێ جار ئە چێتە بەرگی دەنگەوە، ئەم دەنگ و و شەیە وردە دەماری هە ست و چە شە ئەجوڵێنن زیاتر لە وێنە، تەنانەت ئەتوانین بڵێین سازو

[٣٤٤]- دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوە...، ل٨٦.

[٣٤٥]- ئەرستۆ،هونەری شیعر(شیعرناسی)، ....، ل١٩٢.

[٣٤٦] – دەڕوانرێتە:حوسێن کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١١ ل.٦٧

[٣٤٧] – هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبییەکان.....، ل٤٤.

[٣٤٨]- فازیل مەجید مەحمود(د)، سروشت لە شیعری گۆران دا....، ل١٤٢.

[٣٤٩] – هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبییەکان.....، ل٤٤

ئاواز كۆنترە لە و شەیەك كەمایەی هۆنراوەیە، چونكە لە پێشا دەنگەكە هەبووە پا شان پۆ شاكی و شەی كردووە بەبەریا... كەوابوو پەیوەندی مۆزیقاو هۆنراوە زیاتر بوو لە پەیوەندی وێنەو هۆنراوە وە یا مۆزیقاو وێنە))[٣٥٠]. هەروە ها دەوترێ پەیوە ندی نێوان ئاوازو هۆنراوە، یەكێك بووە لە تێڕوانینە ڕەخنەییە دێرینەكان و كەم و زۆر لەبەرهەمی ڕەخنەگراندا ڕەنگی داوەتەوە، ((دیارترین هۆی ئەم گرنگی پێدانەش لەوەدا بووە، كە هەردووكیان سەر بەو چە شنە هونەرەن، كە بە هونەرە دەنگییەكان ناو دەبرێن، تەنانەت لەگەڵ پێناسەكردنی ئاوازدا، دەستنیشانی چەمكە وێژەیی یەكەشی دەكرێت و بەو نەغمانەی دادەنێن، كە ئەدیبان و بەتایبەتی شاعیران لە هۆنراوەكانیاندا پێكی دەهێنن و دەیكەنە ڕەگەزێكی سەرەكی بنیاتی بەرهەمەكانیان و شاكاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن))[٣٥١].

مۆ سیقا ((بە شێكی گرنگە لە شیعردا هەر لە شیعری كلا سیكەوە تاوەكو ئێستاش، مۆ سیقا لە بوونی خۆیدا سیحرێكی تێدایە، كە خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەكێشێ، بەشێكی دروستبوونی شیعر لە مۆسیقادایە، واتا شیعر لەپاڵ وێنەو خەیاڵ و هە ست و نە ست و...هتد، مۆ سیقا ڕۆڵێكی كاریگەر دەبەخ شێت لە بەخ شینی ئیـ ستێتیكا بەدەقی شیعر، مۆ سیقای شیعری كلا سیك جیاوازە لە مۆ سیقای شیعری نوێ، شیعری ئازاد یاخود پەخشانە شیعریش مانای ئەوە نییە بێبەشە لە ترپەو مۆسیقا))[٣٥٢].

بێگومان وەك چۆن زمانی شیعری كۆن و نوێ جیاوازیان هەیە، مۆسیقاش بە هەمان شێوە لە كۆن و نوێدا لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی وێنەی هەژاندندا جیاوازن، ((بناغەی مۆ سیقای شیعری هاو چەرخ، بریتییە لە بونیاتی ڕیتمی تایبەت و بە حاڵەتی هەست و شعوری شاعیر دەبەسترێتەوە، ئەم حاڵەتەش لە وێنەیەكی ورووژاو(مهوَش) ڕەنگ ناداتەوە، وەك ئەوەی لە شیعری كۆندا بەدی دەكرا، بەڵكو ئەم مۆ سیقایە لە وێنەیەكی تەواو گونجاو بە حاڵەتی هە ست و شعوری تایبەت دەنگ دەداتەوە، دەبێتە ناوەندێكیش بۆ ئەوەی خوێنەر لە قاڵبی هە ست و شعوری خۆیدا بیگونجێنێت و بێ ئاری شە لەگەڵیدا بەردەوام بێت))[٣٥٣].

هەموو دەزانین، كە باس لە گۆرانی دەكرێت، مۆ سقاو ئاواز وەك كەرە ستەیەكی گرنگی ئەو بابەتە سەیر دەكرێت، هەروەها خاڵی هاوبەش لە نێوان گۆرانی و شیعردا هەیە، سەرباری ئەوەی زۆرجار كەرە ستەی گۆرانی شیعرە، لە گەڵ بوونی پەیوەندی پتەو لەنێوانیان شیعرو گۆرانی لە مۆ سیقادا هاوبەشیان هەیە، بەڵام هەریەكەیان بەجۆرێ. شیعر و گۆرانی ((پێكەوە لە سۆزو عاتیفەوە دەردەچن و گوزار شتی لێدەكەن، هەروەها هۆكارەكانی گۆرانی هەمان هۆكارەكانی شیعرن، لە گۆرانیدا مۆ سیقای ئاوازەكان هەیەو لەشیعریشدا مۆسیقای وشەكان و كێشەكان))[٣٥٤]. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین مۆسیقا (( چێژی تایبەتی هەیەو خوێنەر هە ستی پێدەكات، بەڵام بەو مانایەش نا كە هەموو شیعرێك دەبێ

[٣٥٠] – عەلائەدین سجادی، نرخ شناسی، چاپی یەكەم ، چاپخانەی مەعارف، بغداد،١٩٧٠، ل٦٧.

[٣٥١] - دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوە...، ل٨٦.

[٣٥٢] - هاوژین صلیوە عیسا، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەكانی لەتیف هەڵمەتدا، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان زانكۆی كۆیە،٢٠١٣، ل١٤٤.

[٣٥٣] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل٨٤.

[٣٥٤] – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیكییەكانی شیعر، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٠٧.

مۆسیقایەکی بەهێزی تێدابێت، چونکە زۆرجار وێنەی نوێ و ئەفرێنەر بەشێوەیەك لە شێوەکان کزی و لاوازی مۆسیقاش پڕدەکاتەوە))[٣٥٥]، شان بە شانی شێوازی دەربڕین لە شیعرو ناوەرۆکی شیعر، مۆسیقا پێوەری جیاکردنەوەی شیعرە لە پەخشان ((لێکۆڵەران مۆسیقای شیعر بەخاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعرو پەخشان دادەنێن و بڕوایان وایە کە ئەوەی شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە، تەنها مۆسیقایە، چونکە کێش تایبەتییەکی بنچینەی ناسینەوەی شیعرە، کە ئەمە لە پەخشاندا نییە یان بەو جۆرە نییە))[٣٥٦].

## ئاوازی شیعری دوو لایەن دەگرێتەوە:*

أ. **ئاوازی دەرەوەی شیعر**: هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕووکاری دەرەوەی شیعر لە خۆدەگرن، کە بریتین لە کێش و سەروا.

ئاوازی دەرەوەی شیعر((گرنگی زۆری هەیە بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا، چونکە شیعری کلاسیکی دەبێت کێش و سەروای تێدابێت، بۆئەوەی بەجوانی خۆی پیشان بدات))[٣٥٧].

لەنێوان شیعرو ئاوازدا پەیوەندییەك و وابەستەییەکی تۆکمە هەیە ((زۆر جاران دەگوترێت(کەوا شیعر لە هەقیقەتدا بریتییە لە ئاوازی و شەو بێژەکان)...ئینجا لە پێناوی هاو سەنگبوونی مۆسیقاو ئاوازی شیعرەوە، پەنا بۆ کێش واتە هاو سەنگی چەندایەتی دەنگ و بڕگە(یاخود و شەو بێژەکان) دەبەین، بەم شێوەیە کێش و پێوانەی دەنگ دەبنە بنەما بۆ بەرپابوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعری کە بە ئاوازی دەرەوە(الموسيقى الخارجية) دەنا سرێت، ئەم جۆرە ئاوازەش تایبەت دەبێت بە شیعری کێشراو یاخود کێشدار، جا عەرووزی بێت یاخود بڕگەیی و خۆماڵی...سەبارەت بە سەروا(قافیە)...وەك یەکێك لە دەرکەوتەکانی کێش یا تەواوکەری کێش حسابی بۆکراوە))[٣٥٨]، لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا. مۆسیقای شیعر شتێکی لەخۆوە و دروستکراو نییەو لکێنرابێت بە شیعرەوە، بەڵکو ڕەگەزێکی گرنگی شیعرییەو زمان و و شەو دەنگەکان ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانیدا، بۆیە لە ڕووکاری دەرەوەی شیعردا لە کێش و سەروادا بەدی دەکرێت، مۆسیقای شیعری لە جەستەی شیعردایە(( شتێك نییە لەدەرەوە هێنرابێت و خرابێتە ناو شیعرەوە، بەڵکو لە ناخی شیعرەکەدایەو هەڵقوڵاوی هەست و سۆزو بیری شاعیرەکەیەو لێی جیانابێتەوە، بۆیە بەیەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر دادەنرێت...(شێرکۆ بێکەس) ڕای وایە ئەگەر مۆسیقاو ئاهەنگی ڕستەو وشەو بڕگەو هەنگاوەکانی لە شیعر دەربێنین،

---

[٣٥٥]- هاوژین صلیوە عیسا، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، نامەی دکتۆرا...، ل١٤٦.

[٣٥٦] – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....ل١٠٧.

*– عوسمان دەشتی(د) باسی سێ جۆر ئاوازی کردووە ئەوانیش((ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوەو ئاوازی لاتەنیشت)ە دەڵێ: هەندێ لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە تازەکان لەپاڵ ئەو دووجۆرەی ئاوازدا باسی ئاوازی لاتەنیشتیان کردووە" وەك دەڵێ:((لە ڕەخنەی تازەداو لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵە ئاوازییە گرنگەی کە هونەرەکانی سەروا، لە وێنەی(سەروا، پاش سەروا، هاوسەروا) لە هۆنراوەدا دەیگێڕن، بۆیە وەکو بەرپاکردنی جۆری سێیەمی ئاوازی شیعری، (ئاوازی لایەکان– الموسيقى الجانبية) دەناسرێت، کەلەسەر تەوەرەی هاونشینی(ئاسۆیی) دێڕی شیعر کاردەکات)) دەڕوانرێتە: عوسمان دەشتی، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر...، ل٣٥و٤٦.

[٣٥٧]- هاوژین سلێوە(د)، خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤١.

[٣٥٨]- عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان ... ل٦٩.

سەرەنجام شیعرەکە لە شیعرێتی دەکەوێ، لە شتێکی ڕەق و تەق بەولاوە هیچی تری لێنامێنێتەوە))[٣٥٩].

شیعر بەبوونی مۆ سیقاکەی نە شئەیەکی خۆ شی بەخش بە دڵ و دەروون دەدات، لەکاتی خوێندنەوەو گوێ لێبووندا هەست بە جۆرە ئاهەنگێك دەکەین فێنکی و خۆشی بە دڵ و دەروونمان دەبەخشێ، کاتێك تێکەڵ بە ڕۆحی شیعر دەبین و وێنە شیعرییەکانی دەقێکی شیعری وامان لێدەکات، لە جیهانی خەیاڵدا پەرواز بکەین و تێکەڵ بە جیهانە جوان و هە ست و سۆز وروژێنەکەی شیعر ببین، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە ئاواز و ترپەو ڕیتمی شیعر کاریگەریی لە هە ستی ئارامی و دەروونمان دەکات، بۆیە جاری وایە دەقێکی شیعر چەند جار دەیخوێنینەوە و لێی بێزار نابین، واتە تا ئاوازو مۆ سیقای شیعر بەهێزبێت شیعر زیاتر و زۆرتر دە چێتە ناخەوەو کاریگەریی زیاترە. ئاماژەمان بەوە کرد، کە ئاوازی دەرەوە کێش و سەروا دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی لە پەخ شانە شیعردا دەبینرێ، سەبارەت بەئاوازی دەرەوە((کێش سنوور بۆ بە شەکانی دەقەکە دیاری ناکات، ڕیتمی ناوەوە ئەرکی سەرەکی دەگێڕێت،

چونکە شیعر لێرەدا هاوتای کێش نییە، لێرەدا هێزی گەیەنەری وێنە شیعرییەکان و ڕێکخ ستنی بزووتنەوەکانییەتی، ئەم ئەنجامەش بەزەحمەت لە دۆخی زاڵبوونی ڕیتمی دەرەوەدا بە سەربە ستی ئەنجام دەدرێت))[٣٦٠]. ئاواز لە شیعردا ئەرکی چێژو ئاهەنگ بەخشینە هەروەك چۆن ((مۆسیقای شیعری لە قە سیدەی کۆندا، خۆ شی و چێژێکی تایبەتی خۆی هەبوو، مۆ سیقایی شیعری هاو چەرخیش، چێژو خۆشییەکی تایبەتی خۆی هەیە))[٣٦١]. لەخوارەوە دێینە سەر باسی لایەنەکانی ئاوازی دەرەوەی شیعر:

## یەکەم: کێش:

کێش: کۆڵەکەی سەرەکی ئاوازی دەرەوەی شیعرە، کە ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعر پێکدەهێنێ، هیچ شیعرێك بەبێ کێش نابێت، یان کێش ئەوەیە، ((کە ئاهەنگی شیعری لەڕێگەی ئەوانەوە ڕادەگوێزرێت))[٣٦٢]. لە سەر بنەمای سەرەکی کلا سیك: (( شیعر پەیامێکی خەیاڵاویو کێشدارە، بەڵام لە ڕا ستیدا ئەوەیە کە ئەمڕۆ ناتوانرێت شیعر بە ڕا ستی پێنا سە بکرێت، تا ئەو شوێنەش باوەڕ وایە کە ناتوانێت پێنا سەیەکی گ شتی بۆ شیعر بە دە ست بهێنێت))[٣٦٣]. عەزیز گەردی لە بارەی کێ شەوە دەڵێ:((کێش لەهەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەیەکی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعرو بۆ تەواوکردنی مۆ سیقای شیعر، ڕیتم کە لە خا سیەتە تایبەتییەکانی هەر زمانێك و هەر شاعیرێکەوە پێك دێ، دەوری خۆی دەبینێ، ڕیتم گیانێکی زیندوو بە کێ شەکە دەبەخ شێ و قوڵترو خە ستتری دەکاتەوەو ئەدگاری کۆتایی بەئاوازی شیعرەکە دەدا))[٣٦٤].

---

[٣٥٩] - پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٣.

[٣٦٠] - محەمەد بەکر(د)، کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤١.

[٣٦١] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل٨٤.

[٣٦٢] - لی مۆرگان، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی سامالّ ئەحمەدی....،ل٥٠٠.

[٣٦٣] - کورش صفوی، شعرو نظام های انگیخته زبانی"شعر از دیدگاه زبان شناسی"، نشریه فرهنگ و هنر، خرداد و تیر ١٣٧٨، شماره ٣.

[٣٦٤] - عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی... ، ل٧٣.

**خواجه نـ صرالدين طوســى دەڵێت: ((له قـ سەكانی (ابن سينا) له كتێبی ( شيفاء) بەيا سای ئەرە ستۆ شيعر (وتەيەكی خەياڵاويە كە لە وتەی كێشداری يەكسان درو ست بووە)، خواجە نـصرالدين سەبارەت بە پەيوەندی شيعرو مو سيقا بەم شێوەيە دەڵێ: (تێڕوانين لەكێ شی ڕا ستييە بە شێوەيەكی گرنگ پەيوەندی بە زانـ ستی مۆ سيقاوە هەيە، بە شێوەيەكی مەجازی پەيوەندی بە زانـ ستی عەروزەوە هەيە، وە تێڕوانينی تايبەتی خەياڵی شاعير، وە كێش لەو سەرەوە گرنگی هەيە كە بە خەياڵ كۆتايی بێت، كەواتە شيعر لە دەستورو عادەتی كۆمەڵگا قسەيەكی خەياڵيەوە لە ياساو ڕێسای كۆندا قسەيەكی كێشو سەروادار بووە، بەڵام لەم دوايانەدا شيعر قـ سەيەكی خەياڵاويە، هەر چەند كێ شێكی حەقيقی نەبووە))[٣٦٥].**

**عەبدولرزاق بيمار بەم جۆرە با سی مۆ سيقای شيعرو ڕۆڵی كێش دەكات: ((مۆ سيقاش هەستكردنی خوێنەر يان گوێ گرە بەو ئاوازانەی دەنگەكانی وشەكان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەكان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەكان و پێكهاتنی پێيەكاندا بەكێشی هەڵبەستەكەی دەدەن))[٣٦٦]، لە كلا سيكيدا شاعير هەمي شە تو شی جۆرێك لە پابەندی دەبوو، دەكەوتە بەر ئاري شەو زەحمەت:((پێش دانانی شيعرەكەی دەبوايە بيری لە قاڵبی كێ شەكەی بكردايەتەوەو پێ شەكی ئەو قاڵبەی ئامادە بكردايە، ئينجا بكەوتايەتە بەرهەم هۆنيينەوە. بێگومان ئەم چە شنە خۆئامادەكردن و دە ستنيـ شانكردنی كێ شی دياری كراوە خۆی لە خۆيدا جۆرە بە ستنەوەو مل كە چی و بەندايەتييەك دەنوێنێت...بەڵام كێ شی خۆماڵی زوترو ئا سانتر بەدە ست هونەرو بەهرەی شاعيرەوە دێت و شيرازەی هە ست و بيرەكەی ناپچرێنێت و بە پێی مەبە ست و واتای و شەو خوا ستی شاعير هەنا سەی كورت و درێژ لە بڕگەكانەوە سەرهەڵدەدات))[٣٦٧]. بۆيە شاعيران ڕوويان لەكێ شی خۆماڵی كردو لەو كاتەوە((هەڵبە ستی تازەی كوردی بەزۆری چووەتەوە سەر كێش(وەزن)ە نەتەوەييەكەی، لە كاتێكدا كێشی هەڵبەستی كۆن عەرووز بوو، كە تا ئەو كاتەو ئێ ستاش لايەنگری لەناو شاعيراندا ماوە...جگە لەوە دەبێت ئاماژە بە ڕۆڵی شاعيری بەناوبانگ مەولەوی و شاعيرانی تری شێوەی گۆران (هەورامی) بكەين كە لەو سەردەمەشدا شيعرەكانيان بە كێ شی خۆماڵی هۆنيوەتەوە نەك عەرووز))[٣٦٨]. يەكێك لەو شاعيرانەی لەو قۆناغەدا ڕۆڵی بەر چاوی هەبووە لە كێ شی خۆماڵيدا (گۆرانی شاعيرە)، وەك خۆی دەڵێ:(( شيعرە تازەكان بەوەزنی پەنجە(هيجا) هەڵبە ستراون، كە هەر چەندە شيعر دۆ ستەكانی كۆن بە خوێندنەوەيان ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تايبەتيی نەتەوەيمانەو لەگەڵ خە سائي سی زمانەكەمان چاتر ڕێك ئەكەوێ، بە پێوي ستم زانی لەماوەی تەقەلای ئەدەبيی خۆما، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لايەنی بەكارهێنانی ئەم وەزنە بـ چم، تا لەم چەند ساڵەی دوايدا وەزنی عەرووزم بەتەواوەتی - لام وايە بۆ ئێگجاری- بەرەلاكرد، مەگەر پێوي ستييەكی هاندەری ڕووبدا))[٣٦٩].**

---

[٣٦٥]- محمد فشاركی، ابتكارات خواجة نصر در عروض و فنون شعری، بايگاه مجلات تخصصی،٤٤ در ١٨ ديسامبر٢٠١٣.

[٣٦٦]- عبدالرزاق بيمار، كيش و مۆسيقای هەڵبەستی كوردی، چاپی يەكەم، چاپخانەی دار الحريە، بەغداد، ١٩٩٢، ل١١.

[٣٦٧]- حەمە حەمە ئەمين قادر(كاكەی فەللاح)، كاروانی شيعری نوێی كوری...، ل٣٦.

[٣٦٨]- دەڕوانرێتە: ئامر تاهر، نيما يوشيخ و عەبدوڵڵا گۆران(نوێكردنەوەو دابڕان)، چاپی يەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٦.ل١٠٤.

[٣٦٩]- محەمەدی مەلاكريم، ديوانی گۆران، سەرجەم....ل٤٠.

**لەو قۆناغەی سنووری توێژینەوەکەی ئێمەیە، دەتوانین بڵێین شاعیرانی کورد بەچەند شێوازێك کێ  شیان بەکارهێناوە، هەندێکیان پابەندبوون بە بەکارهێنانی کێ  شی عەرووزی عەرەبی و هەندێکیان کێشی سیلابی خۆماڵیشیان بەکارهێناوە و هەندێك جاریش بەتێکەڵ کێشی عەرووز و کێشی خۆماڵیان بەکارهێناوە ئێمەش بەپێی توانا نموونەیان بۆ دەهێنینەوە.**

**<u>نموونەی شیعری بۆنە بە کێشی عەرووز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:</u>**

**بەزۆری لە    شیعری کوردیدا ئەم کێ  شانەی عەرووز بەکار هاتوون((هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، خەفیف، موتەقارب، بە  سیت، بەپلەی یەکەم لەلای  شاعیرانی کورد، کێ  شی هەزەج زۆر بەکار هاتووە، چونکە کێشێکی سووك و ئاوازدارە))[٣٧٠].**

**دەقێکی  شیعری کە  شیعرێکی بۆنەیەو لە  شیعر کلا سیکییەکانی (گۆران)ە بە کێ شی ڕەمەڵ نووسراوە(شیعری داخی دڵ) شیوەنە بۆ نامیق کەمال:**

**ئەی مرووەت پیشە ئەی ساحیب هیمەم    قەدری فەزڵی تۆ ئەزانن گشت ئومـەم**    دیوانی گۆران، ل٣٤٨

**ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ    ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ ـ / ـ ب ـ**

**فا عــلا تن/ فا عــلا تن/ فا عــلن    فا عــلا تن/ فا عــلا تن/ فا عــلن**

**عاصی شاعیر بەبۆنەی کۆچی دوای شێخ عەلائەدینی بیارە لە ساڵی(١٣٧٣ك)لاواندنەوەیەکی پڕ لە ستایشی بۆ وتووە، کە بە کێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەقسوور) هۆنراوەتەوە:**

**کۆچی کرد ئیمڕۆ لە دونیا وا لە جەنبەی ڕۆژهەڵات**

**شەهســـواری عـــەرسەگاهی دینی فەخری کائینات**

**نائیبی فەخری ریســـــالەت مەزهەری ئەلتافی حەق**

**مورشیدی ڕێگەی هیدایەت مەسدەری ئەعلا سیفات...**    دیوانی عاصی، ل١٤٣

**فـا عــلا تن/  فــا عــلاتن/  فــاعــلاتن/ فاعلان**

**بێخود(١٨٨٧-١٩٥٥)ی شاعیر کێشی شیعرەکانی هەمووی ((لەسەر بەحرەکانی عەرووز ڕێکخراون و لە سەر دە ستووری کلا سیکی ڕۆ شتووەو لەیەکییەتی قافیە لای نەداوە))[٣٧١]. ئەمەش  شیعرێکی بۆنەیە لەسەر بەحری هەزەجی هەشتی  هۆنیویەتەوە:**

**ســـەید نەســەبــێ لە نەسلی زەهــرایی بــەتوول**

**یەعنی نەتەوەی عەلی فوحوولی ئیبنی فوحوول[٣٧٢]**

**ـ ـ ب /  ب ـ  ب ـ/  ب  ـ  ـ ب/ ب ـ**

**مفعول    مفــا عــلن  مفا   عیل  فعول**

---

[٣٧٠]- دەڕوانرێتە: پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران...، ل٥٨.

[٣٧١]- دەڕوانرێتە: مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل٨٠.

[٣٧٢]- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێخود، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بغداد١٩٧٠، ل١٤٥.

**نموونەی شیعری بۆنە بە کێشی خۆماڵی لە شیعری کوردیدا:**

کێشی سیلابی خۆماڵی یان کێشی بڕگەیی ئەوکێشانەن شاعیرانی کورد بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە دوای قۆناغی کلا سیك کەڵکیان لێ وەرگرتووە و شیعرەکانیان پێ هۆنیوەتەوە، د.دل شاد عەلی دەڵێ: ((پێش ئاوڕدانەوە لەتایبەتییەکانی کێ شی بڕگەیی با شتر وایە، دەربارەی هاتنە ناوەوەی و چۆنییەتی بوژانەوەکەی لەسەرەتای ئەم سەدەیەماندا ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو، کە پەیڕەوی کردنی ئەم کێ شانە ئەنجامی هەوڵ و کۆ شـ شی شاعیرانی کورد خۆیان بووەو لەئەدەبی میللەتانی ترەوە وەرنەگیراوە))[٣٧٣]. دوای یەکەمین شەڕی جیهانی ((شاعیرانی ناودار کوردستانی باشوور وەك: پێرەمێردو بێکەس و شێخ نووری و گۆران و...هتد، زۆر ئازایانەو بە شێوەیەکی وردەکارانە تازەگەریان هێنایە نێو ئەدەبی کوردی بەتایبەت شیعر ، دیارە یەکێکیش لەو تازەکردنەوەیە خۆقوتارکردن بوو لە کێ شی عەرووز و بایەخدان بوو بە کێ شی خۆماڵی، بە چاوخ شاندنێك بەدیوانی شیعری شاعیراندا دەتوانین بـ چوکترین یەکە پێکهێنەرەکانیان لەڕووی کێ شەوە دە ستنیـ شان بکەین، کەبریتین لە یەکە سیلابییەکانی(٣و ٤و ٥) بڕگەیی. کەرەستەی بنەڕەتی کێشی بڕگەیین...وە کێشی دە بڕگەیی لە شیعری کوردیدا ئەوەندە باوە زۆر بەئاسانی ئەتوانین ناوی لێ بنێین کێشی نەتەوەیی شیعری کوردی))[٣٧٤]، لەگەڵ ئەوە شدا شاعیرانی کورد هەرلەکێ شی (٥)بڕگەییەوە تا (١٦) بڕگەییان بەکارهێناوە، بەڵام بەزۆری(٨) بڕگەی و(١٠) بڕگەییان بەکارهێناوە:

شێخ نووری شێخ ساڵح(١٨٩٦-١٩٥٨ز) یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی و بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەکێ شی خۆماڵی هۆنیوەتەوە، کامەران موکری لەبارەیەوە دەڵێ: شێخ نووری(( شۆڕ شێکی گەورەی بەرپاکرد یان بەوردی بڵێین سەرکردایەتی شۆڕ شێکی ئەدەبی کرد لەگەڵ مامۆ ستا گۆران و نوو سەرو شاعیرە نوێ کەرەوەکانی ترا))[٣٧٥]. شیعری (بۆ مێژوو)ی شاعیر بەبۆنەی دانانی (عەمەرعەلی) بە وەکیلی موتەسەریفی سولەیمانی و کارەکانی وەك نموونەیەك لەشیعری کێشی بڕگەیی دەخەینەڕوو:

**عومەر عەلی کە نێراوە**

**لەوێ نەخشەی بۆ کێشراوە**

**دوژمنی کورد هەرچی بکا**

**نابێ کوردێ باسی بکا**

**بۆ صالح کۆیی یە لۆمە**

**ئەم سێ شیعرە لەگەڵ تۆمە**

**ئەوەتی دونیا دونیایە**

**ئادەمیزادی وا تیایە** (کێشی ٨ بڕگەیی) دیوانی شێخ نووری، ل٢٨٩

[٣٧٣]- دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوە... ، ل١٣٦.

[٣٧٤]- دەڕوانرێتە: ئامر تاهر، نیما یوشیخ و عەبدوڵڵا گۆران"... ، ل١٠٦و١٠٧.

[٣٧٥]- ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بغداد،١٩٨٩، ل٢٨.

نموونەی شیعری بۆنە بە کێشی ڕەنگاو ڕەنگ:

یەکێك لە تایبەتمەندی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ((بەکارهێنانی کێشی ڕەنگاو ڕەنگە، واتە مەرج نییە وەك شیعری کلاسیك پارچەکە لەسەر یەك کێش بڕوات))[٣٧٦]. یان دەوترێ تێکەڵکردنی کێشی عەروز وکێشی پەنجە یان تێکەڵکردنی دووکێشی خۆماڵی یان زیاتر کە شاعیرانمان لەو قۆناغەدا ئەم شێوازی تێکەڵکردنی کێشەیان بەکارهێناوە، لەوانە شێخ نووری و گۆران...هتد.

گۆران لەهەندێ لە شیعرەکانیدا زۆر شارەزایانە کێشی ڕەنگاو ڕەنگی بەکارهێناوەو دوو کێشی تێکەڵاو بەیەکتر کردووە، ئەمەش سەرکەوتوویی و کارامەیی گۆرانە، کە توانیویەتی چەند کێشێك لەیەك شیعردا بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەم هەوڵانەی خزمەتی بە لایەنی ئێستاتیکی شیعرەکانی کردووە:

شیعری (بۆ لاوان)ی گۆران بەبۆنەی (میهرەجانی هەشتەمی لاوانی جیهانەوە بۆ ئاشتی و برایەتی) نووسیویەتی نموونەیەکی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی کێشی ڕەنگاو ڕەنگە.

**بۆ لاوان**

**ئەی لاوانی گشت دنیا!**

**هەلسینکی،**

**باخچەی زەمەقی سپی،**

**کە لە گەرمەی هاوینا**

**ناسکیی بەهار دیارە،**

**ئەمجارە**

**جێگای میهرەجانتانە!**

**وەك درێژی و ڕووناکیی**

**شەبەقی،**

**مێشکتان پڕە لەبیر،**

**وێنەی گوڵی زەمەقی**

**دڵتان پڕە لە پاکی،**

**پاکی ڕەنگی سپیی شیر**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**ئەی لاوان!**

**ئەوسا چوار وەرزەی ژیان،**

**بۆ گەلان**

**گشت، جەژن ئەبێ و میهرەجان!** دیوانی گۆران، ل٢٤٥و٢٤٨.

---

[٣٧٦] - خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بغداد،١٩٨٩، ل١٣٣.

## دووەم: سەروا

سەروا بنەمایەکی تری مۆ  سیقای دەرەوەی   شیعرییە ((کە لایەنی ئێ  ستاتیکی و جوانی و مۆ سیقایەکی ڕەوان بە دێڕە  شیعرەکان دەبەخ شێ و بریتییە لە دەنگێك یاخود کۆمەڵە دەنگێك کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود کۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوەو ئاوازو مۆ سیقایەکی جوان دەبەخ  شێتە   سەرجەم   شیعرەکە))[٣٧٧]. هەر لەبارەی ئەو پێنا  سانەی بۆ   سەروا دەکرێت، دەوترێت:((   سەروا دواترین دووپیتی وێ  ستاوی کۆتایی دێڕە، لەگەڵ ئەو پیتە بزواوانەی کە وان لە نێوانیانا، ئەگەر نێوانیان هەبوو، لەگەڵ پیتی پێش یەکەم وە  ستاویان))[٣٧٨]، یان   سەروا:((بریتییە لەو پیـ تا نە( بەدەنگ  یا بێ دەنگ)  کە  ئاوازە کاذ یان وەکوو  یە کەو  کەوتوو نە تە دوایی  هەردوو نیوە هۆنراوەکەوە، ئەمە لە کاتێکدا وایە کە  سەراپای هۆنراوەکە دووتاکی بێ، خۆئەگەر دووتاکی نەبوو ئەوە دیارە دوایی دوونیوە هۆنراوەی یەکەم و دوای نیوەی دووەمی هۆنراوەکانی تر هەموو لەم سەروادا وەکوو یەك ئەبن))[٣٧٩].

سەروا لە    شیعری کلا  سیکدا((بەجۆرێکی یەکگرتوو هاتۆتە خوارەوەو قە  سیدەکەی پێ تەواوکراوە، ئەم هونەری و شەی قافیە دۆزینەوەو ڕیزکردنە بەشێکی زۆری لە بەهرەو سەلیقەو ڕەنج و کاتی    شاعیر بۆ خۆی بردووەو داگیرکردووە))[٣٨٠]، لە گەڵ ئەوە   شدا دەبینین    شاعیرانی کورد لەو قۆ نا غەدا(١٩١٤-١٩٤٥) کەم  تا زۆ رێك  ئەم  نەریتە یان  بەزا ندووە و خۆ یان  لەم کۆت و  بە ندەی قافیە رزگارکردووە، کاکەی فەلاح لەبا سی گۆران دا دەڵێ: ((جا قافیەش، ئەگەر چی دیارەو مایەی بایەخ پێدان و نرخێکی تایبەتی بووە لەلایەن گۆرانەوە، بەڵام ئەم لە تەقەلای   شیعری خۆیدا،   چە  شنی یەك قافییەیی  شێواند و هەرە سی پێ هێناو زۆرتر دوو دوو قافیەیی بەکارهێناوەو جارجارەش بۆ دەربڕینی مەبەست ئاڵوگۆڕی دوور و نزیکی بەقافیە کردووە))[٣٨١].

### جۆرەکانی سەرواو قاڵبەکانی شیعر:

#### ١) سەروای یەکگرتوو:

سەروای یەکگرتوو یان یەکێتی سەروا: ((لە شیعری کلاسیکدا یەکێك لەمەرجە بنچینەییەکانی شیعر، یەکێتی    سەروا بووە، کە بە  شێوە یەکی یەکگرتوو  هاتۆ تەخوارەوەو   شیعرە کەی پێ تەواوکراوە...بۆیە پێ شی وتراوە  سەروای یەکگرتوو، چونکە  سەرواکە لە سەرەوە هەتا خوارەوە بەیەك شێوەی یەکگرتوو داڕێژراوە، بەشی زۆری شیعری کلاسیك بەم جۆرە سەروایە هۆنراوەتەوە))[٣٨٢].

---

[٣٧٧] – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....، ل١١٨.

[٣٧٨]- نووری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی....، ل٢٥٤.

[٣٧٩]- عەلائەدین سجادی، نرخ شناسی......، ل١٠٤.

[٣٨٠]- حەمە حەمە ئەمین قادر"کاکەی فەللاح"، کاروانی شیعری نوێی کوری... ، ل٣٦.

[٣٨١]- هەمان سەرچاوە.. ل٣٧.

[٣٨٢]- دەڕوانرێتە: عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان و ...، ل١٣٤.

**موفتی پێنجوێنی(١٨٨١-١٩٥٢ز) شاعیرێك بووە، بە شیعرەکانی با سی ڕووداوە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و کارە ساتەکانی ڕۆژانەو سەردەمەکەی ومنا سەبەو بۆنەیەکی کردووە کە ((گرنگی و کاریگەریی لە کۆمەلدا هەبووبێ، شیعری زۆری نی شتمانی هەیە ونی شتمانپەروەرێکی دڵ سۆزبووە و شیعری دلداری نەنووسیوەو لەگەل ئەوەشدا تێکۆشەرێکی ڕێگەی سەربەستی ئافرەت بووە))[٣٨٣].**

**شیعری بۆنەی(ئۆخەی) بەبۆنەی (دامەزراندنی کۆماری کورد ستان) وە هۆنیویەتەوە وەك نموونەیەك لە شیعری شاعیر کە بەسەروای یەکگرتوو هۆنراوەتەوە دەخەینەڕوو:**

**ئەمڕۆ کە لە خۆشی وەتەنم هەر وەکـــــو منداڵ**
**دڵ پێ ئەکەنێ ئێستە کە کـــــەوتۆتە گــــڕوگاڵ**
**بۆ خزمەتی ئالایە کە سەوزەو سپی یەو ســـــوور**
**ئەیکەم بە فیدای قەوم و کەس ڕۆح و سەرو ماڵ...** دیوانی موفتی پێنجوینی، ل٦١

**٢ ) جووت سەروا( مەسنەوی ):**

**قالبێکە لە شیعری فار سی، لەم قالبەدا ((هەر بەیتێك خاوەنی سەروایەکی جیاوازە هەر لەبەرئەوەیە پێی دەوترێت (مە سنەوی) دووبەیتی))[٣٨٤]. مارف خەزنەداریش دەڵێ:((بریتییە لەو شیعرەی هەموو دێڕە شیعرێکی قافیەیەکی تایبەتی ئەبێ، واتە هەردوو نیوە دێڕە شیعری بەیت لەسەر یەك قافیە ئەبن))[٣٨٥].**

**گۆران بە بۆنەی مردنی بێکە سی هاوڕێی شێوەنێکی شیعری نوو سیوە، کە بەم قالبە هۆنراوەتەوە، واتە هەر بەیتێك خاوەنی سەروای خۆیەتی:**

**بەڵێ بێکەس نابووت بوو، جارجار برسی بوو، ڕووت بوو**
**بەلام کام تێر، کام پۆشتە وێنـــــەی ئـــــەو ئـــەی فریشتە**
**بێباك وەستــا بەرامبــــــەر نوکی ســــونگیی ستەمگەر؟..** دیوانی گۆران، ل٩٣

**٣ ) تاك:**

**قالبێکی کۆنی شیعری فار سییە کە ((لە بەیت، واتە دوو نیوە بەیت پێکدێت، لە هەندێ کاتدا دەکرێت بگاتە دوو بەیت، هەر بەیتێك سەروای جیاوازی هەیە زیاتر... سعدیو صائب تبریزی لە بەناوبانگترین نووسرەکانی تاك بەیتین))[٣٨٦]. هەر لەم بارەیەوە مارف خەزنەداریش دەڵێ:((تاك بریتییە لە دێرە شیعرێك لە نیوەدێری یەکەم و نیوە دێڕی دووەم پێکهاتووە))[٣٨٧].**

---

[٣٨٣]- دەڕوانرێتە: ئومێد ئاشناو عەبدالکریم موفتی، دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١٠ و١٦و٢٠ .

[٣٨٤]- جلال الدین همایی، فنون بلاغت و صناعات أدبی، جلد أول"صنایع لفظی بدیع وأقسام شعر فارسی"، چاپ سوم، انتشارات توس، تهران،١٣٦٤.

[٣٨٥]- مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم/ چاپخانەی الوفا، بەغداد، ١٩٦٣، ل٦٣.

[٣٨٦]- لغت نامە دهخدا، با کمکی أفروزدن متن کلیات سعدی ، https://fa.wikipedia.org

[٣٨٧]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم .....ل٧٩.

سەید عەلی ناوێك لە شاری سلێمانی هەبووە بە (سەید بسم الله) ناوی دەرکردووەو هەرکەسێ لە لای ئەودا بیوتایە(ب سم الله) زۆر تووڕە دەبوو (حەمدی) بەبۆنەی ئەو توڕە بوونەیەوە ئەم تاك شیعرەی وتووە:

**من لە دیوانا حیکایەی (سەی عەلی)م قەید کردبوو**

**ناوی (بسم الله)م کە نووسی وەك جنۆکە دەرپـەڕی**[388]

### ٤) چوارین و چوارخشتەکی:

بەمانای چوارتایی، یەکێکە لە قالبەکانی شیعری فار سی((قالبێکی شیعری ئێرانییە کە زمانەکانی تر سوودیان لێ وەرگرتووە))[389]، بەپێی جۆری سەرواکانیان چەند پێکهاتەیەکی هەیە، بەڵام چوارینی تەواو: ((ئەوەیە هەرچوار لەتە دێڕەکەی هاوسەروابن))[390]. دەوترێ چوارینە، ((فۆرمێکی باوی شیعری ڕۆژهەڵاتییەو لە شیعری کوردیـ شدا لە زوویەکەوە بەر چاو دەکەوێ))[391]. عەزیز گەردی دەڵێ:((چوارینە پارچەیەکی چوار لەتییە، کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە...زۆرجاریش پارچەیەکە لەهۆنراوەیەکی دوورودرێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، (لەکۆتای ئەم پێناسەیەدا)دەڵێ: ئەمەیان بە چوار خـ شتەکی ناوبراوە))، [392] بەڵام بەبۆ چوونی د. عوسمان دە شتی کێـ شەی ( چوارین- روباعی)،( چوارخـشتەکی- تربیع)...لەڕووی فۆرم و کێش و سەرواوە لەئەدەبی کوردیدا هێـشتا یەکلایی نەبۆتەوە. ناوبراو لە سەر بۆ چوونەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێ: پێـ چەوانەی ڕای هەریەکە لە مامۆ ستایانی بەڕێزم،((د.دڵـشاد عەلی و د.عەزیز گەردی چوارخـشتەکی بەوە تێدەگەم، کە دوو شاعیر دەستیان هەبێ لە داڕشتنیدا بەگوێرەی سیستەمێکی تایبەتی وەکو چۆن لە (پێنج خشتەکی- تخمیس)دا پەیڕەو دەکرێت))[393].

شیعرە دلگیرو بەناوبانگەکەی (لەوڕۆژەوە ڕۆیـ شتووە)ی بێخودی شاعیر بەم قالبە( چوارین)ە هۆنراوەتەوەو شیعرێکی بۆنەیە، کە برازایەکی خۆی دەلاوێنێتەوە، لە ڕووباری دیجلە خنکاوە*.

**لـــــەو ڕۆژەوە ڕۆیشتـــووە تـــۆراوە دڵـــــــی مـــن،**

**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من**

**ئـــــــا خـــــۆ بە چ شـاخێکەوە گیرساوە دڵی من**

**یـــــــا خـــۆ بە چ داخێکـــەوە سووتاوە دڵی من...** دیوانی بێخود، ل٦٦

---

[388] - جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوانی حەمدی ،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفیسی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤،ل١٨٧.

[389] - جلال الدين همايى، فنون بلاغت و صناعات أدبى..... تهران،١٣٦٤.

[390] - نووری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی.......ل١٧٦.

[391] - عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر...، ل١٧١.

[392] - عەزیز گەردی(د)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٠٤.

[393] - دەڕوانرێتە:عوسمان دەشتی، لەبارەی بنیاتی زمان و ... ل٢١٢و٢١٣.

*- مارف خەزنەدار(د) دەڵێ: لە شیعری چوارینە بەندی (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە)دا بێخود...برازایەکی دەلاوێنێتەوە لە ڕوباری دیجلە لە بەغدا خنکاوە. دەڕوانرێتە: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، ل٨٦.

### ٥ ) پێنج خشتەکی :

ئەوەیە کە هۆنەر پارچە هۆنراوەیەکی هۆنەرێکی تر وەربگرێ و هەردێرێکی سێ نیوە دێڕی بۆ زیاد بکات ((بەو مەرجەی لە سەر هەمان کێش بن و سەروای هەر سێ نیوەکە لەگەڵ سەروای نیوەی یەکەمی هۆنراوە وەرگیراوەکە یەك بێت و دیارە سەروای گ شتی هۆنراوەکەش هەردەمێنێ، بەکورتی چامەکە بەش بەش دەبێت و هەربەشەی دەبێتە پێنج نیوە هۆنراوە... چوار نیوەی بەرایی لە سەر یەك سەروا دەڕۆن و نیوەی پێنجەم سەروای تایبەتی خۆی دەبێ کە لەگەڵ سەروای گ شتی هەموو پێنج خشتەکییەکە تێك دەکاتەوە))[٣٩٤].

سەفوەت لە شیعرێکی بۆنەدا لە ڕۆژانی دوای شە شی ئەیلولی ١٩٣٠ بە بۆنەی چوونی وەفدێك(بەناوی وەفدی کورد ستانەوە)بۆ بەغداد پێنج خ شتەکییەکی هۆنیوەتەوە لە سەر شیعرێکی پیرەمێرد کە لەو بۆنەیەدا نووسیویەتی:

نـە حــەیا مـــاوە، نـــە دین، نـــە ئیمان
گشتــی بـــــار کـــــرا بــرا بـــە تالان
بـــــۆ لـــەبیرتان چـــوو کوشتـاری لاوان
"وەفدی کــــوردستان، میللەت فـرۆشـان
هــــەرزە وەکـیلی شاری خامۆشـــان !!
وەفــــدی لــیواکـــان گشتی رێـکـخرا
هەر کەس بە پێویسـت دیـــاریـی بۆ کـرا
ئێـــوەیش لازمـــن بۆ دەسـت ئـومـەرا
"دەسکێ لــەو گــوڵەی باغەکەی سـەرا
کــــــەوا بــــە خـــوێنی لاوان ئـاودرا"

دیوانی سەفوەت، ل٦٣.

### ٦ ) موستەزاد :

موستەزاد بریتییە لە چوارینەیەك یان غەزەلێك یان قەسیدەیەك، ((کە لە دوای هەرلەتێك لە لەتەکانی زیادەیەکی کێشدار دێ کە نە ماناو نەکێشی شیعرەکە پێویستیان پێی نییە، ئەم زیادانە لەگەڵ یەکتردا هاو سەروان و مانایان بەجۆرێکی وا پێکەوە بە ستراوە کە دەتوانین بەهۆنراوەیەکی جیاوازتری سەربەخۆیان دابنێین))[٣٩٥]. عەلائەدین سەجادی لەبارەی مو ستەزادەوە دەڵێ: ((ئەگەر هۆنەر وی ستی لە سەر یەکێ لە سەرواکان ڕاوە ستێ، ئەوا ڕاوە ستاوەکە کەرتەکانی جیاکردەوە ئەوانەی پێ شوو خۆیان کێشی تەواو و گوزارەی تەواو و سەروای تەواویان ئەبێت، کەرتەکانیش کە بخرێنە سەر یەك، ئەوانیش وەکو ئەسڵەکە کێش و گوزارەو سەروایان ئەبێت))[٣٩٦].

---

[٣٩٤]- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری) چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر،١٩٧٥، ل٥٥.

[٣٩٥]- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی...، ل٢٤٤.

[٣٩٦]- علاالدین سجادی، خۆشخوانی(گوزارەکاری. ڕوانکاری. جوانکاری) چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٧٨، ل١٤٥.

کەمالی(١٨٨٦-١٩٧٤)عەلی باپیر ئاغا، نوو سەر و شاعیری هە ست نا سك و نیـ شتمانپەروەری کورد، شیعرێکی بۆنەی کە بۆ ( شینی شێخ مەحموودی نەمر)ە و بە شێوەی مو ستەزاد هۆنراوەتەوە، وەك نموونە دەیهێنینەوە. لە بەشێکی شیعرەکەدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| یــــا شێخ تەشریفت برد تۆ بۆ جەننەت | بـــە شــــادمانی |
| ئێمـــە مـــاینەوە بـــۆ دەرد و مەینەت | لە دونیـــای فانی |
| تـــەئریخی ســـاڵی وەفـــــاتت لە دڵ | کـــەپرسیم من زوو |
| وتــی: بنووســـە ئـــەی پیری عــــاقڵ | غەرقی ڕەحمەت بوو[٣٩٧] دیوانی کەمالی، ل١٥٩ |

### ٧ ) تەرجیع بەند:

بنیاتێکی تری ئاوازەیی لەڕێبازە کلا سیکییەکەدا کە ((قافیەی هەمەڕەنگ پێکیهێناوە، بنیاتی تەرجیع بەند بووە، کە لە چەند بەش یاخود بەند پێکهاتووەو بەهۆی دووبارەکردنەوەی بەیتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست کراون و پێکەوە گرێدراون))[٣٩٨].

لە قاڵبەکانی شیعری فار سی لە غەزەلێکی چەند دێڕی کە هاو کێشن پێکدێت ((بۆ پەیوە ستی ئەم غەزەلانە بەیەکترەوە لە دێڕێکی دووبارەکراو سوود وەردەگیرێت ئەم بەیتە بە بەیتی ترجیع یا گەڕانەوە ناو دەبرێت بەهەر یەکێك لە غەزەلەکانی بەش یا ڕ شتە دەوترێت، هەرخانە (٥ تا ٢٥) دێڕە هەندێك جار کەمتر یا زیاتر پێکدێت))[٣٩٩].

### ٨ ) تەرکیب بەند:

کۆمەڵەیەکە لە غەزەل یا قە صیدە لە سەریەك کێش کە ((هەر یەکێکیان سەروای تایبەت بەخۆی هەیە وە بەیتی جیاواز لە بەیتێکی هەر غەزەلێك دەبێتە هۆکاری بەیەك بە ستنەوەی غەزەلەکان بەیەکەوە، جیاوازی سەرەکی لە نێوان ترکیب بەندو ترجیع بەند ئەوەیە کە لە ترجیع بەند هەر دوو بەشەکان یەکسانن، بەڵام لە ترکیب بەنددا جیاوازە، سەروا هەر جارە بەشێوەیەکە))[٤٠٠].

بە بۆنەی نەورۆزی ساڵی ١٩٢٥ (حەمدی) شیعرێکی بەرزو جوانی پڕ لە شەوق و زەوقی بەم قاڵبە نووسیوە، ئەمە نموونەیەکە لەو شیعرە:

| | |
|---|---|
| بەه بەه چە ڕۆژێکی نەوە | هەی هەی چە عومرێکی نەوە |
| هــــــەوا دەریایی پڕ تەوە | گـــوڵ بۆ چەمەن بەسەر ڕەوە |
| سەوزە جڵەو کێشی ئەوە | دنیــــا وەك باخی خوسرەوە |

شیرینە جێ ی سەیرانەکەم

ئەممـــا بدەی جەژنانەکەم

---

٣٩٧- کەمال عەلی باپیر، دیوانی کەمالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الشؤون الثقافة العامة، ١٩٨٦، ل١٥٩

٣٩٨- دلشاد عەلی(د)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری.........،ل٢٢٢.

٣٩٩- غلا محسن مصاحب(د)، دایره المعارف فارسی، جلد أول، چاپ چهارم، انتشارات أمیر کبیر، تهران، ١٣٨٣، ص٩٥.

٤٠٠- جلال الدین همایی، فنون بلاغت و صناعات أدبی......،١٣٦٤.

**سەحرا هەموو سەوزو ســـووره     چەشمە مـــــەنابیعی نـــووره**

**گڵی وەك كلی كێوی طـووره     نەغمەی نەسیمی سەمتووره**

**زەمین بەهەشتی پڕ حـــووره     عـــالەم غـــەمی دڵ دووره**

**جـاریّ بدە جەژنانەكەم**

**ئەوسا وەره سەیرانەكەم...**     **دیوانی حەمدی، ل١٦١**

### ٩ ) پاش سەروا :

**قەیسی ڕازی بەم جۆره پێناسەی پاش سەروا دەكا: ((پاش سەروا وشەیەكی سەربەخۆیە، جیایە لە سەروا، دوای تەواوبوونی سەروا دێ، چونكە شیعرەكە لەبارەی كێش و ماناوە پێویستی پیّ هەیە، پاش سەروا بەهەمان مانا لەكۆتایی هەموو دێڕەكاندا دووباره دەبێتەوە، پاش سەروا مەرج نییە، هەر یەك و شە بێت، د. محموود نورەددین دەڵێ: پاش سەروا بریتییە لەو شەیەك یان زیاتر دوای سەروا لە كۆتایی هەموو دێڕەكان دووباره دەبێتەوە))[٤٠١].**

### ١٠ ) مولەمەع :

**بریتییە لەوەی شاعیر لە شیعرەكەی خۆیدا نیوە دێرێك یان زیاتر ((بەزمانێكی تر یان دێڕێك لەم و دێرێك لەو زمانە بەكاربێنێت و شیعرەكەی پیّ بهۆنێتەوە))[٤٠٢]. مولەمەع بەو شیعرانە دەوترێ، كە ((بەزیاتر لەزمانیّ دەنوو سریّ، واتە بەدوو زمان یا زیاتر...مەیدانی مولەممەع، تەنیا ئەدەبی كلاسیكی تەقلیدی كوردی نییە، كەئەدەبی كۆنە، بەڵكو ئەدەبی تازەشی گرتۆتەوە))[٤٠٣].**

**زێوەر(١٨٧٥-١٩٤٨ز) یەكێكە لەو شاعیرانەی شیعری بۆنەی كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینی زۆری هەیەو لەبارەی عەشق و غەرامیاتیشەوە شیعری جوان و بەهاداری نووسیوە، ئەمەش نموونەیەك بۆ شیعری مولەممەع: كە شیعرێكی بۆنەیەو لە ساڵی (١٩٣٨)بۆ ناجی بەگی هورمزی نووسیوە، كە قایمقامی مەركەزی سلێمانی بووە:**

قـــال الـــوطن الـــعاجز لی أین عیلاجی؟

**قـــــلت لــــە: بشراك لـقـــد** جاءك **نـــاجی!**

**ئـــــەم جــــاره بـەكـوردی وتی: ئەو زاتە بڵندە**

**تـــەعریـــفی تـــەواوی بكـە بۆم چۆنە میزاجی؟**     **دیوانی زێوەر، ل٢٢٨.**

---

[٤٠١]- عەزیز گەردی(د)، سەروا،...ل١٦٢.

[٤٠٢]- دەرِوانرێتە: ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا(د)، لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٦٨.

[٤٠٣]- مارف خەزنەدار(د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە... ل١٩٩.

**١١ ) سەرواى ئازاد :**

عەزیز گەردی ئاوا باس لە سەروای ئازاد دەکا: (( سەروای ئازاد ئەوەیە خۆی بەهیچ قاڵبی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بە پێی یاسای دەرەوە نییە، بەپێی هەست و نەستی شاعیرە، بەپێی دەلالەت و دابەشبوونی ڕستەو دەستەواژەی شیعرەکەیە، شاعیر کەی ویستی و بە چاکی زانی سەرەتای سەروا دادەمەزرێنێ و کەی بۆی گونجا، بێ زۆر لەخۆکردن سەرواکە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدا سوود لە ڕەگەزی تری دەنگ و وشە وەربگرێ بۆ قوڵکردنەوەی ڕیتمی شیعرەکەو پتەوکردنی سەروا... گۆران بە پێشەنگی بەکارهێنانی سەروای ئازاد دادەنرێت، ئیتر لە دوای ئەوەوە شاعیرانی کورد ڕوویان کردە ئەم جۆرە سەروایەو پەرەیان پێ دا))[٤٠٤].

گۆران لە شیعری (بۆ لاوان) بەبۆنەی میهرەجانی هەشتەمی لاوانی جیهانەوە وتوویەتی ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە:

ئەی لاوان،<br>
کچان، کوڕانی ڕووی ئەرز!<br>
با گۆرانیتان ئاسمان<br>
کەڕ کات بە شەپۆلی بەرز!<br>
بە سەد زمانی جیا جیا،.... دیوانی گۆران، ل٢٤٥.

**١٢ )قەسیدە و غەزەل :**

قەسیدە بەگشتی زۆر درێژە کە زیاتر ((لە (١٤) دێڕە، زیاتر بۆ پیاهەڵدانو بەزمو پرسەو وەسفی سروشت دەنوو سرێت، ئەم جۆرەی شیعر بەیتی یەکەم لەگەڵ بەیتە جووتەکان هاوسەروان، جیاوازی قەسیدە لەگەڵ قاڵبی غەزەل لە ژمارەی دێڕەکانو بابەتی ناوەرۆکی شیعرەکەدایە کەم یا زۆری بەیتەکان))[٤٠٥]، هەر لەبارەی قەسیدەو غەزەلەوە گەلێك پێناسە هەیە کە لە یەکێك لەو پێناسانەدا وتراوە:((غەزەل بەو پارچە شیعرە دەوترێ کە ژمارەی دێڕە شیعرەکانی یەکەم و نێوەدێڕی دووەم لە پێنج دێڕ کەمتر نەبێ، ئیتر بەزۆری ئەم جۆرە شیعرە لە حەوت دێڕ یا نۆ دێڕ یا دە دێڕ یا دوانزە دێڕ پێك دێ، هەندێ کەس دەیگەیەننە هەژدە تا بیست دێڕیش، ئەگەر ژمارەی دێڕە شیعری غەزەل لەمە تێپەڕبکا قەسیدەی پێ دەڵێن))[٤٠٦].

لە ساڵانی کۆتایدا لە ناوەڕاستی دەهەی هەفتا ((دەرکەوتنی غەزەلی پۆست مۆدێرن لەگەڵ تێکەڵ بوونی تەکنیكو ئەندێشەی شاعیران، ڕەوانبێژی و مۆدێرنو قاڵبی غەزەل ڕێگایەکی تازەی لە غەزەلی هاوچەرخدا گرتەبەر، هەرچەندە دژ بە غەزەلی بێژانی کۆن ڕووبەڕوو بوونەوە))[٤٠٧].

---

[٤٠٤]- عەزیز گەردی(د) سەروا...ل٣٠٥.

[٤٠٥]- جلال الدين همايى، فنون بلاغت و صناعات أدبى......،١٣٦٤.

[٤٠٦]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم .....ل٧٧.

[٤٠٧]- مصلح عبدالله، غزل هاى سعدى، تصحيح و توضيح، دكتر.غلا محسن مصاحب، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٥،ص٦.

ب. **ئاوازی ناوەوەی شیعر(ڕیتم):** ئاوازی ناوەوەی شیعر ((کە ڕیتمی شیعر پێکدەهێنێ لایەنێکی گرنگی مۆ سیقای شیعرییەو لەگەڵ مۆ سیقای دەرەوەی شیعردا مۆ سیقای گ شتی هەڵبە ست پێکدەهێنن، مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنی وردو جوانی و شەکانی ناو دێڕە شیعرو پاش و پێ شکردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخ شێ، کەهەندێ جار لە مۆ سیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە))[408]. ڕیتمی شیعری ((بنچینەکەی (زمانی شیعرییە)، کە لەتەك ڕیتمی مۆسیقای هۆنراوەدا لەپەیوەندییەکی گونجان یەکانگیر دەبن و یەك دەگرنەوەو ئاوێزانی یەکتر دەبن))[409].

شیعر گفتوگۆ لەگەڵ مێ شکدا دەکات لە ڕێی ناوەندێکی مۆ سیقییەوە، زمانی مۆ سیقایەو لە چەندین دەنگی جیاواز پێکهاتووە، کە دەکرێت بە ڕوونی ببیـ سترێت، کاتێ شیعرێك بەدەنگێکی بەرز دەخوێنرێتەوە یان دەبیـ سترێت لە لایەن گوێگرێکەوە. ئەم دەنگانە مۆ سیقایەکی جوان درو ست دەکەن کە بۆ جوانترکردنی مانای شیعرەکە هاوکار دەبن و دەنگی شیعر تەنها لە هە ستدا نییەو بمێنێتەوە، بەڵکو دەیشیگەیەنێت. دەنگی مرۆڤ بەیەك ئا ست نەهاتووە، بەڵکو پە ستان و وە ستانی جیاوازی تێدایە، ئەم جیاوازییەش نا سراوە بە (ڕیتم) هەروەها دەوترێ: ((ئاوازی ناوەوە بریتییە لە ڕێکخ ستنی ورد و جوانی و شەو دە ستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر، بە شێوەیەك کە پەیوەندی بەیەکەوە گونجاندن لە نێوان دەنگ یا تیپی دوایی وشەکاندا ببێت، ئەمەش هەندێ جار شاعیر بەمەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات، هەندێ جاریش لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە دروو ست دەبن))[410]، ئەوەی بەڕوونی با سی لێوە دەکرێ لە ئاوازی ناوەوەی شیعردا لێکدان و گونجاندنی دەنگەکانە وەك لەم پێنا سەیەدا ئاماژەی پێدراوە کە، ((مۆ سیقای ناوەوەی شیعر بریتییە لە ئاوازی دەنگەکان و لێکدان وپێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خ ستنی و شەو بەکارهێنانی هەندێك لە ئامرازە زمانییەکان بە جۆرێك کە زۆر جار لە کێ شەکان کاریگەرتر دەبن))[411]، بۆیە لەگەڵ با سی ئاوازی ناوەوەدا، ڕیتم پەیوەندی نێوان دەنگەکان دەخاتە ڕوو، هەموو زمانێك خاوەنی ڕیتمی جیاوازی خۆیەتیو ڕێگای جیاوازیش دەگرێتە بەر بۆ بەکارهێنانی، بەپێی کات ((ئاوازیش بریتییە لە دە ست پێوەگرتنی ئەو وزەیەو بەخ شینی ئاوازێکی ڕێكوپێك بەو شەیەی کە ڕیتمی دەدرێتێ))[412]. ئەوەی چێژی شیعری دەبەخشێ و هەست و سۆز دەجووڵێنێ بە شێوەیەکی فراوان یەکخ ستنی ئەو دەنگ و و شانەیە لە شیعردا دێن تا نەغمەو ئاوازێك ببەخ شن، چونکە ئاوازی ناوەوە:((بریتییە لە نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان))[413] کە لەگەڵ خەیاڵی گوێگرو خوێنەردا تێکەڵ بە ئەو وێنە شیعریانە بن و خوێنەر بتوانێ لەگەڵ ناوەوەی دەقەکەدا بژی، مۆ سیقا

---

[408] - ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....، ل١٣٠

[409] - عوسمان دەشتی(د)، بنەماکانی شیعریەت لە تێکستی (یادگارو هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەددا، گۆڤاری ئەکادیمی،ژمارە(١٦)ی ساڵی٢٠١٠،ل١٥٥.

[410] - فازیل مەجید مەحمود(د)، سروشت لە شیعری گۆران دا... ، ل١٤٢.

[411] – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....، ل١٣٠

[412] - Rutgers Derek Attidge Cambridge, Poetic Rhythm: An introduction, Rutgers Cambridge, United Kingdom University, ١٩٩٥.

[413] - دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوە...، ل٨٩.

به شێوەیەکی بەر چاو دەتوانێ ئەو ڕۆڵەی هەبێ، بۆیە بە لە دایکبوونی شیعری ئازادیش لایەنی مۆ سیقای ناوەوەی پ شتگوێ نەخ ست و شاعیران گرنگیان پێدا لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگەوە، چونکە هەر بۆخۆی ئاوازی ناوەوە ((لە چەند بارەبوونەوەی دەنگەکان دروو ست دەبێت(ئاوازی ناوەوە باشترین ڕیگایە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، خوێنەریش لەڕێگەی ئاوازی ناوەوە چێژێکی زۆر لە دەقەکە وەردەگرێت) ڕیتم پەیوەندی بەلایەنی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، کاتێك مرۆڤ شیعرێکی ئاوازەدار دەخوێنێتەوە ئارامی و ئا سوودەیی پێدەبەخ شێ و هە ستی دەبزوێنێ و دە چێتە ناخی شیعرەکەوەو نزیکی دەکاتەوە لە مانای شیعرەکە))[٤١٤]، لەبارەی ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی ڕیتم لە شیعردا دەیگێڕێ وتراوە ((ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی بنیادی دەقی شیعرییە، کە بەهاو چە شەی تایبەتی خۆی هەیەو پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئا ستەکانی (پێکهاتەیی و دەلالی) لە دەقەکاندا هەیە، دیارە ڕیتم لەڕووی زاراوەو چەمکەوە لە چەندین هونەردا بوونی هەیە...خۆی لە هەردوو سی ستم و دەنگدا دەنوێنێت...، ئەگەر لە هونەرەکانی تری ئەدەبدا ئەرکی جیاوازی هەبێ ئەوە ڕیتم لە شیعردا ئەرکی بەهێزکردنی مۆ سیقای شیعرە، چونکە مۆ سیقای شیعر مادەیەکی زمانییەو لە زنجیرە دەنگێك پێکدێت، بە هۆی کرداری ئەو هێزەی لە ئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤ دەردەچێت))[٤١٥]. شیعری بۆنە دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیرەو ڕەنگدانەوەی باری دەروونییەتی، بۆیە((ئاوازی ناوەوە بە چاکترین ڕێگا دادەنرێت بۆ دەربڕینی هە ست و سۆزو پێوی ستە ئەم هە ست و سۆزەش لە سەر بناغەی مۆ سیقای ناوەوەی شیعرەکە لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە هە ست و سۆزو تاقیکردنەوەی شاعیر بەهۆی ئاوازی ناوەوە دەردەبڕێن))[٤١٦]. ئەوەی بە شێوەیەکی گ شتی ئاوازی ناوەوەو ڕیتم پێکدەهێنێت: ((دووبارە بوونەوەیەکی ڕێکی دەنگێك لە یەکە هاوکاتەکاندا، ئەمەش بەو ئەنجامەی دەگەیەنێت ڕیتم بەو جۆرە پێنا سە بکات: بریتییە لە گەڕانەوەی دیاردەیەکی دەنگی لە کاتی چوونیەکدا، ئەگەر سێ جار لە شتێکت داو لە جاری چوارەمدا ئەو لێدانەت بەهێزتر بوو بە دووبارەکردنەوەی ئەو کارە ڕیتم درو ست دەبێت))[٤١٧]. عەزیز گەردی باس لە پەیوەندی تندوتۆڵی نێوان و شەو ئاواز دەکاو دەڵێ:((پەیوەندی و شەو ئاوازو مۆ سیقا ئەوەندە بنجی و بەهێزە کە هەر لەگەڵ ئەوە وشەیەك لەناو مێشکدا سەرهەڵدەدا مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێ کە مانای وشەو کاریگەریی و شەکە تەواو دەکا))[٤١٨]، شاعیران هەروەك چۆن لە ئاوازی دەرەوەی شیعر شێوازی نوێیان گرتۆتەبەرو لە زۆر لایەنەوە خۆیان لە کۆت و بەندی کێ شی شیعری کلا سیکی دەربازکردووە، ئاوەهاش بە هاوتەریبی((ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرییەکانیان بە شێوازی هونەریی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاندۆتەوە، بۆ تەواوکردنی ئاوازی ناوەوە ڕوویان لەگەڵ هونەری ڕەوانبێژی کردووە))[٤١٩].

---

[٤١٤] - هاوژین سلێوە(د)، خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە...، ل٣٩.

[٤١٥] - شاخەوان فەرهاد محەمەد، شیعرێتی کورتیلە شیعر لەڕووی تیۆرییەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢١٠)ی ٢٠١٤/١١/٥، ل٧٢.

[٤١٦] - پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران....، ل١٣٢.

[٤١٧] - محەمەد بەکر(د)، کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی...، ل٥٨.

[٤١٨] - عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی...، ل٧٥.

[٤١٩] - حەمەنووری عومەر کاکی(د)، شێوازی شیعری نوێی کوردی"١٩٢٠-١٩٧٠"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٢٦.

ئەوەی ئاوازی ناوەوەی  شیعر پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ و و  شە، لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:

## ١. دوو بارەبوونەوەی دەنگ:

ئاوازی ناوەوەی شیعر گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە زیندوویەتی دەقی شیعرو ڕازاندنەوەی، یەکێك لە ڕێگاکانی پێکهێنانی ئاوازی ناوەوە، دووبارەکردنەوەی دەنگە:((هە ستکردن بەجوانکارییەکانی زمان و نرخ و بەها دەنگی و پێکهاتەکانی لە ڕێگەی گرنگی دان بەدەنگی دووبارە و بەکارهێنانی لە شیعردا، هەمیشە جێگای سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرەکان بووە))[٤٢٠].

دووبارە بوونەوەی دەنگی لە سەر ئا ستی دێڕە شیعردا تێبینی دەکرێت، ((دیارترین دەرکەوتەی دەنگی هەر دێڕە  شیعرێکیش بریتییە لەدەنگە  سەروا،  سەروا  سازی خۆی یەکێکە لە بنە چینەکانی هۆنراوەو لە ئا ستی مۆ سیقای دەرەوەدا  شیکاری بۆ دەکرێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کەوا  سی ستەمی سەرواسازی ئاستێکی دابڕاوە لەڕیتم و لەم بوارەدا حسابی بۆ ناکرێت))[٤٢١] .

کاکەی فەلاح لە دەقی  شیعری (بۆ  چلەی مەفتونی هاوڕێم)دا ئاوازی ناوەوەی بەهۆی (دووبارەکردنەوەی چەند دەنگ)ێکەوە، جوانترو دەنگدارو ڕازاوەترکردووە.

**ئەی پێنووسی دەســـتی وەفـــاو پیێ زانین**
**هەڵبەستێکم ئەویێ ڕەش پۆش وەکـــو شین**
**پرسە بگریێ بۆ کـــۆچی جوانـــە مـەرگێك**
**ڕەنجەڕۆ بوو لە وچـان و خـــۆشی ی ژیـن**
**بۆ مەفتوونی هـــــاوڕێـــی دەمی قوتـابیم**
**ئارەق ڕێژی تینووی فـــێربوونی چین چین**
**ئێستەش قاقای پێکـــەنینی ئـــەو دەمـەی**
**لە گویێ ی منا دەنگ ئەداتەوە یـــەك بین**
**ئێستەش قسەی ساکـــارو بیێ فێڵـــی ئەو**
**لەبەر چاوم نەخشە وەك باخچەی ڕەنگین**
**وەك بلبلیێ وێڵی گـــــوڵی خوێندن بـــوو**
**لە پاریس و لـــەلـەندەن و لــــە بەرلیـــن**
**لە ڕیێ ی بـــەرزی کـــوردایـەتی پیـــرۆزدا**
**بەشداریێ بوو لە ڕیزی دەستـــەی پێشین....**  دیوانی کاکەی فەلاح، ل٢٢٨

دووبارەکردنەوەی دەنگە دیارەکان لە تەواوی هۆنراوەکەدا بەم جۆرەیە (دەنگی بزوێنی(ی)٥٥ جارو بزوێنی(یێ)٢٢ جار/ دەنگی (و)لەگەڵ(وو) ٣٤ جارو دەنگی (ا)٢١ جار...هتد.

---

٤٢٠- دەڕوانرێتە: حەمەنووری عومەر کاکی(د)، شێوازی شیعری نوێی کوردی....، ل١٢٦.

٤٢١- عوسمان دەشتی(د)، بنەماکانی شیعریەت لە تێکستی (یادگارو هیوا)....، ل١٥٦.

## ٢. دووباره بوونەوەی وشە:

دووباره بوونەوەی و شە زۆرجار بۆ دووپاتکردنەوەو دڵنیابوونی شاعیر و پێداگرییەتی لە سەر بابەت و مەبەستێك تا ئەوەی ئەیەوێت بیگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر مەبەستی جوانی تەکنیکی و هونەری بەو دووبارەکردنەوە هەیە لە شیعرەکەیدا، یەکێکیش لەو مەبە ستانە بەخ شینی ئاوازی ناوەوەیە بە شیعرەکەی، چونکە یەکێك لە ڕێگاکانی پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی شیعر دووبارەکردنەوەی و شەیە((یەکێ لە ڕەگەزەکانی پتەوکردنی سەرواو ئاوازی شیعر دوبارەکردنەوەیە، ئەم دووبارەکردنەوە لە ئا ستی و شەدا، کە شاعیر زۆرجار پەنای دەباتە بەر، بەتایبەت لە سەرەتاو کۆتایی هۆنراوەدا ئەگەر چی زۆرجار لە ناوەڕاستیشدا دێ، جا دووبارەکردنەوەکە چ لە ئاستی ستونیدا یا لە ئاستی ئاسۆیی دابێت بۆ جەختکردنە سەر ئاواز و چەمك و مۆ سیقای شیعرەکەیە))[٤٢٢]. هەروەها دەوترێ دووبارەکردنەوەی و شە((دیاردەیەکی ڕەوانبێژی تایبەت بە شێوازی گوتن و نوو سین نا سراوە، ئەمەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی و شە...لە شیعری کۆن و هاو چەرخی کوردی))[٤٢٣]، ئەم جۆرەی دووبارەکردنەوەیە لە شیعری شاعیران بە ڕوونی دەبینرێ. شیعرێکی گۆران وەك نموونە:

گۆران لە شیعری ( شیوەنی گوڵاڵە) کە بە بۆنەی مردنی کچەکەیەوە نوو سیویەتی (١١) جار و شەی (کچ) دووباره دەکاتەوە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی وشەی تر لەوانە وشەی(داد- چ زوو- هەیهات...هتد) کە یارمەتی جوانتر کردنی مۆسیقای شیعرەکە دەدات .

کـــچــــم، مـــــایـــەی ژیــــانم، یــــادگـــاری        شــــەبـــــابم، نــــۆبــــەرەی شـیرینی داری

غـــــەرامی کـــــــەمـــــدەوامـــی عومری لاویم،        دڵـــــۆپی خـــوێنی گـــــــەرمی ئـــــاگراویم!

جگەر گۆشەی عـــەزیزم، نـــــــوری چـــــاوم،        سەری تاڵــــە دەزووی ئـــامــــــــاڵی خــــــاوم!

چ زوو مردی؟ کچــــــــم هەیهات کچی خۆم،        چ زوو مــــــــردی؟ چ زوو کــــــەوتییە بن گۆم؟

دەمیێ پشکووتی تێر بــــــۆنم نـــــــەکــــــــردی،        گـــــــولاڵەی خۆشەویست دەر لەحـــزە مردی!

ئەجەل داد! ئاسمان داد! عەرشی خودا داد!        حـــەکیم عیلمی بەشەر، دەرمـــان، دەوا داد!

کچێکم بوو، کچێ، تەنیـــا کچـــــێ، بـــــەس!        ئـــەویشت ئاخری کوشت چــــــەرخی ناکەس!

لە دێڕێکی تردا بە چاڵی تاریکی قەبر دەڵێ:

لە دەورت هـــــــەڵچنیم خـــــــوشك و برا پاك،        کچێکــــــــم بـــــــوو ئـــــــەویشت کــرده خۆراك!

لە کۆتایدا دەڵێ:

کـــــــــچم خـــــــــۆ تــــۆ نـــــەماوی تـــــا ببینی        کـــــــە بــــــاوکت چـــــــەن بــــە ناسۆره برینی!

نــــە تـــــــۆی پێ دێتەوه نە عـــــــەقڵی ئەبرێ        لەسەر تۆ کــــــــام یەخە کــــــام ئەستۆ بگرێ؟

کــــــچم تــــــــەنیا گــــولم، نـــــەشئەی ژیانم،        دڵـــــی شـــــــــادم، تــــروســـــکەی چاوەکانم

کچم ڕۆحم، کـــــچم، هــــــەیهات! هـــــەیهات!        چ کۆچێ بوو! چ کــــۆچێ؟ واکش و مات؟!

دیوانی گۆران،ل٩٩.

---

[٤٢٢]- دەڕوانرێتە: عەزیز گەردی، سەروا،.... ل٣٠٩.

[٤٢٣]- موحسین ئەحمەد عومەر(د)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،٢٠١٢، ل١١٤

## ٢- زمانی شیعری:

زمان سەرەکیترین هۆیە کە مرۆڤەکان هەیانە (( سوودی لێوەردەگرن بۆ درو ستکردنی پێکگە شتنی ناو کۆمەڵگا، بەم پێیە زمان وەك سیـ ستمێك وایە، کە بوار بۆ بەیانکردنی گوتارێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراو لەمرۆڤەکاندا دەرەخـ سێنێت))[٤٢٤]. یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی بەرگری لە زمان و مانەوەو بەردەوامی زمان دەکات، ئەدەبە، چونکە زمان لە جە ستەی ئەدەبدا بە رۆحی ئەدەب دەژمێردرێ، دەقیش هەمیـ شە بەزمانەوە جوانە بەتایبەتی شیعر. زمانی شیعر، وەکو زمانی ڤ سەکردنی رۆژانە بەپێی کات گە شە دەکات، هەموو کاتێ و شەی نوێ و دەربڕینی نوێ بەرهەم دەهێنێت، ئەمانە وادەکات رێگای نوێ سەرهەڵبدات بۆ بەرهەمهێنانی دەنگێکی مۆدێرنو جیاواز، هەربۆیە بەرەو پێشەوەچوون و داهێنانی بواری شیعر، بەشێکی بەرچاوی لە رۆڵی گەشەی زماندا خۆی دەنوێنێ ، لەشێوازو بابەتی شیعریدا ئەم گەشەیە بەدی دێت.

گرنگترین مەسەلەش ((کە پرۆسەی شیتەڵکارییەکەی لەسەر بنیات دەنرێت ئەوەیە، کە شاعیر وەکو زۆربەی کە سانی دی ڤ سە ناکات، بەڵکو زمانی شاعیر زمانێکی جیاوازەو ئەو جیاوازییەش شێوازی دەربڕینەکەی دە ستنیـ شان دەکات))[٤٢٥]. لەبارەی ئەو شێوازەی کە زمانی شیعر رۆڵی تێدا دەبینێت بۆ ناسینەوەی خاوەنی دەقەکەی، دەوترێ:((فەلسەفەی شاعیر هەرچییەك بێت، مەودای واتاکانی هەرچەند فراوان بێت، لەرێگەی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە))[٤٢٦].

و شەو زمانی شیعری لە شیعری بۆنە، بەتایبەت بۆنەو رووداوە شۆر شگێری و نەتەوەیی و نەبەردییەکان پـشکۆی داگیرساو و باری سەرنج و هەڵوێستی ئازایانە و رۆڵی قارەمانانەی شاعیر و گەل نیـ شا ندەدات، کاریگەریی خۆی لە سەر گوێگرو خوێنەر دەبـێت، ((دوێنەری سۆڤـ سـتایی بەناوبانگ(جۆرجیاس) دەربارەی کارتێکردنی وشە لە مرۆڤدا دەڵێت: وشە هێزێکی بێ سنوورە کاری بێ هاوتا ئەنجام دەدات. هەر چەندە بەرواڵەت نرخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لە کردەوەدا جڵەوی ترس رادەگرێت و خەفەت دەرەوێنێ و خۆ شی و بەختیاری دەبەخـ شێت و دەروون لە پەرمۆدەو دڵنیایی پڕدە کات و هۆ شمە ندی دە خا تە داوی جادوو گەریـ یەوەو هە ندێ جاریش دڵ و دەروونی مرۆڤ داگیردەکات))[٤٢٧]. جۆری دەربڕین لە شیعردا پێوانەی هە ست و سۆز و وروژاندنەکەیە، ڤالیری((پێ شتر لەمـیانەی زمانەوە کارلێکەریی دوو دەربڕینی دیاری کردووە ، بۆیە گوتویەتی: ( گەیاندنی رووداو، ئەرکی دیکە.. ورووژاندنە)... شیعریش لێکدانی نێوان ئەو دوو ئەرکەیە))[٤٢٨].

لەو قۆناغانەو ئێستاش، هەموو شیعرێك وەك چۆن کە سی بووە، بابەتیو کۆمەڵایەتیش بووە...لە زمانی شیعری ساڵەکانی پێشوو هەندێ زاراوەی رەنگرێژی ئەو ساڵانەو باسی نەهامەتییە کەسییەکان و

---

[٤٢٤] - مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی رێبوار سیوەلی....، ل١١٠.

[٤٢٥] – جان کۆهین، بونیاتی زمانی شیعری، وەرگێرانی ئازاد عەبدولواحید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠١٢،ل٦.

[٤٢٦] - محەمەد کوردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢١.

[٤٢٧] - کامل حسن عزیز البصیر(د)، زانستی ئاوەڵواتا...ل١٤.

[٤٢٨] – دەروانرێتە:جان کۆهین، بونیاتی زمانی شیعری، وەرگێرانی ئازاد عەبدولواحید......، ل٦٣.

گ شتییەکانی ئەو کاتانە دەکەن، ڕێژەی ئەم نیـ شان دانانە دەبێتە فاکتەری بەهێزی پێنا سەکردن بۆ ناوەرۆك و شێوازی قۆناغەکە، بۆیە ئەم و شە وە سفیانە بەم جۆرە دەبینرێن. هەر ئەمەیە وادەکا لە شیعری بۆنەدا زمان ڕۆڵی خۆی نیشان بدات لە دەربڕین و پێناسەکردنی جۆری هەست و سۆزەکان، بۆ نموونە زمانی شیعری شیوەن و لاوانەوەو ئاهەنگی خۆشی و بۆنەی کۆمەڵایەتی و کەسی و نیشتمانی و هەتا سرو شتییەکانیش جیاوازن، زمان لە شیعری لاواندنەوەدا تەعبیرە لەنا سۆرو غەم و مەینەتییەکان لەگەڵ ئەوەی لە بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی، زمانی حەماسەت و هەست و سۆزی گەرم و هەڵچوون و...هتد. لەهەموو ئەمانەدا شیعر زمانی سۆزە لەم بارەیەوە (ڕیچاردز) وتوویەتی: (( شیعر بنەمایەکی ڕەخنەیی ئەدەبی هەیە. بۆیە شیعر باڵاترین فۆرمی زمانی عاتیفەیە))[٤٢٩].

شیعرو زمان بە دڵنیاییەوە بە پەیوەندییەکی توند پێکەوە بە ستراون، زمانی شیعری جیاوازە لە زمانی ڕۆژنامەو زمانی قـ سەکردنی ئا سایی، هەتا جیاوازە لە زمانی فەیلە سوفو زۆربەی بابەتە ئەکادیمیەکان، ئەم زمانە عادەتەن کورتەو ڕا ستە. ئەم زمانە وێنەی ئەندێ شەیی تێدایە، یان وێنەی فکریی، کە هە ستو مەودای بیرکردنەوەی ئێمە ورد ئەکاتەوە بۆ بابەتی شیعرەکە، (ڕاڵف والدۆ ئمێر سن(١٨٠٣-١٨٨٢) کە شاعیرو وتار نوو سیکی ئەمریکییە، جارێکیان تێبینی ئەوەی کرد ((هەموو زمانێك پاشماوەی شیعرە، ئەم وشانە وێنەی ڕاستی تێدایە))[٤٣٠].

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی زمان بریتی بێت لەو هێماو واتایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤەکان بۆ لەیەکتر گە شتن و پەیوەندیکردن و پێشخستنی ژیانیان بەکاری دەهێنن، ئەوا بنەڕەتترین ئامانجی زمان گەیاندنە، بۆگەیاندنی بیروباوەڕو هەڵچوون و هەست وئارەزوو، لە شیعریشدا زمانی شیعری خوڵقاندنی هێماو واتای نوێیە بە جۆرێك کە و شەکان لە شیعردا بەهایەکی زۆرتریان هەیە لە بەهای هەمان و شە لە کاتی قـ سەکردندا، توێژینەوەی بواری زمانەوانیش ئەو ڕا ستییە دەردەخەن، کە کاری ئەدەبی بە زمانێکی تایبەت و هەڵبژێردراوەو جیایە لە زمانی ڕۆژانە، جیاوازیەکەش لەوەدایە لە ناو زمانی ئا سایی ڕۆژانەدا شیعر واتاو دەلالەتی نوێ پێکدەهێنێت، چونکە شیعر ئەو شتانە دەردەخات، کە لەنێو زمانی ئا سایی دا شاردراونەتەوە، ((زمان لەدەروونی مرۆڤدا، کۆمەڵە یەکەیەك لە خۆدەگرێت، ڕەنگە لەدەرەوەی سنووری زمانی شیعریدا، ئەم یەکانە تەنیا واتای لێکـ سیکی فەرهەنگی سادە بگەیەنن، هەروەها لەبابەتەکانی دیکەی دژ بەئەدەبیش، بۆئەوەی بەها بنەڕەتییە بونیاتەکەی خۆیان لەدە ست نەدەن، وەك شتێکی زانیاری گەیاندن بەکاردێن. هەرچی شیعرە، بەهاریکاری ڕایەڵەکانی زمان لە شتێکی خوڵقاوەوە، با بەتێکی درو ستکراوی دیکە بوونیات دەنێت، لەڕێگای زمانی تایبەتییەوە وا تا فەرهەنگییەکەی ون دەکات و واتایەکی تری پڕ لەدەلالەت، بەسروشتێکی تایبەتییەوە پێك دەهێنێت))[٤٣١]، هەروەها ((گەیاندن وئامانج دوو هێڵی تەریبی زمانی شیعرن، شیعریش لەدەروازەی ڕەمزو نیگاوە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و لەژیان دەڕوانێت، داهێنانی زمانی و بابەتی بەئەنجام دەگەیەنێت، هەر

---

٤٢٩ – جان کۆهین، بونیاتی زمانی شیعری، وەرگێڕانی ئازاد عەبدولواحید........، ل٦٣.

٤٣٠ - Jay Parini, The Wadsworth Anthology of Poetry, Webcam, Ltd: First, ٢٠٠٦,p٤٧

٤٣١ - ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی،چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٢،ل١١.

بەمەبەستی دەربڕین و گەیاندنی واتا، مۆسیقاو شیعر دوو شەپۆلی یەکسانی و هارمۆنین، زمان و شیعر لە یەکتر نزیك دەکەنەوە))[٤٣٢]، جیاوازییەکانی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاسایی پەیوەندی بەچۆنییەتی بەکارهێنانییانەوە هەیە کە((بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی بەهۆی وشە و زاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە.... بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لە ناو سیاقی ڕستەدا، شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی قوڵ وتایبەت بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی))[٤٣٣]، بەپێی ئەم بۆ چوونە لە دەقی شیعریدا، زمان شێوازێکی گرنگی دەربڕین و پێکهاتەی هونەرییەو ئەم گرنگییەش لە تایبەتمەندیی زمانەوە دێ، وەك ئەوەی زمان کەرەستەیەکی بنەڕەتی دەق پێکدەهێنێت، ئەو کات زمان دەچێتە ناو پێکهاتەی دەقەوە و دەگۆڕێ و دەبێ بەزمانێکی جیاواز تر لە زمانی ئاسایی.

ئەفلاتۆن هەر چەندە شیعر بەکەرەستەیەکی خراپ لەقەڵەم دەدات، لەگەڵ ئەوە شدا شیعر بەجۆرێکی تایبەت لە بەکارهێنانی زمان دادەنێ و لەبارەی زمانی شیعرییەوە دەڵێ: (( شاعیر بەهۆی وشە و ڕستەکان ڕەنگی گونجاو دەبەخشێتە هەریەك لە پیشە جۆراوجۆرەکان کە چی جگە لە تەقلید زیاتر کارێکی تری نەکردووە))[٤٣٤]، ئەرستۆ لەم بارەیەوە لە هونەری شیعریدا دەڵێت: ((گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەدەبی ئەوەیە کە ڕوون و ئاشکرابێت، بێ ئەوەی سوواو بێ... لەلایەکی ترەوە ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێت، بەرزی و شکۆمەندی تێدایەو لەسەروی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە. مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو) و وشەیی خوازراوە و وشەی درێژکراوەو هەر شتێکی ترە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ، بەڵام تەنیا ئەگەر ئەم جۆرە وشانە بەکار بهێنرێن ئەمە دەبێت بە هۆی دروستبوونی مەتەڵ، ئاڵۆز وبڵۆزی))[٤٣٥]، ئەمەش بەگشتی ئەوە دەردەخات، کە ئەرستۆ زمانی شیعری بەزمانێکی تایبەتی داناوەو بایەخی بە جۆری بەکارهێنانی زمانی شیعری داوە وجیای کردۆتەوە لە زمانی ڕۆژانە، ((بایەخدان بەزمانی شیعرو جیاکردنەوەی لەزمانی ئاسایی خەڵك و دیاری کردنی سروشت وخاسییەتە تایبەتییەکانی ئەو زمانە هەر لەکۆنەوە لەلایەن ئەفلاتوون و ئەرستۆوە باسکراوەو لێی کۆڵراوەتەوە، ئینجا ئەو باس و لێکۆڵینەوانە لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان پەرەیان سەندووە و فراوان بوونە))[٤٣٦]، بەردەوامبوون لەسەر جیاکردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی خەڵك، ئەو بۆچوونەی هێنایە ئاراوە، کە زمانی شیعری زمانێکی تایبەتییەو لە ئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە لەلای شاعیر دروست دەبێت بۆ گەیاندنی مانایەکی نوێی جیا لە مانا ئاساییە بڵاوەکەی ناو خەڵك، لەم بارەیەوە د. عادل گەرمیانی دەڵێ:((زمانی دەقی شیعری دەبێت جیاوازبێت لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی لەڕووی بەکارهێنانی وشەی

---

[٤٣٢] - ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری... ل١١.

[٤٣٣] - ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی .... ل٨٤.

[٤٣٤] - هەمان سەرچاوە....ل٨٤.

[٤٣٥]- ئەرستۆ، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی عەزیزگەردی....،ل٨٣

[٤٣٦] - پەرێز سابیر،رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپی یەکەم، دەزگای چاپخانەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.ل٢٨١

فەرهەنگیی واتادارو کاریگەر))[437]. کەواتە((زمانی شیعر لەهەموو سەردەمێکدا زمانێکە کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، بەمانای ئەوەی زمانەکە پەیڕەوی هەمان یاساو دەستوورەکانی زمان دەکات، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە لەئەنجامی یا ساکانی گۆڕان و پەرە سەندنی ژیانەوە ڕوودەدەن، ئەویش لەهەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدادەکات و تەعبیر لەدەلالەتێکی نوێ دەکات کەلەگەڵ سەردەمەکە بگونجێت))[438]، زمانی شیعری بە شدارە لە پرۆ سەی داهێنان و سەرهەڵدانی و شەی نوێوە، لەگەڵ ئەوە شدا تەنها بە شدار نابێت لە جوانکاری لەڕووی دەربڕین و سنعەتی و شەوە، بەڵکو بەهۆی و شەوە ئاوازی هۆنراوە بەگ شتی ڕێك دەخات، کە بە شدارە لە پێدانی هە ست و ئاهەنگ و سۆز بە شیعرەکە، هەروەها وێنەی شیعریش پێکهاتەکەی لەڕێی زمانەوەیەوە جوانی بەشیعر دەبەخشێ.

## تایبەتییەکانی زمانی شیعری:

١. زمانی شیعری زمانێکی پاراو و داڕێژراو و پڕلە جوانی و ئێ ستاتیکایە، شێخ نوری شێخ سالح ((بناغەی جیاکردنەوەی هەر نوو سینێکی ئەدەبی لەنوو سینی ئا سایی بە ستۆتەوە بەمەرجی دابینکردنی لایەنی ئێستاتیکی لە نووسینە ئەدەبییەکەدا))[439].

٢. زمانێکی تایبەتە و لە ڕووی ڕێکخستن و گونجاندنی وشەکانەوە جیاوازە لە زمانی ئاسایی ((شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە هەوڵ دەدات، جیهانێکی پڕ لە جوانی تاسەبەخش بونیاد بنێت))[440] .

٣. زمانی شیعری هۆکاری گەیاندنە وەك ئەو ئەرکەی لە ئە ستۆی زمانی ئا ساییەو لەهەمان کاتیـ شدا ئامانجە کە گەیاندنی پەیامی جوانی و ئێستاتیکییە.

٤. زمانی شیعری ئەرکی گەیاندنی چێژ وخۆ شییە بە خوێنەران، ئەم خە سڵەتەش بەدەربڕینی شیعر مە سۆگەر نابێت، بەڵکو بەڕایەڵەکانی چۆنیەتی دەربڕین لەناو دەقێکدا دەردەکەوێت و زمانی شیعرییەکە دەکاتە سیمای بەهێزی و لاوازی دەق.

٥. زمانی شیعری لە ڕێگای هێماو ئاماژەو چڕییەوە مانای ناوازە و گونجاو بەدەق دەبەخشێ، چونکە ((لە داهێنانی دەقی شیعر، شاعیر لەسەریەتی ڕۆڵێکی گرینگ و چالاك بەرامبەر بەوشە ببینێت))[441].

٦. زمانی شیعری ((هۆکاری گەورەی داهێنانە لە بواری زماندا، چونکە ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوە گ شتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەتی، چەند بە توانا بێت لە خولقاندنی زمانی تایبەتیدا، ئەوەندە زیاتر داهێنانی بەردەکەوێت.

٧. زمانی شیعری نەك هەر ڕە سەنە وەك زمان و دەوری کەرە ستە زمانییەکان لە ڕ ستەدا، بەڵکو پڕە لەداهێنان، ڕەسەنی و داهێنان بەیەکەوە زمانی شیعرییان گەیاندۆتە لوتکەی ئاڵۆزی و ئاوێتەی))[442]

---

[437] - عادل گەرمیانی(د)، خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردی هاوچەرخ، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٩١)ی ئۆگیستی ٢٠١٣، ل١٣.

[438] - پەرێز سابیر،رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی ......، ل٢٨٥.

[439] - هەمان سەرچاوە...ل٢٨٨.

[440] - ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی... ،ل١٠.

[441] – هەمان سەرچاوە... ل١٠.

[442] – دەروازێتە، محمد معروف فتاح، لیکۆلینەوە زمانەوانییەکان، ئامادەکردنی،(شیروان حسین خۆشناو– شیروان میرزا قادر)، چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١٠، ل٤٣٦.

**زمانی شیعری کۆن و نویٚ:**

١) زمانی شیعری کۆن زمانێکی تێکەڵاو لە و شەو زاراوەی بێگانە، بەتێڕوانینێکی گ شتی لە زمانی شیعری کلاسیکی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمانێکی تێکەڵ بووە لەوشەو زاراوەکانی بێگانە، بەڵام شیعری نویٚ، هەنگاونان بوو بەگوێرەی توانا بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی و شەی بێگانە بەتایبەت عەرەبی و بایەخدان بە وشەی پەتی کوردی بوو.

نموونەی دێرە شیعرێکی کلا سیکی( شیعری بۆنە) بە بەکارهێنانی و شەی بێگانە: هەموو ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا هێنراوە وشەی عەرەبین، بێخود لەو تاکە دێڕەدا بەکاری هێناوە.

**(جەمال فەهمی) کە صالۆنی زەفافی پڕ تەدارەك بوو**

**(بحمد الله) بە تەئریخ (کـــاری خێری موبارەك بوو)*** دیوانی بێخود، ل١٥٨

٢) زمانی شیعری کلا سیکی زمانێکی ئاڵۆز بووە، بەڵام زمانی شیعری نویٚ بەزمانێکی سادە وپڕلەجوانی دەنووسرێت، کە خوێنەر بەباشی لێی تێدەگات.

٣) شیعری کلا سیکی ((بایەخ بە یا سا ورێ سای دامەزراندنی پەیوەندی بیر وزمان دەدات، بەڵام شیعری تازە دەیەویٚ ئەو پەیوەندییە ب شکێنێت و و شەکان بتەقێنێتەوە، بەم پێیە و شەکان پەیوەندی بیر و زمان دێننە کایەوە نەك پەیوەندییەکە وشەکان بهێنێتەکایەوە))[٤٤٣].

بەزۆری زمانی شیعری، لە شیعری بۆنەدا بەجیاوازتر لە زۆربەی مەبە ستەکانی تر جۆرێك لە سادەیی و ئا سانی پێوە دیارەو ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت، کە لەڕووی هونەرییەوە لاوازبێت، بە پێچەوانەوە زۆر دەقی شیعری بۆنەمان هەیە لەڕووی هونەریەوە پایەیەکی گرنگیان هەیە، شاعیر زیاتر لەوەی مەبە ستی ڕازاندنەوەو بەکارهێنانی و شەو دە ستەواژەی گران بووبیٚ، ئامانجی گەیاندنی پەیامی هە ست و سۆز و هەڵ چوونی دەروونی بووە، شاعیر مەبە ستی بووە تاقیکردنەوەی خۆیی و دەورووبەرەکەی ڕاستگۆیانە بگوازێتەوە بەتایبەت لە بۆنە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکاندا.

مامۆ ستا زێوەری شاعیر بەبۆنەی خانەنشینی خۆیەوە لە ساڵی(١٩٤٠) ئەم شیعرەی وتووە، شیعری(خانەنشین) ئاوێنەیەکە بۆ تاقیکردنەوەی ژیانی وەزیفی شاعیرخۆی، جۆرێك لە ناڕەزامەندی خۆی بەرامبەر ئەو ژیانە تاڵە دەربڕیوە، گلەیی لە ڕۆژگار دەکا، دەبینین زمانی شیعرییەکەی تێکەڵێکە لە وشەی بێگانەو بەسادەیی باسکردنە لەحاڵی خۆی و دەربڕینی ناسۆرەکانی، لەو ڕووەوە دەڵیٚ:

**موددێکە کە مەحکوومی گەلیٚ ناکەس و کەس بووم**

**وەك بولبولی کەم دانەیی ناو کـــونجی قەفەس بووم**

**مەحکوومی هەموو نەوعە مـــوفـــــەتیش کـە دەهاتن**

**گۆیا(وسوو أغا )ن و منیش عــــەینی حـــەرەس بووم**

**تـــــەســـدیـــقی بـــەیانانم ئەکـــردن کـە درۆش بوو**

**دوو ڕوو سیفەتیم گرتبوو وەك عـــەینی عـەدەس بووم...** دیوانی زێوەر، ل٨٠.

---

*- شیعرێکی بۆنەیە بەبۆنەی ژنهێنانی (جەمالی کوڕی ئەحمەد فەهمی جوانڕۆیی وتراوە لە ساڵی(١٣٧٣ی کۆچی).

[٤٤٣]- پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی...،ل٣٣.

## ٣- وێنەی شیعری:

جیهانی شیعر جیهانێکی دەستکردە، بەڵام بۆ ئێمە لە هەر شیعرێکدا بەهۆی وێنەکەیەوە مانایەکمان لە جوانی ژیان دە ست دەکەوێت، وێنە لە شیعردا یەکێکە لە هۆکارەکانی گوا ستنەوەی چێژی ئەو سرو شتەی لەدەوروبەردا هەیە بە گوێگر لە ڕێگەی وێنەکردنی ژیان بە و شەو دەربڕینەکان. وێنەی شیعری (ال صوره ال شعریه)، هەندێ جار پێی دەڵێن ((وێنەی هونەری، بەڵام وێنەی هونەری فرەلایەن و فراوانترە، هەموو هونەرەکان دەگرێتەوە))[٤٤٤].

وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا(image) کە و شەیەکی ئینگلیزییە، بەواتای (image)دێت، ((ئاماژە بۆ ئەو ڕەگە هاوبە شە دەکات، کە لەگەڵ و شەی خەیاڵدا(imagination) هەیەتی، کە بۆتە هۆی هاوبە شییان لەیەك بواری مەعریفیدا و ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە لەنێوان خەیاڵ و وێنەدا هەیە، بەو پێیەی وێنە گرنگترین بەرجەستەکانی خەیاڵە لە شیعردا))[٤٤٥].

وێنە، یان ((بریتییە لە بەرجەستەکردنی ماتریاڵی، وەك ئەو وێنەیەی پەیکەر تاشێك لە هەڵکەندنی پەیکەرێکدا دەری دەخات، یان ئەو وێنەیەی نیگار کێ شێك لە تابلۆیەکدا بەرجە ستەی دەکات، یانیش بریتییە لە خەیاڵ کە ئەدیب لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات و بە وشە دەری دەبڕێت، لە یەکەمیاندا وێنە بە چاو دەبینرێت و ماتریاڵ و هەست پێکراوەو خەیاڵ دەوروژێنێت، بەڵام لەدووەمیاندا خەیاڵێکی ڕووت دەبێتە درو ستکەری وێنەکە، لەهەردوو حالەتەکەدا خەیاڵ بوونی هەیە و هە ست و سۆز دەوروژێنێت))[٤٤٦] .

وێنەی شیعری ڕەگەزێکی گرنگی تری شیعرە لە پاڵ ڕەگەزەکانی ئاواز و زمانی شیعریدا، نەبوونی وێنە لە شیعردا مانای لەدە ستدانی بە شێکی جوانی و خەیاڵە لە شیعرەکە، چونکە وێنە ((ئەو هێزە جادووییە پێکهاتووەیە، کەتەنها خەیاڵ دەتوانێ درو ستی بکات، هەر بۆیە خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پێکهاتنی وێنەدا، چونکە یەکەم توخم لەتوخمەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری خەیاڵە، کە هە ڵدە سێ بە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانیدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی توخمە جیاوازەکانی تر لە سەر چاوەکانیانەوەو دووبارە گونجاندن لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی ببێتە وێنەیەکی جیهانی شیعری تایبەت بە شاعیرێك، کە گوزار شت لە هە ستەکانی و دەروونی بیری، واتە گوزار شت لە هەڵوێ ستی بکات))[٤٤٧]. بە شداری کردنی وێنە لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا ڕۆڵی هەیە لەم بارەیەوە د.دڵشاد عەلی دەڵێت: ((پرۆسەی داهێنانی شیعری پێ کامڵ دەبێت))[٤٤٨]، بابەتەکانی ڕەوانبێژی سەرچاوەی پێکهینانی وێنەن لە شیعردا. ((وێنە لە شیعردا دەبێت بە خوازەو میتافۆر و لێك چواندن، لێرەدا وێنەی شیعری پشت بە خەیاڵ و هەست دەبەستێت، هەروەها پشت بە عەقڵ و ڕۆشنبیری دەبەستێت، وێنە لە شیعردا

---

٤٤٤ – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی .........،ل١٩٣

٤٤٥ –سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە...،ل٢٥.

٤٤٦ – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل١٩٣

٤٤٧ – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....، ل١٣٧.

٤٤٨ – دڵشاد عەلی(د)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری.... ل١٦٨.

وێنەیەکە خەیاڵی شاعیر بە وشە دروستی دەکات، شاعیریش وەك نیگارکێش وایە و وێنە دەکێشێ، بەڵام کەرەستەی وێنەکێشانی شاعیر جیاوازە، شاعیر بەهۆی زمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازگەرییەوە، لەتەك ﭙ شت بە ستن بە خەیاڵ، وێنە دەکێ شێت بۆیە دەوترێت: شیعر وێنەیەکی ڤ سەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە))[449] .

وێنە لە شیعردا پەیوەستە بە باری دەروونی شاعیرەوە ئەگەر ئەو شاعیرە لە حاڵەتێکی ئاسایی و لە ساتەکانی خۆشیدا بێت و ڕووداو و بۆنەکانی خۆش بن ئەوا وێنە شیعرییەکان جوان و ڕەنگپێدەرەوەی حاڵەتی گە شبینی دەبن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز و خەماویدا بێت، ئەو سا وێنەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە دەبن، ئەمەش بۆ خۆی وێنەی شیعرییە لە شیعری بۆنەدا، چونکە((ئەرکی وێنەی شیعری تەنیا ڕازاندنەوەو بەخشینی چێژی هونەری نییە، بەڵکو چەند ئەرکێکی دیکەی هەیە، وەکو وێنەگرتنێکی ڕا ستەوخۆی واقیعی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە یا بەرجە ستەکردن و خ ستنەڕووی کێشەکانی ژیانی هاوچەرخی ئادەمیزاد لە ڕێی چەند وێنەیەکەوە))[450].

وێنەی شیعری هەندێ جار وێنەیەکی واقعییەو دیمەنی سرو شتێك وەك خۆی دەکێ شێت کە لە واقعیدا بوونی هەیە، بەڵام هەندێ جار بە پێ چەوانەوە لە خەیاڵدا زیادەڕۆیی دەکرێ و بە ڕادەیەکی زۆر لە وێنەی واقیعی دادەبڕێت، ((جوانترین وێنەی شیعری ئەو وێنەیەیە کە خەیاڵ تیایدا ڕۆڵی فراوانکردن و...ورووژاندنی هە ست و سۆزی دەبێت، بەو پێیە وێنەی خەیاڵی لە شیعردا جوانی سەرنجڕاکێ شانێکی کاریگەر دەخوڵقێنێت کە زۆر جار لە وێنە ڕا ستەقینەکە کاریگەرترو هە ست پێکراوتر دەبێت، لێرەدا ئەو وێنەیە هەم بیرۆکەی ڤە سیدەکە دەوڵەمەند دەکات، هەم خوێنەرو وەرگریش دەجوڵێنێت و دەیباتە نێو کەشێکی خەیاڵی جوان، جوانتر لەو واقیعەی تیایدا دەژی))[451].

یەکێك لەو ڕە گەزە گرنگا نەی شیعر ﭙ شتی پێ بە ستووە وێنە یە، لەوکا تەوەی شیعر لەدایکبووە تا ئەمڕۆ وێ نەی واڤ یع و خەیاڵی درو ستکراوی نوو سەرەکان ڕەن گی ت ێدا داوە تەوە، بەڵام بەکارهێنانی لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕ ێت، دە شێت بەهێزی وێ نەی شیعری ئا ستی داهێ نانی شیعرەکە جیابکا تەوە، ((ئە گەر بە شێوەیەکی گ شتی سەرنج لە جۆرە کانی وێ نە بدەین، چ شێوەکاری یان فۆ تۆگرافی یان فەل سەفی یان شیعری، هەموویان بە چالاکی مرۆڤا یەتی دادە نرێن، هەریە کە لەو جۆرا نە بەپێی ڤۆنا غەکانی م ێژوو، گۆڕاڵ یان بە سەردا هاتووە، هەر لە نوو سینی وێ نەیی، ڕە مزی، هێڵ کاری، نیگار...وێ نە بەگ شتی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، یەکێك بووە لە کەرە ستەکانی دەر بڕین، بۆگەیا ندنی بیر ێك و بەرجە ستەکردنی هە ستێکی نا خەوەی دەروو نی مرۆڤ، ئەو وێنا نەی لە سەر د یواری ئەشکەوتەکانن، بەسەرەتای مێژووی هونەری شێوەکاری دادەنرێن))[452].

---

[449] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل١٩٤.

[450] – حوسێن کەلاری،شێواز لە هۆنراوەکانی ....ل٧٥.

[451] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل١٩٥.

[452] – دەروانرێتە، عادل گەرمیانی(د)، وێنەی بیری لە هزری مرۆڤی کۆندا، گۆڤاری کاروان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ژمارە ١٧١ی ساڵی٢٠٠٣، ل٥.

هەروەها لەشیعریـ شدا، (( لە شیعری کۆن و نو ێدا وێ نەی شیعری ج یاوازی هەبووە لەمیا نەی ئەو بۆ چوونەی پێ شوودا بۆ شێوەو وێ نەی شیعری نویٚ دەر کەوت، کە ئەم فەل سەفەی جوانیـ یەی لە مدا هە یە ج یاوازە لەوەی لە شیعری کۆندا یە، د یارترین شتێك کە تیا یدا بـ ێت (زیندویەتیـ یە)، ئە مەش لەبەر ئەوەی پێ کدێت بە پێک هاتێکی ئە ندامێتی، تەنها کۆمەڵە یەکی پتەو نییە لە چەند ڕەگەزێکی وشك‌و وەستاو))[٤٥٣].

لە وێنەی شیعریدا، کەرە ستەکانی شاعیرـ بریتیین لە و شەی جوان و ئەندێشەو خەیاڵ و هەڵچوونی دەروون، کە بە هۆیەوە شاعیرـ باری سەرنـج و ئەزموونی بەردەوامی خۆیی و تێڕوانینی بۆ ژیانی ڕۆژانە و سرو شت و دەوروبەر، لە چوار چێوەی دەقێکی شیعریدا، دەخاتە ڕوو، خوێنەر کاتیٚ دەقەکە دەخوێنێتەوە هەمان وێنە لە بیروخەیاڵیدا دەکێشرێتەوە .((وێنەی شیعری بە زمانی شیعری و ئەندێشە درو ست دەبێت و ئەم دوانەش لە بەکارهێنانی خوازەوە درو ست دەبن، وێنەی شیعری یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە بنیاتی دەقی شیعری پێکدێنێت و سیمایەکی هونەری جوان و کاریگەریی پێدەبەخشێت. مەبەست لەوێنەی شیعری، بەخشینی جوانییە بە ڕوخسارو ناوەرۆکی شیعری بەکامێرای چاو و ئەندێ شەو لە تاقیگەی و شەدا ئەو تابلۆیە دەنەخ شێنرێت))[٤٥٤]، وێنە لە شیعری نوێدا ڕەگەزێکی گرنگە، کە تەنها بۆ ڕازاندنەوەو جوانی شیعرەکە داناهێنرێت، بەڵکو شاعیرـ بەهۆی ئەندێشەی بەهێز و خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، وێنەیەکی بەرجە ستەکراوی هە ست و نە ست و باری دەروونی دەخوڵقێنێت، کەئەمە لە زۆر ڕووەوە دەبێتە مایەی تێگەیـ شتن و نزیکبوونەوە لە فەزای گ شتی شیعر، وێنە لەخودی خۆیدا بەرزی و بڵندی و ژیانی شیعرە، هەروەها دەبێتە کلیلێك بۆ کردنەوەی کۆدو هێماکانی. لە شیعری کلا سیکی دا بایەخێکی زۆر بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دراوە، چونکە وێنە دەتوانریٚ لەڕێگەی لێک چواندن و خوا ستن و درکەوە پێك بهێنریٚ، ئەگەر چی ئەم هونەرانە لە ڕەوانبێژی کلا سیکدا هەن، بۆیە دەبینین وێنەی شیعریش هەر لە سەر پایەکانی ئەو هونەرە وە ستاوە و بەهۆی ئەو هونەرەوە درو ست کراوە، لە زۆر ڕووەوە تەنها بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی دەقە شیعریەکە بەکار هاتووە، ((بەڵام تایبەت نین تەنها بەم ڕەوانبێژییەوە، چونکە ئەم هونەرانە لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی جیهاندا بەر چاو دەکەون))[٤٥٥]. لەگەڵ ئەوە شدا ((لە شیعری نوێدا ئەم چوار چێوەیە دە شکێت و وێنە شیعرییەکان گرنگییەکی زیاتر پەیدا دەکەن. دەتوانین بڵێین هونەری(مەجاز- میتافۆر)یەکێکە لەو هونەرە گرنگانەی کە لە شیعری کۆن و نویٚ و هەروەها لە ڕەخنەی کۆن و نوێ شدا، شوێنی بایەخ پێدانێکی گەورەیە، چونکە شیعر تا ئەندازەیەکی زۆر لەسەر مەجاز ڕادەوەستێت. ڕەخنەگری ئینگلیزی هێربەرت رید(١٨٩٣-١٩٦٨)، کە لە بارەی شیعرو هونەری شێوەکاریش دەنوو سیت، دەڵێت: بۆئەوەی بتوانین بە تەواوی شاعیرێك هەڵب سەنگێنین، دەبیٚ هەمیـ شە سەیری هێزی مەجاز بکەین لە شیعرەکانیداو لەوێوە

٤٥٣- مسعد محمد زیاد(د)، ارشیف : ١١٣٢٠، .... http://www.alfaseeh.com

٤٥٤ – حوسێن کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی... ل٧٧.

٤٥٥ – ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی....، ل١٤١.

ڕە سەنایەتی شاعیرەکە بدۆزینەوە))[٤٥٦]. وێنەی شیعری بە چەند جۆرو شێواز بونیاد دەنرێت بەگشتی توێژەران چەند جۆرێکیان دەستنیشانکردووە لەوانە بەڕێگای (لێکچوواندن و خواستن و درکە)

١) **لێکچوواندن و وێنەی شیعری:** لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییەو یەکێکە لەو ڕەگەزانەی توانای بنیادنانی هەیە لە وێنەی شیعریدا،((لێک چواندن، بە ستن و پەیداکردنی وێک چوونێکە لە نێوان دوو شتا بەهۆی هاوبەش بوونیان لەیەك سیفەتا یان زیاتر بۆ مەبە ستێك یان چەند مەبە ستێکی دیار))[٤٥٧]. دیارە لە شیعری بۆنەدا وێنەی شیعری ڕەنگدانەوەی بابەتی بۆنەکەیەو بەهۆی ئەم هونەرەی ڕەوانبێژییەوە زۆرێك لەو وێنانە پێکدەهێنرێت، بە تایبەت ئەو شیعرانەی بەزۆری بۆ لاواندنەوەو وەسف و ستایش بەکاردەهێنرێن:

سەلامی شاعیر لە شیوەنێکیدا بۆ مەرگی(کاکە حسەینی شێخ عەبدالکریمی گرێچنە)ی نووسیوە، لە بەشێکی ئەو دەقەدا دەڵێ:

**ئــــــاهو هـــەناسەی قـــەوم و ئەقرەبا بوو بە هـــەورو تەم**
**هەڵسا چین بەچین کەوتە ڕووی سەما بـــاران بــە خوڕەم**
**چەن لە لام خۆش بوو دانیشتی لەلام وەك شێری زەمــان**
**دانیشـــتن بە جـووت تۆو خاڵە سەلام خـــــاکم بـەدامان....**[٤٥٨]

لەم چەند دێڕەدا وێنەی شیعری لە سەر بنەمای لێك چواندن درو ست بووە (هەنا سەی قەوم و ئەقرەبا وەك هەورو تەم، دانیشتی تۆ لەلام کە مەبەستی کاکە حسەینە وەك شێری زەمان)ە.

٢) **خوا ستن و وێنەی شیعری:** خوا ستن هونەرێکی ڕەوانبێژییە و یەکێکە لەو هونەرانەی توانای بنیاتنانی وێنەی هەیە لە شیعردا، خواستن((واتە سیفەتێکی شتێك دەگوێزینەوە بۆ شتێکی تر یان بۆ مرۆڤ، یان لە سروو شتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێ چەوانە شەوە، ئەمە بەربلاوترین ڤی چەری زمانە، کەتیایدا یەك شت، بیر، یان کارێك بە و شەو دەربڕین دەگەڕێنرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چونکە هەندێ خاسییەتی هاوبەشیان هەیە))[٤٥٩]، یان خواستن ((ئەوخوازەیەیە کە پەیوەندییەکەی لێک چوون بێت))[٤٦٠]. خوا ستن لە شیعردا، یانی گوا ستنەوەی زمانی زات بۆ زمانی هێمایی، لەو پرۆ سەی گوا ستنەوەیەدا ، زمان لە ئا ستی یەکەمدا (ماناکەی) لە دە ست ئەدات، بۆ ئەوەی لە ئا ستی دووەمدا سەرهەڵبداتەوە، ئا شکرایە وێنەی هونەریش هۆکاری گەورەی درو ستبوونی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوەیە.

---

[٤٥٦]– نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی.... ل١٩٦.

[٤٥٧] – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ،بەغداد،ل١٩٧٢، ل٢٢.

[٤٥٨]- ئومێد کاکە ڕەش، دیوانی سەلام، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩١ ـ ل٢٢٣.

[٤٥٩] - پیتەر هاڵبێرگ ودانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی... ل٧٩.

[٤٦٠] - کامل حسن عزیز البصیر(د)، زانستی ئاوەڵواتا...،ل٨٤.

لەساڵی (١٩٤٧)  چوار ئەف سەرەکەی کورد پاش ڕووخانی کۆماری کورد ستان تە سلیم بەڕژێمی پاشایەتی عێراق کران و لە سێدارەدران، هێنانەوەی تەرمی دووان لەو ئەفسەرانە بۆشاری سلێمانی بووە هۆی خرۆشانی شارو پیرەمێردی شاعیر لەو بۆنەیەدا شیعری(کۆستی نوێ)ی نووسی. باس لەهینانەوەی ئەو دوو تەرمە دەکات. لەم شیعرەدا لەڕێگەی هونەری خواستنەوە وێنەیەکی شیعری جوانی پێکهێناوە:

**دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە**

**گەڕی گەردوونە کوردی گرتەوە**

**ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕە شێرە**

**زنجیریان پچڕان گەینەوە ئێرە....**                    پیرەمێردی نەمر، ل٣٣٤

دەبینین  سیفەتی(ئازایەتی  شێر)ی گوا ستووەتەوە بۆ ئەو دوو ئەف سەرەی لە بری ناوهێنانی شەهیدەکان نەڕە شێری خواستووە، واتە پەیوەندییەکی لێکچوون هەیە لە نێوان شەهیدەکان و شێردا کە ئەویش سیفەتی ئازایەتییە.

جیاوازی نێوان خواستن و لێکچواندن ئەوەیە، کە((لێکچواندن دوو بنەڕەتی هەیە- لێچوو، لەوچوو، کەچی خواستن یا تەنها لەوچوو ئەوترێ یا لێچوو ئەوترێ و پەیوەستێکی لەوچووی ئەدرێتێ))[٤٦١].

٣) **درکە و وێنەی  شیعری:** هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بە شدارە لە پێکهێنان و درو ستکردنی وێنەی شیعریدا،(( شێوەیەکی ئاخاوتنە، کە جێگەی ناوی شتێك بەناوی چەند شتێکی تر دەگرێتەوە، کەیەک  سەر ئەوت بیردەخاتەوە))[٤٦٢]. یان دەوترێ:((درکە بریتییە لەوەی   شتێك بخەیەڕوو، مەبە ستت لێی  شتێکی تر بێت))[٤٦٣]. عەلائەدین  سەجادیش لە پێنا سەیەکدا دەڵێ: ((وتراوە ئەگەر  شتێك لە ئارادا نەبوو کە و شەکە ببڕێ بە سەر گوزارە ڕە سەنی و نەژادیەکەدا ئەوە درکەیە))[٤٦٤]، درکە ئەو گوزارەیەی دەردەبڕێت مەبەست پێی شتێکی ترە.

گۆرانی  شاعیر لە  شیعری(جەژنی نەورۆز)دا لەو هۆنراوەیەدا کۆمەڵێك وێنەی  شیعری جوانی پێکهێناوە و چێژو و دیمەنێکی ڕازاوەی بە هۆنراوەکە بەخشیوە:

**بەســـــورێکی تـــــــر ئەستێرەی ئینسان گر!   قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر**

**کام قەومی کۆن کام جەژنی بەرزو پیرۆز     قەومی مادی! جەژنی بڵندی نەورۆز...** دیوانی گۆران،ل١٥٤

شاعیر لەڕێگەی هونەری (درکە)وە وێنەی  شیعری درو ست کردووە لەم  شیعرەدا (ئە ستێرەی ئینـ سان گر درکەیەو مەبە ست لێی زەویە، هەروەها قەومی کۆن درکەیەو مەبە ست لێی میللەتی کوردە، جەژنی ئاگر درکەیەو مەبەست لێی نەورۆزە، جەژنی بەرزو پیرۆز درکەیە مەبەست لێی نەورۆزە).

[٤٦١]- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم....، ل٧١.

[٤٦٢]- کامل حسن عزیز البصیر(د)، زانستی ئاوەڵواتا....،ل٨١

[٤٦٣]- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا(د)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان ....،ل٢٠٥.

[٤٦٤]- علاالدین سجادی، خۆشخوانی" ....، ل٦١.

## تەوەرەی سێیەم/ جۆرەکانی شیعر لە ڕووی ناوەرۆکەوە:

ئەوەی شتێکی بنەڕەتییە لەشیعردا کە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، شێوەو ناوەرۆك دوو شتی لێك جیانەکراوەن، شیعرێکی باش ماناکەی لە شێوازە ئەدەبی یان ڕەوانبێژیەکەیەوە بەدە ست دێنێت، هەروەها لەو بابەتەی ئاماژەی پێدەکات، بە شێوەیەکی نموونەیی شێوازەکە یارمەتیدەری ناوەرۆکەکەیە بە دەربڕین یان تێرکردنی بیروڕاکان، ئەویش بە پێکەوە گرێدانی ئەزموونی شاعیر لە گەڵ ئەو تاقیکردنەوەی شاعیر و دەورووبەرەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، کە لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا بەرجە ستە دەبێت، ئەوەی ئێمە ئاماژەی پێدەکەین بەتەنها ناوەرۆکی جۆرێکی شیعر نییە، بەڵکو نیشاندانی هەموو جۆرەکانی شیعرە بەپێی ناوەرۆك ئەوانیش (دا ستان- لیریکی- درامی- فێرکاری- پەخ شانە شیعر- تەنز " ساتیرا")، هەر چەندە م. عەلائەددین سەجادی جۆرەکانی شیعری دابە شکردووە بۆ سێ جۆر(( شەرو شۆڕ(ملاحم)- گۆرانی(غنائی) □ لا سایی (تمثیلی) ))[465]، د. شوکریە ڕە سول ئەو جۆرانەی شیعر بۆ((گۆرانی، داستانی، درامی، فێرکردن دابەشکردوە))[466] بەڵام لە ئێستادا جۆرەکانی لەو پۆلێنە کە پێشتر کراوە زیاتر بووە لێرەدا دێینە سەر باسکردنیان:

### ١- شیعری داستان:

دا ستان: بریتییە لە چیرۆکێکی شیعریی درێژ کە ((با سی پاڵەوانێتی نەتەوایەتی دەکات و ڕووداوەکانی لەڕا ستی و خەیاڵەوە ئاوێتەن. کە سەکانی ناو دا ستان، لەبارەی لەش و ئاوەزەوە لەکە سانی ئاسایی جیان، لەوان بەرزترن...داستان ئەفسانەو هەقایەتی میللی و شارستانێتی نەتەوایەتی و مێژووی دێرین و شەڕوشۆڕو داب و نەریت و گیروگرفت و بیروباوەڕی سروشتی و ئەودیو سروشتی تێدایە))[467].

یان دەوترێ شیعری دا ستانی ((کە لە شێوەی گێڕانەوەدایە، دەتوانێ لا سایی چەند ڕووداوێك بکاتەوە کە هەموویان بەیەکەوە لەیەك کاتدا، ڕوو دەدەن و ئەگەر بێت و ڕووداوەکان پەیوە ست بن بەبابەتەکەوە سەنگی داستانەکە زیاد دەکەن و سیمای شکۆمەندیی و بایەخی جۆراوجۆری ڕووداوەکانی پێ دەبەخشن))[468].

### ٢- شیعری لیریکی:

لیریك دەربڕینێکی هونەری واقیعیە ((لە ڕووخ سارێکی ئەندێ شەو هە ست و نە ست ئامێزدا و بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێ. لەبەر ئەوەی ئەرکی شاعیری لیریك دەربڕینی ئازارو ئاواتی مرۆڤە، لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە، بۆیە جۆرە زمانێکی چڕو ئامێرێکی دەربڕینی هە ست و نە ست بزوێنی پێوی ستە))[469] یان بەم جۆرە پێنا سە دەکرێ: ((ئەو چە شنە هۆنراوەیە لە دڵ و دەروون و ویژدانی

---

[465]- عەلائەددین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی،....،ل١٦٥.

[466]- دەروانرێتە:شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی....، ل٨٦.

[467]- ئەرەستۆ، هونەری شیعر...، ل١١٢.

[468]- هەمان سەرچاوە...، ل٩٢.

[469]- پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و....، ل٦١.

شاعیرەوە هەڵدەقوولێ و بەسۆزێکی خەست و خۆڵەوە لە چوارچێوەی باسەکانی خۆشەویستی و ڕەنج و دەردو مەینەتیدا دەردەبڕێت))[٤٧٠]، واتە باسی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی مرۆڤەکانە.

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارو بەر چاوەکانی شیعری لیریکی ئەوەیە، کە((ڕا ستەوخۆ تاقیکردنەوەیەکی کە سیی دەردەبڕێ، هەر ئەمە شە لە جۆرەکانی تری دادەبڕێ، چونکە جۆرەکانی تری هۆنراوە زیاتر بابەتین و ڕاستەوخۆ باس لە موعاناتی شاعیر ناکەن))[٤٧١]، لەشیعری لیریکیدا چەند گرنگی بەلایەنی بابەتیش بدات و لەبارەیەوە بدوێت، ((هێ شتا هەر بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕا ستەوخۆ لەناو موعاناتی کەسی و لە چوارچێوەی تێڕوانینێك لە تێڕوانینەکانی ناوەوەی شاعیردا دەمێنێتەوە))[٤٧٢]، یان دەوترێ:((زۆر جاریش لە ڕێگەی ئەم خودیەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ و تاکێتی ئەتوێتەوەو بزر دەبێ و دەبێتە بەشێك لە گشت))[٤٧٣].

شیعری لیریکی شیعری سۆزو حەزو هە ست وروژاندنی دەروونی شاعیرە لەبارەی ئەو بابەت و ڕووداوە خۆش و ناخۆ شانەی دەقە شیعرییەکەی لەبارەوە دەهۆنێتەوە، لە شیعری لیریکدا بەهۆی تێکەڵبوونی تاقیکردنەوەی شاعیرو دەورووبەر بە ناوەرۆکی شیعرەکە بەئا سانی هە ست بە بوون و حزووری شاعیر دەکرێت لە ناویدا، کەمەبەست لە خۆویستی شاعیر نییە، بەڵکو هەڵچوونی ڕاستەوخۆی ویژدانی شاعیرە، بۆیە سەرجەم مەبە ستەکانی شیعر لە شیعری لیریکدا سەرهەڵدەدەن د. هیمداد دەڵێ:((هەموو ئەو مەبەستە شیعریانەی بەکاریان هێناوە دەچنەوە خانەی شیعری لیریك))[٤٧٤].

وەك باسکرا شیعری لیریکی تایبەتمەندییەتی ئەوەی هەیە خودییەو سەرچاوەی هەست و سۆزە کەسییەکانەو ئەزموونی شاعیرو دەورووبەرەکەی هۆکاری لەدایکبوونی ئەم جۆرەی شیعرە، لەبەرئەوەی شیعری بۆنەش کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە زیاتر وەستاوەتەوە سەر ئەو هەست و سۆزو ئەندێشەو هەڵچوونە دەروونیانەی کە تۆوی لەدایکبوونی دەقە شعرییەکانن، بۆیە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەبا سەکەماندا نموونەی ئەم جۆرە شیعرەمان بەکارهێناوەو لەجۆرەکانی تری شیعر تاڕادەیەك دوورکەوتووینەتەوە. لەگەڵ ئەوە شدا ناتوانرێت بگوترێ جۆرەکانی تری شیعر لە بۆنە و مونا سەبات خاڵین، بەڵام دیارو بەرچاونین، بەو شێوەیەیی کە لە شیعری لیریکدا دەبینرێن.

لێرەدا بۆ نموونەی شیعری لیریك پار چە شیعرێکی جوان و بەرزی (ئە سیری شاعیر) ، ( شینی صالح زەکی بەگی صاحیبقران) بەنموونە دەهێنینەوە کە بەبۆنەی مردنیەوە لە ساڵی ١٣٦١ی کۆچی، کە دەکاتە ساڵی ١٩٤٢ز نووسیویەتی، لە بەشێکیدا دەڵێ:

**پیاوی لەشکری زاناو هۆشەنگ**

**کەلێنی خستە قوللەی گەل نەمانت**

---

[٤٧٠]- عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان و...، ل٦٤.

[٤٧١]- دڵشاد عەلی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە....، ل٢٢.

[٤٧٢]- هەمان سەرچاوە... ل٢٢.

[٤٧٣]- شوکریە ڕەسول(د)، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی...،ل٢٨.

[٤٧٤]- هیمداد حوسێن(د)، ڕێبازە ئەدەبییەکان....ل٦٤.

**لەشت گەرچی نەما، گوم بوو لەبەر چاو**

**دەمێنێ تاکو و کورد مابێ نیشانت...**[٤٧٥]

هەروەها موفتی پێنجوینی بەبۆنەی ئاوارە بوونیان لە (بومەلەرزەی پێنجوێن)داو چەند جارەی ئەو بومەلەرزانە، چەند دەقێکی شیعری نوو سیوە، کە ئەمە بە شێکی یەکێك لەو دەقانەیە، بە ناوی (سۆزی پێنجوێن) کەهەست و سۆزی شاعیر بۆ ئەو کارەسات و ئاوارەییە نیشان دەدات:

**داخەکەم پێنجوێن کـــەوا ئەمڕۆ لە تۆ دوور و جیاین**

**تۆ بەهەشت و ئێمە وەك ئـــادەم لە ناوتا دەرکراین...** دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١١٣.

## ٣- شیعری فێرکاری:

ئەم هۆنراوەیە تەنیا بۆ مەبە ستی فێرکردنە. هەندێ جار چیرۆك و پەند و سەرگوز شتەش دەهێنرێتەوە، لەڕووی دارشتنی هونەرییەوە شاعیر زۆر مەبەستی ڕازاندنەوەی نییە ، زیاتر بۆمەبەستی زانیاری بەخشینەو وەك هۆیەکە بۆ فێرکردن، بۆیە لەبارەی مەبە ستی ئەم جۆرە شیعرەو پێنا سەکەی لەئەدەبیاتدا دەوترێ: شیعری فێرکاری((هەوڵدانێکە بۆ خـ ستنە ڕووی بابەتە ئەخلاقیی و ئاینیی و مەزهەبیی و زانـ ستیی و فەلـ سەفییەکان، لە چوار چێوەی ئەدەبدا، نموونەی ئەم جۆرە لەئەدەبی جیهانییدا، لەبەرهەمی (لەبەردرگای سرو شتدا)ی (لۆکرتیۆس)ی شاعیرو فەیلە سوفی ڕۆمییە، کەلە چەرخی یەکەمی پێش زایندا دایناوە، دواتریش بیروباوەڕەکانی فەیلە سوفی یۆنانی (ئەپیکور)و لەعەرەبیشدا ئەلفییەی (ئیبن مالك)دەبنە نموونەی ئەم جۆرە شیعرە))[٤٧٦].

لە ئەدەبی کوردیـ شدا (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی و(ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێ نموونەی شیعرێکی فێرکاریین، (ئەحمەدی) لەلایەن (شێخ مارفی نۆدێ) وە دانراوە، لەساڵی ١٨٩٥ز وتراوەو لەساڵی ١٩٣٦ز بۆیەکەم جار چاپکراوە، ئەم فەرهەنگە شیعرییە لەلایەن شیخ مارفەوە بۆ ئەوە دانراوە، تا کوڕەکەی فێری زمانی عەرەبی بکا: ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکەی:

**(رأس): سەرە. (عین): چاوە (بدن): قالیب. (اسم): ناوە**

**(أنف): لووتە. (حاجب): برۆ (فخذ): ڕانە: (رکبة): ئەژنۆ....**[٤٧٧]

## ٤- شیعری درامی(شیعری شانۆیی):

شیعری درامی: ((ئەم جۆرە شیعرە جیاوازە لە جۆرەکانی تر، چونکە دیمەنێکی بینراوی لەگەڵ دەبێت، لەم جۆرە هۆنراوەیەدا توخمە بابەتییەکە بە تەواوی دەبێتە بنەمای جیاکەرەوەی. شاعیر لە خودییەت بەرەو بابەتییەت هەنگاو دەنێت، لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە نزیك دەبێتەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە بابەتی شیعریی و دەمەتەقێ و گفتوگۆ دروست دەبێ لەگەڵ دیمەنەکەدا. وشەی

[٤٧٥]- مستەفا عەسکەری، دیوانی ئەسیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد ١٩٨٧، ل١٢٥.

[٤٧٦]- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنەئەدەبی...،ل٦١.

[٤٧٧]- شێخ مارفی نۆدێ، أحمدی، لەسەر ئەرکی کتێب فرۆشی عبدالرحیمی محمودی لەچاپ دراوە، سنە، ١٣٦٥، ل٣ و١١.

دراما به واتای کار، یان جووڵە دێت، هەربۆیەش خوێنەر بە ڕێگای زەینەوە لەناو شیعرەکەدا هەست بە جووڵەو کردارەکان دەکات. شیعری درامی چەند ڕەگەزێکی تێدایە، ئەوانیش: پاڵەوان، گفتوگۆ، ڕووداو، ململانێ، کات و شوێن... ئەم ڕەگەزانەش بنەمای سەرەکی درامان. سەرەتای ئەم جۆرە شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ لای یۆنانییەکان))[٤٧٨].

سەبارەت بە سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەبێت لەو دەقانەوە با سیان لێوە بکرێ، کە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا هەبوون و بە شیعر وتراون و بنەماو ڕەگەزەکانی درامییان تێدابووە و بە شێوەی دیالۆگ خراونەتەڕوو، ((لە دەرئەنجامی ئەفسانەو باوەڕی کۆن، یا بەجێگەیاندنی مەرا سیمی ئاینی یەوە یاخود لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەماو شیوەن و کۆتەڵ و کار و کردەوەکانی ڕۆژانەیان هاتۆتەکایەوە... سیماو ڕەگەزو بنەماکانی شیعری شانۆیی تێدا دیارو بەر چاوەو دواتریش بوونەتە ڕێگەخۆ شکەرێك و زەمینە سازاندنێك بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی هونەریی شیعری شانۆیی))[٤٧٩].

## ٥- پەخشانە شیعر:

پەخ شانە شیعرو ئەو دەقە شیعریانەی لەم بارەوە دەنوو سران بوونە مەیدانی فیکری و ڕەخنەیی و ڕەخنەی هاو چەرخیان((ئا شنای سنوورێکی ڕونتری نێوان کێش و ڕیتم کرد))[٤٨٠] ، ( سۆزان بێرنار) پێی وایە((مە سەلەی پەخ شانە شیعر پێوەندیی بە دۆزینەوەی زمانێك و ملکە چکردنی و شە ئاساییەکان بۆ مەبەستی زۆر تازە و نووسین لە پێناوی ئەفراندنی جیهانێکی نوێوە هەیە))[٤٨١].

## ٦- شیعری ساتیرا(تەنز):

ئەم زاراوەیە بە شیعر یان بەبەیتێك دەگوترێ، کە ((لە نێوەڕۆکی جیاواز پێك هاتبێ، ڕەگ و ڕیـ شەکەی(Satire)یە (لو سیوس) داهێنەری ئەم زاراوەیەیەو پا شان (هۆراس) تەواوی کردووە))[٤٨٢]. لەبواری شیعردا ئەم هونەرە بەو شیعرانە دەگوترێ بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزو پێکەنیناوی ڕەخنە لە نا تەواوی یە کان و کەموکورتیـ یە کانی کۆ مەڵ و مرۆ ڤە کان دەگر یت، خۆی وا بە ستەی بە ها کۆمەڵایەتییەکان ناکات، هەروەها لەبارەی ساتیرا(تەنز)وە دەگوترێ: ((تەنز لە وشەدا بەمانای تانە لێدان دێت، بەڵام واتا سەرەکییەکەی کە لە کۆندا بەکاربراوە تێغی نە شتەرگەرییە. لە ئینگلیزیدا بە تەنز دەوترێ (satire) کە لە (satira)ی لاتینییەوە وەرگیراوە))[٤٨٣] لە ئەدەبیاتدا تەنز بە جۆرێك لە شیعر یان پەخشان دەوترێت ((کە هەڵە یان لایەنە نەویستراوەکانی ڕەفتارگەی مرۆڤ، گەندەڵییە کۆمەڵایەتیو سیاسیو تەنانەت بیرکردنەوە فەلسەفیەکانیش بەشێوەیەکی پێکەنیناوی ئەخاتە بەر ڕەخنەوە))[٤٨٤].

---

[٤٧٨] - پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١١٧ - ١٢٤.

[٤٧٩] - هەمان سەرچاوە... ل٣٦٧.

[٤٨٠] - محەمەد بەکر(د)، کێش و ریتمی شیعری ...، ل٣٩.

[٤٨١] - محەمەد بەکر(د)، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٠.

[٤٨٢] - بوکنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی....بەرگی یەکەم..،ل١٣٦.

[٤٨٣]- محمد رضا أصلانی، فرهنگ واژگان واصطلاحات طنز، انتشارات کاروان، ١٣٨٥، ص١٤٠.

[٤٨٤] - هەمان سەرچاوە.. ص١٤٠.

# بەشی سێیەم/  شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥ز)

## تەوەرەی یەکەم/ شیعری بۆنە ئاینییەکان:

## تەوەرەی دووەم/ شیعری بۆنە سیاسیی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان:

## تەوەرەی سێیەم/ شیعری بۆنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و کەسییەکان:

## تەوەرەی چوارەم/ شیعری بۆنە سروشتییەکان:

## بەشی سێیەم/ شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا لە سالآنی(١٩١٤-١٩٤٥ز)

شیعر وەك یەکێك لەو بابەتە ئالۆزانە دێتە ئەژمار کە بوونیان هەیە، چونکە شیعر لەگەڵ زۆربەی چەمکەکاندا پێنا سەی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ ، شیعر لەگەڵ واقیع دە ست لە ملانەو ئاوێتەی هەڵسوکەوتوو ڕەفتارو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاین و سیا سەت و سرو شتی نەتەوەکەیەتی، لەگەڵ خەیاڵیـ شدا باڵا گەردانی یەکتر دەبن، شیعر بەخەیاڵ دەڕازێتەوەو بنیادی هونەری جوان و پێکهاتەی ئێستاتیکی پێدەبەخشێ، شیعر هەم دەبێتە پێناسە بۆ دەوروبەرو سروشت و هەست و سۆزو هەڵچوون، هەم دەبێتە بوونێکی تەواو یاخی و سەربەخۆو خۆبەدە ستەوە نەدەر، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیـ ستەم بە شێك لە ڕەخنەگران، پێیان وابوو کاری بنەڕەتی شیعر ئەوەیە گوزار شت لە ویژدانو ناخی شاعیر بکات، لەبەر ئەوەی هۆنراوە لە کرۆکی سۆزو هە ستدایە، بۆیە دەبینین ڕەخنەگران و لێکۆڵەران لە بارەی پێناسەی شیعرەوە هاوڕاو هاوبۆچوون نین. لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەین کە ناکرێت تاقە پێنا سەیەکی شیعر بەهەند وەربگرین و لەو ڕوانگەیەوە بابەتێکی شیعری پێ هەڵ سەنگێنین و شیعرییەتی دەقێکی پێ بخەینەڕوو یان بیکەینە پێوەری با شی و خراپی و بەرزی و نزمی دەقێك و جۆرێکی شیعر، بۆیە توێژینەوەکەمان بەواتا گ شتگیرو فراوانەکەی لە شیعر دەڕوانێت و پێنا سەیەك و دوان و بۆ چوونێك و دوان لەمەڕ شیعر بەتەنها ناکاتە پێوەر، بۆ نموونە لە با سی شیعری بۆنەدا ئەو پێنا سانەی بۆ ئەم جۆرەی شیعر کراون، چەند بیروڕایەکی جیاوازن و ڕەخنەگران و شاعیران بۆ چوونی جیاوازیان هەیەو بە شێکی زۆریان سەرنجی با شیان هەیەو لایەنەکانی ئەم جۆرە شیعرە پۆلێن دەکەن و بەرزی و نزمی و ئا ستی هونەری و ڕازاوەیی شیعرەکە دەبە ستنەوە بە جۆری بۆنەو ئا ستی ڕۆ شنبیری شاعیران و تواناو لێهاتووی شاعیر بۆ هۆنینەوەی شیعرەکەو ئەو تۆوەی هۆکاری سەرهەڵدان و لەدایکبوونی دەقە شیعرییەکەیە، بۆیە بەهەر جۆرێکی تری شیعریان چوواندووە کە لە ئا ستی ئەو هەڵ سەنگاندنەدا دەینرخێنن، بۆ نموونە کە بۆ جۆرێکی تری وەك شیعرێك بۆ مەبە ستی دڵداری یان مەبە ستێکی تر وتراوە، بە شێوەیەکی گ شتی سەرکەوتنی دەق و بەرزی ئا ستەکەی ئەوەندەی پەیوەندی بە توانای دەربڕین و بابەتی سەرهەڵدانی دەقەکەوە هەیە، هێندە پەیوە ست نییە بە جۆری دەقەکەوە. جیا لەم بۆ چوونانە زۆرجار شیعری بۆنە وەك کەرە ستەیەکی مێژوویی کەڵك و سوودی لێدەبینرێت و مێژووی بۆنەو ڕووداوەکانی پێ دەستنیشان دەکرێت.

نابێت چاو لەوەش بپۆ شین، کە هەندێك لەڕەخنەگران بە چاوێکی بەرزەوە تەما شای ئەم جۆرەی شیعر ناکەن، ئێمە بە شێوەیەکی فراوان لە بە شی یەکەمی با سەکەماندا تیشکمان خستۆتە سەر ئەو بۆچوونانەو بەڕاشکاوانە پشتگیری ئەو بۆچوونانەمان کردووە، کە زۆربەی شیعری بۆنەی پێ گرنگ و بایەخدارەو بەخاوەن تەکنیکی بەرزو شێوازو ناوەرۆکێکی بەهێز لەقەڵەمی دەدات.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا شیعری بۆنە نەك هەر زیاد نییە، بەڵکو لە قۆناغێکی شیعری کوردیدا پێویستییەکی حەتمی بووەو توانیویەتی زۆر چالاکانە بەشدار بێت لە گواستنەوەی پەیامی شۆڕشگێڕی و دەرخ ستن و چارە سەری هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتی و تۆمارکردنی ڕووداو و کارە ساتەکان، هەروەها

بەشداربێت لە بۆنەی خۆشی و ناخۆشی میللەتی کوردو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، ڕوداو و کارەساتەکانی ئەم گەلە بەجۆرێك بووە، وایکردووە شیعری بۆنە خۆی بـ سەلمێنێت و کەڵك و گرنگی زۆر لە خەبات و تێکۆ شانی میللەتی کورددا ببینیّ و ببێتە یەکێکی تر لە کەرە ستە گرنگەکانی شۆڕش و بەرخودانی ڕۆڵەکانی دژی چەوسانەوە و زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەت شیعری بۆنە نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەو شیعرانە لە قۆناغی خەباتی کورددا لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ساڵانی(١٩١٤-١٩٤٥) ئەرکی وریاکردنەوەو هاندان و لێبڕان بۆ تێکۆشان و هەندێ جاریش چارەسەرکردنی دەردو گرفتەکانی دواکەووتویی کۆمەڵگایان لە ئەستۆ گرتبوو.

کورد میللەتێکی ژێردە ستەو چەو ساوەو خاك دابە شکراو داگیرکراوە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەو قۆناغەی دە ستنیـ شانمانکردووە بۆ سنووری توێژینەوەکەمان، شیعر توانیویەتی وەزیفەیەکی گەورەو گرنگ لە ئەستۆ بگرێت و هاوشانی هەموو جۆرە بزاوتن و جوڵەو تێکۆشانێك وەك کایەیەکی ڕۆ شنبیری لە کاروانی خەبات دوانەکەوێت و ئەنجامی دڵخۆ شکەر لەبواری خزمەتی هەمەلایەنە بۆ دۆزی کورد دە ستەبەر بکات، خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، ئەدەب بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی توانای زیندوو ڕاگرتن و بەرەو پێشەوە بردن و پاککردنەوەی زمانی کوردی هەبووە. هەروەها لەگەڵ ئەوە شدا شاعیرانیش وەك ڕۆڵەی بەئەمەك و خەباتکارو تێکۆ شەر هەمیـ شە لەبەرەی خەباتی میللەتەکەیان دانەبڕاون و بەشیعرەکانیان بۆنەو مناسەبەتەکانیان بەزیندووی ڕاگرتووە.

لەم بە شەدا کە بە شی سێیەمی توێژینەوەکەمانە، کە زیاتر لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت، شیعری کۆمەڵێك شاعیر دەخەینەڕوو کە لە نێوانی ساڵانی(١٩١٤-١٩٤٥) شیعریان بۆ بۆنەو منا سەباتی ئاینی و نیـ شتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیری و کە سی و سرو شتییەکان نوو سیوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێك وەك سەرنجی گشتی لەسەر شێوازی خستنەڕووی ئەو دەقە شیعریانە بە گرنگ دەزانین:

١- لەبەر خۆپارێزیمان لە فراوانبوونی لە ڕادەبەدەری توێژینەوەکە لەڕووی چەندییەتییەوە، بواری ئەوەمان نییە، کە شیعری بۆنەی هەموو شاعیرانمان بخەینە بەردەست، هەروەها ناتوانین سەرجەم شیعری بۆنەی ئەو شاعیرانە تۆماربکەین کە لەو ماوەیەدا شیعریان بۆ بۆنە جۆراوجۆرەکان هۆنیوەتەوە، ئەمیش لەبەر ئەوەیە بوونی ڕوداوگەلی خۆش و ناخۆش و کارە سات و بۆنەی جۆراو جۆر کە دوو چاری ژیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان هاتووە لەئەدەبی کوردیدا وای کردووە شیعری بۆنەمان زۆربێت، لەبەر ئەوە بۆ هەر بۆنەیەکی گرنگ و بەر چاو و ڕووداوی دیاری میللەتەکەمان چەند نموونەیەك دەکەینە بەڵگەی ئەو بابەت و بۆنەیەیی، کە باسی لێوە دەکەین.

٢- زۆرجار بۆ هێنانەوەی نموونە تەنها بەیتێك یان چەند بەیتێکی دەقە شیعرییەکە تۆماردەکەین، تەنها لەو بابەتانەدا نەبێت، کە پێویـ ست بێ تەواوی دەقێکی شیعری بخەینەڕوو، تا پەیام و مەبەستی بۆنەکە بدات بەدەستەوە.

هەروەها زیاتر مەبە ستمانە شیعری چەند شاعیرێکی ناوداری گەلەکەمان نیـشان بدەین تا ئەو ڕا ستییە تۆکمەتر بێت، کە شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردیدا گرنگی و بایەخی هونەری و مێژووی و

ڕۆ شنبیری هەیەو بەجۆرێکی بەر چاو ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی سیا سی و کۆمەڵایەتی و زاذ ستی و ڕۆ شنبیری گەلەکەمان لە خۆدەگرێ، ئێمە ئەوەندەی مەبە ستمانە گرنگی و بایەخی شیعری بۆنە لەقۆناغی ژیانی میللەتەکەمان نی شان بدەین، هێندە مەبە ستمان نەبووە، زۆرو بۆری بکەین لەم بابەتەدا، ئەو شاعیرانەی شیعری بۆنەیان نوو سیوە و شیعرەکانیان دەکەینە بەڵگەو لەم بە شەدا دەیخەینە ڕوو(پیرەمێرد و قانع و بێخود و بێکەس و حەمدی و زێوەرو شێخ نووری و گۆران و سەلام و موفتی پێنجوینی و بەختیار زێوەرو ئەسیری و چەندانی تر)ن.

٣- ئەو شاعیرانەی شیعرەکانیان تۆمار دەکەین شیعریان هەیە بۆ هەندێ بۆنەو مونا سەبات نوو سیویانە، بەڵام ساڵانی پێش یان دوای(١٩١٤-١٩٤٥)ز نوو سراون و ئێمە ناتوانین تۆماریان بکەین هەر چەندە هەندێکیان بۆ بۆنەی مەرگی شاعیران و لاواندنەوەی سەرکردەو بۆنەی نی شتمانی و نەتەوەیی و ڕووداوی مێژوویی گرنگن وەك نەورۆز یان سەرکەوتنی شۆڕشێك..هتد، نووسراون.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە شاعیرانمان بە تەنها بۆ بۆنەو موناسەباتی نەتەوەیی و ناوخۆییەکان شیعریان نەنوو سیوە، بەڵکو لە حاڵەتێکی ئینذ سانییەوە ڕوانیویانەتە کێ شەو کارە ساتی نەتەوەکانی ترو لەهەندێ لەو بۆنانەدا شیعریان هۆنیوەتەوە، ڕەنگە بتوانین وەك با شترین نموونە (لاوکی سور بۆکۆریای ئازا)ی گۆران بێهنینەوە، کە لەوبارەیەوە گۆران دەڵێت: ((هیچ کەس نەزانێت، ئێمە(دانی شتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ست) باش ئەوە ئەزانین، ئەمانە ئەیانەوێ کلۆڵی داگیرکراوی ژێردەستیان چۆن بژی))[٤٨٥].

## تەوەرەی یەکەم/ شیعری بۆنە ئاینییەکان:

ئەگەر لە دیدگایەکی گ شتییەوە بڕوانینە بیروباوەڕی گەلی کورد، بێگومان بە گەلێکی مو سڵمان لەقەڵەم دەدرێت. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئی سلام، گەلی کورد باوە شی بە ئی سلامدا کردووە، ئاینی ئیسلام لەناو چە کوردییەکان وەك زۆربەی ناو چەکانی تر پەیامی کۆمەڵایەتی گرنگ و یەکێتی و برایەتی لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلدا چە سپاندو دژی ڕەگەزپەر ستی و دەمارگیری و چەو ساندنەوە وە ستایەوەو ڕەو شتی بەرزی ئاینی لە سەر بنەمای یەکخواپەر ستی و خۆ شەویستی پێغەمبەر(ﷺ)و یارو شوێنکەوتووانی دامەزراندو ڕێزو پایەی مرۆڤی مو سڵمانی بەرزکردەوە، ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی ئاینی ئیسلام لە ناو زۆربەی گەلان و بە گەلی کوردیشەوە زوو گەشەبکات و خۆشەویست ببێ، ئاشکرایە ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییە لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا سەری هەڵدا و لە ئەدەب و شیعریشدا ئاین و بیروباوەڕی ئی سلام ڕەگ و ڕی شەی خۆی داکوتا. ئەوەی ڕا ستییەکی حا شا هەڵنەگرە ئەوەیە زۆربەی شاعیرانی دێرینی نەتەوەکەمان بەهۆی وەرگرتنی زانست و زانیاری لە مزگەوتەکاندا فێری خوێندەواری بوون و لەگەڵ ئەوە شدا زانیاری با شیان لە سەر بیروباوەری ئی سلام و قورئان و ڕەو شت و ژیانی پێغەمبەران وەردەگرت و ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆری دەبوو لە شیعرەکانیاندا بە گەلێك شێوە شیعریان

---

٤٨٥- محەمەدی مەلاکریم، دیوانی گۆران، سەرچەم....ل١٨٤.

هۆنیوەتەوە کە ئەو کاریگەرییە بەدەردەخات لەوانە(موناجات و نەعت و پاڕانەوەو کاریگەریی چیرۆکە قورئانییەکان و ئەو شیعرانەی لەبارەی ستایش و خوشەویستی پێغەمبەرەوە(η) وتراون لەوانە بۆنەو یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(η) مولودنامە و شەو ڕەوی پێغەمبەر(η)(الاســراء والمعراج) بۆنەی جەژنەکانی ئیسلام و....هتد) هەر ئەمەش وایکردووە، کە شیعری ئاینی ((خاوەن ڕەگێکی قوڵ و پتەوبێ و بۆ سەردەمێکی کۆنی ئەدەبیاتی کوردی بگەڕێتەوە، دیارە ئەم بیروباوەڕە و دەربڕینی هەستی موسڵمانێتی شاعیری کورد لە شیعرەکانیان هەر بەردەوام بووە، بەنرخترین سەر چاوە بۆ شیعری ئەو قۆناغە(نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر بووە))[486]. دیارە ئەمەش کۆمەڵێك بۆنەو بابەت و ڕووداو لە مێژووی ئیسلامدا هەبوون شاعیران شیعریان لەبارەوە هۆنیوەتەوە، ئێمەش بە پێی پێویست دێینە سەر باسکردنیان.

پیرەمێردی شاعیر مرۆڤێکی ئاین پەروەری خاوەن ڕەوشتی بەرز، باوەڕی تەواوی بەخواو پێغەمبەرو ئاینی ئیسلام هەبووەو یەکێکە لەو شاعیرانەی سەرەتای خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری لە مزگەوتەکانی کورد ستاندا بووە. پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوشانی شیعری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی گەلێك شیعری بۆ گەلێك بۆنەی ئاینی نووسیوە، بەهۆی ئەوەی لایەنی نەتەوایەتی بەهێزبووە و شیعری بۆ ئەو بۆنە نەتەوایەتییانە بە تایبەت نەورۆز نووسیوە، لەلایەن هەندێ کەسی سادەوە ڕەخنەی لێ گیراوەو بە دوورکەوتوو لە ئاین وەسفیان کردووە، ئەویش بەو بۆنەیەوە، بەم جۆرە وەڵامی داونەتەوە:

**ئەوەی ئەوانن، منیش لە جوابدا ئەیڵێم**

**خوا لە دڵـمایە هیچ کوێ ی بۆ ناگەڕێم** پیرەمێردی نەمر، ل٣٦١

پیرەمێرد بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(η) و لەو بۆنەیەدا چەند دەقێکی شیعری نووسیوە لەوانە:( مەولودی پێغەمبەر(η) ساڵی(١٩٣٦)، لەمەولودی پێغەمبەرا ساڵی(١٩٣٧) و بۆ مەولوودی پێغەمبەر(η)کە لە (مارتی ١٩٤٥) وتوویەتی ، هەروەها لە هەڵبەستێکی تریدا کە (لە ٢١ی مارتی ساڵی ١٩٤٢ز) وتویەتی وا ڕێکدەکەوێ، هەردوو بۆنەی نەورۆز و ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری خودا(η) یەکیان گرتووەو پیرەمێردیش لەم بۆنەیەدا دەڵێت:

بەشێك لەو شیعرە:

**ڕەبیعی عـەرەب، نەوبەهاری کــورد**

**دەســت لـە ملانیان لەبەهارا کــرد**

**جــەژنی مــەولودی پێغەمبەرمانــە**

**وا مــەولودمــان کرد بەنەورۆزانــە**

**ئەم دوو جەژنەمان کەوا یەك کەوتن**

**ڕێی ڕێکــەوتـنە خـوا یەکی خستن...** پیرەمێردی نەمر، ل٣٢٢.

---

[486]- دەڕوانرێتە:نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا...،ل١٧٠.

له دەقی شیعری (لەمەولودی پێغەمبەرا)ئاوا هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە دەردەبڕێ:

**ئـــــــەی پێغەمبـەری شیریـــن کـردەوە**
**کەعبەت لە ژەنگی بت پـــــاك کـردەوە**
**خوا مژدەی دایتێ بە کـــەیـف و مــــەرام**
**(لـتـدخـــلن المسـجـد الــحـــــرام)**
**(انـــا فتحـــنا) کە ســورەی فـــــەتــحە**
**سەراپــا هیوای سەربــەرزی و مـەدحـــــە**
**ئـــــەو ڕۆژە شـێـوەی بــڵندیت نـــواند**
**کە مەککەت گـرتوو، قـــورەیشت شکانـد...** دیوانی پیرەمێرد، ل ٢٦٠

زێوەری خواناس و ئاین پەروەر لەبارەی ستایش و مەولوودی پێغەمبەرەوە(η) چەند دەقێکی شیعری نووسیوە، لە یەکێك لەو دەقانەدا بەم شێوەیە ئەو بۆنەیە بەرز و پیرۆز ڕادەگرێ:

**لەهەر چوار گۆشەی دنیاوە ئەمڕۆ جەژنی مــــەولــــوودە**
**چ مەولوودێ؟** ظهوری **حەزرەتی مەحبووبی مـــــەعبوودە**
**چ مەحبووبێ کە نووری چاوی جوملە ئەهلی تـــــەوحیدە**
**چ مەحبووبێ سەراســەر مەخزەنی عیلم و وەفـــاو جوودە**
**خــــوا لـەم مانگەدا ئـەو نوورە پاکەی خستـــە سەر دنیا**
**لەسەرمـانە ئیحترامی مـانگی وا مە**طلووب **و مەقـــصودە**
**کە ئەحکامی مونیری نـووری شەرعی خستە ناو عالـــەم**
**هەرچی ئەحکامە مەنسووخە هەرچی ئەغیارە مە**طروودە... دیوانی زێوەر، ل٢٠٩.

بێخود بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(η) و لەستایشی ئەو پێشەواو سەروەرەدا دەڵێ:

**بە** ظاهیر **بوونی** طاقی **کیسرەوی نەتدی کە چی پێ هات**
**قـــــەمــــر نـازانی چۆن شەق بوو بەیەك ئیمایی پێغەممەر**
**بەشــــمشێری نـــوعـووتی خۆی و ئال و صەحب و ئەولادی**
**ئـــەبێ شـــەقیان بــکەم تا شەق بەرن ئەعدادی پێغەممەر**
**هـــــەموو ڕۆژێ بـــە باو بـــاپیرو خۆم و کەسمەوە صەدجار**
**لـــە ســــــەرتــاپای مـن قـوربـانی سـەرتـا پای پێغەممەر**
**بجـــوولێنـــــێ صـــەبا تـــا سەروو شمشادی چەمەن(بێخود)**
**صەڵاوات بێ لـــە قـــەدد و قـــامەتی ڕەعنـایی پێغەممەر** دیوانی بێخود، ل٣٦

یەکێکی تر لەو بۆنانەی لەلای موسڵمانان بایەخ و گرنگی زۆری پێدراوە و ساڵانە بەبۆنەیانەوە ئاهەنگ دەگێڕن و خۆشی دەردەبڕن و شیرینی دەبەخشنەوە، دوو جەژنەکەی ئیسلام(جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان)ن شاعیرانی کوردیش وەك ڕۆڵەی موسڵمانی ئەم گەلە بۆ هاتنەوەی ئەم بۆنانە ساڵانە

دڵخۆ شی و بەزموو شادی خۆیان دەربڕیوە و هەندێك لەو شاعیرانە بۆ ئەو دوو بۆنەیە شیعریان هۆنیوەتەوە کە بەشێك لەو شیعرانە دەخەینەڕوو:

بەختیار زێوەر(١٩٠٨-١٩٥٢ز) شیعرێکی لەژێر ناوی(جەژنی قوربان) لە ساڵی (١٩٤٤ز) نوو سیوەو بەفرسەتی زانیوە باس لە پەیامی برایەتی و شادی و خۆشحاڵی خەڵکی لە جەژندا بکات و حاڵی کوردان لەو جەژنانە بەیان بکات بەم جۆرە:

**وا بـــــەرە جـــــەژنانـــە ئەڕوانم زەمین**

**بەرگی سەوزو سوری شـــادیی کردەبـەر**

**کیژو کـــوڕ دڵخۆش و دەم بـــە پێکەنین**

**هەرزەکـــــار بۆ شایی بەستوویە کـــەمەر**

**گیانلەبەر گەورەو بچووك هەرچی ئەژین**

**هەستی خۆشی کردووەو کەوتووتە فـــەڕ**

**جـــەژنی قـــوربـانە، ولات سەیرانییە**

**هەر بەشی من دەردو سەرگــەردانییە**

لە بەشێکی تریدا دەڵێ:

**جەژنی قـــــوربانە بەلام کوردی هەژار**

**جەژنی هەر نوێژکردن و نان خواردنە**

**هەرچی خـوا فەرموویەتی نایهێننە کار**

**هەر لە جەژنـــــا دوودڵی و شەڕکردنە**

**چۆن دڵم خۆش بێ ئەبینم چەند هەزار**

**ئیشی هــــەر نـــــاکـۆکیی و ناوبردنە**

**تا ولات جەژنی وەها بێ ساڵ بە ساڵ**

**ئـەم دڵەم جەژنان ئەبێتە کۆی زوخاڵ** [٤٨٧]

شاعیری کورد لە جەژن و شادییەکانیاندا، لە بۆنەو یادەکاندا، هیچ کاتێ خەمی میللەتەکەی لە بیرنە چۆتەوەو زۆر جار شیعری نوو سیبێ بە هەر شێوەیەك بووبێ باری ژیانی گەلەکەی ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شیعرەکانیدا: ئەوەتا (کەمالی شاعیر)یش لە جەژنی قوربانی ساڵی (١٩٣٥ز) دا کە شێخ مەحموود لە بەغداد دەست بەسەر بووە ئەم چوارینەیەی بە بۆنەی جەژنەوە بۆ ناردووە:

**جـــــەژنی کەسێك موبـارەکــە سەربەست و حوڕ بژی**

**یا بــــەندی دەستی غـەیرە نەبێت چەشنی کوڕ بژی**

**کوردی هەژار ئەسیری دەستی غەیریت جەژنی چی!**

**کــــەی جــــەژنی تـــۆیە بگری بڕۆ سەر بە قوڕ بژی** دیوانی کەمالی، ل١٣٩.

---

٤٨٧- مەحموود زێوەر، دیوانی بەختیار زێوەر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٢٥.

پیرەمێرد شیعری موناسەباتی زۆر بووە، بۆ بۆنەی ئاینی شیعری نووسیوە، ئەم سێ دێڕە شیعرەی خوارەوەی بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە نوو سیوەو هە ستی نەتەوایەتی تێکەڵکردووە لە سەر کارتێکی بچوك چاپی کردووە و بەسەر دۆست و ناسیاوەکانیدا وەك جەژنە پیرۆزە بلاوی کردۆتەوە:

**خوا حەزرەتی ئیسماعیلی لەژێر تیغ هێنـــایە دەر**

**ساڵتان هەموو هەر بەجەژن و بەشادی بباتە ســەر**

**ئەو جەژنە جەژنە، میللەتی تیا شـــــادمانی بـژی**

**بۆیە بەهاری پەسەندە گوڵ و میوەی دێتـــە بـــەر**

**پێکمانەوە بێ جەژن و شـــادی**

**تاسەر بێ سەرو گەردن ئازادی** پیرەمێردی نەمر، ل١١١.

زێوەری شاعیریش لە ساڵی ١٩٢٣ کە شێخ مەحموود حوکمداری سلێمانی ئەبێ شیعری(ڕۆژی جەژن)ی بەبۆنەی جەژنەوە بۆ ئەنوو سێ و بە شێوەیەکی گ شتی وێنەی حاڵی گەورەو بـ چوك و کاربەدەستان دەخاتە ڕوو، کە بۆ جەژنانە چیان دەوێ، لەو شیعرەدا دەڵێ:

**ڕۆژی جەژن ئەطفالی وردە پوولی جەژنانەی ئەوێ**

**هەریـەکە لای بـاب و مامی ڕوپیە یا ئانەی ئـــەوێ**

**دوختـــەری نـــەورِستە بۆ زیادیی جوانی و زینەتی**

**وسمە بـــۆ ئەگریجـە، بۆ پرچی خەنەو شانەی ئەوێ**

لە کۆتایدا دەڵێ:

**(زێوەر)یش لـــەم ڕۆژەدا چوون دوعا مەقبووڵ ئەبێ**

**هـــــەردەوامی ریفعـــەتی تاجی ملووکانەی ئەوێ**

**بـــــــەرقەرار و پـــــایەدارو نـــــاماداری کـەی خوا!!**

**تا فــــەلەك بـــۆ زیب و زینەت ئەم ستارانەی ئەوێ** دیوانی زێوەر، ل٢٣٨

عارف عورفی(١٨٩٦-١٩٦١)ز شارەزاییەکی با شی ئاینی هەبووە، شاعیر سێ پار چە شیعری بۆ بۆنەی جەژنی قوربان نووسیوە، یەکێکیان بە شێوەزاری هەورامییەو ویەکێکی تر لەو شیعرانە دێڕە شیعرێکە کە بۆ بۆنەی جەژنی قوربان وتوویەتی، لەو سەردەمەدا بووبووە وێردی سەر زمانی هەموو خەڵکی و هەموو ساڵێك لە کاتی نزیکبوونەوەی کاتی قوربانیدا دەوترایەوە:

**جـــەژنی قوربانە بە قوربان نۆبەتی قوربانییە**

**بۆ تۆ قوربانی بە قوربان گیانی من قوربانتە**[٤٨٨]

---

[٤٨٨]- ئومێد کاکە ڕەش، دیوانی عارف عورفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٦٠.

له دەفێکی تری  شیعریدا کە بۆ هەمان بۆنە هۆنیویەتەوە بەناوی(بۆ جەژنی قوربان موقابیل بۆ هەندێ دۆستان) زۆر بە جوانی واتاو مەبەستی جەژنی خستۆتەڕوو:

**جەژنت پیرۆز بێ بە دڵێکی خۆشی**

**شـــەرابی عـــەیشی و سەفا بنۆشی**

**ئیمڕۆ ڕۆژەکـــەی جـــەژنی قوربانە**

**ڕۆژی شــــــادییەو دەس لـــە ملانە**

**بــــا یەکتر بکەین گەردن ئازایی**

**نـــەوەك ڕوو بـــدا لـــەپڕ جـودایی** دیوانی عارف عورفی، ل١٣٣.

قانع"ی  شاعیر(١٨٩٨-١٩٦٥ز) دوو پار  چە  شیعری لە بۆنەی جەژنی قوربان‌دا وتووە کە زیاتر وەك جۆرێك لە پێناسەکردنی حاڵی ژیانی خۆی باسی لێوە کردووە، کە چۆن توانیویەتی خواردن و نانی ئەو جەژنانە پەیدا بکات:

**وەرە قوربان لەسەیری جـــەژنی قوربان کەسەیری وای نـــەدیوە ڕوویی دەوران**

**لە شــــەوالا وتــی پێم دایـــــکی منداڵ مــــــوهتەییابە لـــە بۆ تەجهیزی قــوربان**

**نەوەك ئەم جەژنەی ڕابردووم بەسەر بێ بە کاسەی ڕەش لەگەڵ کۆشێ منالآن**

**بە وەلا سیی غـــــەرام ڕۆنم ئـــەوێ لێت لــــەگــەڵ مشتێ برنجی بێ دڕو دان**

لە کۆتاییدا دەڵێ:

**سوئالیان کرد: چییە ئەم زرم و کۆیە؟ وتم: فریا کەون ئەهلی موسوڵـــمان**

**کە حاڵی بوون لەسەر ئەسپابی جەژنە بــــرنج و ڕۆنیـــان پێدام بە ئیحســان**

**دە جەژنی وا خوا نەیدا بە هیچ کەس موبارەك با نەبێ تا خەتمی دەوران**[489]

زێوەر بۆ بۆنەی جەژنی ڕەمەزان لە دەقێکی شیعریدا وێنەیەکی حاڵی مەردوم نیـشان ئەدات و بەم جۆرە لە بەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

**جــــەژنی ڕەمــــەزان هـــاتـــەوە ئەییامی سرووره**

**هەر جێگە کە من سەیری ئەکەم مەجمەعی نووره**

**لایێ بە نەوای عوود و نەی و چـــــەنگ و چەغانە**

**بازاڕو دەر و کوچــــە ئــــــەڵێی وادی** طـــورە... دیوانی زێوەر، ل٢١٠

لەبەر ئەوەی ڕێککەوتووە ڕۆژی مانگی ڕەمەزان کەوتۆتە هاوین، پیرەمێردی  شاعیر لەو بۆنەیەدا با سی پیرۆزی و گرنگی ڕۆژوو دەکات و گەورەیی فەزڵی ڕۆژووی هاوین بۆ مو سڵمانان باس ئەکات و لە شیعرێکدا بە ناوی(مانگی ڕۆژوو) ئەڵێ:

**مانگی ڕۆژوو بە چلەی هاویـن ئاگری جەهەننەم پێی ئەبێ بە تین**

**ئـــەوی بـــە ڕۆژوو ئـــەبووڕێتەوە دەرگـــای بـــەهەشتی بۆ ئەکرێتەوە**

---

[489]- بورهان قانع، دیوانی قانع، چاپی هەشتەم، چاپخانەی‌دالآهۆ، تەهران، ١٣٩٣، ل٢٠٨

**لێوی ڕۆژووەوان کە بەڵخ ئەگرێ      پـــەردەی قـاپی خـوای بۆ لا ئەبرێ**

**لە کۆتایدا دەڵێ:**

**ڕۆژوو پەیڕەوی ڕێ ی یەزدانییە      وەك نـــویژ ڕۆژوو ریـــایی تیـــانییە**     پیرەمێردی نەمر، ل٣٨٤.

حەمدی لە ساڵی(١٩٢٠ز) بە فیراری لە هەڵەبجە ئەبێت و ئەو ڕۆژە سی ڕەمەزان ئەبێ لە سەربانی کۆ شکەکەی وەسمان پا شای جاف چاوەڕێی بینینی مانگی یەك شەوەی کردووە، کە مانگ ببینن و بۆ سبەینێ بیکەنە جەژن، بەڵام مانگ نەبینراوەو بۆ سبەینێ بەڕۆژوو بوون. حەمدی لەو بۆنەیەدا شیعرێکی بەرزو نایابی هۆنیوەتەوە و بەجۆرێك لێك چواندنێکی کردووە ، لە نێوان نەبینینی مانگ لەگەڵ ڕوخساری یارەکەی لەبەشی کۆتایی شیعرکەدا دەڵێ:

**مـــن فیراری دەوڵـەتم ئەمما ئەسیری زوڵفی یار**

**شاد و مەحزوونم کە مەشهـوورم بە دوو عینوانەوە**

**دەرنەکەوتی بۆیە بـــەم جـــەژنە بە ڕۆژوو مامەوە**

**جەژنی من جەژنانەیی تۆ بێ ی بەماڵ و جانەوە**

**توخـــــــوا ڕەحـــمت ببێ بـەسیە ئیتر بنوێنە ڕوو**

ئینتظاری **مانگە(حەمدی) چونکە بەم سەربانەوە**     دیوانی حەمدی، ل٣٤٤.

کەمالی شاعیر لە مونا سەبەتی جەژنی قوربان‌دا چوارینەیەك دەهۆنێتەوە کە گرێی دەدات بە قوربانی دان و هەڵوێستێکی نەتەوەیی خەڵکی شاری سلێمانییەوە بەم جۆرە:

**ســـبەینێ جەژنی قوربانە بە ئادابی موسوڵمانان**

**مەڕو ماڵات ئەکەن ئیسلامەکان ئێستا بە قوربانی**

**بزانە خەڵکە بۆ پاراستنی خاکی بەنرخی کورد**

**بـــــە قوربانی ئەکا وا ڕۆڵەکانی خۆی سلێمانی**     دیوانی کەمالی، ل١٤١.

عا صی شاعر بەبۆنەی جەژنی قوربان و جەژنە پیرۆزە لە کە سێك کە هەندێك پارەی وەك ئیحسان بۆ ناردووە و ئەم شیعرەی نووسیوە، سەرەڕای سوپاسگوزاری دەربڕین ستایشی کارە باشەکانی دەکات و دەڵێ:

**موبــــــارەك بێ بە دڵ خۆشی عەزیزم جێژنی قـوربـانت**

**بــــــەرەو خـۆشی تەرەققی بێ بە دائیم عـومرو عینـوانت**

**لە خـــوام داوایە تا ماوی لە گشت دەردو بـەلاّ دوور بی**

**چ گــــــەردی گەردشی دەوران نەنیشێ قەت لە دامانـت**

**گەیشتە دەستی من بێ شك ژمارەی دوو لە بن سفرێـك**

**نەبێ خـــاڵی هـــەتا مـاوی بە دائیم دەســتی ئیحسانت...**     دیوانی عاصی، ل١٥٩.

## تەوەرەی دووەم/ شیعری بۆنە سیاسیی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان:

شاعیرو نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا وەك هەر ڕۆڵەیەکی تری میللەتی کورد بەشداری فراوانیان لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی دا کردووە، ((هەموو بابەت و قاڵب و هونەرە ئەدەبییەکانیان لە شیعرو پەخ شاندا لە پێناوی ئەم مەبە ستەدا بەکارهێناوە، بێگومان وەزعی کورد خۆی وەك نەتەوەیەکی بێ بەش لە چارەنوو سی نەتەوایەتی بۆتە هۆی شەقڵی کوردایەتی و نی شتمانپەروەری و بەرگری نەتەوایەتی و هەڵ سان و شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەموو مەبە ستێکی تر زیاتر بەبەرهەمی ئەدەبییەوە دیارو ئاشکرا بێت))[٤٩٠].

گەر چاوێك بە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری نەتەوایەتی کوردیدا بگێڕین و شاعیرانی ئەو قۆناغەمان بخەینە بەر چاو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، هە ست و سۆزی نی شتمان لە هەموو شتێك زیاتر هەوێنی سەرهەڵدانی زۆربەی شیعری ئەو سەردەمە بووەو بەجۆرێك بووە، کە و شەی کوردو کورد ستان لەو سەردەمە وێردی سەر زمانی هەموو خەڵك بەگشتی و شاعیرانمان بەتایبەتی بووە، شاعیرانمان بەبێ ئەوەی بکەونە بەر کاریگەربوون بە دەسەڵات و خواست و داخوازی دەسەڵاتداران خۆیان وەك بەشێك لە جە ستەی زیندووی نەتەوەکەیان زانیوەو لەگەڵ ڕووداو و گوڕانکارییەکاندا ئاوێتەبوون و بەبێ چاوەڕێ کردنی پادا شت و دە سەڵات لە هیچ کە سێ شیعریان کردۆتە یەکێك لەهۆکارەکانی بەرخودان و بەشیعرەکانیان بۆنەو موناسەباتە سیاسی و نەتەوەییەکانیان زیندوو ڕاگرتووە، شاعیرانمان زۆر بەتین و دڵ سۆزییەوە لەم قۆناغەدا باوە شیان بۆ ئەم بابەتە کردۆتەوەو شیعریان بۆ نی شتمانی داگیرکراو و نەتەوەی چەوساوەی کورد نووسیوە.

شاعیران پێگەیەکی بەهێزیان لەمەیدانی خەبات و تێکۆشاندا هەبووەو تا ئەو ڕادەیەی هەندێك لە شاعیران لە پێناوی نەتەوەکەیاندا تو شی سزای گرتن و دوورخ ستنەوە و دەربەدەری هاتوون و بە فەخریشەوە لە زیندان و لەو بارودۆخە سەخت و نالەبارانەدا بۆ ساتێکیش لە تێکۆشان و هاندانی لاوان کۆڵیان نەداوە، لە ڕێگەی شیعرەوە بەردەوام ڕۆڵی پێ شرەوایەتی و پیرۆزکردنی بەرەنگارییەکانی نە تەوە یان بینیوەو ڕۆحیەتی فیداکاری و ئازایی و دلێرییان لە ناخی ڕۆ ڵە کانی میللەتی کورددا چە سپاندووە، بەمەش شیعر توانیویەتی ئەرکی گرنگی نی شتمانی لە ئە ستۆ بگرێت و زۆر ڕا ستگۆیانە خزمەتی بەو پەیامە کردووە. شاعیران لە هەموو هەڵوێ ستێکا لەبەرەی نەتەوەکەیاندا بوون و خۆیان پێ جیانەکراوەتەوە لە خۆ شیدا هاوکاریان بوون و بۆنە و مونا سەبەتەکانیان بە شیعرو هۆنراوە بۆ ڕازاندوونەتەوە و لە ناخۆشی و ڕووداو کارەساتەکانا بەتەنگیانەوە هاتوون و سۆز و هەڵچوونەکانیان لە شیعردا دەربڕیوە.

دەتوانین هە ستی نی شتمانپەروەری و گیان فیداکاری شاعیرانی کورد لەم دەقە شیعرییە بەرزو ناوازەی بەختیار زێوەردا ببینین، کە لە شیعرێکیدا بە ناوی (کاغەزێك بۆ باوکم لە بەغداوە) بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە نامەیەکی شیعری دەنێرێت بۆ باوکی کە پڕە لە هە ست و سۆزی نی شتمانپەروەری

---

[٤٩٠]- مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد ... گۆڤاری ڕامان، ژمارە"١٤٦"، ٢٠٠٩/٧/٥،ل٧٣.

و دەربڕینی خۆشەویستی خاك و وڵاتەکەی، بە فرسەتی زانیوە لەڕێگەی ئەو نامەیەوە کە هەرچەند بۆ بۆنەی جەژن نووسیویەتی، پەیامی وەفاداری بۆ نەتەوەکەی دەربرێت، کە ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**بابە! ئەگەر چـــی ساکنی بـەغـدادی دلـبەرم**

**هەرچەند ئەنیسی ئـــەهلی مـوجیدد و دلاوەرم**

**ئەمما کەیادی ئەو وەتـــەنـــەم دێتەوە خەیـــاڵ**

**دڵ عاجزە، موشەووەشە فیکـرم، مـــوکەددەرم**

**بابە! بـــەیادی ئـــەو وەتەنەو ئاو و خاکــەکەی**

**زەڕڕاتی لەش بـــەیەکتر ئەڵێن: من موعـەتتەرم**

**یـــــادێکی مـــەعنەوی شـــك ئەبەم لەو وڵاتەدا**

**تەئسـیر ئـــەکاتـە سەر دڵـی زاری موحەققەرم**

**ئەو خاکــە پێم ئەڵێ: بەحـەقیقەت کە گـەوهەرم**

**ئەو ئـاوە پێم ئەڵێ: بە تەبیـعـەت کـە کەوسەرم**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**بەخوا لە دووری ئەو وەتەنەو ئەهل و خاکەکەی**

**ڕۆژم مـــــانگە، مانگ بەساڵ، تاجەکەی سەرم**

**ئەم جــــەژنە دێمـەوە بەلیقای شاد ئەبم ئەگەر**

**چەرخی فەلەك خراپی نەکا هەرچی شك بەرم** بەختیار زێوەر، ل٣٣.

بەتینی و بەهێزی هەست و سۆزی نەتەوەیی لای ڕۆڵەکانی کورد لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژیانی میللەتی کورد بە حوکمی سرو شتی ناو چەکەی و ئەو داگیرکاری و چەو ساندنەوانەی ڕووی لە کوردستان کردووە، گەلێ کارەساتی ناخۆش و ڕووداو و بۆنەی جۆراو جۆر لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە، ئەمەش وای کردووە، هەموو تاکێکی کورد خۆشویستنی نیشتمان و نەتەوەکەی لە ناخیدا ریشە داکوتێ، هەر چەندە بەرگری لێ کردن و بەرەنگاربوونەوەیان زۆر جار لە توانای خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێدە سەڵاتی کورددا نەبووە، لەوانە بە وێنەی دابە شکردنی خاکی کورد ستان و پیلانی ناحەزان بۆ لەناوبردنی گیانی شۆڕش گێڕی کوردو بەرهەڵ ستی کردنی شۆڕ شەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەت لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، لەوانە شۆڕ شەکانی شێخ مەحموود و دامرکاندنەوەی شۆر شی کوردەکانی کورد ستانی باکورو شەهید کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و کارە ساتی ( شە شی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ز) و چەندان بۆنەو ڕوداوی جۆر بەجۆر.

شیعر لەو قۆناغەدا ئەرکی گرنگی کەوتبووە ئەستۆ، شاعیران سەرباری ئەوەی زۆرجار لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فیداکارانە بوون و پریشکی ئاگری ئەو شەڕانەیان بەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەترساون شیعریان لە بۆنەکاندا وتووەو دژ بە ستەم و چەو ساندنەوە وەستاونەتەوەو شیعریان کردۆتە هۆکاری هاندان و تیندان بە گیانی بەرهەڵ ستی و ڕووبەڕووبوونەوە، لێرەدا بەپێوی ستی ئەزانین شیعری ئەو شاعیرانەو بۆنەو مەبەستی هۆنینەوەی شیعرەکانیان بەپێی جۆری بۆنەکان باس بکەین:

**یەکەم/حوکمداری شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی و شیعرو هەڵوێستی شاعیران:**

دامەزراندنی دە سەڵاتی سیا سی بۆ کورد لەو سەردەمەدا و ئەو شۆڕش و تێکۆ شان و جەنگانەی لەلایەن شێخ مەحموود و ڕۆڵەکانی میللەتی کوردەوە بۆ سەندنی مافی ڕەوای میللەتی کورد دەکرا، کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی فراوانی لە ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەت لە شیعردا هەبوو، شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەو بارودۆخەی کورد و کێشە و ڕووداو و بۆنەی سیاسی و نیشتمانی نەتەوەکەیان لە شیعردا دەربڕیوە، بۆ ئەو بۆنانە کۆمەڵێك شیعری زۆر لە لایەن شاعیرانەوە نووسراون، کەهەندێك لەو شیعرانە پ شتیوانی کردنی شۆڕ شەکانی شێخ مەحموود و هەندێکی تر ستایـ شی قارەمانییەتی شێخ و هاوەڵەکانی بووە، کە لەو جەنگانەی دەرهەق بە داگیرکاران ئەنجامیان داوەو هەندێکی تر سەرنج و ڕەخنەو گلەیی دڵ سۆزانەی شاعیران بووە لە سەر شێوازی حوکمداری و سیاسەتکردن و دارو دەستەو پێوەندو خزمانی شێخ .

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەو ساڵانەدا میللەتی کورد بەجارێك هیچ هیوایەکی بەو بەڵێنانە نەمابوو کە لەلایەن ئینگلیزو هاوپەیمانەکانییەوە بەکورد درابوو بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد، بۆیە بیر لەوە کرایەوە، بە شۆڕش و خەباتی چەکداری هەوڵ بدرێت بۆ دەستخستنی ئەو مافانە، دوای ئەوەی ئینگلیز دڵنیابوونەوە لە وی ستی شۆڕ شگێڕانەی میللەت کورد لە کورد ستانی با شوور، لە ساڵی(١٩١٨ز) شێخ مەحموود لە لایەن (ویلسن) حاکمی گشتی بەریتانی لەعێراق کرایە حاکمی سلێمانی، ((شێخ مەحموود دووجار حوکمی سلێمانی کرد، یەکەم جار لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨ز)وە تاوەکو مانگی حوزەیرانی(١٩١٩ز) شەڕەکەی دەربەندی بازیان* و گیرانی شێخ بەدیل، دووەم جاریش لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٢٢ز وە تا مانگی تەموزی ١٩٢٤ز کە هێزی ئینگلیز سلێمانی داگیرکرد))[491] .

لە با سی حوکمداری دووەمی شێخ مەحموود هاتووە کە ((لە ڕۆژی ١٩٢٢/٩/١٤ دە ستەی حوکمڕانی دامەزراندووە...دوای ئەوەی چاویان لێ پۆ شی و عینوانی حوکمداری پێدرا بە مانگێك لە ت شرینی دووەمی ١٩٢٢دا ئەم عینوانە شی گۆڕی و ناوی خۆی نا مەلیکی کورد ستان...بەهۆی ئەو خۆنزیکخ ستنەوەی شێخ مەحموود لە تورکەکان، لەبەرەبەیانی ١٩٢٣/٣/٤ ئینگلیز شاری سلێمانی بۆردوومان کردو شێخ پەرتەوازەی ئە شکەوتی جا سەنەو گوندەکان بوو... شێخ لە ١٩٢٣/٦/١١ بە لە شکرێکەوە هێر شی هێنایەوە سەر شاری سلێمانی و ئینگلیزی دەرکرد..پا شان لە مانۆڕێکی گەورەی ئینگلیزو میریدا لە ئێوارەی ١٩٢٤/٧/١٩ شاریان داگیرکردەوە))[492] . بە شی زۆری ئەم ڕووداوانە لە شیعری شاعیراندا ڕەنگدانەوەیان هەبووەو بوونەتە بۆنەی سەرهەڵدانی دەقی شیعری وەك لەم نموونانەدا دیارە:

حەمدی شاعیر بەبۆنەی شەری دەربەندی بازیانەوە پار چە شیعرێکی نوو سیوە، کە ستایـ شی ڕۆڵی قارەمانانەی شێخ مەحموودو ئازایەتی و چاونەتر سی لە حەپس و بەندیخانە دەکات و جوامێری ڕۆڵی کورد و خیانەتی دوژمنانی کورد دەخاتەڕوو، بەم جۆرە دەست پێدەکات:

---

[491]- جەمیل صائب، لە خەوما، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥،ل١٦.

*- شەڕی دەربەندی بازیان لە نێوان هێزی ئینگلیزی داگیرکەر و هیزی شۆڕشگێڕی شێخ مەحمووددا ڕووی دا.

[492]- دەڕوانرێتە: ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی...ل٥١.

**وەك هەوا كەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاكەوە**

**ڕەبی ببینم وەكـــو كـــیسرا بـــە سینەی چـــاكـــەوە**

**بۆ كـــەسیٚ تاسەر وەفاداری نەبوو بیٚ مروەتە**

**سەیری ئەسكەندەر ئەكەن ڕۆیی بە مشتیٚ خـاكـــەوە**

هەروەها شانازی بەكوردایەتییەوە دەكاو دەڵیٚ:

**خەرقەیی شاهو عەصای مووسا لەلام بیٚ شەوكەتە**

**فەخری ئێمە وا بە كەوڵ و پۆست و دار مەششاكەوە**

**عیبرەتە ئەربابی غیرەت تیٚ بگەن من چی ئەڵێم**

**ئەهلی عیصمەت حەپسە سەربەستی بەلای بیٚ باكەوە**

پاشان غەمباری و ناسۆری خۆی بەبۆنەی دەستگیركردنی شێخ مەحموودەوە دەردەبڕیٚ و دەڵیٚ:

**شەرتە تا ڕۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەرنەدەم**

**سەر لە قوڕنێم بۆ سیادەت بەم دڵەی غـــەمناكـــەوە**

**بۆ دیاری حەزرەتی مەحموود مەمدووحی جیهان**

**تاقە یەك گوڵ بوو بە فەرقی پیری ئەحمەد كاكەوە...** دیوانی حەمدی، ل٨٤.

حەمدی شێخ مەحموودی خۆشویستووە، بەڕادەیەك لە كاتی دەستگیركردنیدا داوا لە خوای گەورە دەكا، داری كەلی بە هاتنەوەی شێخ وەك ڕۆژی درەخ شان لیٚ بكاتەوە، پیٚی وایە چۆن پێغەمبەر بۆ مەدینەو ئیمامی عەلی بۆ نەجەف گرنگن، داری كەلیش پێوستی بەشێخ مەحموودە وەك لەم چوارینەدا دەڵیٚ:

**وەك مـــــەدینە بیٚ نـەبی بیٚ، یا نەجەف بیٚ بیٚ عەلی**

**شاری خەزنەش ئێستە بیٚ مەحموودە وەك داری كەلی**

**حەیفە ئەوجی ئـــــــاسمان بیٚ زینەتـــی خورشیدو ماه**

**سا خوا بیكەی وەكو خورشید درەخشـــــان مـــــوتجەلی** دیوانی حەمدی، ل١٨٢

(عاصی) شاعیر یەكێك بووە لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی لە بۆنە جۆراوجۆرەكاندا هەست و سۆزی خۆی دەربڕیوە، لە شیعرێكدا كە لە كاتی دەستگیركردنی شێخ مەحموودا لە ژێر ناوی (لەوەختی ئە سیركردنی شێخ مەحموود) نوو سیویەتی، بە شێوازێكی بەرزی هونەری توانیویەتی پێنا سەی حاڵی بێزاری و غەم و ناسۆرەكانی كورد بكات لەو بۆنەیەدا، لەبەشێكی شیعرەكەیدا دەڵیٚ:

**دەزانـــن بۆچ مـــوبەدەل بـــوو جیهـــان ئیمرۆ بـــە زوڵمانی**

**غوباری غـــەم ئـــەوا پۆشـــی جـــەمالی یووســـفی ســـانی**

**لە دیدەی ئاڵی كاكەحمەد سەراپا ئەشـــكی خـوێن دەڕژیٚ**

**برینی خـــستە جـــەرگ و دڵ بـــــەجـاریٚ تیری هیجرانی**

**تەماشاكەن فـەلەك چی كرد لەهەر لا مەفرەزەی غەم هات**

**هجوومی كـردە سەر شادی كە حەسرەت بـــوو قـــوماندانی**

**تەماشای چیهرەیی ئاسمان لەبەر شیوەن چـــــلۆن شینه**

**دەڵێ ڕۆیی لـــــــە نــاو کــوردان سلێمانی سلێمانی....** دیوانی عاصی، ل٢٦١

بێخودیش بەبۆنەی بەدیلگرتنی شێخ مەحموود لە لایەن ئینگلیزەوە ئەم شیعرەی بەناوی شێخی نەمرەوە و لە سەر زمانی ئەوەوە وتووە، کە جۆرێکە لە پاڕانەوە لە خوداو پێغەمبەر(ﷺ) بەو تەمابوونەوە کە رزگاربێ لە دیلی و ژێردەستەیی و ئاوارەیی:

**ئەگەر شاهم، وەگەر شاهێن و بازم (یا رسول الله)**

**وەتەن ئـــــاوارەو و هێـــــلانـــەوازم (یا رسول الله)**

**بــە ڕۆژ پەروانەیێکی دڵ شکـــــاو و بێ پەڕو باڵم**

**بەشەو شەمعێکی پــڕ سۆزو گودازم (یا رسول الله)**

بەردەوام دەبێ و دەڵێت:

**لە تێکۆشینی ڕزگاریی منی ئاوارەدا کول بوون**

**هەموو باپیرەکانی دڵ نەوازم (یــا رسول الله)...** دیوانی بێخود، ل٧٧.

زێوەر بۆ دەربڕینی غەم و پەژارەی دڵی، چوارینەیەکی بەو بۆنەیەوە نووسیوە. دەڵێ:

**بە حەپسی یوسفی ثانی دڵی عالەم موکەددەر بوو**

**دڵی زیندان بە تالع بـــوو بە دیداری مونەووەر بوو**

**لە تەشتی سینەو جامی ســەرا سەد پەنجە ئەشکێنم**

**هەتاکو مژدەیەکم دێتە گــوێ ئەو مانگە وا بەربوو** دیوانی زێوەر، ٢٤١.

سەلامی شاعیریش یەکێك بووە لە دۆ ستە نزیکەکانی شێخ مەحموود، بەدڵ و بەگیان لەگەڵ بزووتنەوەو شۆڕ شەکانی شێخ مەحموود دا بووە، یەکێکیش بووە لەو شاعیرانەی هەڵوێ ستی لە بارەی کەموکورتی و ناتەواوییەکان نواندووە، وەك شاعیرانی هاوڕێی لەکاتی بەدیل گرتنی شێخی نەمری شدا، لە سۆزێکی ئاینییەوە بەو بۆنەیەوە شیعری(هەرچی) نووسیوە، کە ئەمە بەشێکە لەشیعرەکەی:

**هەرچی ئیسلامە مەراقی لێ بووە ئەمرۆ بە سیل**

**تۆ حـــەکیمی عالەم و عالەم بە جارێکی عەلیل**

**کوفر ئــەوا توغیانی سەندو زوڵمەتی نووری بڕی**

**من بە سۆزی دڵ ئــەڵێم سا یا رسول الله دەخیل**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**چۆن قبووڵی تۆ ئەفەرمووی، (سیدی خیرالبشر)**

**دوژمنی دینت، بباتن، دۆستی ئیسلامت بەدیــل** دیوانی سەلام، ل٤٦.

پاش ئەوەی شێخ دادگایی دەکرێت و دوور دەخرێتەوە بۆ وڵاتی هیند ستان و ماوەی سێ ساڵ دە ستبە سەر دەکرێت، دواتر بڕیاری گەڕانەوەی شێخ دەدرێت و دەهێنرێتە کوەیت. کە د. عوسمان عەلی بەم جۆرە باسی لەو گەڕانەوەو هۆکارەکانی دەکا: ((گەرانەوەی شێخ محموود بۆ سلێمانی لەڕێی (کویت- بغداد)/ پاش فراوان بوونی دە سەڵاتی تورکەکان لە کورد ستان بۆ ڕێگاگرتن لەو ڕووداوە، بەریتانیا

بیرۆکەی بڕیاری گەڕانەوەی  شێخ مەحموودی دایەوە بۆ کورد ستان ئەمەش لە سەر پێ شنیاری (کولد سمس)  کە بەرپرسێکی سیاسی ئینگلیز بوو لە سلێمانی، لە کاتێکدا ئەدمۆنز و میجر نۆئیل بەمە ڕازی نەبوون. هەروەها مەلیك فیصل و عبدالمحسن سعدون نارازی بوون، داوایان دەکرد دە سەلاتی حکومەتی عێراق بگەڕێتەوە بۆ  سلێمانی و دەوروبەری، بەلاَم بەریتانیا ئەمەی پێ باش نەبوو،..دواجار بەریتانیا بڕیاری گەڕانەوەی   شێخ مەحموودی دا، دیارە ئەمەش بۆ کە  سایەتی کاریزمای   شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە، لە ١٢-٩-١٩٢٢ لەڕێی کوەیتەوە هاتە بەغداد، لەگەڵ کوکس و مەلیك فیـ صل کۆبوەوە، لە تـ شرینی یەکەمی/١٩٢٢    شێخ گەیـ شتە  سلێمانی و بەگەرمی پێ شوازی لێکرا))[٤٩٣] و  شاعیرانیش لەم بۆنەیەدا چەندین شیعریان هۆنیوەتەوە.

بێخود یەکێکە لەو  شاعیرانەی بەدۆ ستی نزیکی  شێخ لەقەڵەم دەردێ، کاتێك  شێخ مەحموود لەهیند ستانەوە دەگەڕێتەوەو لەو کاتەی دەگاتە کوەیت،  شاعیر ئەم  شیعرە بەو بۆنەیەوە دەهۆنێتەوەو لە ژمارە(٦)ی ڕۆژنامەی بانگی کورد ستاندا بلاَو دەکرێتەوە: لەم  شیعرەدا لێک چواندنێك لە نێوان حاڵی خۆیی و یەعقوب پێغەمبەردا دەکات لێرە شدا  شێخ مەحموود بە یو سف پێغەمبەر دە چوێنێ، کە پاش ڕزگاربوونی لە سجن دەگەڕێتەوە بۆ مەئوای خۆی:

**عومرێـــکە سی یەه ڕۆژو پـــەرێشانی کووەیتم**

**ئاشوفتە وەکو گوڕڕەیی خووبـــانی کـــووەیتم**

**عومرێکە کە ڕۆژم بە مەسەل وەك شەوە زەنگە**

**حەسرەت زەدەیی شامی غـەریبانی کـــووەیتم....** دیوانی بێخود، ل٤٥.

هەر بەبۆنەی ئەو گەڕانەوەوە بۆ کوەیت (حەمدی) بەم چوارینەیە هەست و سۆزێکی وا نیشان دەدات، مەگەر هەر لە سەلیقەو خامەی ڕەنگینی خۆیی و شاعیرە هاوشێوەکانی بوەشێتەوە:

**کـــە ڕۆیشتی بەجارێ من دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت**

**کە چوویتە(تانە)، تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت**

**ئەڵێن هاتوویتە کـوێت قوربان بڵێ قوربانی کوێتی کەم**

**کـە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کلاَوم کەوت** دیوانی حەمدی، ل١٨٢

دووبارە حەمدی  شاعیر لە  شیعرێکی پڕ هە ست و  سۆزی خۆ شەوی ستی بۆ  شێخ مەحموود و دەربڕینی کۆمەڵێك دەستەواژەی جوان لە ستایشی ئەودا، بە بۆنەی گەڕانەوەی شێخ بۆ کوردستان پاش ڕزگاربوونی لە دیلی بەم جۆرە خۆشی و شادی خۆی دەردەبڕێ:

**موژدەبێ یـاران ئەڵێن تەشریفـــی جـــانان دێتەوە**

**وەك هیلالـــــە قـــامەتم تـــا بەدری تابان دێتەوە**

**ڕۆژ کە گیرا شەمشەمە کـــوێرە کــــەوتە سەمـــــا**

**سا، دەبا، کوێربێ، ببینێ ڕۆژی ڕەخشـــان دێتەوە**

---

[٤٩٣]- عثمان علي(د): دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣–١٩٤٦، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٩٧.

**مـــوددەتێکە مــــوڵکی دڵ وێرانە شاگەردانی یە**

**صــــاحێبی ســواری هەوایە وەك سولەیمان دێتەوە...** دیوانی حەمدی، ل٣٥٩.

(قانع)یش بەو بۆنەیەدا ئەم شیعرەی بە ناوی(لەهاتنەوەی شێخی نەمردا) هۆنیوەتەوە.

**تاکـــــوو عەتری گوڵشەنی پڕ سەوسەنی پەیدا نەبوو**

**دەوری گێتی پڕ فەرەح وەك یەسریب و بەتحا نەبوو**

**تا سوارەی پەرچەمی نەرژایە سەر سەفحەی جەماڵ**

**کاتبی بــــــادی سەبا پڕ نەشئەو شەیدا نەبوو.....** دیوانی قانع، ل٢١٥

هەر بەبۆنەی ئازادبوونی و گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە (کوێت)ەوە بۆ سلێمانی (ئەحمەد فەوزی) ئەم دەقە شیعرە جوانە پڕ لە وەسف و ستایشەی بۆ دەنووسێت، ئازادبوونی شێخ مەحموود دەچوێنێ بە ئازاد بوونی یوسف پێغەمبەر لە زیندان:

**شوکور لیللا مـوژدە بێ وا نــووری ئیـمان هـــــاتەوە**

**ئەرشەدی ئەولادی حـــــەیـدەر شێری یـەزدان هاتەوە**

**هەروەکو یووسف لــــە زیندانی ئـــەسـارەت هــــاتەوە**

**شاهی میسرە سەد شوکور وا ڕوو بە کــــەنعان هاتەوە**

**سەف بە سەف زومرەی مەلایك دێن بەئیستیقبـالــــەوە**

**بانگ ئەکەن وا مەزهەری ئیلتافی ڕەحمان هاتەوە....**[٤٩٤]

لەو کاتەی شێخ مەحموود لە ئەشکەوتی جاسەنە دەبێت و ئینگلیز بەردەوام بە تەیارە بۆردوومانیان دەکات، عاصی شاعیر بەو بۆنەیەوە دوو پارچە شیعر دەنووسێت، لە بەشێکی یەکێك لەو شیعرانەدا ڕووی شکات دەکاتە پێغەمبەر(ﷺ) پێناسەی باری ناهەمواری میللەتی کورد دەکات و دەڵێ:

**بێ نــــــەواو دەردمــــەنـدن وان لـە کـەهفی زیللـەتا**

**حـــــەیدەری لـــوتفــت بنێرە بێنـــە دەر ئـــەولادی تـــۆ**

**هەستە کاکـــــەحمەد بە قوربان تا بەکــەی تۆ نایە جواب**

**بێکــــــــەسە مەحموود کە ئیمڕۆ غەرقی غەم ئەولادی تۆ**

**غەرقی بەحری حەسرەتی کرد غەدری کافر ئەی خودا**

**چاوەڕێی کەشتی نەجاتن دەم بـــەدەم ئــــەولادی تۆ**

**بە شقی هەر چار یـــاری خـــۆت و ڕەوزەی ڕیزوانی تۆ**

**بێرە ئیمداد لوتف فــــــەرموو بێ کەسن ئەولادی تـۆ.....** دیوانی عاصی، ل٢٣٣

---

[٤٩٤]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم...ل٤٧.

شیخ نووری   شێخ   ساڵح، کاتێك دەبینێ   سەربازە لاوەکانی   شێخ مەحموود بەڕووی داگیرکەرە ئینگلیزەکاندا وەستاون، بەو بۆنەیەوە شیعری (عەسکەر) لە مەدح و ستایشی ئەواندا دەنووسێ، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو ستایش و پیاهەڵدانە:

**ئەی قەهرەمانی عەساکری کورد، لەشکری ویـقار**

**ئـەی دافیعی وەتـەن، لەسەزەللەت ، لە ئینکـــسار**

**ئـەی نەو ڕەسیدەی وەتـەنی مات و غەمگـوســـار**

**ئەی مـایـەی تەرەقــی میللـــەت بـــە ئیفتیخـــار**

**ئەی کــوردی نامدار....**   دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل١٠٠

شەڕی (ئاوباریك)    شەڕێك بوو لە نێوان جەنگاوەرانی   شێخ مەحموود و هێزەکانی میریدا لە ئاوباریك ڕوویداوە. لەو کاتەدابوو کە کارەساتی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ ی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕوویدا، شێخ مەحموود ئەوکاتە بە چیایی پیرانەوە ئەبێ، هەواڵی ئەو  شەڕو کو شتارە زۆر ناڕەحەت و دلگرانی ئەکا، یەکێك لەو کوژراوانەی ئەو ڕۆژە لەبەردەرکی   سەرا دەکوژرێ ناوی(ئەلەی گون   سوتاو) ئەبێ، شێخ مەحموود ئەڵێ: پەیمان بێ نەیەڵم خوێنی ئەلە گون سوتاو بەفیڕۆ بچێ، لە تۆڵەی ئەو کارە دوژمنکارانەی بەرامبەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد کرا لە  سلێمانی، شێخ مەحموود گورزێکی کو شندە دەدات لە هێزەکانی دوژمن، یەکێك لەو  شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی بە بۆنەی ئەو  شەڕەوە  شیعری نوو سیوە ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان (حەمدی)بوو. لەو شیعرە درێژەدا کە بەو بۆنەیەوە نووسیویەتی، وەسفێکی وردی مەیدانی شەڕەکەو ستایشی نەبەردی و ئازایەتی ڕۆڵەکانی کورد دەکات، کە لە ڕیزی شۆڕشگێڕاندا بوون، لێرەدا چەند بەیتێکی ئەو شیعرە دەخەینەڕوو:

**چـــــاوی هێشتا پیاوی ساغی هەر نــــەدیوە ئەجنەبی**

**خزمەتی ئەو چونکە ناکەن غەیری لات و کوێرو شەل**

**سەیرە چاوی موغریضـی کورد بەو تـەپ و تۆزی شەڕە**

**تـــــەم بــــەسەریـا هاتووە گرتوویەتی دەردی سەبەل**

**کــــــورد ئیتر بەسیە کە ناوی هەر بە نەختە هیممەتێ**

**زینەتی داوە بــــەســــەر لــەوحـەی تەواریخی دووەل**

**یەك بە دە هــەرچەندە سەندرا خوێنی منداڵانی کورد**

**زەحمەتـە تا ڕۆژی مەحشەر بکرێ ئەو ئەشکالە حەل...**   دیوانی حەمدی، ل١٤١.

کۆمەڵێك خەڵکی جۆراوجۆر لە   چواردەوری دە سەڵاتەکەی  شێخ کۆبووبوونەوە، کە لە تەرەفداری ئینگلیزو تورك و لەهەمان کاتدا کە سانی پاك و دڵ سۆز و  شۆڕ شگێرو نی شتمانپەرەوەری شیان تێدابوو، لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە کە  سانەی لە دەورووبەری بوون کۆمەڵێك کەس بەناو دۆ  ستایەتی هەمیـ شە لەنزیکەوە لە بن گوێی  شێخ لە کە سانی تر دەیانخوێند. زەرەرمەندی ئەم جۆرە قسەو با سەنە بە شێك لە  شاعیرانی دڵ سۆزی شی گرتەوەو تو شی گرتن و  سزاو دڵئێ شان و دوورخ ستنەوەو کەنار خ ستن هاتن،

لەوانەش (ئەحمەد موختار جاف و سەلام و حەمدی و پیرەمێردو خالیـ سی ...هتد) کە ((دواتر ئەم جۆرە هەڵوێ ستانە لە شیعرەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە هەم وەك شەکوا و بێزاری لەو حاڵە و هەم وەك سەرزەنشت و گلەیی دەربڕین کە ئاماژە بە هەندێك لەو شیعرانەو بۆنەکانیان دەکەین))[٤٩٥].

ئەحمەد موختار لەلایەن شێخ مەحموودەوە زیندانی دەکرێت، ئەویش بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە بۆ شێخ دەنوو سێ، پاش ئەوەی ستایشی شێخ دەکات و داوا شی لێ دەکات لێی خۆ شببێ، لە بە شێك لەو شیعرەدا دەڵێ:

**لـــەدەست کــــافر نـــەجــاتم بــوو، بیحـەمدیللاهی وەلمیننە**
**لە سایەی دەســت و تیـغ و هیممــــەتی تۆ شـــێری یـــەزدانی**
**خـــوداوەندا بە لـوتفی خــــۆت لـــە چـاوی بەد بە دووری کە**
**بەجاهی سەییدی مـورسـەل، بە ڕۆحـــی شاهـــی گـــــەیلانی**
**لەپاش ئەم ئیحترامـــاتــــە، بـڵــــێ بـــەو شـــاهی دەورانە**
**چ جورمێـکی هەیە(ئــــەحمـــــەد)، کـــە کـردووتە بە زیندانی**
**ئەگـــــەر شـــایـەد لە خزمەتتا خراپــــەی ئەو بــووە ســـــابیت**
**بە لوتفی خۆت عەفووی کە، چونکە هەر خۆت سـاحێب ئیحسانی**
**کە جورمێکی نی یە تاکەی، لە حەپســـــا دانیشێ قـــوربـــان**
**لە تەنــهایی لـــە فیکـــری چـۆتـــەوە ئـــادابی ئینســـانی...** دیوانی ئەحمەد موختار، ل١٦٩

سەلامی شاعیریش یەکێکی ترە لەو کە سانەی کە بە هاندان و ڤ سەکردنی هەندێ کە سی ناحەز لەلایەن شێخ مەحموودەوە حەپ سکراوە، وەك خۆی دەڵێت:((لە ٢١ی مارتی ئەو ساڵەدا(واتە ساڵی ١٩٢٢) فیرارمانکرد بۆ سورداش. لە سوردا شەوە لەبەر ئەوەی کە لە شکرێکی ئینگلیز هات بۆ تەعقیبمان، ڕۆ شتین بۆ هەورامان، لە هەورامان شێخ حەپ سی کردم لەگەڵ قوماندان صالح زەکی بەگ و فایەق کاکەمین و عەزیز قەزاز و ئەمین ڕەواندزی، هە شت مانگ لە حەپ سخانەی سیاکۆڵە کە لە پ شتی دزڵییەوەیە مامەوە، ئینگلیزەکان کە سلێمانیان بە جێ هێشت، شێخ بەخۆی و حەپس و عە سکەرو ماڵ ومنداڵیەوە هاتەوە سلێمانی و لێرە بەرەڵای کردم))[٤٩٦]، سەلامی شاعیر لەو بۆنەیەدا شیعرێکی ناردووە بۆ شێخ، نیشانی داوە لەو بابەتە دلگران نەبووە و هەر دڵسۆزو غەمخواری شێخ مەحموودە:

**کـــــاکە شێخ ئـەووەڵ بەحەقی خالقی جـەباری تۆ**
**دووەمیش سەید بەتاجی شاهی دوڵ دوڵ سواری تۆ**
**سێیەمیش یـــا شێخ بەجەددی ئەطـهەری نـازداری تۆ**
**چوارەمیش قوربان بە شاڵی سەوزی ڕەونەق داری تۆ**

---

[٤٩٥] - دەروانریتە: دیوانی حەمدی ل٣٢ و دیوانی پیرەمێردی نەمر ل٧١ و لە خەوما، جەمیل صائیب، ل١٦

[٤٩٦] - ئومێد کاکە ڕەش، دیوانی سەلام....ل١٥

**بێ رق و کــــــینەم لــە گەڵتا دۆستم و غەمخواری تۆ** دیوانی سەلام، ل١٦

گومانی تێدا نییە، شاعیران لە سەروو هەموو چین و توێژەکانی ترەوە قەڵەمی ڕەخنەو گلەیی و گازندەیان خ ستۆتە کار بەرامبەر ناتەواوی و ئەو نالەبارییەی کە بە هۆی هەندێك کە سی نەزان و هەلپەرستەوە ڕووی لە حکومەت و شۆڕشەکانی شێخ کردبوو، پیرەمێرد یەکێك بوو لەو شاعیرانەی وەك حەمدی و سەلام و شاعیرانی تر دەنگی بێزاری خۆی بەرزکردۆتەوەو ((بە شیعرو هەڵبە ست پلار و توانجی گرتۆتە ئەو خواری و ناڕێکییانەی کە ڕووی داوە، پیرەمێرد دوای گەڕانەوەی بۆ کورد ستان بە هۆی کو شتنی عارف صائیبی* خو شکەزایی و جەمال عیرفانەوە، زۆر دلگران بووە کە لەلایەن هەندێ کە سی نەزان و سەر چڵەوە لە کاتی دە سەڵاتداری شێخ مەحموود دا کوژرابوون، هەر چەندە شێخ بە کو شتنی عارف صائیب ڕازی نەبووە و زۆر دڵتەنگ دەبێ و ئەمری کو شتنەوەی بکوژی عارف سائیب دەردەکات))[٤٩٧] خور شید ڕە شید ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت:((کۆمەڵێکی هەلپەر ست و ئاژاوە چی لە دەوری حوکمداریێتی شێخ مەحموود کۆبووبوونەوە بەکاری ناپە سەندو ناڕەوا هەڵدە ستان و تاوانەکەیان دەدایە پاڵ ئەم حوکمداریێتی یە، کە چی شێخی نەمر ئاگای لێ نەبوو وە زۆر دڵتەنگ دەبوو بە بی ستنی ئەو کارە ناقۆڵایانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شدا هەر ڕووی دەدا، وەکو کو شتنی (عارف صائیب و جەمال عرفان) کە دوومنەوەری ئەو سەردەمەبوون))[٤٩٨].

ئەم کارەساتە زۆر کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی پیرەمێرد دەبێت و بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی وتووە:

**لە گوێم دێ دەنگی لای لایەی وەتەن، دایك جگـەر سووتاو**
**ئـــەڕژێنێ بـــــەســـەر وێرانـــەکـــەی خـــوێناویا خوێنــاو**
**ئـەلاوێنێتەوەو ئەگـــــری، ســــــەری شینە لـــــە مــاتەمـدا**
**شــەوو ڕۆژ کـۆتەڵی منداڵەکـــــانیت وا لـــــــەبـەردەمـــــدا**
**ئەڵــی: لـــــەو گەردشی کوردا، کوری چاکم هەبوو کوژران**
**ئەوەش مـــــــابوو مـــــــردن، لــــــەبرسا بێ کفن نێژران....** پیرەمێردی نەمر، ل٧٠.

لەوکاتەدا ئەم شیعرە دەگەیەننە شێخ مەحموود و هەندێك قسەی پێوەدەلکێنن و شێخ لە پیرەمێرد تووڕە دەکەن، پیرەمێرد ئاگاداردەکەنەوە کە شێخ لێی زویربووە و گلەیی و هەڕە شەی لێ دەکات، پیرەمێردیش بەو بۆنەیەوە و بۆ ئا شتکردنەوەی دڵی شێخ مەحموود ئەم شیعرە زۆر بەرزە پڕ لە واتاو ڕازاوەیەی بۆ دەنوو سێ، ئومێد ئا شنا سەبارەت بە بۆنەی نوو سینی ئەم شیعرە دەڵێ:((پیرەمێرد

*– عارف صائب کوڕی مەلا ئەحمەدی کوری مەلا قادرە، لەساڵی ١٨٩٢ز لە سلێمانی لەدایکبووە، لە مایسی ١٩٢٣ز کاتێك شێخ مەحموود شوێنی حوکمەتەکەی گواستەوە لەسلێمانییەوە بۆ ئەشکەوتی جاسەنە لە سورداش، عارف صائبیشی لەگەڵدا بوو، یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەیان ئێوارە لە قەرەچەتان ئەبن، شەو لەوێ ئەمێننەوە، بۆ ڕۆژی دوای کە بڕیاربوو بچن بۆ جاسەنە، عارف صائب وڵاخی دەست ناکەوێ و ناچێ لەگەڵیانا، سید محەمەد ناوێك وا تێدەگا کە عارف صائب هەر نایەوێ بچێ لەگەڵیانا بۆیە ئەو ئێوارەیە ئەیداتە بەر دەستڕێژی گولەو ئەیکوژێ. لەڕۆژی ١٩٢٣/٥/١٦ لە گۆڕستانی دێیەکە ئەنێژرێ. دەڕوانرێتە: محمدی خاڵ، ناڵەی دەروون، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ارشاد، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٦٨.

[٤٩٧] - دەڕوانرێتە: دیوانی پیرەمێردی نەمر، ل٦٩و٧٠و٧١.

[٤٩٨] - خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی...ل١٧٧.

سەبارەت بە هەندێ ڕەخنەو گلەیی خۆی کە بۆ شێخی مەزنی نوو سیوە، دوایش بۆ دڵدانەوەی شێخ و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی مەبە ست و خوا ستی شیعرەکەی ئەم شیعرەی(ئەبێ بەخ شندە) بۆ شێخ دەنووسێت))[٤٩٩]:

**ئەبێ بەخشندە مل کەچکا، لە ڕاستی موچەخۆری خۆی**

**ســــوراحی ســـــەر فروودێنێ لـــەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی**

**کە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە ئـــــەیزانێ چی تیایە**

**لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقومکا گـــــەورەیی وایە...** پیرەمێردی نەمر، ل٧٢

وەك باسمان لێوە کرد، سەردەمی شێخ مەحموود خاڵی نەبووە لە ناتەواوی و ئاڵۆزی و بێ کەم و کورتی نەبووە (حەمدی) یەکێك بوو لەو شاعیرە بەرزانەی کە خۆی بۆ ڕانەگیراوە و دیمەنی ئەو کارەسات و ناتەواویانە بە تایبەت کەم و کورتییەکانی (تەشکیلاتی ئیدارەی کوردستان) وای لە حەمدی کردووە، بەو بۆنەیەوە ئەم شیعری بەناوی (بۆ ئیدارەی کورد ستانی خواروو) لە ساڵی ١٩٢٣دا هۆنیوەتەوە، بەئاشکرا هەجووی ئەو کەسە ناشایستانەی کردووە کە لەو ئیدارەیە پلەو پایەیان پێ دراوە بەم جۆرە:

**باسی تەشکـــــیلاتی ســـــانی هـــەر ئەکـــەم بۆ پێکەنین**

**کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بـــــوو کـــــەمترین**

**ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکـــەم عـــاجـــز مــــەبن**

**تا ببینن شـــــکڵی وەضـــعییەت بـــــە جـــــارێ قارئین**

**(کۆیلی مـــولازم) وەزیری خاصـــــەیی قـــــۆڵی یـــــەسار**

**ئیبنی سەر مزگەوت وەزیری مـــــوشفیقی قۆڵی یـــــەمین**

**کاتبی مابەین بوو(طاهیر) تەرجـــــــەمەی حـــاڵی بکەم**

**پیس ئەبێ دیـــــوان لـــــە پـــــاشا موستەحەقە بۆ دڕین**

بەردەوام دەبێ لەم باسانەو دەڵێ:

**شینە یا سینە، دەخیلە جارێ یـــــاسین جـــــارێ شین**

**جا دوعاکــــــەم بۆ بکـــــە ئەمما وەکو ویردی زوبان**

**تـــا سەراپەردەی فـــــەلەك مـــــاوە هەتا فەرشی بەرین**

**ڕەبـــی مووی لێ بێ زمـــــانی پـــــەنجەکانی هەڵوەرێ**

**هـــەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بـــەرێ** دیوانی حەمدی، ل١٢٧و١٢٨و١٣٠

دووبارە حەمدی لە ئەنجامی بێزاری و گلەیی و گازندەی زۆری لەدە ست پیاوە ناتێگە شتووەکانی دەوروبەری شێخ مەحموود کە بە نەزانی و نادڵ سۆزییان بوونەتە هۆی بێزاری خەڵکی بەتایبەت ڕۆشنبیران و شاعیران، بەو بۆنەیەوە شیعرێك دەنووسێت بە شێوەی شکات و شەکوای ئەو حاڵە لەڕێگەی

[٤٩٩]- ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠١، ل ٣٥٧.

حاجییەکانەوە لە  ساڵی ١٩٢٣ دەنێرێت بۆ مەدینە بۆ (خزمەتی ڕەوزەی پێغەمبەر((η))، ئەمە بە شێکە لەو شیعرە کە ڕوو دەکاتە پێغەمبەر و دەڵێ:

**گەر حەشرە ئەمە فەرموو شەفاعەت بکە بۆمان**

**تــــا ئــەجرو جەزاو کردەوەمان بێنێتە دەفتەر**

**دنیایە ئــەگەر بۆچی یە ئەم حەشرە لەسەرچی**

**ئەم عالەمی ئیسلامە ئــەکەن بۆچی موکەددەر**

لە بەشێکی تردا دەڵێ:

**لـــــەو ساوە حکومەت نییە بەربوونەتە میللـــەت**

**جاف و هەمەوەند، بــانەیی و مەنگوورو پشــدەر**

**تالاّن و بـــڕۆو کــوشتن و حــەپسە لە هەمـــوولا**

**صاحێب عەلەم و تەپڵە ئەڵێی دێوی ستەمگــــــەر**

**ئەم شەکوایی ئێمە کــە لە بـــاریێ دەنـــکێکـــە**

**بۆ تۆیە لەلای تۆیە لەدەس نوتفەیی حـــەیدەر....** دیوانی حەمدی، ل٧٢

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی گلەیی و گازندەی لە خزم و کەسە نزیکەکانی شێخ مەحموود هەبووە، (خالیسی شاعیر١٨٧٣-١٩٢٥ز) شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی کوڕی شاعیری ناوداری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، قەسیدەیەکی درێژی بەناوی (عیتاب) بۆ شێخ ناردووە کە شەکوا و گلەیی و گازندەیە لە دەست و پێوەندەکانی شێخ، د.عوسمان دەشتی دەڵێ:((لە قەسیدەکەدا چەند مەبەستێك پێکەوە گونجێندراون وەکو(داشۆرین و سەرزەنشت و وەسف و ستایش) کە لە دەسەڵاتی شاعیرێکی هونەرمەندا نەبێت نایەت، لە هونەرەکانی ڕوخسارو ناوەرۆکدا لەگەڵ گەلێ لایەنی هونەری نایاب ڕووبەڕوو دەبینەوە، لەوانەیە بەهێزی و بەپێزی ئەندێشەو وێنەی هونەری لە تێکستەکەدا، ڕاستگۆیی لە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی، دەوڵەمەندی و کارامەیی لە زمان و شێوازی دەربڕیندا، لەگەڵ گەلێ لایەنی تر ئەم قەسیدەیە وەکو شاکارێکی شیعری لە ئەدەبی کوردی سەیر دەکرێت لە هونەرو داهێناندا))[٥٠٠] لە بارەی بۆنەو موناسەبەتی نووسینی قەسیدەکەوە دەڵێ: ((لە ناوچەی پشدەرو بیتوێن هەندێ خێزان و بنەماڵەی سەییدی لێبوون، کە لە کۆنەوە لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون و بەخزمایەتیش دەگەیشتنەوە بنەماڵەی شێخ مەحموود، لەو کاتەی خالیسی قائیمقامی ڕانیە دەبێت، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەو و سەیدەکانەوە.....سەیدەکان لای شێخ مەحموود لەسەر خالیسی دەخوێنن...لەدوایدا شێخ مەحموود سەیدەکانی خزمی ڕادەسپێرێ و هێزێکیشیان لەگەڵ دەنێرێ، تاوەکو خالیسی لەسەر کار لابەرن(عەزلی بکەن)...دیارە سەیدەکان و ئەو هێزەی لەگەڵیشیاندا دەبێت، هەر بەوە ناوەستن کە فەرمانەکەی شێخ جێبەجێ بکەن، بەڵکو پەلاماری ماڵەکەی دەدەن و تالاّنیشی دەکەن و خۆی بەتەنیا لە ماڵەکەی بەدەر دەنێن و دوچاری ئەشکەنجەو ئازاریشی دەکەن، دوابەدوای ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە کاتێك شێخ ئاگادار دەبێتەوەو بەمەسەلەکە دەزانێت

[٥٠٠]- عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان....ل٤٢.

پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێ خالیسی ئاشت بکاتەوەو دڵنەوایی بداتەوە، بۆیە بەدوایدا دەنێرێت کە بچێت بۆ سلێمانی بۆ لای، بەڵام خالیسی ناچێت و لە وەڵامی شێخدا ئەم قەسیدە دەنووسێت و بۆی ڕەوانە دەکات))[٥٠١].

**لە پـــاش دامان و پـا مــاچکردن و عەرزی دوعا خوانی**
**وەڕین دەست پێ دەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی**
**دەڵێ بۆچی دەرت کردم ئــەگەر پـــاست نەکەم بەخوا**
**هەموو چەڵتوکەکەت دەخـوا بــەرازی قــوتبی ڕەببانــی**
**یەکانــەو پەڵــخ و مالــۆسی قـــەوی قۆڵی گەلێ زۆرە**
**بــــەری ملیان لــە کوێ دەگرێ پشیلەی کانی ئەسکانی**
**لە پاش تـــاڵان و عـــەزل و لانــــەوازو خـــانە وێـــرانی**
**حەواڵەی خۆت دەکەم قوربان چلۆن بێم بـــۆ سلێمـــانی**

لە چەند دێڕێکی تردا بە جۆرە گلەیی کردنێك لە شێخ مەحموود دە ست پێدەکات و هەجووی خزمانی شێخ دەکات و دەڵێ:

**لەبــــــەر چـاوت وەکو یەك وایە بێ فەرقن لـە خـــزمەت تۆ**
**شـــــەهێن و حـــاجی لەقلەق، شێرو ڕێوی، مورشید و جانــی**
**کەر و گـــــا خـــەرجی بـــارو جـــووتە ئێستر ماڵی کـاروانە**
**ئەمـــــانە نـــابنـــە کـــوێخــــاو ڕەئیس و مــــیری دیـوانــی....**

لەبەشێکی تری قەسیدەکەدا سەرزەنشتی خۆی دەکات و دێتە سەر ستایشی شێخ مەحموود بەم جۆرە:

**هـــەتیو چـــیت وت زمــانت وەرگەڕێ غەڵەتێکی گەورەت کرد**
**لەلای خـــۆت شـــاعیری هێشتا قسەی پیـــاوانە نـــــازانی**
**خـــــراپی چـــــاکـــەیـە زامــی شیفایە حـیددەتی حیلمە**
**جــنێوی فــەخرە تـاڵانی عــەتـایە عـــــەفــوە عینوانـــی**
**کـەرەم کـــارو وەفـــادارو وەلـی خـــولق و عـــەلی کــــردار**
**تــەبیعــەت چــاك و تینەت پــاك و دڵ پـــڕ نــوورو نوورانی**
**فەلەك مل شۆڕ ئـەکا ئەمڕۆ لە ژێر پێی ئەسپی شێخ مەحموود**
**مـــەلـــەك مــەجبوورە ئـەمـــڕۆ بۆ ئیتاعەو حوکم و فەرمانی**
**ئەوەنـــدەی بـاری تـــەعنەت کـــەوت بەملدا(خالیسی) ئەمڕۆ**
**ئـــەهـــاتە خـــزمـــەتت قـــوربـــان وەلێ زامدارە سەر شانی***

---

[٥٠١]- عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان...ل١٣.

*- تێبینی: هەر یەکە لەو سەرچاوانەی لەبەردەستی مندا بوون: (لە خەومای جەمیل صائب و لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، د. عوسمان دەشتی و مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنج، مارف خەزنەدار(د)) کە ئەو شیعرەی (خالیسی) یان تۆمار کردبوو، هەندێ جیاوازی بەدی دەکرا لە پاش و پێشخستنی هەندێ لە دێرە شیعرییەکان، بۆیە من وەك سەرچاوە بۆ نووسینی دەقی شیعرەکە زیاتر پشتم بە بەرگی پێنجی مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف حەزنەدار لاپەرە(٥٥تا٥٨) بەستووە.

شاعیر (مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا رەسوڵی دێلیژەیی نازناوی (فایز) بووە لە ساڵی ١٨٩٢ز لە سلێمانی لەدایکبووە لە ساڵی ١٩٧٠ز کۆچی دوایی کردووە)، بە بۆنەی بوونی شێخ مەحموود بە مەلیکی کوردستان ئەم پارچە شیعرەی لە ستایشی مەلیك مەحموود دا نووسیوە:

**ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر شێری یـــــەزدانە مـــەلیك**

**زومرەیـــی ســـاداتـــە نەجم و مـــــاهی تابانە مەلیك**

**سەفحەیی تەئریخی قەومی کورد دەبێ ڕەنگین ببێ**

**چونکە ئـــــەمڕۆ وەك سەلاّحەددین حوکمڕانە مەلیك**

**تـــاجی کەیخوسرەو چ بوو یا ئەفســەری قەیسەر چییە؟**

**تاجی فەخری عیزەتە ئەمڕۆ لە کـــــــەیوانە مەلیك**[٥٠٢]

شێخ نووری شیخ ساڵح لەگەڵ (عەلی کەمال باپیر) بۆ هەمان بۆنە واتە بوونی شیخ مەحموود بەمەلیکی کوردستان دەقێکی شیعرییان نووسیوە، ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**وا مـــوبەدەل بوو بە خۆشی دەوری** ئیضـمیحلا**لی کورد**

**خـــــــاتیمەی هات و نەما، ئـــەیامی ئیستیزلالی کورد**

**بۆ گـــــەیشتن بەم دەمە، بـــەم ڕۆژە بوو، ئامالی کــورد**

**حەمد بێ حـــەددبوو، خودا دیـــم ڕۆژی ئیستیقلالی کورد**

**پـــــڕ** ضیا**و ڕەخــشندە هەڵهات کـــەوکەبی ئیقبالی کورد**

**قاپی ڕەحمــەت گـــوشـــادە، دەرکــی زیللـــەت داخرا**

**چونکە مەحموودێ لەسەر تـــەختی عــــەدالەت دانرا....** دیوانی شیخ نووری شێخ ساڵح، ل٣١٢

لە ڕۆژی ((١٥ی تـ شرینی یەکەمی ١٩٢٨ز مایۆری سوپای ئینگلیز (نۆئێل) بە سەرۆکایەتی چل سەربازی هیندی هاتە ناو شاری سلێمانی، شێخ مەحموود نامەی تایبەتی بۆ نوو سی بوو، بە هۆی عەبدوڵلا ئاغای حاجی سەعید و فایەق تۆفیقەوە بۆی ناردبوو، بەو بۆنەیەوە (بابە)*ی شاعیر شیعرێك دەهۆنێتەوە))[٥٠٣] کە هە ستی ژێر دە ستەی و زەلیلی کورد بۆ دوژمنێکی تر ناڕەحەت و دڵتەنگی دەکات، وەك جۆرە گلەییەك بەم جۆرە هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت، ئەمە بە شێکە لەو شیعرە:

**سەد دریغ دەوری ئەسیری قـــــەومی کـــورد نەبڕایەوە**

**تاکـــــو ئێستا ئـــــــەم گرێیە هـــــەر بەکەس نەکرایەوە**

**میللەتی گـــــەورەو بچـــوك گشتی ســـەربەستی ئەوێ**

**میللەتی کـــــورد هەر لـــەژێر بـــــارا بەدیلی مـــایەوە**

---

[٥٠٢]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم...ل٥٤.

*– بابە، عەبدولرحمان کوڕی ئەحمەد خالید بەگی کوری سلێمان پا شای بابان(١٨٨٠–١٩٦٧) بۆ مەبە ستی نازناوی شیعری لە ساڵی ١٩١٨ وشەی(بابە)ی هەڵبژاردووە هەرچەندە وەك شاعیرێکی لێهاتوو ناوبانگی نەبووە بەڵام ڕۆشنبیرێکی بەتوانای سەردەمی خۆی بووە، شاعیر کۆمەڵێك شیعری بۆنەی هەیە کە هەندێکیان پێکدێن لە کۆمەڵێ ماتەمنامە بۆ ئەمین زەکی و فایەق بێکەس وپیرەمێردو سەید ئەحمەدی خانەقاو...هتد. دەڕوانرێتە: هەمان سەرچاوە...ل١٠٣و١٠٦و١٠٧،

[٥٠٣]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم...ل١١٦.

**تاكو ئێستا هــەر دراوسێ بوون عەدووی خاكی وەتەن**

**سەیری نـــەگبەت كەن كە ئینگــلیز هاتە گۆڕو كایەوە**

پا شان باس لە نیەت خراپی ئینگلیزو سیا سەتی دووفاقەییان دەكات بەرامبەر بە كورد، كە هەموو كات ئەوەی لە ڕوو دەریان بڕیوە و ئەو دڵسۆزیەی نیشانیان داوە، تەنها بۆ ژێردەستەكردنی كورد بووە.

**سەر زمانی وەعـــــــــــدەیی شیرینی ئـــــازادی وەتـــــەن**

**ژێر زمــــــانی بــــۆ ئـــــەسیری دام و دانــــەی نایـــــەوە**

**سەر زمانی حـــــامییە بۆ قـــــەومی لێقـــــــەومـــــاوی كورد**

**ژێر زمانی زوڵمەكـــــەی زەحـــــــحــاكی بــــــۆ هێنایـــــەوە**

**سەر زمانی ڕەهبــــــــــەرە بــۆ قــــــەومی بێچارەو زەبـــــوون**

**ژێر زمـــــانی زەهـــــر ئـــــەڕژێ گــــــەر یــــــەكێ جـــولآیەوە**

**مـــاددە چواردەی مەنهەجی ویلسۆنی پێش خۆی خـست و هات**

**مـــاددەكە بـــــۆ قـــــەومی كـــــورد دیلـــــی ئەبەد خوێنرایەوە...**

بێگومان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەر سەرنجی ورد بدەین ((لە شیعری (دیاری) شوكری فەزڵی* ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت هەموو ئەو باس و بابەتانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ كراوە وەك ڕا ستییەكی حاشاهەڵنەگر لە شۆڕشەكەی شێخ مەحموود دا هەستیان پێ كراوە لەوانە( كەم ئەزموونی لە حوكمداری و گوێگرتنی شێخ بۆ هەندێك لە قسەو قسەڵۆكی گێرەشێوێنان و لاوازی یەكبوون و یەكڕیزی لە نێوان ڕۆڵەكانی میللەت و كەمتر كاركردن بەیا ساو قانوون)، بۆیە شوكری فەزڵی بە ئا شكراو بلیمەتانە هەڵوێ ستی خۆی بۆ هەموو ئەو بارە ناهەموارانە دەربڕیوەو بەو بۆنانەوە لەم شیعرەدا وێ ستویەتی ئامۆژگاری شێخ مەحموود بكات، شیعرەكە بەڵگەیەكی ئا شكراو ڕوونە بۆ شێوەی هەڵسوكەوتی شێخی نەمر بۆ بارو دۆخی سروشتی ئەو سەردەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵوێستەی شوكری پاڵپشتە بۆ ڕاستی بیرو هەڵوێ ست و ڕەخنەكانی شاعیرانی تر، بەتایبەت هەڵوێ ستەكانی (حەمدی) بەرامبەر شێخی نەمر))[٥٠٤].

**ئیش كە ڕووی ئێستە لە هــەورازە سەرەو لێژی نەكەی**

**فكـــری وردیــشی ئـــەوێ هەر بەدوعاو نوێژی نەكەی**

**گێرە شێوێنی كـــە كـــای كـــــۆنی بە(با)دا لەكنت**

**چاكە هەر لێی خوڕی، سەیری دەم و كاوێژی نەكەی**

**سەرەتای ئیش هەموو یەكبوونە ئەویش نـــــابێ هەتـا**

**هەر برینێ كە لە دڵ دا هــەیە ســـــاڕێژی نەكـــــەی...** دیوانی شوكری فەزڵی، ل١٦

---

*– شوكری فەزڵی: ناوی شوكری كوڕی مەحموودی كوڕی ئەحمەد ئاغایە، لە ساڵی (١٨٨٢ز) لەگەڕەكی (فەزڵ)ی شاری بەغداد لەدایك بووە، لەتەمەنی شەش حەوت ساڵیدا لەگەڵ خالیدا دێتە سلێمانی و لەوێ ژیان بەسەردەبات لەگەڵ شێخ مەحموود هاوڕێیەكی دڵسۆزو و نزیكی یەكتربوون شاعیر لە ١٩٢٦/٦/١ لە بەغداد كۆچی دوای كردووە. هەمان سەرچاوە..ل٧.

[٥٠٤]- دەڕوانرێتە: كاروان عوسمان، دیوانی شوكری فەزڵی، چاپی یەكەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٩، ل١٥.

## دووەم/ ڕاپەڕینی (٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠)ی شاری سلێمانی و شیعری شاعیران:

کارەساتی (٦ ی ئەیلولی١٩٣٠) و شەڕی بەردەرکی سەرا هەرچەندە بەرۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول بەناوبانگە لە مێژووی خەبات و تێکۆ شانی میللەتی کورددا، بەلاّم نموونەیەکی زیندووی بەرخودان و گیانفیدایی و قوربانی دانی خەڵکی شاری سلێمانییە لەپێناو داکۆکیکردنی مافی ڕەوای میللەتەکەمان کە نەبەردییەکی ئەوتۆیان ئەنجامداوە، تەنها لە سرو شتی فیداکاران و پاڵەوانان دەوە شێتەوە، لەو ڕۆژەدا ڕۆڵەکانی کورد کەوتوونەتەخۆ بۆ دژایەتیکردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانێکی ساختە لەعێراق کە ئیمپریالیزمی بەریتانی و حکومەتی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بەنیازبوون لە ڕێگەی ئەو هەڵبژاردنە ساختەیەوە پەیمانی نێوانیان بـ سەپێنن، کە هەموو مافەکانی کوردی خـ ستبووە پـ شتگوێ، بەپێی ڕێکەوتنێك لە ڕۆژی((٢٠ مایـ سی ١٩٣٠، مەلیك فەیـ صەڵ پەیمانی لەگەڵ بەریتانیا بە ست، لەتەموزی هەمان ساڵدا پەیمانەکە ڕاگەیەنرا، دوای ڕاگەیاندنی پەیمانەکە دەرکەوت هیچ با سێکی سەبارەت بەمافەکانی گەلی کورد تێدا نییە، کە ئەو سا کۆمەڵی گەلان بڕیاری لە سەردابوو...لەڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا گەورە پیاوانی( سلێمانی) بانگ کرابوون بۆ کۆبوونەوە، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ))[٥٠٥]، خەڵکی سلێمانی بە هەموو چین و توێژێکەوە بەخۆپیـ شاندان دەڕژێنە بەردەرکی سەراو بڕیاردەدەن، کە لەو هەڵبژاردنە دەنگ نەدەن و بە شداری نەکەن، داوای مافەکانی گەلی کوردیان دەکرد، لەبەرامبەر ئەو خۆپیـشاندان و داواکارییانەدا، حکومەتی مەلیکی و ئیمپریالیزمی بەریتانی وەلاّمیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوو، گوللەبارانکردن و دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران بوو، ((لەئەنجامدا (٥٠)کەسێکیان لێ کوژراو برینداربوون، خەڵکی سلێمانی ئەگەرچی سەریش نەکەوتن، بەلاّم گەورەترین قارەمانیان نواند، شێخ مەحموودی نەمر هەرکە هەواڵی کوشتارەکەی بەردەرکی سەرای بیست، پەلاماری (پێنجوێن)ی داو داگیری کرد، لەئەفسەرانی سوپای عێراق(مەحموود جەودەت، حەمید جەودەت، کامیل حەسەن) خۆیان گەیاندە لە شکری شێخ مەحموود و هاوبە شی ئەو ڕاپەڕینە پیرۆزەیان کرد، کە ئەنجامەکەی شەڕی ئاوباریك بوو*))[٥٠٦]. لەئەنجامی ئەو کو شتارەو دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانی، گەلێك لەو کەسانەی بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون خرانە بەندیخانە، شاعیری گەورەی کورد (بێکەس) نەك تەنها بەشیعر، بەڵکو بە بەشدارییەکی کاریگەرانە لە پێشەوەی خەڵکی بوو، دەورێکی گرنگی دەگێڕا لە هاندانی خەڵکی بۆ ڕاپەڕین و خەبات و تێکۆ شان، یەکێك بوو لەوانەی کە دە ستگیرکرا، لە زیندانیش کۆڵی نەداو بۆ ئەو بۆنەیە شیعری (ئەی وەتەن)ی هۆنیەوە و لە کونجی زینداندا مژدەی دەدا، کە حەپس و تێهەڵدان قەت ناتوانن سۆزو عەشقی نیشتمان لەبیر بەرنەوە.

لە بەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

---

[٥٠٥] - عەلی قادر عوبێد و سیروان نەجم ڕەشید، خەباتی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد، چاپی یەکەم، کتێبی ڕووناکبیری،٢٠٠٢،ل٢٩و٣٠.

*–ئەو ساتەی کە شەشی ئەیلول ڕووئەدا شێخ مەحموودی مەزن بەچیایی پیرانەوە ئەبێ، هەواڵی ئەو شەڕوکوشتارە زۆر پەستودلگرانی ئەکاو ماتەمی دای ئەگرێ، لەتۆڵەی ئەو کوشتارەی بەردەرکی سەرادا، شێخ مەحموود خۆی ئەگەیەنێتە دەوری ئاوباریك و لەوێ شەڕێکی زۆر گەورە بەرپا ئەکات و کارێکی خراپ بەسەر هێزی میریدا ئەهێنێ. دەڕوانرێتە: دیوانی پیرەمێردی نەمر، ل١٠١.

[٥٠٦] - ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ سالّح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم...،١٩٨٩، ل٣٨٥.

**ئەی وەتەن مەفتوونی تـۆم و شیـۆەتم بیرکەوتـەوە**
**وەختی بەندی و ئەسـارەت پێ بـەتەوق و کۆتەوە**
**من لەزیکرو فیکری تۆ غافڵ نـەبووم وا تێنەگەی**
**حـەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە...**

لەکۆتایدا بە دەنگێکی دلێرو پڕ ئازایەتییەوە دەڵێ:

**شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا**
**دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە** دیوانی بێکەس، ل٥٤.

هەر بۆ ئەم کارە ساتە ناهەموارەی یەخەی بە گەلی کورد گرتبوو، زۆربەی شاعیران لەو بۆنەیەدا شیعریان نوو سیوە، هەریەکەیان بە جۆرێ هە ست و سۆز و هەڵ چوون و ڕق و تووڕەییان بەرامبەر دوژمنانی کورد نیشانداوە ، (ئەخۆل بەکوڵ فرمێسکی هەڵدەڕشت و پیرەمێرد زیللەتی وەفدی کورد ستانی پێ شان دەدا کە پاش ئەو هەموو کو شتارەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە وەفدێك دە چنە بەغداد بۆ میللەت فرۆشتن و حەمدی ئەو کارەساتەی دەچواند بە گێژەڵوکەی نەگبەتی و شێخ نوری گڕ لە دڵ و هەناوی بەربووبوو، بەختیار زێوەرو ئەحمەد موختاریش شیوەنی بەکوڵیان بۆ ئەو ڕۆژە دەکرد و گۆرانی شاعیریش دوای دوو ساڵ بۆ یادی ئەو ڕووداوە دەیەوێ لەڕێگەی پار چە شیعرێکەوە بڵێ گڕی شەشی ئەیلول بە ئاسانی دانامرکێتەوە).

شێخ نوری شێخ ساڵح لە پارچە شیعرێکی درێژداو لە بەشێکی ئەو شیعرەدا بەم شێوەیە دەست بەدەربڕینی هە ست و سۆزی خۆی دەکات و ئەو کارە ساتە بە کو شتارگەی دە شتی کەربەلا و گریان و هاواری خەڵکیش بە شینی مانگی مووحەرەم وەسف دەکات، ڕایدەگەیەنێ، کە هەموو کەس لە شیوەن و ماتەمدان و کۆستی ئەو ڕۆژە، کۆستی هەموو گەلی کوردە، وەك دەڵێ:

**دووبـــــارە دڵ لـــە داخـــی وەتەن پڕ لە میحنەتە**
**لەم مەنزەرەی فەلاکەتە، لــــەم دەردو حەسرەتە**
**حەقیە فەلەك بە جارێ سەری خۆی لە خوم بنێ**
**بگری فەلەك بە شینەوە بۆ ئـــەم مـــوصیبەتـــە**
**بـەر قاپی سەرا بـــووەتە دەشتی کـــــەربــــەلا؟**
**یـــا مەزبەحەی گرۆهی وەتەن خواهی ئوومەتە؟**
**مـــــاهی مـــوحەڕڕەمـــە ئەمە، شینی حوسەینە یا**
**ئەیلوولە ڕۆژی شیوەنە، مـــاهی فـــــەلاکـــەتـــە...** دیوانی شێخ نووری، ل٣٨٦.

حەمدی شاعیر لە دەقێکی شیعریدا بەزمانێکی سادەو ڕەوان و تەکنیکێکی بەرز بەم جۆرە گوزار شت لە هە ست و هەڵ چوونەکانی خۆی بۆ ئەو ڕۆژە دەکات و کارە ساتەکە بە فیتنەو گێژەڵوکەی نەگبەتی دەچوێنێ: لە چەند دێڕی سەرەتای شیعرەکەیەوە دەڵێ:

**بــــــۆ هــــــەوا ئـــاڵۆزە بۆچی لێڵ و سورە ئاسمـــان؟**

**گێژەڵوکەی نـــــەگبەتـــە یــــا فیتنەی ئاخر زەمــان**

**هەوری قەهری مەوجی دەریای غەزەب دێنێتە جـۆش**

**یـــــا فوغان و دووکەڵی ئاهی هەناسە ســــەردەکان**

**ڕەنگی گوڵ بۆچی پەڕی، بولبول دڵی بــۆچی شکا؟**

**نــــــاکرێ ئـــــەوەڵ بـەهاری شـــادمانی بێ خەزان**

**بەفرە باریوە لەسەر بەختی رەشـــی خاکی وەتـــــەن**

**یــــــا بەدەم شەستیرەوە مێشکـــــی هــــــەژارانە پژان**

لەکۆتای شیعرەکەی دەڵێ:

**ڕەبی مووی لێ بێ زمـــــانی پـــەنجەکانی هەڵوەرێ**

**هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بــەرێ** دیوانی حەمدی، ل١٣٦و١٣٨

ئەخۆڵ(١٩١١-١٩٨٨ز) لە ماتەمنامەیەکی دڵ سۆزانەی پڕ هە ست و سۆزدا لە (٧ ی ئەیلولی ١٩٣٠) واتە ڕۆژێ دوای کارە ساتەکە، شیوەن و لاواندنەوەیەکی بەکوڵ بۆ ئەو ڕووداوە دەکات، ناونیـ شانی شیعرەکەی (ئەیلولی خوێناوی) تەواوی حاڵەتی کوشتارو شەڕو خوێن ڕشتنەکانی ئەو ڕۆژە نیشاندەدات، کاتێك لە شیعرەکەی ورد دەبینەوە وێنەیەکی فۆتۆگرافی وردی ئەو ڕۆژەمان دێتەوە بەرچاو، کە خەڵکی لە چ مەینەتی و نارەحەتییەکدا بوون:

**بــــە جـــــارێ مــــاڵی وێــرانم ســــلێمانی خـرۆشـاوە**

**بەسەر هیچ کەس نەیەت خووایە ئـەوی لـەم شارە قەوماوە**

**بەیانی بــوو شەشی ئەیلوول لە نــاکاو گوللەی وەك باران**

**ئـــــەبــــــاری بــۆ قڕی میللـــەت، ئەوی پیرەو ئەوی لاوە**

**بــــەدەم شەستیرەوە لاشـــە وەکـو زۆربــەی گـەڵاڕێــزان**

**لە ڕێدا عـــەینی ئەت وت بـــــــەردەبازی جــۆگەلەی ئاوە**

**لـــەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایــەك تەمــــــاشاکەی**

**سەراســـەر پڕ لـــە لاشــــەی مردووە شێلراوە، کـــــوژراوە**

لە بەشێکی تردا دەڵێ:

**دەمــــەو ئێـــوارە ئـەتواری بە وێنەی ڕێچکـــە مێروولـــە**

**بەڕیز تابووتی کـــــوژراوان بــــەرەو سەیوان ملی نـــاوە**[٥٠٧]

(قانع)یش باری کزی و کڵۆڵی و ژێردەستەیی کورد دەکاتە هۆکاری ئەو ڕەشەکوژییەی ڕۆڵەکانی، لەگەڵ ئەوە شدا کورد بە میللەتێکی سەربەرز دادەنێت و ڕایدەگەیەنێ هەر ڕۆژێ بێ تۆڵەی ئەو خوێنە بەناهەق ڕژاوە دەکاتەوە، لەبەشێکی هۆنراوەکەیدا ئاوا پێناسەی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکا:

**لە کـــزی کوردان گـــــلاراوەمـــە**

[٥٠٧]- ئەحمەد دەروێش، دیوانی ئەخۆل، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، سلێمانی،١٩٨٣،ل٨٩.

**ڕۆژەکـەی ئــەیلوول تـانەی چاومە**

**لە بیرت نەچیٚ باخچەی بەرسەرا**

**بەخوێنی کـــوردی مەزلٚووم ئاودرا**

لەبەشیٚکی تردا دەڵیٚ:

**با لەناو پـــــەڕەی میٚژوو بمیٚنیٚ**

**کورد تۆڵەی خوێنی، بە خوێن ئەسیٚنیٚ...** دیوانی قانع، ل٤٤١.

(ئەحمەد موختار جاف) یش دەڵیٚ:

**شەشی ئەیلوول ئەزانن ئیٚوە ئەی قەومی وەفا کـــردار**

**ئەوە ڕۆژیٚ بوو دوژمن قەتڵ و عامی کوردەکانی کرد** دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٧١.

بەختیار زیٚوەر لە دەقیٚکدا بە ناوی(بۆ ڕۆژی ڕە شی شە شی ئەیلوولی ١٩٣٠) هە ستیٚکی نیشتمانپەروەرانەی پڕ لە شانازی بە قەومی کوردەوە دەردەبڕیٚ، بەڵام ئەو شیعرە میٚژووی نوو سینی چەند ساڵیٚك دوای کارە ساتی شە شی ئەیلولە بە بەڵگەی ئەوەی بەختیار زیٚوەر خۆی دەڵیٚت((لە ١ی مارتی ١٩٢٨ی میلادییەوە ئیتر شیعرم نەوتووە هەتا ٣ی تەمووزی ١٩٣٨ی میلادی))[٥٠٨].

لە چەند بەیتیٚکی ئەو شیعرەدا دەڵیٚ:

**زۆر نییە خـــۆم دیـــم ڕژابوو خوێنی لاوانی وەتـەن**

**هـەروەکو جۆگا لەبـــەردەرکی سەرا حاشا ئـەکەن**

**ئیٚمــــە ئەولادی ئەوانـــەین تیٚبگەن ئەی دوژمنـان**

**حـەملەیی شیٚرانەمان هەر ماوە یاخود ڕائەکەن...** دیوانی بەختیار زیٚوەر، ل٣٨

گۆرانیش پاش دوو ساڵ لەو ڕووداوە دەیەویٚ بڵیٚ: یادی ئەو کارە ساتە ون نابیٚ و کوردیش نابەزیٚت و بەردەوام دەبیٚت لە تیٚکۆشان.

**هەزارو نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵـهات**

**غـــریوی ویستنی حـــەق کـــەوتە نــــاو شاری سلیٚمـانی،**

**"هەڵۆ بەگ" ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بـــۆ وەتــــەن ئاوات**

**لە پیٚش جەمعیٚکەوە تا بەر سەرا ڕووی هــــــەڵمەتی هانی.**

**لەگەڵ یارانی ئەیوت:"ئەی حوکوومەت" تانەکەی تەسبیت**

**حـــــوقووقی کـــوردەواری، نـایەویٚ کورد ئینتیخابات....** دیوانی گۆران، ل١٩٩.

پیرەمیٚرد جیاواز لە شاعیرانی هاوڕیٚی ئەوەی زیاتر هە ستی بریندار کرد و بیٚزاری دەکرد لە ڕۆژانی ڕە شی شە شی ئەیلوول، ئەوەبوو، کە سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد لەو ڕووداوە جەرگ بڕەدا کوشتاریٚکی زۆری بەناهەق لیٚ دەکریٚ و گەلیٚك لە خوێندەواران و مامۆستایان و خۆپیشاندەران لە کونجی

---

[٥٠٨] - مەحموود زیوەر، دیوانی بەختیار زیٚوەر،...، ل٢٣.

زیندان توند دەکرێن، لەو ئان و ساتانەدا کاربەدە ستانی میری بەناوی (ئە شراف)ەوە وەفدێك پێك ئەهێنن زۆر بێ شەرمانە ئەو وەفدە دە چێتە بەغداد بۆ کڕنووش بردن و زیللەت نواندن و تکای لێبووردن نواندن، پیرەمێردیش لە چوونی ئەو وەفدە پاش ئەو هەموو کو شتارو ڕە شبگیرییە، ناڕەزای خۆی بە شیعرە بەرزەکەی (وەفدی کوردستان) دەردەبڕێت، بەو بۆنەیەوە دەڵێ:

**وەفدی کـــــوردستان، میللەت فـرۆشـان**

**هــــەرزە وەکـیلی شاری خامۆشـــــان !!**

**چەپـــــکێ لە گـوڵەکەی، باغەکەی سەرا**

**کـــە بـە خـــــوێنـــاوی لاوان ئـــاودرا**

**بی بەنە خـــزمـــــەت عـــــەرشی عراقی**

**بڵێن یـار باقــی و هەم ســـوحبەت باقی**

**پـــــەردەو تـــارای ســـور بەرن بـۆ ئەمیر**

**بڵێن پاش کوشتار هێشتـا تــۆی دڵگیر...** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٢.

پیرەمێرد بەم پار چە شیعرە مۆری ڕوو زەردی ونەنگی و بێ عاری بە نێو چەوانی ئەو وەفدەوە دەنێت و بێکە سی شاعیریش بە سەر شیعرە بەرزەکەی پیرەمێرددا دێتەوەو دەیکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەك و گڕی تورەی خۆی زیاتر بەسەرو ڕووی ئەو خۆفرۆشانەدا دەبارێنێ و دەڵێ:

**قــــەدری میللەتتـان بـە جـارێ شکان**

**نە حـــەیاتان مـا نــە نـــاوونیشــــان**

**باری تەعـــــــنەتـــان وا هـاتە سەر شان**

**" وەفدی کوردستان، میللەت فـرۆشان"**

**"هەرزە وەکیلی شاری خــــامۆشـان !!"**

ئینجا بە تانەو تە شەرەوە ڕازی دڵی وەفدە خۆفرۆ شەکە، کە نەیان توانیوە بەرامبەر خەڵکی بیلێن و بەڵام لە ناخی خراپیاندا هەبووە بۆمان دەردەخات و ئەڵێ:

**نـــە بـــــارانتان دی، نەبا ئـەی فەقیر**

**نــــە لاوان کـوژران بـە گوللەو شەستیر**

**نــە پێی نــازداران خـــــرایـە زنــجیر**

**"پـــەردەو تـارای سـور بـەرن بۆ ئەمیر"**

**"بڵێن پاش کوشتار هێشتـا تۆی دڵگیر"...** دیوانی بێکەس، ل٢٦و٢٧.

سەفوەتیش هەمان شیعری پیرەمێرد دەکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەك و دەڵێ:

**نـە حـــەیا مـــاوە، نـــە دین، نـــە ئیمان**

**گشتـی بــــــار کـــــرا بــرا بــــە تالان**

**بـــــۆ لـــەبیرتان چـــــوو کوشتـاری لاوان**

**"وەفدی کـــــوردستان، میللەت فـرۆشـان**

هـــــەرزە وەكـــیلی شاری خامۆشـــــان !!...                    دیوانی سەفوەت، ل٦٣.

**سێیەم/ ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران و ئەنجامەكانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیراندا:**

**توركیا وەك یەكێك لە وڵاتە داگیركەرەكانی كورد ستان هەمیشە ستەم و چەو سانەوە ((دەرهەق بە كوردانی كورد ستانی باكوور ئەنجامی دەداو بە هۆی سیا سەتی پاكتاوی ڕەگەزی و سەپاندنی زمان و ڕۆشنبیری تورك بەسەر كورددا، هەروەها دەستگیركردنی چەند كەسایەتییەكی كورد لەلایەن هێزەكانی توركیاوە كە لەدۆست و كەسە نزیكەكانی شێخ سەعید پێك هاتبوون لە (١٩٢٥/٢/٥) لەلایەك و هاندانی شێخ سەعیدو هاوڕێكانی لەلایەن بەریتانیاوە بۆمەبەستی لاوازكردنی توركیا لە لایەكی ترەوە، كۆمەڵێك هۆكاربوون بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینانە))[509] هەروەها لە ئەنجامی شكاندنی هەموو ئەو وەعد و بەڵێنانەی توركەكان بە كوردیان دابوو. بەتایبەت پاش(( شكاندنی پەیمانی سیڤەر* و بە ستنی پەیمانی لۆزان*، كە لە چاكەی بۆرژوازیەتی تورك بوو، شۆڕ شی شێخ سەعیدی پیران تەقییەوە. لە ڕۆژی ٢٤ی مای سی ١٩٢٥دا حكوو مەت جارێكی تر هێر شی بردە سەر گەلی كورد، ژ مارە یەكی زۆر یان لە نیشتمانپەروەران خنكاند و سەری ئافرەت و منداڵیان بڕی و دێهاتیان سوتاند))[510]. بەداخەوە ئەو هیواو ئاوات و مەبە ستەی شێخ سەعید لە پێناویدا ڕاپەڕینی بەرپاكرد، كە بریتی بوو لە دە ستخ ستنی سەربەخۆیی و دابینكردنی مافەكانی گەلی كورد، ئەو هەلەی بۆیان هەڵكەوتبوو بەپێ چەوانەی وی ستی ئەوانەوە زۆربەی سەركردەكانی گەیاندە بەر پەتی سێدارەو بە سەدان ژن و منداڵانی كورد كوژران ئەم كارەساتە هێندە كاریگەریی لەسەر سەرجەم خەڵكی كوردستان دانا، تا ئەو ڕادەیەی لە زۆربەی بوارەكان شیوەن و ماتەم دەگێڕدرا، غەمباری و دڵتەنگی لە ڕوخساری زۆربەی خەڵكی نیشتمانپەروەردا بە ئاشكرا دەبینرا، شاعیرانی كوردیش بەو بۆنەیەوە لەو سات و كاتەو پاش ڕووداوەكان بەدەربڕینی هە ست و سۆزی نەتەوایەتییان وێنەی نالەبارو خەمەكانیان بە شیوەن و فرمێسكرشتن لەشیعردا دەردەبڕی:**

**حەمدی شاعیر لەو بۆنەیەدا، بەهە ست و سۆزی كوردانەو پێكهێنانی چەندین وێنەی شیعری ستایشی ڕۆڵی شەهیدەكان دەكات، شیعر بۆ ئەو كارەساتە دەهۆنێتەوەو لەشیعرێكی بەرزو ڕازاوەدا زمانی خامەش دەخاتەگریان و بەدبەختی كورد دەخاتەڕوو:**

**چۆن زمانی خامە نەشكێ نەپچڕێ ڕوشتەی خەیاڵ**

---

[509]- دەرِوانرێتە: م.أ. هستريان: كوردستان تركيا بين الحربين، دار الكتاب، بيروت، ١٩٨٧، ص٧٨.

*- پەیمانی سیفەر: لە ١٠/٨/ ١٩٢٠ لە شاری سیڤەری ئیتالیا بە سترا با سی لە پێدانی ماف چارەی خۆنو سینی كردووە بۆ كورد لە بڕگەكانی ٦١، ٦٢، ٦٤ ، بەپێی پەیمانەكە ناو چەیەك لەكورد ستان دیاری كرابوو تاوەكو دەوڵەتی كوردی تیا دابمەزرێ ولەماوەی سێ مانگدا دەبوو توركیا جێبەجێی بكات. عثمان علي(د): دراسات في الحركة الكوردية.....ل٨٤٢

*- پەیمانی لۆزان: لەنێوان وڵاتە سەركەوتوەكانی جەنگی جیهانی یەكەم بەسرا بەدوو دانیشتنی جیاواز لە ٢٠/ ت٢/ ١٩٢٢و ٢٣/تموز/١٩٢٣ بۆ دیاریكردنی نەخشەرێگای وڵاتان بەتایبەت ڕۆژهەلاّتی ناوەراست لەپاش جەنگی جیهانی یەكەم، ئەوەی پەیوەندی بەكوردەوە هەبوو هەموو ئەو بەڵێنانەی كە بەكوردیاندابوو لەبارەی ماف چارەی خۆنوسین، هەڵیانوەشاندەوەو خەونی كوردیان لەگۆڕنا.

دەرِوانرێتە: هەمان سەرچاوە ....ل٤٢٤

[510]- مارف خەزنەدار(د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە.......ل١٤٢.

**کاسەیی پڕ مێشکی کەللە بۆ نەبێ یـەکسەر بەتاڵ**

**حامی ی قەومی ضـەعیف عامیلی عــەدل و ئـەمان**

**وا لە کوێ چۆن بنووسم چۆن بنێرم عـەرض و حاڵ؟**

**چۆن لە ژێر ئەم سێبەری گەردوونی دوونە دەرنەچم**

**خەصمی مادەرزادی قەوم، صاحێبی عەزم و کەمال**

لەبەشێکی تری تێکستەکەدا هاتووە:

**ڕۆژی تـەئریخی لە بیست و چـــواری مـارتا واقیعە**

**ڕۆژی ماتەم، ڕۆژی قورپێوانی کوردە کوللی ساڵ....** دیوانی حەمدی، ل١١٤و١١٥

مردن و کوژرانی ئەو هەموو خەڵکە بێ تاوانەو خنکاندنی ئەو سەرکردانەی کورد لە سەرو هەموویانەوە شێخ سەعیدو هاوەڵەکانی کاریگەریی زۆریان لە سەر هە ست و سۆزی(پیرەمێرد) داناوەو بەو بۆنەیەوە چەند دەقێکی شیعری لە شیوەنی ئەو قارەمانانەدا نوو سیوە، کە لێرەدا لە هەریەکەیان چەند دێڕە شیعرێك دەخەینە ڕوو:

**ئـــەم ئـــاسمـــانـــە شینـــە کەوا بەرگی ماتەمە**

**تەحلیلی واکراوە، کــــە قوبــــەی غــــەمە، تــەمە**

**چەرخێکی کۆنە، مـــاکینەکەی ژەنــگی گرتـــووە**

**چەوری نەکا بە خـوێن پــەکی سوڕانــی کــەوتووە**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**ئەم خوێنی کـــوردە کــــە وەکو خوێنی سیاوەحشە**

**خـــوێنی نـــەسێنرێ هـــەڵــدەقوڵێ دائما گەشە**

**بۆ ئێمە لازمە هـەمـــوو ساڵێك هــــەتــــا دەژین**

**ئـــــەم ڕۆژی (٢٤)ی ئــــایــارە بـکەیـن بەشین** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٤.

دووبارە لە دەقی(هاتن شەهیدەکان) بۆ هەمان بۆنەیە ستاي شی ڕۆڵی شەهیدەکان دەکات کە بۆ وەتەن خۆیان کردۆتە قوربانی و بەسەربەرزییەوە گیانیان پێشکەشکردووە:

**هـــــاتن شــــەهیدەکان بەجلی سووری خوێنەوە**

**دایکی وەتەن دەهـــــەڵـــسە ســـڵاویان بسێنەوە**

**شێخ قــادرە لە پێشەوە سەر قافڵـــەی ئـــــــەوان**

**چەند جـوانە، خوێن و ریشی سپی، پیرو نەوجەوان**

**سەیری ئـەمانەکە، هەموو کـــوردی صف شـــکەن**

**گیانیان پێشکەش ئەکردو ئـەیان وت بژی وەتەن....** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٤.

لەهەمان بۆنە بە بەراودی دیمەنەکانی سرو شت، وێنەی شیعری جوانی بۆ ماتەم و شینی ئەو شەهیدانە پێکهێناوە:

**گوڵاڵە بەڕەنگ سوور ئەکاتەوە**

**وەك من داغدارە لـە بنياتەوە**

**لە جورعەی شەونم خوێن ئەخواتەوە**

**شەهیدەکـــانمان بیر ئـــەخاتەوە**

**اوف اوف اوف**

**پایز ڕەنگی ماتەمە**

**دنیا تاریك و تەمـە**

**نوری چاوانم کەمە** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٥

لەبەر ئەوەی میللەتی کورد میللەتێکی چەو ساوەو ژێردە ست بووە زۆربەی ڕۆژەکانی ژیانی بووەتە تۆماری خەبات و قوربانیدان و شۆرش و ڕووداوە جۆربەجۆرەکان، بۆیە زۆربەی جەژن و شادییەکانی کورد کراوەتە وێ ستگەی یادگاری ئەو ڕووداو و کارە ساتانەی کە بە سەر میللەتی کورددا هاتووە، ئەوەتا (پیرەمێرد) لە جەژنێکی قوربانی دوای کارە ساتەکەدا بەیادی شەهیدانی (ڕۆژی ٢٤ی ئایار) پێنج دێڕە شیعری نووسیوە، کە ئەمە دوو دێڕی ئەو شیعرەیە:

**ئەو جەژنەی میللـــەت تێیدا کەساسە**

**مـــن ســـەرم شینـەو بەرگم پەلاسە**

**مـەڕ ســـەربڕینـــە قۆچی قـــوربانە**

**قـوربانی ئێمـــە کـــچ و کـــوڕمانـــە....** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٦

یەکێکی تر لەو شاکارە ئەدەبییە بەرزانەی کە پیرەمێرد شانازی پێوەکردووە، دەقێکی شیعرییە بەناوی (من و ئە ستێرەکان) کە بۆ هەمان بۆنە لە سەر خوا ستی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بۆ شێخ قادرو هاوڕێکانی نوو سیوە ، کە بەڕا ستی بەیەکێك لە دانە گەوهەرەکانی ئەدەب و شیعری کوردی ئەژمێردرێت لە ڕووی بەرزی لایەنی هونەری و وێنەو زمانی شیعرییەوە.

**ئـــــەستێرە بـــــەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو**

**وەك من بەداخـەوەن نەسرەوتیان هەیەو نە خەو**

لە دێڕەکانی کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

**بـــام ڕاسپـارد کـە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان**

**وەك ئێمـە نین نـــزیکتری لای بارەگای خوان**

**جـوابیـــان نـووسیبوو بـــە شـــەونم لەسەر گیا**

**تـــا ئـاسمان پریشکی بـــەدی ئێوە هـــــەڵپژا**

**ئاهو نـــزای کــوردەکانی شمال گەیە ئاسمان**

**بەو دووکـــــەڵی هەناسەیە ئاو دێ لە دیدەمان** پیرەمێردی نەمر، ل١٠٧

ساڵێك پاش ئەو ڕووداوە (شێخ نووری شێخ ساڵح) بەهەست و سۆزێکی پڕخرۆشەوە بەو بۆنەیەوە یادی ئەو کارەساتە خوێناوییە بە شیعرێك دەکاتەوە، کە بە وردی وێنەی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو:

**سەیری کە، کـــە چـــــەند لاشەیی لاوی وەتەنت دی**

**خۆت ورد بەرەوە، چەند سەری جیاو چەند بەدەنت دی**

**چەند خانـــەیی وێران و دڵـــــی پـــڕ میحـــنەتت دی**

**چەند ناڵـــــــەیی ژن، لاشەیی چەند بیٚ کەفەنت دی**

**برســـی و ڕەش و ڕووت، غەمزەدە، شۆخ و شەنت دی**

**ئـــــەی ساڵی گوزەشتە، جگەرت لەت لەتی غەم بیٚ**

**نـــەتبینمەوە، مـــەســـکەنەکـــەت شـــاری عەدەم بیٚ**

لەباسی ئەو زوڵم و زۆرەدا دەڵیٚ:

**ئەم زوڵمە کـــــە دی میللەتی ئەم کوردە لە توورکان**

**نەیدیوە زەمـــــانە چ لــــە ئینس و چ لـــــە شەیتان....** دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل٣١٧

ئە سیری یەکێکی ترە لەو شاعیرە نیـ شتمانپەروەرە هە ست نا سکانەی لە زۆر بۆنەی سیا سی و نیـ شتمانی و کۆمەڵایەتیدا شیعری نوو سیوە، ڕقی لەداگیرکارانی کورد ستان بووە هەمیـ شە لۆمەی ئەوکە سانەی کردووە، کە هاو سۆزی بۆ دوژمنانی کورد بەتایبەت تورك دەردەبڕن، بۆ شەهیدانی کارە ساتی (٢٤ی ئایار) سیٚ دەقی شیعری نوو سیوە، کە نموونەی شیعری بەرزو جوانن بە هە ست و سۆزێکی بەکوڵ شیوەن بۆ شەهیدانی ئەو کارەساتەو حاڵی کوردان دەکات، بەم جۆرە:

لە شیعری (ماتەمنامەی ٢٤ی ئایار) دەڵیٚ:

**ئـــەم بیست و چــــواری ئـــایارە، کوردە، ماتەمە**

**ڕۆژی موسیبەت و بـــــەڵاو پەرێشانیی و غـــــەمە**

**لەم ڕۆژە شێخی نەهری یو پاڵۆ شــــــەهیدکـــران**

**لەو کـــــاری تورکە مـــرۆ ئـــــەمڕۆ ســـەر سەمە**

**دوو وەقعە جــــــەرگی هـــەموو** مؤمینی **ســــووتان**

**یەك وەقعە (حوسەین) ی شەهیدە، دووەم ئـــەمە**

**دقتۆر فوئادو خالیدو یوسف زیـــادو شـــــــەریـــف**

**کوژرانیان هیلاکی نەوەی گ ـ ـ ـەورەی ئادەم ـ ـە...** شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل٤٥

لە شیعری(ماتەمنامە)دا کە بۆ هەمان بۆنە نوو سییەتی، دەری دەبڕیٚ ئەمە شیوەن و ماتەم و قوربانیی کوردانەو ئەم قوربانیدانەش لە پێناوی دین و نیشتماندابووە:

**ڕەش دەپۆشین، شیـــوەنە، کوردە، لەمانگی ماتەمین**

**ڕۆژی قورپانیی ئـــــەمڕۆ مێژەرو ســـــــــەرپۆشی شین**

**ساڵ بەساڵ ئەم ماتەمە دەگرین لە دڵمان دەرنەچیٚ**

**تا زەمانی تۆڵە دیٚ، ڕۆژێکـــــی وا خــــــوڕپەم دەبین**

**شێخ عەبدولقادرو چەند سەد ڕەئیس و شێخ ســـەعید**

**لەم دەمە بوونە فیدای نیشتمان و گەل و دینی موبین....** شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل٤٦

له شیعری (شینی شەهیدانی کورد)دا کە بە هەمان بۆنەوە هۆنیویەتەوە، سەرباری شینگێڕانی ناوی زۆرێك لەشەهیدەکان دێنێ و ستایشیان دەکات، لەبەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

**بـــۆتی بژمێرم شـــــوهـــەدایی وەتـــەن و دیـــــن**

**بڕوا لــــە دوو چـــاوت بە خوڕەم جۆگەیی خوێنین**

**شێخ قـــــادری ســـــەردارو موحەممەد خەلەفی ئەو**

**دقتۆر فـــوئادە کـــــە کەسی من گوێ بگرەو بژنەو...**

تا دەگاتە ئەو دێڕانەی دەڵێ

**گەورەی هەموو لایە بوو ڕەئیسی هەموو میللەت**

**خـــۆی و کوڕەکەی شێخ سەعید کەوتنە زیللەت....** شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل١٤٧و١٤٨.

زێوەر یەکێکی ترە لەو شاعیرە خاوەن هەڵوێستانەی کە هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی خزمەتکارانی گەل و میللەت بووە و بە شادی و خۆشییەکانیان دڵخۆش و بۆ ناڕەحەتی و نا سۆرەکانیان غەمباربووەو شین و ماتەمی گێڕاوە، وەك هاوڕێکانی بۆ کارەساتە خوێناوییەکەی کوردستانی باکوور هەست و سۆزی خۆی لەشیعرێکدا بەناوی(ئەی شەماڵ)دەربڕیوە.

ئەمەش بەشێکە لەو شیعرەی:

**هـــەر فــــیدائی لـە ئینقیلابا چوو**

**پێی مـەڵێ مــــردووە بڵێ زیندوو**

**چونکە بێ شوبهە موودەتێکی زوو**

**شێری مـەیدان لە نەسلی پەیدابوو**

**قـــــارەمـانـــان و دلاوەرانی پەسین**

**وەتەن ئیحیا ئەکەن بەعەزمی مەتین** دیوانی زێوەر، ل٨٦.

(کەمالی)یش بەبۆنەی شەهید کردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانییەوە لەساڵی(١٩٢٥) ئەم چوارینەیەی وتووە:

**ئێمەی کورد ســـەرچڵین دائیم شـــەڕو دەعـوا ئـەکەین**

**تاوەکو ئاخر نەفەس بـــەرزیی وەتـــەن داوا ئــەکەین**

**هوججەتی نـــامووس و ئیستیقلالی خـۆمان سەیر کەن**

**وا بە خوێنی گەورە گەورەی کوردەکان ئیمزا ئـەکەین** دیوانی کەمالی، ل٩٣

قانع لە تێکستێکی شیعریدا وەك ڕەمزی ئەو قوربانیدانەی گەلی کورد ستایشی (دکتۆر فوئاد) دەکات وەك سومبولی ئازایی و نەبەردی و قارەمانی باسی دەکات، دەڵێ:

**ئەی دوکتۆر فوئاد، ئەی شێری نەمر**

**هەتا قیامەت بۆ کورد کــــەڵك گر**

**نەمــردووی نامری، نەخشی دڵمانی**

**ئێمە بولبولین، هــەر تۆ گوڵـــمانی**

سەر تەقە كێشی نیشتمـــانپەروەری

لاوی دلێری كـــانی جـەوهـــەری....                                                    دیوانی قانع، ل٤٤٢.

**چوارەم/ نەورۆز وەك بۆنەیەكی نەتەوەیی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیراندا:**

بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی كورد لەبەر ئەوەی نەفه سی ئازادی و سەربه ستی لێ تەنگكراوەتەوە، بەردەوام بەدوای دەلاقەو ڕۆ شنایی و بیانوویەكەوە بووە، تا بتوانێت ڕاوبۆ چوونەكانی، هەڵوێ ست و ئیرادەكانی، باوەڕ و وی ستەكانی، لەبارەی واتای سەربه ستی و ئازادی و سەربەخۆبوونەوە بدات بەگوێی دۆ ست و دوژمنەكانیدا، تا هه ست به بوونی مەزڵومیەتی و مافخوراوی و چەو ساوەیی بكرێت. ڕەنگە یەكێك لە هۆكارە گرنگەكانیش لای شاعیران و نوو سەران هەر ئەم نەفه سی ئازادی و سەربه ستییە بووبێ، بۆیە هەمیـ شەو دائیم بەدوای بۆنەكانەوە بوون تابتوانن پەیامی ئەدەب و شیعر جگە لەلایەنە ئێ ستاتیكییەكەی وەك كەرە ستەیەكی بەهێز بۆ داوای ئازادی و سەربەخۆی بەكار بەرن، بۆیە دەبینین شیعری بۆنە بەتایبەت شیعری بۆنەی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و كۆمەڵایەتی كە لەو قۆناغانەی خەباتی كورددا لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، ڕێ شەی قوڵی لەئەدەبی كوردیدا داكوتاوەو جگە لە لایەنی هونەری و جوانكاری، ئەركی نی شتمانی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی شی لە ئە ستۆ گرتووە و زۆربەی جار گوزار شتی لە هە ست و سۆزە نیشتمانی و كۆمەڵایەتییەكان كردووە، بە شیوەیەكی بەربلاو شیعر كەرەستەیەكی تری گرنگی خەباتی ڕۆڵەكانی گەلی كورد بووە.

یەكێك لەو بۆنە گرنگانەی هەمیـ شە كورد بە ڕۆ شناییەكی زانیوە تا بیكاتە مە شخەڵی جۆ شدانی هە ستی نەتەوایەتی و زیندووكردنەوەی گیانی فیداكاری و بەرخودان لە ناو ڕۆڵەكانی گەلی كورددا (نەورۆز) بووە، نەورۆز بۆنەیەكی دێرینی نەتەوەییەو بەدرێژایی مێژووی تەمەنی تێكۆ شان و گیان فیدایی نەك هەر نی شانەی خۆبەختكردن و ملكەچ نەبوون بووە بۆ هەڵوێ ستی دوژمنكارانەی ناحەزانی كورد، بەڵكو كەرە ستەیەكی گرنگی جاڕی سەربه ستی و سەربەخۆیی بووە، بانگەوازێك بووە بۆ گوێی هەموو ئینـ سانێك كە كورد میللەتێكی كۆن و خاوەن كیان و مێژوو كلتووری خۆیەتی و دەبێت ڕۆژێك هەر بە سەربەخۆیی بگات، بۆنەی نەورۆز جگە لەپەیامی ڕقی بۆ پیلانی ناحەزانی، جاڕی ئا شتی و ئا شتی خوازی گەلی كوردە بۆ دۆ ست و مرۆڤ دۆ ستەكانی دنیا، ئەوانەی باوەڕیان بە سەربه ستی هەموو ئینـ سانەكان هەیە، لێرەدا ئێمە ئەوەندەی مەبە ستمانە ڕەنگدانەوەی ئەم بۆنەیە لە شیعری شاعیرانی كورددا بخەینەڕوو، هێندە مەبە ستمان نییە، بەدوای چیرۆك و سەرگوز شتەی سەرهەڵدانی بۆنەكەدا بڕۆین، دەبێ ئەوەش بڵێین نەورۆز جگە لەپەیامە نەتەوەییەكەی پەیامی گۆڕانكارییەكی سرو شتیـ شە، ساڵانە كە نەورۆز هاتنی یەكەم ڕۆژی بەهارو ساڵی نوێی كوردی و جوان بوونی سرو شت و نەمانی بەستەڵەك و سەرمای زستانیشە، بۆیە ئەم لایەنەش لە شیعری شاعیراندا بەدەردەكەوێت، كاتێك نەورۆز وەك پەیامێكی نەتەوایەتی دەكەنە وێ ستگەی دەربڕینی هە ست و سۆزو هەڵ چوونەكانیان بەهەمان شێوەش ئەو جوانییەو ڕازاوەییەی سرو شتیش لەبیر ناكەن و وەك مژدەبەخـ شی چرۆی ئازادی و سەربەخۆیی لە دەقە شیعرییەكاندا هە ست بە بوونی دەكرێت، (د. فازیل مەجید) لەبارەی نەورۆزەوە دەڵێ:((نەورۆز ڕۆژێكی مەزن و پیرۆزە لە مێژووی گەلی كورددا كە بۆتە ڕەمزی خۆڕاگرتن و سەربەستی

و سەرفرازی و خۆ شی و سەیران و یادکردنەوە، ڕۆژی سەرکەوتن و زاڵ بوونی هێزی خێرو چاکەو چەو ساوە بە سەر هێزی شەڕو ستەم و زۆرداریدا، ڕۆژی سەربە ستی و سەربەخۆیی و نوێ بوونەوەیە دوای زوڵم و زۆرو ژێر دە ستەیی، ڕەمزی ورە بەرزی و باوەڕ بەخۆ بوون و سەر شۆڕنەکردن، ئەم مەزنی و پیرۆزیە بۆتە هۆی ئەوەی بەلای هەموو کوردێکەوە خۆ شەوی ست و مایەی شانازی بێت، هەر بۆیەش هەموو چین و دەستەو تاقمەکانی ناو کۆمەلگای کوردەواری لە ٢١ی ئازاری هەموو ساڵێکدا، ڕۆژی نەورۆز ڕۆژی نوێ و سەرەتای دە ست پێکردنی ساڵی کوردی و یەکەم ڕۆژی بەهار بەوپەڕی بەختەوەری و خۆشحاڵییەوە یاد دەکەنەوە))[٥١١]. شاعیرانی کوردیش وەك بەشێك لە چین و توێژەکانی کۆمەلگای کوردی ساڵانە لە بۆنەی نەورۆزدا بە خامەی ڕەنگینیان شادی و خۆ شیی لە شیعردا دەردەبڕن و بە شی هەرە زۆری شاعیران لە کۆن و نوێدا زۆرجار بۆنەکە دەکەنە هەل و دەستکەوتێك تا سۆزی نیشتمانی ڕۆڵەکانی میللەتی کورد زیاتر جۆش بدەنەوە. بەپێوی ستی دەزانین لێرەدا شیعری ئەو شاعیرانە بخەینەڕوو، کە لەوبۆنەیەدا نووسیویانەو لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا جێگەیان دەبێتەوە:

وەك سەرەتای ئەم با سە ڕەنگە زیادەڕۆی نەبێ، کە پیرەمێرد بکەینە سەرمە شق و سەردە ستەی شاعیرانی کورد کە لەو قۆناغەدا زۆر بایەخی بە نەورۆز و ئاگرکردنەوەو خەڵك کۆکردنەوەو جولاندنی هە ستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی داوە، چونکە پیرەمێرد سەرباری ئەوەی شیعری زۆری بۆ بۆنەی نەورۆز نوو سیوە، داینەمۆیەکی گرنگی جولاندنی هە ستی لاوان و خەمخۆرانی کورد بووە بۆ زیندوو ڕاگرتنی بۆنەی نەورۆز، ساڵانە لە گردی مامەیارە ئاگری نەورۆزی کردۆتەوە، ئەوەندە بەپەرۆشی زیندوو کردنەوەی نەورۆز و ئاگرکردنەوەوە بووە، زۆرجار توشی گێرەو کێشەو گرفت هاتووە و لەگەڵ ئەوە شدا هەر کۆڵی نەداوەو ئەو بۆنەیەی بە زیندووی ڕاگرتووە، ئەوەتا کاتێك ناحەزانی کورد نەیانهێشتووە، کە ئاگری نەورۆز بۆ ماوەی دووساڵ بکاتەوە لە (١٩٣٨/٣/٢١ تا بەهاری ١٩٤٠) ڕێگری کراوە لەکردنەوەی ئاگری نەورۆز، ئەویش بەو بۆنەیەوە لە شیعرێکدا هە ستی خۆی بەرامبەر موتە سەڕیفی ئەو کاتەی شاری سلێمانی، کە مەجید یەعقوبی بوو دەربڕیوەو دەڵێ:

**ئـــــەم خــــاکە پـــاکە هێندە لام چاکە**

**بــــــە شـــۆڕی سەودای دیـــدەم نمناکە**

**بەتەماشـــــــای دوور تێری لـــێ ئەخـــۆم**

**کەی دەم گـــەیشتە سینەی خوم ئەخۆم**

لە بەشێکی تری شیعرەکەدا بە ئاشکرا باس لەوە دەکات و دەڵێ:

**یاخوا ئەو کەسەی کە ئەم دوو ســاڵە**

**لێم کەوتە گـــــیزە وەك زەردەواڵـــــە**

**نـــەیهێشت ئــــــاگری (یـــــارە) بگـڕێ**

**چەقۆی ئاهی مـــن جەرگی هەڵدڕێ....** پیرەمێردی نەمر، ل٤٩

---

[٥١١]- فازیل مەجید مەحمود(د)، سروشت لە شیعری گۆران دا... ل١٠٠.

پیرەمێرد تەواوی ئەو   چالاکی و جموجوڵانەی هەیبوو بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بەکاری دەهێنا، یەکێك لە کارە  سەرەکییەکانی بریتی بوو لە کاری ڕۆژنامەوانی کە لەڕۆژنامە  شدا بوارێکی با  شی بۆ زیندووکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییە تەرخانکردبوو، وەك دەگوترێ((ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد، پارێزەری نەورۆزو زاندستی بوو، پشتی گەورەی میللەت بوو، باڵا ئاوێنەی خەون و ئاواتی لاوان بوو))[٥١٢]، هەروەها گۆرانی  شاعیر لەبارەی بەری ڕەنجی پیرەمێرد بۆ  سەرخ ستنی نەتەوەکەی دەڵێ:((بە بیست ساڵی پیری و تەقاویتی بەتاقی تەنیا ئەوەندە بەری ڕەنجی بۆ کردینە کۆ  شی نەتەوە، کە کۆمەڵێك بە عومرێکی درێژ نەتوانێ خەوی پێوە ببینێ))[٥١٣]. ئەوەتا ((لەنەورۆزی  ساڵی ١٩٤١ دا کە زانیویەتی ڕێگەی ئاگرکردنەوە ئەدرێ، بەڵام ماوەی سەیران و کۆبوونەوەو ئاهەنگ نادەن، پیرەمێرد ویستویەتی بە شیعر ئەو بۆ  شاییە پڕبکاتەوەو   شیعری نەورۆز بە  سەر هەموو ئەو دەنگانەدا زاڵ بێ، کە دەیانەوێ کڵپەو بڵێسەی ئاگری نەورۆز بکوژێننەوە، بۆیە دەبینین لە ڕۆژنامەکەیا نوو سیویەتی،  شوکر  شارەکەی ئێمە بەئاگری نەورۆز  سۆزێکی بەهاری و جیلوەیەکی ئەدەبی تیا پەیدا بووە))[٥١٤]، بەم جۆرە هانی  شاعیرانی داوە، کە  شیعر بۆ ئەو بۆنە بنووسن، خۆی لە هاوینی ئەو  ساڵەدا  شیعرێکی بە بۆنەی ئەو ڕێگریانەوە کە کراوە بۆ گێڕانی ئاهەنگ و سەیرانی نەورۆز نووسیوە، لە بەشێکیدا دەڵێ:

**گردەکەی یارە جیێ ی خۆرەتاوە    ڕێگای سەیرانی نەورۆز بڕاوە**

**کـــــارێزی شەریف ئاوی نەماوە    ئـەرخەوان لق و پۆپی شکاوە**

**گردەکەی سەیوان جیێ ی زارو شینە.....**    پیرەمێردی نەمر، ل١٠٨

کە نەورۆز ئەهات قوتابیەکانی قوتابخانەی زانستی ئەبوون بە پێشەنگ و سەرپەرشتی ئاهەنگگێڕانی نەورۆزیان دەکرد، تیپ تیپ بەرەو گردی مامەیارە ئەڕۆشتن و هەموو بەیەك دەنگ ئەیان وت:

**یاد کەن برا کە یاد کەن**

**یادی کاوەی ئاسنگـــــەر**

**سەر ڕێ و شوێن بگـــرن**

**تاکو وەتـــــەن بێتە بـــەر**    پیرەمێردی نەمر، ل٤٦.

ئەتوانین بڵێین (پیرەمێرد) لەو   ساڵانەدا بەهێزترین کە  سایەتی بووە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو بۆنەیەو هەر چەندە تەنها مو چەیەکی کەمی مانگانەی خانەنشینی هەبووە، لەگەڵ ئەوە شدا خەرجی ئاهەنگگێڕانی   ساڵانەی نەورۆزی پێکەوە دەنا و هەموو   ساڵێك نەورۆز نامەیەکی دەنوو  سی و لەو ئاهەنگەدا دەخوێنرایەوە:

یەکێك لەو شیعرانەی بۆ نەورۆزی وتووە لەساڵی (١٩٣٦ز) لە ڕۆژنامەی (ژیان)بڵاوکراوەتەوە بەناوی (نەشیدی زانستی بۆ نەورۆز):

**ئەمرۆ نەورۆزە وا گـولْ پەیـــــدا بوو**

---

[٥١٢]- فائق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی....ل٤٧.

[٥١٣]- هەمان سەرچاوە.....ل٤٨.

[٥١٤]- مستەفا سالح کەریم، باخێك لە وشە گەشتێك بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێرددا، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥، ل١٩١.

**لەعەشقی گوڵ دا بولبول شەیدا بوو**

**بولبول لەسەر گوڵ مانگی بە بانگە**

**خوێندنی ئێمە ســـاڵ دوازدە مانگە**

**ئەو تەنها بۆ گــوڵ سەردەر هەروایــە**

**ئێمە سەربــەرزی قەومان هیوایـــــە....** دیوانی پیرەمێرد، ل٢١٦.

لە (نەورۆزنامەی نە سرین و پەروین) جوانی سرو شت و گۆڕانکارییەکانی ساڵ وەك مژدە دەبەخشێتە میللەتی کوردو لە بەشێکیدا دەڵێ:

**مژدەبێ ساڵ گەڕایەوە ئاگری نەورۆز کرایەوە**

**بەفری زستان تــوایەوە گژو گیاو گوڵ ژیایەوە**

**نوخشەبێ لە کوردی هەژار...** پیرەمێردی نەمر، ل٣١٣.

چەند دەقێکی تری نوو سیوە بۆ هەمان بۆنە بەناوی (ڕۆژی تازە) بۆ نەورۆزو جوانییەکانی بەهاری وتووە لە ساڵی ١٩٣٢ز، ل١٣٩، پیرەمێردی نەمرو (بەستەی کوردی) لە ساڵی ١٩٤١، ل٣٥٢ هەمان سەرچاوەو (گۆرانی بەهار) ل٣٥٥ هەمان سەر چاوە و (گۆرانی جەژن و بەهار) ل٣٥٧ هەمان سەر چاوە، لەگەل ئەوە شدا ئەو ساڵەی کە چوار ئەف سەرەکەی ڕێگای ئازادی کورد لە سێدارە دەدرێن و تەرمەکانیان دەهێنرێنەوە بۆ کورد ستان، پیرەمێرد لە سەر ئەوە یەکجار دلگران ئەبێ و خەم دایدەگرێ، ئەو ساڵە هەر چەند دەکات توانای نابێ و دڵی ڕێگەی نادات ئاهەنگی نەورۆز بگێڕێ، دەڵێ:((ئاگری نەورۆز من هەڵم گیرساندو ساڵانە لە گردی مامەیارەبوو، ئەمساڵ وا لە جەرگمایە! گولاڵە سوورەی نەورۆزو گەزیزە لە خوێنی ئازیزە، فتوام دا هەتا تەمی ماتەم نەڕەوێتەوە نەورۆز نییە))[٥١٥]، پیرەمێرد لە ساڵانی دوایی ژیانیا بەرزترین هەڵبە ستی بۆ بۆنەی نەورۆز نوو سی، کەوەکو مار شی نەورۆز هەموو ساڵێ لەلایەن ڕۆڵەکانی کوردەوە دەوترێتەوە.

(گۆران) شاعیری خامە ڕەنگین بە بۆنەی نەورۆزەوە چەند دەقی شیعری زۆر بەپێزو ڕازاوەی نوو سیوە، کە بۆنی خاکی نیشتمان و سرو شتی جوانی کورد ستان بە ناخ و هە ست و سۆزی ڕۆڵەکانی میللەتی کورد دەگەیەنن، لەلای گۆران نەورۆز بۆنەو جەژنێکی نەتەوەیی کوردە، لەو شیعرانەی بەبۆنەی نەورۆزەوە نوو سیونی(جەژنی نەورۆز لاپەرە ١٥٤ دیوانەکەی، زیندانی ئەژدەهاك لاپەرە ٢٠١، نەورۆز لاپەڕە٢٢٨، نەورۆزی(٦١) لاپەرە٢٣٤، نەورۆز ئەکەم لاپەڕە ٣٠٤، ئەنجامی ئەژدەهاك لاپەڕە ٢٦٢).

سەبارەت بە شیعری(جەژنی نەورۆز)، پیرەمێرد دەڵێ: ((بەڵێ (گۆران) ئو ستادی زمانەکەمان بەهارییەکی نەورۆزی نوو سیوەو لە(ژین)دا دێتە بەر چاوتان و بە گۆرانی ئە چینە سەیران (م ستەفا ساڵح کەریم) دەڵێ: ئیتر لە سەر بەڵێنەکەی(پیرەمێرد) لە ژمارەی دوایدا شیعرەکەی (گۆران)ی

[٥١٥]- محمد رسول(هاوار)، پیرەمێرد... ل٥٠

بلاوكردۆتەوە))[٥١٦] واتە ئەم شیعرە بەبۆنەی نەورۆزی ساڵی ١٩٤١ نوو سراوە، كە سەرەتاكەی بەم دێڕانە دەست پێدەكات:

**بــــەسورێـــكی تـر ئەستێرەی ئینسان گر     قەومی كۆنی خستەوە جەژنی ئاگـر**

**كام قەومی كۆن كام جەژنی بەرزو پیرۆز؟     قەومــی مادی جەژنی بڵندی نەورۆز**

**ئەو نەورۆزەی كـــە هــــەزاران بــــەهارە     لـــــەدێی كـوردا گڕی ئاگری دیارە**

لەبەشێكی تردا دەڵێ:

**لـــــــــەو سایەوە، تا ئێستاكە بەم چەشنە     هەموو سەری ساڵی تازەمان جەژنـە**

**میوانی كـــۆن بەڕێ ئــــــەكەین و تـازە،   بـــــەپێكەنین ئەگاتە بەر دەروازە...**     دیوانی گۆران، ل١٥٤

نەورۆز لە مێژووی خەبات و تێكۆشانی كورد دا بووە بە دروشمی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین و جوامێری و سەركەوتن، بەشێوەیەكی وەها كورد و نەورۆز هەرگیز لە یەكتر جیانابنەوە ، هەر بۆیە تا ئێستاو لەم قۆناغەشدا شاعیران بە شانازییەوە بۆ بۆنەی نەورۆز ساڵانە شیعر دەنووسن. یەكێكی تر لەو شاعیرانەی بە بۆنەی نەورۆزەوە شیعری نوو سیوە، ( شاهۆ)یە، سێ پار چە شیعری بۆ ئەو بۆنە نوو سیوە، كە ئەمانەن( سوبحی نەورۆز) لاپەرە ٢٥ دیوانەكەی و (نەورۆزە جەژنە) لاپەڕە ٣٢ و(بەهارە) لاپەڕە ١٣٤، كە نموونەی دەقی شیعری پڕ لە جوانی و ڕازاوەن و لە هەست و سۆزێكی نیشتمانی بەهێزەوە سەرچاوەیان گرتووە، تێكەڵ بە دیمەنی سەرنج ڕاكێشی سروشتی بەهارو گوڵ و كەژو كێو كراون:

**نــەورۆزە جـــەژنە شـاخو چیا كێو و دەشتودەر**

**تـــــارای ســـەوزی دا بەسەرا سەوزی كردەبەر**

**ڕازایـــەوە بەڕەنگی گـــــوڵان نیشتمانی كورد**

**بوژایەوە درەخت و چرۆی جــــوانی كەوتەدەر...**     دیوانی شاهۆ، ل٣٢.

حەمدی وەك ئەوەی لە زۆر بۆنەدا یەكێك بووە لە شاعیرانی پێ شەنگ، بۆ نەورۆزیش دوو شیعری وتووە.( بە هار) لا پەڕە ٨٤ ی دیوا نە كەی و (گۆرانی نەورۆز) كە بەبۆ نەی نەورۆزی ساڵی ١٩٢٥ نووسیویەتی.

ئەمە بەشێكە لە كۆتایی شیعرەكە كە جوانی سروشت و ستایشی وەتەنی تێكەڵ بەیەك كردووە:

**قەدەح مەست بوو ڕشایەوە     عـومر لە نوێ نووسرایەوە**

**گوڵ پێكەنی گـــــەشایەوە     شەونم وەك من بەشایەوە**

**چرۆی درەخـت ژیـــــایەوە     غـــونچە دڵـــی كرایەوە**

**بابەس بڵێم جەژنانەكەم**

**ضایع نەبێ سەیرانەكەم**

**وەطەن خەوفی عیشووە نازە   ئەلحەق لە ئەرضا مومتازە**

[٥١٦]- دەڕوانرێتە: مستەفا ساڵح كەریم، باخێك لە وشە...ل١٩٢.

**قەلی شـــــەلی ئەڵێی قازە کەوی هـەموو ئەڵێی بازە**
**بە قاعیدە ئـــەمەنـد شازە وەخـــتە بڵێم کە ئیعجازە**
**ڕۆیشتــوون هــاوڕێکانم**
**بدە پارە پـــڕ گـــیرفانم** دیوانی حەمدی، ل ١٦٣.

( چرو ستانی) لە جیهانی شیعردا هە ستیارێکی بە سۆزو دڵ سۆزبوو بۆ نی شتمان و نەتەوەکەی، بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە بۆ نیشتمان، سێ پارچە شیعری هەیە بە بۆنەی نەورۆز و بەهارەوە نوو سیونی، کە ئەمانەن(بەهارنامە)لاپەڕە ١٢٦ی دیوانەکەی،(بەهارنامە) لاپەڕە١٣٠، (نەورۆزنامە)، شاعیر لەم شیعرەیدا با سی جوانی سرو شتی کورد ستان و خۆ شی و شادی خەڵکی و منداڵانی قوتابخانەی زانستی دەکات، کە بەدەم سرود و گۆرانییەوە دە چن بۆ گردی مامەیارە بۆ ئاگرکردنەوەو ئاهەنگ و سەیران، وەك دەڵێ:

**گـــوڵ بـەدەم ڕازانەوە تارا بەسەر وەك تازە بووك**
**ئاڵووالا نـــازو لارو لـــەنجەیـــە گـــەورەو بـچووك**
**وا قـــوتـابیەکــــــانی زانستی بـە دارو دەستـــەوە**
**چوونە گردی مامە یارە دەم بە شەرقی و بەستەوە....** دیوانی چروستانی، ل١٣٣.

(عا صی)یش بۆهەمان بۆنە دوو دەقی شیعری نوو سیوە، کە یەك لەوانە دەکەوێتە سنوری توێژینەوەکەی ئێمە، وەك شاعیر دەڵێ: بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٣٧ز) ئەوەم نوو سی، لە بە شێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

**ڕۆژی تازەی ســاڵی نوێیە عــادەتی کــوردی دلـێر**
**کاتی خۆشتر وا لە پێشە غەم لە دڵمان دەردەکـــات**
**ئینقلابی کرد بە زستان جەیشی نەورۆز سەیری کەن**
**تیپ بە تیپ هەروا خەریکە نێرەبازی وا دەکـــات.....** دیوانی عاصی، ل١٥٣.

(قانع) شاعیری چەو ساوەکان، شاعیری هەڵگری کۆڵی غەمی میللەتەکەی بوو، خۆ شەوی ستی بۆ خاك و گە لە کەی لە زۆر بەی شیعرە کانیدا بەدەردە کەوێ، سێ شیعری بەبۆ نەی نەورۆزەوە نوو سیوە(نەورۆزنامە) لاپەڕە ٢٥٥ و(بەهاری) لاپەڕە ٢٥٧و(نەورۆزنامە) لاپەڕە ٢٨٢، کە لەو بۆنەیەدا پەیامی دڵخۆشی و سەربەستی ڕادەگەیەنێت و دژی دوژمنانی کورد دروشمی بروخێ دەڵێ:

**مـــوبارەك بێ بەسەربەستی کە ئەمڕۆ جەژنی لاوانـە**
**موبارەك بـــــێ بە دڵخۆشی کە جەژنی میرو گاوانە**
**موبارەك بێ کە ئەم نەورۆزە جەژنی میللەتی کوردە**
**موبارەك بێ بـــــە دڵخۆشی کە جەژنێکی قەدیمانە**

**برا ئەم ڕۆژە ڕۆژێکـــــــە کە جەژنی میللەتی کوردە**

**برا ئەم ڕۆژە ڕۆژێکە کـــــــە فـــەخری هۆزی کوردانە**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**بڕووخێ مەنهەج و قـــــانوونی ئیستعمـــاری ئینگلیزی**

**بڕووخێ بەزمی ئەقتاعی بڕووخـــــــێ نەهجی میرانە....** دیوانی قانع، ل٢٨٣.

بۆ ئەم بۆنەیە (کەمالی) لەهەست و سۆزێکی جوانەوە وەسفی ڕۆژی نەورۆز و گۆڕانکارییەکانی سروشت دەکات بەم جۆرە:

**ڕۆژی نـــەورۆزە کـــــەدنیا پـــڕ لە ساز و سۆز ئەکا**

**نێرگزو لالـــەو وەنـــــەوشە ڕووی زەوی پیرۆز ئەکا**

**پەلکە زێڕینەی بەئالا وا فـــــەلەك هـــەڵ کــردووە**

**دای لەتەپڵی هەورو شایی پادشای نـــەورۆز ئەکا...** دیوانی کەمالی، ل٤٢.

(عارف عورفی)یش یەکێك بووە لەو شاعیرانەی لە هەموو بیرەوەرییەکی یادی نەورۆزدا، گڕو کڵپەی ئاگری نەورۆز لە دڵیدا جۆشی خواردووەو شاعیری جولاندووە، کە بڵێ:

**بــــــەهارە ڕۆژی نــــــەورۆزە، بڵێ ڕۆژی ژیان و ژین**

**گوڵی غونچە لەگەڵ بولبول ببەستن با گرێی کابین**

**گوڵاڵەی سووری سەر گـــۆنای ئـــــەم جۆرە جەوانانە**

**لەسەرچـــاوەی دڵم ئەڕژێتە خوار خوێنی جگــــەرمانە**

چۆن پیرەمێردی مەزن چلورەی گوێسەبانەی بە پڵپڵەی زیوینی کچە کورد شوبهاند(عورفی)یش خاڵ خاڵی بەفری ئەو کێو و کۆسارانەی بەخاڵی سەر گۆنای کەنیشکێکی کورد چواندووە:

**سەحەر هەستام لە خەو بیستم کە ئیمڕۆ ڕۆژی نـــەورۆزە**

**شیعاری کوردە لای یــــــەکتر بڕۆن بۆ جـــەژنـــە پیرۆزە**

**کە خاڵ خاڵ کەوتە سەر بەفری سەر ئەو کێو و کۆسارە**

**ئەڵێی خاڵی سەر گـــــۆنای کــــەنیشکە کوردی نازدارە** دیوانی عارف عورفی، ل١٣.

ئەسیری بۆ نەورۆزی ساڵی(١٩٢٨ز) شیعرێکی درێژی نوو سیوە بەناوی(نەورۆز) کە هەم وەسفی دیمەنی جوانی بەهارو هەم گرنگی بۆنەی نەورۆزی بۆ نەتەوەی کوردی دەخاتە ڕوو، بە شێوازێکی هونەری بەرز گوزارشتی لە هەست و سۆزی خۆی کردووە:

**ئەی گـــــەلی کورد جێژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ**

**دوژمنی ئـــێوە کـــــــەنـــــەفت و کــــەوتوو، بێ ڕۆژ بێ**

**واستارەی بەختی کورد ڕووی کردە بورجی سەعدەوە**

**هاتـــەوە فەسڵی بەهاری ئـەو بە ئیفای وەعـــــــدەوە....** شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل١٦٣.

وەك دەبینین بەشی هەرە زۆری شاعیران ئەو بۆنەیان بە فرسەت وەرگرتووە، تا بتوانن هەست و سۆزی نە تەوا یەتیـ یان لەو بۆ نە یەدا دەربڕن و بتوانن لەو ڕێگە یەوە گوڕو تیـ نێك بە ڕەوتی بەرەوپێـشچوونی دۆزی كورد بدەن، بۆیە هەمیـشە كردنەوەی ئاگری نەورۆزیان وەك مە شخەڵی زیندوو هێـ شتنەوەی داوای مافی ڕەوای گەلی كورد تەما شا كردووە و هانی خەڵكیانداوە بۆ ئاهەنگگێڕان و زیندووكردنەوەی ئەو بۆنەیە و بایەخ پێدانی.

**پێنجەم/ ڕووداوەكانی هەردوو جەنگی جیهانی و شیعری شاعیران:**

**جەنگی یەكەم (١٩١٤-١٩١٨)ز:**

هەردوو جەنگی جیهانی وەكو كارە سات و ڕووداوێكی سیا سی و سەربازی گەورە ڕووبەڕووی جیهان بەگـ شتی بوویەوە نەك بە تەنها گەل و میللەتێك، كوردیش یەكێك بوو لەو میللەتانەی باجی گەورەی ئا سەوارەكانی ئەو جەنگەماڵوێرانكارانەی بەركەوت و ئاڵۆزییەكانی شەڕو بڕیارە سیا سییەكانی دوای ئەو جەنگە پڕ كارە ساتانە بەتایبەت جەنگی یەكەمی جیهانی زیانی زۆریان بە كورد گەیاند، كە خاكی پیرۆزی كوردستانی دووچاری لەتبوون و بەش بەشكردنی زیاتر كردو وەك ماڵی میراتی هەر پارچەیەكی درایە وڵاتێكی دوژمنی كورد، ئەو هەموو گۆڕنكارییانەی لە دە ستپێك و ئەنجام و كۆتایی ئەو جەنگانە سەریان هەڵدا، ئەو بارودۆخە سیا سی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی كاریگەریی سلبی هەمەلایەنەیان خـ ستەوە، ڕەنگدانەوەیان لە سەرجەم كایەكانی ژیاندا هەبوو، لەبەرهەمی ئەدەبی كوردی بەتایبەت شیعردا ئەو ڕەنگدانەوەیە زۆر بە ڕوونی بەدی دەكرێت.

مەلا حەمدوون(١٨٥٣-١٩١٧) بەبۆنەی سەرهەڵدانی جەنگی یەكەمی جیهانییەوە لەڕووی هونەرییەوە شیعرێكی بەرزی نووسیوە، كە وەسفێكی زۆر وردی ئەو كارەساتە دەكات:

**ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێكـــــە كـــــە دنیـــا شـــڵەژاوە**

**هــەركەس بە جەخارێ جگەری قـــیمـــەكـــراوە**

**دنیـا پڕی ئاشووبـە خەلایـــق بـــە عــــمووم‌ـــــی**

**ئاسـایشی لێ مەنـــعە ئـــەڵێی جـــونبوشی ئاوە**

**وەك تـــەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم**

**هــەوری غەزەبی قەهری خودا توندو بـــەتــــاوە**

لەبەشێكی تری شیعرەكەدا وەسفی حاڵی سەربازەكانی دوژمن دەكات و دەڵێ:

**جــــەندرمە ئـــەسوڕێتەوە وەك واشەیی برسی**

**بۆ لاشەیی میللـــــەت بە فـــڕو فێڵی غـەزاوە**

**كەر زەوقی زەڕینی نییە حەتتا لە بـــەهــــارا**

**ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر بـــاری قـــــەزاوە**

وەسفی كەرەستەو چەكی شەڕەكە بەم جۆرە دەكا:

**باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگـــــەڵ دێتە تـــەحـــەرروك**

**عالەم لە نەزریا بــە مەســەل پــۆڕی خـــوراوە**

**شــەو و ڕۆژ لەبەر بەرقی قــلیج و ڕم و سۆنــگـی**

**لەمعەی قەسەتۆرەش بەدەلی عــەکسی هــەتاوە...**[517]

(فایەقی تاپۆ)ش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی خەڵکی سلێمانی کە لە سەردەمی جەنگی یەکەم، ئاگاداری ڕووداوەکانی جەنگ بووە، دیویەتی لە شاری سلێمانیدا جەیشی تورکی بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری خەڵکیان داوەو ماڵ و موڵکی میللەتیان وێرانکردووەو خەڵکیان زۆر کو شتووە، بەو بۆنەیەوە قەسیدەیەکی هۆنیوەتەوە بەیەکێك لە شیعرە جوان و بەرزەکان دەژمێردرێ، کە بە وێنەی هونەری زۆر ناوازە حاڵی میللەتی کورد دەخاتەڕوو، کە پێش جەنگ چەند ئاسوودەبوون و ئێستا چەن پەرێشانن:

**بە مەعمووری کە مەشهووری جیهان بوو خاکی کوردستان**

**هەموو وێــــرانـــــەیە ئێستا لـــە زوڵم و وەحــشەتی تورکان**

**لەبەر لاشەی بەنــی ئـــادەم چ مومـــکین هاتوچـــۆکردن**

**لە نەعرەی برسێتـــی قـــابیل نییە ئینســـان نــەبێ گریان**

**چییە ئەم زوڵمە ئەمڕۆ تورك کە ئەیکا لەم عیبــــادەی تۆ!**

**فەقیرو دەوڵەمەند، شاهو و گەدا شەو تا سەحــەر نـــالاّن**

لەبەشێکی تردا دەڵێ:

**کە ئینسان ئەفزەڵی مەخلووقە هیچ فەرقی نییـــە ئــەمڕۆ**

**لەگەڵ حەیوانی ناهیق هەردوو بووینە مەئکەلی گورگــان**

**تەماشای ئەهلی لادێ کەن هەموویان بوونە سلقی ڕووت**

**لەدەست یەغمارگەی ژاندرمـــــە و مەئمـــووری بێ ئیمان....**[518]

زێوەر لە ئەنجامی زۆر بوونی دوژمن و فیتنەو ئاشوب و دزی و کوشتن و ئەو ناخۆشیانەی بەهۆی جەنگی یەکەمەوە ڕووی لە ناوچەکوردییەکان کردبوو، بەتایبەت لە باسی زۆرداری و ئاشوبی تورکەکان لەو سەردەمەدا، بەو بۆنەیەوە لە شیعری(لەم وەختە)دا هەستی خۆی بەم جۆرە نیشاندەدات:

**لـــــەم وەختە کــە پڕ فیتنەو ڕێ بەستنە ئێستا**

**خۆشی کە ببێ، مردنە یـــــا نووستنــە ئێستا**

**دوو یاری وەفادارو بە بێ غەش نییە هەرگیز**

**هەرچی کە تەمـــاشا ئەکــەم دوشمــنە ئێستا**

**ئاشووب و بەڵاو فیتنە وەکـــــو تەرزە ئەبارێ**

**هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا....** دیوانی زێوەر، ل٩٨.

لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی، عارف صائب دەگیرێ بە سەربازو لەگەڵ لەشکری عوسمانی دەنێردرێ بۆ ئێران و ماوەیەکی زۆری پێ دە چێ ((وا دەر ئەکەوێ، کە زۆر توو شی ئێش و بر سێتی و

[517]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم....ل٦٢و٦٣و٦٤.

[518]- هەمان سەرچاوە....ل٧١و٧٢.

دەردی سەریی و چڵکنی و کوڵکنی بووە،..خەم و خەفەت و دەردی سەریی لە هەموو لایەکەوە دەوری داوە))[519] هەڵ سوکەوتی ژەندرمەی تورکی ناڕەحەت و پە ست و دڵتەنگیان کردووە بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

**ئاوارەیی خاکی وەتـــەن و ســەیروو ســەفا خۆم**

**پامـــاڵی غـــەم و غـوربەت و سەد دەردو بەڵاخۆم**

**بێ یارو دیار، وەحشـی و مـــەجنوونی بیـابـــان**

**مەهجووری سەفای مەجلیسی ئەربابی وەفـا خـــۆم**

**سەر گەشتەیی سەحرایی خۆی و ساحەیی سەڵمـاس**

**ڕسوایی عەجەم، مەســخرەی شـــاهو گـەدا خـۆم....[520]**

عارف صائب ئاوارەی خوویی و سەڵماس بووە لە وڵاتی ئیران، بەڵام (ناتیق)ی شاعیر هەروەکو ئەو لەکاتی ڕە شبگیریدا بە سەربازگیراوەو ئاوارەی وڵاتی سوریيە( شام و حەلەب و حومص ...) بووە و بەو بۆنەیەوە هە ستی ئەو غەریبی و ئاوارەییەی لە شیعرێکدا دەردەبڕێ و با سی ژیان و تاڵییەکانی کاتی سەربازی دەکات، بە تایبەت ئەوەی لە هەردوو شیعرەکەدا هەستی پێدەکرێ، ئەوەیە هیچ کامیان لەسەر خوا ستی خۆیان و لە پێناوی میللەتەکەیاندا توو شی ئەو ناڕەحەتی و مەینەتیانە نەبوون، بۆیە بێتاقەتی و بێزارییان بە ئاشکرا لە شیعرەکاندا دیارە. ناتیق بەم جۆرە هەستی خۆی نیشاندەدات:

**سەرگەشتەی چەرخـــی فەلەکی بێ سەرو پاخۆم**

**ئاوارەی شام و حـــەلەب و حومص و حەما خۆم**

**پاماڵی هـەم میحنـــەت و هیجـــرانی زەمـــانە**

**موستەغرقـــی دەریای غەم و جەورو جەفا خۆم**

**پەیوەستە، جـــگەر خەستە، لـە ناو ماڵی پەڕۆدا**

**بێ زەمزەمەو عوشرەت و بێ شەمع و چرا خۆم**

**ماتەم زەدەی بێ کەسی و مەوســـمی مەغریب**

**ئاشیفتەی دەرس خوێندنی هەنگامی عیشا خۆم....[521]**

## جەنگی دووەم(١٩٣٩-١٩٤٥)ز:

جەنگی دووەم لە (یەکی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٩) لە نێوان دوو بەرەی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئا سیادا هەلگیر سا، ئەڵمانیا بۆ خۆ دەربازکردن لە ڕووخان و تیا چوونی ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکەی لەگەڵ یابان و ئیتالیا بەرەیەکیان پێکهێنا بەناوی (میحوەر)و شەڕیان دژی فەرەنـ ساو ڕوو سیاو بەریتانیاو ئەمەریکاو چین هەلگیرساند، کە بەبەرەی (سوێندخۆرەکان) ناسرابوون، کارەسات و ڕووداوەکانی جەنگی

[519]- محمدی خاڵ، ناڵەی دەروون، جزمی یەکەم،...ل١٦٥.

[520]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم....ل٦٥.

[521] حەکیم مەلا صالح، دیوانی ناتیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٥

دووەم، زۆر گەورەتر و کاریگەرتر بوون لە جەنگی یەکەم، بە  شێکی زۆری جیهان توو  شی کاولکاری و زەرەر و زیانەکانی جەنگ هاتن و خەڵکێکی زۆری بێ تاوان کوژران، گرانی و قات و قڕی زۆر ڕووی کردە ناوچەکانی شەڕ و جیهان بەگشتی، ناوچە کوردییەکانیش بە هۆی بوونی دەسەڵاتی ئینگلیزو فەرەنسا لە ناو  چەکە، لە ئا  سەوارەکانی ئەو  شەڕە ماڵوێرانکارانە تاڕادەیەك تێوەگلان، بەڵام لەگەڵ ئەوە  شدا ناوچە کوردییەکان وەك جەنگی یەکەم نەبوون، زیانی کەمتریان لێ کەوت، شەڕ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەگە شتە ناو چە کوردییەکان. دەبینین وە سفی  شەڕەکەو ئەو ڕووداو کارە ساتانەی کە لەئەنجامی ئەو شەڕانەوە  سەریان هەڵدا، لە ئەدەبی کوردی بە تایبەت لە  شیعری  شاعیراندا ڕەنگدانەوەی هەبوو، وەك لێرەدا باس لە هەندێك لەو شیعرانە دەکەین و بۆنەی وتنی شیعرەکان دەخەینەڕوو:

(قانع) یەکێکە لەو   شاعیرانەی وە  سفی جەنگەکەو کاریگەرییەکانی دەکا لە   شیعری(جەنگی دووەم)دا بە بۆنەی هەڵگیرساندنی شەڕەکەوە دەڵێ:

**برا شۆرێ لە سەرمـــــایە عەیـــــانـە**

**کە ئەم شۆرە شــــەڕی بـەینی گـەلانە**

**دیارە هـــــەوری ئـەمڕۆ خـوێن ئەبارێ**

**ئـــــەجـــەل میوانی سـەر پاکی جیهانە....** دیوانی قانع، ل٢٩٤.

هەروەها (  شاهۆ) دوو دەقی   شیعری بۆ ئەو بۆنە نوو  سیوە، یەکێکیان(هە  ستێرەی هیوای ١٩٤٣/٦/١٤)   شیعری دووەم (لە جەنگی دووەمی جیهانیدا) کە لەم دەقەدا بە ناوهێنانی هەندێ لە دەوڵەتانی بەشداری جەنگەکە بەم جۆرە وەسفی ئەو جەنگە و شەڕەنگێزی دەوڵەتانی (میحوەر) دەکات بەتایبەت هیتلەرو جۆرێك لە لایەنگری دەکات بۆ دەوڵەتی ئینگلیز بەو بۆنەیەوە لەبەشێکیدا دەڵێ:

**سقوتی دەوڵەتی ڕۆما کە (ڕۆ)یە ئـــەوەڵی نـــــاوی**

**نیشانەی وایە بونیادی گـــــەلی(میحوەر) لە ڕووخانە**

**بەد و بەد کردەوەو بەد وێژو خوێنرێژو شەڕئەنگێزن**

**ژیانی ئەم گروهە بۆ شـەڕ ئیسپاتـــــــــە (نەژیـــانە)**

**کە بولغار سەر دڵی کوترا بە (بولغاز) دەرپەڕی ڕۆیی**

**ئیتر ئەمجارە نۆرەی کـــــەوتنی (ڕۆمان و یۆنانە)....** دیوانی شاهۆ، ل١٣٠.

هەر دژ بە هیتلەر و بەرەکەی (زێوەر)یش   شیعرێك دەنوو  سێ، بە بەکارهێنانی ڕەمزو وێنەی شیعری جوان، هەجووی هاوەڵەکانی هیتلەر دەکات لەشیعری(سیاسی نیم)دا دەڵێ:

**سیاسی نیم و عەسکەر نیم، بەڵام دیـارە بە** ئـــاثـاری

**کـە هیتلەر لەڕ بووە نەیمـاوە هەڵپـەی پــــــارو پێراری**

**لەبـەڕ کەڵبە و برەی وردکردووە ورچـێکی کوێستانی**

**لە ئـــاویشـا بەجارێ دوو نەهەنـگ داویە پەلامـــــاری**

**ڕەفیـقیشی کە مۆسۆلێنییە مەعلــــوومە لای عالــــــەم**

**لەدەســـــت یۆنان گەیشتە ئاسمان فریادو هــــــاواری**

**ڕەفیقی حـــــیزە خۆی بێ هێزە مانەندی کەری دێزە**

**بــــە تۆپینیش ڕەزایە مەرگی هاوەڵ بوو بەسەرباری...** دیوانی زێوەر، ل٦٤

(بێزار) یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی لەو بۆنەیەدا هەموو نەهامەتی و کارەساتەکانی ئەو جەنگە دەخاتە ئەستۆی هیتلەر و نازییەکان و بەم جۆرە سکاڵاو دوعایان لێ دەکات، لە بەشێکی شیعرەکەیدا کە بەناوی(هاوارو دادی مشك و پشیلە) لە ساڵی (١٩٤٢ز) هۆنیویەتەوەو دەڵێ:

**وتیان ئیلاهی ئەی یــــەزدانی پــــاك**

**ئەم حەربە لابەی دنیا بــــکەی چـاك**

**تـۆوی نازێتی لە ڕووی ســــــەر زەمین**

**هیچی نـەمێنێ ڕەب ولـعــــالــــەمیـن....** دیوانی بێزار، ل٩٢.

هەر دژ بە کردوەی هیتلەر و لە خۆبایی بونەکانی، (میرزا مارف ١٨٩٥-١٩٥٦) ڕۆ شنبیرو شاعیری خەڵکی سلێمانی لە ساڵی(١٩٤٣) بەو بۆنەوە ئەم شیعرە دەنووسێ:

**ئەی شەڕ هەڵگیرسێنەر هیتلەری نازی**

**خۆزگــــە ئـــەمزانی بـە چـی ئەنازی**

**بەگەنج و لاو و کـــچانـــی بـەرلین**

**بـە پیشەسازی و پیاوی دەس ڕەنگین**

**بە فڕۆکەو تۆپ و تفەنگ و شەستتیر**

**بە لــۆری و مـــۆتۆڕ تـــانکی قەڵاگیر...**

لە کۆتایدا لە بارەی ئەو سەربازانەی ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی کە لە جەنگدا تێکشکان دەڵێ:

**هەموو بە تۆپ و فڕۆکــــە کـــــوژران**

**زۆریشیان بەدیل لە بەفرا گــــیران**

**هەموو ئۆباڵیان بە ملـــــی تـــۆیـــە**

**کــەڵکت ناگرێ ئەو جوست و جۆیە**

**دەك هیتلەر جەرگت لەت کرێ بەشیر**

**مێشکت ببرژێ بە گوللەی شەستتیر**[٥٢٢]

پیرەمێرد کەسایەتیەکی بەرزی هەبووە، لەگەڵ زۆربەی موعاناتەکانی نەتەوەکەی و دەوروبەردا ژیاوەو دابڕاو نەبووە لێیان، بە بۆنەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە و بۆ ئەنجام و کارە ساتە تاڵ و ناخۆشەکانی چەند دەقێکی شیعری نووسیوە لەوانە: شیعری(هاوین)لە ساڵی ١٩٤١ نووسیویەتی کە باس لە کارە ساتی شەڕو گرانی جەنگی دووەم دەکات، لاپەڕە(٣٢٠)دیوانەکەی، هەروەها بۆ هەمان بۆنە شیعری(مامە خەمە)ی لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیوە، (ل٣٢٣دیوانەکەی)، شیعری(پەندی پەخشان)لە ساڵی(١٩٤٢) کە باس لە هاوکاریی یابان بۆ نازییەکان دەکات، ناڕەحەتییەکانی شەڕ دەخاتەڕوو، دەقێکی تری

---

[٥٢٢]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم....ل٨١.

بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە پڕ کارە ساتەو سەرکەوتنی سوێندخۆرەکانەوە لە(١٩٤٥/٥/١٠) هۆنیوەتەوە، ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**حیجاز کاری کورد، نەوای عراقـــی**

**هەردووك لە کاران سادەی هەی ساقی**

**ئـــەمڕۆ ڕۆژێکــــە شــــەڕ بڕایـــەوە**

**دەرگـــــــای شــــادیمان بــــۆ کرایەوە**

**لەسایەی خواوە پێمان کەوت پەیمان**

**کە هاوپەیمانمـــان بۆ بوون بە تەیمان**

**ئێستا لە شایی سوێندخۆرەکـــــانـــا**

**دەنگی دەهــۆڵ دێت لە کوردستانا...** پیرەمێردی نەمر، ل٣٣٢.

وەك لە شیعری شاعیرا نەوە د یارە میلـلەتی کورد بە شێوە یەکی د یار لا یەنگری هاوپەیمانان( سوێند خۆرەکان) بوون، بۆ سەرکەوتنەکانی ئەوان خۆ شحاڵ و شاد بوون، جەنگ بە سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان کۆتایی هات و یابان کە لەبەرەی میحوەر بوو، لە دوا هەنا سەی سەرەمەرگیدا بوو، لە ڕۆژی (٦)ی ئابی (١٩٤٥) ئەمەریکا شاری هێرۆ شیمای یابانی دایە بەر بۆمبای ئەتۆم، نزیکەی هە شتا هەزار لە دانیـ شتوانی ئەو شارە لە ناو چوون و کارە ساتێکی گەورەی مرۆیی خوڵقاند، پاش سێ ڕۆژ واتە (٩)ی ئابی هەمان ساڵ، شاری ناکازاکیـ شی دایە بەر بۆمبای ئەتۆم، ئەم تاوا نە گەورە یە بۆ کۆ تایهێـنانی جەنگ نەبوو، چونـکە دەو ڵە تانی (میحوەر) ڕوو خابوون، بەڵکو تاقیکردنەوەی موختەبەری بوو بۆ زانینی ڕادەی کاریگەریی ئەو جۆرە بۆمبایە، ئەم ڕووداوە کاریگەریی لە سەر هە ست و سۆزی چەند شاعیرێکی کورد درو ستکردبوو و بەبۆنەی ئەو کارە ساتەوە شیعریان هۆنییەوە: بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانە کە ئەو ڕووداوە هێندە کاریگەریی لە سەری جێدەهێڵێ، لە شیعرێکدا کە بەو بۆنەیەوە دەینووسێ عیلم و پیشەسازی و سەنعەت بە مایەی ماڵوێرانی و سەرگەردانی ناودەبات:

**داخەکەم بۆ ئـــەو زەمـانەی ڕووی زەمین**

**وەك بەهەشت بوو پڕ لە خۆشی و پێکەنین**

**بێ تەمـاع و بێ درۆو خـــاڵی لـــە قـین**

**دڵنیــــاو دوور بووین لـــــە ئەتۆمی لـەعین**

**تف لە عیلم و سەنعەت و ســـــــەد کارەبا**

**مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مـەرحەبا**

**یادی تۆ ئێستا لە دڵ خــــــەم لا ئـــــەبا....** دیوانی بێکەس، ل١٦٥.

(هەوری ١٩١٢-١٩٧٩ز) شاعیرێکی تری کوردە لە ساڵی (١٩٤٥ز) دا بەبۆنەی ئەو کارە ساتەوە لە شیعرێکیدا بەناوی(تاوانی ئەتۆم) باسی لە تاوانی ئەو کوشتارە گەورەیە دەکات:

**لەسەر ئەم زەوییەی تەوەرە کـــــۆماو ڕاستی نابینیت تـــۆ هــــــەرگیز بە چاو**

| | |
|---|---|
| **بۆ بەرەی بێ دەست نییە تروسکــــە** | **گەر باوەڕ نـــاکەی لە ژاپۆن پرس کە** |
| **لە هێرۆشیما بەڵگەی نام و نــــــەنگ** | **بۆچ مافی ژیــــان وا کرا بــــە پـــەنگ** |
| **بۆ ئەوەی زۆردار زیاد بێت بەدەستدار** | **ئــــەبێت بێ دەستان بمرن بـــــە هەزار** |
| **هەر بەیەك بۆمبای ئەتۆمی بەد نــــاو** | **دووسەد هەزار کەس بوو بە هەڵمی ئاو** |
| **بۆمبا هاوێژیش بە هیچ تەڕ نـــــــەبوو** | **بێدەنگ بێ سـزا بە گورجی دەرچوو**[٥٢٣] |

<u>**شەشەم/ هەندێ بۆنەی تر:**</u>

جیا لەو بۆنە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییانەی لەپێشەوە ئاماژەیان پێ کرا شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا بۆ هەندێ بۆنەی تری سیاسی و نەتەوەیی شیعریان هۆنیوەتەوە:

ئەو کاتەی مەجلیس عو صبەتول ئومەم لە ساڵی (١٩٢٤ز) ولایەتی مو صڵی لە تورکیا دابڕی و خستییە سەر عێراق (زێوەر) بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی هۆنییەوە کە جۆرێك لە خۆشحاڵی دەردەبڕێت و بە کارێکی عادیلانەی وەسف دەکات، دەڵێ:

**چ خۆشە حوکمی عەدالەت، نەمانی مەحکوومی**

**چ خـــــۆشە ڕەفعی سەفالەت شیعاری مەظلومی!**

یان دەڵێ:

**کولاهی فەخری هەموو کوردەکان گەیشتە فەلەك**

**کە تورکـــــــــی دا بـەزەویدا خەیاڵی مەرهوومی**

**کە عوصبەتول ئومەم ئــــــەم حوکمە عادیلانەی دا**

**حەیاتی دا بەعێراق و نــــــەمـــــــانی مـەحرومی** دیوانی زێوەر، ل٦١.

بە پێ چەوانەی خۆ شحاڵییەکانی زێوەر (ئەحمەد موختارجاف) بەم جۆرە هە ستی خۆی بۆ کارەکانی (عصبةالامم) دەردەبڕێ کە لەو کاتەی خەریکی جێبەجێکردنی کێشەی موسڵ دەبن و وەعدو بەڵێنی درۆ بە کورد دەدەن، لەشیعرێکدا بەوبۆنەیەوە دەینووسێ :

**دێتە گوێم دەنگی بەسۆزو شــــیوەن و گـــــــریانــەوە**

**ناڵەی دڵمە لە حەســـرەت خاکـــی کوردســـــتانـەوە**

**لانەوازو بێکەس و مـــــەزڵوومن ئێســــتە قەومی کورد**

**گا بەدەستی تورکـــەکــــــان و گا بەدەس ئێرانەوە**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی ڕووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفـــانـــــــــەوە...** دیوانی ئەحمەد موختارجاف، ل١٣٤

[٥٢٣]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠،ل٢٥٣.

سەلامی شاعیر(١٨٩٢-١٩٥٩ز)خاوەن هەست و سۆزی کوردایەتی بەهێز کە هەتا چاوەکانی لێك ناوە بە خامەکەی خزمەتی دۆزی کورد و شۆڕشەکانی کردوە و هۆنراوەکانی بریتین لە هۆنراوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی زۆر کەم بە لای هۆنراوەی دڵداری چووە، شاعیر لە بارەی کارە خراپەکانی (عصبةالامم) وە هەڵوێستی لاوازیان بەرامبەر بە کێشەی کورد بۆ چوونی خۆی لە شیعرێکدا زۆر بە ڕوونی پیشان دەدات:

**(عـصبةالامم) کــــۆمەڵی گەورە**

**بە پێچ و پـــــــەنا بە فـێڵ و دەورە**

**لەدوور بە دوور بــۆ حەقی کوردان**

**تەکانت ئەدا خـۆت دا ئـــەشرنگان**

لە دێڕەکانی کۆتایدا دەڵێ:

**چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە**

**لەلای تۆ ئەڵبەت حـــــقوق کوشتنە** دیوانی سەلام ل٥٩

هەر لە بارەی چاوبە ستی و بەڵێنە درۆکانی (عصـــبة الأمم) بۆ پێدانی ماف بەگەلی کورد (ناتیق)ی شاعیر(١٨٨٦-١٩٦٧ز) لەو بۆنەیەدا بەم جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێ:

**(عصبة الأمم) بە نیازە بسڕێتەوە هــەر نـــاوی کورد**

**نەهێڵێ لە ژێری هــەورا بێتــە دەر هەتـــاوی کـــورد**

**نایەوێ بدرێتەوە هەرگیز حەقی فــــەوتـــاوی کـــورد**

**ئێشی سەختە، گل ئەکا هەر دوو گلێنەی چاوی کورد**

**دەردی بێ دەرمانە دەردی قـەومی لێقەوماوی کورد...** دیوانی ناتیق، ل٤٠

بوونی (فەیسەڵی یەکەم) بە مەلیکی عیراق و هاتن و سەردانی کردنی بۆ ناو چە کوردییەکان، هەندێ لە شاعیرانی کورد بەشێوازی جیاواز باسیان لێوەکردووەو بەو بۆنەیەوە شیعریان نووسیوە:

(عا صی) دوو شیعری بەرزی بە بۆنەی بوونی (فەیسەڵی یەکەم) بە مەلیکی عێراق نوو سیوە، کە لە هەردوو شیعرەکەدا لە هە ست و سۆزێکی کوردانەوە جۆرێك لە داخ و خەفەت دەخوات، کە کورد دووبارە بویەوە ژێردە ستەو بە بێکەس و بێ گەورە مایەوە، لە یەکێك لەو شیعرانەدا کە شاعیر خۆی دەڵێ:(ئەمە بەموناسەبەتی ئەو ڕۆژە بوو، کە مەلیك فەیسەڵ هاتە سەرتەختی مەلەکی):

**دڵم دەستی بە شیوەن کرد لە حەسرەت بێکەسی کوردی**

**لە چنگ تورکان نەجاتیان بوو، ریاسەتیـان عەرەب بردی**

**هەتا دەمری بناڵێنــە ئـــەتۆ ئـــــەی کـــوردی بێ ساحێب**

**تەماشای مەزرەعەی ژیـانت چلۆن سەرمای خەفەت بردی**

**لەبەر بێ بـاك و ناڕێکی لە ڕێگای چــــــەوت و تاریکی**

**به دائیم ویڵ و سەرگــــەردان درشت و گـــــەورەو وردی...** دیوانی عاصی، ل٢٤٥.

بەڵام حەمدی بە بۆنەی هاتنی مەلیك فەیسەڵ بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی(١٩٣١ز)خۆشحاڵ بووەو لەشیعرێكدا بەمجۆرە ستایشی ناوبراوی كردووە، هەرچەندە بەشێك لە ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی كورد لە سەردەمی خۆیدا ڕەخنەیان لە حەمدی گرتووە بە بۆنەی نوسینی ئەم شیعرەوە:

**تەقەی طۆپی سەلام و دەنگی مۆسیقاو دەهۆڵ یەك كەوت**

**وەهام زانی سلێمانی ئەبێتە جــــەننەت و مــــــەحــشـــــەر**

**كە گوێ ئەگرم بە جاڕێ هات هـــاتی كەوتە ئەم خەڵقــــە**

**كە هات چی تاجدارێ بەرق ئــــەدا جـەبهەی میسالی خۆر**

**وتم كێیە ئەمە ئەم حیشمەتە لــــەم حـــــەشـرەدا وتیـــان**

**ئەمە شاهی عێراقەو ئــەشرەف و ئـــــەولادی پێغــــــەمبەر.....** دیوانی حەمدی، ل١٦٠.

زێوەری شاعیر بە پێ چەوانەی شیعرەكەی حەمدی هەر بەبۆنەی هاتنی مەلیك فەیسەڵ بۆ سلێمانی لە هەست و سۆزێكی كوردانەوە ڕوو بەڕووی مەلیك ئەم شیعرە دەخوێنێتەوە:

**بـابــــــە فــــــەرزەن تۆ شای سەر زەمینی**

**ڕازیم بـەبــــــەشی خــــــۆم و مســــــكێنی**

**دیجلـەو فــــــوراتت بــــا هـەر بۆ خۆت بێ**

**منیش كـــــوردستان شــاخـــــی ڕەنگینی**

**هەواكــەی شـاهۆ ئاوەكـــــەی قــــــەنـدیــل**

**لائـــــــەبــــا لـــــە دڵ ئێشـــــــــی برینـــــی**

**قەت ڕێـــــك ناكـەوێ دەست لەمل یەك كەن**

**حــــەنتــووش دەلاوی و ڕەســـــوول سـیرینی...** دیوانی زێوەر، ل٨٥

(گۆران) لە كاتی هاتنی مەلیك فەیسەڵی یەكەم بۆ هەڵەبجە، بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی بۆ ستایشی ناوبراو نووسیوە و داویەتی بە دوو قوتابی خوێندوویانەتەوە، دكتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ: ((ئەم شیعرە لەو دوو قوتابیە وەرگیراوە))[٥٢٤].

**فەیسەڵی ئەووەل مەفخـەری دووەل**

**هەروەكو ڕۆژە لە بورجـــی حـەمەل**

**جالیسی تەختی خولەفای عەبباسی**

**بە عەدل و ئینساف بە خـوا شناسی....**

پیرەمێرد زیاتر لە شاعیرەكانی تری كورد هاو سۆز بووە لە گەڵ بنەماڵەی مەلیكی عێراق و جۆرێك خۆشەویستی هەبووە بۆیان، بە بۆنەی فەرمانڕەوایەتی فەیسەڵی یەكەم و مەلیك غازی كوڕی و

[٥٢٤]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی شەشەم...ل٦٤٠

عبدولئیلاھ و بەبۆنەی مردن و هەندێ بابەتی تری پەیوە ست بەوانەوە، چەند شیعرێکی هۆنیوەتەوە لەوانە (نە شیدی ماتەم) بۆ کۆ چی دوایی مەلیك فەیـ سەڵی یەکەم و بوونی غازی بە مەلیك لاپەرە،٢٤٠ دیوانی پیرەمێرد و شیعری(ماتەم) بە بۆنەی مردنی مەلیك غازی لاپەرە٢١٢ هەمان سەرچاوەو شیعرێکی نوو سیوە بەبۆنەی چوونی مەلیك عەبدولئیلاھ لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ سلێمانی لە ڕۆژێك پێش جەژنی قوربانـدا، کە ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**جەژنی قـــــــوربانە بــــەرە جەژنانە**

**قودوومی وەسی بوو بـــــــە جەژنانە**

**کە بەنـوو هاشم بۆ عێراق هــــــاتن**

**کورد پێشیان کەوتن بۆ بەخێر هاتن....**[٥٢٥]

لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٨)ی ڕۆژنامەی بانگی کورد ستاندا هاتووە، کە ((بە مونا سەبەتی ئەوەی کە جەنابی جەلالەت مەئاب، ڕەئیـ سی مەجلیـ سی میللی کورد ستان، شێخ عبدالقادر ئەفەندی نیـ شانەیەکی هیلال و ئە ستێرەی لە ئاڵتوون درو ستکراوە، لە سەر هیلالەکە عیبارەتی(فیدای میللەت)هەڵکەنراوەو بەبازووی موبارەکی دا گرتووە))[٥٢٦] کەمالی ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

**فیدات بم ئەی فیدایی میللــەت ئەی سەرداری کوردستان**

**وەلی عەهدی هومایۆن تـالعی خونکاری کــــــوردستـان**

**بەئەنقاسی مەسیح ئاسا عـیلاجی عــاجیلت بەخـــــشی**

**بەدایەی بێ کەسی بێچـــارەی بیمـــــاری کوردستـــــان......** دیوانی کەمالی، ل١٠

لە ساڵی(١٩٢٨ز)، شەش کەسی نیشتمانپەروەری کورد وەك نوێنەری کوردستان یاداشتێك دەدەنە وەزارەتی زانیاری بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە هەموو لایەکی کورد ستان و خوێندن بە کوردی، (ئە سیری) بەو بۆنەیەوە ئەم پار چە شیعرە دەنوو سێت و ستایـ شی هەڵوێـ ستی کوردانەی ئەو شەش کە سایەتییە دەکات و لە شیعرەکەدا ناویان دەهێنێت، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو شیعرە:

**شەش مەردی نشتمانی لە شەش گۆشەی وەتـــــەن**

**هێشك گرن بە گیان و بەدڵ هەوڵ و ڕەنج ئـەدەن**

**بـۆ سەرفـــــــرازی و دواڕۆژی ڕوونــــــی گــــــەل**

**کۆشش ئەکـــەن بە پەلەو نووسین و چۆن و چـەن**

**ژینی ئەمانە لـــــە خـــــوای گــــەورە خــــوازمــە**

**دووربن لە حیزە فێڵی بەد خـواھ و بـاو و بـــــەن**

---

[٥٢٥]- مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم...ل١٤٩.

[٥٢٦]- کەمال عەلی باپیر، دیوانی کەمالی...ل١٠.

سەردەستەیە سمـــــایلی ســـــۆران، جەمالی بـابان

نەوزادی (پشـــدەر) صـــــــالّح بەگـــی جـەوان.... دیوانی ئەسیری،

ل٧٤.

## تەوەرەی سێیەم/ شیعری بۆنە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کەسییەکان:

خەم و خەفەت، شادی و خۆ شی، مەرگ و ژیان، شین و ماتەم، شایی و سەیران، پێکەنین و گریان، بە شێوەیەکی گشتی بە هەڵچوونی دەروونەوە پەیوە ستن، لە ئەنجامی کاریگەریی ڕووداوە خۆش و ناخۆ شەکان، تاڵی و شیرینییەکانی ژیان، لە ئەنجامی گۆڕانکاری یان لە ئەنجامی پێ شکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاوەیە، ئەم کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیە تەنها پەیوە ست نییە بە لایەنێکی ژیان یان بە کۆمەڵێك خەڵك و کۆمەڵێکی تر لێی بێ بەش بن، بە پێچەوانەوە زۆر جار گۆڕانکارییەك دێتە پێ شەوە هەموو مرۆڤەکان بە گ شتی یان ناو چەیەك، یان خێزانێك تیایدا بە شداردەبن، یان ڕەنگە زۆر جار بابەتێکی کە سی بێت و دەوروبەر تەنها هاوکاربن لە زیادکردنی خۆ شییەکان وەك شایی و هەڵپەرکێ و سەیران یان هاوکاردەبن لە سوککردنی باری غەمی سەر شانی کە سەکان، وەك شین و ماتەم بۆ کۆ ستی کەسێك یان بنەماڵەیەك و....هتد، لەم بابەتانەدا شاعیرانیش وەك تاکێکی کۆمەڵ دابڕاو نین لە بینین و بە شداریکردنی ئەو بابەتانە، ڕەنگە زۆر جار جیاوازییەکە لەوەدا بێت، لای شاعیران ئەو بابەتانەی باس کران، دەبنە هەوێنی لە دایکبوونی شیعرێك، واتە شاعیران جیا لەوەی بەشدار و هاوکارن، ئەو هەڵچوون و سۆز و هەستەیان لە شیعرێکیشدا بەرجەستە دەکەن.

هەموو ئەو بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسییانەی هەن بەشێکی خەڵك تێیدا بەشدارن و هەندێ جار شاعیرانی نزیك بەو ڕووداو کارە سات و بۆنانە بە شیعر گوزار شت لە خۆ شی و ناخۆ شییەکان دەکەن. چونکە ئەدەب و کۆمەڵ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە و بە جۆرێك ئەو پەیوەندییانە توانیویانە ڕایەڵەیەکی بە هێز لە نێوان بۆنەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و شیعرو ئەدەبدا درو ست بکەن، تا ئەو ڕادەیەی توێژینەوەکانی ئەدەب بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵدەدات، پەیوەندی نێوان ئەدەب و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر ڕوون بکاتەوە، تا بە شێوەیەکی درو ست تی شك بخاتە سەر لایەنە جۆراو جۆرەکان، کە هۆکاری سەر هەڵدانی دەقێکن. هەر بۆیە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیان لە کاری ئەدەبی بەگ شتی و شیعر بەتایبەتی بە گەلێك جۆرو شێوە دەبێت، بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیش پشکی گەورەیان لەو ڕەنگدانەوەیەدا هەیە، بەڵام گوا ستنەوەی ئەو حاڵەتانەی ڕوودەدەن یان ئەو بۆنانەی سەرهەڵدەدەن بە شێوەیەکی دەقاودەق نین، چونکە ئەدەب جیا لە پەیامی واقیع، لایەنی ئێستاتیکاش خاڵێکی جەوهەری و گرنگە تیایدا، بۆیە زۆر جار شاعیرێك باس لە مەرگی کە سێك دەکات، ستایش و وە سفەکانی بۆ ئەو کە سە بە شتومەك و کەرەستە جوانەکانی دەوروبەر دەچوێنێ یان ڕازاوەیی دیمەنی شاییەك بە کەرەستە جوانەکانی سروشت وێنا دەکات و بە زمانێکی شیعری بەرزو جوان مەبەستەکانی دەردەبڕێت.

میللەتی کورد لە هەموو میللەتانی تر زیاتر گیانی هاوکاری و بەدەم یەکەوەبوون و دۆ ستایەتی و خۆ شەویـ ستی لە نێوان ڕۆڵەکانیدا هەبووە و بەردەوام ئەم پەیوەندییە بەتینە جێگای سەربەرزی و شانازی کورد بووە، بۆیە لە خۆشییەکاندا دەستباری یەکتریان کردووە و لە ناخۆشی و دەردیسەریەکاندا لە نزیکی یەکترەوە بوون و خەمەکانی یەکتریان سووککردوە. شاعیرانیش بۆ ئەو بۆنە کۆمەڵایەتییانە هەست و سۆزی خۆیان دەربڕیوە.

لەباری ڕۆ شنبیریـ شدا لە سەرەتای سەدەی بیـ ستەم بەهۆی کرانەوەی میللەتی کورد بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا بەتایبەت لە ڕێگەی ئەو نوو سەرو ڕوناکبیرانەی کە چەندین ساڵ پێ شتر تێکەڵ بووبوون بە ڕۆ شنبیریی تورکی و ئەوروپی، ئەوانەی لەدەرەوەی کورد ستان بوون و دەگەڕانەوە بۆ کورد ستان، زەمینەی لەباریان درو ست دەکرد بۆ گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ دەربازکردنی کورد لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیری، هەوڵی زۆریاندا بۆ پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی ڕۆ شنبیری و زاد ستی و گرنگ یدان بەکرد نەوەی قو تا بخا نەو خوێ ندن و فێرکردنی م ناڵانی کوردو دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو دامەزراندنی چاپخانە، لەم پێناوەدا ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەتی شاعیران هەوڵی جدی و گرنگیان دا، شیعریان کردە کەرە ستەیەکی گرنگی ئەو گۆڕانکاریانەو هاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بۆیە لەم قۆناغەدا شیعر جیا لە ئەرکی سیاسی و نیشتمانی و ئاینی، ئەرکی کۆمەڵایەتی و ڕۆ شنبیریـ شی لەئە ستۆ گرتبوو، کە بریتی بوو لە وێنەگرتنی ئێ شو ئازارەکانی خەڵکی و و شیارکردنەوەی هەمەلایەنە بۆ دەربازکردنی کۆمەڵ لە دواکەوتوویی و گرنگیدان بە لایەنی زاد ستی و وریاکردنەوەی ئافرەتان بۆ رزگاربوونیان لە ژێردەستەیی و چەوساندنەوە، وەك دەبینین شاعیرێکی وەك پیرەمێرد لەو قۆناغەدا و بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانەو هە ستکردن بە دواکەوتوویی و چەو ساوەیی ئافرەتانی کورد، داوایان لێدەکات بێنە مەیدانی کۆ شش و خەبات و خوێندن، تا بتوانن قەومەکەیان سەربەرز بکەن:

| | | |
|---|---|---|
| **ئەی کچینە وەرنە مەکتەب** | **ئێـوە تــەسکینی دڵـــن** | |
| **زینــــەتی باغ و تەرەقین** | **ڕەونەقی دەستەی گوڵن** | |
| **تازە ئێمـــە تێگەیشتوین** | **دایکی چاکی خوێندەوار** | |
| **نەسلی وا دێنێتە مــەیدان** | **قەومەکەی پێ بێتەکار...** | پیرەمێردی نەمر، ل٢٧. |

لێرەدا بۆ ئەو مەبەستەو خستنەڕووی ئەوەی باسمان لێوەکرد، شیعری شاعیران و بۆنەی وتن و نووسینی شیعرەکانیان باس دەکەین.

### یەکەم/ بۆنە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان:

#### ١- شیوەن و لاوانەوە:

لاواندنەوەو شیوەنی شیعری بە جۆرێکی ڕاستگۆیانە لەقەڵەم دەدرێت ((چونکە ئەو فرمێسکانە، کێش و قافیە بە سەریدا نە سەپاوە، ئەوەندەی قوڵی برین و چۆڕاوگەی خوێنی دڵ و هەنا سەی پڕ لە کەسەرو ئاخ و ئۆف سەپاندویەتی...چوونکی تەڤینەوەی کانی خەمێکی ڕەسەن و ڕاست و دوور لە درۆو

دەلەسەیە. ئەم جۆرە شیعرەش جۆرە قەرزدانەوەییێکە. ئەوەی بڕوای بە (لاوانەوە) نەبێ، هەرگیز بڕوای بە(وەفا)نابێ!))[527].

شێخ نوری شێخ سالح، یەکێکە لەو شاعیرە هە ست نا سکانەی بەبۆنەی مردنی براو دۆ ست و ئازیزو سەرکردەو شۆڕ شگێڕانی کوردەوە چەندین شیعری شیوەن و لاواندنەوەی نوو سیوە، لەوانە: ( شیوەنی شێخ عەزیزی برای، شیوەنی مەلا مەحموودی بێخود، شیوەنی شێخ برایمی برای، شیوەنی مەحموود جەودەت، بۆ کۆ چی مەلا ئەفەندی هەولێر، بۆ کێلی قەبرەکەی شێخ مەحموود، بۆ وەفاتی قادر ئاغا، شیوەنی ئەوڕەحمانی خالۆزای، شیوەنی شێخ مەحموودی سەرۆك، لاواندنەوەی عەبدولکەریم حاجی،..چەندانی تر) کەلێرەدا دوان لەو شیعرانە دەنووسین لەگەڵ بۆنەی هۆنینەوەیان:

شێخ عەزیزی برای شێخ نوری بەهۆی نەخۆ شییەوە لە بەغداد لە (١٩٣٦/٦/٢٠) کۆ چی دوایی کردووە و شێخ نوری بە شێوازێکی بەرزی هونەری جوان شیوەنێك لە ناخەوە پڕ لە سۆزو خۆشەویستی دەیهەژێنێت و بەو بۆنەیەوە لە شیعرێکدا دەیهۆنێتەوە:

**لە فوارەی دڵ لەبەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچاوم**

**لـــــەبـەر چی سور نەبێ داوێنی بەدبەختی بـە خوێناوم**

**کـــەمن زانیم ئیتر مــــــەرهەم نییە بۆ جـەرگی سووتاوم**

**ئەنــــاڵێنم لـــــــە دووری تـۆ، ئـــــەڵێم شـەرتە هەتا ماوم**

**ئەسیری خـــــاکی گـــــۆڕو نـــــەوجەوانی پـڕ مەلالم ڕۆ**

**عـــــــەزیزم ڕۆ، عــــــەزیزم ڕۆ، عـــەزیزی نەونیهالم ڕۆ...** دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، ل١١٩

سەرکردەو شۆڕ شگێڕو ڕوناکبیری کورد(مەحموود جەودەت) یەکێك بوو لەو قارەمانانەی ئازایانە پ شتیوانی شۆڕ شەکانی شێخ مەحموود بووە و لە پاش دامرکانەوەی ئەو شۆڕ شانە بەدیل دەگیرێت و دەنێردرێت بۆ کەرکوك دواتر دە چێتە بەغداد و لە ساڵی(١٩٣٧ز) لە بەغداد بە هۆی کێ شەیەکەوە لە لایەن دە سەڵاتدارانەوە لە سێدارە درا، جگە لە شێخ نووری چەندین شاعیری تر بۆ مردنی ناوبراو شیوەنی بە کوڵیان کردووە کە دواتر با سیان لێوە دەکەین، شێخ نوری بۆ مردنی ئەم قارەمانەی گەلی کورد بەم جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێت:

**نەبـــــووە قـــەت نـــــەمدیوە تـــا ئێستا لە پایزدا بەهار**

**بۆ چییەو بۆچی جلی شینی لەبـــــــەر کـــرد کائینات؟!**

**بۆ چی وا وشك و برنگە مەوسیمـی زستانــــــەکەی..؟!**

**بۆ ئەناڵێنێ بە هاوین، ڕەعدی بـێ وەعدەی نەهات..؟!...** دیوانی شێخ نووری، ل١٢٩.

---

[527]- ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح،...ل١١٨.

بێکەس چەند دەقێکی شیعری بە بۆنەی کۆچی دوای هاوڕێیان و دۆستان و کەسانی ناودارەوە هۆنیوەتەوە، لەوانە: ( شینی مەحموود جەودەت، شیوەن بۆ شەهیدانی ١٩ی حوزەیران، شیوەنی مستەفابەگ، شینی محەمەد ئەمین زەکی، شینی مستەفا مەزهەر، شینی قالەی ئایش، شینی حەلاو،..هتد) دەبێ ئەوە بڵێین هەندێك لە مێژووی نووسینی ئەو شیعرانە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا نین، تەنها وەك زانیارییەك ئاماژەمان پێ داون، لێرەدا چەند شیعرێك دەنووسین، کە دەکەونە سنووری تویژینەوەکەی ئێمەوە:

بێکەس وەك هاوڕێ شاعیرەکانی هەستو سۆزی خۆی بۆ مردنەکەی (مەحموود جەودەت) نیشاندەدات و بەم جۆرە لە کۆتایی شیعرەکەیدا، ڕوو دەکاتە وەتەن دەڵێ:

**بگـــری بـــۆ وەفــاو سەخاو حەمییەت**

**بگری بۆ غیرەت هیممەت، جیددییەت**

**بگری تا ماوی بۆ مــەحموود جەودەت**

**شادیت شــیوەن بێ بە موددەی ژینت**

**بۆ جگـــەر گۆشـــــەو ڕۆڵــەی شیرینت**

**وەتەن تــۆ حـــــەقتە هەر هاوارت بێ**

**کـێ لە دوای مەحموود فیداکارت بێ....** دیوانی بێکەس، ل٦٠.

کە سایەتییەکی تری دیاری شاری سلێمانی، کە پشت و پەنای هەژاران و بێ سەرپەرشت و لیقەوماوان بووە، خۆشەویستی هەموو خەڵکی و دۆست و ناسیاوانی بووە، ئەویش (قادر ئەفەندی ئایشە خان) بوو کە لە ئەیلولی ١٩٣٤ مردووە، چەند شاعیرێك لە شیوەنی مەرگی ئەودا بە هەست و سۆزێکی بە کوڵ، خەم و دڵتەنگی و گریانی هەموو خەڵکی شاری سلێمانی دەخەنەڕوو، کە مردنەکەی چۆن کاری لە هەموو لایەك کردووە، بێکەس بەم جۆرە شینی بۆ دەگێڕێ، لەدێڕەکانی کۆتایدا دەڵێ:

**پەنای هەژارو کەساســـــانــم ڕۆ!!**

**داڵدەی هەتیو و بێ کەســـانم ڕۆ!!**

**دەسکی گوڵی ناو مەجلیسانم ڕۆ!!**

**چرای ئاهەنگی ناو دۆستـــانم ڕۆ!!**

**شێری مەیدانی نــاو ژیـــــانم ڕۆ!!**

**هاوارە قالەی ئایشـــــە خانم ڕۆ!!**

**هاوارە قالەی نەو جــــــەوانـم ڕۆ!** دیوانی بێکەس، ل١٦٠

( سەلام)یش چەند دەقێکی شیعری بۆ ئەم بابەتە نووسیوە، کە شیوەن و لاواندنەوەیە بۆ (قالەی ئایشەخان، حەمدی شاعیر، شیوەن بۆ خەڵەف، تاقە کوڕەکەم، شیوەن بۆ کاکە حسینی شێخ عبدالکریم، شیوەنی ئەمین زەکی، شیوەنی جیاوك، شیوەن بۆ هاوڕێیەکی زۆر شیرینم...هتد)، سەرباری ڕشتنی فرمێسکی چاوەکانی بۆ مردنی نەوشیروانی کوڕی لە ساڵی ١٩٣٩دا ئەم دەقە شیعرییەی نووسیوە، کە پڕیەتی لە ئازارو ژانی دوورکەوتنەوەی کورەکەی:

**جــــرگ هەڵ ئەقرچێ دڵ پڕ لە ناڵین　　جـــــەرگی بــــڕاوم**
**چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لە سەر سەرین　　مێشكی پــــــژاوم**
**بۆ دوای نـــــەهات فــــــرمێسكی چاوم　　هەتا بوو بە خــوێن**
**پەترۆكەی نەبەست جــــــەرگی بـــڕاوم　　تۆ بێ سەرو شوێن**
**یەك تیری مابوو چەرخی بەد كـــــردار　　خستییە كـــەمــــــان**
**جەرگ و دڵ هەردووی پێكا بەیەكـجار　　دەرچوو لە نیشــان......** 　　دیوانی سەلام، ل٢١٩

سەلامیش وەك شاعیرانی هاوڕێی بەبۆنەی مەرگی(قالەی ئایشەخان)، شینی خۆی لە چەند دێرێكی شیعردا دەگێڕێ، بەم جۆرە دەنووسێ:

**پەنــای بێ چــارەو بێ كەسانم ڕۆ**
**قـــــــەڵای قــایمی كوردستانم ڕۆ**
**بێ بەش لە بــاخی زیندەگانیم ڕۆ**
**ئاسفی جـــــــوانی سلـــێمانیم ڕۆ**
**كانی ئەخلاق و سیمــای جوانم ڕۆ**
**قالە ڕۆ قالەی ئایشە خـــانم ڕۆ....** 　　دیوانی سەلام، ل٨٢.

زۆرێك لە شاعیران بەبۆنەی مەرگی شاعیرانی هاوڕێیان، دڵتەنگی و هاوخەمی خۆیان بە شیعر نیشان دەدەن و بۆ ئەو بۆنانە بەهەستێكی ناسك و دەربڕینی بەرزی هونەری شین و لاواندنەوە بۆ هاورێكانیان دەكەن، سەلام لە شیعرێكدا ئەو هەستەی بە بۆنەی كۆچی دوایی(حەمدی) شاعیرەوە بەم جۆرە دەردەبڕێ:

**بڵێســــەی گـــڕەی دەروونــــی پڕ كوڵ**
**بۆ نـــای سوتێنی، پــەردەی ڕەشی دڵ**
**بۆ هــــەر هــــــەڵقرچـا بۆ نــەبوو بە ئاو**
**بۆ نــــەتكـــــا تك تــك لە گــلێنەی چاو**
**دوو گــۆلی خوێنە هــەردوو گۆمی چاو**
**دڵ كـــۆی زوخاڵە چـــۆن ئەبێ بــە ئاو**
**كە نــــــەڕژێ فرمێســـك لە دوو چاوانم**
**ســــــەبووری نـــادا كـــــووڵی گریانم...** 　　دیوانی سەلام، ل٩٣.

(قانع)یش بۆ كۆچی دوای ئەحمەد موختار جاف بە چاوی پڕ لە گریان و بە شێوازێكی بەرز و جوان و زمانێكی پاراو وەسفێكی گەورەو شایستەی (ئەحمەد موختار) دەكات:

**وەرن یاران تەماشا كەن لە چاوی پــــڕ لە گریـــــانم**
**چلۆن قرچــــــــەی دەروونم دێ، چلۆنە جەرگی بوریانم**

**له باتی من بڵێن بولبوول نەخوێنیٚ قەت بەمل گوڵدا**

**که چۆن تازه لەدەست دەرچوو ئەساسی کەیف و سەیرانم**

**فەلەك ڕەحمی ئەگەر ماوه دەسا با خـــوێن ببارێنیٚ**

**مەلەك نـــــامووسی خۆی دەرخا هەموو بێن بۆ عەزاخوانم...** دیوانی قانع، ل١٥٩

(کەمالی) له هەمووان به سۆزتر بۆ مەرگی (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر گریاوەو هه ستی دەروونی دەربڕیوەو نووسیویەتی:

**دیسان فەلەك ئەم داخه چ بوو نای به جگەردا!**

**ئـــــەم ئـاگره چی بوو له دڵی عالەمی بەردا؟**

**دیســـــان چییه ئەم شۆره له ناو میللەتی کوردا**

**عالـــەم هەموو غەرقه لـه قوڕو شین و چەمەردا**

**من دیومه له خاك دێته دەریٚ گولٚ به بەهاران**

**بۆچـــی گــــولٚ مــــاته؟ لــه ژێر گلٚ و بەردا**

بەردەوام دەبێت و دێته سەر ستایشکردنی شاعیرو بەم جۆره دەنووسیٚ:

**ئەو خوسرەوه وا حاتەمی تەیی بـــوو به سەخاوەت**

**ئـــەو ڕۆستەمــــه وا شێری ژیــــان بوو له نەبەردا**

**سەیری که چلۆن چەرخی فەلەك دەربەدەری کرد**

**کـــــــوژرا بــه غەریبی له کــەژو کێوی (نەوەر)دا....**

گۆرانی شاعیر ئەم شیوەنەی (کەمالی) خوێندۆتەوەو کاری لیٚ کردووه و بەو بۆنەیەوه ئەم دوو دێڕه شیعرەی بۆ (کەمالی) ناردووه:

**ئەی کاکه کەمالی شاعیری خۆشخوانی هونەرمەند**

**بلبل نییه، تــــۆی تەیـــری تـەڕەنوم له سەحـەردا**

**دەك خۆش بیٚ دەم و پەنجەو و نووکی قەڵەمی تۆ**

**بـــــۆ دادیٚ کــه دات کاکه: له مەیدانی هونەردا** دیوانی کەمالی، ل٢٩و٣٠.

ئەسیری وەك شاعیرانی تر چەند شیعرێکی بۆ شیوەن و لاواندنەوه نووسیوه، لەوانه(شیوەن بۆ باوکی، شینی ساڵح زەکی بەگ، شیوەنی شێخ محەمەدی کەرەدان) بەبۆنەی مردنی باوکییەوه له ( ساڵی ١٩٢٥) بەم جۆره هەستی دەروونی دەردەبڕیٚ:

**چیبوو لێمــــــان لەکاتیٚ کــــــەوتییه دوور**

**دەسا پڕ گۆڕەکەت بیٚ ڕەحمەت و نــــــوور**

**لەبەر ئـــــارامی دلٚ خۆت مــــــای لەلامان**

**وەلیٚ روحـــــت گــەیشته عالــــەمی ژوور**

**کوڕان و خزم و خوێـش و دۆســـــتی لاوت**

**لــــــەغەم پیرو هەموویـــان پشتیان کـــــووڕ**

**لە داخت شاری کەرکـووك خوڕ ئـــــەگری**

**لە خوێنی چاوە حەوشی تەکیەکەت سووور...** دیوانی ئەسیری، ل١٢٥.

(پیرەمێرد)یش کۆمەڵێك دەقی جوان و بەرزی نووسیوە، کە هەندێك لەوانە بەبۆنەی شیوەن و لاواندنەوەی کۆ چی ئازیزان و خزم و دۆ ست و هاوڕێی و شۆڕ شگێرانی میللەتەکەی هۆنیوەتەوە، کە ئەوانیش: ( شیوەنی مەحموود جەودەت، شیوەنی نەونەمامێك، بۆ کۆ چی دوایی حاجی عەلی و کۆ چی مەلا ئەفەندی و کۆچی مەحموود ئاغاو مردنی شێخ حسام الدین، بۆ فەیسەڵی کوڕی ئەحمەد ئەفەندی وشینی عەبدولواحید نووری و...هتد)

بەبۆنەی کۆ چی دوای مەحموود ئاغای شێوەکەلی لە ساڵی(١٩٤٣ز) ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە، کە لەگەڵ دەربڕینی هەست وسۆزی، ستایشی ناوبراو دەکات و لەدێڕەکانی کۆتایدا دەڵێ:

**بە وەفـاو نامـــووس، پیـاوی قـــدیم بوو**

**بۆ وەزیرانـــی پێشـــوو نـــــەدیم بـــوو**

**داخەکەم ئێمـــە قـــــەدرمان نـــەزانـی**

**هەتـاکـــــو ئـــــەجـــەل فرسەتی هانـی...** پیرەمێردی نەمر، ل٣٢٦.

هەروەها بۆ کۆچی دوایی (عبدالواحد نووری) نووسەرو ڕۆشنبیری ناوداری کورد لە ساڵی(١٩٤٤ز) بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە دەهۆنێتەوەو شینی بۆ دەگێڕێ و ستایشی کارو بەرهەمەکانی دەکات:

لە کۆتایدا دەڵێ:

**توخــــــوا کــــــوڕینە! لاوینە! بۆ لاوی نیشتمان**

**وەك (پیرەمێرد) چـــــلەی بکەنە ماتەم و فیغان**

**قــــەدری گوزەشتە، ڕەغبەتی ئاینــــدە بە تین**

**نامــــرن ئـەمانە وان لە دڵی میللەتـــا ئەژین** دیوانی پیرەمێرد، ل٢٣٧.

گۆران ئەو شاعیرە هە ست نا سکەی سەرنجی هەبووە لە سەر نوو سینی جۆرە شیعرێك، کە لە هە ست و سۆزێکی ڕا ستگۆیانەوە سەر چاوەی نەگرتبێ و جۆش و خرۆ شی دەروون پاڵنەر نەبوو بێ بۆ نوو سین و هۆنینەوەی، ئەو شیعرانەی بۆ مەبە ستێك و لە سەر خوا ستی دەرەوەی وی ستی شاعیرەوە نوو سراون ناوی ناون( شیعر کردن)، بەڵام هەمی شە لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە هە ستێکی ڕا ستگۆیانەو هەڵچوونێکی دەروونی کە لە ناخەوە بیرو خامەی شاعیر بجوڵێنێ و پاڵنەربێ بۆ لە دایکبوونی دەقێکی شیعری، هیچ نەنگی و کەمووکورتی نییە، کە شیعر بۆ بۆنەیەك بنوو سرێ و لە ئا ستی هونەری شیعرەکە ناهێنێتەخوارەوە، وەك دەبینین خودی گۆران بۆ چەندین بۆنە شیعری هۆنیوەتەوە، کە هەندێك لەوانە شیوەن و لاواندنەوەیە بۆ مەرگی جگەرگۆ شەو دۆ ست و هاوڕێ و کە سانی ناوداری میللەتەکەی( شیوەن بۆ گوڵاڵەی جگەر گۆ شەی، لە سەرەمەرگی هیوای کوڕیدا، شیوەن بۆ قالەی ئای شەخان، گوڵی کەمخایەن بۆ جوانێکی سیل کو شتوو، بۆ هاوڕێم بێکەس هەروەها بۆ یادی مەرگی

شاعیرانی هاوڕێی(پیرەمێرد و بێکەس) هەروەها لاواندنەوەیەك بۆ کە سایەتی ناوداری کورد (مەحموود جەودەت)و شیوەن بۆ نامیق کەمال) کە لێرەدا چەند نموونەیەك لەو شیعرانە دەنووسین:

لە شیوەنی گوڵاڵەدا کە لە (ساڵی ١٩٢٩ز لە دایك بووە و ١٩٣١ز مردووە) بەداخ و خەمێکی قوڵەوە، لە هەستێکی باوکانەو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە دەربڕینێکی بەرزی هونەری و وێنەی هونەری جوان و زمانێکی شیعری بەرزەوە دەنووسێت:

**کـــــچم مـــــایەی ژیـــــانم یـــــادگاری     شـــــەبابم، نـــۆبەرەی شیریـنی داری**

**غەرامـــی کەمـــدەوامی عـــومری لاویـــم     دڵـۆپی خوێنی گـــــەرمی ئاگـــراویم**

**جـــگەر گـــــۆشەی عەزیزم نووری چاوم     ســــەری تاڵی دەزووی ئامـالی خاوم**

**چ زوو مردی؟ کچم هەیهات، کچی خۆم     چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم....**

دیوانی گۆران، ل٩٩.

(گۆران) بە بۆنەی لە سێدارەدانی (مەحموود جەودەت)وە لە ستایشی ئەو قارەمانەدا دەڵێ:

**ئەو مەحموود جەودەتەی کە قیبلەی هیوا بـوو     ئەو مەحموود جـــــەودەتەی قـــــەڵابوو، پەنـا بوو**

**ئەو مەحموود جەودەتەی کە ڕۆژی تەنـ ـ ـگانـ ـە     تـ ـۆڵەی بۆ ئەسـ ـەندین لە ئـ ـ ـ ـ ـ ـ ـۆردووی بێگــــــانــە**

**ئەو مەحموود جەودەتەی سروشتی خاکی بوو     سەراپای کردەوەی پاکـ ـ ـ ـ ـ ـی بوو، چاکـ ـ ـ ـ ـ ـی بــوو...**

دیوانی گۆران، ل٩٦

بۆ مردنی قالەی ئایشەخان و بەو بۆنەیەوە بەم لاواندنەوە هەستی دەروونی دەردەبڕێت:

**عاسمان سا بگـــری بـــە بێ هیوایی     فرمێسك بڕێژە، تـك تـك ئەسپـــایی!**

**فرمێسکی تك تك لێکدانەوەی مەنگ     نیشانەی جۆشە بۆ دڵــی زۆر تەنـــگ**

**قالە مرد، قالەی ئایشەخان و کـــورد     قالە نا، دایکی قالە مرد، کورد مرد**

**قالەی خوشکان و قالەی خـــزمانـــی     ڕوونـاکی چاوی گشت سلێمانـــی....** دیوانی گۆران، ل١٦٧.

هیوای کوری(لە ساڵی١٩٣٢ لە دایکبووەو لە ١٩٣٣ مردووە) دووەم منداڵی بووە، لە سەرەمەرگیدا و بەو بۆنەیەوە شیوەنێکی بە کوڵی بۆ دەکات وەك لە بەشەکانی کۆتایی ئەم شیعرەدا دیارە:

**ســــا بـۆم بـــڕوانە تێر بەو چاوانە!     ڕۆڵـــــە مـــــردنەو فـــرمێسکبارانـە!**

**هیوا ڕۆڵـە ڕۆ، کـــۆرپەم ڕۆڵـــە ڕۆ!     ئەو کولمە ئـــــاڵە نەرمــــو نۆڵە ڕۆ**

**ئەو قـژە زەردە، ئـــــەو چاوانە ڕۆ!     ئەو نەغمەی(دایە)و(بابە) جوانە ڕۆ!**

**تا دەمـ ـمان لە گۆ ئەکەوێ وەك تۆ     هیـ ـ ـوای دایە ڕۆ! هیـ ـ ـ ـوای بابە ڕۆ!** دیوانی گۆران، ل٩٧.

(بێخود)، بە بۆنەی مردنەوە بۆ مێژووی مردن(١٥)تاك شیعرو چوارینی نووسیوە، بۆ شیوەن و لاواندنەوەی کەس و دۆست و هاوەڵانی(١٠) پارچە شیعری بەو بۆنەیەوە نووسیوە، بەناوبانگترینیان ئەو

دەقە شیعرییەیە کە بە ناوی(لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە) بەبۆنەی مردنی برازاکەیەوە، کە لە ڕووباری دیجلە خنکاوە. ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

**بۆچی نەڕژێ سـەیلی سروشکم وەکـــــوو باران**

**بۆچی وەکو یەعقووب نەبمە شوهـــــرەیی شاران**

**لــــەو یــوسفە پـــــرسیومە لــە بێگانەو یـاران**

**هەرگیز نی یە سۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من....** دیوانی بێخود، ل٦٧.

(بێخود) یەکێکی تر لە لاواندنەوەکانی ئەو شیعرە بەرزەیە کە بە بۆنەی مەرگی (بدیعەی کچی شێخ عوسمانی بیارەوە لە ساڵی ١٩٤٥ز) دا نووسیویەتی، وەك دەڵێ:

**لە نـاو فرنی دەروونا وەك سەموون بۆچــــی نــەبـرژێ دڵ**

**لە کوورەی سینــەدا تاکەی نەبێ جــەرگیش بـــــە بوریـانی**

**کەوا مەخدوومـەێکی نــــەونیهالی کـاکــــە شێخ عـوسمان**

**لە باخی عومری خۆی نەی خواردبـوو هێشتا بەری جوانی....** دیوانی بێخود، ل١١٨.

## ٢- هەندێك بۆنەو ڕووداوی تری کۆمەڵایەتی و کەسی:

گۆران پێش ئەوەی بۆ مەرگی هیوا فرمێ سك بڕێژێ و لە سەرە مەرگیدا لاواندنەوەی بۆ بهۆنێتەوە، هێندە ئومێدی بە هاتنە دنیای ئەم کۆرپە تازەیەی هەبووە، بە گریانی شەوانی ناڕەحەت و دڵتەنگ بووە، بە کۆڵێ هیواوە بۆ (هیوای کورم) دەنوو سێت و بۆ ژیانی ئەم کۆرپەیەی و لە پێناوی تەندروستی و سەلامەتیدا، داوای لێدەکات هێندە نەگری، بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە نووسیوە:

**هیوا مەگری، هەنسکی نیوەشـەو بەس هەڵدە، بەس بگری!**

**لە چاوی بێ قەرارم بۆچـــــــی دەرمانــــــی وەنەوز ئەبڕی؟**

**کوڕی خۆم! کۆرپەی خۆم! میوانــــــی دنیای تازە خولقاوم!**

**ئـەدا گریەت بە زەربەی چــــز، لە ڕۆحــــــی پڕ گــــــلاراوم!**

**چیيە ئـەم گریە بێغایە، کرووزەی نیوە شــــــەو خـــورپێن؟**

**چیيە ئـەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەئال ئـــــەڕژێن؟**

لە بەشێکی تردا داوای لێدەکات لە مەینەتییەکانی ژیان نەترسێ و ئومێدی دەداتێ و دەڵێ:

**کـوڕم هەروەك لە ئوعجووبەی ژیانا بەختی بەد ئـــــــەگری،**

**شتێکیش- بـەختیاری- پێکەنین گرتوویـــــە چـــــواردەوری**

**بە خــــــۆڕایی مـەترسە، خەم مەخۆ، مــــــەگری لە ئێستاوە!**

**بە چی مەعلوومـە کـە چی لەو تەختی ناوچەوانە نووسراوە؟** دیوانی گۆران، ل١٦٠.

هەندێ لە شاعیران بەبۆنەی لە دایکبوونی کە سانی نزیك و دۆ ستانیان شیعریان نوو سیوەو هەستی خۆشحاڵی و شادی خۆیان نیشان داوە، پیرەمێرد بە بۆنەی لەدایکبوونی پەروینی کچەزایەوە ئەم شیعرەی لە ٢٠/نیسانی/١٩٢٨ز بە زمانی فایەق هۆشیاری برایەوە هۆنیوەتەوە:

**خوشکە گیان پــــەروین، ئــــــەستێرەی ئاســــمانی**

**کە چاو هەڵدێنی و هەڵدێ ی ئەوەندەی فینۆس جوانی**

**لە پــــەلکی (ئایشی و فـاتمە) دیلانیت بۆ هەڵ ئەخەم**

**بـــــە پـــــــەیژەی عیســـادا لە ئاسمانت سەر ئەخەم**

**فریشتەکـــان دێنە لات کــــە وەختێ خـۆت نیشاندا**

**رایان کێشــــــە خــــــواریێ بە رێگــەی کا کێشاندا**

**دەبا لە ناو کوردانداا (بەلـــــکیس) ێکیش پــەیدا بێ**

**بەشکو تەختی سلیمـــــــان بـــە هۆی تۆوە ئـــاوابێ** پیرەمێردی نەمر، ل٣١٦.

بێخودیش چەند دەقێکی شیعری بە بۆنەی لە دایکبوونی خزم ودۆست و ناسیاوانەوە، نووسیوە، هەروەها چەند چوارینەیەکی بۆ دیاریکردنی مێژووی لە دایکبوون نووسیوە.

ئەمەی خوارەوە پار چە شیعرێکە بەبۆنەی لە دایکبوونی(محەمەد جمال الدینی کوری مەلا محمەد دێلێژەیی)یەوە لە ساڵی ١٩٤٤ز نووسیەتی:

**ئیلاهی ئەم گوڵی نەورستە هەر دایـم بــەهاری کــەی**

**لە باخی پڕ لە میوەی** طلو**ولی عومرا کـــامگاری کەی**

**پەری تەقواو عیفرێتی هەواو نــەفسـی موســەخخەر بن**

**لەسەر تەختی سولـــەیمانی بڵـندو پایــەداری کــەی**

**لە ئەوجی مەیمەنەتـــدا وەك هـــومایوونی موبارەك بێ**

**لە بورجی مەعریفەتـــدا هەروەکوو ڕۆژ ئەشکاری کەی....** دیوانی بێخود، ل١٢٩.

شێخ نووری شێخ ساڵح بە بۆنەی دەستکورتی و کەمی مو چەی مو چەخۆران لە ساڵی ١٩٤٢ز کە پارە (دینار) قیمەتی کەم دەبێتەوە، ئەم شیعرە بەناوی(دیناری مووەزەفین) دەهۆنێتەوە:

**هەر خارو خەمی شوومی یە، گـــــوڵزاری مـــــووزەف**

**کاوول بووە، جێی کـــــوندە بـــووە شـــاری مووزەف**

لە باسی بەدبەختی موەزەف بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

**ناکا بەشی قـــاوەڵتی یـــی ڕۆژێـــکی من ئـەمساڵ**

**سەد خۆزگە بە دینـارێکـــــی پێـــراری مـــــــووزەف**

**هێندە عاجزی قەرزارییە، هــــەر گـــەیە سەری مانگ**

**کافر بێ بە جەستەی دڵـــی غەمبــــاری مــــووزەف**

لە کۆتایدا دەڵێ:

**یارەب ئەوەی دوژمنە بــەم میللـــەت و خـــــاکە**

**بێ حوورمەتی کەی هـ ـ ـەروەک ـو دیێ ـ ـ ـاری مووزەف** دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل٤٠٤.

یەکێك لەو ڕووداوە دزێوو نا شیرینانەی ناو کۆمەڵگا، دزی کردنە. لە ساڵی ١٩٢٤ز لە کاتێکدا شاری سلێمانی بۆمباران کراوە و هەموو خەڵکی ئەشڵەژێن، لەو کاتەدا پیاوێکی بەحساب سۆڤ و دیارو نا سراو فەردەیەك کوتاڵ لە دوکانێکدا دەدزێ و خەڵکی پێ ی دەزانن و لێی دەکەنە هەراو هوریاو پۆلیـ سیش دە چنە ماڵەکەی و کوتاڵەکە دێننەوە، زێوەر بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی بە ناوی (پەند و ئامۆژگاری) هۆنیوەتەوە:

**خۆت سـووك بە غـــــائیلەی سەد مەرامـــــەوە**

**تـــــامــــــاوی ڕابوێرە بە نامووس و نـامــەوە**

**خۆت ڕۆستەمی زەمانە بە خۆت حاتەمی جیهان**

**فەخرت نـــــــەبێ بەباب و بەخاڵ و بەمامەوە**

تا لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ:

**بازار ئەنێیتە کـــــۆڵ و لە مەسجید ئەکەی دوعا**

**دین زۆر موقـــــەدەسە، بـــــەوە نابێتە دامــەوە**

**گاهێ لـــە ڕۆشنایی و گاهێ لـــــــە تیرەگی**

**گـــەردوون میسالی تۆیە بە سوبح و بەشامەوە...** دیوانی زێوەر، ل٤٨.

هەر لەو سەردەمەداو بە بۆنەی زۆر بوونی دیاردەی بەرتیل خۆری لە لایەن هەندێ لە مو چەخۆرانی رژێمی سەردەمی پا شایەتی لەعێراق، (زێوەر) ئەم پار چە شیعرە لەژێر ناوی (کاربەدەستانی ئیستیبداد)دەنووسێ:

**وەك تیر لە کەوان دەرئەپەڕن تاقمی مەئموور**

**بۆ قاوەو بۆ چای بەرەو خوارو بـــــەرەو ژوور**

**بۆ لاقە مریشکێ ئەچنە کـــــانیی ئەزمــــەڕ**

**بۆ قوبڵی ئەڕۆن لێرە هەتا چـــەشمەی ئاموور**

**(بازیق سزە ئەی قوجە حـــــــکومت أمناسی**

**کیم یەسڵەیە جگەر سزی کیمدر سزە مشکور)** دیوانی زێوەر، ل٥٥.

لە ساڵی (١٩٢٨ز)دا ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتە سەریفی ئەو سەردەمەی سلێمانی بووە و سەیرانێکی ڕێکخستووە و لەو سەیرانەدا پێشبڕکێیەکی (کەر سواری )کراوە، بێکەسی شاعیر یەکێك بووە لە بەشداربووانی ئەو پێشبڕکێیەو بەو بۆنەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

**خـــــۆتان لابـــدەن بـــۆ ئـــەسپی تازی**

**بانـــــــەختێ بۆتـــــان بکـــەم ڕمبازی**

**بژی کەرەکولێ چـــەند نـــەشئە بەخشی**

**بەهەیبەت کەری، بە هیممـــەت ڕەخشی**

**قوربـــــانە، ســـــادەی بێرە چـــوار ناڵە**

**هەرچی جۆیـــــەکت خواردبێ حـــەڵاڵە....** دیوانی بێکەس، ل١٧١.

( سەلام) دەڵێ: کاتێ نەخۆ شی جگەرم گرت، لە نەخۆ شخانەی (مەجیدییە) لە بەغداد عەمەلیاتی جگەر کرام لە ناو پزیـ شکەکاندا کـ چێکی جوان کە ناوی (مارگرید)بوو تەنها ئەرکی بێ هۆ شکردنی پێ سپێرابوو، لەو کاتەی لەبەردەممدا ڕاوە ستابوو ئەوەندەی دڵم پەرێ شانی چاوەکاڵەکانی ئەو بوو، هێندە پەرێشانی حاڵی خۆم و عەمەلیاتەکەم نەبووم.

هەر لەو کاتەدا لە بەغداد لە مارتی (١٩٣٦ز) ، بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی بە ناوی(عە شق و سەرەمەرگ) نووسیوە:

**دڵـــــــی بردم، وەکـــو ئـاسك، بەلەنجە هات و تێپەڕبوو**

**دەخیلە پێم بڵێن کێ بوو؟ لە کوێوە هات؟ بۆ کوێ چوو؟**

**نییە حاجەت بە بەنجم وا بە بۆنی زوڵفەکەی (مارگرید)**

**شعورم لا نەما، عەقڵم فڕی، هـــۆش و دڵـــم لێ چوو**

**لە گەڵ برژانگی چاوی هەڵبڕی، بـــــــاڵێکی چاوی دا**

**ئیتر هەر دڵ بوو هەڵقرچا جگەر کون بوو گڕم تێ چوو...** دیوانی سەلام، ل٨٨.

بەبۆنەی دامەزراندنی شاعیرو ناودار(ڕە شید سدقی) بە قائمقامی هەڵەبجە لە ساڵی(١٩٤٤ز) موفتی پێنجوینی ئەم شیعرەی نووسیوە:

**شاری هـەڵەبجە ئەمڕۆ خۆشحـــــاڵ و بەختیـــارە**

**فەقیرو دەوڵـەمەندی بێ دەردو بـێ جـــەخـارە**

**قائیمقامی تـازەیە یـەعنی ڕەشید ئەفـــەنـــدی**

**ویژدان و ڕەحم و لوتفی پڕ شەوق و شوعلە دارە ...** دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١٦١.

لە ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە(٤٧٥)ی ڕۆژی (١٩٣٦/٤/١٨)دا بۆ ژنهێنانی مامۆ ستا (ئەحمەد شوکری) ئەم ئیعلانە بڵاوکراوەتەوە((أحمد شوکری أفندی، رفیقی مطبعەمان، کوڕێکە نەوجەوان و خوێندەوار، خەریکین ژنی بۆ بهێنین، دایك و خو شك و کە سوکاری نییە تا شەڕی بووك و خە سووی لێ پەیدابێ، عارەق ناخواتەوە، قومار ناکا، جگەرە ناکێشێ، خۆش سوحبەتە،(هەراج) کێ شووی پێ ئەکا؟ یا کێ کچی هەیە بۆمان بنوو سێ))[٥٢٨]. پاش ئەوە ژن دێنێ، پیرەمێرد ئەم دێڕە شیعرانەی بە بۆنەی ژنهێنانی (ئەحمەد شوکری)ەوە هۆنیوەتەوە:

**پیرۆز بێ لێمان، پـــەنا بـە یـــــەزدان**

**زانستی، سەیران، ژیـــــان، ژن هێنان**

[٥٢٨] - فائق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی....ل٤١٣.

**دەهۆڵ و زوڕنای ســــەیران لــێ درا**
**بۆ (ئەحــمەد شوكری) ئیعلانـــێ كرا**
**خوا زوو ڕێكــی خست، ژنێكــــی هێنا**
**بوو بە (ئەحمــەد خان)تەواو دا سوكنا**
**ئیعلانی ژیان بــەخـــــت ئــەكاتــەوە**
**شـــایی ئەخـــــاتە نـــــــاو وڵاتــەوە** دیوانی پیرەمێرد، ل٤١٣.

ئەڵبەتە گەلێكی تر شیعر هەن كە شاعیران بۆ بۆنەیەكی كەسی یان كۆمەڵایەتی نووسیویانن، بەڵام هەندێكیان ناكەونە سنوری لێكۆڵینەوەكەمان، بۆیە بۆ بۆنەی كۆمەڵایەتی و كەسی ئەو هێندە نموونانەی كە نووسران بە پێویست دەزانین و هەر لەم تەوەرەیەدا دێینە سەر باسی ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەیەكی زانستی یا ڕۆشنبیری نووسراون و هاوپەیوەندییەكیان لەگەڵ بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە.

**دووەم/ بۆنە ڕۆشنبیرییەكان:**

هەموو ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، كە بۆ بۆنەیەكی ڕۆشنبیری و زانستی یان ئەو شیعرانەی لە ئاهەنگگێڕانێك بە بۆنەی دامەزراندنی یانە و دەزگایەكی ڕۆشنبیری لە لایەن شاعیرانەوە نووسراون:

## ١- كۆمەڵەی زانستی و شیعری شاعیران:

ئەم كۆمەڵەیە ((لە نیسانی ساڵی ١٩٢٦ز دا لە سلێمانی دامەزراوە، كۆمەڵەیەكی ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی بووە، دەستەی دامەزرێنەری...لە بینای شارەوانی كۆبوونەوەو دەستەی بەڕێوەبەری كۆمەڵەی زانستییان هەڵبژارد، كە ئەمانەبوون: (١) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ(متصرف)ی سلێمانی سەرۆك. (٢) جەمال بابان، حاكمی(منفرد) جێگری سەرۆك. (٣) پیرەمێرد، باوەڕپێكراو و نهێنیار. (٤) فایەق بەگی مارف بەگ (محاسب). (٥) شێخ مستەفا قەرەداغی قازی سلێمانی ئەندام))[٥٢٩]، ئامانجی سەرەكی ئەم كۆمەڵەیە نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە، پاش ئەوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن تەواو دەبێت لە هەموو لایەكەوە ڕۆشنبیرانی شارەكە ئامادەیی خۆیان نیشان ئەدەن بۆ پشتگیریكردنی ئەم كۆمەڵەیەو وتنەوەی وانە لەو قوتابخانە زانستییەدا كە لەلایەن كۆمەڵەی زانستییەوە بەڕێوە دەبرا، شاعیرانیش بە بۆنەی دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیەو كردنەوەی قوتابخانە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوەو بە شیعرەكانیان لەگرنگی و بایەخی كۆمەڵەی زانستی دوواون، لەوانە:

(حەمدی) بە بۆنەی دامەزراندنی كۆمەڵەی زانستییەوە لە نیسانی (١٩٢٦ز) دەقێكی شیعری جوان و بەرزی نووسیوە بە ناونیشانی (بۆ كۆمەڵەی زانستی كوردان ) باس لە گرنگی و پێویستی ئەو كۆمەڵەیە دەكات و هەوڵی دامەزرێنەرانی بەرزدەنرخێنێ وەك دەڵێ:

**زەمان ئەمرۆ خولی دا چەرخی خستە دائیرەی میحوەر**
**زەمان ئەمرۆ هـــــومایی دەوڵـــەتی هەڵداوە بۆ سێبەر**

---

[٥٢٩]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(د)، ڕووداوەكانی كوردستان لە ئاوێنەی...ل٨٨.

**زەمان ئەمڕۆ نەجاتی دا لـە دەستی گورگی** ظالم **مەڕ**

**زەمان ئەمڕۆ جوابی دا بە حـەشری مەسئەلەی مونکەر**

لە بەشێکی تردا دەڵێ:

**لە شاران بۆچی کەمتر بێ، سـولەیمانی، سـولەیمانی**

**کە بەڵقیسی نەبوو نەیخا لە عەکسی بەرقی شێری نەڕ**

**موسەبیب حـــازرە ئـــامادەیە، ئـــەسبابی عولەییەت**

**تەشەبوث گـــەر ببێ ئـاسن دەگاتە خاصەیی شەهپەڕ.....** دیوانی حەمدی، ل٩١و٩٤.

پیرەمێرد زۆر دڵی بە کۆمەڵەی زانستی و قوتابخانەو قوتابیانی زانستی خۆ شبووە، بە بۆنەی ئاهەنگ و کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی زانستییەوە لە (نیسانی١٩٢٦ز) دا ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

**هەر بێشـــــەیـــەکی پـــڕ لە هەژیرو شـــێر**

**بۆ ڕۆژی ئیحتیاجی وەتـــەن جانفیداو دلـێر**

**مژدەی بەهاری پێیە شکۆفەی نیهالی گـوڵ**

**وەك ئایەتی(ژیانەوە) ئـــومێد ئەدا بـەدڵ**

**ئەمشەو گوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکـوێ**

**میللەت ئومێدەوارە بـــە زانستی پێشکەوێ....** پیرەمێردی نەمر، ل٤٥.

هەر بەو بۆنەیەوە (بێکەس)یش بەم چوارینەیە ستایشی قوتابخانەی زانستی دەکات:

**مەقسەدی زانستی تـەنها نەشری عیلم و خوێندنە**

**بۆ تەرەقی قەومی کوردان وا لە خزمەت کردنە**

**جێیـــەکی پیرۆزە، بـەرزە لابەری فیتنەو شەڕە**

**واسیتەی بەرزی وڵات و دوو دڵـــــی لابردنە** دیوانی بێکەس، ل١٧٩.

شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێك بووە لەوانەی حەزی کردووە بەشداری نەهێشتنی نەخوێندەواری بکا و لەو قوتابخانەیەدا وانەی وتووەتەوە ، بەو بۆنەیەشەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

**ئێمـــە کــــە شـــافەی کوردین هـــەموو**

**خادیمی ملـك و وەتـــــەنین ڕوو بـــەڕوو**

**بۆ هـەموو جـــــەمعیەتی زانستی کـــــورد**

**حازری جـــەهدین بە دڵ و دەست و برد**

**چونکە مـــەداری شــــــەرەفی میلـلەتن**

**خـادیمی عیلـــم و ئـــەدەبی ئـوممەتن...** دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل٣٥.

له (٧ی كانوونی دووه‌می ١٩٢٧ز) له‌ ئاهه‌نگی كۆمه‌ڵه‌ی زانستی دا كه‌ له‌ باخچه‌ی كۆمه‌ڵه‌ سازكرابوو، به‌و بۆنه‌یه‌وه‌ هه‌ریه‌كه‌ له‌ پیره‌مێرد و حه‌مدی و شێخ نووری شیعریان خوێندۆته‌وه‌، ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ به‌شێكه‌ له‌ شیعره‌كه‌ی(بۆ ئاهه‌نگی كۆمه‌ڵه‌ی زانستی كوردان)ی شێخ نووری:

**ئه‌م ئیجتماعه‌ بۆ مه‌هی عیزه‌ت به‌راعه‌ته‌**

**بۆ قه‌ومی كورد، نیشانه‌ی سوبحی سه‌عاده‌ته‌**

**بوغز و غه‌ره‌ز، نیفاق و حه‌سه‌د، كینه‌و و شقاق**

**بوونی فه‌لاكه‌تێكه‌، نه‌بوونی سه‌لامه‌ته‌...** دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل٣٩٢.

هه‌ر به‌ بۆنه‌ی ئاهه‌نگی قوتابخانه‌ی زانستییه‌وه‌ (سه‌فوه‌ت) له‌ ساڵی(١٩٢٨ز) ئه‌م شیعره‌ی وتووه‌:

**له‌ كوردا ئه‌مڕۆ حه‌قیه‌ زانستی**

**ئه‌گه‌ر لێ بدا گه‌زافی هه‌ستی**

**به‌ نووری عیلم، به‌ جه‌هدی ته‌واو**

**ڕووناكی عیلم باش ئه‌كا بڵاو....** دیوانی سه‌فوه‌ت، ل١٠٣.

## ٢- یانه‌ی سه‌ركه‌وتن و شیعری شاعیران:

مه‌عروف جیاوك له‌(٩ی شوباتی ١٩٣٠) بۆ دامه‌زراندنی یانه‌یه‌كی زانستی و ڕۆشنبیری داوایه‌كیان دایه‌ وه‌زاره‌تی ناوخۆی حكومه‌تی عێراقی تا ڕه‌زامه‌ندی به‌ده‌ستبێنن بۆ كردنه‌وه‌ی ئه‌و یانه‌یه‌، ((ئه‌وانه‌ی هاوكاری جیاوك بوون به‌ شه‌وق و زه‌وقه‌وه‌ پشتیوانی دامه‌زراندنی ئه‌و یانه‌یان ده‌كرد(ئه‌حمه‌د موختار به‌گی زه‌هاوی و محه‌مه‌د عه‌لی به‌گ و عارف به‌گی پشده‌ری) بوون، به‌رده‌وام بوون له‌ هه‌وڵه‌كانیان تا به‌ نووسراوی ژماره‌ (٦٤٩٥) له‌ (١٩ی مایسی ١٩٣٠ز) ڕه‌زامه‌ندی كردنه‌وه‌ی یانه‌ی سه‌ركه‌وتن درایه‌ مه‌عرووف جیاوك، دواتر له‌ (١٩٣٠/٥/٣٠ز) له‌ ئاهه‌نگێكی شایسته‌دا (یانه‌ی سه‌ركه‌وتن)ی له‌ شاری به‌غداد كرده‌وه‌، گرنگترین ئامانجه‌كانی ئه‌م یانه‌یه‌ بڵاوكردنه‌وه‌ی زانست و زانیاری بوو، هه‌روه‌ها هاوكاری قوتابیانی كورد ده‌كرا كه‌ له‌ ژێر چاودێری ئه‌م یانه‌یه‌دا له‌ به‌غداد خوێندن ته‌واوبكه‌ن، ئامانجێكی تری ئه‌م یانه‌یه‌ دانانی چه‌ند لیژنه‌یه‌كی پسپۆڕ بوو بۆ دانانی كتێب و وه‌رگێڕان و هه‌روه‌ها بۆ نوو سینه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگ و ده‌ستوری زمانی كوردی))[٥٣٠] ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه‌ بریتی بوون له‌ نۆ كه‌س له‌ وانه‌: (ئه‌مین زه‌كی و ئه‌حمه‌د ئاغای كه‌ركوكی و مه‌حموود جه‌وده‌ت) له‌ناو ئه‌و ده‌سته‌یه‌دا بوون. شاعیران و ڕوناكبیران و ڕۆشنبیرانی كورد زۆر به‌گه‌رمی پێشوازیان له‌ كردنه‌وه‌ی ئه‌و یانه‌یه‌ كرد. چه‌ند شاعیرێك به‌ خامه‌ی ڕه‌نگینیان وه‌ك نیشاندانی هاوسۆزی خۆیان، به‌و بۆنه‌یه‌وه‌ شیعریان هۆنیوه‌ته‌وه‌.

شێخ نووری به‌ بۆنه‌ی دامه‌زراندنی ئه‌و یانه‌یه‌وه‌ شیعری(بۆ یانه‌ی سه‌ركه‌وتن)ی نووسی:

**من هه‌ر موته‌حه‌ییر، ئه‌مه‌ یاڕه‌ب چ ئه‌سه‌ر بێ بۆچی و چ خه‌به‌ر بێ؟**

---

[٥٣٠] - ده‌ڕوانرێته‌: ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووری،...ل١١٣ و١١٤.

**ئەم  کەیفە چی یە پڕ لە نەباتات و لە ئینســـان     بۆچی هــەموو شادان؟**

**تاکە سەنەمێ، لەب شەکەرێ، غونچە دەمـــانێ     شـــــمشادی میـیــانــێ**

**شیرین مەخەنی تازە تەڕ، مـــادەری کـــــوردان      وەك یوسفی کەنعـان**

**گورج هاتە تەکەللوم وتی: ئەم عەیش و سروورە      ئــەم شایی و ســوورە**

**بۆ (یانەی سەرکەوتن)ە ئەم عـــالەمە شـــادان      هاتوونـــەتە جــەولان**          شێخ نووری، ل١١٦.

(ئەحمەد موختار جاف)یش بەو بۆنەیەوە ئەم پار چە  شیعرە دەنوو سێت کە یانەی  سەرکەوتن بە بنچینەی زانست و داهێنان و پشت و پەنای بێ کەسان ناودەبات:

**بــــــاعیسی هێزی دڵ و پــشت و پــــــەنـای بێکەسان**

**یانەیی سەرکەوتنی قەومــی نــــەجـیبی کـــــــوردان**

**واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قـــەومی دڵ سووتاوی کورد**

**ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بـــن بە جارێ ڕۆح و گیان**

**پێ و قودوومت خێر بێ یارەبـــی بڵند بێ پـــایەکەت**

**شاد و مـــەمنوونن بە تەشریف  هـــاتنی تۆ پیرو جوان...**             دیوانی ئەحمەد موختار، ل٩٧.

(بێخود)یش وەك  هاوڕێکانی تری  بەبۆ نەی دا مەزرا ندنی  ئەم  یا نە یەوە   شیعری( یا نەی سەرکەوتن)ی نوو سیوە، لەگەڵ ستایشێکی بەرزی دامەزرێنەرانی ئەم یانەیە دێتە سەر با سی نا ساندنی ئامانج و کارەکانی یانەی سەرکەوتن بەم جۆرە:

**یـــانەی سەرکـــــەوتن کـــــە نادی ناوە**

**لــــــە شـــاری بەغـــــــدا بینا کـــــراوە**

**بانی ی ئــەم یانەش(مەعرووف جیاوك)ە**

**کە بـۆ قـــــــەومی کـورد ئــەلحەق باوکە**

بەردەوام دەبێت و دێتە سەر باسکردنی ئامانجی یانەکەو دەڵێ:

**غـایەی نــــــادیمـان بۆ ئەم کـــــوردانـــە**

**بـــڵاو کـــــــــردنەوەی عیلـــم و عیرفـانە**

**وەك ئــەخلاق، ئەدەب، تەئریخ، جوغرافی**

**لەگـــــــەڵ یـەکیەتی بە دڵێکی صــافــی**

**وەکـــــــو بـــــە کـوردی دانـانی لوغات**

**وەك تەشجیع کردن لـــەسەر مـەصنوعات**

**بۆ کتێب دانـــــــان لەگـــــەڵ تـەرجەمـە**

**هەرچەند تێکۆشین هێشتا هەر کەمـــــە......**                    دیوانی بێخود، ل١٣٤.

(بێکەس) یانەی    سەرکەوتن بە ڕێگای گرنگی ڕووناك کردنەوەی ژیانی میللەتی کوردو بە جێگای فەخرو شانازی کوردان لە قەڵەم دەدات، بە بۆنەی دامەزراندنیەوە ئەم شیعرە دەهۆنێتەوە:

**یاخوا هەر بژی یـانەی سەرکـەوتـن**

**رەهبەری عیلم و ڕێگەی پێشکــەوتن**

**تۆ مایەی فەخری قــەومی کوردانی**

**باعیسی ڕوتبــەو نـــاو و نیشـــانی**

**دافیعی جەهــل و زوڵم و وەحــشەتی**

**ئەلــەکتریــکی شـــــەوی زوڵمەتی....** دیوانی بێکەس، ل١٢٢.

## ٣- ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و شیعری شاعیران:

سەرباری ئەوەی شاعیران بەردەوام داینەمۆو بزوێنەری سەرەکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بوون، هەندێکیان وەك سەرنووسەرو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن کاریان کردووە، هەروەها یەکەم وێ ستگەی بڵاوکردنەوەی شیعرو بابەتەکانیان ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووەو توانیویانە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بکەنە سەکۆیەکی گرنگ بۆ دەربڕینی هە ست و سۆزو هەڵ چوونەکانیان لە ڕووداوو بۆنەو یادو کارە ساتەکاندا شیعرەکانیان بخەنە بەر دیدی خوێنەران، لەگەڵ ئەوە شدا ئەوەندە دڵخۆش بوون بە سەرهەڵدان و دامەزراندنی ڕۆژنامەو گۆڤاری نوێ، زۆرجار بە بۆنەی دەر چوونی ڕۆژنامەو گۆڤارێك یان بۆ ساڵیادی دەرچوونیان یا دامەزراندنی چاپخانەیەك شیعریان نووسیوە:

شێخ نووری شاعیرو ڕۆ شنبیرو ڕۆژنامەنووس ((لە سەردەمی دە سەڵاتداری شێخ مەحموود دا سەرنوو سەری ڕۆژنامەی(ڕۆژی کورد ستان)بووە و لە ڕۆژنامەی (بانگی کورد ستان)دا ئی شی کردووە. زۆرباش هە ستی بەگرنگی چاپخانە کردووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕو ئامانجی میللەتەکەی، بە بۆنەی دامەزراندنی چاپخانەوە لەژمارە(٣)ی ساڵی١٩٢٢ی ڕۆژنامەی(بانگی کورد ستان)دا وتارێکی بەناوی(ماکینەی چاپ) بڵاوکردۆتەوە، هەر بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی بە ناوی(لەتەوصیف چاپخانە)وە))[٥٣١] نووسیوە:

**ئەم موژدە خۆشە، خەو بووە یا گــوێم زڕایەوە**

**یـــا ڕاستـــە پـــەردەیی** طـەرەبە، **هەڵـدرایەوە**

**یا نـــەجمی تەرەقی کوردە** طلَـوعی **کـــرد**

**یـــــا نــووری مــەعریفەت، لــە وڵاتـــا پژایەوە**

**ناگـــاه، نـیدا لــە غەیبەوە هــاتوو وتی: بەڵێ**

**پێشکــــــەوتـنە لــە مەملەکــەتـا دەنگی دایەوە**

لە چەند دێڕی کۆتایدا دەڵێ:

**وا تێ مەگەن، کـــە مە**طبـە**عە بێ قەدرو قیمەتە**

**کـــــــــارێزی عیــلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە**

**شوکــری خـــودا کە کەوتینە ژێر سێبەری عیــلم**

---

[٥٣١]- دەڕوانرێتە: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل ٣٧ + مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەججادی، ل٥٨٧.

*– تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە ڕۆژ و ساڵی دەرچوون و سەرنوسەر وشوێنی چاپی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لەم بەشەدا باسیان لێوە کراوە سودمان لە مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەججادی لاپەرەکانی(٥٨٧ تا ٥٩٠) وەرگرتووە.

**(بی)ی بیٚ بەری جەهل، لق و پۆپی شکـایـەوە**

**بنوارە نـــووری مەعریفەت و لەمعەی کـەمـاڵ**

**بەم مەطبەعەی حکوومەتە چۆن شەوقی دایـەوە** دیوانی شێخ نووری، ل٣٧و٣٨.

ڕۆژنامەی (ژیانەوە)* لە (ئابی ١٩٢٤ز) تا (کانوونی دووەمی ١٩٢٦ز) (٥٦) ژمارەی لیٚ دەر چوو، پاشان ناوەکەی گۆڕا بە (ژیان) شیخ نووری شێخ ساڵح وەك خۆی دەڵیٚ: بە موناسەبەتی تەبدیلی ناوی ڕۆژنامەی(ژیانەوە) بۆ (ژیان) تەقدیمە. مەبەستی لەم شیعرەیەتی کە بەو بۆنەیەوە نووسیویەتی:

**دەوری تـــەجەدودت وەکـــو مـــاهیٚ لە ئاسمان**

**هەڵهات و بوو بە دافیعی زوڵمەت لە ئینس و جان**

**نوورت ڕژانە مەجلیسی ئەفکـــــاری عـــــاقلان**

**بوویتە زیانی دوشمنی بەد خواهی کوردەکـــان**

**ئەی ناشری مەعاریف و ئەی خەصمی جـاهیلان**

**ئەی موحتەرەم ژیان**

لەچەند دێرێکی تردا دەڵیٚ:

**ناوت لە پێشەوە کـــــە نـرابوو (ژیانــــەوە)**

**بۆ وەصڵی غونچەیە بوو لە خارو خەسا نیهـــان**

**ئێستا لە سایەی عـــەدل و هەوای زەمـــانەوە**

**هەر کوێرە کانی یەکـــــی ئـەمەل بوو ژیانەوە**

**غونچەی ئەمەل، شکۆفەی مـەقصەد گەشانەوە**

**یەعنی (ژیانەوە) کـــە ئەمــەل بوو، بووە ژیان**

**ژیانێکی جاویدان** دیوانی شێخ نووری، ل١٠٨.

هەر بە هەمان بۆنەوە واتە گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بۆ (ژیان) زێوەر ئەم پار چە شیعرەی لە ژێر ناوی (ئەمڕۆ) نووسیوە:

**ئـــەمڕۆ بەناوی میللەتی کـوردی بە دڵ و بەگیان**

**تــــەبریك ئـــــەکەم (ژیانەوە) مان ناونرا (ژیان)**

**فەئلێکی خەیری میللەتە یەعنی کە قەومی کـورد**

**صوبحی حـــــــەیاتی ڕەوشەنە پێشڕەویەتی ژیـــان**

**پەروەردەی حیمایــــەی لـــوطفی حـــوکوومـەتـە**

**بۆیە بەســــــام و نـامە وەکو شێرەکـەی ژیـــــان**

**فیکری موخالەفـــــاتی وەطەن مـەحـو ئەکاتەوە**

**ئەهلی مەعـــاریفی بە قســـەی خۆشی خۆی ژیان**

**یـــــاڕەب دەوامی خزمەتی ئـــــەم ڕۆحی میللەتە**

**لای تــۆ طەلـــەب ئەکەم بەسەعادەت بە بیٚ زیان** دیوانی زێوەر، ل٢٤٣.

له (حوزەیرانی    ساڵی ١٩٢٦ز) گۆڤاری (زاری کرمانجی) کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، مێژوویی بوو، لە ڕەواندز لەلایەن (حو سەین حوزنی موکریانی) دەر چوو، شێخ نووری شێخ ساڵح بە بۆنەی دەرچوونی ئەم گۆڤارەوە شیعری(بۆ زاری کرمانجی) نووسی، باسی ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەو گۆڤار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و ستایشی گۆڤاری زاری کرمانجی دەکات :

**صەبا! ئـــــەم دیاریەم بۆ خاکپای (زاری کـــرمانجـــــە)**

**لە (نووری) نا، لە مۆری توحفە، بۆ خزمەت ســــلێمانـــە**

**(ڕواندز) بـــــەختیارە، قـــــابیلە فـــەخـــــری وڵاتیێ بیێ**

**کە چونکە مەرکەزی نـــــــەشری فیوضی عیلم و عیرفانە**

**جـەریدەی (زاری کرمانجی) ڕەفیقی(ژیان)ە بۆ میللەت**

**کەسیێ زاری نـــەبیێ بیێ زارە، ئیشــــی زارو گـــریـــــانە**

**لـــە دەستی خـــــوندەوارانـا، ئەگەر چ ئەمڕۆ بیێ قەدری**

**سبەینیێ هـــــــەر ستونێکت وەصییەت خوانی عومرانە.....** دیوانی شێخ نووری، ل٣٦٢.

پیرەمێرد پاش ئەوەی بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە ئاوارەیی و غوربەتی دوورە وڵاتی ژیا، کە گەڕایەوە بۆ کورد ستان ڕۆڵی گەورەی گێڕا بۆ خزمەتی ئا ستی خوێندن و بەرەو پێ شبردنی زاﻧ ست و باری ڕووناکبیری میللەتەکەی، بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا پێشەنگی داهێنانەکان و خزمەتکردن بوو، توانی بە (ژیان) بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بژێنێتەوە، وەك خۆی دەڵیێ:((کە گەیمەوە ئێرە لە ڕێوە خزمەتی خوێندەواری و ڕۆژنامەکاریم لە هەموو خزمەتیێ پێ شتر زانی))[٥٣٢]. پیرەمێرد کە هاتەوە بۆ کوردستان بە نووسینی بابەت و شیعر هاوبەشی لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژیان)دا کرد تا ساڵی(١٩٣٢) پاش کۆ چی دوایی مامۆ ستا حـ سێن نازم کە بەڕێوبەری چاپخانەو ڕۆژنامەکەبوو، لە ژمارە(٣٢١)ی ڕۆژنامەکەوە پیرەمێرد بوو بە بەڕێوبەری چاپخانەو لێپر سراوی ڕۆژنامەی(ژیان) لە ( ساڵی ١٩٣٤) لەلایەن کاربەدە ستانی شارەوانی سلێمانییەوە ڕۆژنامەکە ڕاگیرا تا ماوەیەك پاش ئەوە دووبارە دەستکرایەوە بە دەرچوونی ڕۆژنامەکەو پیرەمێردیش بە بۆنەی دووبارە کەوتنەوە کاری ڕۆژنامەکە ئەم شیعرەی نووسی و لە ژمارە(٤٠٨)ی (١٩٣٤/٨/٢٥ز) بڵاوی کردەوە:

**ئۆخەی سەد شوکور دەرچووەوە ژیـــــــان**

**لاچوو تـــاریـــــکی پێش چـاوی کوردان**

**ئـــەمـــە نیشـــانــــەی بـــــەختیاری یـــە**

**کە (ژیان) شـەوقی لێمان دیـــــاری یـە**

**وەخـتیێ (ژیــــان)مـــــان لـیێ نادیاربوو**

**گشت ئـەهلی کوردان وەك ماتەمداربوو**

---

[٥٣٢]- فائق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی....ل٣٧.

**ئێستا بـــــه ژیـان وا دڵمـــان ڕوونـــه**

**یاخـــوا تا سەر بێ ئەم چەند و چوونـه** دیوانی پیرەمێرد، ل٢٥٤

گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤارێکی زانستی، ئەدەبی بوو مانگی جارێك له بەغداد دەردەچوو، خاوەنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنووسەری عەلائەدین سەجادی بوو له ساڵی ١٩٣٩ز یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو، تا ساڵی ١٩٤٩ (١٠٥) ژمارەی لێ دەرچوو، له ساڵی ١٩٤٣ز بەهۆی نەداری و کەمدەرامەتی بۆ ماوەیەك ڕاگیرا، بە بۆنەی دووبارە دەرچوونی گۆڤارەکەوە (پیرەمێرد) ئەم شیعرەی له ژمارە ٧١٧ی ڕۆژنامەی (ژین) له ١٩٤٣/٨/٥ بڵاوکردەوە:

**ئۆخـــەی گـــەلاوێژ وا دەرکـــەوتیەوە**

**وەك چرای بەختی کورد سەرکەوتیەوە**

**یـــانەی سـەرکەوتن بـــه تۆ ڕووناکە**

**کوردستـــان بـــه ڕووی تۆ فەرەحناکە**

**شـــەوقی دیـــدارت ڕووناکی چـاوە**

**ئیتر تــــەوژمی گـــــەرما نـــەماوە**

**گـــوزەر گات بورجی (دار السلام)ە**

**دیـــاری (ژین) بۆ تۆ دوعاو سـەلامە** پیرەمێردی نەمر، ل٣٣٠.

(زێوەر)یش بۆ گۆڤاری گەلاوێژ دوو دەقی شیعری نووسیوە، کە یەکێك لەوانە لە خولی نوێیدا له ساڵی ١٩٤١ز بەناوی گۆڤارەکەوە نووسیویەتی بەبۆنەی دەرچوونی ژمارەی نوێوە، دووەم دەقیشی بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە له ژێر ناوی (بۆ گۆڤاری گەلاوێژ) نووسیوە، دەڵێ:

**گەلاوێژم ئەوێ وەك مانگـــــی چواردە**

**کە شەوقــی ڕوو بکاتە شـــاخ و هەردە**

**گـەلاوێژم ئـەوێ وەك مـــانگی تابان**

**کــــه ئـاوازی بگـــــاتە غەرب و یابان**

**گـەلاوێژم ئـــەوێ کـانی ئـەدەب بێ**

**لەبۆ ئەهلی ئـەدەب مایەی طـەرەب بێ**

**ببێتە فێنکی بـەخشی دڵـــــی گـــەرم**

**لەسەر ڕێگـای حەقیقەتدا نـــەکا شەرم....** دیوانی زێوەر، ل٢٤٢.

(بانگی کوردستان) ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی، زانستی بوو (فەریق حاجی موستەفا پاشا) له سلێمانی دەری کردووەو یەکەم ژمارەی له(٢/ ئابی/١٩٢٢ز) دەرچووە، (زێوەر) بە بۆنەی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەوە، ئەم شیعرەی نووسیوە:

**(بانگی کوردستان) نیشانەی هۆشیـاریی میللـــەتــه**

**بۆ ئەسەر خوانی مەعاریف تەزکەرەی سەر دەعـوەتـــه**

**دەوری ئیقباڵە دەوری بـــانگی کـــوردستـــانمـــان**

**بانگی صوبحی صـــادیقه بەم دەنگە هەستین فرصەتە**

لە دێڕەکانی کۆتایدا دەڵێ:

**ئەم جەریدە تازەیە جەردەی جـــەهالـــەت لا ئەبا**

**سێ زوبان، سێ تیری دەستە واسیطـەی سەد نـەصرەتە**

**ڕەبی بۆمان هەر بمێنێ خـــادیمی موڵك و وەطـەن**

**ئەم لـــە بـــۆ پێشکـــەوتن ئەمرۆ پشتیوان و قووەتـە** دیوانی زێوەر، ل٢٤٤.

هەر بە بۆنەی دەرچوونی (بانگی کوردستان)ەوە ئەحمەد موختار جاف شیعرێك دەنووسێ و لە ژمارە(٣)ی (٢١ئابی ١٩٢٢) ڕۆژنامەکەدا بڵاودەکرێتەوە، دەڵێ:

**(بانگی کوردستـــان)ە وا دنیـــای ئیحیـــا کردەوە**

**زامـــی قـــەلبی کـــوردی بێچـارەی مووداوا کردەوە**

**بـــاعیسی پێشکـــەوتنی ئەم قـــەومەیە ئەو مەتبەعـە**

**ئەلحـەق ئەمڕۆ خاکی کـــوردستانی زێبا کـــردەوە**

**سـەد شـوکور وا لەشکری عیرفان و عیـــلم و عـاقڵی**

**شـــاری پـڕ شۆری جەهالەتیان کە یەغمـــا کـــردەوە**

**لایەقی تـــەحـسین و فەخری قەومی کوردە چونکە وا**

**ئـــەم جـــەریدە پیرو فەرتووتیشی بەرنـا کـردەوە....** دیوانی ئەحمەد موختار، ل١٤٤.

(گۆڤاری ڕووناکی) گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، ژمارە یەکی لە ١٩٣٦ دەر چوو، (دڵدار)ی شاعیر بەبۆنەی دەر چوونی ئەم گۆڤارەوە، بەم جۆرە باس لە گرنگی ئەو گۆڤارە بۆ میللەتی کورد دەکات و ڕۆڵی ئەو گۆڤارە بەرز دەنرخێنێ:

**ڕوونـــاکی نـــاوت چـــەندە لام خۆشە**

**عالەم بـە سایـــەت دڵـــی پڕ جـــۆشـــە**

**وا تـــاری ڕۆیـــی دەرکـــــەوت ڕوونـاکی**

**بە عیلم و فەن و ڕوخســاری پـــاکـــــی**

**شوعلـە بەخشی کرد لە کێو و بێستـــــــان**

**زینـــدووی کـــردەوە عیلـــمی کـــوردستان.....** دیوانی دڵدار، ل٢١.

بەبۆنەی داخستنی ڕۆژنامەی (ژیان) و دەر چوونی ڕۆژنامەی(ژین)ەوە، سەلامی شاعیر لە ساڵی (١٩٣٩ز) شیعرێکی نووسی بە ناوی ڕازو گلەیی(ژیان بۆ ژین):

**ڕۆڵـــەی شیرینم مایەی (ژیان)م شـــەوقی شـــەبەقی بەری بەیانم**

**کلیلی گەنجی ڕازی بەستەی دڵ خونچەی پشکوتوی تازەی سەرچڵ**

لەکۆتایدا دەڵێ:

**نەکەی بۆ ژیان خۆت بکەی بەدناو زۆر عەیبە بـــۆ ژین درۆو چاووڕاو**

**کاتێکت زانی نەمای وەك(ژیــان) ناوت ئەمێنێ تـــــــا ئـاخر زەمان** دیوانی سەلام، ل١٢٣.

### ٤- هەندێ بۆنەی تری ڕۆشنبیری و زانستی لە شیعری شاعیراندا:

لەکاتی ((جەنگی دووەمی جیهانی بەرەی سوێندخۆران لە شاری حەیفا لە فەلە ستین ئێ ستگەیەکیان کردبووەوە دژی بەرەی میحوەرو نازییەکان، کە ڕۆژانە ماوەیەك بەزمانی کوردی پڕۆگرامی بلاوئەکردەوە، (ڕەمزی قەزاز و گۆران و رەفیق چالاك) کاریان تیادەکرد. ئەوە یەکەم جاربوو بەزمانی کوردی لە ڕادیۆوە پڕۆگرام پێشکەش بکرێ. مایەی دڵخۆشی بوو بۆ کورد))[٥٣٣]، ئەم خۆشحاڵییە لە شیعری هەندێ شاعیردا ڕەنگدانەوەی هەبوو،(پیرەمێرد) بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

**دەنگی قــــــــدس لای قدسەوە هات**

**ناوجەژنانەی کرد بە جەژنێکی ڕاست**

**ئـــــەو شـــەوە بەختی محوەر وەرگەڕا**

**نووزەی نازییەکــــان لـــــە لیبیا بـــڕا**

لە بەشێکی تردا دەڵێ:

**ئەو شەوە بانگی ڕۆڵـەی کــوردستان**

**لە شــەرقی ئەدنی گەیە ئـاسمــــــان...** پیرەمێردی نەمر، ل٣٣١

(بەختیار زێوەر)یش لەدەروونێکی پڕ جۆ شەوە بەبۆنەی بیـ ستنی دەنگی کورد لەو ئێ ستگەیەوە لە١٩٤٢/١٢/١٧ شیعرێکی بە ناوی (بۆ لاوەکانی سەر ئێستگەی ڕادیۆی کوردستان لە یافا) هۆنیوەتەوە:

**دوێ شەو لە دەستی پەستی پەنـــام بردە ڕادیــــۆ**

**ڕوانیمە ئیستگەکـــانی ولاتـــــانی ســــــــــەربەخۆ**

**هەریەك بە ڕەنگێ دەنگی ئەهات پڕ لە جوستوجۆ**

**(یافا)م کە کـــردەوە بە هیوای دانس و تیـــــاترۆ**

**سۆزێکی نیشتمانی لە یافـــاوە هاتە گوێم**

**لەرزیم و ڕاپەڕیم لە قسەی ڕۆڵەکەی ئەوێم**

لە چەند دێڕی کۆتاییدا ڕوودەکاتە ڕۆژنامەی (ژین) و دەڵێ:

**ئەی (ژین) وەرە بە عەشقی نەسیمــــی بەیانیان**

**پیشکەش بکە سوپاسی مـــــن و هـــۆزو نیشتمان**

**بۆ لاوەکانی ئێستگەی کوردی بەدڵ و بە گیـان**

**ئـەم خزمەتەی ئەوانە کــــــەوا کورد ئەدا نیشان**

**عەرزیان بکە بیری کەسی ئێرەیان نەکەن**

**ئـــــــەو ئیشەیان نموونەیە بۆ بەرزی وەتەن** دیوانی بەختیار زێوەر، ل٩٤

---

[٥٣٣]- دەڕوانرێتە: دیوانی پیرەمێردی نەمر،... ل٣٣٠.

به بۆنەی کردنەوەی یانەی فەرمانبەران لە شاری هەولێر لەساڵی ١٩٢٨ بێکەس ئەم شیعرەی نووسیوە:

**بەنووری عـــــــەدل و ئاسایش مونەووەر بوو هەموو هــەولێر**

**لەژێر کـــــــابووسی غـــــەم دەرچو خەلایق شادو خەندانە**

**تـــــــولووعی فـــەیز بـەخشی تۆ شەوی دەیجووری والاّکرد**

**لە هـــــەر لایە تەماشاکــــــەی جولووس و بەزم و سەیرانـە**

بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

**مەحەللی ئیجتمـــــــاعی وا هـــــەتا ئێستا نـــــەبوو لێرە**

**زەمانی غــەدرو وەحــشەت بوو تفوو لــــــەو ڕۆژو دەورانـــــە...** دیوانی بێکەس، ل١٠٠.

هەروەها بە بۆنەی دامەزراندنی مەکینەی کارەباییەوە لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ (بێکەس) ئەم هۆنراوەی بەناوی (ئەلەکتریکی سلێمانی) نووسیوە، کە لە گەڵ ئەوەشدا داوای گەشەسەندنی زانست و زانیاری و تەبایی و یەکڕیزی دەکات تا میللەت ئازادو سەربەست بژی:

**لەتاریکی نەجاتی بوو سولـــــەیمانـــــی تـــــەماشـــاکە**

**جلووسە بەزمە سەیرانـــە شــــــەوی وەك ڕۆژی ڕووناکە**

**تریفەی کارەبا ئێستا لەنـــاو حـــــــەوزو درەختـــا وەك**

**تریفەی مانگ و ئەستێرە شەوانی ســـایەقـــــەی پاکـــە**

لە بە شێکی تردا داوا دەکات چۆن شەقام و کۆڵانەکانمان ڕووناکبوونەوە با ئاوەهاش مێ شك و بیرمان ڕووناك بکەینەوە، تا کورد بگاتە ئامانج و پێش بکەوێ:

**وەکو کۆڵان و سەرجادەو کـــون و قوژبن منـــــەوەر بوو**

**دەماغ و فیکر و مێشکمـــان وەها تەنویر بکەین چاکە**

**حەکیمی زەخمی ئەم کـــوردە بگاتە عیلم و عیرفانـی**

**لە ژێر باری غەم و وەحشیــەت چەمـاوە پشتی هیلاکـە**

**بە عیلم و یەك دڵی ئەوسا ئەگەینـە روتبـــەو پـــــایـــە**

**بەتەنها میللـــەتی یەك دڵ لە دنیـــا حورو بێ بــــاکە**

**نیفاق و کینە دەرحەق یەك هەتا کەی بەسیە وا مردین**

**خوایە تەفر و تـــونا بێ ئـــەوی دڵ پیس و نـــاپاکە!!** دیوانی بێکەس، ل١٢٣.

مەعرووف جیاوك، ڕۆ شنبیرو کورد پەروەرێکی دڵ سۆزبوو، لەو سەردەمەی موتە سەریفی سلێمانی بوو، لە زۆرجێگای وەك پێنجوین قوتابخانەی کردەوە، (موفتی پێنجوینی)یش لە ساڵی ١٩٤٥ بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی بەناوی (بۆ مەعروف جیاوك) نووسیوە:

**سوپاسی خوا ئەکەین و شـوکری عیززەت**

**کچی پێنجوین بە مەکتەب گەییە عیززەت**

**هەنـــــاری کــــچم و لیمــــۆ وا بــە زستان**
**ئەوا بەم مژدەیە گیان هاتــــــە بەریـــــان**
**بەڕاستی ڕۆحی خستە شــــــاری پێنجوین**
**کچانمان بانگ ئەکــەن وا ئێستە زیندوین**
**لە نووری ڕۆژەوە مــــــانگ شــوعلە دارە**
**جیاوك خـــۆش بێ عیزەت وا بەکارە...** دیوانی موفتی پێنجوینی، ل١٢٠.

لە ( سالّی ١٩٢٨ز) کاتێك ( صالّح زەکی بەگ ساحێبقران) قائیمقامی چەم چەماڵ بوو، قوتابخانەیەکی شەوی کردەوە، پیاو و منالانی نەخوێندەوار بەپەرۆ شەوە دە ستیان دایە خوێندن، بەو بۆنە یەوە، ( سەلام) شیعرێکی بەناوی (مژدەی وەتەن) نوو سی و لە کردنەوەی قوتابخانەکەدا خوێندرایەوە:

**ئەی وەتەن مـــــژدەم بــەرێ مەشغوڵی عیلمە میللــەتت**
**ڕۆژو شـــەو تــــەحسیل ئـەکەن وردو درشتی ئومــــەتت**
**سەد شکور تەئریخ ئـەخوێنن باسی ژاپۆن تێ ئەگــــەن**
**هەوڵ ئەدەن ئەڵبەت بەجارێ بۆ تەرەقی و شەوکــــەتت...** دیوانی سەلام، ل٥٣.

## تەوەرەی چوارەم/ شیعری بۆنە سروشتییەکان:

شیعری بۆنە سرو شتییەکان هەموو ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە شاعیران بۆ ئەو ڕووداو و دیاردە سرو شتیانە نوو سیویانە کە لە دە سەڵاتی ئینسانەکاندا نییەو سەرنجی ڕاکێشاون یان هە ست و سۆزی جوڵاندوون یان لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە سروشتیانەوە زەرەرو زیانێك پەیدا بووەو هەڵچوونێکی دەروونی لای شاعیر سەری هەڵداوەو شیعری بەو بۆنەیەوە نوو سیوە، هەر چەندە ئەو شیعرانەی لەو سەردەمەدا بەبۆنەی ڕووداوی سرو شتییەوە نوو سراون، تەنها لە چەند شیعرێك تێپەڕ ناکەن، بەڵام بە گرنگمان زانی تا توێژینەوەکەمان هەمەلایەنە بێت بۆ تۆماری بۆنەکان، ئاماژە بکەین بە شیعری ئەو شاعیرانەو بۆنەی نووسینی شیعرەکانیان نیشان بدەین:

پیرەمێرد، یەکێکە لەو شاعیرانەی بە خەیاڵێکی نا سك و هە ستێکی بەرزەوە توانیویەتی هونەرمەندانە وە سفی جوانیی سرو شت و دیمەنە دڵفرێنەکانی ئاوی سازگارو هەواو باران و بەفری کورد ستان بکا، چەندین شیعری بۆ وە سفی نیگارو سرو شتی کەژو کێو و دە شت و دۆڵی کورد ستان نووسیوە، هەندێك لەو شیعرانەی بە بۆنەیەکی سروشتییەوە هۆنیوەتەوە، لەوانە:

لەمانگی نیـ سانی سالّی(١٩٣٢ز) دەمەو بەیانی لەخەو هە ستاوەو لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە ڕوانیویەتی بەفر دارو بەردی داپۆ شیوە، بەبۆنەی ئەو بەفربارینەی سلێمانییەوە، شیعرێکی وتووە، کە بەو پەڕی دیقەت و شێوازی بەرزی هونەریی و دەربڕینی(کوردییەکی ڕەوان)ەوە وە سفی دیمەنی جوانی ئەو بەفرە دەکات:

**سبــــەینێ بوو، لـــەخـــەو هەستـام کە ڕوانیم بەفرە باریوە**

**سلێمانی ئـــــەڵێ ی بەڵقیسـە تـــارای زیـوی پۆشیوە**

**دەمێك بوو چاوەڕێ ی بەفرێکـی وابـووم مژدەبـێ باری**

**سەرم بەفرە کەچی هێشتا شـەڕە تۆپـەڵمـــــە بۆ یـــاری**

**لەبیرمە شێرە بەفرینەم ئەکرد، سواری ئـــەبووم بێ زین**

**نسێ بوو جێگەکەی ئەی بەست، ئـەما تاکو دەمی هاوین**

لەچەند دێری کۆتایدا بەشێوەیەکی جوان وێنەی دیمەنی ئەو بەفرە بە وشەکانی دەکێشێ و دەڵێ:

**لەسەر سەربان بەفر توێژاڵی بەست وێنەی چلورەی شیرە**

**قەتارەی سەر لق و پۆپی درەختـــان چـــەندە دڵـــگیرە**

**چـــلورەی گوێسەوانـــە، پلپلـــەی زیوی کـــــچە کـوردە**

**سەهۆڵ ئاوێنەیە، لێکدانەوەی ئـەم دوو شــــــتــــە وردە**

**کە پیریژن ســـەرو پۆپلـــــەی بـــــەشینی چـــلە تێك ئاڵا**

**بەهـــــار یـــــەت داری پیر ئـــــەژێتەوە دێتە قـــــەدو باڵا** پیرەمێردی نەمر، ل١٣٦.

لە (١٨ی ئازاری ساڵی ١٩٤٣ز) کە نزیکی هاتنی وەرزی بەهار دەبێ و دارو درەخت هەمووی گۆپکەو چرۆو گوڵی تازە لێدەدات، لە ناوەختدا سەرماو سۆڵەیەکی زۆر پەیدا دەبێت و ئەیکاتە بەفربارین و بە ستەڵەك، کە چرۆی درەختەکان کزدەکات، پیرەمێرد بەوبۆنەیەوە ئەم شیعرە بە ناوی (بەفری بەهار)ەوە دەهۆنێتەوە:

**بـــەفـــری ڕوو سپی بـە دەمەو بـــــەهـــار**

**ســــەری دایەوە سەری پێ بـــوو هــــــار**

**ئـــــاوەدانی و چـــــۆڵ هـــەروەك پەموانە**

**لە لـــــۆکەی بـەفرا تێکـــڕا پـــەنهــــانـــە**

**دڵـــــساردو ڕوو ڕەش بـــێ بـــــــەزەییـــە**

**ڕوو سپیـــەتیــــەکـــەی نـــاوی تـــورکـــیە**

**وەك گـەنمە شامی بریشکەی سەر ســـاج**

**سپی هــــەڵــگەڕا هــــەژار بــــێ عـــلاج....** پیرەمێردی نەمر، ل١٣٨.

(زێوەر) یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر بەرزو جوان وێنەی سرو شتی لە شیعرەکانیدا کێ شاوەو توانیویەتی سەرنجی خوێنەرانی ڕابکێ شێ بە لای ئەو وێنە هونەریانەی دیمەنی جوانی سرو شتی پێ دەرخستووە، لەگەڵ ئەوەی شیعری هەیە، تەنها بۆ وەسفی سروشت نووسیویەتی، دوو پارچە شیعریشی بەبۆنەی دوو دیاردەو ڕووداوی سروشتییەوە نووسیوە، کە ئەمانەن:

مامۆ ستا نەجمەدین مەلا لە بارەی مونا سەبەتی گوتنی  شیعری (وەرن یاران)ەوە دەڵی:(( ساڵی ١٩٢١ز لە بەهاردا باران نەباریوە، دەغڵودان لەلایەن خەلەفرۆشەکانەوە شاراوەتەوەو گرانکراوە، لە دوایدا بارانێکی خۆش باریوە، دەغلودان هەرزان بووە، بەم هۆیەوە (زێوەر) ئەم هەڵبەستەی وتووە))[٥٣٤].

**وەرن یاران! تەماشاکەن چ ڕەنگین نـــەوبـــەهارێکە**

**لە فەیزی ڕەحمەتی بارش هەموو جیٚ سەبزە زارێکە**

**شنەی بادی بەهاری ڕەوح بەخش و عەتر پـــەخشانە**

**بەگریەو ناڵە هـــەوریش عاشقێکـــی بیٚ قـــەرارێکـــە...**

لە کۆتایدا باسی خۆشحاڵی جوتیاران دەکات دەڵیٚ:

**دڵی فـــەللاح و جوتیارو سەپان پڕ نـــەشئەو کـــەیـفە**

**دەروون تاریك و ڕوو گرژە ئەوی صـــاحیٚب عەمارێکە**

**بەدەوری شاردا هەروەك (تەشیلە) ســووڕ ئەدا جامباز**

**گلۆڵەی کــــــەوتە لێژی نـــەی ئـەزانی تەڕ بەهارێکە**

**کەسیٚ چاوی لە نەفعی خۆی و مەحوی عالەمیٚ ببڕیٚ**

**بــە** ظـاهیر **شکڵی ئینسانە، بە با**طین **هـــارو مـــارێکە**   دیوانی زێوەر، ل٤٦.

لە ساڵی (١٩٣٣ز) دوای بارینی بەفرێکی زۆر لە شاری سلێمانی، خۆلباریووە بەسەر بەفرەکەدا و ئەم خۆڵبارینە سەرنجی (زێوەر)ی ڕاکێشاوەو هەستێکی ناخۆشی داوەتیٚ و بەو بۆنەیەوە شیعرێکی بە ناوی (خۆڵبارینی سلێمانی) وتووە، کە جۆرێك لە دڵتەنگی و بێزاری خۆی نیشان دەدات:

**ئەی فەلەك گاهیٚ بـە تەرزە بـــەردە بارانمان ئـەکـەی**

**گا، بەبارانێکی زۆر مەعرو**ضـی **تـــۆفانمـــــان ئەکـــەی**

**دەستی خۆمان بۆچ شکاوە، خۆڵ لەسەر عەردی نـــەما**

**خۆڵ بەســــەرمـــانا ئـەڕێژی؟ خـانەوێرانمان ئەکـــەی؟**

**بەفرەکەت جـوان و سپی بوو تێکەڵاوت کرد بە خـــۆڵ**

**کەیفی خۆتە هـــەر چلۆنیٚ مـەیلی فەوتانمان ئەکـــەی**

لە کۆتایدا دەڵیٚ:

**ئەی فەلەك باکـمان نییە لـــو**طفی **خـــوامـــان(کافی)یە**

**حەپس ئەکەی؟ یا نەفی ئەکەی؟ یا تیرە بارانمان ئەکەی؟**   دیوانی زێوەر، ل٤٤.

شاری سلێمانی تووشی گەلێك کارەسات و ڕووداوی هەمەجۆر بووە و وەك دەبینین لە کارەسات و ڕووداوی سرو شتیش بە دوور نەبووە، لافاوەکەی ساڵی (١٩٣٢)ی زاینیش، یەکێك بووە لەو کارە ساتانەی بەشێك لە سلێمانی وێرانکردوو زیانێکی گەورەی بە دانیشتوان گەیاندووە، ئەم لافاوە دەروون و هەستی

---

[٥٣٤]- دیوانی زێوەر...ل٤٧.

به شێك له  شاعیرانی هەژاندوو قەڵەمی پێ خ ستنه كارو  شیعریان نوو سی و تەعبیریان له ئازارەكانی خەڵكی كرد. (حەمدی) شاعیر یەكێك بوو لەو شاعیرانەی بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

**ساڵی جاریٚ هەردەبیٚ ئـــەم شـاره بێتـه مــەزبــەلــه**

**یا بـــه بۆمبـــا، یــــا بـــه ئـاگر، یا به بارانی پـەڵە**

**ئاگرت تیٚ بەربیٚ گـــەردوون وا ئـــەبیٚ دەورو خـولت**

**نایەڵی قەط مەزرەعەی ئومێدی كـــورد بیٚ دوو پـــەلە**

**بـۆ مەضـەرڕەت هەر تەنەززولتان كه فەرموو بــۆ زەمین**

**عادەتت وایه كـه كوردستان بكـــەیته مـــــەرحـــەلـه**

**بـۆچی بوویته مەسخەری ئەرض و سەما ئەی مەملەكەت**

**بـۆچی بـوویته مـەعرەضـی ئـافات و فیتنەو وەلـوەله....** دیوانی حەمدی، ل١٤٢.

فەرامەرز(ڕه شید نـەجیب ١٩٠٦-١٩٦٨ز)  شاعیرو ئەدیب و نوو سەری  شاری  سلێمانی، لافاوەكەی ساڵی (١٩٣٢ز) ی شاری سلێمانی نیگەرانی دەكات و بەو بۆنەیەوە دەقێكی شیعری بەرز دەهۆنێتەوە، به چەند وێنەیەكی شیعری، بەوردی دیمەنی تراژیدی كارەساتەكەی كێشاوە:

**فەرتەنەو باو و برووسكـــــه ئـــاه و واوەیــلاو فیغان**

**گرمەو ناڵەی سەمـا شین وشـــەپۆڕی ســـەر زەمین**

**دەنگی ئیستعـــدادی دایــك و گـریەیی پیرو جوان**

**هاڕەیی لافاو سەیل و نەوحـەیی ئـــاخ و ئـــەنیـن**

پا شان بەردەوام دەبیٚ و باس له بەدبەختی  شار دەكات كه كاره ساتی  سرو شتیش ڕووی لێناوەو هێرشی هیناوەتەسەر، به جۆرێكی تر شاری خستۆته شین و گریان و زاری:

**شاری بەدبەخت هەر تەبیعـــەت مـابـوو لێت بێته خــــڕۆش**

**وا ئەویش پڕ چەك موسەللەح هـــاتـه مـــــەیدانی هوجووم**

**با ئەمیش سەرباری دەرد بیٚ بـا قەلیش هەم دەنگی بووم**

**باسەماش جووت بیٚ لەگەڵ ئەرز بەڵكو كوردان بێنه جۆش..."[٥٣٥]**

ئەوەی تا ئێره خرایەڕوو، بۆنەو یاد و كاره سات و ڕووداوه تاڵ و  شیرینەكان بوون، كه ڕووبەڕووی میللەتی كورد بوونەتەوە، ئەگەر به  شێوەیەكی گ شتی  سەرنج بدەین، هه ست دەكەین، ناڕەحەتی و خەمباریی و دەردە   سەرییەكان زیاترن له خۆ  شی و   شادییەكان، ئەڵبەته ئەوەش پەیوەندی بەو چارەنووس و ژیانەوە هەیه، كه گەلی كورد پێیدا تێپەڕیوە، له داگیركاری و دابه  شكردنی خاكەكەی و پیلانگێڕی دژی شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی لەلایەن دوژمنانی میللەتەوە، هەروەها ئەو كۆنگرەو پەیمانانەی

[٥٣٥] - مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی حەوتەم،... ل٥٥ و٥٦.

لەسەر حسابی کوردو خاکەکەی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە پێکهێنراون، بەشێکیشی پەیوەندی بە ڕق و کینەی ناوخۆیی و دووبەرەکی و یەکنەبوونی ڕۆڵەکانی میللەتی کوردەوە هەیە لە ئا ست ئەو پیلانگێڕییانە یەك دە ستە و دە ستەجەمعی لە کاردا نەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، ئەم حاڵەتەش لە بەشێك لە شیعری شاعیراندا وەك گلەیی و گازندە ئاراستەی ڕۆڵەکانی کورد کراوەتەوەو داوای یەکڕیزی دەکرێت، تا بتوانرێت بەسەر کیشەو گرفتەکاندا سەربکەوین. وەك بێکەسی شاعیردەڵێ:

**بە عیلم و یەك دڵی ئەوسا ئەگەینە روتبـــەو پــــــایـــە**

**بەتەنها میللـــەتی یەك دڵ لە دنیـــا حوڕو بێ بــــاکە**

**نیفاق و کینە دەرحەق یەك هەتا کەی بەسیە وا مردین**

**خوایە تەفر و تـــونا بێ ئـــەوی دڵ پیس و نــــاپاکە!!**

میللەتی کورد لە هەموو گەلێکی تر زیاتر پێوی ستی بە یەکریزی و ڕێکخ ستنی نێو ماڵی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بە شێوەی دە ستێکی بە هێزی پۆڵاین ڕووبەڕووی پیلانی ناحەزان و ئاژاوە گێرییەکانی وڵاتانی دراو سێ ببێتەوە و ساتێك بتوانرێت لە ژێر سێبەری پەر چەم و ئاوازێکی یەکگرتووی نەتەوەییدا ئەم گەلە ماندووە وچانێك بدات.

لە کۆتایدا دەبێت ئەوە بگوترێ کە ڕەنگە لێرەو لەوێ هەندێك شیعری بۆنە هەبوو بێ، نەکەوتبنە بەر چاوی ئێمە، یان بە پێوی ست نەزانرابێ باس بکرێت، لەبەر ناڕوونی و نادیاری کات و بۆنەی نوو سینی شیعرەکە، بۆیە ئاماژە پێنەکردنی شی هیچ نارێکییەکی لە بابەتەکەی ئێمەدا نەخوڵقاندووە، بەو هۆکارانە چاوپۆشیمان کردووە، بەپێچەوانەشەوە زۆر بەدیقەتەوە بەشوێن بۆنەو ڕووداوە گرنگ و بابەتییەکانەوە بووین کە سەرجەمیان تۆمارکراون.

# ئەنجام

لە توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبی کوردیدا شیعری بۆنە دەچێتە قاڵبی شیعرە باشەکان، چونکە پێوانەی باشی و خراپی شیعر پەیوەندی بە بۆنەو نەبوونی بۆنەوە نییە بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی دەق و بەرزی ئاستەکەی ئەوەندەی پەیوەندی بەتوانای دەربڕین و بابەتی سەرهەڵدانی دەقەکەوە هەیە، هێندە پەیوەست نییە بە جۆری دەقەکەوە .

٢- هەندێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانمان هێندە شیعری بۆنەیان نووسیوە، دەتوانین نازناوی شاعیری بۆنەکانیشیان لێ بنێین، کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیان نموونەی شیعری بەرزو باڵاو جوانن، لە ئاستی شیعرە هەرە باشەکان لە ڕووی هونەری و شێوازەوە دێنە ئەژمار، لەو شاعیرانەش (پیرەمێرد و قانع و بێخود و بێکەس و حەمدی و زێوەرو چەندانی تر لەو قۆناغەدا).

٣- ئەوەندەی بایەخ بە شیعری بۆنەی نیشتمانی دراوە لەلای شاعیرانی کورد و توانراوە زۆر بەباشی کەڵك لە بۆنەو ڕووداوە و کارەساتەکان وەربگیرێ، وای هێناوەتە پێش نەك شیعری بۆنە بە گرنگ وەرنەگیرێت و تەماشا نەکرێت، بەڵکو بەبایەخەوە هەڵدەسەنگێنرێت و نموونەی زۆر باش و جوان و ڕازاوەیان تێدایە، کە کەڵکی شانازی کردن دەگرن و ئەدەبەکەمان و شیعری ئەو قۆناغانەی پێ دەوڵەمەندتربووە.

٤- نوکۆڵی لەوە ناکرێ، هەندێ شیعری بۆنە هیچ هەست و سۆزو هەڵچوونێکی دەروونی شاعیری تێدا ڕەنگ نەداتەوە و لە سەر خواست و داوای خەڵك نووسراون و کەمتر شاعیران لە گەڵ بۆنەکەدا ئالودەیی و تێکەلییان هەیە، بەتایبەت زۆرێك لەو شیعرانەی بۆ بۆنەی لەدایکبوون یان هەندێك جار بۆ بۆنەی مردنی کە سانی ئاسایی نووسراون، کە ئەدەبەکەمان بێ بەش نییە لەو جۆرە شیعرانە، بەڵام خۆ شبەختانە زیاتر ئەو شیعرانەن کە دەچنە خانەی کەسییەوەو پانتاییەکی زۆریان داگیرنەکردووە.

٥- شیعری بۆنە لە ئەدەبی کوردی و بەتایبەت لەو قۆناغەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکێك بووە لە هۆکارە گرنگەکان لای شاعیران و نووسەران بۆ دۆزینەوەی دەلاقەو ڕوانگەیەك بۆ دەستخستنی نەفەسی ئازادی و سەربەستی، بۆیە هەمیشەو بەردەوام بەدوای بۆنەکانەوە بوون، تابتوانن پەیامی ئەدەب و شیعر جگە لەلایەنە ئێستاتیکییەکەی وەك بابەتێکی بەهێز بۆ داوای ئازادی و سەربەخۆی میللەتەکەیان بەکار بەرن، هەر بۆیە شیعر جگە لە لایەنی هونەری و جوانکاری، ئەرکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و مێژوویشی لە ئەستۆ گرتووە.

٦- شیعری بۆنه زۆرجار وەك كەرە ستەیەكی مێژوویی كەڵك و سوودی لێدەبینرێت و مێژووی بۆنەو ڕووداوەكانی پێ دەستنیشان دەكرێت.

٧- لەلای هەموو میللەتان شیعری بۆنە وەك بابەتێكی شیعری بوونی هەیە، چونكە پەیوەندییەكی ڕا ستەوخۆی بە هە ست و سۆزو هەڵ چوونی دەروونی مرۆڤەكانەوە هە یە، بە درێژای مێژوو هیچ نە تەوە یەك نەیتوانیوە لە گەڵ مو عا نات و تاڵی و شیرینییە كانی ژیا ندا دوورە پەرێز بژی و ئەدەبیش بێ كاریگەریی ئەو واقعیع و ڕووداو و یاد و كارە ساتانە نەبووە و لە ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەكدا بە جۆرێك ڕەنگدا نەوەی تێدا خولْقا ندووە، لە كۆن و نوێدا ئەو بۆ نا نە بوو نە تە هەوێنی سەرهەڵدانی دەقی شیعری بە پێزو جوان.

٨- تاقیكردنەوە شیعرییەكان لای شاعیرانی هەر گەلێك بە شێكی گەورەی پەیوەندی بەژیانی شاعیرو دەوروبەرو كۆمەڵگاوە هەیە، لەبەر ئەوە شاعیر ناتوانێ دابڕاوبێ لە ڕووداوە خۆش و ناخۆ شەكان و تەنها گرنگی بە لایەنی ئێ ستاتیكی دەق بدات، بۆیە شیعر بە هەموو بابەت و مەبەستەكانییەوە سەرهەڵدەدات، لەوانەش شیعری بۆنە.

٩- مەرج نییە گرنگی ئەو بۆنەو ڕووداوەی كە شاعیر دەقێكی لە بارەوە دەنووسێت هۆكار بێت بۆ سەرهەڵدانی دەقی بەهێز، وەك دەبینین بۆنەو ڕووداوی گرنگ لە مێژووی ئەو قۆناغەی كورددا هەیە، چەند شاعیرێك لەبارەیەوە شیعریان نوو سیوە، هەندێك لەو دەقانە بە كەڵكی شانازیكردن دێن، كە هێندە بەرزو جوانن، بە پێ چەوانە شەوە هەندێك دەقی لاوازیش بەدی دەكەین.

١٠- شیعری بۆنە وەك هەر بابەتێكی تری شیعری خاوەن پێكهاتەی هونەری خۆیەتی و هەر ئەمەش وادەكات، بە شێكی زۆر لەو دەقانە دوای لەدایكبوونیان توانای زیندوویەتی و مانەوەیان هەیە بە تایبەت شیعری بۆنە نی شتمانییەكان یان ئەو بۆنانەی كە خەسڵەت و تایبەتمەندیی مێژوویی لە هەناویاندا هەیە.

١١- شاعیر ڕەگی لە ژینگەو سەردەمی خۆیدایە، ئەو كاریگەرییەی ژینگەو سەردەمەكەی لە سەری جێی دەهێڵن، وادەكات بۆنەو ڕووداوەكان ببن بەبە شێك لەكەرە ستەی شیعرەكانی و شیعری بۆنە جێگەی خۆی بكاتەوە.

١٢- هەندێك شیعری بۆنە هەیە، پاش لەدایكبوونی بۆ ماوەیەك دوای تەواوبوونی بۆنەكە ئەمیش لە ناو دە چێت و نامێنێ و هێزو پێزی لەدە ست دەدات، ئەمەش پەیوەندی بەو فاكتەرو پاڵنەرانەوە هەیە، كە هۆكاری سەرهەڵدانی دەقێكن، بۆیە هۆكارو فاكتەری سەرهەڵدانی دەق گرنگی خۆی هەیەو بە شێك لە سەركەوتنی دەق و زیندوویەتی و نەمری بە دەق دەبەخشن.

١٣- شیعری بۆنە زۆرجار نی شاندانی هەڵوێ ستی شاعیرە لە مەڕ ڕووداو و كارە سات و بۆنەكان.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ کوردی

### - کتێب


١. ابراهیم احمد شوان(د)، سۆفیگەری لەشیعرە کوردییەکانی مەحویدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١ز.

٢. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر٢٠١٢ز.

٣. ئاسۆ عمر مستەفا، بەها ئێستاتیکییەکانی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩ز.

٤. ئامر تاهر، نیما یوشیخ و عەبدوڵڵا گۆران(نوێکردنەوەو دابڕان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٦ز.

٥. ئاوارە کەمال ساڵح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢ز.

٦. ئەحمەدی خانی، مەم و زین، هەژار(کردوویە بە موکریانی)، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی ٢٠١٠ز.

٧. ئەحمەدی مەلا، شیعر تەنیا هەر بنەمایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ز.

٨. ئەرستۆ، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی عەزیزگەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١١ز.

٩. ئەریستۆ، شیعر، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠ز.

١٠. ئەمین فەیزی، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٨٢ز.

١١. ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی سێیەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١١ز.

١٢. ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠١ز.

١٣. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(د)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١ز.

١٤. ئیدریس عەبدوڵڵا(د). جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢ز.

١٥. ئیدریس عەبدوڵڵا(د)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ز.

١٦. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(د)، ڕووداوەکانی کوردستان لەئاوێنەی ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠ز.

١٧. بوکنەر ب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، بەرگی ١، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨ز.

١٨. بوکنەرب.تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف،بەرگی ٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨ز.

١٩. تیۆدۆر ئەدۆرنۆو کۆمەڵێك نووسەری تر، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، وەرگێڕانی هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩ز.

٢٠. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.

٢١. پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

٢٢. پەرێز سابیر،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس هەولێر٢٠٠٦ز.

٢٣. پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی٢٠١٠ز.
٢٤. جان کۆهین، بونیاتی زمانی شیعری، وەرگێرانی ئازاد عەبدولواحید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠١٢ز.
٢٥. جەمیل صائب، لە خەوما، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥ز.
٢٦. حەمە حەمە ئەمین قادر(کاکەی فەللاح)، کاروانی شیعری نوێی کوری، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی حسام، بەغداد، ١٩٨٠ز.
٢٧. حەمەنووری عومەر کاکی(د)، شێوازی شیعری نوێی کوردی(١٩٢٠–١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠١٢ز.
٢٨. حوسێن کەلاری، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١ز.
٢٩. خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بغداد،١٩٨٩ز.
٣٠. دڵشاد عەلی(د)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.
٣١. دڵشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨ز.
٣٢. رەئووف عوسمان(د)، ئاسۆیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الوقف الحديثة، بغداد،٢٠١١ز.
٣٣. ڕزگار عومەر فەتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٣.
٣٤. ڕێزان سالّح مەولود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩ز.
٣٥. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠–١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٤ز.
٣٦. شكرى عزيز الماضى(د)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی .د سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٠ز.
٣٧. شنۆ محەمەد مەحموود(د)، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ٢٠١٢ز.
٣٨. شنۆ محەمەد محمود، ڕۆڵی سوارەی ئیلیخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٠٧ز.
٣٩. شوکریە رسول(د)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر١٩٨٩ز.
٤٠. صدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز، بانە،١٣٧٠ك.هـ.
٤١. عبدالرزاق بیمار، کیش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد، ١٩٩٢ز.
٤٢. عەزیز گەردی(د)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩ز.
٤٣. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم(جوانکاری) چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر،١٩٧٥ز.
٤٤. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٢ز.
٤٥. عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩ز.
٤٦. عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،١٣٩١ك.هـ .
٤٧. عەلائەدین سجادی، نرخ شناسی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەعارف، بغداد،١٩٧٠ز.
٤٨. عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە ترازووی ئیسلامدا، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٨ز.
٤٩. عەلی قادر عوبێد و سیروان نەجم رەشید، خەباتی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد، چاپی یەکەم، کتێبی ڕووناکبیری،٢٠٠٢ز.

٥٠. عەلی وەردی(د)، ئەفسانەی ئەدەبی باڵا، وەرگێڕانی کامیل مەحموود، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی،٢٠٠٧ز.
٥١. علاالدین سجادی، خۆشخوانی(گوزارەکاری. ڕوانکاری. جوانکاری)چاپی یەکەم،چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٧٨ز.
٥٢. علی صالح میران، پەیوەندی نێوان ئاین و ئەدەب، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی،٢٠١٠ز.
٥٣. عوسمان دەشتی(د)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٢ز.
٥٤. عوسمان عەبدوالعەزیز محەمەد، تەفسیری قورئانی پیرۆز، بەرگی حەوت، جزمی ١٣چاپی یەکەم١٩٩٧ز.
٥٥. عوسمان عومەر سەنگاوی، پێغەمبەر(ﷺ) لەدڵی شاعیرانی کورددا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی پەیڤ،٢٠٠٢ز.
٥٦. عیزەدین مستەفا رەسول(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١١ز.
٥٧. عیزەدین مستەفا رەسووڵ(د)، لیکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر٢٠١٠ز.
٥٨. عیزەدین مستەفا رەسوول(د)، ئەحمەدی خانی(شاعیرو بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی)، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ،٢٠٠٨ز.
٥٩. فاروق حەفید زادە، هەڵبژاردە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٢ز.
٦٠. فازیل کەریم ئەحمەد و نووسەرانی تر، خەیاڵ و ڕۆح (چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی)، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤ز.
٦١. فازیل مەجید مەحموود(د)، سروشت لە شیعری گۆران دا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.
٦٢. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.
٦٣. فەرهاد شاکەلی، بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٩ز.
٦٤. کامل حسن عزیز البصیر(د)، ڕەخنە سازی (مێژوو و پەیڕەوی کردن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد ١٩٨٣ز.
٦٥. کامل حسن عزیز البصیر(د)، زانستی ئاوەڵواتا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد،١٩٨١ز.
٦٦. کەمال مەعروف(د)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی،٢٠١٢ز.
٦٧. لی مۆرگان، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی ساماڵ ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٤ز.
٦٨. مارف خەزنەدار(د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة و الطباعة) بغداد، ١٩٨٤ز.
٦٩. مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠ز.
٧٠. مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم/ چاپخانەی الوفا، بەغداد، ١٩٦٣ز.
٧١. مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی ڕێبوار سیوەلی و ئەوانی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٧ز.
٧٢. محەمەد بەکر(د)، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ز.
٧٣. محەمەد بەکر(د)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ز.
٧٤. محەممەد کۆردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی٢٠٠٦ز.
٧٥. محەمەد وەسمان، فەلسەفەی سۆفیگەری، چاپی دووەم، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر،٢٠١٤ز.
٧٦. محمد فازیل مستەفا(د)، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر ٢٠١١ز.
٧٧. محمد معروف فتاح، لیکۆلینەوە زمانەوانییەکان، ئامادەکردنی،(شیروان حسین خۆشناو– شیروان میرزا قادر)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠ز.

٧٨. محمدی خاڵ، ناڵەی دەروون، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ارشاد، بەغداد، ١٩٨٤ز.
٧٩. مستەفا ساڵح کەریم، باخێك لە وشە گەشتێك بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێردا، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥ز.
٨٠. نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا ساڵانی(١٩٢٠–١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٠ز.
٨١. نووری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٤ز.
٨٢. هاوژین سلێوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٩ز.
٨٣. هاوژین سلێوە(د)، خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ز.
٨٤. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە (ژیان و ژین)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.
٨٥. هیمداد حوسێن(د)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر،٢٠١٠ز.
٨٦. هیمداد حوسێن(د)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ز.

## - دیوانەکان

١. ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩ز.
٢. ئەحمەد دەروێش، دیوانی ئەخۆل، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، سلێمانی،١٩٨٣ز.
٣. ئومێد کاکە ڕەش، دیوانی سەلام، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩١ز.
٤. ئومێد کاکە ڕەش، دیوانی عارف عورفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥ز.
٥. ئومێد ئاشنا و عەبدالکریم موفتی، دیوانی موفتی پێنجوینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشرکةالعراقیة للطباعة والنشر)، بەغداد١٩٩٠ز
٦. ئیسماعیل ئیبراهیم (د)، شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،٢٠٠٨ز.
٧. بنەماڵەی شاعیر، دیوانی کاکەی فەلاح، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤ز.
٨. بورهان قانع، دیوانی قانع، چاپی هەشتەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران، ١٣٩٣ك هـ.
٩. جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، دیوانی حەمدی ،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفیسی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤ز.
١٠. حەکیم مەلا صالح، دیوانی ناتیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩ز.
١١. سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠ك.هـ.
١٢. سەید نەجمەدین ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی٢٠١٢ز.
١٣. شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی، کوردستان، ٢٠١٣ز.
١٤. صدیق صفی زادە، دیوانی بێسارانی، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان١٣٩٢ك هـ.
١٥. عبدالرحیم عبداللە چروستانی و صاڵح چروستانی، دیوانی چروستانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٥ز.
١٦. عبدوڵڵا ئاگرین(د)، دیوانی شیعر"محەمەد ساڵح دیلان"، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٣ز.

١٧. عەزیز گەردی، دیوانی عاصی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر،٢٠٠٨ز.
١٨. عوسمان دەشتی(د) و سدیق سالَح، دیوانی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٧ز.
١٩. عیزەدین مستەفا ڕەسولٚ(د)، دیوانی سەفوەت، چاپی یەکەم، دار الحریة للطباعة، ١٩٨٤ز.
٢٠. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەدیب، بەغداد، ١٩٨٦ز.
٢١. فائق هۆشیارو ئەوانی تر، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زەمان، بەغداد،١٩٩٠ز.
٢٢. کاروان عوسمان، دیوانی شوکری فەزڵی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٩ز.
٢٣. کەمال عەلی باپیر، دیوانی کەمالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی "دار الشؤون الثقافة العامة، ١٩٨٦ز.
٢٤. کوردستان موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١ز.
٢٥. مارف ناسراو، دیوانی بێزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٧ز.
٢٦. مەحموود زێوەر، دیوانی بەختیار زێوەر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ز.
٢٧. مەحموود زێوەر، دیوانی زێوەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ز.
٢٨. مەلا عبدالکریمی مدریس و محمدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، چاپی دووەم، چاپخانەی دارأفاق عربیە، سلیمانی ١٩٨٤ز.
٢٩. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،١٣٨٩ك هـ.
٣٠. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپی دوەم، انتشاراتی کوردستان، سنندج،١٣٧٩ك.هـ
٣١. محەمەد رسول (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ألعانی) بەغداد،١٩٧٠ز.
٣٢. محەمەد ئەمین کاردۆخی، دیوانی شاهۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاکام، ٢٠١٢ز.
٣٣. محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێخود، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بغداد١٩٧٠ز.
٣٤. محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی فایەق بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨ز.
٣٥. محەمەدی مەلاکریم، دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تاران، ١٣٩٣ك.هـ.
٣٦. مستەفا عەسکەری، دیوانی ئەسیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد ١٩٨٧ز.
٣٧. وریا حەبیب، دیوانی هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٧٠٨ کوردی.

## - گۆڤارەکان

١. تاریق سالَح، وێنەی هونەری لە هەندێ شیعری گۆران دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٩٩)، ٢٠١٣/١٢/٥ز.
٢. حەمەنووری عومەر کاکی(د)، شکستی میرنشینی بابان لە شیعری (سالم)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە٣ی ساڵی ٢٠١٤.
٣. سەنگەر قادر و هیمداد حسین، بوونی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا (شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی بەنموونە) ، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە(٥٠)ساڵی ٢٠١١ز.
٤. شاخەوان فەرهاد محەمەد، شیعرێتی کورتیلە شیعر لەڕووی تیۆرییەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢١٠)ی ٢٠١٤/١١/٥ز.
٥. گۆران، مەولەوی و شیعری موناسەبات، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٣١ی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٧٥ز.
٦. عادل گەرمیانی(د)، پێناسەکانی ئەدەب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٨١)ی ٢٠١٢/٦/٥ز.
٧. عادل گەرمیانی(د)، خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردی هاوچەرخ، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٩١)ی ئۆگیستی ٢٠١٣ز.
٨. عادل گەرمیانی(د)، وێنەی بیری لە هزری مرۆڤی کۆندا، گۆڤاری کاروان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ژمارە (١٧١)ی ساڵی٢٠٠٣ز.

٩. عوسمان دەشتی(د)، بنەماکانی شیعریەت لە تێکستی (یادگارو هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەددا، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژمارە (١٦)ی ساڵی٢٠١٠ز.
١٠. عوسمان دەشتی(د)، ماتەمنامە لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١)ی ساڵی٢٠١٤ز.
١١. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)، وتاری دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد لە کردنەوەی میهرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا، یەکێتی نووسەرانی کورد، گۆڤاری نووسەری کورد،ژمارە(٥) خولی دووەم تشرینی دووەم ساڵی ١٩٨٠.
١٢. کەریم حیکمەتی، خەسارەکانی شیعری کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٠)ی ٢٠٠٦/٧/٥ز.
١٣. مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لەپێناو مافی نەتەوایەتی لەئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٤٦)ی ٢٠٠٩/٧/٥ز.
١٤. مەحموود زامدار، باسکەمەلەیەك لەنێو زەریای شیعری مەولەویدا، میهرەجانی شیعری مەولەوی، کتێبی ژمارە(١) گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، چاپخانەی زەمان بغداد،١٩٨٩ز.
١٥. محەمەد علی قەرەداغی، دەوری زانینی موناسەبە لەڕاستکردنەوەی مەعنای شیعری کلاسیکی دا، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٣٢ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٧٥ز.
١٦. محەمەدی مەلاکەریم، گۆران و شیعری موناسەبەت، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ز.
١٧. موحسین ئەحمەد عومەر(د)، ئەدەب و کۆمەڵگا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٥)، ٢٠٠٦/٢/٥ز.

## - ڕۆژنامە

١. سیاپۆش، ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان، هەردوو ژمارەی(٢٣٥–٢٣٦)ساڵی حەوتەم١٩٣٢ز.

## - فەرهەنگ

١. بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس،٢٠٠٤ز.
٢. جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن"ئینگلیزی–عەرەبی– کوردی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦ز.
٣. رزگار کریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی  کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارەت، ٢٠٠٦ز.
٤. سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد، ئینگلیزی– کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی،٢٠٠٩ز.
٥. سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، کوردی– ئینگلیزی،چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣ز.
٦. شێخ مارفی نۆدێ، أحمدی، لەسەر ئەرکی کتێب فرۆشی عبدالرحیمی محمودی لەچاپ دراوە، سنە، ١٣٦٥ك.هـ.
٧. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠ز.
٨. عەبدوڵڵا جەبار، فەرهەنگی شارا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی٢٠٠٧ز.
٩. موحسین ئەحمەد عومەر(د)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،٢٠١٢ز.
١٠. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١ز.
١١. http://www.merriam-webster.com/ Merriam-Webster Dictionary, ٢٠١٥, version ٣,١,١
١٢. Optical Reader, Version ٢,١١,٢,١
١٣. Rebin Ali, Rebin Dictionary, Version ٢,١, ٢٠١٥

### - نامەی زانکۆیی

١. ئاشنا جلال رفیق، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١ز.

٢. سامان عەزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣ز.

٣. عەدنان عبدالرحمن تەها، شیعری فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٩ز.

٤. هاوژین صلیوە عیسا، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان، زانکۆی کۆیە،٢٠١٣ز.

### - وانەبێژی

١. ئازاد عەبدلواحید کەریم(د)، شیعریەتی دەق، وانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر، زانکۆی گەرمیان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش، خانەقین، سکوڵی زمان/ بەشی زمانی کوردی، ساڵی خوێندن(٢٠١٤–٢٠١٥).

## دووەم/ عەرەبی

١. أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي، البداية والنهاية، المحقق: علي شيري، جزء٢، ط١، دار إحياء التراث العربي، ١٩٨٨م.
٢. أبو على الحسن بن رشيق القيرواني الأزدي، العمدة في محاسن الشعر وآدابه، تحقيق/ محمد محيي الدين عبد الحميد، جزء١ الطبعة: الخامسة، دار الجيل، ١٩٨١م.
٣. أبو هلال الحسن بعبد الله العسكري، الصناعتين، تحقيق/ علي محمد البجاوي ومحمد أبو الفضل إبراهيم، ط١، المكتبة العنصرية – بيروت، ١٤١٩هـ
٤. احسان عباس(د)، تاريخ النقد الادبى عند العرب،ط٤ دارالثقافة، بيروت- لبنان،١٩٨٣م.
٥. أحمد عبد المقصود هيكل، تطور الأدب الحديث في مصر،ط ٦،دارالمعارف،١٩٩٤م.
٦. أحمد مختار عبد الحميد عمر(د)، معجم اللغة العربية المعاصرة، (جزء٢، جزء٣) ط١، عالم الكتب، ٢٠٠٨م.
٧. إدريس الناقوري(د)، قضية الإسلام والشعر، ط١، الدار البيضاء، دار النشر المغربية، ١٩٨٢م.
٨. طاهر سليمان حمودة، جلال الدين السيوطى عصره وحياتة وأثاره وجهودة فى الدرس اللغوى،ط ١، المكتب الاسلامى، بيروت،١٩٨٩م.
٩. عبدالطيف أحمد مصطفى، الفرقة الاسلامية و غيرها، ط٢، مطبعة الامان، ٢٠١١م.
١٠. عثمان علي(د): دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٣.
١١. علي علي مصطفى صبح، المذاهب الأدبية في الشعر الحديث لجنوب المملكة العربية السعودية، ط١، تهامة ، جدة-المملكة العربية السعودية ١٩٨٤م.
١٢. م.أ. هستريان: كوردستان تركيا بين الحربين، دارالكتاب، بيروت، ١٩٨٧م.
١٣. يحيى حمزة علي بن إبراهيم، الطراز لأسرار البلاغة وعلوم حقائق الإعجاز، جزء٣،ط١، المكتبة العنصرية -بيروت١٤٢٣هـ.

## سێیەم/ فارسی

١. جلال الدين همايى، فنون بلاغت و صناعات أدبى، جلد أول(صنايع لفظى بديع وأقسام شعر فارسى)، چاپ سوم، انتشارات توس، تهران،١٣٦٤هـ.ش.

٢. سيروس شميسا(د) ، انواع أدبى، ويراش سوم، چاپ نهم، انتشارات فردوس، تهران١٣٨١هـ.ش.

٣. شمس قیس رازی، المعجم فی معاییر أشعار العجم، انتشارات زوار،١٣٧٣هـ.ش.
٤. غلا محسن مصاحب(د)، دایره المعارف فارسی، جلد أول، چاپ چهارم، انتشارات أمیر کبیر، تهران، ١٣٨٣هـ.ش.
٥. کورش صفوی، شعرو نظام های انگیخته زبانی(شعر از دیدگاه زبان شناسی) نشریه فرهنگ و هنر،خرداد و تیر١٣٧٨
٦. محمد رضا أصلانی، فرهنگ واژگان و اصطلاحات طنز، انتشارات کاروان، ١٣٨٥هـ.ش.
٧. محمد رضا شفیعی کدکندی(د)، صور خیال در شیعری فارسی، انتشارات أگا، چاپ ٩،تهران ١٣٨٣هـ.ش.
٨. محمد فشارکی، ابتکارات خواجه نصر در عروض و فنون شعری، بایگاه مجلات تخصصی،٤٤ در ١٨ دیسامبر٢٠١٣م.
٩. مصلح عبدالله، غزل های سعدی، تصحیح و توضیح، دکتر.غلا محسن مصاحب، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٥هـ.ش.

## چوارەم/ ئینگلیزی

١. Bryan Stharkis Harsio, The Edinburgh companion to ancient Greece and Rome, United states of America, ٢٢ george square, Edinburgh, Edinburgh University press,٢٠٠٦.
٢. J hn Wiely and Sons- A companion to literary poem production- North America,United States-٢٠١٢.
٣. Siman Dentith, Parody professor, Second edition, Routledge, ٢٩ west ٣٥th street New York, ٢٠٠٠.
٤. Angela Ester Hammer, Romantic poetry, Amsterdam, Philadelphia, John Benjamin publishing company.
٥. Peter J. Aicher, Rome Alive: A Source-Guide to the Ancient City: Bolchazy-Craducci publisher: LTD, United States of America, ٢٠٠٤.
٦. Swen Hakon Rossel, A history of Danish literature- Lincoln, London, University of Nabraska press, ١٩٩٢.
٧. David Daiches, Critical History of English Literature, Second edition, Heredia marg, Ballad Estate, Mumbai,١٩٦٠.
٨. Sandra Sider, Handbook to Life in Renaissance Europe, First edition, Oxford New York, ٢٠٠٥.
٩. Theo d'. Hae, Literature for Europe?, Netherland, ٢٠٠٩.
١٠. Derek Attidge Cambridge, Poetic Rhythm: An introduction, Rutgers Cambridge, United Kingdom Rutgers University, ١٩٩٥.
١١. JAY PARINI, The Wadsworth Anthology of Poetry, Webcam Ltd: First, ٢٠٠٦.

## پێنجەم/ ئینتەرنێت

١. أدبیات فارسی، ردەهاو موضوعات– درون مایەها https://fa.wikipedia.org/wiki
٢. نجاة الماجد، ٢٠١٥إقرأ المزید علی موضوع..کوم http://mawdoo٣.com
٣. قربانی– کتابخانه تخصصی أدبیات– تأریخ ادبیات فارسی، سه شنبه ٢٦ اردیبهشت١٣٩١هـ.ش
http://aqlibrary.ir/literature/index.php
٤. حەمەکەریم عارف، دەربارەی شیعرو شاعیری(مەحەکی شیعر ، هەزار توێی شیعری نوێخوازی، شیعر کوژی)
www.pertwk.com-ktebxana/node٢٠٠٧
٥. مسعد محمد زیاد(د)، ارشیف:١١٣٢٠، الکتاب: أرشیف منتدی الفصیح-٣، تم تحمیله في: دیسمبر ٢٠١٠م،
http://www.alfaseeh.com
٦. دیوان شعر للأستاذ محمد مجذوب، مجلة الرسالة، ع٧٧٢ ، ١٩٤٨ ، أخر تعدیل الصحیفة، ٢٠١٥م
٧. عباس خضر، مجلة الرسالة ع٨٢٣ ، ص٤٦، أخر تعدیل الصحیفة،٢٠١٥م
http://www.abbaskhider.com/seiten

٨. عبدالقادر رشيد ناصرى، مجلة الرسالة، عدد٩٦٩، https://ar.wikisource.org/wiki
٩. عبدالله عثمان فدا، أرشيف منتدى الفصيح – ٣ صفحة٨٠٢١، السبت, ١٠ تشرين٢/نوفمبر ٢٠١٢م
http://www.mojtamai.com/book/almaktabah/book
١٠. لغت نامه دهخدا، با كمكى أفروزدن متن كليات سعدى ، https://fa.wikipedia.org
١١. مجلة «دعوة الحق»مجلة شهرية تعنى بالدراسات الإسلامية و بشؤون الثقافة والفكر أسست سنة ١٩٥٩م
atalhaq/itemlist/category
http://www.habous.gov.ma/daou-
١٢. محمد عبالفتاح/ شعر المناسبات هو الاهم. http://www.farfesh.com/Display.asp?catID
١٣. مرثيه و مديحه چيست؟... شعر نو.. خواص و عوام أز نگاه ناسر خسرو(فارسى) پايگاه تربت جام بازيبينى شده در ٢٣ نوامبر٢٠١١م

www.cloob.com/c/shere_no/٦٢١١٤٨٥٤
١٤. مهدي نصير، شعر المناسبات بعيدا عن الشرط الوطني.. مجرد نظم، جريدة الدستور يومية سياسية عربية مستقلة تصدر عن الشركة الاردنية للصحافة والنشر:ادباء- الأربعاء، ٢٦ نوفمبر/تشرين الثاني، ٢٠١٤ز.

http://addustour.com/١٧٤١١/
١٥. نزار قەبانی، شیعر چییە؟، وەرگێرانی حەسەن ئەیوب زادە،٢٠٠٨ز، WWW.pertwk.com

## ملخص الرسالة

هذه الرسالة بعنوان ( شعر المناسبات في الأدب الكردي/كرمانج الاوسط) وهي محاولة لجمع وتصنيف شعر المناسبات في الأدب الكردي للفترة (١٩١٤-١٩٤٥م)، وكذلك تسليط الضوء على أهمية شعر المناسبات في الأدب الكردي، مع عرض أهمية تلك المناسبات والذكريات والأحداث والكوارث التى كان لها وجود في تاريخ شعبنا من جهة ، وعرض تلك التأثيرات والإنعساكات التي نتجت عن تلك المناسبات والذكريات من جهة أخرى وكان لها أثر على الادبيات والشعر الكردي. مع الاشارة الى ماحمله الشعر على عاتقه من خدمة أطراف تلك المناسبات مثل المناسبات (الدينية و الوطنية و الاجتماعية و الثقافية و الشخصية). سجلت هذه الرسالة حسب الضرورة القسم الاكبر من اشعار الشعراء الكرد في تلك المرحلة.

تتضمن هذه الرسالة مقدمة وثلاثة فصول:

الفصل الأول يتكون من ثلاثة محاور: في المحور الاول عرض مفهوم وتعريف شعر المناسبات و علاقة شعر المناسبات و الشعراء وكذلك ما ذهب اليه النقاد والباحثون والشعراء بخصوص شعر المناسبات و فيه تقييم لأهمية واهتمام شعر المناسبات وفضل ذلك النوع من الشعر مع وجود الراى المخالف وذكر بعض الملاحظات على نقاط الضعف لهذا النوع من الشعر من وجهة نظر بعض أولئك النقاد، في المحور الثاني تم الحديث بشكل مركز عن تاريخ ظهور شعر المناسبات في ادبيات العالم والادب العربي والفارسي والكردي حسب مراحل ظهوره.

وفي المحور الثالث من الفصل ذاته تم الحديث عن علاقة الشعر والمجتمع من الجانب الديني والاجتماعي والقومي وسلط الضوء على نقاط القوة لتلك الانواع من العلاقات في الادب الكردي.

الفصل الثاني تتحدث عن اجناس واشكال ومضمون شعر المناسبات في ثلاثة محاور، تتحدث في المحور الاول بشكل موضوعي عن اجناس شعر المناسبة، ويتضمن على الاغلب تلك الاجناس التي لها علاقة بالاحاسيس والعواطف المتأججة للشعراء، هذه الاجناس من الشعر تمنح النص ذوقا فنيا مرهفا، يشير الى النقاط المهمة حيث ان الشعر ينبع من خبرة الشاعر في الحياة وتحرك احاسيسه وعواطفه وفي اطار تفكير مناسب تمنحه مسحة جمالية من خلال خيال الشعراء. مع ان المحور الثاني يعرض طبيعة شعر المناسبات من خلال الحديث على الموسيقى واللغة الشعرية والصورة الشعرية لشعر المناسبات، في نمط خاص لكل من الايقاع و الزمان والصورة الشعرية حسب انواع الاحداث والمناسبات التي فيها اختلاف فيما بينها مع انه قد تمت الاشارة الى ان شعر المناسبات جزء من خصوصيات الشعر بصورة عامة من ناحية الشكل، وفي نمطه العامة لاينفصل عن انواع الشعر الاخرى.

وفي المحور الثالث سلط الضوء على مضمون الشعر الكردي وعلاقة تلك الانواع الشعرية بالمناسبات والاحداث، بعد ذلك جرى الحديث عن دوور شعر ليريك، في سعة اشتمال شعر المناسبات، لأن ليريك له علاقة وثيقة وحميمة باحساس وعاطفة الشاعر ويتخذ من انفعالات الشاعر مصدرا له.

الفصل الثالث وهو الميدان التطبيقي للبحث، سجل بشكل واسع شعر المناسبات وعينات شعر المناسبات بين السنوات (١٩١٤-١٩٤٥م) والذي يتضمن اربعة محاور.

في المحور الاول عرض شعر المناسبات الدينية وعينات هذا النوع من الشعر عند الشعراء والتي نظمت للمناسبات الدينية المتنوعة، والمحور الثاني يتضمن شعر المناسبات الوطنية والقومية، وهو مطلب في غاية الإهتمام سجل فيه جزء كبير من تلك الاشعار التي نظمت لتلك المناسبات. المحور الثالث يتكون من ثلاثة مواضيع ذات العلاقة التي تتضمن شعر المناسبات الاجتماعية والثقافية والشخصية وعرض مجموعة كبيرة من شعر الشعراء. وكل ما يتعلق بالمحور الرابع فهو يتحدث عن جميع الاحداث الطبيعية التي نظم الشعراء فيها اشعارهم في تلك المرحلة، وفي الختام اهم النتائج التي توصل اليها الرسالة.

# Abstract

This thesis entitled, "Occasional Poetry in Kurdish Literature; Central Kurmanji" is an attempt to collect, categorize and emphasize on occasional poetry in Kurdish literature between (١٩١٤ -١٩٤٥). It also introduces not only the importance of events, occasions, memories and disasters that happened in the history of Kurdish people but also the impact and reflection that they had had upon Kurdish literature and poetry. Furthermore, it manifests the duty of poetry in serving all sides of the occasions including, religious, national, social, cultural and personal. This thesis demonstrates most of the poets' occasional poems during the above-mentioned period.

**This thesis consists of a preface and three chapters:**

The first chapter comprises three parts. The first part presents the concept and definition of occasional poetry and the relationship between occasional poetry and its poets. It also shows the researchers and critics' thoughts and opinions towards occasional poetry. The second part thoroughly uncovers the stages of the emergence of occasional poetry in the Arabic, Persian, and Kurdish literature. The third and final part fully uncovers the relationship between occasional poetry and society religiously, socially and nationally and it sheds light on the strong points of such relationship in Kurdish literature.

The second chapter of this thesis describes the sort, pattern and essence of occasional poetry in three parts. The first part shows the sorts of occasional poetry objectivity including those sorts that are related to the poets` feelings and emotions which beautify the artistic faces of the text. This highly shows that it is a fact that poems of all sorts originate from the probation of poets` lives and surroundings and excites their emotions and in the context of a harmonious idea decorates their purposes and messages with imagination in a poetic illusion. The second part describes the pattern of occasional poetry which includes music, poetic language and poetic image. It states that each of the rhythm, language and poetic images are different according to the type of events and occasions, also it is pointed out that occasional poetry according to the form is a part of the poetry`s attributes in general, and according to its general form it does not separate from the other kinds of poetry. The third part sheds light on the essence of

Kurdish poetry and the relation of these kinds of poetry with the occasions and events, then it describes lyric poetry’s role in occasional poetry, because lyrics have a strong relationship with the poets` feelings and originates from the poets` emotions.

The last chapter which is the practical field of the research vastly presents the occasional poetry and the instance of occasional poetry between "١٩١٤-١٩٤٥" consists of four parts. The first part brings out the religious occasional poetry and the examples of this kind of poetry are written for all religious occasions. The second part includes patriotic, national and political occasional poetry and it is an important part and one of the most beneficial parts of the study and most of those kinds of poems are shown in this part. The third part consists of three correlation topics which contain social, cultural and personal occasional poetry and so many poems of the poets are shown here. The forth and the last part talks about all the events and natural occasion’s poetry that the poets have written about their daily lives. In conclusion, the most important results of the research are discussed.